تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

رضي الله عنهم

حياة الصحابة

بە کوردی

کاندهلوی

تەحقیقی فەرموودەکان

شیخ ناصر الدین الالبانی

وەرگێڕانی: نیهاد جەلال

بەرگی سێ یەم

پڕۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی
١٠٠
ژمارە

ژیانی هاوەڵان

(رضي الله عنهم)

نووسینی:

زانای پایەبەرز محمد یوسف الكاندهلوی

وەرگێڕانی:

نهاد جلال حبيب الله

هاودەم بە تەحقیقی فەرموودەکان لەسەر بنەمای بڕیاری فەرموودەناس
محمد ناصرالدين الألباني

بەرگی سێیەم

١٤٣٢کۆچی
٢٠١١زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: ژیانی هاوەڵان(رضي الله عنهم).

نووسەر:محمد یوسف الکاندهلوی

وەرگێڕانی: نهاد جلال حبیب الله.

ساڵ و نۆرەی چاپ: یەکەم/٢٠١١-١٤٣٢

شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕێ نوێ

ژمارەی سپاردن: ١٢٦٥ - ٢٠١١

تیراژ: ٢٠٠٠

بەشی دوانزەهەم

چۆن پێغەمبەر(ﷺ) هاوەڵانی لەسەر نوێژکەران لە مزگەوتەکاندا کۆدەبوونەوە و حەزیان پێی بووە خەڵکیان بۆ هاندەدا و تێ دەگەیشتن لە گواستنەوەی، گواستنەوە لە کارێکەوە بۆ کارێك و لە بارێکەوە بۆ بارێك، چۆن سەرقاڵی خۆیان وەلا دەنا بۆ ئەو بوارەی فەرمانیان پێ کرابوو لەو کارانەدا کە بەهێزکردنی باوەڕ و سیفەتەکانی و بڵاوکردنەوەی زانست و کارەکانی و زیندوو ڕاگرتنی یادی خوا و نزاکردن بە مەرجەکانیەوەی تێدا بوو، وەك ئەوە وابوون لانەکەنەوە بەلای ڕووخساری شت و شێوەکاندا و تەنها هیوای سوود وەرگرتنیان لای دروستکەر و هەڵسوڕێنەری ژیان بێت.

هاندانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ نوێژ

ئەحمەد بە سەنەدی حەسەن و ئەبو علی بەزار لە حارث ی مەولای عوسمانەوە هێناویانە دەڵێن: عوسمان(رضي الله عنه) ڕۆژێك دانیشتبوو ئێمەیش لەگەڵی دانیشتبووین، بانگدەر هات و داوای ئاوی لە جامێکدا کرد- وابزانم شتێکی تێدا بوو- دەستنوێژی گرت و پاشان وتی پێغەمبەر(ﷺ)م بینی بەم شێوەی من دەستنویژی دەگرت، پاشان فەرمووی(هەرکەس وەك ئەم دەستنوێژەم دەست نوێژ بگرێت پاشان هەستێت و نوێژی نیوەڕۆ بکات لە تاوانی نێوان نوێژی نیوەڕۆ و نوێژی بەیانی دەبوورێت، پاشان نوێژی عەسر بکات لە تاوانی نێوان نیوەڕۆ و عەسری دەبوورێت و پاشان نوێژی ئێوارە بکات لە تاوانی نێوان عەسر و ئێوارەی دەبوورێت، پاشان نوێژی عیشا بکات لە تاوانی نێوان ئێوارە و عیشای دەبوورێت. پاشان لەوانەیە شەو بەسەر بەرێت شەوەکەی لەناو خۆڵدا بکەوێت پاشان ئەگەر هەستا و نوێژی بەیانی بکات لە تاوانی نێوان عیشا و بەیانی دەبوورێت، ئەوانە چاکەن خراپەکان دەبەن و نایهێڵن) (من توضا وخوئی هذا ثم قام یصلی صلاة الضهر غفر لة ماکان بینها و بین الصبح ثم صلی العصر غفر لة ماکان لبینها وبین الضهر ثم صلی المغرب غفر لة ماکان بینها و بین العصر ثم صلی العشاء غفر لة ماکان بینها وبین المغرب، ثم لعلة بیت یتمرغ لیلتة ثة انقام فتوضا فصلی الصبح غفر لة بینها وبین صلاة العشاء، وهن الحسنات یذهبن السیئات) وتیان ئەی ئەوە چاکەکانن ئەی ماوەکان(باقیات) چی ئەی عوسمان؟ وتی(لاالە الا اللة و سبحان اللة و الحمد للة اللة اکبر ولا حول ولا قوة الا باللّٰه)[1][2].

---

[1] – صحیح.

[2] – لە الترغیب و الترهیب ج /ص ۲۰۳ دا هاتووە. هەیسەمی ج۱ ص ۲۹۷ دەڵێت: ئەحمەد و ئەبو یەعلا و بەزار هێناویانە کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن جگە لە حارسی کوڕی عەبدوڵڵای مەولای عوسمانی کوڕی عەففان نەبێ کە جێ متمانەشە، هەندێکیشی لە صەحیحدایە.

ئەحمەد و نەسائی و تەبەرانی لە ئەبو عوسمانەوە هێناویانە وتی: لەگەڵ سەلمان لە ژێر درەختێکدا بووم، لقێکی وشکی هەڵگرت و تەکاندی(جولاندی) تا گەڵاکانی کەوتن، پاشان وتی: ئەی ئەبو عوسمان ئایا نەتپرسی بۆ ئەوە دەکەم؟ وتم بۆچی واتکرد؟ وتی : پێغەمبەر(ﷺ) وای لەگەڵ کردم کاتێ لە ژێر درەختێکدا پێکەوە بووین. لقێکی وشکی هەڵگرت و تا گەڵاکانی کەوتن، فەرمووی(ئەی سەلمان لێم ناپرسیت بۆچی وادەکەم؟) وتم بۆچی واتکرد؟ فەرمووی(ان المسلم اذا توضا فاحسن الوضوء ثم صلی الصلوات الخمس تحاتت خطایاة کما تحات هذا الورق) واتە(موسڵمان ئەگەر دەستنوێژی گرت و بەباشی گرتی و پاشان پێنج نوێژەکەی کرد تاوانەکانی لێ دادەکەتن وەك چۆن ئەو گەڵایانە دادەتەکن) وتی(و اقم الصلاة طرفی النهاء و زلفا من اللیل ان الحسنات یذهبن السیئات ذلك ذکری للذاکرین)[1,2].

ئەحمەدی کوڕی عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص دەڵێت لە سەعد و هەندێ هاوەڵانم بیست دەیانوت: دوو کەس برای یەکدی بوون لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) دا یەکێکیان لەوی تریان باشتر بوو، ئەوەی باشتر بوو مرد و ئەوی دیکەیان تەمەنی زیاتر بوو، ئینجا مرد، فەزڵی یەکەمیان بەسەر دووەمیاندا لای پێغەمبەر(ﷺ) باسکرا، ئەویش فەرمووی(مەگەر نوێژی نەدەکرد؟) وتیان با ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، فەرمووی(مایدریك ما بلغت بة صلاة) واتە(چووزانیت نوێژەکەی گەیاندوویەتیە کوێ) پاشان فەرمووی(انما مثل الصلاة کمثل نهر جار بباب رجل غمر عذب یقتحم فیة کل یوم خمس مرات فماذا ترون یبقی من درنة) واتە(نموونەی نوێژ وەك ڕووبارێکی ڕۆیشتوو بە بەردەرگای پیاوێکدا وایە کە

---

[1] – حسن.

[2] – مونزیری لە الترغیب و الترهیب ج١ ص ٢٠١ دەڵێت ئەحمەد لە صەحیحدا پشتیان پێ دەبەستێ جگە لە عەلی کوڕی زەید نەبێت.

ئاوەکەی زۆر و سازگار بێت هەموو ڕۆژێ پێنج جار خۆی بخاتە ناویەوە، ئایا دەبینن هیچ چڵکی پێوە بمێنێت)[1][2].

ئەحمەد لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت دووکەس لە خەڵکی ناوچەی(بەللی) بوون سەر بە قوضاعە لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) موسوڵمان بوون، یەکێکیان شەهیدبوو و ئەوی دیکەش تەمەنی زیاتر بوو، تەلحەی کوڕی عەبدوڵلا وتی: لە خەونمدا بینیم ئەوەیان کە دواتر مرد پێش شەهیدەکە چوویە بەهەشت، سەرم لەوە سوڕما و ئەوەم بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) باسکرد(خەوی بینیوە) پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(اليس قد صام بعدة رمضان و صلى ستتة الاف ركعة و وكذا و كذا ركعة صلاة سنة)(مەگەر دوای ئەو ڕۆژووی ڕەمەزانی نەگرت و شەش هەزار ڕکات نوێژی نەکرد و ئەوەندە و ئەوەندە ڕکات نوێژی سوننەتی نەکرد؟)[3][4].

تەبەرانی لە حارث لە عەلیەوە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە مزگەوتدا بووین چاوەڕێی نوێژمان دەکرد کەسێك هەستا و وتی من تووشی تاوان بووم، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕووی لێ وەرگێڕا. کاتێ لە نوێژەکەی بوویەوە کابرا هەستا و هەمان شتی وتەوە. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(اليس قد صليت معنا هذة الصلاة و احسنت لها الطهور) واتە(ئایا لەگەڵ ئێمە ئەم نوێژەت نەکرد و دەست نوێژی

---

[1] – صحيح.

[2] – هەیسەمی ج١ ص ٢٩٧، دەڵێت ئەحمەد و تەبەرانی هێناویانە بەڵام تەبەرانی دەڵێت: پاشان ئەوی دیکە چل شەو زیاتر ژیا، کەسەکانی سەنەدی ئەحمەد صەحیحن، مالیك و نەسائی و ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا هێناویانە وەك لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٠٦ دا هاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە الترغيب و الترهيب.دا ص ٢٠٨ دا دەڵێت: ئەحمەد بە سەنەدی حەسەن و ئیبن ماجە و ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا و بەیهەقی لە تەلحەوە بە هەمان شێوە و بە دوور و درێژتر لەوە هێناویانە، ئیبن ماجە و ئیبن حبان لە کۆتاییەکەیدا ئەوەشیان بۆ زیادکردووە: ماوەی نێوانیان دوورترە لە ماوەی نێوان ئاسمان و زەوی.

دروست و پاکت بۆ نەگرت؟) وتی: با، فەرمووی(فانها کفارة ذنبك) واتە(دەی ئەوە سڕەرەوەی تاوانەکانتە)[1,2].

ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و پرسیاری لێکرد لەسەر چاکترینی کارەکان، فەرمووی(نوێژ، وتی پاشان چی؟ فەرمووی، نوێژ، وتی پاشان چی؟ تا سیٚ جار فەرمووی نوێژ، کە کابرا زیاد لەوە لەسەری چوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی جیهادی ڕێی خوا. کابرا وتی دەی من دایك و باوکێکم هەن، فەرمووی(امرك للوالدين خيرا) واتە(فەرمانت پیٚ دەدەم چاکە لەگەڵ دایك و باوکت بنوێنە) وتی: سوێند بەو کەسەی تۆ بە هەق بە پێغەمبەر ناردووە دەچم جیهاد دەکەم ئەوان بەجیٚ دەهێڵم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(انت اعلم) واتە(خۆت باشتر دەزانی)[3,4].

بەزارو ئیبن خوزەیمی و ئیبن *حبان* لە صەحیحەکەیاندا- دەقەکە هی ئیبن حبانە- لە عەمری کوڕی موڕڕەی جوهەنیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت : کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەر خوا ئەگەر من شایەتومانم هێنا و نوێژە فەرزەکانم کرد و زەکاتم دا و ڕەمەزانم گرت و بەجێم گەیاند من لەکام دەستە دەبم؟ فەرمووی(تۆ لە صدیقین و شەهیدان دەبیت)[5,6].

---

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی ج١ص ٣٠١ دەڵێت تەبەرانی لە المعجم الصغير المعجم الوسيگ دا هێناویەتی وحارپ کە لە سەنەدەکەیدا لاوازە.

[3] – حسن.

[4] – هەیسەمی ج١ ص ٣٠١ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیبن لهیعە هەیە کە لاوازە. ترمزی فەرموودەی ئیبن لهیعە بە حەسەن دادەنیٚ. کەسەکانی دیکەی سەنەدەکەش صەحیحن، هەروەها ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی وەك الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢١١ دا هاتووە.

[5] – صحیح.

[6] – لە الترغيب و الترهيب دا ج١ ص٢٠٠ دا وا هاتووە

بەیهەقی لە ئەنەسەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: بە گشتی وەسیەتی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەرەمەرگیدا ئەوەبوو دەیفەرموو(الصلاة وما ملکت ایمانکم) واتە(نوێژەکانتان و ئەو کەنیزەکانەی هەتانن وریایان بن) تا ئەو کاتەی گیانی گەیشتە قورقوڕاگەی و زمانی قسەی پێ نەدەکرا نەسائی و ئیبن ماجە هێناویانە. ئەحمەد لە فەرموودەکەیدا هێناویەتی دەڵێت: بە گشتی وەسیەتی سەرەمەرگەی پێغەمبەر(ﷺ) بریتی بوو لە(الصلاه وما ملکت ایمانکم) تا گیان گەشتە قورقوڕاگەی و نەیتوانی قسە بکات، لە فەرموودەکەی عەلیدا(ﷺ) دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردم تا پێستە(وەرەقێك) بێنم تا تیایدا شتێك بنوسێت کە دوای خۆی ئوممەتەکەی گومڕا نەبن، منیش ترسام خۆیم لەدەست بچێت وتم: من چاك لە بەر دەکەم و تێ دەگەم و وەردەگرم، فەرمووی(اوصی بالصلاة و الزکات وما ماملکت ایمانکم) واتە(وەسیەت دەکەم بە نوێژ و زەکات و وە ئەو ئافرەتانەی لەبەردەستتاندان)[1] هەروەها ئیبن سەعد لە عەلیەوە(ﷺ) بە هەمان شێوە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیادکردووە : بەردەوام وەسیەتی دەکرد بەوانە تا گیانی دەرچوو، فەرمانی کرد بە شایەتی دان بەوەی هیچ پەرستراوێك نییە جگە لە خوا و محمد بەندە و نێردراوی خودایە تا مردنی ئەو وەسیەتەی دەکرد، هەرکەس شایەتی ئەو دوانە بدات دۆزەخی لێ حەرامە. ئەحمەد و بوخاری لە الادب المفرد و ئەبو داودو ئیبن ماجە و ئیبن جەریر لە صەحیحەکەیدا ئەبو یەعلا و بەیهەقی لە عەلیەوە هێناویانە دەڵێت: کۆتا قسەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەمە بوو(الصلاة الصلاة واتقوا اللة فیها ملکت ایمانکم) واتە(نوێژ. نوێژ بەرامبەر بەو ئافرەتانەی لەبەردەستتاندان لە خودا بترسن)[2].[3]

---

[1] – لە البدایە والنهایە ج٥ ص٢٣٨ دا واهاتووە. هەروەها ئیبن سەعد ج٢ص٢٤٣ لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی،

[2] – صحیح.

[3] – لە کنز العمال ج١ ص ١١٨ دا واهاتووە.

(هاندانی هاوەڵان(رضي الله عنهم) بۆ نوێژ)

حەکیم لە ئەبوبەکرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت نوێژ پەنای خوایە لەسەر زەویدا،[1] ئیبن سەعدیش لە ئەبو مولیحەوە هێناویەتی دەڵێت بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەر وتی: ئیسلام بە هیچ جۆرێك بۆ کەسێك نییە کە نوێژ ناکات.[2]

عەبدوڕەزاق لە زەیدی کوڕی ثابتەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: نوێژی کەسێك لەماڵەکەید ڕووناکیە، ئەگەر کەسێ هەستا بۆ نوێژ تاوانەکانی لەسەر سەری دەوەستن. هەر سوجدەیەك دەبات خوای گەورە بەو سوجدی تاوانێکی دەسڕێتەوە.[3]

عەبدوڕەزاق لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: بەندە کە بەجوانی دەستنوێژی گرت و دواتر هەستا بۆ نوێژ، خوا ڕووی تێ دەکات و دەیدوێنێ و ڕووی لێ وەرناچەرخێنێ تا بەندەکە دەڕوات یان بە لای ڕاست یان چەپدا لادەکاتەوە.[4]

عەبدو ڕەزاق لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: نوێژ چاکەیە، باکم نییە کێ تیایدا بەشداریم دەکات.[5]

ئیبن عەساکیر لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: هەر موسڵمانێ سەردانێ لەسەر زەویدا بکات یان بۆ مزگەوت بچێ کە بە بەردەکانی بنیاد نرابێت تیایدا نوێژ بکات، زەویەکە دەڵێت لە خاکەکەیدا نوێژ کرد بۆ خودا و لە ڕۆژێکدا کە دەگەیتەوە بە خودا شایەتیت بۆ دەدەم. عەبدوڕەزاق لێیەوە هێناویەتی دەڵێت: لە گەردنی

---

[1] – لە کنز العمال ج١ص ١٨٠ دا هاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج١ ص ١٨٠ دا هاتووە.

[3] – لە کنز العمال ج٤ ص ١٨١ د واهاتووە.

[4] – لە کنز العمال دا واهاتووە.

[5] – لە کنز العمال دا هاتووە.

ئادەم(عليه السلام) دەچوو. نوێژێكى كرد دابەزى بۆ لاى سنگى، پاشان نوێژێكى ترى كرد دابەزى بۆ پەنجەى نوێژێكى دیكەى كرد چوو و نەما.[1]

ئەبو نەعيم لە الحليه ج١ ص ١٣٠ لە ئيبن مەسعوودەوە هێناويەتى دەڵێت: تا لە نوێـژدا بيـت لـە دەرگـاى مـەليك دەدەيـت، هەركـەس لـە دەرگـاى مـەليك بدات بۆى دەكرێتەوە، عەبدوڕەزاق لێيەوە هێناويەتى دەڵێت: پێويستيەكانتان لەسەر كۆڵى نوێژە فەرزەكان هەڵبگرن، هەروەها لێيەوە هێناويەتى دەڵێت: نوێژەكان سڕەرەوەى نێوانيـانن بـە مـەرجێ گوناهـە گـەورەكان لـە نێوانيانـدا نـەبن، ئيبن ساكير لێيـەوە هێناويەتى دەڵێت: نوێژەكان سڕەرەوەن بۆ دواى خۆيان، ئادەم لە پەنجەى پێيەوە دەرچوو، پاشان بەرزبوويەوە بۆ سەرپێكانى، پاشان ئەژنۆكانى، پاشان بۆ سەر ناوكى، پاشان بۆ لاى ملى، هەستا نوێژى كرد لەسەر شانەكانى دابەزى، پاشان نوێژى كرد دابەزى بۆ ناو لەپى قاچى، پاشان نوێژى كرد دابەزى بۆ ئەژنۆكانى، پاشان نوێژى كرد دابەزى بۆ پێكانى، پاشان نوێژى كرد دەرچوو.[2]

عەبدو ڕەزاق لە سەلمانى فارسيەوە هێناويەتى دەڵێت : بەندە كە هەستا بۆ نوێژ تاوانـەكانى لەسـەر سـەرى دادەنرێـت لـە نوێژەكـەى نابێتـەوە تـا تاوانـەكانى لـێ نامێنێنن وەك چۆن دارخورما جيا دەبێتەوە و بە ڕاست و چەپدا دەكەوێت، ئيبن زەنجەويە لێيەوە هێناويەتى دەڵێت: بەندە كە نوێژى كرد تاوانەكانى لەسەر سەرى كۆ دەبنەوە. كـە نوێـژى كـرد تاوانـەكانى دەكـەون وەك چۆن گـەڵاى دار دەكـەوێت. هـەروەها لـە تـاريقى كـوڕى شـەهابەوە هێناويـەتى لاى سـەلمان مايـەوە و سـەيرى ئيجتهادى ئەوى دەكرد، كە كۆتايى شەو هەستا نوێژى دەكرد وەك ئەوەى نەديبێت

[1] – لە كنز العمال ج٤ ص ١٨١ دا هاتووە.

[2] – لە كنز العمال ج٤ ص١٨١ دا وا هاتووە.

کە گومانی بۆ دەبرد، ئەویش بۆی باسکرد، سەلمان وتی نوێژە فەرزەکان دەست پێوە بگرن، چونکە سڕەرەوی ئەو برینانەن مەگەر کوژرانی تێدابێت. ئەگەر خەڵکی شەویان کردەوە لە سێ باردا دەبن، هەیانە بۆی هەیە و لەسەری نییە، هەیە لەسەریەتی و بۆی نییە، هەیە نەبۆی هەیە و نە لەسەریەتی، کەسێك تاریکی شەو بێئاگایی خەڵك بە دەرفەت دەگرێت و هەڵدەستێت تا بەیانی نوێژ دەکات. ئەوە بۆی هەیە و هیچی لە دژ نییە و لەسەر نییە، کەسێ تاریکی شەو بێئاگایی خەڵك بەدەرفەت وەردەگرێت و سەر دەکاتە تاوان ئەوە لەسەریەتی(لە دژیەتی) و بۆی نییە، کەسێ نوێژی عیشا دەکات و دەخەوێت. نە لەسەریەتی و نە بۆی هەیە، دەی وریابە ڕێی سەخت مەگرەبەر، وریابە لەسەرخۆ و ڕێك و بەردەوام بڕۆ.[1]

عەبدو ڕەزاق لە ئەبو مووسای ئەشعەریەوە هێناویەتی دەڵێت: بەسەر خۆماندا ئاگر دەبارێنین، ئەگەر نوێژی فەرزمان کرد تاوانەکانی پێشترمان دەسڕێتەوە. پاشان ئاگر بەسەر خۆماندا دەبارێنن، کە نوێژمان کرد دووبارە نوێژ تاوانەکانی پێشترمان دەسڕێتەوە.[2]

[1]– (کنز العمال ج٤ص١٨١ دا واهاتووە. تەبەرانی لە المعجم الكبير لە تاریقی کوڕی شەهابەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی کەسەکانی سەنەدەکانیشی جێ متمانەن وەك هەیسەمی ج١ ص ٣٠٠ دەڵێت.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ١٨٢ دا واهاتووە

(هاندانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ نوێژ و زۆر گرنگی دانی پێی)

ئەحمەد و نەسائی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(حبب الى الطيب و النساء، و جعلت قرت عينى فى الصلاة) واتە(بۆنی خۆش و ئافرەتم لا خۆشەویست کراوە. بیلبیلەی چاویشم لە نوێژدا دانراوە).[1]

ئەحمەد لە ئیبن عەباسەوە هێناویەتی جبریل بە پێغەمبەر(ﷺ)ی وت نوێژت لا خۆشەویست کراوە، دەی چەندەت ویست لێی هەڵگرە[2].[3]

تەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێك دانیشتبوو و خەڵکی لە دەوری بوون، فەرمووی(ان اللة جعل لكل نبى شهرة وان شهوتى فى قيام اليل اذا قمت فلا يصلين ادو خلفى، و ان اللة جعل لكل نبى طعمة وان طعمتى هذة الخمس فاذا قضيت فهو لولاة الامر من بعدى) اتە(خوای گەورە بۆ پێغەمبەرێك و حەز و ئارەزوویەکی داناوە، حەز و ئارەزووی منیش لە شەو نوێژدایە، ئەگەر هەستام نوێژم کرد کەس لە پشتمەوە نوێژ نەکات، خودا بۆ هەر پێغەمبەرە و پشکێکی دانا پشکی منیش ئەم پێنج یەکەیە، ئەگەر من مردم بۆ وەلی ئەمری دوای خۆم دەبێت)[4].[5]

---

[1] – صحيح.
[2] – ضعيف.
[3] – لە الترغيب و البدايه والنهايه ج٦ ص ٥٨ دا واهاتووە.تەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، هەیسەمی ج٢ ص ٢٧٠ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەلی کوڕی یەزید هەیە کە قسەشی لەسەری، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە صەحیحن.
[4] – ضعيف.
[5]– هەیسەمی ج٢ ص ٢٧١ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیسحاقی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی کیسان لە باوکیەوە هەیە و ئەبو حاتەم و باوکی ئیسحاقیان بە نەرم داوە، ئیبن حبان متمانەی پیێ دەدات و ئەبو حاتەم و جگە لەویش بە لاوازی دەزانن.

ئەبو داود لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هەستا تا پێکانی ئاوسان- یان وتی لاقەکانی- پێی وترا مەگەر خودا لە تاوانی ڕابردوو و داهاتوت خۆش نەبووە؟ فەرمووی(افلا اكون عبدا شكورا) واتە(ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم).[1]

بەزار لە ئەبو هورەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی دەکرد تا قاچەکانی دەئاوسان،[2] هەروەها تەبەرانی لە دوو موعجەمی صغير و وسيط دا لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) هێندە شەو نوێژی دەکرد تا قاچەکانی دەئاوسان. بە هەمان شێوە دەیهێنێ.

هەروەها لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) شەو شەو نوێژی دەکرد تا قاچەکانی ماندوو دەبوون. بە هەمان شێوە دەیهێنێت.[3]

بوخاری و موسلیمیش لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) شەو نوێژی دەکرد تا قاچەکانی توانایان نەدەما(ماندوو دەبوون) پێموت ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆچی وادەکەیت لە کاتێکدا خودا لێت خۆش بووە-بە هەمان شێوە دەیهێنێت-.[4]

ئیبن نەجار لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) شەونوێژی دەکرد تا قاچەکانی دەئاوسان، وتیان ئەی پێغەمبەر ی خودا بۆچی وا دەکەیت؟ مەگەر

---

[1] - لە كنز العمال ج٤ ص٣٦ دا هاتووە.ئەبو یەعلا و بەزار و تەبەرانی بە سەنەدی صەحیح هێناویانە وەك هەیسەمی ج٢ ص ٢٧١ دەڵێت.

[2] - هەیسەمی ج٢ ص ٢٧١ دەڵێت بەزار بە چەند سەنەدێك هێناویەتی و کەسەکانی یەکێك لە سەنەدەکان کەسی صەحیحن، تەبەرانی لە المعجم الكبير لە ئەبو جوحەیفەوە بەو شێوە هێناویەتی،

[3] - وەك لە المعجم ج٢ ص ٢٧١ دا هاتووە.

[4] - لە موغیرەشەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە الرياچ ص ٤٢٩ دا هاتووە.

خودای گەورە لە ڕابردوو و داهاتووی تاوانەکانت خۆش نەبووە؟ فەرمووی(بلی، افلا اكون عبدا شكورا) واتە(با، ئایا بەندەیەکی سوپاسگوزار نەبم).[1]

بوخاری و موسلیم لە حەمیدەوە هێناویانە دەڵێت پرسیار کرا لە ئەنەسی کوڕی مالیك لەسەر نوێژی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە شەو نوێژی چۆن بوو، وتی ئێمە شەو نەماندەویست ببینین نوێژ بکات، بەڵام بەبێ ویستی خۆمان بینیمان، نەماندەویست بە نوستوویی ببینین، بەڵام بینیمان. لە مانگدا ڕۆژووی دەگرت تا دەمانوت یەك ڕۆژیشی نەشکاندووە. جار هەبوو ڕۆژووی نەدەگرت تا دەمانوت لەم مانگەدا یەك ڕۆژیش ڕۆژووی نەگرتووە.

هەروەها بوخاری و موسلیم لە عەبدوڵڵاوە هێناویانە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شەوێك نوێژم کرد، هێندە بەپێوە وەستا تا نیازی کارێکی خراپ دایگرتم، وتیان چی بوو؟ وتی ویستم دابنیشم و وازی لێ بهێنم.[2]

ئەحمەد لە ئەبو ذەرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شەوێك هەستا تا بەیانی ئەم ئایەتەی دەخوێند(ان تعذبهم فانهم عبادك وان تغفرلهم وانك انت العزيز الحكيم).[3]

ئەبو یەعلا لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەشێکی بەدیکرد، کە بەیانی بوویەوە وترا ئەی پێغەمبەری خوا هیلاکیت پێوە دیارە، فەرمووی من لەسەر ئەو بارەم کە دەمبینن، دوێنێ حەوت سوورەتە درێژەکەم خوێند[4][5].

---

[1] – لە كنز العمال ج٤ ص ٣٦ دا واهاتووە

[2] – لە صفه الصفوه ج١ ص ٧٥ دا واهاتووە

[3] – لە البدايه و النهايه ج٦ ص ٥٨ دا وا هاتووە.

[4] – ضعيف.

[5] – کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن وەك هەیسەمی ج٢ ص ٢٧٤ دەڵێت

موسلیم لە حوذەیفەوە هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) شەوێك نوێژم کرد سوورەتی بەقەرەی دەستپێکرد، وتم لە ئایەتی سەد دا رکوع دەبات، پاشان لە سەد تێپەڕی کرد، وتم لەرکاتێکدا دەیخوێنێت، لەوە زیاتر چوو، وتم رکوعی پێ دەبات، دەستی کرد بە سورەتی النساء و خوێندی. پاشان ال عمرانی خوێند، لەسەرخۆ دەیخوێند، ئایەتێکی خوێند کە تەسبیحی تێدا بوو سوبحانەڵلای کرد. کە دەیدا بە ئایەتێکی داواکاریدا داوای دەکرد، کە ئایەتی پەناگرتنی دەخوێند پەنای دەگرت بە خوا، پاشان رکوعی برد(چەمیەوە) دەیفەرموو(سبحان ربی العظیم) چەمینەوەکەی وەك وەستانەکەی وابوو، پاشان فەرمووی(سمع اللة لمن حمده) پاشان ماوەیەکی نیمچە دوور و درێژ وەستا، پاشان سوجدەی برد و فەرمووی(سبحان ربی الاعلی) سوجدەکەشی لە وەستانەکەی نزیك بوو.[1]

تەبەرانی لێیەوە هێناویەتی دەڵێت : چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی دەکرد، لەگەڵی لە پشتەوە نوێژم کرد و ئەویش نەیدەزانی، سوورەتی بەقەرەی دەستپێکرد تا وامزانی دەچەمێتەوە، پاشان چووە وەستان دەڵێت نایزانم بەلام وتی چوار ڕکاتی کرد چەمینەوەکانی وەك وەستانەکانی وابوون-وتی ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(الا اعلمتنی) واتە(دەی با ئاگادارت بکردمایەتەوە) حوذەیفە وتی سوێند بەوەی تۆی بە حەق بە پێغەمبەر ناردووە لە پشتمدا ئازارم بەدیکرد تا ئەوکات، فەرمووی(لو اعلم انك ورائی لخففت) واتە(ئەگەر بمزانیبا تۆ لە پشتمەوەیت کورتم دەکردەوە).[2]

---

[1]- موسلیم بەتەنها هێناویەتی و لەم فەرموودەدا سوورەتی النسا و پێش الترغیب و الترهیب عمران خراوە. لە موصحەفی ئیبن مەسعودیشدا وایە، لە صفه الصفوه ج١ ص ٧٥ دا واهاتووە.

[2]- هەیسەمی ج٢ ص ٢٨٥ دەڵێت لە سەنەدەکەدا سنانی کوڕی هاروونی بەرجمی هەیە، ئیبن موعین دەڵێت سنان برای سەیفە و سنان لەو باشترە، موررە دەڵێت سنان لە سەیف جێ متمانەترە، جگە لە ئیبن موعین سنانی کوڕی هاروون بەلاواز دادەنێن-تەواو.

ئەحمەد لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی کە باسی بۆ کرا خەڵکانی لە شەودا جاریٚ یان دووجار قورئان دەخوێنن، وتی ئەوانە خوێندوویانە و نەشیان خوێندووە، من لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) شەوێکی تەواو هەستام بەقەرە و الترغیب و الترهیب عمران و نیسائی خوێند. دەیدا بەهەر ئایەتێکدا کە ترساندنی تێدا بێت لە خودا دەپاڕایەوە و و پەنای پیٚ دەگرت، هەر ئایەتێك ئاماژەی تێدا بوایە لە خودا دەپاڕایەوە و داوای لیٚ دەکرد[1][2].

بوخاری لە ئەسوەدەوە هێناویەتی دەڵێت: لای عائیشە(رضي الله عنها) بووین، باسی وریابوونی نوێژمان کرد، وتی کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە نەخۆشی سەرەمەرگیدا بوو کاتی نوێژ هات بیلال بانگی دا.

فەرمووی(مروا ابابکر فلیصل بالناس) واتە(بڕۆن با ئەبوبەکر بەر نوێژی بۆ خەڵك بکات)، پێی وترا ئەبوبەکر کەسێکی گرینۆکە. بچێتە شوێنەکەت ناتوانیٚ نوێژ بکات بۆ خەڵکەکە. دووبارەی کردەوە و ئەوانیش هەمان شتیان وت. بۆ جاری سێیەم دووبارەی کردەوە و ئەوانیش هەمان شتیان وت. بۆ جاری سێیەم دووبارەی کردەوە و فەرمووی(انکن صواعب یوسف. مروا ابابکر فلیصل بالناس) واتە(ئێوە هاودەمەکانی یوسفن. بڕۆن با ئەبوبەکر بەر نوێژی بکات بۆ خەڵك) ئەبوبەکر چوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هۆش بەخۆدا هاتنەوەیەکی بەدیکرد. دەستی گرتبوو بە دووکەسەوە دەچوو منیش سەیری قاچەکانیم دەکرد کە لەتاو ئازاردا دەکشان. ئەبوبەکر ویستی بێتە دواوە. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بۆ کرد لە شوێنی خۆتدابە، پاشان هێنرا تا لە لایدا دانیشێت. لە لایەکی دیکەوە لە عائیشەوە هێناویەتی وتی: ئەوەم لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دووبارە کردەوە. ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی ترسام خەڵکی ڕەش بین بن ئەبوبەکر. بەڵام زانی هەرگیز کەسیٚ ناچێتە شوێنەکەی مەگەر خەڵکی

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی ج٢ ص ٢٧٢ دەڵێت ئەحمەد هێناویەتی، لە گێڕانەوەیەکیدا هاتووە. هەیانە دوو یان سیٚ جار قورئان دەخوێنێت. ئەبو یەعلاش هێناویەتی و لە سەنەدەکەدا ئیبن لهیعە هەیە کە قسەی لەسەرە. تەواو.

ڕەشبین دەبن پێی. بۆیە حەزمکرد پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە لە ئەبوبەکر لابدات و بیدات بە کەسی دیکە. موسلیم لە عائیشەوە هێناویەتی وتی: وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەبوبەکر کەسێکی دڵنەرمە ئەگەر قورئان بخوێنێت چاوەکانی ناگرێت و دەگرییێت، بەڵکوو کەسێکی تر دابنێیت.

عائیشە وتی بەخوا تەنها لە ترسی ڕەشبینی خەڵك وامکرد نەوەك وابن بەرامبەر یەکەم کەس کە دەچێتە شوێنەکەی پێغەمبەر(ﷺ)، بۆیە دوو یان سێ جار لێم دووبارە کردەوە. فەرمووی(لیصل بالناس ابوبکر فانکن صواحب یوسف).[1]

ئەحمەد لە عوبەیدوڵلای کوڕی عەبدوڵلاوە هێناویەتی دەڵێت چووم بۆ لای عائیشە و وتم ئایا لەسەر نەخۆشیەکەی پێغەمبەر(ﷺ) قسەم بۆ ناکەیت؟ وتی:با، پێغەمبەر(ﷺ) نەخۆشیەکەی توندی کرد و فەرمووی ئایا خەڵکی نوێژیان کردووە، وتمان نا، ئەوان چاوەڕێی تۆن ئەی پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی(ضعوا لی ماء فی المخضب) لە لەگانێکدا ئاوم بۆ بینن، بۆمان هێنا، خۆی پێ فێنك کردەوە، هەستا تابڕوات، لە هۆش خۆی چوو، پاشان بەهۆش هاتەوە و فەرمووی: ئایا خەڵکی نوێژیان کردووە؟ وتمان نا، چاوەڕێی تۆن ئەی پێغەمبەری خوا، هەمان شتی فەرمووی و ئێمەش هەمان شتمان دەکرد. لە هۆش خۆی چوو و دواتر بەهۆش هاتەوە و هەمان شتی فەرموو و وتمان چاوەڕێی تۆن ئەی پێغەمبەری خودا. خەڵکیش لە مزگەوتدا دانیشتبوون چاوەڕێی پێغەمبەر(ﷺ) دەکرد تا نوێژی عیشا بکەن. پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی نارد بۆ ئەبوبەکر تا بەر نوێژی بکات بۆ خەڵك. ئەبو بەکر کە کەسێکی دڵنەرم بوو، وتی عومەر تۆ بەر نوێژی بکە، وتی تۆ شیاوتری. ئەم ڕۆژانە تۆ بەرنوێژییان بۆ بکە-باسی دەرچوونی دەکات وەك ئەوەی پێشتر.[2]

بوخاری لە ئەنەسەوە هێناویەتی ئەبوبەکر لە کاتی نەخۆشی سەرەمەرگی پێغەمبەر(ﷺ) دا بەرنوێژی بۆ دەکردن تا ڕۆژی دوو شەممە هات و خەڵکی لە

---

[1] - لە البدایە و النهایە ج٥ ص ٢٣٢ دا وا هاتووە.

[2]- لە البدایە و النهایە ج٥ص٢٣٣ دا واهاتووە، بەیهەقی ج٨ ص ١٥١و ئیبن ئەبی شەیبەش هێناویانە وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٥٩ دا وا هاتووە. ئیبن سەعد ج٢ ص ٢١٨ بە هەمان شێوە هێناویەتی.

ڕیزدا بوون و نوێژیان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) پەردەی ژوورەکەی بەڕوودا لادابن و وەستابوو، ڕووخساری وەك پەڕەی پەراو وابوو زەردەخەنەی کرد و پێکەنی، خەریك بوو لە خۆشیدا نوێژەکە تێکبدەین بەهۆی بینینی پێغەمبەر(ﷺ) ەوە، ئەبوبەکر بەرەو دواوە گەڕایەوە تا لە ڕیزەکەدا نوێژ بکات، وایزانی پێغەمبەر(ﷺ) دێت بۆ نوێژ، پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بۆ کردین نوێژەکەتان تەواو بکەن، پەردەکەی دادایەوە و ئەو ڕۆژە کۆچی دوایی کرد، هەروەها لە لایەکی دیکەوە لێوەی هێناوە وتی: پێغەمبەر(ﷺ) سێ ڕۆژ نەهاتە دەر. نوێژ کراو ئەبوبەکر پێشکەوت. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(علیکم بالحجاب) واتە(بمبەنە لای پەردەکە) بەرزیان کردەوە، کە ڕووی پێغەمبەر(ﷺ) دەرکەوت دیمەنی جوانتر و سەرسوڕهێنەرتر لەوەمان نەبینی، بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ ئەبوبەکر کرد تا پێشکەوێت و پێغەمبەر(ﷺ) پەردەکەی دادایەوە و هێندەی نەبرد تا کۆچی دوایی کرد.[1]

[1]– موسلیم هێناویەتی. لە البدایە و النهایە ج٥ ص ٢٣٥ دا واهاتووە. ئەبو یەعلا و ئیبن عەساکیر و ئیبن خوزەیمە و ئەحمەد لە ئەنەسەوە بەو واتایە بە چەند دەقێکی جیاجیا هێناویانە وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٥٧ دا و ج٥ ص١٨١ دا واهاتووە. بەیهەقی ج٨ ص ١٤٢ لە المجمع ج٥ ص١٨١ و ئیبن سەعد ج٢ ص٢١٦ بەو واتایە هێناویانە.

(حەز و هاندانی هاوەڵان بۆ نوێژ و زۆر گرنگیدانیان پێی)

تەبەرانی لە میسوەری کوڕی مەخرەمەوە هێناویەتی دەڵێت: چووم بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب و کەوتبوو لە هۆش چووبوو، وتم چۆنی دەبینن؟ وتیان ئاوایە کە دەیبینیت. وتم بێداری بکەنەوە بۆ نوێژ، چونکە بۆ هەرچی بێداری بکەنەوە وەك ئەوە نییە، وتیان. ئەی ئەمیری باوەڕداران نوێژ، وتی ئەی ئەرێ بۆ خوا، هیچ ماڤ لە ئیسلامدا بۆ ئەو کەسە نیە نوێژ واز لێ دێنێ، نوێژی کرد و برینەکەی خوێنی لێ دەچوو.[1]

ئیبن سەعد ج٣ ص ٣٥٠ لە میسوەرەوە هێناویەتی کە عومەر لێی درا لە هۆش خۆی چوو، وترا بە هیچ وەك نوێژ ناترسێ و بەهۆش نایەتەوە ئەگەر گیانی تێدا مابێ. وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران نوێژ. نوێژەکەت بکە. ئەویش ڕاچڵەکی و وتی نوێژ. ئەرێ بەخوا- بە هەمان شێوەی پێشوو هێناویەتی.

تەبەرانی لە موحەممەدی کوڕی مسکینەوە هێناویەتی دەڵێت: ژنەکەی عوسمان(رضي الله عنه) کاتێ چواردەوریان دا وتی دەتانەوێت بیکوژن، ئەگەر بیکوژن یان وازی لێ بهێنن ئەو هەموو شەو بە یەك ڕکات زیندوو ڕا دەگرێت کە تیایدا هەموو قورئان دەخوێنێت. سەنەدەکەی حەسەنە. وەك هەیسەمی ج٩ ص ٩٤ دەڵێت، ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص٥٧ لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام لە گێرانەوەکەیدا هاتووە کاتێ چواردەوریان دا ویستیان بیکوژن. هەروەها لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) دەڵێت ژنەکەی عوسمانی کوڕی عەففان لەکاتی کوشتنی عوسماندا وتی: کوشتتان، لەکاتێکدا شەوانە لە یەك ڕکاتدا هەموو قورئانی دەخوێند.[2]

---

[1] - هەیسەمی ج١ ص ٩٥ دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[2]- ئەبو نەعیم دەڵێت: ئەنەس وای وت و خەڵکی گێڕاویانەتەوە و دەڵێن ئەنەسی کوڕی سیرینە.

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص ٥٦ لە عوسمانی کوڕی عەبدوڕەحمانی تیمیەوە هێناویەتی دەڵێت باوکم وتی: ئەمشەو بەسەرمقامدا سەردەکەوم، کە نوێژی عەتەمەم کرد چووم بۆ مەقام و تیایدا وەستام. وەستابووم کە کەسێك دەستی خستە سەرشانیم سەیریم کرد عوسمانی کوڕی عەففانە. دەڵێت: لە سوورەتی فاتیحەوە دەستی پێکرد تا خەتمی قورئانی کرد. ئینجا چەمیەوە و دواتر سوجدەی برد. پاشان نەعلەکانی هەڵگرت و منیش نەمزانی ئایا پێش ئەوە نوێژی کردووە یان نا. ئیبن موبارەك لە(الزهد) و ئیبن سەعد و ئیبن ئەبی شەیبە و ئیبن مونیع و تەحاوی و دارقوتنی و بەیهەقی لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عوسمانی تەیمیەوە هێناویانە وتی: لە مەقامدا عوسمانم بینی شەوێك بوو دەستیکرد بە قورئان خوێندن و لە یەك ڕکاتدا خەتمی قورئانی کرد، پاشان چوو.[1]

ئیبن سەعد ج٣ ص ٧٥ لە عەتای کوڕی ئەبو ڕباحەوە هێناویەتی عوسمان نوێژی کرد بۆ خەڵك و لە پشت مەقامەوە وەستا و هەموو قورئانی لە یەك ڕکاتی ویتریدا خوێند. لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە دەڵێت عوسمان شەونوێژی دەکرد و لە یەك ڕکاتدا خەتمی قورئانی دەکرد.[2]

حاکم ج٣ ص ٥٤٦ لە موسەیبی کوڕی ڕافعەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ چاوی ئیبن عەبباس(رضي الله عنهما) پەکی کەوت، کەسێك هات بۆ لای و پێی وت: تۆ حەوت(ڕۆژ) خۆت بگرە بۆم و بە ڕاکشاوی نوێژ بکە دەبیتە سوود وەرگری دەرمانەکە و پشت بەخوا چاك دەبیتەوە. ئەویش هەواڵی نارد بۆ عائیشە و ئەبوهورەیرە و هاوەڵانێکی دیکە، هەموو وتیان ئەگەر لەم حەوت ڕۆژەدا مردیت بە نوێژەکانت چی دەکەیت، وازی لە چاوی هێنا و دەرمانی نەکرد. بەزار و تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە وتی کاتێ چاوم وای لێهات وترا دەرمانت دەکەین بەڵام چەند ڕۆژێ واز

[1] – لە المنتخب ج٥ ص٩ دا هاتووە و دەڵێت:سەنەدەکەی حەسەنە.

[2] – لە المنتخب ج٥ ص ٩دا واهاتووە.

بێنە لە نوێژ؟ وتی نا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من ترك الصلاة لقی اللة وهو علیة غضبان) واتە(هەرکەس واز لە نوێژ بێنێت دەگاتەوە بە خوا و خواش زۆر لێی تووڕەیە).[1]

تەبەرانی لە عەلی کوڕی ئەبو جەمیلە و ئەوزاعیەوە هێناویەتی دەڵێن: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس هەموو ڕۆژێك هەزار سوجدەی دەبرد.[2]

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت ڕۆژووی نەدەگرت و دەیوت: کاتیٚ ڕۆژوو دەگرم لە نوێژدا لاواز دەبم، نوێژیش لە ڕۆژوو لام ئازیزترە، بۆیە ئەگەر ڕۆژووی بگرتایە سیٚ ڕۆژی لە مانگێکدا دەگرت.[3]

ئیبن جەریر لە عەبدوڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە هێناویەتی ئیبن مەسعوود کەم ڕۆژووی دەگرت، پێی وترا، ئەویش وتی ئەگەر ڕۆژوو بگرم لە نوێژدا لاواز دەبم — بە هەمان شێوە هێناویەتی —.[4]

ئیبن سەعد ج٣ ص١٥٥ لە عەبدوڕەحمانی کوڕی یەزیدەوە هێناویەتی دەڵێت: هیچ فیقهـ ناسێکم نەدیوە لە ئیبن مەسعوود کەمتر ڕۆژوو بگرێت. پێی وترا بۆچی ڕۆژوو ناگریت؟ وتی من نوێژم لەبری ڕۆژوو هەڵبژاردووە. ئەگەر ڕۆژوو بگرم لە نوێژ کردندا لاواز دەبم.

---

[1]- هەیسەمی ج١ ص٢٩٥ دەیڵێت. بەزار و تەبەرانی هێناویانە و سەهلی کوڕی مەحموود لە سەنەدەکەدا هەیە کە ئیبن ئەبی حاتەم دەیهێنیٚ و دەڵێت ئەحمەدی کوڕی ئیبراهیمی دەورەقی و سەعدانی کوڕی یەزید فەرموودەیان لێوە گێڕاوەتەوە، دەڵێم: موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای موخەرەمی فەرموودەی لێوە گێڕاوەتەوە و قسەی لەسەر نەکردووە، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە صەحیحن— تەواو.

[2] — هەیسەمی ج٢ ص ٢٥٨. دەڵێت سەنەدەکەی مونتەقیعە.

[3]— هەیسەمی ج٢ ص٢٥٧ دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن و لە چەند ڕێگەیەکیدا هاتووە. نوێژی چێشتەنگای نەدەکرد—تەواو

[4] — وەك لە کنز العمال ج٤ ص ١٨١ دا واهاتووە.

حاكم ج٣ ص ٢٢٥ لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت : شەوێ دوای نوێژی عیشا لە پێغەمبەر(ﷺ) دواكەوتم. پاشان هاتم فەرمووی(لە كوێ بوویت؟) وتم گوێمان دەگرت لە قورئان خوێندنی یەكێك لە هاوەڵانت لە مزگەوتدا دەنگی وام نەبیستبوو و هیچ هاوەڵێك وا قورئانی نەخوێندووە. هەستا و منیش هەستام و گوێی لێگرت، پاشان سەیری كردم و فەرمووی(هذا سالم مولى ابى حذيفة، الحمدلله الذى جعل فى امتى مثل هذا) واتە(ئەوە سالمی مەولای ئەبو حوزەیفەیە، سوپاس بۆ خوا كە لە ئوممەتەكەمدا كەسی وای هێناوە)[1].[2]

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص ٢٥٩ لە مەسرووقەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ ئەبو مووسای ئەشعەری لە سەفەرێكدا بووین، شەو چووینە باخێكەوە، تیایدا دابەزین، ئەبو موسا شەو هەستا بۆ شەونوێژ– باسی دەنگ خۆشی و جوان خوێندنی دەكات–وتی: دەیدا بەلای هەرشتێكدا دەیوت پاشان دەیوت: خودایە تۆ سەلامیت و سەلامیش لە تۆوەیە، تۆ(مؤمن)یت و باوەڕدارت خۆش دەوێت تۆ(میهمن) خاوەن هەژموونیت و كەسی خاوەن هەژموونت خۆشدەوێت، تۆ ڕاستگۆت خۆشدەوێت.

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص ٢٨٣ لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت : حەوت شەو میوانی ئەبو هورەیرە بووم، خۆی و خزمەتكار و ژنەكەی بۆ شەونوێژ بە سەرە هەڵدەسان و شەویان بە سێ بەش كردبوو هەریەكەیان لە بەشێكدا هەڵدەسان.

مالیك لە عەبدوڵلای كوڕی ئەبو بەكرەوە هێناویەتی ئەبو تەلحەی ئەنساری لە حەوشەكەیدا نوێژی دەكرد، باڵندەیەك(دبسى) فڕی. دەهات و دەچوو تا دەروازەیەك بدۆزێتەوە تا دەربچێت، بەدینەكرد، ئەوە جێی سەرسوڕمانی بوو،

---

[1] – صحیح.

[2] – حاكم دەڵێت لەسەر مەرجی مو صەحیحە، زەهەبیش كۆكە لەسەری.

چاوی لەگەڵی بوو تا ماوەیەك پاشان هاتەوە بۆ نوێژەکەی، نەیدەزانی چەند ڕکات نوێژی کرد، وتی ئەم سامانەم بوو بە فیتنە بۆم، چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بۆی باسکرد چی بووە و وتی ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەو حەوشە سەدەقەیە و چۆنت پێ باشە بیبەخشە.[1]

مالیك لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکرەوە هێناویەتی یەکێ لە پشتیوانان لە حەوشەیەکدا لە(قف) کە دۆڵێکی مەدینە بوو لە کاتی خورمادا نوێژی دەکرد، چواردەوری بەرهەم بوو، سەیری کرد و سەرسامی بەرهەمەکەی بوو، پاشان گەڕایەوە بۆ لای نوێژەکەی و نەیزانی چەند ڕکات نوێژی کردووە. وتی بەڕاستی ئەم سامانەم بوو بە فیتنە بۆم، هات بۆ لای عوسمانی کوڕی عەففان کە ئەوکات خەلیفە بوو، بۆی باسکرد و وتی ئەو باخە صەدەقەیە لە ڕێگەی خێردا بیبەخشە، عوسمان بە پەنجا هەزار فرۆشتی. بەو سامانە وترا پەنجاکە.[2][3]

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ص ٣٣٥دا لە ئەسمائەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن زوبەیر بە شەو زۆر شەو نوێژ و بەڕۆژ زۆر ڕۆژووی دەگرت، پێی دەوترا کۆتری مزگەوت.

ئیبن عەساکیر لە عەددی کوڕی حاتەمەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتی نوێژ هاتبێ ئامادەسازیم بۆ کردووە، هەرچی کاتی نوێژ هاتووە بە کەیف و خۆشحاڵ بووم.[4]

---

[1]- لە الترغیب و الترهیب ج١ص٣١٦ دا واهاتووە و دەڵێت عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوبەکر بەو چیرۆکە نەگەیشتووە.

[2] - ضعیف.

[3] - (الاوجز ج١ ص٣١٥ دا واهاتووە.

[4]- لە کنز العمال ج٧ ص٨٠ دا واهاتووە. ئیبن موبارەك هێناویەتی وە لە الاصحابە ج٢ ص ٤٧٦ دا واهاتووە.

(بنیادنانی مزگەوت)

ئەحمەد لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی خشتیان دەبرد بۆ بنیادنانی مزگەوت و پێغەمبەر یش لەگەڵیاندابوو. پێغەمبەر(ﷺ) خشتێکی لەسەر سکی هەڵگرتبوو دەهات، وامزانی ماندووی کردووە، وتم ئەی پێغەمبەری خودا بیدە بەمن، فەرمووی(خذ غیرها یا اب هریرة فانة لا عیش الا عیش الاخرة) واتە(ئەی ئەبو هورەیرە دانەیەکی دیکە هەڵبگرە، چونکە ژیان تەنها ژیانی ڕۆژی دواییە)[1][2].

ئەحمەد و تەبەرانی لە تەلقی کوڕی عەلیەوە هێناویانە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) سەرقاڵی بنیادنانی مزگەوت بووم دەیفەرموو(قرب الیمامی الی الطین فانة احسنکم لة مساو اشدکم منکبا)[3][4].

ئەحمەد لە تەلقەوە هێناویەتی دەڵێت چووم پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی مزگەوتیان بنیاد دەنا،(وەك ئەوەی سەرسامی کارەکەیان بووبێت). خاکە نازەکەم هەڵگرت و قوڕەکەم پێ تێکدا، پێغەمبەر(ﷺ) بە کارەکەم سەرسام بوو و فەرمووی(دعوا الحنفی و الطین فانة اضبطکم للطین)[5][6].

بەزار لە ئیبن ئەبی ئەوفاوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ژنەکەی مرد دەیوت: هەڵیبگرن و لە هەڵگرتنیدا گەرموگوڕ بن، چونکە ئەو لەگەڵ مەوالیەکەیدا بەشەو بەردی ئەو مزگەوتەی هەڵدەگرت کە لەسەر لەخوا ترسی بنیادنرا. ئێمە بە شەو دوو دوو بەردمان هەڵدەگرت.[7]

---

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی ج٢ ص٩ دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، تەواو.

[3] – حسن.

[4] – هەیسەمی ج٢ ص٩ دەڵێت ئەحمەد و تەبەرانی هێناویانە و کەسەکانی تەبەرانی جێ متمانەن.

[5] – ضعیف.

[6] – هەیسەمی ج٢ ص ٩ دەڵێت لە سەنەدەکەدا ئەیووبی کوڕی عوتبە هەیە کە لەسەر جێ متمانە نەبوونی ڕا جیاوازی هەیە.

[7] – هەیسەمی ج٢ ص ١٠ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئەبو مالیکی نەخەعی هەیە کە لاوازە.

تەبەرانی لە عوبادەی کوڕی صامتەوە هێناویەتی دەڵێت: پشتیوانان پێیان وتم پێغەمبەر(ﷺ) تاکەی لای ئەو گەڵای خورمایەدا نوێژ بکات؟ بڕێ دیناریان بۆ کۆکردەوە و بردیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و وتیان ئەو مزگەوتە چاك دەکەین و دەیڕازێنینەوە، فەرمووی(لیس لی رغبة عن اتخی موسا عریش کعریش موسی) واتە(زیاتر لە موسای برامم حەز پێ نیە، کەپرێك وەك ئەوەی مووسا).[1]

بەیهەقی لە الدلائل هێناویەتی پشتیوانان سامانێکیان کۆکردەوە و بردیان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) و وتیان ئەی پێغەمبەری خوا بەمە مزگەوتێ بنیاد بنێ و بیڕازێنەرەوە، تاکەی لە ژێر ئەو گەڵا خورمایەدا نوێژ بکەین؟ فەرمووی(مابی رغبة عن اخی موسی، عریش کعریش موسی) بەیهەقی لە حەسەنەوە لەب اسی کەپری مووسادا هێناویەتی دەڵێت : ئەگەر دەستی بەرز بکردایەتەوە دەگەیشت بە کەپرەکە- واتە سەقفەکە، ئیبن شهاب دەڵێت : پایەکانی مزگەوت لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) دا لقی دارخورما بوون، سەقفەکەشی گەڵای دارخورما بوون لەگەڵ لقەکانیدا، لەسەر سەقفەکە قوڕی زۆر نەبوو، ئەگەر باران بباریایە مزگەوتەکە پڕ دەبوو لە قوڕ، وەك شێوەی کەپر وابوو.

لە صەحیحدا لە باسی شەوی قەدر وتی: لەناو ئاو و قوڕدا سوجدەم دەبرد، هەرکەس لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) کەنار گیری ناو مزگەوتی گرتووە با بگەڕێتەوە. ئێمەش گەڕاینەوە و لە ئاسماندا هیچ شتێکمان نەدی، هەورێ هات و باران باری تا سەقفی مزگەوت دباری، سەقفەکە لە گەڵای دارخورما بوو. نوێژ کرا و پێغەمبەر(ﷺ) لەناو ئاو و قوڕدا سوجدەی دەبرد تا شوێنەواری قوڕم لە ڕووخساریدا بەدی کرد.[2][3]

---

[1]- هەیسەمی ج٢ ص١٦دەڵێت لە سەنەدەکەدا عیسای کوڕی سنان هەیە کە ئەحمەد و جگە لەو بە لاوازی دەزانن و عجلی و ئیبن حبان و ئیبن حیبان و ئیبن فراش بەجێ متمانەی دەزانن. ئیبن خراش لە گێڕانەوەیەکدا هەیە.

[2] – ضعیف.

[3] – لە وفاو الوفا و ج١ ص ٢٤٢دا واهاتووە.

ئیبن زیاد لە خالیدی کوڕی مەعدانەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چووم بۆ لای عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحە و ئەبو دەردا و هەردووکیان داری قامیشیان پێبوو، مزگەوتیان پێ دەپێوا، فەرمووی(چی دەکەن؟) وتیان ویستمان مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەر بنیادی شام بنیاد بنێین. ئەمە لەسەر پشتیوانان دابەش بکرێ، فەرمووی(هاتیاما) واتە(بیهێنن) لێی وەرگرتن و بردی تا گەیشتە بەردەرگاو فڕێی داو فەرمووی(کلا ثمام و خشيبات و ظلة، كظلة موسى و الامر اقرب من ژلك) واتە(نەخەیر نابێ، داری پومام و چیلکە و تەختە و سێبەر سازێ وەك ئەوەی موسا. پارەکە لەوە نزیکترە) وترا سێبەر سازی موسا چییە؟ فەرمووی(اذا قام اصاب راسة السقف) واتە(ئەگەر هەستایە سەری دەیدا لە سەقفەکە)[1].[2]

ئەحمەد لە نافعەوە هێناویەتی عومەر لە مزگەوت و پایەکانی زیادکرد تا(المقصورة) وتی ئەگەر لە پێغەمبەرم نەبیستایە کە دەیفەرموو(ينبغي ان نزيد في مسجدنا) واتە(پێویستە مزگەوتەکەمان گەورە و فراوان بکەین) مزگەوتەکەم فراوان نەدەکرد.

بوخاری و ئەبو داود لە نافعەوە هێناویانە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە(رضي الله عنهما) کە پێی وت مزگەوت لە سەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا لە خشت بنیاد نرابوو و سەقفەکەی گەڵای دارخورمابوو و پایەکانی داری خورما بوون، ئەبوبەکر هیچی لێ زیاد نەکرد، عومەر(رضي الله عنه) لێی زیادکرد و لەسەر بیناکەی لە سەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە خشت و گەڵای دار بنیادی پایەکانیشی بەدار دانایەوە، پاشان عوسمان(رضي الله عنه) گۆڕی و زۆر گەورەی کرد و دیوارەکەی بە بەردی نەخشێنراو و گەچ بنیادنا، عەموودەکانی لە بەردی نەخشێنراو و سەقفەکەی بە داری ساج، ئەبو

---

[1] – ضعيف.

[2] – لە وفاو الوفاو ج١ ص ٢٤١ دا واهاتووە.

داودیش هێناویەتی و لەسەری بێدەنگ بووە لە عەتیە لە ئیبن عومەرەوە دەڵێت : مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە سەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا پایەکانی لە لقی دارخورما بوو، سەرەوەی بە گەڵای دارخورما و گەڵای دارخورما بنیادی نایەوە، پاشان لە سەردەمی خیلافەتی عوسماندا وێران بوو، ئەویش بەخشت بنیادی نایەوە، تا ئێستا وایە، لە صەحیحی موسلیم لە مەحموودی کوڕی لبیدەوە هێناویەتی عوسمانی کوڕی عەففان ویستی مزگەوت بنیاد بنێتەوە، خەڵکی حەزیان نەکرد و حەزیان دەکرد لەسەر شێوەی خۆی بیهێڵێتەوە، ئەویش وتی لە پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) بیست دەیفەرموو(من بنى مسجدا لله بنى الله له فى الجنة مثله) واتە(هەرکەس مزگەوتێ بنیاد بنێت بۆ خوا، خوا لە بەهەشتدا وەك ئەوەی بۆ بنیاد دەنێت) یەحیا لە موتەلیبی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حنتبەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ عوسمانی کوڕی عەففان لە ساڵی بیست و چواردا بوو بە خەلیفە، خەڵکی قسەیان لەگەڵ کرد تا مزگەوتەکەیان گەورە بکەن. نوێژی نیوەڕۆی کرد بۆ خەڵك و پاشان چوویە سەر مینبەر و سوپاس و ستایشی خوای کرد و پاشان وتی: ئەی خەڵکینە من دەمەوێت مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بڕوخێنم و زیاد و فراوانی بکەم و شایەتی دەدەم لە پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) بیست دەیفەرموو(من بنى لله مسجدا بنى الله لة بيتا فى الجنة) واتە(هەرکەس مزگەوتێ بۆ خوا بنیاد بنێت خوا لە بەهەشتدا ماڵێکی بۆ بنیاد دەنێت) من پێشینەم تیایدا هەیە و پێشەوایەك لە پێشم کەوتووە و عومەری کوڕی خەتتابیش پێشمەکەوت و لێی زیادکرد و بنیادی نا، من لەگەڵ خاوەن ڕاکانی هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دا ڕاوێژم کردووە، لەسەر ئەوە یەکدەنگن بڕوخێنرێت و بنیاد بنرێتەوە و فراوان بکرێت، ئەو ڕۆژ خەڵکی ئەوەیان پێ باش بوو و نزایان بۆ کرد، ئەویش کرێکارانی بانگکرد و خۆی تێدا بەشدار بوو، خۆی کەسێك بوو هەموو ساڵ ڕۆژووی ڕۆژوو شەونوێژی هەبوو، لە مزگەوت دەرنەچوو، فەرمانی کرد تا گەچی گیراوە بۆ نێوان دارخورماکان بەکاربێت، سەرەتای کارەکەی لە مانگی

ڕەبیعولئەوەلی ساڵی بیست و نۆدا بوو، کاتێ ساڵ چوویە مانگی هیلالی موحەرەمی ساڵی سی تەواو بوو. بەوەش کارەکەی دە مانگی خایاند.[1]

تەبەرانی لە المعجم الوسیط و المعجم الکبیر لە جابری کوڕی ئوسامەی جەهنیەوە هێناویەتی دەڵێت گەیشتم بە پێغەمبەر(ﷺ) لەناو هاوەڵانیدا بوو و وتم ئەی پێغەمبەری خوا بۆ کوێ دەچیت؟ وتیان دەیەوێت نەخشەی مزگەوتێ بۆ هۆزەکەت دابڕێژێت، وتی منیش چووم نەخشەکەی داڕشتبوو و قیبلەی دیاریکردبوو و لەوێ دا دارێکی داکوتابوو و بەرەو قیبلە بنیادی نا[2].[3]

ئیبن عەساکیر لە عوسمانی کوڕی عەتاوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) وڵاتانی فەتح کرد نامەی نووسی بۆ ئەبو مووسای ئەشعەری کە لە بەسرە بوو. فەرمانی پێکرد مزگەوتێ بۆ جەماعەت دابەزێنێ و بە هۆزەکانیش مزگەوتێ بنیاد بنێت. کە ڕۆژی هەینی هات بێن بۆ مزگەوتی جەماعەت و لەوێ ئامادەی هەینی بن،نامەی بۆ سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص نووسی کە لەسەر کوفە بوو هەمان شتی بۆ نووسی. نامەی نووسی بۆ عەمری کوڕی عاص(رضي الله عنه) کە لەسەر میسر بوو، هەمان شتی پێ وت، نامەی بۆ سەرکردەکانی سەربازان نارد نەچنە ناو گوند و لە شاران دانەبەزن و لەهەر شارێکدا مزگەوتێ بنیاد بنێن و هۆزەکان مزگەوتی زۆر بنیاد نەنێن وەك ئەوەی خەڵکی کووفە و بەسرە ومیسر کردیان. خەڵکی پەیوەست بوون بە فەرمان و بەڵێنی عومەرەوە.[4]

---

[1] – لە وفاو الوفاو ج١ ص ٣٥٥دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3] – هەیسەمی ج٢ ص ١٥ دەڵێت لە سەنەدەکەدا موعاویەی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەبیب هەیە کە ژیاننامەیم نەدیوە، تەواو. ئەبو نەعیم لە جابری کوڕی ئوسامەی جوهەینەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٢دا واهاتووە، باوەردی لە ئوسامەی حەنەفیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. وەك کنز العمال ج٤ ص ٢٦٣ دا واهاتووە.

[4] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٥٩ دا واهاتووە.

(پاك و خاوێن ڕاگرتنی مزگەوتەكان)

ئەحمەد لە عروەی كوڕی زوبەیر لە كەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) ەوە هێناویەتی دەڵێت : پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێكردین مزگەوت لە ماڵمان دروست بكەین و چاككردن و ڕاگرتنی پاك و خاوێن ڕاگرین[1,2].

ئەبو داود و ترمزی و ئیبن ماجە لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی كرد لە ماڵەكان مزگەوت بنیاد بنرێ و پاك ڕابگیرێت و بۆندار بكرێت[3,4].

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی ئافرەتێ شەخەڵی لە مزگەوت هەڵدەگرت، مرد و پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی ناشتنی نەدا، فەرمووی(اذا مات لكم ميت فاذوني) واتە(ئەگەر كەسێكتان مرد مۆڵەتم لێ وەرگرن) نوێژی لەسەر كرد و فەرمووی(اني رايتها في الجنة تلتقط القذى من المسجد)[5] واتە(من لە بەهەشت بینیم شەخەڵی لە مزگەوت هەڵدەگرت) هەیسەمی ج٢ص١٠ دەڵێت : تەبەرانی هێناویەتی، لە ناساندنی ئافرەتاندا دەڵێت ئەو ئافرەتە ڕەشە بوو كە لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) دا شەخەڵ و شتی كەوتووی لادەبرد[6].

ئەبو یەعلا لە ئیبن عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی عومەر هەموو هەینیەك مزگەوتی پێغەمبەری(ﷺ)بۆن باران دەكرد[7,8].

---

[1] – صەحیح.

[2] – هەیسەمی ج٢ ص١١ دەڵێت: ئەحمەد بەسەنەدی صەحیح هێناویەتی

[3] – صەحیح.

[4] – لە المشكاه ص ٦١ دا واهاتووە.

[5] – ضعیف.

[6] – پاش ئەو قسەیە سەنەدەێك لە ئەنەسەوە دێنێت كە فەرموودەكە دێنێت كەسەكانی سەنەدی ئەحمەد صەحیحن. سەنەدەكەی ئیبن عەبباس عەبدولعەزیزی كوڕی فائیدی تێدایە كە نادیارە. دەڵێن لە سەنەدەكەدا فائیدی كوڕی عومەر هەیە كە ناڕوون و نادیارە، تەواو.

[7] – ضعیف.

[8] – هەیسەمی ج٢ ص١١ دەڵێت لە سەنەدەكەدا عەبدوڵلای كوڕی عومەری عومەری هەیە كە ئەحمەد و جگە لەویش بەجێ متمانەی دەزانن و لە پشت پێ بەستنیدا ڕا جیاوازی هەیە.

(چوون بۆ مزگەوت)

ئەحمەد و موسلیم و دارمی و ئەبو عوانە و ئیبن خوزەیمە و ئیبن حبان لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: کەسێك کە نموونەی وام نەدیبوو لەو دوورتر لە مزگەوت بێت و بەسەنەدەکە نوێژ دوا نەدەکەوت، پێی وترا بە سەنەدەکە گوێدرێژێك ناکڕیت تا لە تاریکی و گەرمادا سواری بیت، وتی حەز ناکەمماڵم لە پاڵ مزگەوتدا بێت. دەمەوێت چوونم بۆ مزگەوت گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە چاکەم بۆ بنوسرێت. پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(قد جمع الله لك ذلك كله) واتە(خوای گەورە هەموو ئەوەت بۆ کۆدەکاتەوە) تەیالسی و موسلیم و ئیبن ماجە لێیەوە هێناویانە دەڵێت یەکێ لە پشتیوانان ماڵی لەوپەڕی شاری مەدینە بوو. نوێژێکی لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە دەست نەدەچوو. چووم بۆ لای و پێموت فلان کەس بۆچی گوێدرێژێك ناکڕیت تا لە گەرما بتپارێزێت و لە جڕو جانەوەری زەوی بتپارێزێت. وتی بەخوا حەز ناکەم ماڵم لکا بێت بە ماڵی موحەممەدەوە(صلى الله عليه وسلم).منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و پێموت چی وتووە، ئەویش بانگی کرد، کابراش هەمان شتی وت و باسی کرد لە هیوای پاداشتی بە دوایدا هەیە. پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو(ئەوەی چاوەڕێی بۆ دەکەیت بۆت هەیە) واتە(ان لك ما احتسبت).[1]

تەبەرانی لە زەیدی کوڕی ثابتەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەچوو بە ڕێدا و دەمانویست بۆ نوێژ بچین. هەنگاوەکانی بچووك دەناو فەرمووی(دەزانن بۆچی هەنگاوەکانم نزیك دەکەمەوە(اتدرون لم اقارب الخطى) واتە(بچووك دەنێم) وتمان خوا و پێغەمبەرەکەی چاکتر دەزانن، فەرمووی(لايزال العبد فی الصلاة مادام فی طلب الصلاة) واتە(بەردەوام بەندە لە نوێژدایە تا کاتێ بۆ نوێژ بڕوات)[2].[3]

---

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٤٤ دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3]– هەیسەمی ج٢ ص ٣٢ دەڵێت: تەبەرانی هێناویەتی و لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هێناویەتی دەفەرمووێت(انما فعلت هذا لتکثیر خطای فی طلب الصلاه) واتە(ئەمەم کرد بۆ زیادبوونی

تەبەرانی لە ثابتەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەگەڵ ئەنەسی کوڕی مالیکدا بە کۆڵاندا دەچووم کە دەنگی بانگی بیست، هەنگاوی بچووکی نا تا چووینە مزگەوت، پاشان وتی ئەی ثابت دەزانیت بۆچی بەوجۆرە چووم؟ وتم خوا و پێغەمبەرەکەی باشتر دەزانن، وتی تا هەنگاوەکانم زیاد بن بۆ چوون بۆ نوێژ.[1]

تەبەرانی لە کەسێکی هۆزی(تەیي ء) لە باوکیەوە هێناویەتی ئیبن مەسعوود چوو بۆ مزگەوت و بە پەلەپەل دەچوو، پێی وترا: ئەوە دەکەیت لە کاتێکدا ڕێگریت لێ دەکرێت؟ وتی من ویستم لە بانگی یەکەمدا لای نوێژم بم،[2] لە سەنەدەکەدا کەس هەیە ناوی نەهاتووە وەك دەیبینیت، هەروەها لە سەلەمەی کوڕی کهیلەوە ئیبن مەسعوود بەپەلە چوو بۆ نوێژ، پێی وترا بۆ وادەکەیت، وتی ئایا نوێژ چاکترین شت نییە لەوانەی کە پەلەی بۆ دەکەن[3][4].

تەبەرانی لە ئەبو قەتادەوە هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نوێژمان دەکرد کە دەنگە دەنگی گەنجانی لە دوایەوە بیست، کە نوێژەکەی تەواو کرد فەرمووی چیتان بوو؟ وتیان پەلەمان کرد بۆ نوێژ. فەرمووی(فلا تفعلوا ليصل احدكم ما ادرك و ليقفي مافاتة) واتە(وامەکەن، با هەرکامتان چەند فریا کەوت نوێژ بکات و چی لەدەستیدا بیکاتەوە).[5]

هەنگاوەکانم بۆ چوون بۆ نوێژ) لە سەنەدەکەدا زوحاکی کوڕی نبراس هەیە کە لاوازە، هەروەها بە مەوقوفی لەسەر زەیدی کوڕی پابت هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن. تەواو.

[1] – هەیسەمی ج٢ ص ٣٢ دەڵێت: ئەنەس لە زەیدی کوڕی پابتەوە هێناویەتی و خواش زاناترە. لە سەنەدەکەدا زوحاکی کوڕی نبراس هەیە کە لاوازە. تەواو.

[2] – ضعيف.

[3] – ضعيف.

[4] – سەلەمە فەرموودەی لە ئیبن مەسعوود نەبیستووە وەك هەیسەمی ج٢ ص ٣٢ دەڵێت.

[5] – کەسەکانی صەحیحن و بوخاری و موسلیم بەوە هێناویانە(وما سبقكم فامتوا)(چی پێشتر کرابوو خۆتان بیکەن) هەیسەمی ج٢ ص ٣١.

(بۆچی مزگەوتەکان بنیاد نران و چیان تێدا دەکرد)

موسلیم ج١ ص ١٣٨-دەقەکە هی ئەوە- و تەحاوی ج١ص٨ لە ئەنەسەوە(رضی الله عنه) هێناویانە دەڵێت : لە مزگەوت لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بووین کە دەشتەکیەك هات و لە مزگەوتدا میزی کرد، هاوەڵان وتیان هەی هەی.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(لا تزرموه دعوه)(لێی مەبڕن، وازی لێ بهێنن) وازیان لێ هێنا تا میزەکەی کرد، پاشان پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بانگیکرد و پێی فەرمووی(ان هذه المساجد لا تصلح لشیء من هذا البول و لا القذر انما هی لذکراللة و الصلاة قراءة القران) واتە(ئەم مزگەوتانە بۆ شتێك لەو میزە یان پیسی شەخەڵ ناشێن، بەڵکوو بۆ یادی خوا و نوێژ و قورئان خوێندن دەبن) یان شتێکی لەو شێوەی فەرموو، فەرمانی کرد بە کەسێك سەتڵێ ئاوی هێنا و کردی بەسەر شوێنی میزەکەدا.

موسلیم لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاویە چوو بۆ کۆڕێکی ناو مزگەوت و وتی بۆچی دانیشتوون؟ وتیان یادی خودا دەکەین، وتی ئەی خوا گیان، بەس لەبەرئەوە دانیشتوون. وتیان بەس ئەوە داینیشاندووین، وتی من وەك تۆمەت بۆتان داوای سوێندتان لێ ناکەم، کەس لە پلە و مەنزڵی لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرموودەی لەمن کەمتر لێوە نەهێناوە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چوو بۆ بازنەیەکی هاوەڵانی و فەرمووی(بۆچی دانیشتوون) وتیان دانیشتووین یاد و سوپاسی خودا دەکەین کە ڕێنموونی کردین بۆ ئیسلام و بە ئیسلام منەتباری کردین. فەرمووی(اللة؟ ما اجلسکم الا ذاك؟) توخوا بەس لەبەرئەوە دانیشتوون؟ وتیان بەخوا بەس لەبەرئەوە دانیشتووین. فەرمووی(اما انی لم استحلفکم تهمة لکم ولکنة اتانی جبریل فاخبرنی ان اللة یباهی بکم الملائکة) واتە(من وەك تۆ بۆتان داوای سوێندتان لێ ناکەم، بەڵام جبریل هات بۆ لام و هەواڵی پێدام خوای گەورە لای فریشتەکان بە ئێوەوە دەنازێت و شانازیتان پێوە دەکات).[1]

---

[1]- لە ریاض الصالحین ص ٥١٦ دا واهاتووە. ترمزی و نەسائی هێناویانە. وەك لە المجمع الفوائد ج٢ ص ٢٤٩ دا واهاتووە.

بوخـاری و موسـلیم لــە ئــەبو واقیــد حـارثـی کــوڕی عەوفــەوە هێناویانــە پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مزگەوتـدا دانیـشتبوو و خـەڵکی لەگەڵیـدا بـوون کـە سـێ کـەس هــاتن. دوانیــان هــاتن بــۆ لای پێغەمبــەر(ﷺ) و ئــەویش چــوو، دوانەکــە لای پێغەمبەر(ﷺ) وەستان. یەکێکیان جێگەیەکی لە بازنەکەدا بینی تیایدا دانیشت، ئـەوی دیکـەش لــە دواوەیـان دانیـشێت، سـێیەمیش چـوو، کـاتێ پێغەمبـەر(ﷺ) لێبوویەوە فەرمووی(الا اخبرکم عن النفر الثلاثة؟ اما احدهم فاوی الی اللة فاواة اللة، واما الاخر فاستحیا اللـة منـة، واما الاخـر فـاعرض فـاعرض اللـة عنـة) واتـە(ئایا هەواڵتان پێ بدەم لەسەر ئەو سێ کەسە؟ یەکێکیان پەنای برد بۆ لای خوا، خواش پەنای دا. یەکێکیان شەرمی کرد، خواش شەرمی لێکرد. ئەوی دیکەشیان ڕووی وەرگێڕاو چوو خواش ڕووی لێ وەرگێڕا).[1]

ئیبن منـدە لە ئەبولقـەمراوە هێناویـەتی دەڵێت: لـە مزگـەوتی پێغەمبـەر(ﷺ) دا بازنەمان بەستبوو قسەمان دەکرد کە پێغەمبەر(ﷺ) لە یەکێ لە ژوورەکانیەوە هات بۆ لامان و سەیری کرد و پاشان لای هاوەڵانی قورئان دانیشت و فەرمووی(بهذ المجلس امرت) واتە(فەرمانم پێکراوە بەم کۆڕە).[2]

تەبـەرانی لـە کلیبـی کـوڕی شـەهابەوە هێناویـەتی دەڵێـت: عـەلی کـوڕی ئـەبو تالیب(ﷺ) ژاوەژاوێکی لە مزگەوتدا بیست کە خەڵکی قورئانیان دەخوێند، ئەویش وتــی ســەرکەوتن و خۆشــبەختی بــۆ ئەوانــە، ئەوانــە لای پێغەمبــەر(ﷺ) خۆشەویستترین کەسەکان بوون.[3]

---

[1] – لە ریاض الصالحین ص ٥١٥ دا واهاتووە. مالیك و ترمزیش هێناویانە، وەك لە جمع الفوائد ج١ ص ٢١ دا واهاتووە.

[2] – لە الاصابە ج٤ ص ١٦٠ دا واهاتووە، ئیبن عەبدولبر لە الاستیعاب ج٤ ص ١٦٤دا هێناویەتی، ئەبو عەمری دانی لە طبقات القراء دا هێناویەتی، وەك لە کنز العمال ج١ ص ٢١٩ دا هاتووە.

[3] – لە المجمع ج٧ ص١٦٦دا هاتووە. ئیبن منیع بە هەمان شێوە هێناویەتی. وەك لـە کنز العمال ج١ ص ٢١٨ دا هاتووە،

بەزاریش وەك لە المجمع ج٧ ص ١٦٢ دا هاتووە لە کولەیبەوە هێناویەتی وتی عەلی لە مزگەوت بوو-وابزانم مزگەوتی کوفەی وت-دەنگێکی زۆر و بەرزی وت، وتی ئەوانە چیانە؟ وتی خەڵکین قورئان دەخوێنن یان فێری قورئان دەبن. وتی ئەوانە خۆشەویستترین کەسەکانی بوون لای پێغەمبەر(ﷺ).[1]

تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن لە ئەبوهورەیرەوە هێناویەتی، دای بە بازاڕی مەدینەدا و لەوێ وەستا و وتی خەڵکی بازاڕ چیتانە؟ وتیان ئەوە چییە ئەبو هورەیرە؟ وتی وا میراتی پێغەمبەر(ﷺ) دابەش دەکرێت و ئێوەش لێرەدان، بۆ ناچن پشکی خۆتانی لێ وەرگرن؟ وتیان لە کوێیە؟ وتی لە مزگەوت. ئەوانیش بەخێرایی چوون و ئەبو هورەیرە وەستا تا هاتنەوە و پێی وتن چیتان کرد؟ وتیان ئەبو هورەیرە چووین بۆ مزگەوت نەماندی هیچ دابەش بکرێت. ئەویش پێی وتن کەستان نەدی لە مزگەوتدا؟ وتیان بەڵێ. خەڵکێکمان بینی نوێژیان دەکرد. هەندێ قورئانیان دەخوێند. هەندێ باسی حەڵاڵ و حەرامیان دەکرد، ئەبو هورەیرە پێی وتن: هاوار بۆتان دەی ئەوە میراتی موحەممەدە.[2,3]

مروزی و ئیبن ئەبی شەیبە لە ئیبن موعاویەی کند هێناویانە دەڵێت: چووم بۆ لای عومەر لە شامەوە، پرسیاری لێکردم لەسەر خەڵك، وتی بەڵکوو کەس هەبێ وەك وشتری ڕاکردوو بچێتە مزگەوت، کە کۆڕی خەڵکەکەی بینی و کەسی لێ ناسین لایان دانیشێت، وتم نا بەڵکوو چەندین کۆڕ هەیە کە دادەنیشن و خێر و فێردەبن و باسی دەکەن، وتی دەی تاوابن لەخێردا دەبن.[4]

---

[1] - هەیسەمی ج٧ص١٦٦ دەڵێت لە سەنەدی تەبەرانیدا حەفسی کوڕی سولەیمانی غازری هەیە کە مەترووکە. ئەحمەد متمانەی پێ دەدات-لە گێڕانەوەیەکیدا. لە جگە لەوەشدا بە لاوازی دەزانێت. لە سەنەدەکەی بەزاردا ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی پهقەفی هەیە کە لاوازە.

[2] - حسن.

[3] - لە الترغیب و الترهیب ج١ص٦٦ دا واهاتووە.

[4] - لە کنز العمال ج٥ ص ٢٢٩ دا واهاتووە.

بوخاری و موسلیم و ئەبو داود لە ئەبوهورەیرەوە هێناویانە دەڵێت: ڕۆژێك لە مزگەوتدا بووین کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هاتە دەرو فەرمووی(انطلقوا الى اليهود) واتە(بڕۆن بۆ لای جولەکە) فەرمووی(اسلموا تسلموا) واتە(موسڵمان بن پارێزراو دەبن) وتیان گەیاندت، فەرمووی(ئەوەم دەوێت) پاشان سێ جار فەرمووی، پاشان فەرمووی(اعلموا ان الارض للة و لرسولة وانی ارید ان اجليكم من هذة الارض، فمن يجد منكم بماك شيءا فليبعه والا فاعلموا ان الارض للة ولرسولة) واتە(بزانن زەوی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی و من دەمەوێت لەم زەوییە دورتان بخەمەوە، هەرکامتان شتێ لە سامانی بەدیدەکات با بیفرۆشێت. ئەگەرنا بزانن زەوی بۆ خوا و پێغەمبەرەکەیەتی).[1]

بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویانە دەڵێت: سەعد(رضي الله عنه) ڕۆژی خەندەق پێکرا، کەسێ لە قورەیش کە پێی دەوترا حبانی کوڕی عرقە تیری بۆ هاویشت، دای لە باڵی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چادرێکی لە مزگەوتدا بۆ دادا تا لە نزیکەوە سەردانی بکات، کاتێ لە خەندەق گەڕایەوە چەکی دانا و خۆی شۆرد، جبریل هات بۆ لای و سەری لە تۆزدا تەکاند. وتی چەکت دانا، بەخوا من دام نەناوە، بڕۆ بۆیان، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بۆ کوێ؟ ئاماژەی کرد بۆ بەنی قورەیزە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چوو بۆیان و ئەوانیش بە حوکمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕازی بوون، ئەویش حوکمەکەی دا بە سەعد، سەعدیش وتی حوکم نییە لەسەر تۆ جیهادیان بکەم هێندەی ئەوانەی پێغەمبەرت بە درۆ دەخەنەوە و دەریانکرد.

خوایە من وادەزانم تۆ شەڕی نێوان ئێمە و ئەوانت داناوە، ئەگەر شەڕی قورەیش هیچی ماوە بمهێڵەرەوە بۆیان تا لەپێناو تۆدا لەگەڵیان بجەنگم. ئەگەریش شەڕت لابردووە بیتەقێنەرەوە و مەرگم لەمەدا بێت. بەوە برینەکەی تەقیەوە — لە مزگەوت لەچادری بەنی غیفار هەبوو— و خوێن بەردەوام دەچوو بۆیان. وتیان ئەی خەڵکی

[1] – لەالجمع الفوائد ج٢ ص٤٤ دا واهاتووە.

چادرەکە ئەمە چییە لە لای ئێوەوە دێت بۆ لای ئێمە؟ سەیریان کرد سەعدە و برینەکەی خوێنی لێ دەڕوات. بەوە مرد.[1]

ئیبن سەعد لە الطبقات ج٢ ص ٢٠ لە یەزیدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی قوسەیتەوە هێناویەتی دەڵێت خەڵکی صوففە هاوەڵانێکی پێغەمبەر(ﷺ) بوون کە ماڵیان نەبوو، لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) دا لە مزگەوت دەخەوتن و دادەنیشتن، شوێنی جگە لەوەیان نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ نانی ئێوارە بانگی دەکردن و بەسەر هاوەڵانیدا دابەشی دەکردن، هەندێکیان لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەچوونەوە تا خوا سامان و دەوڵەمەندی نارد.

ئەحمەد لە ئەسمائی کچی زەیدەوە هێناویەتی ئەبوزەرعی غیفاری خزمەتی پێغەمبەر((ﷺ) ی دەکرد، کە لەوە دەبوویەوە دەچوو بۆ مزگەوت، ئەوێ ماڵی بوو، لەوێ ڕادەکشا. شەوێ پێغەمبەر(ﷺ) چوویە مزگەوت و ئەبو زەری بینی لە مزگەوت لەسەر زەوی ڕاکشابوو، پێغەمبەر(ﷺ) بەقاچ لێیدا تا ئەبوزەر دانیشت، پێغەمبەر((ﷺ)) فەرمووی(الا اراك نائما) واتە(ئەرێ بە خەوتووی دەتبینم)وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەی لە کوێ بخەوم مەگەر جگە لەمە ماڵێکم هەیە؟ ئینجا فەرموودەی باسی خیلافەت دێنێت-.[2]

تەبەرانی لە ئەبو زەرەوە هێناویەتی کە خزمەتی پێغەمبەر((ﷺ)) دەکرد، کە لێدەبوویەوە دەچوو بۆ مزگەوت و ڕادەکشا[3]. [4]پێشتریش باسی ئەبوزەر و هاوەڵانی دیکەمان کرد کە لە مزگەوت دەخەوتن.

---

[1] – لە الجمع الفوائد ج٢ ص ٥٢ دا واهاتووە.

[2] – هەیسەمی ج٢ ص٢٢ دەڵێت: ئەحمەد و تەبەرانی هەندێکیان هێناوە و لە سەنەدەکەدا شەهری کوڕی حەوشەب هەیە کە قسەی لەسەرەو متمانەی پێدراوە.

[3] – ضعیف.

[4] – لەسەنەدەکەدا دووبارە شەهر هەیە وەك هەیسەمی دەڵێت.

بەیهەقی و ئیبن عەساکیر لە حەسەنەوە هێناویانە پرسیاری کرد لەسەر خەوی ڕۆژ لە مزگەوتدا. وتی عوسمانم بینی ئەوکات خەلیفە بوو لە نیوەڕۆدا لە مزگەوتدا دەخەوت.[1]

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە گەنج بووین و لە سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ)) لە مزگەوتدا شەومان دەبردەسەر. هەروەها لێیەوە هێناویەتی دەڵێت: کۆ دەبووینەوە، پاشان دەگەڕاینەوە. بە ڕۆژ لە مزگەوت دەخەوتین.[2]

ئیبن سەعد ج٣ ص ٣٩٤ لە زوهەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب وتی: ئەگەر یەکێکتان زۆر لە مزگەوتدا مایەوە لەسەری نیە لار بێتەوە. چونکە باشتر و شیاوتر وایە دانیشتنەکەی لار نەکاتەوە.

عەبدوڕەزاق لە خولەیە ئەبو ئیسحاقەوە هێناویەتی دەڵێت:پرسیارم کرد لە ئیبن عەبباس لەسەر خەوی ناو مزگەوت.وتی ئەگەر بۆ نوێژ و تەواق دەخەویت گرفت نیە.[3]

ئیبن ئەبی دنیا لە جابرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە شەوێکی ڕەشەبای توندی بدیبایە پەنای دەبرد بۆ مزگەوت تا ڕەشەباکە هێور دەبوویەوە، ئەگەر ڕووداوی خۆرگیران یان مانگ گیران ڕوویبدایە پەنای دەبرد بۆ جێ نوێژی.[4]

تەبەرانی لە عەتیەی کوڕی سوفیانی کوڕی عەبدوڵلاوە هێناویەتی دەڵێت: وەفدی ثەقیف هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە مانگی ڕەمەزاندا بوو. پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتدا چادرێکی بۆ هەڵدان. کاتێ موسڵمان بوون لەگەڵیدا ڕۆژوویان گرت.[5]

---

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦١دا واهاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦١دا واهاتووە.

[3] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٩١ دا واهاتووە.

[4] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٨٩دا واهاتووە و دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە، ئەبو نەعیم لە الحلیە ج٣ ص ٣١٢ لە عەتاوە هێناویەتی یەعلای کوڕی ئومەییە لە هاوەڵ بوو. لە مزگەوتدا ماوەیەك دەمایەوە نیەتی ئیعتکافی دەهێنا.

[5] – هەیسەمی ج٢ ص٢٨ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موحەممەدی کوڕی ئیسحاق هەیە کە مودەللەسە.

ئەحمەد لە عوسمانی کوڕی ئەبولعاصەوە هێناویەتی وەفدی ثەقیف هاتن بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم). ئەویش لە مزگەوت دایبەزاندن تا بۆ دڵیان نەرمتر بێت، فەرموودەکە دێنێت کە باسی موسوڵمانبوونی ثەقیف دەکات و لە باسی بانگەواز کردن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی هێناومانە.[1]

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕۆژێك گۆشتی برژاومان خوارد و لە مزگەوتدا بووین، نوێژ بەرپا کرا و تەنها هێندەمان کرد دەستەکانمان اەناو وردەبەردەکاندا پاك کردنەوە.[2]

ئەحمەد لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە مزگەوت بوو، کە خواردنەوەی(فضیح)هێنرا، خواردیەوە بۆیە ناوی مزگەوتەکە نرا(فضیح).[3] [4]

پێشتر چیرۆکی دابەشکردنی خواردن و سامانمان باسکرد. هەروەها چیرۆکی بەیعەتی عوسمان لە مزگەوتدا لەباسی بەیعەتدا. بەیعەتی ئەبوبەکریش لە مزگەوتدا باسکرا لە باسی یەکدەنگی، چیرۆکی بانگەواز و موسڵمانبوونی خمام لە مزگەوتدا، چیرۆکی موسڵمانبوونی کەعبی کوڕی زوهەیر و وتنی شیعرە ناودارەکەی لە مزگەوتدا لە باسی بانگەواز بۆ لای خوا و دانیشتنی هاوەڵانی شورا بۆ ڕاوێژ لە مزگەوتدا لە باسی یەکدەنگیدا، دانیشتنی هاوەڵان لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە بەیانیان لە مزگەوتدا لە باسی بەخشینی سامان. دانیشتنی عومەر لە مزگەوتدا بۆ کاروباری خەڵك دوای نوێژە فەرزەکان لە باسی ترس لە کاردانەوەی دنیا بە ڕوویدا، گریانی ئەبوبەکر و هاوەڵان لە مزگەوتدا لەسەر جیابوونەوە لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە باسی پەیوەست بوون بە خۆشەویستی خوا و پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

---

[1] - ضعیف.

[2] - هەیسەمی ج٢ ص ٢١ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیبن لوهەیعە هەیە کە قسەی لەسەرە.

[3] - ضعیف.

[4] - هەیسەمی دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەبدوڵڵای کوڕی نافیع هەیە کەبوخاری و ئەبو حاتەم و نەسائی بە لاوازی دەزانن و ئیبن موعین دەڵێت فەرموودەی دەنوسرێتەوە. تەواو.

(پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵان لە مزگەوتدا ڕقیان لەچی بوو)

ئەحمەد لە مەولای ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ ئەبو سەعید بووم کە ئەبو سەعید لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوو، چووینە مزگەوت کەسێك لە نێوەندی مزگەوتدا لەسەر چۆك دانیشتبوو(قاچەکانی دەگەشتنەوە لای سکی) پەنجەکانی بەنێو یەکدا کردبوو، پێغەمبەر(ﷺ) ئاماژەی بۆ کرد، کابرا تێنەگەیشت، سەیری ئەبو سەعیدی کرد و فەرمووی(اذا کان احدکم فی المسجد فلا یشبکن فان التشبیك من الشیطان وان احدکم لایزال فی الصلاة ماکان فی المسجد حتی یخرج منه) واتە(ئەگەر یەکێکتان لە مزگەوتدا بوو با پەنجەکانی نەکات بەناو یەکدا، چونکە پەنجە پێکداکردن لە شەیتانەوەیە. هەرکامتان لە لە نوێژدایە تا لە مزگەوتدابێت تا لەمز دەردەچێت).[1,2]

تەبەرانی لە ئەبوبەکری صدیقەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) فەتحی خەیبەری کرد، خەڵکی کەوتنە خواردنی پیاز، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من اکل من هذة البقلة الخبیثة فلا یقربن مسجدنا) واتە(هەرکەس لەو پیسەی خوارد بانزیکی مزگەوتمان نەبێتەوە).[3]

موسلیم و نەسائی و ئیبن ماجە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە هێناویانە ڕۆژی هەینی وتاری دەدا، لە وتارەکەیدا وتی پاشان ئەی خەڵکینە ئێوە لەو دووبەرە دەخۆن وادەزانم هەردوو پیسەکەن پیاز و سیر.

---

[1] – حسن.

[2] – هەیسەمی ج٢ ص ٢٥ دەڵێت: سەنەدەکەی حەسەنە.

[3] – هەیسەمی ج٢ ص ١٧ دەڵێت:تەبەرانی لە گێڕانەوەی ئەبولقاسمی مەولای ئەبوبەکرەوە هێناویەتی و هیچم لە باسی نەدیوە، کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن. تەواو.

بینیومە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە بۆنی ئەوانەی لە کەسێك بەدیبکردایە لە مزگەوتدا فەرمانی پێدەکرد دەردەکرا بۆ بەقیع، بۆیە هەرکەس خواردی با بە کوڵاندن بۆنی نەهێڵێت.[1]

بوخاری و موسلیم و ئەبو داود –دەقەکە هی ئەوە– لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت ڕۆژێك پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وتاری دەفەرموو کە لە ڕۆژی پێشەوەی(قیبلە) مزگەوت بەڵغەمێکی بینی، تووڕەبوو لە خەڵك پاشان قاچی پێدا هێنا. وابزانم داوای زەعفەرانی کرد و پیایدا هێنا و فەرمووی(ان اللة عز و جل قبل وجة احدكم اذا صلى فلا يبصق بين يدية) واتە(کاتێ یەکێکتان نوێژ دەکات خوا لە ڕوویدایە بۆیە با بەڵغەم نەکاتە بەردەمی).

ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا لە فەرموودەی ئەبو سەعیدەوە هێناویەتی، پاشان بە تووڕەیی سەیری خەڵکی کرد و فەرمووی(ئایا کەستان حەز دەکات کەسێك ڕووی تێبکات و تف بە ڕوویدا بکات؟ هەرکامتان کاتێ هەستا بۆ نوێژ ڕووی کردۆتە پەروەردگاری و فریشتەکان لە لای ڕاستیەوەن. بۆیە با تف و بەڵغەم نەکاتە بەردەم و لای ڕاستی) واتە(ايحب احدكم ان يستقبلة رجل يبصق بين يدية ولا عن يمينه).[2][3]

عەبدوڕەزاقیش لە ئەبوهورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: مزگەوت بێزارە لە بەڵغەم وەك چۆن پێستە لە ئاگر خۆ ناگرێ.[4]

بەغەوی و ئیبن سکن و تەبەرانی و جگە لەوانیش لە جابرەوە هێناویانە ئیبن جوهەنی هەواڵی پێدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خەڵکێکی بینی – لە دەقێکدا بەلای

---

[1] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ١٨٨دا واهاتووە.

[2] – حسن صحيح.

[3] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٦٣ دا واهاتووە.

[4] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٦٠ دا واهاتووە.

خەڵكێكدا- لە مزگەوتدا لە نێوياندا شمشێرى هەڵكراويان دەستا و دەست پێ دەكرد، فەرمووى(نەفرينى خوا لەوەى ئەوە دەكات يان ڕێگرى ناكات، لە دەقێكدا فەرمووى مەگەر ڕێگرييم لىَ نەكردن لەوە؟ ئەگەر كەسێكتان داواى شمشێرى لێكرا ئەگەر ويستى بيدات بە هاوەڵەكەى با بيخاتە ناو(جىَ شمشێر، شيرەكەى ئينجا بيداتە دەستى)[1][2].

عەبدوڕەزاق لە سولەيمانى كوڕى موساوە هێناويەتى دەڵێت: پرسيار كرا لە جابرى كوڕى عەبدوڵلاَ لەسەر شمشێر هەڵكردن لە مزگەوتدا، وتى ئێمە ڕقمان لەوەبوو، كەس هەبوو لە مزگەوتدا ڕمى دەكرد بەخێر، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێى دەفەرموو لە مزگەوتدا نەيبات مەگەر ئەوەى دەست بگيرێت بە نوكەكەيەوە[3][4].

تەبەرانى لە موحەممەدى كوڕى عەبدوڵلاَ هێناويەتى دەڵێت: لاى ئەبو سەعيدى خودرى بووين لە مزگەوتدا، كەسێك ڕمێكى هەڵگێڕايەوە، ئەبو سەعيد وتى ئەوە دەزانيت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕێگرى كردووە لە مزگەوتدا چەك هەڵگەڕێنيتەوە[5].

موسليم و نەسائى و ئيبن ماجە لە بورەيدەوە هێناويانە كەسێك لە مزگەوتدا هاوارى دەكرد بۆ ونبوويەكى. ئەويش وتى كىَ هاوارى بۆ وشترى سوور كرد؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووى(لا وجدت، انما بنيت المساجد لما بنيت لە) واتە(نەيدۆزيتەوە، مزگەوت بۆ ئەوە بنياد نراوە كە بۆى بنياد نراوە)[6].

---

[1] – ضعيف.

[2] – لە كنز العمال ج٣ ص ١٦٢ ا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٦٣ دا واهاتووە.

[5]– هەيسەمى ج٢ ص٢٦ دەڵێت لە سەنەدەكەدا ئەبو بلاد هەيە كە ئەبو حاتەم بە لاوازى دەزانێت.

[6] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ١٦٧دا واهاتووە.

تەبەرانی لە ئیبن سیرین یان جگە لەوەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن مەسعوود بیستی کەسێك لە مزگەوتدا هاوار بۆ ونبووەکەی دەکات، ئەویش بێدەنگی کرد و سەرکۆنەی کرد و وتی ئێمە ڕێگریمان لێکراوە لەوکارە. ئیبن سیرین فەرموودەی لە ئیبن مەسعوود نەبیستووە.[1]

عەبدوڕەزاق لە ئیبن سیرینەوە هێناویەتی دەڵێت ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) بیستی کەسێك لە مزگەوتدا هاواریەتی بۆ ونبووەکەی ئەویش لێی تووڕە بوو. وتی ئەبو مونزیر تۆ خراپەکار نەبوویت، وتی وا فەرمانم پێکراوە.[2]

بوخاری و بەیهەقی لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە هێناویانە دەڵێت: من لە مزگەوتدا خەتبووم کەسێك ڕایچڵەکاندم. سەیرم کرد عومەری کوڕی خەتتابە، وتی بڕۆ ئەو دووانەم بۆ بێنە، منیش چووم هێنانم، وتی ئێوە کێن؟ وتیان خەڵکی تائیف. وتی ئەگەر خەڵکی ئێرە بوونایە ئازارم دەدان. لە مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەنگتان بەرز دەکەنەوە؟ ئیبراهیمی کوڕی سەعد لە نوسخەکەیدا و ئیبن موبارەك لە سەعیدی کوڕی ئیبراهیم لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت عومەری کوڕی خەتتاب دەنگی کەسێکی لە مزگەوتدا بیست، وتی دەزانیت لە کوێیت؟ دووجار وتی، ڕقی بوو لە دەنگەکەی.[3]

عەبدوڕەزاق و ئیبن ئەبی شەیبە و بەیهەقی لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت عومەر کە دەچوو بۆ مزگەوت لە مزگەوتدا هاواری دەکرد وریای دەنگە دەنگ بن. لە دەقێکدا بەوپەڕی دەنگی هاواری کرد خۆتان دووربگرن لە گاڵتە و گەپ لە مزگەوتدا.

---

[1] – الترغيب و الترهيب ج١ ص١٦٧.

[2] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٦٠ دا واهاتووه.

[3] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٥٩ دا واهاتووه.

عەبدوڕەزاق و ئیبن ئەبی شەیبە لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە کە ڕێگری کردووە لە ژاوەژاوو دەنگەدەنگی ناو مزگەوت و دەیوت ئەو مزگەوتەمان دەنگی تێدا بەرز ناکرێتەوە.[1]

مالیك و بەیهەقی لە سالمەوە هێناویانە عومەری کوڕی خەتتاب لە پاڵ مزگەوتدا پێگەیەکی بنیاد نا و ناوی نا(البطیحاء) وتی کێ دەیەوێت دەنگە دەنگ بکات یان شیعر بخوێنێتەوە یان دەنگ بەرز بکاتەوە با بچێت بۆ ئەوێ.[2]

عەبدوڕەزاق لە تاریقی کوڕی شەهابەوە هێناویەتی دەڵێت:عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر شتێ کەسێکی بۆ هێنرا. وتی لە مزگەوت بیبەنە دەر و لێی بدەن.[3]

تەبەرانی لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی خەڵکێکی بینی پشتیان کردبووە قیبلەی مزگەوت لە نێوان بانگی بەیانی و قامەتی نوێژدا، وتی نێوانی فریشتە و نوێژەکان مەخەن.[4]

ئەحمەد و تەبەرانی لە عەبدوڵلای کوڕی عامری ئەلهانیەوە هێناویانە دەڵێت: حابسی کوڕی سەعدی تائی(رضي الله عنه) لە بەرەبەیاندا چوویە مزگەوت –پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)ی بینیوە– بینی خەڵك لە پێشەوەی مزگەوتەوە نوێژ دەکەن، وتی بە خوای کەعبە ڕووپامایمان دەکەن. بیانترسێنن هەرکەس بیانترسێنێت گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی کردووە. خەڵکی هاتن و دەریانکردن. وتی فریشتە لە پێشەوەی مزگەوت لە بەرەبەیاندا نوێژ دەکات.[5]

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٥٩ دا واهاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٥٩ دا واهاتووە.

[3] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٠ دا واهاتووە.

[4] – هەیسەمی ج٢ ص ٢٣ دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی جێ متمانەن.

[5] – هەیسەمی ج٢ ص ١٦ دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەبدوڵلای کوڕی عامری ئەلهانی هەیە کە باسیم نەبیستووە. ئیبن عەساکیر و ئەبو نەعیمیش هێناویانە. وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٢ دا واهاتووە. ئیبن سەعد ج٧ ص ٤٣١ بە هەمان شێوە هێناویەتی.

تەبەرانی لە موڕڕەی هەمەدانیەوە هێناویەتی دەڵێت لە دەروونمدا وتم لە دوای هەموو ساریەیەکی ناو مزگەوت کەعبەوە دوو ڕکات نوێژ بکەم. نوێژم دەکرد کە ئیبن مەسعوود لە مزگەوت بوو، چووم تا پێی بڵێم چی دەکەم.ئیبن مەسعوود وتی ئەگەر بزانێت خوا لای نزیکترین ریزەکانە تا نوێژەکەی تەواو نەکات ناچێتە پێش.[1]

(گرنگیدانی پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی بە بانگ)

ئەبو داود لە ئەبو عومەری کوڕی ئەنەس لە نامەیەکی پشتیوانان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیویست شتێبکات بۆ نوێژ تا بزانیْ چۆن خەڵکی کۆبکاتەوە، پێی وترا لە کاتی نوێژدا ئالایەك هەڵکە، کە بینیان بەیەکدی دەڵێن، ئەوەی پیْ باش نەبوو، باسی شەیپووری لاکرا. زیاد وتی هی جوولەکە بوو لای جوان نەبوو فەرمووی(ئەوە کاری جوولەکەیە)، باسی ناقوسیان(زەنگ) لاکرد، فەرمووی(ئەوە کاری مەسیحەکانە) عەبدوڵلای کوڕی زەید چوو کە ئەو دەیهێنان بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و بانگی دەکردن. لە خەویدا بانگی پیْ نیشان درا-ئینجا فەرموودەکە دێنێت-.[2]

ئەبو شەیخ لە عەبدوڵلای کوڕی زەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) گرنگی دەدا بە بانگ بۆ نوێژ، کە کاتی نوێژ دەهات کەسێکی دەبردە سەر و بە دەستی ئاماژەی دەکرد، هەرکەس بیدیبا دەهات و هەرکەس نەیدیبایە نەیدەزانی کاتی نوێژە، بۆیە زۆر ئەوەی لەبیر بوو، هەندیْ پێیان وت ئەی پێغەمبەری خوا با زەنگ لێبدەین، فەرمووی(کاری گاورەکان، نا) وتیان دەی با کەڕەنا لێبدەین. فەرمووی(کاری جوولەکە، نا) منیش بە غەمباری لەسەر ئەو باری گرنگیدانەی

[1] - هەیسەمی ج٢ ص ١٦ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەتای کوڕی سائیب هەیە کە شت تێکەڵ دەکات.

[2] - صحيح.

پێغەمبەر(ﷺ) گەڕامەوە بۆماڵەوە تا شەو لە پێش نوێژی بەیانی خەو بردمیەوە و لەخەومدا کەسێکم بینی دووجلی سەوزی لەبەر بوو و منیش نەخەوتبووم و نە بێداریش بووم. لەسەر دیواری مزگەوت وەستا و دوو پەنجەی خستە ناو گوێکانی و هاواری کرد(بانگی دا).

هەروەها لە ئەنەسەوە هێناویەتی کاتێ لە سەردەمی پێغەمبەردا کاتی نوێژ دەهات کەسێ دەچوو بە ڕێدا و هاواری دەکرد نوێژ، نوێژ، ئەمە بۆ خەڵك سەخت بوو و وتیان-فەرمودەکە بە هەمان شێوەی پێشوو دەهێنێت-.[1]

ئیبن سەعد ج١ ص ٢٤٦ لە نافعی کوڕی جوبەیر و عروە و زەیدی کوڕی ئەسلەم و سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی دەڵێن: خەڵکی لە سەردەمی پێغەمبەر دا(ﷺ) پێش ئەوەی فەرمان بە بانگ بکرێت وا دەهاتن کەسێ هاواری دەکرد(الصلاة جامعة) خەڵکی کۆدەبوونەوە، کاتێ ڕووگە گۆڕا بۆ کەعبە فەرمان کرا بە بانگ، پێغەمبەر(ﷺ) بانگی لا گرنگ بوو. خەڵکی هەندێ شتیان وت تا خەڵکی کۆبکاتەوە بۆ نوێژ، هەبوو دەیوت کەڕەنا، هەبوو دەیوت زەنگ-فەرموودەکە دێنێت و لە کۆتاییەکەیدا هاتووە-وتیان بانگ بدە و لەناو خەڵکدا هەمان شتی دەوت(الصلاة جامعة) بۆ کارێ بهاتایەتە پێش، ئەوانیش دەهاتن و هەواڵیان دەدا وەك فەتحێ یان شتێ بوایە، فەرمانیان پێ دەکرد ئەویش هاواری دەکرد(الصلاة جامعة) با کاتی نوێژیش نەبوایە.

تەبەرانی لە سەعدی قورەزەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەرکاتێ بهاتایە بۆ قوبا بیلال بانگی دەدا تا خەڵکی بزانێت پێغەمبەر(ﷺ) هاتووە، خەڵکەکە کۆدەبوونەوە لە لای، ڕۆژێ هات و بیلالی لەگەڵدا نەبوو. هەندێ زەنج سەیری یەکدیان دەکرد، سەعد بەرزکرایەوە بۆسەر لقێ و بانگی دا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ما حملك على ان تؤذن يا سعد؟) واتە(ئەی سەعد بۆچی بانگت دا) وتی

---

[1] - لە كنز العمال ج٥ ص ٢٦٣-٢٦٥ داواهاتووە.

بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم خەڵکێکی کەمم لە دەورت بینی و بیلالیشت لەگەڵ نەبوو ئەو زنجانەشم بینی-سەیری یەکدیان دەکرد و سەیری تۆیشیان دەکرد، ترسام شتێك بکەن. بۆیە بانگم دا، فەرمووی(پێکات ئەی سەعد، ئەگەر بیلالت لەگەڵما نەدی بانگ بدە) سەعد لە ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) دا سێ جار بانگیدا[1].[2]

بەیهەقی لە ئەبولقاصەوە هێناویەتی دەڵێت: پشکی بانگدەران لە ڕۆژی دواییدا وەك هی موجاهیدان وایە. ئەوەش لە نێوان بانگ و ڕۆژی دواییدایە وەك ئەوە وایە لەپێناو خوادا لە خوێنیدا گەوزا بێت. دەڵێت ئیبن مەسعوود وتی ئەگەر بانگدەر بوومایە باکم نەبوو حەج و عەمرە و جیهادم نەبوایە، عومەری کوڕی خەتتابیش دەیوت ئەگەر بانگدەر بوومایە بارم تەواو بوو باکم نەبوو شەو نوێژ و ڕۆژووم نەبوایە: بیستم لە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو(خوایە لە بانگدەران خۆش بە، خوایە لە بانگدەران خۆش بە) وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە لەسەر بانگ بە شمشێر لێدەدرێین کەچی لە بیرت کردین. فەرمووی(کلا یا عمر، انة سیاتی علی الناس زمان یترکون الاذان علی ضعفائهم، وتلك لحوم حرمها اللة علی النار لحوم المؤذنین)(نا ئەی عومەر، سەردەمێ بەسەر خەڵکدا دێت بانگ لەسەر لاوازەکانیان بەجێدەهێڵن. ئەوە گۆشتێکە خوا حەرامی کردووە لەسەر دۆزەخ گۆشتی بانگدەرانە) عائیشە پێی وتن ئەو ئایەتە(ممن احسن قولا ممن دعا الی اللة وعمل صالحا وقال اننی من المسلمین) ئەوە بانگدەرە. کە وتی(حی علی الصلاة) بانگەواز بۆ خوا دەکات. کە نوێژی کرد چاکەی کردووە. کە وتی(اشهد ان لا اله الا الله) لە موسڵمانانە.[3]

---

[1] - ضعیف.

[2] - هەیسەمی ج١ ص ٣٣٦ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدورەحمانی کوڕی عەممار هەیە کە لاوازە.

[3] - ئەبو شەیخ لە کتێبی(الاڕان) دا بە هەمان شێوە هێناویەتی. وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٦دا واهاتووە.

ئیبن زەنجەویە لە ئەبو میعشەرەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب وتی: ئەگەر بانگدەر بوومایە باکم نەبوو حەج و عەمرەم نەکردایە مەگەر ئەو حەجەی لەسەرم فەرزە. ئەگەر فریشتەکان دابەزینایە کەس بۆ بانگدان پێشیان نەدەکەوت.[1]

عەبدوڕەزاق و ئیبن ئەبی شەیبە و ئیبن سەعد و بەیهەقی لە قەیسی کوڕی ئەبو حازمەوە هێناویانە دەڵێت: چووین بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) وتی کامە بانگدەرتانە؟ وتمان کۆیلە و مەوالیەکانمان. وتی ئەوە کەموکورتیەکی گەورەتانە. ئەگەر مۆڵەتم هەبووایە بە خەلیفایەتیم مۆڵەتی بانگدەرانم هەبوایە ئەوا بەنگم دەدا.[2]

تەبەرانی لە عەلیەوە(رضي الله عنه)هێناویەتی دەڵێت: پەشیمانم لەوەی داوام لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەکرد تا حەسەن و حوسەین بکاتە بانگدەر.[3]

تەبەرانی لە کنز العمال ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: حەز ناکەم بانگدەرەکانتان کوێرەکانتان بن. وابزانم وتی حەز ناکەم قورئان خوێنەکانیشتان بن.[4]

تەبەرانی لە المعجم الکبیر لە یەحیای بەکائەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك بە ئیبن عومەری وت: من لەبەر خوا خۆشم دەوێیت. ئیبن عومەر وتی: بەڵام من لەبەر خوا ڕقمە لێت. وتی بۆچی؟ وتی: تۆ لە بانگەکەتدا دەیهۆنیتەوە و پاداشتی لەسەر وەردەگریت.[5]

---

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٥ دا واهاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٦٥ دا واهاتووە.

[3] – هەیسەمی ج١ ص٣٢٦ دەڵێت لە سەنەدەکەدا حارپ هەیە کەلاوازە.

[4] – هەیسهمی ج٢ ص ٢ دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی جیٚ متمانەن.

[5] – هەیسەمی ج٢ ص٣ دەڵێت لە سەنەدەکەدا یەحیای بەکاو هەیە کە ئەحمەد ئەبو زەرعە و ئەبو حاتەم و ئەبو داود بە لاواز و یەحیای کوڕی سەعید قتان بە جیٚ متمانەی دەزانێت. موحەممەدی کوڕی سەعد دەڵێت بەویستی خوا جیٚ متمانەیە.

ئیبن عەساکیر لە خالیدی کوڕی سەعید لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی نارد بۆ یەمەن و فەرمووی(ان مررت بقرية فلم تسمع اذانا فاصبهم) واتە(ئەگەر دات بە گوندێکدا و بانگت نەبیست بدە بە سەریاندا) دای بەلای بەنی زوبەیر دا و بانگی نەبیست. بۆیە بە کۆیلەی گرتن. عەمری کوڕی مەعد یەکرب هات و دواندی، خالیدیش لەبەر ئەو بەریدان.[1]

بەیهەقی لە تەلحەی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبوبەکر کاتێ سەرکردەکانی بۆ هەڵگەڕاوەکان دەنارد فەرمانی پێدەکردن کە چوونە شوێنێ ئەگەر بانگتان تێدا بیست دەست بگرنەوە تا پرسیاریان لێ بکەن چیتان دەوێ و چی دەڵێن، ئەگەر بانگتان نەبیست هەڵمەتی ببەنەسەر و بکەونە کوشتن و سوتاندن و کوشت و بڕ و بریندارکردن، چاویان لێتان نەبێ و ئەوانە بە مەرگی پێغەمبەرتان وایان لێهات. عەبدوڕەزاق لە زوهەیرەوە دەڵێت: کاتێ ئەبوبەکری صدیق هێزی نارد بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکان وتی شەو بمێننەوە. ئەگەر بانگتان تێدا بیست دەستبگرنەوە. چونکە بانگی دروشمی باوەڕە.[2]

[1] – لە کنز العمال ج٢ ص ٢٩٨ دا واهاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج٣ ص ١٤١ دا واهاتووە.

(پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی چاوەڕوانی نوێژ دەکەن)

ئەبو داود لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ نوێژی مزگەوت دەکرا ئەگەر بیبینیایە کەمن دادەنیشت و نوێژی نەدەکرد، ئەگەر بیزانیایە بە کۆمەڵ و زۆرن نوێژی دەکرد. ئیبن ئەبی شەیبەش لەعەبدوڵڵای کوڕی ئەبو ئەوفاوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) تا دەنگی تەقەی پێڵاوی بیستایە چاوەڕوانی دەکرد[1,2].

ئیبن ئەبی شەیبە بە کەسانی جێ متمانەوە لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەکی ئامادەکرد تا نیوەی شەیان زیاتر بوو، چوو بۆ نوێژ. فەرمووی(صلى الناس ورجعوا وانتم تنتظرون الصلاة اما انكم لن تزالوا فى الصلاة ما انتظرتموها) واتە(خەڵکی نوێژیان کرد و گەڕانەوە و ئێوەش چاوەڕێی نوێژ دەکەن. ئێوە تا لە چاوەڕوانی نوێژدا بن بەردەوام لە نوێژدان)[3].

ئیبن جەریر لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی ئێوارەی کرد و ئەوەی گەڕایەوە گەڕایەوە. هەندێکیش دواکەوتن(مانەوە) پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو فەرمووی(هذا ربكم فتح بابا من ابواب السماء يباهى بكم الملائكة يقول عبادى قضوا فريضة وهم ينتظرون الاخرى) واتە(ئەوە پەروەردگارتانە دەرگایەك لە دەرگاکانی ئاسمانی کردووەتەوە و لای فریشتەکان بە ئێوەوە دەنازێت، دەفەرمووێت بەندەکانم فەرزێکیان بەجێ گەیاند و چاوەڕێی فەرزێکی دیکەن)[4,5].

---

[1] - ضعيف.

[2] - لە كنز العمال ج٤ ص ٢٤٦دا واهاتووە.

[3] - هەروەها جەریر لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە كنز العمال ج٤ ص ١٩٣ دا واهاتووە.

[4] - صحيح.

[5] - لە كنز العمال ج٤ ص ٢٤٥دا واهاتووە. ئیبن ماجەلە ئیبن عومەرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و گێڕەرەوەکانی جێ متمانەن. وەك لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٤٦دا واهاتووە.

تەبەرانی لە ئەبو ئومامەی ثەقەفیەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاویە کە نوێژی نیوەڕۆی کرد وتی: لە شوێنی خۆتان بن تا من دێمەوە بۆ لاتان. لامان چوو دەهات و دەچوو، کە نوێژی عەسری کرد وتی ئایا شتێکتان بۆ باس بکەم کە پێغەمبەر(ﷺ) کردی؟ وتمان بەڵێ. وتی ئەوان لەگەڵیدا نوێژیان کرد. دواتر دانیشتن. لە لایان چوو. فەرمووی(ما برحتم بعد؟) وتیان نا، فەرمووی(لو رایتم ربكم فتح بابا من السماء فارى مجلسكم ملائكة يباهى بكم وانتم ترقبون الصلاة)(ئەگەر پەروەردگارتان دەبینی دەرگایەکی ئاسمانی کردەوە کۆڕی ئێوەی نیشانی فریشتەکان دا و بە ئێوەوە دەنازی و ئێوەش چاوەڕێ و چاودێری نوێژ بوون)[1,2].

بوخاری لە ئەنەسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) شەوێك نوێژی عیشای تا نیوەی شەو دواخست، پاشان دوای نوێژ کردن ڕووی کردە خەڵك و فەرمووی(صلى الناس ورقدوا ولم تزالوا فى صلاة منذ انتظرتموها) هەروەها لە فەرموودەکەی ئەبو هورەیرەوە بە مەرفوعی هێنای(ان احدكم فى صلاة مادامت الصلاة تجسة والملائكة تقول اللهم اغفر لة اللهم ارحمه مالم يقم من الصلاة او يحدث) واتە(هەرکەستان لە نوێژدایە تا کاتێ نوێژ بیگرێتەوەو فریشتەکان دەڵێن خوایە لێی خۆش بە. خوایە ڕەحمی پێ بکە تا کاتێ لە جێ نوێژەکەیدا هەڵنەسێ یان دەستنوێژی نەشکێ) وترا دەستنوێژ شکان چییە؟ وتی بە(تس یان تڕ) بداتەوە.[3]

ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(الا ادلكم على ما يمحو اللة بة الخطايا و يكفر بة الذنوب) (ئایا شتێکتان فێر بکەم کە خوا هەڵەی پێ دەسڕێتەوە و تاوانی پێ

---

[1] – ضعيف.

[2] – لە المعجم ج٢ ص ٣٨ دا واهاتووە.

[3] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٤٥دا واهاتووە.

دەکوژێنێتەوە؟) وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(اسباغ الوضوء على المكروهات وكثرة الخطى الى المساجد و النتظار الصلاة بعد الصلاة فذلكم الرباط) واتە(دەستنوێژ ڕاگرتن لەسەر سەختیەکان، زۆر هەنگاونان بۆ مزگەوتەکان، چاوەڕێ کردنی نوێژ دوای نوێژ. دەی ئەوە سەنگەر گیریتانە)[1,2].

حاکم – دەڵێت سەنەدی صەحیح– لە داودی کوڕی صالحەوە هێناویەتی دەڵێت ئەبو سەلەمە پێی وتم: برازا گیان دەزانیت لەسەر چی ئەو ئایەتە دابەزی(اصبروا وصابروا ورابطوا) وتم نا، وتی: لە ئەبو هورەیرەم بیست دەیوت: لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) دا غەزایەك نەبوو تێیدا سەنگەر نەگرێ، بەڵام چاوەڕوانی نوێژ دوای نوێژ[3].

ترمزی بە صەحیحی لە ئەنەسەوە هێناویەتی ئەم ئایەتە(تتجافى جنوبهم عن المضاجع) لەسەر چاوەڕوانی ئەو نوێژە دابەزی کە بە(الصمة) ناسراوە[4,5].

---

[1] – صحيح.

[2] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٤٧ دا واهاتووە.

[3] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص٢٥١ دا واهاتووە.

[4] – صحيح.

[5] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٤٦ دا واهاتووە.

(جەختکردنەوە لەسەر نوێژی جەماعەت و گرنگیەکەی)

ئەحمەد و ئەبو داودو ئیبن ماجە و ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا و حاکم لە عەمری کوڕی ئوم مەکتومەوە هێناویانە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا من کوێر و ماڵ دوورم و ڕێ نیشاندەرێکم هەیە بۆم ناشێ. ئایا مۆڵەتم دەدەی لە ماڵی خۆم نوێژ بکەم؟ فەرمووی بانگ دەبیستیت؟ وتم بەڵێ. فەرمووی(ما ابد لك رخصة) واتە(مۆڵەتت بۆ بەدی ناکەم).[1] لە گێڕانەوەیەکی ئەحمەددا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە مزگەوت بوو، شل و شۆڵیەکی لە خەڵکەکە بینی، فەرمووی(انی لاهم ان اجعل للناس اماما ثم اخرج فلا اقدر على انسان يتخلف عن الصلاة في بيتة الا امرقته عليه) واتە(خەریکە وام لێدێت پێشنوێژی بۆ خەڵك دابنێم و پاشان دەربچم و دەستم بگات بە هەر مرۆڤێ لە ماڵەوە بێ لە نوێژ دواکەوتبێ ماڵەکەی بەسەردا بسوتێنم) ئیبن ئوم مەکتوم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا نێوانی ماڵی من و مزگەوت دار و درەخت و دارخورما هەیە و کەسێ نییە هەمووکات بێت بمهێنێ. ئایا من مۆڵەتم هەیە لەماڵی خۆم نوێژ بکەم؟ فەرمووی ئایا بانگ دەبیستیت؟ وتی بەڵێ، فەرمووی(فاتها) واتە(دەی وەرە بۆ نوێژەکەت)[2][3].

موسلیم و ئەبو داود و نەسائی و ئیبن ماجە لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویانە دەڵێت کێ حەز دەکات سبەینێ بە موسڵمانی بگاتەوە بەخوا با ئەو نوێژانە بپارێزێت کاتێ بانگیان بۆ دەدرێت، چونکە خوای گەورە سوننەتی ڕێنموونی بۆ پێغەمبەرەکەتان دارشتووە. ئەوانەش لەوانەن. ئەگەر لە ماڵدا نوێژ بکەن وەك ئەوەی ئەو دواکەوتووە لە ماڵەوەی خۆی نوێژ دەکات ئەوە سوننەتی پێغەمبەرەکەتان واز لێهێناوە.

---

[1] – صحيح.

[2] – صحيح.

[3] – له الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٣٨دا واهاتووه.

ئەگەر سوننەتی پێغەمبەریش واز لێبێنن گومڕا دەبن، هەرکەس بە پاکی دەستنوێژ بگرێت پاشان بچێ بۆ یەکێ لەو مزگەوتانە خوای گەورە بە هەر هەنگاوێکی چاکەیەکی بۆ دەنوسێ و پلەیەك بەرزی دەکاتەوە و تاوانێکی دەسڕێتەوە. ئێمە دەمانبینی تەنها کەسی دووڕووی دیار و بەرچاو لێی دوا دەکەوت. لە گێڕانەوەیەکدا کەس هەبوو دەهێنرا لە نێوان دووکەسدا دەوەستێنرا تا لە ڕیزەکەدا دەوەستێنرا لە دووڕوویشدا بوو. تەنها کەسی دووڕوو کە دووڕووییەکەی دیار بوو یان کەسی نەخۆش لە جەماعەت دوا دەکەوت، کەس هەبوو لە نێوان دوو کەسدا دەهات بۆ نوێژ و دەیوت پێغەمبەر(ﷺ) ڕێی ڕینموونی فێرکردووین و لەوانەش نوێژی ناو ئەو مزگەوتەیە کە بانگی تێدا دەدرێت.[١]

تەیالسی ص ٤ بەو شێوە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە من ناتانبینم مەگەر ئەوەی هەرکامتان لە ماڵەوەیدا مزگەوتێکی هەیە و نوێژی تێدا دەکات. ئەگەر لە ماڵتاندا نوێژ بکەن و واز لە مزگەوتەکانتان بهێنن بە دڵنیاییەوە وازتان هێناوە لە سوننەتی پێغەمبەرەکەتان.

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص ٢٣٥ لە موعازی کوڕی جەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت کێ حەز دەکات بە دڵنیایی بگاتەوە بەخوا با ئەو پێنج نوێژە فەرزە لەو شوێنەدا بکات کە بانگیان بۆ دەدرێت چونکە لە سوننەتی ڕێنمونیە و پێغەمبەرەکەتان بۆی داناون، کەستان نەڵێت: من لە ماڵی خۆمدا جێ نوێژم هەیە و تیایدا نوێژ دەکەم، ئەگەر وا بکەن سوننەتی پێغەمبەرتان واز لێهێناوە، ئەگەریش واز بێنن لە سوننەتی پێغەمبەرتان بە دڵنیاییەوە گومڕا دەبن.

---

[١]- لە الترغیب و الترهیب ج١ ص ٢٣٤ دا واهاتووە. عەبدوڕەزاق و زیاء لە(المختارە) دا بەوشێوە بە دوور و درێژی هێناویەتی. وەك لە کنز العمال ج٤ ص ١٨١دا هاتووە.

تەبەرانی و ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت ئێمە ئەگەر لە بەیانی و عیشادا کەسێکمان نەدیبایە گومانمان بۆ دەبرد[1][2].

مالیك لە ئەبوبەکری کوڕی سولەیمانی کوڕی ئەبو حەثمە لە عومەری کوڕی خەتتاب(ﷺ) وە هێناویەتی سولەیمانی کوڕی ئەبو حەثمە لە نوێژی بەیانیدا دیار نەبوو عومەر بەیانی چوو بۆ بازاڕ و شوێنی سولەیمان لە نێوان مزگەوت و بازاڕدا بوو. دای بە لای ئوم سولەیماندا و وتی بەیانی سولەیمانم نەبینی، ئەویش پێی وت: شەو نوێژی دەکرد چاوەکانی بەسەریدا زاڵ بوون، عومەریش پێی وت ئەگەر ئامادەی نوێژی بەیانی بم بە جەماعەت لام خۆشەویستترە لەوەی شەونوێژ بکەم، لە الترغیب و الترهیب ج١ ص٢٣٥ دا واهاتووە. عەبدوڕەزاق لە ئیبن ئەبی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت شیفا کە ژنێکی بەنی عەددی کوڕی کەعب بوو لە ڕەمەزاندا هات بۆ لای عومەر، عومەر وتی بۆچی ئەبو حەثمە لەگەڵ ژنەکەی نابینم لە نوێژی بەیانی ئامادە بێت. وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران شەو نەنوست و ماندوو بوو، نەیتوانی بێت بۆ نوێژی بەیانی. نوێژی کرد و پاشان ڕاکشا. ئەویش وتی بەخوا ئەگەر ئامادەی بەیانی بێت لەو شەونوێژەی لام خۆشەویستترە.

هەروەها لە شیفای کچی عەبدوڵلاوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب(ﷺ) هات بۆ ماڵم و بینی دووکەس خەوتوون، وتی ئەو دووانە چین؟ بۆ نوێژ نەهاتن؟ وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران لەگەڵ خەڵك نوێژیان کرد—لە ڕەمەزاندا بوو — بەردەوام تا بەیانی نوێژیان کرد و نوێژی بەیانیان کرد و خەوتن. عومەر وتی ئەگەر بە جەماعەت نوێژی بەیانی بکەم لام ئازیزترە لەوەی شەوێ تا بەیانی نوێژ بکەم.[3]

---

[1] – صحيح.

[2] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٣٢ دا واهاتووە.سەعیدی کوڕی مەنسوور لە ئیبن عومەرەوە بەو شێوە هێناویەتی. وە لە كنز العمال ج٤ ص ٢٤٤ دا واهاتووە. بەزار هێناویەتی وەك لە المجمع ج٢ ص ٤٠ دا واهاتووە و دەڵێت: کەسەکانی تەبەرانی جێ متمانەن.

[3] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٤٣ دا واهاتووە.

بوخاری لە ئوم دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت ئەبودەردا تووڕە بوو هات بۆ لام، وتم بۆچی تووڕە بویت؟ وتی: بەخوا هیچ لە بواری موحەممەد نازانم بەڵام ئەوان بە کۆمەڵ نوێژ دەکەن.

ئەبو نەعیم لە الحلیة ج١ ص ٣٠٣ دا لە نافعەوە هێناویەتی ئیبن عومەر(ﷺ) کە نوێژی عیشای بە کۆمەڵ بفەوتایە هەموو شەوەکە بێدار دەبوو. بیشری کوڕی موسا وتی: شەو نەدەخەوت. تەبەرانی هێناویەتی، بەیهەقیش دەڵێت: ئەگەر نوێژێکی جەماعەتی بفەوتایە لەو نوێژەوە بۆ نوێژێکی دیکە نوێژی دەکرد.[1]

تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن لە عەنبەسەی کوڕی ئەزهەرەوە هێناویەتی دەڵێت : حارثی کوڕی حەسان(ﷺ) کە هاوەڵ بوو هاوسەرگیری کرد. ئەوکات ئەگەر کەسێ هاوسەرگیری بکردایە چەند ڕۆژێ لە ماڵ دەمایەوە و نەدەچوو بۆ نوێژی بەیانی، پێی وترا دەردەچیت لە کاتێکدا ئەمشەو لای ژنەکەت بویت. وتی بەخوا ئافرەتێك لە نوێژی بەیانیم بکات تا بە جەماعەت بیکەم ئافرەتێکی زۆر خراپە.[2]

---

[1] – وەك الاصابە ج٢ ص ٣٤٩دا واهاتووە.

[2] – لە مجمع الزوائد ج٢ ص ٤١ دا واهاتووە.

(ڕێکوپێکی ڕیزەکان)

ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا لە بەرائی کوڕی عازبەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەهات بۆ لای ڕیزەکان و نێوان سنگ و شانی خەڵکەکەی ڕێک دەکرد و دەیفەرموو(لا تختلفوا فتخلف قلوبكم. ان اللة و ملائكتة يصلون على الصف الاول) واتە(جیاواز مەبن ئەگەرنا دڵەکانیشتان جیا و ناکۆك دەبن، خوا و فریشتەکان سەڵەوات دەدەن لەسەر ڕیزی یەکەم)[1] [2].

ئەبو داود بە سەنەدی حەسەن لە بەرائەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەملاوە بۆ ئەولا بە ڕیزدا دەگەڕا و دەستی دەهێنا بە سنگ و شانماندا و ڕێکی دەکردین و دەیفەرموو(لا تختلفوا) بە هەمان شێوە دەیهێنێت.

موسلیم و چوار زانای فەرمووده جگە لە جابری کوڕی سەمرەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هات بۆ لامان و فەرمووی(الا تصفون كما تصف الملائكة عند ربها؟) واتە(ئایا وا ڕێك ڕیز بەستن کە فریشتەکان لای پەروەردگاریان ڕیز دەبەستن؟) وتمان ئەی پێغەمبەری خودا فریشتەکان لای پەروەردگاریان چۆن ڕیز دەبەستن؟ فەرمووی ڕیزەکانی یەکەم تەواو دەکەن و پێکەوە دەلکێن لە ڕیزدا.[3]

ئەبو داود و ئیبن ماجە لە جابرەوە هێناویانە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نوێژمان دەکرد، ئاماژەی بۆ کردین تا دابنیشین. دانیشتین. فەرمووی(بۆچی وەك ڕیزی فریشتەکان ڕیز نابەستن).[4]

بوخاری لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕیزەکانی ئێمەی یەکسان و ڕێك دەکرد وەك چۆن تیر پێ ڕێك بکەیت تا بینی خۆمان

---

[1] – صحیح.

[2] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٨٢ دا واهاتووە.

[3] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٨٣ دا واهاتووە.

[4] – بە هەمان شێوە هێناویەتی وە لە كنز العمال ج٤ ص ٢٥٥ دا واهاتووە.

فێربووین. پاشان ڕۆژێك دەرچوو، هەستا تا ویستی الله اكبر بكات كەسێكی بینی سنگی لە ڕیز دەركردبوو. فەرمووی(عباد اللة لتسون صفوفكم او ليخالفن اللة بين وجوهكم) واتة(بەندەكانی خوا ڕیزەكانتان ڕێك دەكەن یان خوا نێوان دەخاتە نێوانتان)

ئەبو داود و ئیبن حبان لە صەحیحەكەدا هێناویانە دەڵێت كابرام بینی شانی دەلكاند بە شانی هاوڕێكەی پاڵیەوە و ئەژنۆ و قولە پێی دەلكاند بە ئەژنۆ و قولە پێیەوە[1][2].

مالیك و عەبدوڕەزاق و بەیهەقی لە نافعەوە هێناویانە دەڵێت عومەری كوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) فەرمانی دەكرد بە ڕێككردنی ڕیزەكان. كە دەهاتن پێیان دەوت ڕیزەكان ڕێك بوون ئەویش اللە اكبری دەكرد.[3] عەبدوڕەزاق لە ئەبو عوسمانی نهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر فەرمانی دەكرد ڕیزەكان ڕێك و پێك بن و دەیوت ئەی فلان كەس تۆ وەرە پێشەوە. دەمبینی دەیوت بەردەوام خەڵكانی خوا دوا دەگرن خوا دوایان دەخات. هەروەها لێیەوە هێناویەتی دەڵێت عومەرم بینی كە دەهات بۆ نوێژ سەیری شان و قاچەكانی دەكرد.[4]

عەبدی كوڕی حەمید و ئیبن جەریر و ئیبن ئەبی حاتەم لە ئەبو نەزرەوە هێناویانە دەڵێت : عومەری كوڕی خەتتاب لە كاتی نوێژدا دەیوت ڕێك بوەستن. فلان كەس وەرە پێش. فلان كەس بڕۆ دواوە. ڕیزەكانتان ڕێك بكەن. خوا دەیەوێت ڕێنمونی فریشتەكانتان هەبێ، پاشان ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە(وانا لنحن الصافون و انا لنحن المسبحون).[5]

---

[1] – صحيح.

[2] – لە الترغيب و الترهيب ج١ ص ٢٨٩ دا وا هاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٥٤دا واهاتووە.

[5] – لە كنز العمال ج٤ ص ٢٥٥ دا واهاتووە.

عەبدوڕەزاق و بەیهەقی لە ئەبو سوهەیلی کوڕی مالیك لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەففان بووم، کاتی نوێژ بوو، منیش دەمدواند تا شتێکم بۆ بڕیێتەوە. من پێمدەوت ئەویش بە نەعلەکانی ڕیزی دەکردن، تا کەسانێ هاتن ڕایسپاردن ڕیزەکان ڕێك بکەن. ئەوانیش وتیان ڕیزەکان ڕێك بوون، ئەویش وتی بێخەمی ڕیزەکان دەبم، پاشان الله اکبری دەکرد.[1]

ئیبن ئەبی شەیبە لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕێك بن دڵەکانتان ڕێك دەبن، پێکەوە بلکێن سۆزتان بۆ یەکدی دەبێت[2].[3]

ئەحمەد لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: دەمبینی نوێژ نەدەبەسترا تا ڕیزەکانمان ڕێك و تەواو دەکران[4].[5]

تەبەرانی لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت : خوا و فریشتەکانی سەڵەوات دەدەن لەسەر ئەوانەی نوێژەکانیان لە ڕیزەکانی پێشەوەن – واتە ڕیزی یەکەم-[6].[7]

تەبەرانی لە عەبدولعەزیزی کوڕی ڕافعەوە هێناویەتی دەڵێت عامری کوڕی مەسعوودی قوڕەشی لە مەککە لە ڕۆژانی ئیبن زوبەیر لە مەقام لە ڕیزی یەکەمدا دەهاتە ڕێم(ڕێی پێ تەنگ دەکردم) پێموت ئایا لە ڕیزی یەکەمدا خێر هەیە؟ وتی بەڵێ بەخوا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(لو یعلم الناس مافی الصف الاول ما صفوا فیة الا بقرعة او سهمة) واتە(ئەگەر خەڵکی بزانن لە ڕیزی یەکەمدا چی هەیە تەنها بە تیر و پشك یان پشك داری ڕیزیان تێدا دەبەست).[8]

---

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٥٥ دا واهاتووە.

[2] – صحیح.

[3] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٥٥ دا واهاتووە.

[4] – صحیح.

[5] – هەیسەمی ج٢ ص ٩٠ دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[6] – ضعیف.

[7] – لە سەنەدەکەدا کەسێ هەیە کە ناوی نەهاتووە وەك هەیسەمی ج٢ ص ٩٢ دەڵێت.

[8] – هەیسەمی ج٢ ص ٩٢ دەڵێت : کەسەکانی جێ متمانەن، بەڵام ڕا جیاوازی هەیە لەسەر ئەوەی عامر هاوەڵ بێت یان نا.

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: بچنە ڕیزی یەکەم و لای ڕاست بگرن، وریا بن ڕیز لە نێوان پایەکاندا مەوەستن.[1]

حاکم المستدرك ج٣ ص ٣٠٣ لە قەیسی کوڕی عوبادەوە هێناویەتی دەڵێت چوومە مەدینە، کاتێ نوێژ دابەسترا لە ڕیزی یەکەمدا بووم، عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) هات و ڕیزەکانی بڕی و پاشان چوویە پێش، کەسێ لەگەڵی هات کە ڕیشی تەنك بوو. سەیری خەڵکەکەی کرد، کە منی بینی منی بردە دواوە و ئەوی لە شوێنم دانا. ئەوە لەسەرم سەخت بوو. کاتێ چوو سەیری کردم و وتی پێت ناخۆش و لات سەخت نەبێت وامکرد. من بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو(لایقوم فی الصف الاول الا المهاجرون و الانصار) واتە(لە ڕیزی یەکەمدا تەنها کۆچەران و پشتیوانان بوەستن) وتم ئەوە کێیە؟ وتیان ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه).[2]

ئەبو نەعیم لە الحلیە ج١ ص ٢٥٢ بە سەنەدێکی دیکە لە قەیسەوە هێناویەتی دەڵێت من لە مزگەوتی مەدینە نوێژم دەکرد لە ڕیزی پێشەوە بووم کە کەسێك لە دواوە هات و گرتمی و خستمیە ئەولاو هاتە شوێنەکەم، کە سەلامی دایەوە- سەیری کردم و سەیرم کرد ئوبەی کوڕی کەعبە. وتی گەنجی ئازیز پێت ناخۆش نەبێت(خوا خراپ نەیەنێتە ڕێت) ئەمە ڕاسپاردەیەکی پێغەمبەرە(صلى الله عليه وسلم) بۆمان - فەرموودەکە دێنێت-.[3]

---

[1] - هەیسەمی ج٢ ص٩٢ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیسماعیلی کوڕی موسلیمی مەککی هەیە کە لاوازە.

[2] - حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە صەحیحە، زەهەبی لەسەری کۆکە و دەڵێت تەنها حاکم لە قەتادەوە هێناویەتی و سەنەدەکەی صەحیحە.

[3] - صحیح.

(سەرقاڵبوونی پێشنوێژ بە پێویستی موسڵمانان دوای قامەت)

عەبدورەزاق لە ئوسامەی کوڕی عومەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: نوێژ بەرپا دەکرا و کەس هەبوو بۆ کاریّ پێغەمبەر(ﷺ)ی دەدواند. لە نێوان ئەو و رووگەدا دەوەستا و بەردەوام دەیدواند، هەندیّ کەس لەتاو زۆر وەستانی پێغەمبەر(ﷺ) باوێشکیان دەدا[1].[2]

ئیبن عەساکیر لە ئەنەسەوە هێناویەتی لە عیشادا نوێژ بەرپادەکرا، پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ کەسدا دەوەستا و دەیدواند تا هەندیّ لە هاوەڵان بە لادا دەکەوتن، دواتر ڕادەچڵەکی بۆ نوێژ.[3]

ئەبو شەیخ لە عروەوە هێناویەتی دەڵێت:پێغەمبەر(ﷺ)پاش قامەتی بانگدەر و بێدەنگی خەڵك لەسەر کاروبار قسەی دەکرد و بەجێی دەگەیاند، ئەنەس دەڵێت: دارێکی هەبوو بە دەستیەوە دەیگرت.[4]

بوخاری لە الادب المفرد ص ٤٣ لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) میهرەبان بوو و هەرکەس دەچوو بۆ لای بەڵێنی پیّ دەدا و ئەگەر لای بوایە کارەکەی بۆ ڕا دەپەڕاند. نوێژ بەرپا کرا و دەشتەکیەك هات بۆ لای و جلەکەی گرت و وتی من شتێکی کەم کارم ماوە دەترسم بیرم بچێت. پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵی هەستا تا لە کارەکەی بوویەوە. پاشان هاتەوە و نوێژی دابەست.

---

[1] – حسن.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٧٣ دا واهاتووە. عەبدو ڕەزاق و ئەبو شەیخ لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوە هێناویانە. وەك لە کنز العمال ج٤ ص ٢٧٣ دا واهاتووە.

[3] – لە کنز العمال ج٤ ص٢٧٧٣ دا واهاتووە.

[4] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٧٣دا واهاتووە.

ئەبو رەبیعی زەهرانی لە ئەبو عوسمانی نهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: نوێژ بەرپا دەکرا و کەس دەهاتە لای عومەر و ئەویش قسەی دەکرد تا ئەوەی هەندێ جار هەبوو لەتاو درێژخایەنی وەستانی دادەنیشت.[1]

ئیبن حبان لە موسای کوڕی تەلحەوە هێناویەتی دەڵێت: لە عوسمانی کوڕی عەففانم بیست کە لەسەر مینبەر بوو و بانگدەر قامەتی بۆ نوێژ دەکرد و ئەویش هەواڵی بار و حاڵی خەڵکی دەپرسی.[2] پێشتر لە ڕێکی ڕیزەکاندا لە ئەبو سوهەیلی کوڕی مالیك لە باوکیەوە هێناومانە دەڵێت : لەگەڵ عوسمان بووم کە نوێژ قامەتی بۆ کرا و منیش لەسەر فەرموودە قسەم لەگەڵ کرد.

پێشنوێژ و پێشەنگی لەسەردەمی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی(رضي الله عنهم)

ئیبن ئەبی شەیبە لە عیکرمەوە هێناویەتی بە دوور و درێژی فەرموودەکەی ڕێککەوتنی حوودەیبیە و فەتحی مەککە دێنێت تیایدا هاتووە پێی وت ئەی ئەبو سوفیان موسڵمان بە پارێزراو دەبیت. ئەبو سوفیان موسڵمان بوو و عەبباس بردی بۆ شوێنەکەی. بۆ بەیانی خەڵکی هەستان بۆ دەستنوێژ. عەبباس فەرمانی پێکرد و ئەویش دەستنوێژی گرت، پاشان بردی بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم). کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چوویە ناو نوێژ. الله اکبر ی کرد. خەڵکیش الله اکبریان کرد، پاشان چەمیەوە و ئەوانیش چەمینەوە. پاشان هەستا و ئەوانیش هەستان. ئەبو سوفیان وتی گوێڕایەڵی خەڵکم لێرە و لەوێ و لای فارسی ڕێزگران و ڕۆمی شاخداران نەدیبوو

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٣٠ دا واهاتووە.

[2] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٣٤ دا واهاتووە. ئیبن سەعد ج٣ ص ٥٩ لە موساوە بەوشێوە هێناویەتی.

وەك ئەو گوێڕایەڵیەی موسڵمانان. ئەبو سوفیان وتی ئەبولفەزل برازاکەت بووە بە گەورەی پاشاکان، عەبباس وتی ئەو پاشا نییە.[1]

تەبەرانی لە مەیمونەوە هێناویەتی و فەرموودەی باسی غەزای فەتح دەکات و تیایدا هاتووە: پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) هەستا دەستنوێژی دەگرت و موسڵمانانیش هەڵپەیان بوو تا ئاو بکەن بە دەستیدا و ئاوی دەستیان دەپرژاند بە دەموچاویاندا. ئەبو سوفیان وتی ئەبولغەزل دەسەڵات و پاشایەتی برازاکەت زۆر گەورەیە، وتی ئەو پاشا نییە بەڵکوو پێغەمبەرە. ئەوانیش بۆ ئەوە وادەکەن[2,3].

ئیبن کەثیر لە البداية و النهاية ج٤ ص ٢٩١ دەڵێت عروه باسی کرد ئەبو سوفیان کە بەرەبەیانی ئەو شەوەی لای عەبباس بوو و بینی خەڵك بەرەو نوێژ دەچن و بۆ دەستنوێژگرتن بڵاوە دەکەن ترسا و وتی عەبباس چییانە؟ وتی ئەوان بانگیان بیست و ئێستا بۆ نوێژ دێن و دەچن.کە کاتی نوێژ هات و ئەوانی بینی دەچەمنەوە و کڕنوش دەبەن وەك کڕنوشی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) وتی ئەی عەبباس هەرچییان پێ بڵێت دەیکەن؟ وتی بەڵێ سوێند بەخوا ئەگەر فەرمانیان پێ بکات نان و ئاو نەخۆن گوێڕایەڵی دەکەن.– تەواو–

پێشتر باسمان کرد پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) حەزی بە نوێژ بوو هانی دەداین، لە فەرموودەکەی عائیشە لای ئەحمەد و جگە لەویش پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) ناردی بۆ لای ئەبو بەکر تا نوێژ بکات بۆ خەڵك. ئەبو بەکر کەسێکی دڵنەرم بوو وتی ئەی عومەر تۆ بەرنوێژی بکە بۆ خەڵك، وتی تۆ شیاوتریت بەوە. ئەو ڕۆژانە نوێژی بۆ کردن، لە فەرموودەکەیدا لە لای بوخاری وا هاتووە فەرمووی(مروا ابابکر فليصل بالناس) واتە(بڕۆ بڵێن ئەبو بەکر بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك) دوبارەی کردەوە و ئەوانیش

[1] – بەڵکوو پێغەمبەرە. لە کنز العمال ج٥ ص ٣٠٠ دا واهاتووە.

[2] – ضعيف.

[3] – هەیسەمی ج٦ص ١٦٤ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا یەحیای کوڕی سولەیمانی کوڕی نەزلە لاوازە.

وایان پێ وت. بۆ سێیەم جار فەرمووی(انکن صواحب یوسف مروا ابابکر فلیصل بالناس) واتە(ئێوە هاودەمانی دەوری یوسفن، بڕۆن با ئەبوبەکر بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك).

ئەحمەد لە عەبدوڵلای کوڕی زەمعەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) باری سەخت بوو من لەگەڵ دەستەیەکی موسڵمانان لای بووم، بیلال بانگی فەرموو. فەرمووی بڕۆن با کەسێ نوێژ بکات بۆ خەڵك. چووم سەیرم کرد عومەر لەناو خەڵکدایە و ئەبوبەکر دیارنییە. وتم عومەر هەستە و نوێژ بکە بۆ خەڵك. وتی هەستا کە اللة اکبری کرد پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی بیست – عومەر کەسێك بوو دەنگی بەرز بوو – پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەی ئەبوبەکر کوا؟ خوا و موسڵمانان ئەوەیان ناوێ. ناردی بەدوای ئەبوبەکردا. پاش ئەوەی عومەر ئەو نوێژەی بۆ خەڵك کرد ئەحمەد نوێژی بۆ خەڵك دەکرد. عەبدوڵلای کوڕی زەمعە وتی عومەر پێی وتم ماڵوێران چیت کرد ئیبن زەمعە؟ بەخوا کاتێ پێت وتم وامزانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی ئەوەی پێ کردووم، ئەگەرنا بەرنوێژیم نەدەکرد. وتی وتم : بەخوا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ نەکردم. بەڵام کاتێ ئەبوبەکرم نەبینی بینیم تۆ شیاوتری بۆ بەرنوێژی[1][2].

لەو فەرموودەدا دەڵێت کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) دەنگی عومەری بیست ئیبن زەمعە دەڵێت : پێغەمبەر(ﷺ) دەرچوو تا سەری لە ژوورەکەی دەرکرد و پاشان فەرمووی(نا، نا، تەنها ئیبن ئەبی قوحافە بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك)بە تووڕەیی

[1] – صحیح.

[2] – ئەبو داود بەوشێوە هێناویەتی. وەك لە البدایە و النهایە ج٥ ص ٢٢دا واهاتووە. دەڵێم: حاکم ج٣ ص ٦٤١ بەوشێوە هێناویەتی و دەڵێت: ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە و بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە. ئەبو داود هێناویەتی وەك لە البدایە و النهایە ج٥ ص ٢٣٢ دا واهاتووە.

ئەوەی دەفەرموو. پێشتر لە باسی پێشخستنی ئەبوبەکر بۆ خیلافەت لە لایەن هاوەڵانەوە وتمان ئەبو عوبەیدە وتی من پێش کەسێ ناکەوم کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکرد تا پێشنوێژیمان بۆ بکات، بۆیە تامرد بەر نوێژی بۆ کردین. عەلی و زوبەیر وتیان: ئێمە وا دەبینین ئەبوبەکر دوای پێغەمبەر(ﷺ) شیاوترین کەسە بۆ خیلافەت. ئەو هاوەڵی ناو ئەشکەوت و دووەمی دوانەی ئەشکەوتە و گەورەیی و ڕێزی دەزانین و پێغەمبەر(ﷺ) کە زیندوو بوو فەرمانی پێکرد تا بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك.[1]

نەسائی لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) گیانی دەرچوو پشتیوانان وتیان لە ئێمە ئەمیرێك لە ئێوەش ئەمیرێك. عومەر هات بۆ لایان و وتی مەگەر نازانن پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد ئەبوبەکر بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك؟ کامتان دەروونی دەیهێنێت پێش ئەبوبەکر بکەوێت؟ وتیان پەنا دەگرین بەخوا لەوەی پێش ئەبوبەکر بکەوین.[2][3]

لە منتخب کنز العمال ج٤ ص ٣٥٤ لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد بە ئەبوبەکر تا بەرنوێژی بکات بۆ خەڵك. من ئامادە بووم و غائیب نەبووم و نەخۆش نەبووم. ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) پێی ڕازیبوو بۆ ئاینمان بەوەش ڕازی بووین بۆ دنیامان.

ئەبو نەعیم لە الحلیة ج١ ص ١٨٩ لە ئەبو لەیلای کندیەوە هێناویەتی دەڵێت: سەلمان(رضي الله عنه) بە سیانزە سوارەوە – یان دوانزە سوار – لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) هات. کە کاتی نوێژ هات وتیان ئەبو عەبدوڵڵا پێشکەوە. وتی ئێمە پێشنوێژیتان ناکەین و ژنتان ناهێنین، خوا بەهۆی ئێوەوە ئێمەی ڕێنموونی کرد، وتی بۆیە یەکێ

---

[1] – صحیح.
[2] – حسن.
[3] – لە الجمع الفوائد ج٢ ص ٢٠٦ دا واهاتووە.

لە خەڵکەکە چوویە پێش و چوار ڕکاتی کرد. سەلامی دایەوە سەلمان وتی: ئێمە و چواری چی، ئێمە نیوەی چواریمان بەس بوو. مۆڵەت پێدانمان پێویستترە. عەبدوڕەزاق دەڵێت واتە لە سەفەردا[1][2].

عەبدورەزاق لە ئەبو قوتادەوە هێناویەتی ئەبو سەعیدی مەولای بەنی ئوسەید(رضي الله عنه) خواردنێکی ئامادەکرد، پاشان ئەبو زەر و حوزەیفە و ئیبن مەسعوودی بانگکرد، کاتی نوێژ هات. ئەبوزەر پێشکەوت. حوزەیفە پێی وت بەرپرسی ماڵ شیاوترە بە پێشنوێژی وەرە دواوە. ئەبوزەر پێی وت ئیبن مەسعوود وایە؟ وتی بەڵێ. ئەبو زەر هاتە دواوە. ئەبو سەعید دەڵێت منیان پێش خست لەکاتێکدا من مەملووك بووم، بەرنوێژیم بۆ کردن.

هەروەها لە نافعەوە هێناویەتی دەڵێت: لە مزگەوتێکی دەستەیەکی خەڵکی مەدینە نوێژ بەرپا کرا، ئیبن عەمر(رضي الله عنه) لەو مزگەوتەدا مەولایەکی هەبوو، ئیبن عەمر هات و بەشداری نوێژ بوو. مەولاکە وتی پێشکەوە بەرنوێژی بکە، وتی تۆ شیاوتری تا لە مزگەوتەکەتدا بەرنوێژی بکەیت، بۆیە مەولاکە بەرنوێژی کرد.[3]

بەزار لە عەبدوڵلأی کوڕی حەنزەلەوە هێناویەتی دەڵێت: لە ماڵی قەیسی کوڕی سەعدی کوڕی عوبادە(رضي الله عنه) بووین هەندێ لە هاوەڵانیش لەگەڵمدا بوون. پێمانوت: پێشکەوە، وتی من پێش ناکەوم، عەبدوڵلأی کوڕی حەنزەلە وتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(الرجل احق بصدر فراشة و احق بصدر دابتة و احق ان يؤم فى بيتة)

---

[1] - ضعیف.

[2] - تەبەرانی لە االمعجم الکبیر و ئەبو لەیلاش هێناویانە. ئیبن موعین بە لاوازی دەزانێت وەك هەیسەمی ج٢ ص ١٥٦ دەڵێت.

[3] - لە کنز العمال ج٤ ص ٢٤٦دا واهاتووە.

(کەس شیاوترە بە سەرووی جێگەکەی و پێشەوەی ماڵەکەی و شیاوترە تا لە ماڵیدا بەرنوێژی بکا)فەرمانی کرد مەولایەکی چوویە پێش و چوو بەرنوێژی کرد[1،2].

ئەحمەد لە عەلقەوە هێناویەتی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود هات بۆ لای ئەبو موسای ئەشعەری لە ماڵی خۆیدا، کاتی نوێژ هات. ئەبو موسا وتی ئەبو عەبدوڕەحمان پێشکەوە چونکە تۆ بەپێی تەمەن و زانستیش لە پێشتریت. وتی تۆ پێشکەوە، چونکە ئێمە هاتووینەتە ماڵ و مزگەوتت. بۆیە تۆ شیاوتریت. ئەبو مەسا پێشکەوت و نەعلەکانی لابرد. کاتێ سەلامی دایەوە پێی وت: بۆچی لاتبردن؟ مەگەر لە دۆڵی پیرۆزدایت؟[3]. [4] لە فەرموودەکەیدا هاتووە عەبدوڵڵا پێی وت: ئەبو موسا دەزانیت سوننەت وایە خاوەن ماڵ پێشکەوێت. ئەبو موسا ئامادەنەبوو تا مەولایەکی یەکێکیان پێشکەوت.

تەبەرانی لە قەیسی کوڕی زوهەیرەوە هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ حەنزەلەی کوڕی ڕەبیع چووم بۆ مزگەوتی فراتی کوڕی حەییان(رضي الله عنه) کاتی نوێژ هات، پێی وت پێشکەوە. وتی من پێش تۆ ناکەوم لە کاتێکدا تەمەنت لەمن زیاتر و پێش من کۆچت کردووە و مزگەوت هی خۆتانە. فورات وتی: لە پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) بیست شتێکی لەسەرت دەوت. من هەرگیز پێشت ناکەوم، وتی ئایا ئەو ڕۆژەی تائیف بینیت منی وەك هەواڵگر نارد؟ وتی بەڵێ، حەنزەلە پێشکەوت و بەرنوێژی بۆ

---

[1] – ضعیف.

[2] – تەبەرانی هێناویەتی. هەیسەمی ج٢ ص ٦٥ دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیسحاقی کوڕی یەحیای کوڕی تەلحە هەیە کە ئەحمەد و ئیبن موعین و بوخاری بە لاوازی دەزانن و یەعقوبی کوڕی شەیبە و ئیبن حبانیش بە جێ متمانەی دادەنێت.

[3] – ضعیف.

[4] – هەیسەمی ج٢ ص٦٦ دەڵێت ئەحمەد هێناویەتی تیایدا کەسێك هەیە کە ناوی نەهاتووە. تەبەرانی بە موتتەسیلی بە کەسانی جێ متمانە هێناویەتی، تەواو. تەبەرانی لە ئیبراهیمەوە بە کورتی هێناویەتی و کەسەکانی صەحیحن وەك هەیسەمی دەڵێت.

کردن. فورات وتی ئەی بەنی عیجل. من بۆ نوێژ، پێش ئەو کەوتم. لەکاتێکدا پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەك هەواڵگر ناردی بۆ تائیف، ئەویش هەواڵی بۆ هێنا. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(صدقت ارجع الی منزلك فانك قد سهرت اللیلة) واتە(ڕاست دەکەیت بگەڕێرەوە بۆ ماڵی خۆت، چونکە تۆ ئەمشەو بێدار بوویت) کە چوو پێی فەرموین(ائتموا بهذا و اشباهة) واتە(ئەوە و هاوشێوەکانی پێش بخەن).[1]

ئەبو یەعلا لە موسەنەدەکەیدا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو لەیلاوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتابدا(رضي الله عنه) چووم بۆ مەککە، ئەمیری مەککە نافعی کوڕی عەلقەمە بەخێرهاتنی کردین، وتی کێ بەرنوێژی خەڵك مەککەیە؟ وتی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئوبزا(رضي الله عنه) وتی یەکێ لە مەوالیەکانت دۆزیوەتەوە و لەسەر خەڵکی داتناوە کە قوڕەیش و هاوەڵانی پێغەمبەری تێدان؟ وتی بەڵێ بینیم لە هەموویان زیاتر و چاکتر قورئانی دەخوێند و مەککەش خاکێکە عەرەب و عەجەم دێنە ناوی بۆیە ویستم لە کەسێکی جوان قورئان خوێنەوە قورئان ببیستن. وتی بەڵێ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئوبزا یەکێکە لەوانەی خوا بەهۆی قورئانەوە بەرزی دەکاتەوە[2].[3]

عەبدوڕەزاق و بەیهەقی لە عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە هێناویانە دەڵێت : دەستەیەك لە دەوروبەری مەککە و لە حەج کۆبوونەوە. کاتی نوێژ هات و کەسێ لە بنەماڵەی سائیبی مەخزومی هات بە عەجەمی قسەی دەکرد. میسوەری کوڕی مەخرەمە دوای خست و کەسێکی دیکەی خستە پێش. عومەر دەرکەوت و هیچی پێ نەوت تا هاتە

[1] – هەیسەمی ج٢ ص ٦٥ دەڵێت: تەبەرانی هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی جێ متمانەن، هەروەها ئەبو یەعلا و بەغەوی و ئیبن عەساکیر لە قەیسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە کنز العمال ج٧ ص ٢٨ دا هاتووە.

[2] – صحیح.

[3] – لە المنتخب لە کنز العمال ج٥ ص ٢١٦ دا واهاتووە.

مەدینە. کە هاتە مەدینە پێی وت. میسوەر وتی سەیرم کە ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەو کەسە بە عەجەمی قسەی دەکرد و لە حەجدا بوو ترسام هەندێ لە حاجیەکان قورئان خوێندنەکەی ببیستن و خوێندنەوە عەجەمیەکەی ئەو وەربگرن. وتی لەبەرئەوە واتکرد؟ وتی بەڵێ. وتی دەی پێکاوتە.[1]

تەبەرانی لە تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵڵاوە هێناویەتی بەرنوێژی بۆ خەڵکی کرد، کە چوو وتی من بیرم چوو پێش ئەوەی پێشکەوم مۆڵەتتان لێ وەگرم ئایا بە نوێژەکەم ڕازی بوون؟ وتیان بەڵێ ئەی هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ)(ئەی حەواری) کێ حەزی لەوە نیە. وتی من لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست دەیفەرموو(ایمارجل ام قوما وهم لة کارهون لم تجز صلاتة اذنیه) واتە(هەرکەسێ بەرنوێژی بۆ خەڵکێ بکات و خەڵکەکەش حەزنەکەن نوێژەکەی لە گوێکانی زیاتر سەرناکەوێ)[2][3].

ئەحمەد لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت پێچەوانەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی دەکرد. عومەر پێی وت بۆچی وادەکەیت؟ وتی من بینیم پێغەمبەر(ﷺ) بە جۆرێ قسەی دەکرد، ئەگەر واکردت منیش لەگەڵت وادەکەم. ئەگەرنا نوێژ دەکەم و دەچمەوە بۆ لای ماڵ و منداڵم[4][5].

تەبەرانی لە ئەبو ئەیوبەوە هێناویەتی لە نوێژدا لە مەڕوانی کوڕی حەکەم جیا بوو، مەڕوان پێی وت بۆچی وادەکەیت؟ وتی من بینیم پێغەمبەر(ﷺ) بەجۆرێ

[1] – لە کنز العمال ج٤ ص ٢٤٦ دا واهاتووە

[2] – صحیح.

[3] – هەیسەمی ج٢ ص ٦٨ دەڵێت تەبەرانی لە گێڕانەوەی سولەیمانی کوڕی ئەیوبی تەلحیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو زەرعەی تێدایە کە زۆرینەی فەرموودەکانی بەدواداچونیان لەسەر نیە، نووسەری (المیزان) دەڵێت خاوەنی چەند ناباشیەکە و جێ متمانەشە.

[4] – صحیح.

[5] – هەیسەمی ج ٢ ص ٦٨ دەڵێت ئەحمەد هێناویەتی و کەسەکانی جێمتمانەن.

قسەی دەکرد، ئەگەر واکردت منیش لەگەڵت وا دەکەم ئەگەرنا نوێژ دەکەم و دەچمەوە بۆ لای ماڵ و منالم.[1]

ئەحمەد لە ئەبو جابری والدیەوە هێناویەتی دەڵێت: بە ئەبو هورەیرەم وت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئاوا نوێژی بۆ دەکردن؟ وتی بەچی نوێژەکەم نا ڕازین؟ وتم: ویستم پرسیار لەوە بکەم؟ وتی بەڵێ بە کورتی، وتی هێندەی ئەوەی بانگدەر لە منارە دادەبەزێ و دەگاتە ڕیزی نوێژ دەوەستا[2,3].

تەبەرانی لە عەددی کوڕی حاتەمەوە هێناویەتی چوو بۆ کۆڕیان، نوێژ کرا و پێشەواکەیان چوویە پێشەوە. نوێژەکە زۆری خایاند، کاتێ تەواو بوو وتی کامتان بەرنوێژی بۆ کردین با چەمینەوە و سوجدەی تەواو بکات چونکە لە دوایەوە گەورە و بچووك و نەخۆش و ڕێبوار و خاوەن کار و سەرقاڵ هەن. کاتی نوێژ هات، عەددی کوڕی حاتەم چوویە بەرنوێژی و چەمینەوە و سوجدەی تەواو کرد و نوێژەکەی بە کورتی ئەنجامدا، کە تەواو بوو وتی بەوجۆرە نوێژمان دەکرد لە دوای پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم)[4,5].

---

[1] – هەیسەمی ج ٢ ص ٦٨ دەڵێت تەبەرانی هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەشی جێمتمانەن.

[2] – صحيح.

[3] – هەیسەمی ج ٢ ص٧١ دەڵێت ئەحمەد هێناویەتی. لە گێڕانەوەیەکیشدا دەڵێت: ئەبو هورەیرەم بینی نوێژێکی کرد تیایدا زۆر چوو. ئەحمەد و ئەبو یەعلا هێناویانە، کەسەکانی جێمتمانەن.

[4] – صحيح.

[5] – هەیسەمی ج ٢ ص ٧٣ دەڵێت تەبەرانی بە دوور و درێژی هێناویەتی. لای ئیمامی ئەحمەد بە کورتی هاتووە، کەسەکانی دوو فەرموودەکە جێ متمانەن. تەواو.

سەرقاڵبوون بە فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)و چی شیاوە سەرقاڵ بیت پێیەوە

بوخـــاری(ج١، ص١٤) لـــە ئـــەبو هـــورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویـــەتی دەڵێـــت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆڕێکدا بوو قسەی بۆ خەڵك کرد دەشتەکیەك هات بۆ لای، وتی ڕۆژی دوای کـەی دێـت؟ پێغەمبـەر(ﷺ) بـەردەوام قـسەی دەفـەرموو، هەنـدێ لـە خەڵکەکان وتیان قسەکەی بیستووەو حەزی پێ نەکردووە، هەندێ وتیان بەڵکو نەیبیستووە، تا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی کوا ئەوەی پرسیاری کرد لەسەر ڕۆژی دوای؟ وتی منم ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی(ئەگەر سپاردە فەوتێنرا چاوەڕێی ڕۆژی دوای بکـە)(إذا ضـيعت الأمانـة فـأنتظر الـساعة) وتـی چـۆن دەفـەوتێت؟ فەرمووی(إذا وسّد الآمر إلى غير إهلة فأنتظر الساعة)(ئەگەر کار درایە دەست کەسێ کە شیاونییە چاوەڕێی ڕۆژی دوای بکە).

بەزار لە وابسەوە هێناویەتی لە جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان‌دا لە مزگەوتی گەورە(مسجد الأعظم) لەگەڵ خەڵك هەڵدەساو وتی من پێغەمبەرم(ﷺ) لە حەجی ماڵئاوای دا بینی کە وتاری بۆ خەڵك دەدا فەرمووی(ئەی خەڵکینە کام مانگ زۆر حەرامە؟) وتیان ئەمە، فەرمووی(ئەی خەڵکینە چ شارێ حەرامترینە؟) وتیان ئەمە، فەرمووی(دەی خوێن و ماڵ وسامان و ئابڕوتان لە یەکترتان حەرامە وەك حەرامی ئەمڕۆتان لەم مانگەتاندا لەم شارەتاندا تا ڕۆژێ دەگەنەوە بە پەروەردگارتان ئایا گەیانـدم) وتیـان بـەڵێ، پێغەمبـەر(ﷺ) دەسـتەکانی بـەرەو ئاسمـان بـەرزکردەوەو فـەرمووی(خوایـە شـاهید بـە) پاشـان فـەرمووی(أيهـا النـاس يبلّـغ الـشاهد مـنكم الغائب)(ئەی خەڵکینە با ئەوەتان ئامادەیە بیگەیەنێت بەوەی ئامادە نییە) دەی نزیك بنەوە تا وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی پێتان بگەیەنین[1،2].

[1] – صحيح.

[2] – هەیسەمی(ج١، ص١٣٩) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.

تەبەرانی لە مەکحوولەوە هێناویەتی دەڵێت: من و کوڕی ئەبو زەکەریاو سولەیمانی کوڕی حەبیب چووین بۆ لای ئەبو ئومامە لە حیمص، سەلاممان لێکرد وتی ئەم کۆڕەتان پەیام گەیاندنی خوایە بۆتان و بەڵگەیەتی لەسەرتان، پێغەمبەر(ﷺ) گەیاندی دەی ئێوەش بیگەیەنن، لە گێڕانەوەیەکدا لە سەلیمی کوڕی عامرەوە وتی: ئێمە لای ئەبو ئومامە دانیشتین، ئەویش فەرموودەی زۆری پێغەمبەری خوای بۆ دەگێڕاینەوە کە بێدەنگ دەبوو دەیوت ئایا وەرتان گرت؟ وەك چۆن پێتان گەیەنرا بیگەیەنن[1، 2].

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(اللهم ارحم خلفائی)(خوایە ڕەحم بکە بە جێگیرەکانم) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا جێگیرەکانت کامانەن؟ فەرمووی(الذین یأتون من بعدی یرونه أحادیثی ویعلمونها الناس)(ئەوانەی دوای من دێن و فەرموودەکانم دەبینن و فێری خەڵکیان دەکەن)[3، 4].

تەبەرانی(ج٣، ص٥١٢) لە عاصمی کوڕی موحەممەد لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو هورەیرەم(ﷺ) بینی ڕۆژی هەینی دەرچوو دولاکەی مینبەری گرتبوو وەستا بوو دەیوت: ئەبولقاسم پێغەمبەری ڕاستگۆی بەڕاست دانراو پێی فەرمووین، بەوجۆرە بەردەوام فەرموودەی دەگێڕایەوە تا دەنگی هاتنی کرانەوەی دەرگای المقصورەی بۆ هاتنی ئیمام بۆ نوێژی دەبیست ئەوکات دادەنیشت[5، 6].

---

[1] – حسن.

[2] – هەیسەمی(ج١،ص١٤٠) دەڵێت تەبەرانی هەردووکیانی لە(المعجم الکبیر) بە سەنەدی حەسەن هێناوە.

[3] – موضوع.

[4] – لە(الترغیب والترهیب ج١، ص٧٤) دا هاتووە. ئیبن نەجار و خەتیب و جگە لەوانیش هێناویانە وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٤٠) دا هاتووە.

[5] – ضعیف.

[6] – حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیان هێناوە، ذەهەبیش لەسەری کۆکە.

ئەحمەدو ئیبن عەددی و عقیلی و ئەبو نەعیم لە المعرفە لە ئەسلەمەوە هێناویانە دەڵێت:ئێمە کە بە عومەر مان دەوت(ﷺ) فەرموودەی پێغەمبەرمان(ﷺ) بۆ بگێڕەوە دەیوت دەترسم پیتێ کەم وزیادی بکەم پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من کذب علیّ متعمداً فی النار) واتە(هەرکەس بە ویستی خۆی درۆم بەدەمەوە بکات لە دۆزەخدایە)[1].[2]

ئیبن سەعد و ئیبن عەساکیر لە عەبدولڕەحمانی کوڕی حاتبەوە هێناویانە دەڵێت: هیچ یەك لە هاوەڵانی پێغەمبەرم(ﷺ) نەدیوە کە فەرموودەیەکی دەگێڕایەوە بە تەواوی و چاکی بیگێڕێتەوە وەك عوسمان(ﷺ) بێت بەڵام کەسێ بوو لە فەرموودە دەترسا.[3]

ئەحمەد و ئەبو یەعلاو بەزار لە عوسمانەوە هێناویانە دەیوت: ئەوە ڕێم لێ ناگرێ فەرموودە لە پێغەمبەر(ﷺ) بگێڕمەوە کە لە هاوەڵانی دیکەی چاکتر لێی وەرئەگرم، بەڵکو شایەتم بیستم دەیفەرموو(من قال علیّ مالم أقل فلیتبوأ معتمدة من النار)(هەرکەس لە منەوە شتێ بڵێ کە نەموتبێ با شوێنی خۆی لە دۆزەخدا دیاری بکات) لە گێڕانەوەیەکی دیکەیانەوە لە عەبدولڕەحمانەوە بە مەرفوعی هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من قال علیّ کذبا فلیتبوأ بیتاً فة النار)(هەرکەس درۆیەکم بەدەمەوە بکات با لە دۆزەخ ماڵێ دیاری بکات)[4].[5]

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە(کنز العمال ج٥، ص ٢٣٩) واهاتووە.

[3] – لە(المنتخب ج٥، ص٩) دا هاتووە.

[4] – صحیح.

[5] – لە لای هەیسەمی(ج١، ص ١٤٣) هاتووە، ئەم فەرموودە کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن و ڕێگەی یەکەمی عەبدورەحمانی کوڕی ئەبو زنادی تێدایە کە لاوازەو جێ متمانەشە، تەواو.

بوخارى موسليم و جگە لەوانيش لە عەلييەوە(رضي الله عنه) هێناويانە دەڵێت: ئەگەر فەرموودەيەكى پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) بۆ گێڕانەوە ئەوكات ئەگەر لە ئاسمان بكەومە خوار لام خۆشترە لەوەى كە شتىٚ بڵێم كە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نەيفەرمووبێت. ئەگەر فەرموودەيەكم بۆ گێڕانەوە لە نێوان خۆم و ئێوەدا ئەوا جەنگ فێڵ و پيلانە.[1]

حاكم(ج٣، ص٣١٤) لە عەمرى كوڕى مەيموونەوە هێناويەتى دەڵێت: عەبدوڵلا(رضي الله عنه) ساڵ هەبوو فەرموودەى نەدەگێڕايەوە ڕۆژێ فەرموودەيەكى گێڕايەوە توشى دابەستووى(كأبە) بوو عەرەق بەسەر تەوێڵيدا داچۆڕا و دەيوت بەو جۆرە يان نزيك بەوە.[2]

ئيبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج١، ص٧٩) لە مسروق لە عەبدوڵلاوە هێناويەتى ڕۆژێ فەرموودەيەكى گێڕايەوەو وتى بيستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووى، پاشان لەرزە گرتى و جلەكانيشى داتەكين، ئينجا وتى لەو شێوە يان هاو شێوەى ئەوە.[3]

تەبەرانى لە المعجم الكبير كەسەكانى جىٚ متمانەن، لە ئەبو ئيدريسى خەولانييەوە هێناويەتى دەڵێت: ئەبو دەردائم بينى كە لە فەرموودەيەك دەبويەوە دەيوت بەوجۆرە يان وەك ئەوە بەو شێوە.[4]

---

[1] – لە(كنز العمال ج٥، ص٢٤٠) دا واهاتووە.

[2] – حاكم دەڵێت: ئەم فەرموودە لەسەر مەرجى بوخارى و موسليم صەحيحەو نەيانهێناوە، زەهەبيش لەسەرى كۆكە.

[3] – ئيبن سەعد(ج٣، ص١٥٦) لە عەمرەوە بەو واتايەو لە مسروقەوە بەو شێوە هێناويەتى.

[4] – لە(مجمع الزوائد ج١، ص١٤١) دا واهاتووە، ئيبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج١، ص ٧٨) لە ڕەبيعەى كوڕى زەيدەوە هێناويەتى ئەبو دەردا بەو شێوە دەيهێنێت– تيايدا هاتووە(بەخوا ئەگەر وانەبێت بەو شێوەيە)(نزيك بەوەيە) ئەبو يەعلاو ڕەويانى و ئيبن عەساكير بەوجۆرە هێناويانە. لە(كنز العمال ج٥، ص ٢٤٢) دا هاتووە.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج١، ص٧٩) لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەنەسی کوڕی مالیك کە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕایەوە و لێی دەبوویەوە وتی یان وەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی، ئەحمەد و ئەبو یەعلاو حاکم لە ئیبن سیرینەوە هێناویانە دەڵێ: ئەنەس کە فەرموودەیەکی لە پێغەمبەر(ﷺ) دەگێڕایەوە دەیوت وەك پێغەمبەر(ﷺ) وەك ئەمەی فەرموو-.[1]

ئیبن سەعد(ج٤، ص ١٤٤) لە ئەبو جەعفەر موحەممەدی کوڕی عەلییەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت:کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) وەك ئیبن عومەر هۆشیاری وەرگرنەبوو(حذر) تاکاتێ شتێ لە پێغەمبەر دەبیستێ هیچی بۆ کەم و زیاد نەکات، کەسیان وەك عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(رضي الله عنه) نەبووە.[2]

تەبەرانی لە(المعجم الکبیر) لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: عیمرای کوڕی حوصەین پێی وتم میترەف بەخوا دەبینم ئەگەر بمویستایە فەرموودەیەك لە پێغەمبەر(ﷺ) بگێڕمەوە ڕۆژێ یان دوو ڕۆژ فەرموودەیەکم دووبارە نەدەکردەوە، پاشان ئەوەی ناحەزە و لادانمی لەوە زیادکرد ئەوە بوو هاوەڵانێکی موحەممەد(ﷺ) یان هەندێ لە هاوەڵانم بینی وەك من بینین و بیستنیان بۆ فەرموودەکان هەبوو، فەرموودەیان دەگێڕایەوە شێوەی لەو فەرموودانە بوو، هەندێ جار دەیوت: ئەگەر فەرموودەتان بۆ بگێڕمەوە و بڵێم لە پێغەمبەرم(ﷺ) بسیت دەیفەرموو: ئاواو ئاوا دەزانم ڕاست دەکەم، هەندێ جار سووربوو لەسەر وتنی بیستم پێغەمبەر(ﷺ) ئاواو ئاوای دەفەرموو.[3]

---

[1] - وەك لە(کنز العمال ج١، ص٢٤٠) دا هاتووە.

[2] - هەروەها(ج٤، ص ١٤٥) لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ ئیبن عومەر دانیشتم نەمبیست هیچ فەرموودەیەك لە پێغەمبەر(ﷺ) بگێڕێتەوە

[3] -هەیسەمی(ج١، ص١٤١) دەڵێت لە سەنەدەکەدا ئەبوهارونی غەنەوی هەیە کە ژیان نامەی بەدیناکەم.

ئیبن سەعد(ج٣، ص ٢٢٩) و ئیبن عەساکیر لە سولەیمانی کوڕی ئەبو عەبدوڵڵاوە هێناویانە دەڵێت: بیستم صوهەیب(رضي الله عنه) وتی بەخوا دەست ئەنقەست فەرموودەتان بۆ ناگێڕمەوەو بڵێم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بەڵام وەرن با لە غەزاکانی کە ئامادەو بینە بووم فەرموودەتان بۆ بگێڕمەوە، بەڵام ئەوەیان بڵێم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی ئەمەتان پێ ناڵێم.[1]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج١، ص ٧٩) لە مەکحوولەوە هێناویەتی دەڵێت: من و ئەبو ئەزهەر چووین بۆ لای واثلە ی کوڕی ئەسقەع(رضي الله عنه) وتمان ئەی ئەبو ئەسقەع فەرموودەیەکمان پێ بڵێ کە لە پێغەمبەرت(صلى الله عليه وسلم) بیستبێ کە هیچ خەیاڵ و زیادەو کەمیەکی تێدا نەبێت، وتی ئایا کەستان ئەمشەو قورئان تان خوێندووە، وتمان بەڵێ، ئێمە لەبەرمان نییە تا ئەوەی واو ئەلفی بۆ زیاد دەکەین، وتی لەو کاتەوە قورئان لە نێوتاندایە گرنگی بە لەبەرکردنی نا دەکەن و دەشڵەژێن کەم و زیادی دەکەن، ئێستا بۆ فەرموودەکە لە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) بیستووە هەیانە تەنها یەك جار لێمان بیستووە، هێندەتان بەسە فەرموودەیەك بە پێی واتاکەی ببیستن.

ئیبن عەساکیر لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویەتی دەڵێت بەخوا عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) نەمرد تا هەواڵی نارد بۆ هەموو هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و لە هەموو لاوە کۆی کردنەوە ئەوانیش(عەبدوڵڵای کوڕی حوزەیفەو ئەبو دەرداو ئەبو زەرو عوقبەی کوڕی عامر بوون) وتی: ئەو فەرموودانە چین لە ئاسۆکاندا لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) دەیانڵێن، وتیان ڕێگریمان لێ دەکەیت؟ وتی نا لە لام بوەستن نەبەخوا تا من ماوم لێم جیانابنەوە،ئێمە چاکتر دەزانین چیتان لێوەربگرین و چیتان بەڕودا بدەینەوە، ئەوانیش بەجێیان نەهێشت تا مرد.[2]

تەبەرانی لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمانەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب ناردی بۆ لای ئیبن مەسعودو ئەبو مەسعودی ئەنساری و ئەبو دەردا

---

[1] – لە(المنتخب ج٥، ص ٣٠٣) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٥، ص٢٣٩) دا واهاتووە.

وتی ئەو فەرمووده زۆره چیه کە لە پێغەمبەرەوه(ﷺ) دەیگێڕنەوه؟ لە مەدینە هێشتنییەوه تا شەهید بوو.[1]

ئیبن عەساکیر لە ئیبن ئەبی ئەوفاوه هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر بچووینایە بۆ لای زەیدی کوڕی ئەرقەم دەمان وت:فەرموودەمان بۆبگێڕەوه، ئەویش دەیوت: پیر بووین و تووشی بیرچوونەوه بوین و فەرمووده گێڕانەوەش سەختە.[2]

گرنگیدان بە کار لەسەروو گرنگیدان بە زانست

ئیبن عەددی و خەتیب لە موعازەوەو ئیبن عەساکیر بە مەرفوعی لە ئەبو دەردائەوه هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(تعلّموا ماشئتم أن تعلموا فلن ينفعكم الله حتى تعلموا ماتعلمون) واتە(چەندە دەتانەوێ فێربن با بزانن خۆ لای خوا هیچ سودی نییە بۆتان تا کاتێ کار بەوه بکەن کە دەیزانن) ئەبو حەسەنی کوڕی ئەخرەمی مەدینی لە ئەنەسەوه بە مەرفوعەوه هێناویەتی(تعلّموا من العلم ما شئتم، فوالله لاتؤجروا بجميع العلم حتى تعلموا)(چەندە دەتانەوێ زانست فێربن، دە بەخوا بە هەموو زانست پاداشت وەرناگرن تا کاری پێ نەکەن).[3][4]

ئیبن عەبدولبر لە(الجامع بيان العلم ج٢، ص٦) لە مەکحوول لە عەبدورەحمانی کوڕی غەنەمەوه هێناویەتی دەڵێت: دە هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ) بۆیان گێڕامەوه

---

[1] - هەیسەمی(ج١، ص١٤٩) دەڵێت ئەم ئەپهرە مونقەتیعەو ئیبراهیم لە ساڵی بیست لە دایك بووەو تەنها سێ ساڵی تەمەنی لەسەر دەمی عومەردا بووه، تەواو. ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥٣) لە ئیبراهیمەوه بەو شێوه هێناویەتی و لە جیاتی ئەبو مەسعود ناوی ئەبو زەڕی هێناوه.

[2] - لە(كنز العمال ج٥، ص ٢٣٩) دا هاتووه.

[3] - ضعيف.

[4] - لە(الجامع الصغير) دا واهاتووه.

وتیان: ئێمە لە مزگەوتی قوبا سەرقاڵی وانە بووین کە پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان و فەرمووی بە هەمان شێوەی پێشوو هێناویەتی.

خەتیب لە الجامع لە عەلییەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: کەسێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا چی ڕێ دەگرێ بە بەڵگەی نەزانی؟ فەرمووی(زانست)، وتی ئەی چی ڕێ دەگرێ بە بەڵگەو بیانووی زانست؟ فەرمووی(کار)[1,2].

ئیبن ئەبی شەیبە لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: فێری قورئان بن پێی دەناسرێن، کاری پێ بکەن دەبنە دارو دەستەی.[3]

ئەحمەد لە(الزهد) و ئەبو عوبەیدو دەینەوەری لە(الغریب) و ئیبن عەساکیر لە عەلییەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت زانست فێربن پێی دەناسرێن، کاری پێ بکەن دەبنە دارو دەستەی، چونکە دوای ئێوە سەردەمێ دێ تیایدا نۆ لە دەی حەق تیایدا جێ نکووڵی دەبێت تیایدا کەس دەرباز نابێت، جگە لە کەسی کەنارگیرو بێناو جێنادیاری نیە، ئەوانە پێشەوایانی ڕێنموونی و چرای زانستن، کاریان پەلەکاری دەنگۆنەرەوەی زێدەڕۆ نییە،[4] ئیبن عەبدولبر لە عەلیەوە هێناویەتی وتی: ئەی هەڵگرانی زانست کاری پێ بکەن چونکە زانا ئەوەیە شتێ بزانێ پاشان کاربکات و کارو زانستی وەك یەك بن، خەڵکانێ دەبن زانستیان پێیە کە لە قورگیان زیاتر ناچێ،نا دیاریان پێچەوانەی دیارو بەرچاویانەو زانست و کرداریان پێچەوانەی یەکن، بەبازنەیی دادەنیشن و کەشخەیی بەڕووی یەکتردا دەنوێنن تا ئەوەی کەس تورە دەبێت لەوەی پاڵی تا لە لای کەسی دیکە دا بنیشێت و دەست بەرداری بێت، ئەوانە کارەکانیان لەو کۆڕانەیاندا بەرز نابنەوە بۆ لای خوا.[5]

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە سەنەدەکەدا عەبدوڵلای کوڕی خەراش هەیە کە لاوازە، لە(کنز العمال ج٥، ص٢٢٩) دا هاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٥، ص٢٢٩) دا هاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج٥، ص٢٢٩) داهاتووە.

[5] – دارقورتنی لە الجامع وئیبن عەساکیرو نرسی لە عەلییەوە بەو شێوە هێناویانە، وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٣٣) دا هاتووە.

تەبەرانی لە ئیبن مەسعودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ئەی خەڵکینە فێری زانست بن، هەرکەس فێربوو با کاری پیێ بکات،[1] ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣١) لە عەلقەمە لە عەبدوڵڵاوە بەو شێوە هێناویەتی، لە عەبدوڵڵای کوڕی حەکیمەوە دەڵێت بیستم ئیبن مەسعود لەم مزگەوتەدا پێش قسە کردن سوێندی خواردوو وتی هەرکامتان بە تەنها لە خزمەت پەروەردگاری دا دەبیێ وەك چۆن هەرکامتان لەگەڵ مانگی چواردە شەوە بە تەنها دەبن،خوا دەفەرمووێت ئەی ئادەمیزاد بۆچی لێم سەرکەش بویت؟ ئادەمیزاد چۆن وەڵامی پێغەمبەرانت دایەوە؟ ئادەمیزاد چۆن کارت کرد بەوەی دەتزانی.

لە عەدی کوڕی عەددیەوە دەڵێت ئیبن مەسعوود(رضي الله عنه) وتی هاوار بۆ ئەوەی نەزانیێ، ئەگەر خوا بیەوێت دەیزانیێ، هاوار بۆ ئەوەش دەزانیێ و دواتر کاری پیێ ناکات(حەوت جار وتی) ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص٢) لە عەبدوڵڵای عەکیم لە ئیبن مەسعوود بەو شێوەی پێشوو هێناویەتی.

بەیهەقی لە لوقمانی کوڕی عامرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو دەردا(رضي الله عنه) دەیوت: من دەترسم خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا لەناو خەڵکدا بانگم بکات و پێم بفەرمووێت ئەی عوەیمر منیش بڵێم بەڵیێ پەروەردگارم، بفەرمووێت: ئەوەی زانیت چەندە کارت پیێ کرد[2].[3]

هەروەها لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: زیاترین شتیێ لێی دەترسم ئەوەیە لە ڕۆژی دواییدا پێم بوتریێ ئەی عوەیمر ئایا زانستت هەبوو یان نەزان

---

[1]– هەیسەمی(ج١، ص ١٦٤) دەڵێت کەسەکانی جیێ متمانەن بەڵام ئەبو عوبەیدە فەرموودەی لە باوکی نەبیستووە، تەواو.

[2]– ضعيف.

[3]– لە(الترغيب والترهيب ج١، ص٩٠) دا هاتووە. ئەبو نەعیم لە(الحليه ج١،ص ٢١٤) دا لە لوقمانەوە بەو شێوە هێناویەتی.

بویت؟ ئەگەر بڵێم زانستم پێ بوو، چی ئایەتی فەرمانکەر یان سەرکۆنەکەر هەیە فەرزەکەی دەگرمە خۆ، ئەوەی فەرمانکەرە دەڵێ ئایا فەرمانت پێکرد(بەجێت گەیاند)؟ سەرکۆنەکە ئایا سەرکۆنەت نواند(دوورت گرت)؟ پەنا دەگرم بەخوا لە زانستێ سودی نەبێ و دەورنێ تێر نەبێ و نزایەك نەبیسترێت، ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص ٢١٣) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت تازانا نەبیت لە خوا ترس نابیت. بە زانستەوە جوان نابیت تا کاری پێ نەکەیت، هەروەها لە(ج١، ص٢٢٣) لەوەوە هێناویەتی دەڵێت خراپترین کەس لای خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا زانایەکە کە سودی لە زانستەکەی وەرنەگرتبێ.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص٣) لە موعازەوە هێناویەتی دەڵێت: پێکانی بەندە لە ڕۆژی دواییدا ناکەون و ئاوانابن تا لەسەر چوار شت پرسیاری لێدەکرێت، لە جەستەی کەچی پێ کردووە، لە تەمەنی کە چۆن بردیە سەر، لە سامانی چۆن بەدەستی هێناو چۆن خەرجی کرد، لە زانستی چۆنُ کاری پێ کرد.[1]

هەروەها لە(ج٢، ص٦) لە موعازەوە هێناویەتی دەڵێت: چەندە دەتانەوێ فێربن، خوا پاداشتتان ئەوکات دەداتەوە کە کاربکەن.[2]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص٦) لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: چەندە دەتانەوێ فێربن چونکە خوا لەسەر زانست پاداشتتان ناداتەوە تا کاری پێ نەکەن، زانایان هیمەتیان هۆشکاری یە، گەمژەکان هیممەتیان چیرۆك و گێڕانەوەیە.

---

[1] – صحيح.

[2] – ئەبو نەعیم لە(الحليه ج١، ص ٢٣٦) لە موعازەوە بەو شێوە هێناویەتی.

شوێنکەوتنی سوننەت و پێشەنگی کردن بە سەلەفەوەو نکوڵی دژ بە بیدعە

لالەکائی لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕێی قورئان و سوننەت بگرن، چونکە هەر بەندەیەك لەم سەر زەویە لەسەر ڕێی سوننەت بچێ و باسی خوا بکات و لە ترسی خوا فرمێسك بڕێژێ خوا سزای نادات، هەرکەس لەسەر زەوی لەسەر ڕێ و سوننەت بچێ لە دەروونیدا یادای خوا بکات لە ترسی خوا پێستی تەزوو بیگرێ وەك ئەو درەختە وایە کە گەڵاکانی وشك بوون کاتێ بایەکی توندی بەرکەوت گەڵاکانی لێ دەکەوێت، خواش تاوانەکانی ئەو کەسە دەوەرێنێت وەك چۆن گەڵاکانی ئەو درەختە دەکەون، خۆگرتنەوە لە ڕێی خواو سوننەت خێری زیاترە لە ئیجتیهاد لە پێچەوانەی ڕێی خواو سوننەت، دەی بزانن ئایا کاتان جیهاد بێت یان خۆگۆتنەوە، یا لەسەر ڕێبازو سوننەتی پێغەمبەران بێت[1].[2]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص١٨٧) لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب کە هاتە مەدینەو وتاری داو سوپاس و ستایشی پەروەردگاری کرد، دواتر وتی خەڵکینە سوننەتەکانتان بۆ دیاری کراون و فەرزەکانتان بۆ فەرز کراون و لەسەر ڕوونی بەجێهێڵراون مەگەر ئەوەی بەڕاست و چەپدا خەڵك گومڕابکەن.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص١٨١) دا لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی ڕۆژی پێنج شەممە بە پێوە دەوەستاو دەیوت: ئەمانە دوانن، ڕێنموونی و قسە، چاکترین قسە یان ڕاستترین قسە فەرمایشتی خوایە، چاکترین ڕێنموونیش ڕێنموونی موحەممەدە(صلى الله عليه وسلم) خراپترین شت داهێنانەکانی

---

[1] – صحيح.

[2] – لە(كنز العمال ج١، ص٩٧) دا واهاتووە. ئەبو نەعیم لە(الحليه ج١، ص٢٥٣) دا بەو شێوە هێناویەتی.

بزانن هەموو داهێنانێ بیدعەیە، بزانن بارتان بە دژدا نەیەت و دڵتان ڕەق بکات و هیوا لە خشتەتان نەبات، چونکە هەرچییەك كە دێت نزیکە، بزانن دوور لە هاتندا نییە.

حاکم(ج١، ص١٠٣) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: خۆگرتنەوە لە سوننەت باشترە لە ڕۆچوون لە بیدعەدا، حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحە لەسەر مەرجی بوخاری موسلیم، زەهەبیش لەسەری کۆکە.[1]

ئەحمەد لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویەتی دەڵێت: قورئان دابەزی و سوننەتەکان دانران، پاشان وتی شوێنمان بکەون بەخوا ئەگەر وانەبن گومڕا دەبن[2].[3]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص١٩١) لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویەتی بە کەسێکی وت تۆ کەسێکی گەمژەیت، ئایا لە قورئاندا نوێژی نیوەڕۆ هاتووەو چوار ڕکات بێت و تیایدا بە دەنگی بەرز قورئان نەخوێنیت؟ پاشان نوێژو زەکات و نموونەی وای بۆ هێنایەوە، دواتر وتی ئایا ڕاڤەی ئەمانە لە قورئاندا دەبینیت؟ قورئان ئەمانەی(نا ڕوون هێشتووەتەوە) نەهێناوەو سوننەت(فەرموودە) ڕاڤەی ئەوانە دەکات.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص٩٧) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکامتان پێشەنگی دەکات با پێشەنگی بکات بە هاوەڵانی موحەممەدەوە(صلى الله عليه وسلم)، چونکە ئەوان چاکترین دڵی ئەم ئوممەتەیان هەبوو لە زانستدا لە هەموان قوڵترچوون و زۆرو داتاشینیان لە هەمووان کەمترو ڕێنموونیان باشترین و باریان باشترینە،خەڵکانێکن خوا بۆهاوەڵی پێغەمبەرەکەی و ڕاوەستاندنی ئایینەکەی هەڵی بژاردوون، دەی گەورەییان بزانن و شوێن پێیان هەڵبگرن، چونکە ئەوان لەسەر ڕێنموونی ڕاست بوون.[4]

---

[1] – تەبەرانی لە المعجم الكبير هێناویەتی وەك لە(المجمع ج١، ص١٧٣) دا هاتووە.

[2] – ضعيف.

[3] – هەیسەمی(ج١، ص١٧٣) دەڵێت: عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جیدعان لاوازە.

[4] – ئەبونەعیم لە(الحليه ج١، ص٣٠٥) بەو واتایە لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی، وەك لە باسی سیفەتی هاوەڵانی بەڕێزدا پێشتر هێنامان.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢،ص٩٧) لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەیوت: ئەی کۆمەڵی قورئان خوێنان لە خوا بترسن و ڕێی ئەوانەی پێش خۆتان بگرن، بەخوا ئەگەر شوێنیان بکەون زۆرچاك پێش کەوتوون، ئەگەریش بەڕاست و چەپدا لێیان لابدەن زۆر گومڕائەبن.[1]

تەبەرانی لە موصعەبی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: باوکم کە لە مزگەوت نوێژی دەکرد کورتی دەکردو بە تەواوەتی کڕنووش و چەمینەوەی دەبرد، ئەگەر لە ماڵدا نوێژی بکردایە بە دوورو درێژی نوێژو کڕنوش و سوجدەی دەبرد، وتم بابە گیان ئەگەر لە مزگەوتدا نوێژ دەکەیت کورت دەیکەیت بەڵام لە ماڵەوە نوێژت دوورو درێژە، وتی کوڕی شیرینم ئێمە پێشەواین و پێشەنگیمان پێوە دەکرێت.[2]

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: شوێن کەوتە بن و بیدعە دامەهێنن، ئەوەتان بەسە.[3]

ئیبن عەبدولبر(ج٢، ص١٨٧) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: خۆشەویستی ئەبو بەکرو عومەرو ناسینی گەورەییان لە سوننەتە.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١١٤) لە عەلییەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: وریا بن پێشەنگی نەکەن بە کەسەکان چونکە کەس هەیە کاری بەهەشتیەکان دەکات دواتر بە پێی زانیاری خوا لەسەری دەگۆڕێت و کاردەکات بە کاری دۆزەخیەکانەوەو دەمرێت و لە دۆزەخیەکانە، کەس هەیە کاردەکات بە کاری دۆزەخیەکان و بە پێی زانیاری خوا لەسەری دەگۆڕێت و کاری بەهەشتیەکان

[1] – ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن عەساکیر لە حوزەیفەوە بەو شێوە هێناویانە. وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٢٣) دا هاتووە.

[2] – هەیسەمی(ج١، ص١٨٢) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[3] – هەیسەمی(ج١، ص١٨١) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن

دەکات و دەمرێت و لە بەهەشتیەکانە، ئەگەر هەروا دەکەن باس و پێشەنگی بۆ مردووەکان بنوێنن نەك بۆ زیندووەکان.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج٤، ص٣٨١) لە ئەبولبوختەریەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ بە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودی وت خەڵکی لە مزگەوتدا دوای ئێوارە دادەنیشن و کەسێ لە نیویاندایە دەڵێت: بەوجۆرە "الله اکبر" بکەن و بەو جۆرە "سبحان الله" بەو جۆرە سوپاسی خوا بکەن، عەبدوڵلا وتی: ئەوانیش دەیلێن؟ وتی بەڵێ، وتی ئەگەر بینیت وایانکرد پێم بڵێ، ئەویش چوو بۆ لایان و(برنس)کڵاوبەستێ‌کی لەسەر بوو، دانیشت کاتێ بیستی چی دەڵێن هەستا، ئەو کەسێکی ڕەق بوو، وتی من عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودم بەو کەسەی هیچ پەرستراوێ نییە جگە لەو بە ستەم دەستتان داوەتە بیدعەو لە ڕووی زانستەوە خۆتان پێش هاوەڵانی موحەمەد خستووە، موعیر وتی بەخوا وامان نەکردووە، عەمری کوڕی عوتبە وتی ئەی ئەبو عەبدوڕەحمان ئێمە لای خوا داوای لێخۆش بوون دەکەین، وتی دەی پەیوەستی ڕێ بن، بەخوا ئەگەر وابکەن زۆر پێش ئەکەون،ئەگەر بەڕاست و چەپدا لابدەن زۆر گومڕادەبن، هەروەها لە ڕێگەی ئەبو زەعرائەوە هێناویەتی دەڵێت: موسەیبی کوڕی نەجیبە هات بۆ لای عەبدوڵلا وتی من لە مزگەوتدا خەڵکێکم بە جێهێشتووە- بە هەمان شێوە دەیهێنێت، تەبەرانی لە ئەبو لبوختەریەوە هێناویەتی دەڵێت:عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود بیستی خەڵکی لە نێوان ئێوارە و عیشادا دادەنیشن- بە هەمان شێوە دەیهێنێت- بەڵام لە گێڕانەوەکەی ئەمدا هاتووە وتی: ئێوە بیدعەتان بە ستەم هێناوە یان ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەر گومڕاین.

عەمری کوڕی عوتبەی کوڕی فەرقەد وتی ئەی ئیبن مەسعوود لای خوا داوای لێخۆش بوون دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای خوا ئەویش فەرمانی کرد بڵاوەی لێ بکەن، دەڵێت ئیبن مەسعود لە مزگەوتی کوفەدا دوو بازنەی بینی، لە نێوان هەردووکیاندا وەستاو وتی کامتان پێش کامتانە؟ یەکێکیان وتی ئێمە، ئەویش

بــەوەی دیکــەی وت دەی هەســتن بــۆ لای ئــەوان، بــەوە کردنــی بەیــەك بازنــە، هەیسەمی(ج١، ص١٨١) دەڵێت تەبەرانی بە صەحیحی کورتی هێناویەتی عەبدوڵڵا بە سەر داپۆشراوی هات و وتی کێ دەمناسێت باشە، هەرکەسیش نامناسێت من عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودم ئێوە لە موحەممەدو هاوەڵانی جێ ڕێنموونی ترن یان تاوتان داوەتە تاوانی گومڕایی، تەواو.

تەبەرانی لـە عـەمری کـوڕی سـەلەمەوە هێناویـەتی دەڵێـت: ئێمـە لەبـەر دەرگای ئیبن مەسعوود دانیشتبووین، کاتیش نێوانی ئێوارە و عیشا بوو، ئەبو موسا هات وتی: ئەبو عەبدوڕەحمان وەرە بۆ لامان، ئیبن مەسعوود هاتە دەرو وتی ئەبو موسا لـەم کاتــەدا بۆچــی هاتوویــت؟ وتــی هــیچ بــەخوا بــەڵام شــتێکم بینــی هەژانــدمی و خێریشە، بەڵێ هەژاندمی و خێریشە، خەڵکی لە مزگەوت دانیشتوون و کەسێکیش دەیوت بەو جۆرە "سبحان الله" و سوپاسی خوا بکەن، عەبدوڵڵا چوو ئەو دووانەش لەگــەڵی چــوون تــا چــوون بــۆ لای خەڵکەکــە، وتــی چــەندە زوو گومڕابــوون هیــشتا هــاوەڵانی موحەمــەد زینــدوون و خێزانــەکانی مــاون و جـل و قــاپ و قاچـاغەکانی نەگۆڕاون، خراپەکانتان بژمێرن من زامنی ئەوە دەکەم خوا چاکەکانتان بژمێری.[1]

ئــەبو نــەعیم لــە(الحلیــة ج٣، ص١٦٧) لــە عــامری کــوڕی عەبــدوڵڵای کــوڕی زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت هاتم بۆ لای باوکم وتی لە کوێ بوویت؟ وتم خەڵکێکم دی لەوانم چاکتر نەدیوە، یادی خوایان دەکردو کەسیان هەبوو لە ترسی خوادا لە هــۆش دەچــوو، منــیش لەگــەڵیان دانیــشتم، ئــەویش وتــی دوای ئەمــە لەگــەڵیان دامەنیشە، زانی قسەکەم بە دڵ نییە، وتی پێغەمبەرم(ﷺ) بینی قورئانی دەخوێند، ئەبوبەکرو عومەرم بینی قورئانیان دەخوێندو ئەوەیان توش نەدەبوو ئایا پێت وایە

---

[1]- هەیسەمی(ج١، ص١٨١) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موجالیدی کوڕی سەعید هەیە کە نەسائی بەجێ متمانەو بوخاری و ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و یەحیا بە لاوازی دەزانن.

ئەوان لە ئەبوبەکرو عومەر زیاتر لـە خوابترسـن؟ منـیش بڕوام کـردو وایـە بۆیـە وازم لێهێنان.[1]

تەبەرانی لە(الجامع الکبیر) لە ئەبو صالح سەعیدی کوڕی عەبدورەحمانی کوڕی عـەنزی تجیبیـەوە هێناویـەتی وەسـتا بـوو و گێڕانـەوەی بۆخـەڵك دەوت، صـیلەی کـوڕی حـارثی غیفـاری کـە لـە هـاوەڵانی پێغەمبـەر(ﷺ) بـوو وتـی بـەخوا بـەڵێنی پێغەمبەرمان بەجێ نەهێشت و پەیوەندی خزمایەتیمان نەپچڕاند تـا تـۆو هاوەڵانـت لە نێوماندا دەرکەوتن.[2]

تەبـەرانی لـە عـەمری کـوڕی زرارەوە هێناویـەتی دەڵێـت عەبـدوڵڵای کـوڕی مەسعوود لە ڕوومدا وەستاو منیش سەرقاڵی گێڕانەوە بووم، وتـی ئـەی عەمر یان بیدعەیەکی گومڕاکەرت داهێناوە یان تۆ لە موحەممـەد(ﷺ) هـاوەڵانی ڕێنمونتریـت؟ بینیم بلاوەیان لێکرد تا بینیم کەس لە دەوری نەما.[3]

---

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی(ج١،ص ١٨٩) دەڵێـت: سـەنەدەکەی حەسـەنە، بوخـاری و بەغـەوی و موحەممـەدی کوڕی ڕەبیعی جیـزی و ئیبن سکن هێناویانە، ئیبن سکن دەڵێت: صـیلە بـەس ئـەم فـەرموودەی هەیە، لە(الأصابە ج٢، ص١٩٣) دا هاتووە.

[3] – هەیسەمی(ج١، ص١٨٩) دەڵێت: تەبەرانی لە المعجم الکبیر هێناویەتی و دوو سەنەدی هەیە، یەکێکیان کەسەکانی صەحیحن، تەواو.

کەنارگیری لە شوێنکەوتنی ڕایەکی بێ بنەما

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١٣٤) لە ئیبن شەهابەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) لەسەر مینبەر بوو وتی ئەی خەڵکینە ڕا لە پێغەمبەری خواوەیەو ڕاستە چونکە خوا پێی نیشان دەدات، لای ئێمە گومان و زۆر لە خۆکردن لە ڕادا هەیە.[١]

هەروەها لە(ج٢، ص١٣٥) لە صدقەی کوڕی ئەبو عەبدوڵڵاوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب دەیوت: خاوەن ڕاکان دوژمنانی سوننەتەکانن، ناتوانن بیپارێزن و لێبونەتەوە لە پاراستنی، شەرمیش دەکەن کاتێ پرسیاریان لێ بکرێ بڵێن نازانین، بۆیە بەڕای خۆیان بەرەنگاری سووننەت دەبینەوە، دەی لێیان دوور بن.

هەروەها لە(ج٢، ص١٣٦) لە عومەرەوە(رضي الله عنه) دەڵێت: سوننەت ئەوەیە خواو پێغەمبەرەکەی دایانناوە، هەڵەی ڕاو بۆچوون مەکەن بە سوونەت بۆ ئوممەت.[٢]

ئیبن مونزیر لە عەمری کوڕی دینارەوە هێناویەتی کەسێ بە عومەری(رضي الله عنه) وت: بەوەی خوا نیشانی داویت، ئەویش وتی بێدەنگ بە ئەو قسە تایبەتە بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).[٣]

تەبەرانی لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن مەسعوود(رضي الله عنه) وتی: خۆ دوور بگرن لە ئایا وادەبینیت، ئایا وادەزانیت،چونکە ئەوە کەسانی پێش ئێوەی لە ناوبرد، پێوانەی شت بە شت مەکەن، گەرنا پێتان لە چەسپاویەوە زەبوون دەبێت، ئەگەر کەسێکتان پرسیاری لێکرا لەسەر شتێ کە نەیدەزانی با بڵێ خوا زاناترە، چونکە ئەو قسە سێ یەکی زانستە[٤].[٥]

---

[١] – منقطع.

[٢] – ئیبن ئەبی حاتەم و بەیهەقیش لە عومەرەوە بە هەمان شێوە فەرموودەی یەکەمیان هێناوە، وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٤١) دا هاتووە و ئەوەشی بۆ زیادکردووە(گومان هیچ لە حەق زیاد ناکات).

[٣] – لە(کنز العمال ج٥، ص٢٤١) دا هاتووە.

[٤] – ضعیف.

[٥] – هەیسەمی(ج١، ص١٨٠) دەڵێت: شەعبی فەرموودەی لە ئیبن مەسعوود نەبیستووە، لە سەنەدەکەدا جابری جعفی هەیە کە لاوازە، تەواو.

تەبەرانی لە(المعجم الكبير) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرساڵێ ئەوەی دواتری لە ساڵی پێشوو خراپترە، هیچ ساڵێ لە ساڵێ دیٚ باشترنییە، هیچ ئوممەتێ لەوی دی باشتر نییە، بەڵام چوونی زاناو چاکەکانتان سەختە، خەڵکی بەڕای خۆیان پێوانە بۆ شتەکان دەکەن و ئیسلام داڕماو تێکشکاو دەکەن[1,2].

ئیبن عەبدولبر(ج٢، ص١٣٥) بەو شێوە هێناویەتی دەڵێت: ئەوە قورئان و سوننەتی پێغەمبەرەکەیەتی،هەرکەس دوای ئەوە ڕای خۆی بڵێ نازانم ئایا لە چاکەکانیدا دەیبینێتەوە یان لە خراپەکانیدا.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢، ص٣٣) لە عەتا لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: پرسیارکرا لە یەکێ لە هاوەڵان لەسەر شتێ، ئەویش وتی شەرم لەپەروەردگارم دەکەم لەناو ئوممەتی موحەممەددا ڕای خۆم بڵێم.

---

[1] – ضعيف.

[2] – هەیسەمی(ج١،ص١٨٠) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موجالیدی کوڕی سەعید هەیە کە شت تێکەڵ دەکات.

ئیجتهادی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)

ئەبو داودو ترمذی و دارمی لە موعازی کوڕی جەبەلەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ ناردی بۆ یەمەن فەرمووی(ئەگەر کێشەیەکت هاتە بەردەم چۆن دادوەری دەکەیت) وتی بە قورئان دادوەری دەکەم، فەرمووی(ئەگەر لە کتێبی خوادا نەتبینی) وتی دەی بە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەگەر لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا بەدیت نەکرد) وتی بە ڕای خۆم ئیجتیهاد دەکەم و کەمتەرخەمی نانوێنم،پێغەمبەر(ﷺ) دای بەسەر سنگیداو فەرمووی(الحمد لله الذی وفق رسول الله لایرضی بە رسول الله) واتە(سوپاس بۆ خوا کە نێرراوی پێغەمبەری خوای ڕێنمون کرد بۆ ئەوەی پێغەمبەری خوا پێی ڕازیە)[1,2].

ئیبن سەعد و ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم) لە موحەمەدی کوڕی سیرینەوە هێناویانە دەڵێت: دوای پێغەمبەر(ﷺ) کەس هێندەی ئەبوبەکر(رضي الله عنه) بە سامتر نەبوو بۆ ئەوەی نەدەزانرا، دوای ئەویش کەس هێندەی عومەر(رضي الله عنه) بە سامترنەبوو، ئەبو بەکر کێشەیەکی دەهاتە ڕێ لە قورئان و سوننەتدا شتێکی بۆ بەدی نەدەکرد، دەیوت بەڕای خۆم ئیجتهاد دەکەم ئەگەر ڕاست بوو لە خواوەیە، ئەگەر هەڵە بێت لە خۆمەوەیەو داوای لێخۆش بوون لە خوا دەکەم[3,4].

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص٥٦) لە شەعبی لە شورەیحەوە هێناویەتی عومەر(رضي الله عنه) بۆی نووسی ئەگەر کێشەیەکت هاتە ڕێ بە پێی قورئان بڕیاری لەسەر بدە، ئەگەر لە قورئاندا بەدیت نەکرد بەپێی سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەگەر شتێ هاتە ڕێت لە قورئان و سوننەتدا نەبوو بەوە بڕیاربدە کە یەك دەنگی

---

[1] - ضعيف.

[2] - لە(المشكاه ص ٣١٦) دا هاتووە.

[3] - ضعيف.

[4] -(كنز العمال ج٥، ص٢٤١).

خەڵکی لەسەرە، ئەگەر شتیٚ هاتە ڕێت لە قورئان و سووننەتدا نەبوو کەس قسەی تێدا نەکردبوو کام دوو بڕیارەت ویست وەری بگرە(پەیڕەوی بکە) لە گێڕاوەیەکی دیکەدا هاتووە، ئەگەر ویستت ئیجتهاد بە ڕای خۆت بکەیت پێشڕەوی بکە، ئەگەر ویستت پەلە نەکەیت بوەستەو بڕیارمەدە، پێموایە دواخستن خێرە بۆت.[1]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص٥٧) لە ئیبن مەسعوودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت هەرکەس کێشەیەکی بۆ خرایە ڕوو با بەوەی لە قورئاندا هاتووە بڕیاربدات، ئەگەر شتیٚ هاتە ڕێی کە لە قورئاندا نەبوو با بەوەی پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاری پێداوە بڕیاربدات، ئەگەر شتیٚ هاتە ڕێی لە قورئان و سوننەتدا نەبوو با بە بڕیاری پیاوچاکان بڕیاربدات، ئەگەر شتیٚ هاتە ڕێی لە قورئان و سوننەت و بڕاری پیاو چاکاندا نەبوو، با بە ڕای خۆی ئیجتهاد بکات و بڕیاربدات و شەرم نەکات، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا با بە ڕای خۆی ئیجتیهاد بکات و نەڵێت من وادەبینم و دەترسم، چونکە حەڵاڵ و حەرام ڕوونن، لە نێوان ئەو دووانە هەندیٚ لێکچوون و ناڕوونی هەن، واز بێنن لەوەی جێی گومانتانە بۆ ئەوەی جێی گومانتان نییە.

ئیبن عەبدولبر(ج٢، ص٥٧) لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبو یەزیدەوە هێناویەتی دەڵیٚ: بیستم لە ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) ئەگەر پرسیاری لێبکرایە لەسەر شتیٚ ئەگەر لە قورئاندا بەدی بکردایە دەیوت: ئەگەر نا دەچوو بۆ سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەگەر لەو دووانەدا نەبوو بە ڕای ئەبوبەکرو عومەری دەوت: ئەگەر لەوەشدا نەبوایە ڕای خۆی دەوت، هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە دەڵێت: ئەگەر ڕای عەلیمان(رضي الله عنه) بۆ بهاتایە ئەملاو لامان لیٚ نەدەکرد.[2]

ئیبن عەبدولبر(ج٢، ص٥٨) لە مسروقەوە هێناویەتی دەڵێت: پرسیارم کرد لە ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) لەسەر شتیٚ، ئەویش وتی ئایا ڕووی داوە؟ وتم نا، وتی دەی دەستمان لیٚ هەڵگرە تا ڕوودەدات، ئەگەر ڕووی دا ئەوکات ڕای خۆمانت پیٚ دەڵێین.

---

[1] - ضعیف.

[2] - ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨١) بەو واتایە فەرموودەی یەکەم دێنیٚ.

ئیحتیات لە فەتواداو کێ لە هاوەڵان فەتوای دەدا

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١٦٣) لە عەبدوڕەحانی کوڕی ئەبو لەیلاوە هێناویەتی دەڵێت: سەدو بیست هاوەڵی پێغەمبەر(ﷺ)م بینی، وابزانم وتی لە مزگەوتدا- هەرکامیان فەرموودەیەکی دەگێڕایەوەو حەزی دەکرد براکەی لە بری ئەو فەرموودەکە بڵێت و هەر فەتوا دەرێکیان حەزی دەکرد براکەی فەتوا لەبری ئەو بدات.[1]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١٦٥) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس فەتوا بدات بۆ هەرشتێك کە داوای فەتوای لێ دەکرێت ئەوە شێتە.[2]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١٦٦) لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: سێ جۆر کەس فەتوا دەدەن بۆ خەڵك، کەسێ ناسخ و منسوخی قورئان شارەزابێت، ئەمیرێ چارەی نەبێت، گەمژەیەك زۆر لە خۆبکات.

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص ١٦٦) لە ئیبن سیرینەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر بە ئیبن مەسعوودی وت: ئایا نابیستم تۆ فەتوا بۆ خەڵك دەدەیت؟ گەرمەکەشی بدە بەوەی کە سەرماکەشی لەخۆگرتووە، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا،(ج٢،ص ١٤٣)(تۆ ئەمیر نیت).

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج٢، ص١٦٦) لە ئەبو مینهالەوە هێناویەتی دەڵێت: پرسیارم کرد لە زەیدی کوڕی ئەرقەم و بەرائی کوڕی عاذب(رضي الله عنه) لەسەر سەرف، هەرچی پرسیارم لە یەکێکیان دەکرد دەیوت: پرسیار لەوی دیکە بکە چونکە ئەو لە من باشترو زاناترە ئینجا فەرموودەکە دێنێت.

---

[1] - ئیبن سەعد(ج٦، ص١١٠) لە عەبدوڕەحمانەوە بەو شێوە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیادکردووە: لە پشتیوانان.

[2] - بەو جۆرە لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی. تەبەرانی لە ئیبن مەسعوودەوە بەو شێوە هێناویەتی و کەسەکانی جێ متمانەن، وەك هەیسەمی(ج١، ص١٨٣) دەڵێت.

ئیبن عەساکیر لە ئەبو حوصەینەوە هێناویەتی دەڵێت: کەستان هەیە لە مەسەلەیەکدا فەتوا دەدات کە ئەگەر بخرێتە بەردەم عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) هەموو خەڵکی بەدری بۆکۆدەکاتەوە.[1]

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥١) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی پرسیارکرا: لە سەردەمی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) کێ فەتوای دەدا بۆ خەڵك؟ وتی ئەبوبەکرو عومەر(رضي الله عنه) جگە لەوان شك نابەم، هەروەها لە قاسمی کوڕی موحەمەدەوە(رضي الله عنه) دەڵێت ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی(رضي الله عنه) لە سەردەمی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) فەتوایان دەدا.

هەروەها لە(ج٤، ص١٥٧) لە فوزەیلی کوڕی ئەبو عەبدوڵڵای کوڕی دینار لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف(رضي الله عنه) لە وانەبوو کە لە سەردەمی پێغەمبەردا(صلى الله عليه وسلم) فەتوای دەدا،هەروەها ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلیش بەوەی لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیان بیست فەتوایان دەدا.[2]

ئیبن سەعد(ج٥، ص١٦٠) لە ئەبو عەتیەی هەمەدانییەوە هێناویەتی دەڵێت: من لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) دانیشتبووم کە کەسێ هات و لەسەر شتێ پرسیاری لێکرد، وتی ئایا جگە من لە کەسی تر ئەو پرسیارەت کردووە؟ وتی بەڵێ پرسیارم کرد لە ئەبوموساو ئاوای وت. عەبدوڵڵا بە پێچەوانەی ئەوی وت، پاشان هەستاو وتی لەسەر شتێ پرسیارم لێ مەکەن تا کاتێ ئەو زانایە لەنێوتاندایە.

هەروەها لە ئەبو عەمری شەیبانییەوە هێناویەتی وتی: ئەبو موسای ئەشعەری وتی تا ئەو زانایە لە نێوتاندایە واتە ئیبن مەسعوود پرسیار لە من مەکەن.[3]

---

[1] – وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٤١) دا واهاتووە.

[2] – ئیبن عەساکیر لە عەبدوڵڵای کوڕی دیناری ئەسلەمی لە باوکیەوە بەو شێوە هێناویەتی وەك لە(المنتخب ج٥، ص١٧٧) دا هاتووە.

[3] – ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص٢٩) لە ئەبو حوصەین لە ئەبو عەتیە و عامر لە ئەبو موساوە بەو شێوە هێناویەتی.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٦٧) لە سەهلی کوڕی ئەبو خەیتەمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەوانەی لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) فەتوایان دەدا سێ کەس لە کۆچەران و سێ کەس لە پشتیوانان بوون: عومەر رضي الله عنه و عوسمان رضي الله عنه و عەلی رضي الله عنه و ئوبەی کوڕی کەعب رضي الله عنه و موعازی کوڕی جەبەل رضي الله عنه و زەیدی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)،هەروەها لە(ج٤، ص١٦٨) لە مسروقەوە هێناویەتی دەڵێت:فەتوا دەرانی ناو هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) عومەرو عەلی و ئیبن مەسعود و زەید و ئوبەی کوڕی کەعب و ئەبو موسای ئەشعەری بوون.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٧٥) لە قوبەیصەی کوڕی زوئەیبی کوڕی حەلحەلەوە هێناویەتی دەڵێت: زەیدی کوڕی ثابت لە مەدینەدا سەرکردەبوو لە بواری دادوەری و فەتواو قورئان خوێندن و فەرزەکاندا لە سەردەمی عومەرو عوسمان و عەلی لە شوێنێ لە مەدینە، پێنج ساڵ دوای ئەوەش تەنانەت کاتێ موعاویە لە ساڵی چل بوو بە خەلیفە بەو جۆرە بوو تا لە ساڵی چل و پێنجدا مرد.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨١) لە عەتائی کوڕی یەسارەوە هێناویەتی عومەرو عوسمان(رضي الله عنه) ئیبن عەبباسیان رضي الله عنه بانگ دەکرد ئەویش لەگەڵ خەڵکی بەدردا ڕاوێژی دەکردو لە سەردەمی عومەرو عوسماندا تا مردنی فەتوای دەدا بۆ خەڵك.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٧) لە زیادی کوڕی مینائەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس و ئیبن عومەرو ئەبو سەعیدی خودری و ئەبو هورەیرەو عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص و جابری کوڕی عەبدوڵلاو ڕافیعی کوڕی خودەیبع و سەلەمەی کوڕی ئەکوەع و ئەبو واقیدی لەیتی و عەبدوڵلای کوڕی بجینە لەگەڵ چەند هاوەڵێکی دیکەی هاوشێوەیاندا لە مەدینە فەتوایان دەداو لە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموودەیان دەگێڕایەوە لەو کاتەوەی عوسمان مرد تا ئەوانیش مردن، ئەوانەی فەتوایان لە لابوو، لەوانە ئیبن عەبباس و ئیبن عومەرو ئەبو هورەیرەو جابری کوڕی عەبدوڵلا(رضي الله عنه)بوون.

زانستەکانی هاوەڵان(ﷺ)

ئەحمەد لە ئەبو زەڕەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) بە جێی هێشتن و باڵندە لە ئاسماندا باڵی نەدەجولاند مەگەر ئەوەی زانیاری لەسەر پێدابووین.[1]

تەبەرانی ئەوەی بۆزیادکردووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی هەرچی لە بەهەشت نزیك و لە دۆزەخ دوورتان بخاتەوە بۆتان ڕوون کراوەتەوە[2][3].

ئەحمەد لە عەمری کوڕی عاصەوە هێناویەتی دەڵێت: لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هەزار پەندم وەرگرت[4][5].

بەغەوی و ئیبن عەساکیرو جگە لەویش لە عائیشەوە هێناویانە-فەرموودەکە دێنێت- وتیایدا هاتووە: لە هەرخاڵێکدا ناکۆك بوونایە باوکم لە ناوی دەبردو یەکلای دەکردەوە(دەیبڕیەوە) وتیان پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە کوێ بخرێتە ژێرخاك؟کەسمان زانیاری مان لەسەری نەبوو، ئەبوبەکر(ﷺ) وتی بیستم پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو(مامن بني يقبضى إلا دفن تحت مضجه الذى مات فيه) واتە(هەرپێغەمبەرێ بمرێ لەو شوێنەیدا دەخرێتە ژێرخاك کە تیایدا مردووە) عائیشە وتی: لەسەر میراتی پێغەمبەر(ﷺ) ناکۆك بوون، هیچ زانیاری یان لەسەری

---

[1] - هەیسەمی(ج٨، ص٢٦٣) دەڵێت ئەحمەدو تەبەرانی هێناویانە.

[2] - ضعيف.

[3]- کەسەکانی سەنەدی تەبەرانی صەحیحن جگە لە موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی مقری کە جێ متمانەشە،لە سەنەدەکەی ئەحمەددا کەس هەیە ناوی نەهاتووە. تەبەرانیش لە ئەبو دەردائەوە بەوشێوەی فەرموودەکەی ئەبوزەڕ لای ئەحمەد هێناویەتی، هەیسەمی(ج٨، ص٢٦٤) دەڵێت: کەسەکانی صەحیحن، ئیبن سەعد(ج٤، ص١٧٠) لە ئەبو زەڕەوە بەو شێوە هێناویەتی.

[4] - حسن.

[5] - هەیسەمی(ج٨، ص٢٦٤) دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە.

نەبوو، ئەبوبەکر وتی: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو(إنا معشر الأنبياء لانورث ماتركنا صدقة) واتە(ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران میرات بەجێ ناهێڵین، صەدەقەمان بەجێ نەهێشتووە)[1,2].

تەبەرانی لە ئەبووائیلەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵلا وتی: ئەگەر زانستی عومەر(رضي الله عنه) بخرێتە تای تەرازویەك و زانستی هەموو خەڵکی سەرزەوی بخرێتە تاکەی تری زانستی عومەر قورستر دەبێت، وەکیع وتی ئەعمەش وتی: من ئەوەم پێ ناخۆش بوو، چووم بۆ لای ئیبراهیم و بۆم باسکرد، ئەویش وتی بۆچی پێت ناخۆشە؟ بەخوا عەبدوڵلا چاکتر لەوەی وتوە، من وا دەزانم نۆ لە دەی زانست بە مەرگی عومەر نەما[3,4].

تەبەرانی لە فەرموودەیەکی دوورو درێژ لەسەر مەرگی عومەر(رضي الله عنه) لە عەبدوڵلاوە هێناویەتی-واتە ئیبن مەسعوود(رضي الله عنه)- دەڵێت عومەر(رضي الله عنه) لەهەموومان زیاتر خوای دەناسی، لە هەموومان زیاتر قورئانی دەخوێند، لە هەموومان زیاتر شارەزای ئایینی خوا بوو[5,6].

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥٣) لە حوذەیفەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: زانست وەك ئەوەیە لە ماڵدا لەگەڵ عومەردا بەسترابێتەوە، هەروەها لە کەسێکی خەڵکی

---

[1] – صحيح.

[2] – لە(المنتخب كنز العمال ج٤، ص٣٤٦) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – هەیسەمی(ج٩، ص٦٩) دەڵێت: تەبەرانی بە چەند سەنەدێك هێناویەتی و کەسەکانی ئەم سەنەدە صەحیحن جگە لە ئەسەدی کوڕی موسا کە جێ متمانەشە، تەواو، ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥٣) بەو شێوەیە هێناویەتی.

[5] – ضعيف.

[6] – لە(المجمع الزوائد ج٩، ص٦٩) دا هاتووە.

مەدینەوە دەڵێت: چووم بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب فقھ ناسەکان لە لای وەك منداڵ وابوون، لە زانست و فیقهدا بەسەریاندا زاڵ بوو.

تەبەرانی لە ئیبن ئیسحاقەوە هێناویەتی عەلی(رضي الله عنه) کە فاتمەی بە هاوسەرگرت فاتمە(رضي الله عنها) بە پێغەمبەری فەرموو منت دا بەم چاوکزە ورگ زلە، پێغەمبەر فەرمووی(لقد زوجتکە وإنە لأول اصحابی سلما واکثرهم علما واعظمهم حلماً) واتە(من تۆم دا بئەو یەکەم هاوەڵمە لە ڕی ئاشتیەوە و لە هەموویان زانستی زیاترو نەرمونیانی گەورەترە).[1]

تەبەرانی و ئەحمەد لە مەعقەلی کوڕی یەسارەوە هێناویانە- بەو جۆرە دەیهێنێت-تیتیدا هاتووە.(أما ترضین ان أزوّجك أقدم أُمتی سلماً وأكثرهم علما وأعظمهم حلماً).[2]

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥٤) لە عەلییەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: بەخوا هەر ئایەتێ دابەزیبێ زانیومە لە کوێ و بۆچی و لەبەر چی دابەزیوە، خوای گەورە دڵێکی هۆشمەندو زمانێکی ڕەوانی پێ بەخشیوم، هەروەها لە(ج٤ ص١٥٦) لە یەحیای کوڕی سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر لە کێشەیەکدا ئەبو حەسەنی تێدا نەبوایە پەنای دەگرت بەخوا.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٥٩) لە مسروقەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵڵا وتی: هەر سورەتێ دادەبەزی من دمزانی لەسەر چی دابەزیوە، ئەگەر کەسێ لە من شارەزاتربێ لە قورئان و وشتر بگاتە لای یان ئاوا دەچووم بۆ لای.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٦١) لە زەیدی کوڕی وەهبەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژێ عەبدوڵڵا(رضي الله عنه) هات و عومەر(رضي الله عنه) دانیشتبوو، کاتێ بینی دێت وتی کوپێ پڕ لە فیقهە،

---

[1] – هەیسەمی(ج٩، ص ١٠٢) دەڵێت ئەم فەرموودە صەحیحە.

[2] – هەیسەمی(ج٩، ص١٠١) دا دەڵێت: لە سەنەدەکەدا خالیدی کوڕی تەهمان هەیە کە ئەبو حلتەم و جگە لەویش بە جێ متمانەی دەزانن، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکەش جێ متمانەن.

وابزانم ئەعمەش وتی زانست، لە ئەسەدی کوڕی وداعەوە هێناویەتی عومەر باسی ئیبن مەسعوودی کردووە وتویەتی: کوپێ پڕکراوە لە زانست، ئەویش ئەهلی قادسیە دەخەم.

ئیبن سەعد(ج٢، ص١٦٢) لە ئەبولبوختەریەوە هێناویەتی دەڵێت: چووین بۆ لای عەلی و لەسەر هاوەڵانی موحەممەد پرسیارمان لێکرد، وتی لەسەرکامیان؟ وتمان لەسەر عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) هەواڵمان پێبدە، وتی شارەزای قورئان و سوننەت بوو، پاشان وەستاو هێندە بەسە بۆ زانست، وتمان ئەی ئەبو موسا؟ وتی مۆرکێکی ناو زانستی لە خۆگرت و دواتر لێی دەرچوو، وتمان ئەی عەمماری کوڕی یاسر؟ وتی باوەڕدارێکە لە بیرچوو، ئەگەر باس بکرایە باس دەکرا، وتمان ئەی حوزەیفە؟ وتی لە ناو هاوەڵاندا شارەزاترین بوو بە دووڕووەکان، وتمان ئەی ئەبوزەڕ؟ وتی زانستێکی وەرگرت و دواتر تیایدا دەستەوسان کەوت، وتمان ئەی سەلمان؟ وتی زانستی یەکەم و کۆتایشی وەرگرت، دەریایەکی بێ بنەو لە ئێمەی ئالوبەیتە،وتمان ئەی خۆت ئەی ئەمیری باوەڕداران؟ وتی ئەوەتان دەویست، ئەگەر داوام لێبکرایە دەمبەخشی، ئەگەریش بێدەنگ بوومایە بە من دەست پێ دەکرا.

ئیبن سەعد(ج٢، ص١٦٥) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: موعازی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه) ئوومەتێکی ملکەچی خوا بوو پاك بوو و لە بێباوەڕان نەبوو، وتم: ئەبو عەبدوڕەحمان پەلەی کرد، خوا دەفەرموێت(﴿إِنَّ إِبْرَاهِيمَ كَانَ أُمَّةً قَانِتاً لِلَّهِ حَنِيفاً وَلَمْ يَكُ مِنَ الْمُشْرِكِينَ﴾ ئەویش لێی دووبارە کردمەوە، منیش زانیم دەست ئەنقەست وتویەتی، بۆیە بێدەنگ بووم، وتی دەزانیت ئوممەت چیە؟ ملکەچ چیە؟ وتم خوا زاناترە، وتی ئوممەت ئەوەیە خەڵك فێری خێردەکات، ملکەچ گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، موعازیش وابوو خەڵکی فێری خێر دەکردوو گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بوو.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٦٧) لە مسروقەوە هێناویەتی دەڵێت: لە هاوەڵانی موحەممەد(ﷺ) وورد بوومەوەو بینیم زانستیان لای شەش کەس یانە: عومەرو عەلی و عەبدوڵلاو مەعازو ئەبودەرداو زەیدی کوڕی ثابت، لەوانیش ووردبومەوە سەیرم کرد زانستیان لای عەلی و عەبدوڵلا گردبوەتەوە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٧٦) لە مەسروقەوە هێناویەتی دەڵێت: چوومە مەدینەو لەسەر هاوەڵان پرسیارم کرد،زەیدی کوڕی ثابت لە پێ چەسپاوانی(راسخین) ناو زانست بوو.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨١) لە مسروقەوە هێناویەتی دەڵێت عەبدوڵلا وتی: ئیبن عەبباس فریای دانی دە کەسی ئێمە کەوت(واتە زمان و گوفتاری دە کەسمان) نەزر ئەوەشی بۆ زیادکردووە: بەڕاستی ئیبن عەبباس ڕاڤەکارێکی چاکی قورئان بوو.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨١) لە موجاهیدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) لە بەر زۆری زانستی پێی دەوترا دەریا.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨١) لە لەیثی کوڕی ئەبو سەلیمەوە هێناویەتی دەڵێت: بە تاوسم وت لەگەڵ ئەو کوڕەدایت-واتە ئیبن عەبباس- وگەورە هاوەڵانت بەجێهێشتووە، وتی من حەفتا هاوەڵم دیوە ئەگەر لە شتێکدا مشتومڕیان بوایە دەهاتن بۆلای ئیبن عەبباس.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٣) لە عامری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبووەقاسەوە هێناویەتی دەڵێت بیستم باوکم دەیوت کەسم نەدیوە هێندەی ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) تێگەیشتووی ئامادەبوو و هۆشمەندو زانست زۆرو نەرم و نیانی فراوان بێت، عومەری کوڕی خەتتابم(رضي الله عنه) بینی بۆ کێشەکان بانگی دەکردو دواتر دەیوت: کێشەیەك هاتووەتە لات پاشان لە قسەکەی دەرنەدەچوو و بەشدار بووانی بەدریش بە کۆچەرو پشتیوانانەوە لە دەوری بوون.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٥) لە ئەبو زنادەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب چوو بۆ لای ئیبن عەبباس کاتێ تای هەبوو تا سەردانی بکات، عومەر وتی نەخۆشیەکەت بێت بۆ ئێمە خوا پشتیوانە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٥) لە تەلعەی کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس تێگەیشتن و پێدادان و زانستی پێدراوە، من عومەرم نەدیوە کەس پێش ئەو بخات.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٥) لە موحەممەدی کوڕی ئوبەی کوڕی کەعبەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئوبەی کوڕی کەعب ئیبن عەبباسی(رضي الله عنه) لابوو هەستاو بە ئیبن عەبباسی وت ئەمە مەرەکەبی ئەم ئوممەتە دەبێت، هۆش و تێگەیشتنی پێدراوەو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نزای بۆ کردووە خوا لە ئاییندا شارەزای بکات.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٥) لە تاوسەوە هێناویەتی دەڵێت:ئیبن عەباس لە زانستدا بەسەر خەڵکدا بەرزبوو وەك بەرزی دارخورمای درێژ بەسەر کورتە دارخورما.

حاکم(ج٣، ص٥٣٧) لە ئەبو وائلەوە هێناویەتی دەڵێت: من و هاوەڵێکم چووین بۆ حەج و ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) سەرپەرشتیاری حەج بوو، سورەتی نوری دەخوێندو ڕاڤەی دەکرد، هاوەڵەکەم وتی "سبحان الله" چی لەسەری ئەم کابرایەوە دێتە دەرێ؟ ئەگەر تورك ئەوە ببیستن موسوڵمان دەبن، حاکم وتی ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیان هێناو، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە وتم قسەی کەسم وەك قسەی ئەم کابرا نەدیوە و نەبیستووە، ئەگەر فارس و ڕۆم ئەم قسانە ببیستن موسڵمان دەبن.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٤) لە ئیبن عەبباسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: چووم بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه)و ئەویش لەسەر شتێ پرسیاری لێکردم کە یەعلای

کوڕی ئوومەیە لە یەمەنەوە بۆی نوسیبوو، منیش تیایدا وەڵامم دایەوە، عومەر(رضي الله عنه) وتی: شایەتی دەدەم تۆ گوفتاری بنەماڵەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەردەبڕیت.

ئیبن سەعد(ج٤، ص ١٨٢) لە عەتائەوە هێناویەتی دەڵێت: خەڵکی دەهاتن بۆ لای ئیبن عەبباس بۆ فێربوونی شیعر، خەڵکێ بۆ ڕەچەڵەك و خەڵکێ بۆ مێژوو ڕووداوەکانی، هەرکامیان چیان دەویست ئیبن عەبباس وەڵامی دەدانەوە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٣) لە عوبەیدوڵڵای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) بە سیفەت گەلێکی زانست پێش خەڵك کەوت کە پێش ئەو نەبوو، بە فیقهی کە ڕای پێویست بوو بۆ بەڵگە، هەروەها نەرم ونیانی و ڕێزو بەخشندەیی هەبوو، کەسم لەو زاناتر نەدیوە سەبارەت بە فەرموودەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و شارەزاتر لەوم نەدیووە لەسەر عەرەبی و تەفسیری قورئان و حیساب و فەرزەکان و ئەوەی دەچوو ڕوویداوەو ڕادروست تر کە پێویستی بە بەڵگە نەبێ- بەهۆی ڕاستی گوفتاریەوە- ڕۆژێ دادەنیشت تەنها باسی فیقهی دەکرد، ڕۆژێ تەنها تەئویل، ڕۆژێ باسی شەڕەکان، ڕۆژێ شیعرو ڕۆژێ مێژوو، هەرگیز زانایەکم نەدیوە لە لایدا دابنیشێت مەگەر ئەوەی ملی بۆ کەچ کردبێت، هیچ کەسم نەدیوە پرسیاری لێبکات مەگەر ئەوەی زانست وەڵامی لە لا پەیداکردووە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٦) لە ئیبن عەبباسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: من لەگەڵ گەورە هاوەڵانی پشتیوانان و کۆچەران دابووم، لەسەر غەزاکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و دابەزینی قورئان لەو کاتەدا پرسیارم دەکرد، دەچووم بۆ لای هەرکامیان لەبەر نزیکی لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) دڵخۆش دەبوو بە چوونم بۆ لای، ڕۆژێ پرسیارم کرد لە ئوبەی کوڕی کەعب کە لە پێ چەسپاوانی ناو زانست بوو، سەبارەت بە دابەزینی قورئان لە مەدینە پرسیارم لێکرد،وتی لە مەدینە بیست و حەوت سورەت دابەزیو ئەوی دیکەی هوموو لە مەککە بوو.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٦) لە عیکرمەوە هێناویەتی دەڵێت: لە عەبدوڵلأی کوڕی عەمری کوڕی عاصم بیست دەیوت ئیبن عەبباس زاناترینمان بوو بەوەی ڕوویداو لەسەر ئەوەی هیچی لەبارەوە نەهاتیوو فەقیهترین کەس بوو سەبارەت بە دابەزینی شتیٚ لەوبارەوە عیکرمە وتی بە ئیبن عەبباسم(رضي الله عنه) وت وای وت، وتی ئەو زانستی لایەو سەبارەت بە حەلاڵ و حەرام پرسیاری دەکرد لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم).

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٤) لە عائیشەوە هێناویەتی کە سەیری ئیبن عەبباسم کردو لە شەوانی حەجدا بازنە بازنە لەگەڵی بوون، لەسەر مەناسیکەکان پرسیاری دەکرد،ئەویش وتی(عائیشە) ئیبن عەبباس شارەزاترە کە چ مەنسیکێك (بەجێگەیاندنێك) ماوە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٦) لە یەعقوبی کوڕی زەید لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: لە جابری کوڕی عەبدوڵلأم(رضي الله عنه) بیست کاتیٚ هەواڵی مەرگی ئیبن عەبباسی بیست بەدەستی دای بەو دەستەکەیداو وتی زاناترین و لەسەر خۆترین کەس مرد، بەمە ئوممەت توشی موسیبەتێك بوو کە ساڕێژی بۆ نییە.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٧) لە ئەبوبەکری کوڕی موحەمەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزمەوە هێناویەتی دەڵێت کاتیٚ ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) مرد ڕافیعی کوڕی خدیج(رضي الله عنه) وتی ئەمڕۆ کەسیٚ مرد کەچی لە نێوان ڕۆژهەلأت و ڕۆژئاوادایە بۆ زانست پێویستیان پیٚ بوو.

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٣) لە ئەبو کەلسومەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتیٚ ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) بە خاك سپێردرا ئیبن حەنەفیە وتی ئەمڕۆ ڕەببانی ئەم ئوممەتە مرد.

ئیبن سەعد(ج٤، ١٨٧) لە عەمری کوڕی دینارەوە هێناویەتی دەڵێت ئیبن عومەر(رضي الله عنه) لە فیقهناسە کەم تەمەنەکاندا ئەژمار دەکرا.

ئيبن سەعد(ج٤، ص ١٨٨) لە خاليدى كوڕى حەمدانەوە هێناويەتى دەڵێت لە نێو هاوەڵانى پێغەمبەردا(ﷺ) لە شام كەس نەما بوو لە عوبادەى كوڕى صامت(رضي الله عنه) و شەدادى كوڕى ئەوس(رضي الله عنه) زاناترو جێ متمانەو جێ ڕەزامەندى تر بێت.

ئيبن سەعد(ج٤، ص١٨٨) لە حەنزەلەى كوڕى ئەبو سوفيانەوە لە مامۆستاكانييەوە هێناويەتى دەيان وت: هيچ لە گەنجە هاوەڵەكانى پێغەمبەر(ﷺ) لە ئەبو سەعيدى خودرى فەقيهتر نەبوو.

حاكم(ج٣، ص٥١٠) لە ئەبو زەعزەعەى نوسەرى مەروانى كوڕى حەكەمەوە هێناويەتى مەروان ئەبو هورەيرەى(رضي الله عنه) بانگكردو منى لە پشت جێگەكەوە دانيشاندو پرسيارى لە ئەبوهورەيرە دەكردو منيش دەم نووسى تا كاتى(رأس الحول) هات بانگى كردوو لە پشت پەردەوە داى نيشاندو پرسيارى لێ دەكرد لەو بارەوە، ئەويش بەبێ كەم و زيادو پێش و پاش پێكردن وەڵامى دايەوە.[1]

ئيبن سەعد(ج٤، ص١٨٩) لە ئەبو موساوە هێناويەتى دەڵێت هاوەڵانى پێغەمبەر(ﷺ) لە هەر مەسەلەيەكدا كێشەيان هەبووايە پرسياريان دەكرد لە عائيشەو لە ئەو زانياريان دەست دەكەوت، ئيبن سەعد(ج٤، ص١٨٩) لە قوبەيسەى كوڕى ڕوئەيبەوە هێناويەتى دەڵێت: عائيشە(رضي الله عنها) لە هەمووان زاناتربوو، گەورە هاوەڵانى پێغەمبەر(ﷺ) پرسياريان لێدەكرد، هەروەها لە ئەبوسەلەمەوە(رضي الله عنه)هێناويەتى دەڵێت: كەسم نەديوە شارەزا لە سووننەتى پێغەمبەر(ﷺ) فەقيهتر لە ڕايەكدا ئەگەر بەڵگە بەڕاى بهێنرايەتەوە و شارەزاتر بە ئايەتێ كە لەسەر چى دابەزيوە و زاناتر بە فەرزێ هێندەى عائيشە زانابێ. ئيبن سەعد(ج٤، ص١٨٩) لە مسروقەوە هێناويەتى پێى وترا ئايا عائيشە(رضي الله عنها) بە چاكى فەرزەكانى دەزانى؟ وتى ئەرێ سوێند بەوەى گيانى

---

[1] – حاكم دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدەكەى صەحيح و بوخارى و موسليم نەيان هێناوە، زەهەبيش دەڵێت صەحيحە.

منی بەدەستە، گەورە هاوەڵانی پێغەمبەرم(ﷺ) بینین لەسەر فەرزەکان پرسیاریان دەکرد لە عائیشە.[1]

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٨٩) لە مەحموودی کوڕی لوبەیدەوە هێناویەتی دەڵێت ژنەکانی پێغەمبەر(ﷺ) فەرموودەی پێغەمبەریان(ﷺ) زۆر لەبەردەکرد بەڵام نموونەی عائیشەو ئوم سەلەمە نەبوون، عائیشە لە سەردەمی عومەرو عوسماندا فەتوای دەدا تا ئەو کاتەی مرد، گەورە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) عومەرو عوسمان دەیان نارد بۆ لای عائیشەو پرسیاریان لەو دەکرد.

تەبەرانی لە موعاویەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت سوێند بەخوا هیچکات وتار بێژێکی بەتواناترو ڕەوان بێژترو وریاترم لە عائیشە نەدیوە.[2]

هەروەها لە عروەوە هێناویەتی دەڵێت: هیچ ئافرەتێکی شارەزا بە پزیشکی و فیقە و شعرم لە عائیشە شارەزاتر نەدیوە.[3]

بەزار-دەقەکە هی ئەوە - وئەحمەدو تەبەرانی لە عروەوە هێناویانە دەڵێت: بە عائیشەم وت من سەیری بارت دەکەم سەرم سوڕدەمێنیّ، دەتبینم لە شارەزاترینی کەسانیت، وتم خێزانی پێغەمبەر(ﷺ)و کچی ئەبوبەکر بیّ هەروایە،دەتبینم شارەزایت بە مێژوو و ڕەچەڵەك و شیعری عەرەب،وتم چی ڕێگریەتی کە باوکی گەورە زانای قورەیشە، بەڵام سەیرم کرد شارەزای پزیشکیت ئەمەیان لە کویّ؟ ئەویش دەستی گرتم و وتی ئەی عورەیبە پێغەمبەر(ﷺ) ئازارەکانی زۆربوون، پزیشکانی عەرەب و عەجەم هەواڵ و زانیارییان بۆ دەنارد منیش ئەوە فێربووم، لە گێڕانەوەی ئەحمەددا: منیش چارەسەرم بۆ دەکرد[4].

١- تەبەرانی بەو دەقە بە سەنەدی حەسەن هێناویەتی وەك هەیسەمی(ج٩، ص٢٤٢) دەڵێت.

٢- هەیسەمی(ج٩، ص٢٤٣) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن،

٣- سەنەدەکەی حەسەنە، وەك هەیسەمی(ج٩، ص٢٤٢) باسی دەکات.

٤- ضعیف.

زانایانی خواناس و زانا خراپەکان

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج١، ص١٢٦) لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی بە هاوەڵانی وت کانگای زانستو چرای ڕێنموونیو هاودەمی ماڵو مۆمی شەو نوێکاری دڵو جل پێنەکراوبن لە ئاسماندا ناسراو و نادیار بە خەڵکی دنیا دەبن.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة) دا(ص٧٧) لە عەلییەوە(رضي الله عنه) بەو واتایە هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەی ئەمدا هاتووە: لە زەویدا باسی بکەن.

لە بری ئەوەی بڵێت نادیار بە خەڵکی دنیا دەبن.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٢٥) لە وەهبی کوڕی مەنبەهەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس(رضي الله عنه) بیستی خەڵکیٚ لە بەردەرگای بەنی سەهم مشتومڕیٚن بوو–وابزانم وتی لەسەر قەدەر–ئەویش هەستاو چوو بۆ لایان و گۆچانەکەی دا بە عیکرمەو دەستی لەسەر ئەو دانا و ئەو دەستەکەشی لەسەر تاوس دانا، کە گەیشتە لایان ڕێیان بۆ کردەوە و بەخێرهاتنیان کرد، ئەویش دانەنیشت و پێی وتن شارەزاتریمتانم پێبڵێن، ئەوانیش پێیان وت، وتی ئایا نازانن خوا هەندیٚ بەندەی هەن ترسی خوا بیٚ دەنگی کردوون، بەڵام لاڵو کوێر نین، هەندیٚ زاناو ڕەوانبێژو قسەزانو خانەدانو شارەزا بە ڕۆژانی خوایان، هەن بەڵام کە بیری گەورەیی خوا دەکەنەوە عەقڵیان سەردانەوێن و دڵیان داشکاو زمانیان بێدەنگ دەبێت تا ئەوەی بیانەوێت بەهۆش بێنەوە بە کاری پاك بەرەو لای خوا دەچن خۆیان بەکەمتەرخەم دەزانن بەڵام ژیرو بەهێزن، لەگەڵ ستەمکارانو خراپەکاراندا چاکە نوێنو دوورە پەرێزن، بەڵام هەوڵی زیادە بۆ زیادکاری نادەنو بە کەمیش ڕازی نابن بۆی، بە کردار یارمەتی نادەن، هەرکات پێیان بگەیت سەرقاڵی گرنگی دانو ترسو بیم دایگرتوونو دڵە خورپێیانە، ئینجا لە لایان چووو گەڕایەوە بۆ کوڕەکەی خۆی.

ئیبن عەساکیر لە مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر زانایان زانست ساز بکەن و لای دارودەستەی دایبنێن دەبنە گەورەو پێشەنگی خەڵکی سەردەمی خۆیانن بەڵام زانستیان لای خەڵکی دنیا داناوە تا شتێ لە دنیای ئەوان بەدەست بخەن، بەوە لاواز دەکەون، من بیستم لە پێغەمبەرتان(ﷺ) دەیفەرموو(من جعل الهموم هما واحد هم المعاد كفاه الله سائرالهموم، ومن شعيته الهموم أحوال الدنيا لم يبال الله في أي أوديتها هلك)(هەرکەس خەم و هەوڵەکانی بکات بە یەك بۆ ڕۆژی دوایی خوای گەورە زامنی هەموو خەم و هەوڵەکانی دیکەی بۆ دەکات، هەرکەس هەوڵ و خەمەکان سەبارەت بە باری دنیا تێری بکەن خوای گەورە باکی نیە ئەو کەسە لە چ دۆڵێکی دنیادا لە ناو بچێ)[1,2].

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج١، ص١٨٨) لە سوفیانی کوڕی عویەینەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستمان ئیبن عەبباس وتی: ئەگەر هەڵگرانی زانست بە هەقی خۆی زانست وەربگرن خوای گەورەو فریشتەکانی و پیاوچاکان خۆشیان دەوێن و لای خەڵك شەرم و سامیان دەبێ، بەڵام زانست بۆ دنیا بەکار دێنن بەوە خوا ڕقی لێهەڵگرتوون و لای خەڵك سووك دەبن.

عەبدوڕەزاق لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: چۆنە کاتی ئاشووبێ تووشتان بوو تیایدا گەورە پەروەردە بێ و بکرێتە سوننەت و ئەگەر ڕۆژێ گۆڕدرا بوترێ ئەوە ناڕەواییە؟ وتی ئەی ئەمە دەبێت؟ وتی کاتێ دەست پاك و جێمتمانەتان کەم و سەرکردەتان زۆرو فیقهناستان کەم بن، شارەزایی بۆ جگە لە ئایین بێ و بە کارو کردەوەی ڕۆژی دوایی هەوڵی بە دەست هێنانی دنیا بدەن[1,3].

---

[1] – حسن.

[2] – لە(كنز العمال ج٥، ص٢٤٣)دا وا هاتووە، ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج١، ص١٨٧) لە ئیبن مەسعوودەوە بەو شێوە هێناویەتی.

[3] – صحيح.

لە گێڕانەوەیەکدا دەبێتە سوننەتێکی بیدعەو خەڵکی لەسەری دەچن، ئەگەر شتێکی لێ بگۆڕدرێ دەوترێ سوننەت گۆڕدرا، ئەوەشی بۆ زیاد کردووە فیقهناسانتان کەم و سەرکردەکان زۆر بن و سەرقاڵی خەزن کردن بن.

ئیبن عەبدولبر(ج١، ص١٨٧) لە ئەبو زەرەوە هێناویەتی دەڵێت: دەزانن ئەم فەرموودانەی لە پێناو خوادا دەگیرێنەبەر کەسێ فێریان نابێ کە مەبەستی دنیا بێت، یان وتی: تەنها لەبەر دنیا دەیەوێن، ئەو کەسە نابینێ هەرگیز بۆنی بەهەشت بکات.

هەروەها لە(ج٢، ص٦) لە ئەبو میعنەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر بە کەعبی وت:زانایان دوای ئەوەی زانستیان لەدڵیاندا لەبەر کردو لێی تێگەیشتن ئەو زانستە بە چی دەفەوتێ؟ وتی تەماع و چوون بە دوای پێویستی و ویستەکاندا کە لای خەڵك هەن.

عەبدوڕەزاق لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی باسی هەندێ فیتنەی ئاخر زەمانی کردو عومەریش پێی وت ئەمانە کەی دەبن ئەی عەلی؟ وتی: کاتێ شارەزا بوون بۆ جگە لە ئایین بێ، زانست فێربوون بۆ کار پێ کردن نەبێ، بە کاری ڕۆژی دوایی هەوڵی بە دەستخستنی دنیا بدرێ.[٢]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج٢ص١٩٤) لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەوەی ترسم هەیە لێتان بوونی دووکەسە، کەسێ بە هەڵە تەئویلی قورئان بکات، کەسێ لەسەر دەسەڵات ڕکەبەری براکەی بکات.[٣]

ئیبن سەعدو ئەبو یەعلا لە حەسەنەوە هێناویانە دەڵێت: کاتێ وەفدی بەسرە هاتن بۆ لای عومەر لە نێوانیاندا ئەحنەفی کوڕی قەیس هەبوو کە ئەوانی ناردەوەو

---

[١]- لە(الترغيب والترهيب ج١، ص٨٢) دا هاتووە، ئیبن عەبدولبر(ج١، ص١٨٨) بەو واتایە هێناویەتی،

[٢] – لە(الترغيب والترهيب ج١، ص٨٢) دا واهاتووە.

[٣] – ئیبن ئەبی شەیبە بەشی یەکەمی هێناوە وەك لە(كنز العمال ج٥، ص٢٣٣) دا هاتووە.

ئەوی ماوەیەك لای خۆی هێشتەوە،دواتر وتی زانیت بۆچی تۆم هێشتەوە؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هۆشیاری پێ داین لە هەر دووڕوویەکی زمان زیرەك، من ترسام تۆ لەوانە بیت‌و پشت بە خوا لەوانە نیت[1،2].

بەیهەقی‌و ئیبن نەجار لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەر دەیوت وریای دووڕووی زانا بن، وتیان دووڕوو چۆن زانا دەبێت؟وتی قسەی حەق‌و کردەوەی خراپ دەکات، جەعفەری فریابی‌و ئەبو یەعلاو نەسرو ئیبن عەساکیر لە عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: ئێمە دەمانوت هەموو دووڕوویەکی زمان زیرەك ئەم ئوممەتەماڵوێران دەکات، موسەددەو جەعفەری فریابی لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویانە دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەر وتی: زیاترین کەسێ کە ترسم لێی هەبێ زیانی بۆ ئوممەت هەبێت دووڕووی زانایە، وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران دووڕوو چۆن زانا دەبێت؟ وتی زمانی زاناو دڵ‌و کردەوەی نەزانە.[3]

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج١، ص) لە حوزەیفەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: وریای شوێن‌و هەڵوێستی ئاشووب بن، وتیان ئەبو عەبدوڵلا شوێن‌و هەڵوێستی ئاشووب چیە؟ وتی بەر دەرگای سەرکردەکان، کەستان هەیە دەچێت بۆ لای ئەمیرو درۆی بە ڕاست دادەنێ‌و شتێکی پێ دەڵێت(وەسف) کە تیایدا نیە، لە ئیبن مەسعوودیشەوە دەڵێت: لەبەر دەرگای سوڵتانەکاندا بڕێ ئاشووب هەن وەك داکوتانی وشتر، سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە هەرچیەك لە دنیایان بەدەست بخەن ئەوانیش ئەوەندە لە ئاییننتان دەبەن، یان وتی دوو بەرامبەری دەبەن.

[1] – صحیح.

[2] – لە(کنز العمال ج، ص٢٣٢) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٥، ص٢٣٣) دا واهاتووە.

(چوونو لەبیرکردنی زانست)

حاکم(ج۱، ص۹۹) لە عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)ڕۆژێ سەیری ئاسمانی کردو فەرمووی(هذا أوان يرفع العلم)(ئەوە کاتێکە زانست هەڵدەگیرێ) کەسێ لە پشتیوانان کە پێی دەوترا ئیبن لوبەید وتی ئەی پێغەمبەری خوا چۆن زانست هەڵدەگیرێ لە کاتێکدا لە کتێبدا چەسپاوەو دڵەکان وەریانگرتووە؟ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ان كنت لاحسبك من افقه أهل المدينة)(من تۆم وا دادەنا کە لە فیقهناسترینی خەڵکی مەدینە بیت) پاشان باسی گومڕایی جولەکەو مەسیحی کرد کە لەسەر دەستیان چیان کرد بە پەیامی خوا(کتێبی خوا) دەڵێت: گەیشتم بە شەدادی کوڕی ئەوس و فەرموودەکەی عەوفی کوڕی مالیکم پێ وت، وتی عەوف ڕاست دەکات، ئایا یەکەم بەشی هەڵگیرانی زانستت پێ بڵێم؟ وتم بەڵێ، وتی خشوعو لەخوا ترسی تا ئەوەی کەسێکی بە خشوع نابینی[1][2].

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بيان العلم ج۱، ص۱۵۲) دا بەو شێوەیە هێنایەتی و لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە کەسێ لە پشتیوانان پێی دەوترا زیادی کوڕی لوبەید پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا زنستمان لە نێودا هەڵدەگیرێ لە کاتێکدا قورئانمان لە نێودایەو ژن و منداڵمان فێرکردوون، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پاشان شەداد وتی فەرمووی:(ئایا دەزانیت هەڵگیرانی زانست چیە؟) وتم نازانم، فەرمووی(ذهاب أوعينة، هل تدرى أي العلم يرفع)(نەمانی

---

[1] - صحيح.

[2] - حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودەیە صەحیحەو بوخاری و موسلیم بە هەموو گێڕەرەوەکانیەوە بە بەڵگەی دەگرن،زەهەبی وا دەڵێت، بەزارو تەبەرانی لە عەوفەوە بەو شێوە هێناویانە، وەك لە(مجمع الزوائد ج۱، ص۲۰۰) دا واهاتووە.

وەرگرەکانی و تێگەیشتووەکانی، ئایا دەزانیت چی زانست هەڵدەگیرێ) وتم نازانم، فەرمووی خشوع تا ئەوەی بە خشوعێ نابینی،[1] حاکم لە ئەبو دەرداو ئیبن لبیدی ئەنساری‌و تەبەرانیش لە صەوافی کوڕی عسال‌و وەحشی کوڕی حەربەوە هێناویەتی، وەك لە(المجمع) دا بەو واتایە هاتووە، لە گێڕانەوەیەکی ئەبو دەردائدا ئەوە تەورات‌و ئینجیل لای جولەکەو مەسیحن چ سودێکی هەیە بۆیان، لە گێڕانەوەی وەحشیدا: سەری پێ بەرز ناکەنەوە، لە گێڕانەوەی ئیبن لبیددا: لەگەڵیدا سوودمەند بە هیچ نابن.

تەبەرانی لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ئیسلام چۆن کەم دەکات؟ وتیان وەك ڕەنگی جل، وەك چەوری ئاژەڵ، وەك کەمی درهەم لەبەر زۆر شاردنەوەی، ئەوە وایەو گەورەتر لەوەیش مەرگ یان چوونی زانایانە،(هەیسەمی ج١ص٢٠٢)دەڵێت کەسەکانی جێمتمانەن، تەبەرانی لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: تەرمی زەیدی کوڕی ثابتم بینی(لەوێ بووم) کاتێ خرایە ناو گۆڕەکەی ئیبن عەبباس وتی: ئەی ئەوانە: هەرکەس حەز دەکات بزانێ چوونی زانست چۆنە ئەوا چوونی زانست ئاوایە،ئەرێ بەخوا ئەمڕۆ زانستێکی زۆر چووە.[2]

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٧٧) لە عەمماری کوڕی ئەبو عەممارەوە هێناویەتی دەڵێت کاتێ زەیدی کوڕی ثابت مرد لە سایەی کۆشکدا لای ئیبن عەبباس

[1] – صحيح.

[2] –(هەیسەمی ج١، ص٢٠٢) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جدعان هەیە کە لاوازە

دانیشتین، وتی نەمانی زانست ئاوایە، بە ڕاستی ئەمڕۆ زانستێکی زۆر خرایە ژێر خاك، هەروەها لە ئیبن عەبباسەوە دەڵێت: بەو جۆرە زانست نامێنێ ئاماژەی بە گۆڕەکە کرد، کەسێ کە شتێ دەزانێ‌و کەسی تر نایزانێ ئەو کەسە دەمرێت، بەوەش چی لایە لەگەڵیدا دەچێت‌و نامێنێ.

ئەحمەد لە فەرموودەیەکی لە عەممارەوە هێناویەتی دەڵێت: دەزانن چوون‌و نەمانی زانست چیە؟ نەمانی زانایە لە زەویدا.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص١٣١) لە ئیبنە مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: من وادەزانم کەس زانستی بیر دەچێ بۆ هەڵەیەك فێری بووە بیکات.[2]

---

[1] – لە(المجمع ج١، ص٢٠٢)دا واهاتووە.

[2] – تەبەرانی هێناویەتی‌و کەسەکانی جێ متمانەن بەڵام قاسم فەرموودەی لە باپیری نەبیستووە، وەك(هەیسەمی ج١، ص١٩٩) و مونزیری لە(الترغیب والترهیب ج١، ص٩٢) هێناویانە، ئیبن ئەبی شەیبەش دەڵێت عەبدوڵڵا وتی بەڵاو ئافاتی زانست لە بیر چوونەوەیە، لە(جامع بیان العلم ج١، ص١٠٨)دا واهاتووە.

(گەیاندنی زانست با کاریشی پێنەکات و پەناگرتن لە زانستی بێ سوود)

بەیهەقی و ئیبن عەساکیر لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویانە دەڵێت: حوزەیفە پێی وتین: ئێمە ئەم زانستەمان هەڵگرت و دەیگەیەنین بە ئێوە ئەگەر چی کاریشی پێنەکەین.[1]

حاکم(ج١، ص١٠٤) لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نزای دەکرد و دەیفەرموو(اللهم انی أعوذبك من الآربع:من علم لا ينفع وقلب لايخشع ونفس لاتشبع ودعا لايمسع)(خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە چوار شت: لە زانستێکی بێ سوود و دڵێ خشوعی نەبێ و دەروونێ تێر نەبێ و نزایەك نەبیسترێت).[2][3]

---

[1] – لە(كنز العمال ج٧، ص٢٤)دا واهاتووە.

[2] – صحیح.

[3] – حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە، زەهەبی دەڵێت صەحیحە، بەو جۆرەش لە فەرموودەی ئەنەسدا هێناویەتی و لەسەر مەرجی موسلیم بە صەحیحی داناوە.

(بەشی سینزەهەم)

(حەزو هاندانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵان بۆ یادی خوا چۆن بووەو چۆن بەیانیو ئێوارەو شەوو ڕۆژو لە سەفەرو دانیشتندا لەسەری بەردەوام بوون؟چۆن خەڵکیان هاندەدا؟ زیکرو یادیان چۆن بوو؟)

(حەزو هاندانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە یادو زیکری خوادا)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٨٢) لە ثەوبانەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە ڕێیەکدا بووین و ئێمەش لەگەڵی بووین کە کۆچەران وتیان: ئەگەر بمانزانیایە چ سامانێ باشە کاتێ خوا ئایەتی لەسەر زێڕو زیو دابەزاندووە؟ عومەر وتی ئەگەر دەتانەوێت لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەو پرسیارەتان بۆ دەکەم، وتیان بەڵێ، ئەویش چوو بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) منیش سواری وشترەکەم بووم و کەوتمە شوێنی، وتی پێغەمبەری خوا کۆچەران کاتێ بیستیان خوا چی لەسەر زێڕو زیو دابەزاندووە وتیان خۆزگە دەمانزانی چ سامانێ باشترە کاتێ خوا ئەمەی لەسەر زێڕو زیو دابەزاندووە، فەرمووی(ليتخذ أحدكم لسانا ذكرا وقلبا شاكرا و زوجة مؤمنة تعين أحدكم على ايمانة)(با هەرکامتان زمانێکی بە زیکرو دڵێکی سوپاسگوزارو هاوسەرێکی باوەڕدار بگرێتە خۆ کە یارمەتی ئیمانتان بدات). لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا(و زوجة تعينه على الاخرة)(هاوسەرێ بۆ ڕۆژی دوایی یارمەتی بدات) ئەحمەدو ترمزی بە حەسەن و ئیبن ماجە لە ثەوبانەوە بەو واتایە هێناویانە، عەبدوڕەزاق لە عەلیەوە(رضي الله عنه) سەبارەت بە ئایەتی ﴿وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(تبا للذهب تبا للفضة)(دەست شکاوی بۆ زێڕ، دەست شکاوی بۆ زیو) سێ جار فەرمووی، ئەمە لای هاوەڵان سەخت بوو وتیان ئەی چ سامانێ بگرینە خۆ؟ فەرموودەکە بەو شێوەی پێشوو بە کورتی دێنێ[1][2].

موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)لەڕێگەی مەککەدا دەچوو کە دای بەسەر شاخێکدا پێی دەوترا جەمدان، فەرمووی(سيروا، هذا جمدان

---

[1] – صحيح.

[2] – وەك لە(تەفسیری ئیبن کەثیر ج٢، ص٣٥١) دا واهاتووە.

سبق المفردون)(بڕۆن، ئەوە جەمدانە، تاکەکان پێشکەوتن) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا تاکەکان کامانەن؟ فەرمووی(ئەوانەی زۆر یادی خوا دەکەن)

ترمزی هێنایەتی وتیان ئەی پێغەمبەر تاکەکان کێن؟ فەرمووی(خووگرتووان بە یادی خوا، یادو زیکر قورسیەکانیان لەسەر شان لادەبات و لە ڕۆژی دواییدا بە بار سووکی دێن)(المستهترون بذكرالله، يضع الذكر عنهم اثقالهم فيأتون الله يوم القيامة خفافا)[1].[2]

تەبەرانی لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) دەچووین کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی پێشکەوتوان کوان؟ وتیان خەڵکی چوون و هەندێ دوا کەوتن، فەرمووی(أين السابقون الذين يستهترون بذكرالله؟ من احب ان يرتع في رياض الجنة فليكثر ذكرالله)(کوان ئەو پێشکەوتوانەی خووگرتوون بە یادی خوا، هەرکەس حەز دەکات لە باخچەکانی بەهەشتدا بێت و بچێ با زۆر یادی خوا بکات)[3].[4]

ترمزی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) پرسیاری لێکرا چ بەندەیەك لای خوا لە ڕۆژی دواییدا پلەی بەرزترە؟ فەرمووی(ئەوانەی زۆر یادی خوا دەکەن) وتم ئەی پێغەمبەری خوا تەنانەت لەوانەی لە ڕێی خوادا غەزا دەکەن؟ فەرمووی(ئەگەر بە شمشێرەکەی لە نێو بێباوەڕان و هاوەڵدانەراندا بجەنگێ تا شمشێرەکەی دەشکێت و گەوزاوی خوێن بێ بەدڵنیاییەوە ئەوانەی زۆر زیکری خوا

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٥٩) دا واهاتووە، تەبەرانی لە ئەبو دەردائەوە بە دەقی ترمزی هێناویەتی وەك لە(المجمع ج١٠، ص٧٥) دا هاتووە.

[3] – ضعیف.

[4] – هەیسەمی ج١٠، ص٧٥) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موسای کوڕی عوبەیدە هەیە کە لاوازە.

دەکەن لەو پلەیان بەرزترە)(لو ضرب بسيفة في الكفار والمشركين حتى ينكسر ويختصنب دما لكان الذاكرون الله كثيرا افضل منه درجة)[1].[2]

تەبەرانی لە دوو موعجەمی(الصغير والوسيط) دا لە جابرەوە هێناویەتی کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئادەمیزاد هیچ کارێ ناکات لە زیکری خوا کردن زیاتر رزگار کەربێت بۆی) وترا تەنانەت جیهادی رێی خوایش؟ فەرمووی(تەنانەت جیهادی رێی خوایش مەگەر ئەوەی بی شمشێرەکەی بجەنکێ وەشێنێ تا دەپچرێ دەشکێ)[3].[4]

ئەحمەد لە موعازی کوڕی ئەنەس لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هێناویەتی کەسێ پرسیاری لێکردو وتی چ جیهادێ پاداشتی گەورەترە؟ فەرمووی(أكثرهم الله تبارك وتعالى ذكرا)(ئەوەیان زیاتر زیکری خوا دەکات) وتی ئەی کام پیاو چاکانە پاداشتیان گەورەترە؟ فەرمووی(ئەوەیان زیاتر زیکری خوای گەورە دەکات) پاشان باسی نوێژو زەکاتو حەجو فێری کرد لە هەموویاندا پێغەمبەر(ﷺ) هەمان شتی دەفەرموو، ئەبوبەکر بە عومەری وت ئەی ئەبو حەفس زیکر کاران هەموو خێرێکیان برد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بەڵێ)[5].[6]

---

[1] – ضعیف.

[2] – ترمزی دەڵێت فەرموودەکە غریبە، بەیهەقی بە کورتی هێناویەتی، لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٥٦) دا واهاتووە.

[3] – صحیح.

[4] – مونزیری(ج٣، ص٥٦) و(هەیسەمی ج١٠، ص٧٤) دەڵێت کەسەکانی هەردووکیان صەحیحن، تەبەرانی لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە(المجمع ج١٠، ص٧٣) دا هاتووە.

[5] – ضعیف.

[6] –(هەیسەمی ج١٠، ص ٧٤) دەڵێت ئەحمەدو تەبەرانی هێناویانە بەڵام وتی پرسیاری لێکرد کام موجاهیدە گەورەترین پلەی هەیە؟ لەسەنەدەکەدا زیادی کوڕی فائید هەیە کە لاوازەو جێ متمانەشە، ئیبن لهیعەش وایە، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن.

ترمزی لە عەبدوڵڵای کوڕی بسرەوە هێناویەتی کەسێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا شەریعەتی ئیسلام زۆرە، شتێکم پێ بڵێ تا پەیوەستی بم، فەرمووی(بەردەوام زمانت بە یادی خوا پاراو بێت)(لا یزال لسانك طبا من ذكرالله)[1,2].

تەبەرانی لە مالیکی کوڕی یەخامرەوە هێناویەتی موعاذی کوڕی جەبەل پێی وتن کۆتا قسە کە دوای ئەوە پێغەمبەری خوام بە جێ هێشت ئەوەبوو وتم کام کار لای خوا خۆشەویستترە؟ فەرمووی (أن تموت ولسانك ربط من ذكرالله)(بمریت و زمانت بە یادی خوا پاراو بێت)[3,4].

---

[1] - صحیح.

[2] - ترمزی دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی غەریبە، حاکم هێناویەتی دەڵێت سەنەدەکەی صەحیحە و ئیبن ماجەو ئیبن حەبانیش لە صەحیحەکەیدا هێناویانە، وەك لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٥٤) دا هاتووە.

[3] - صحیح.

[4] -(هەیسەمی ج١٠، ص٧٤) دەڵێت تەبەرانی بە چەند سەنەدێك هێناویەتی، لەو ڕێگەدا خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو مالیك هەیەو کۆمەڵێك بە لاوازی دەزانن، ئەبو زەرعەی دیمەشقی و جگە لەویش بە جێ متمانەی دەزانن، کەسەکانی دیکە جێ متمانەن، بەزار لە ڕێگەی دیکەوە هێناویەتی بەڵام تیایدا وتوویەتی چاکترین کارم پێ بڵێ ئەوەی زیاتر لە خوا نزیکم دەکاتەوە، سەنەدەکەی حەسەنە تەواو، ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن حەبان لە صەحیحەکەیدا هێناویانە وەك لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٥٥) دا هاتووە،ئیبن نەجاریش هێناویەتی وەك لە(کنز العمال ج١، ص٢٠٨) دا هاتووە.

(هاندان‌و ویستی هاوەڵان بۆ یادو زیکری خوا)

ئیبن ئەبی دنیا لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: خۆتان بە یادو باسی خەڵك سەرقاڵ مەکەن چونکە بەڵایە، یادی خوا بکەن، هەروەها ئەحمەدیش لە(الزهد وهناد) لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: یادی خوا بکەن چونکە شیفایە، خۆ دوور بگرن لە یادی خەڵك چونکە دەردە.[1]

ئیبن موبارەك لە(الزهد) لە عوسمانەوە هێناویەتی دەڵێت ئەگەر دڵەکانمان پاك بن لە یادی خوا سواو بێزار نابن.[2]

بەیهەقی لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت زۆر یادی خوا بکەن‌و دەتوانی هاودەمی کەس نەکەیت جگە لەوەی بۆ یادو زیکری خوا یارمەتیت دەدات.[3]

ئەحمەد لە حەبیبی کوڕی عوبەیدەوە هێناویەتی کەسێ هات بۆ لای ئەبو دەرداو پێی وت: وەسیەتم بۆ بکە ئەویش پێی وت لە خۆشیدا یادی خوا بکە لە تەنگانەدا بیرت دەکات، ئەگەر شتێکی دنیات هاتە ڕێ بزانە بەرەو کوێ دەچێت.[4]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٩) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت ئایا چاکترین‌و خۆشەویستترین کارتان لای خواو گەشەو نەشونماترینی لە پەلەتاندا پێ بڵێم؟ چاکترە لەوەی غەزای دژ بە دوژمنتان بکەن‌و بدەن لە ملتان‌و بدەن لە ملیان، چاکترە لەوەی درهەم‌و دینار ببەخشن، وتیان ئەبو دەردا ئەوە چیە؟ وتی یادی خوا، یادی خوا گەورەترە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٩) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی ئەوەی زمانیان بە یادی خوا پاراوە دەچنە بە هەشت‌و پێدەکەنن.

---

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٠٧) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٢١٨)دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٠٨)دا واهاتووە

[4] – لە(صفة الصفوة ج١، ص٢٥٨)دا واهاتووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٥) لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت مرۆڤ هیچ کارێ ناکات هێندەی یادی خوا ڕزگاری بکات لە سزای خوا، وتیان ئەی ئەبو عەبدوڕەحمان تەنانەت جیهادی ڕێی خواش؟ وتی ئەوە مەگەر ئەوەی بە شمشێرەکەی بجەنگێ دەشکێ چونکە خوا لە قورئاندا دەفەرموێت (و لذكر الله أكبر).

ئیبن ئەبی شەبیە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: یادی خوا بە بەیانی و ئێوارە چاکترە لە شمشێر شکاندن لە ڕێی خواو بەخشینی سامانی زۆر.[1]

(حەزی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ زیکری خوا)

ئەبو یەعلا لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەگەر لەگەڵ خەڵکێ دابنیشم لە دوای نوێژی بەیانی یادی خوا بکەن تا خۆر هەڵدێ لام خۆشەویستترە لەوەی چوار لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم و لە بری بوونی هەر کەسێکیان دوانزە هەزار بێت، ئەگەر لەگەڵ خەڵێ دابنیشم لە دوای نوێژی عەسر یادی خوا بکەن تا خۆرئاوا دەبێت لام خۆشەویسترە لەوەی چوار لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم کە لەبری بوونی(دیە) هەرکامیان دوانزە هەزار بێت).[2][3]

ئەحمەدو ئەبو یەعلا لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) بە مەرفوعی هێناویانە دەڵێت: هەرکەس نوێژی عەسر بکات دواتر دابنیشێت و بە لای خێردا بچێ تا شەو دێت باشترە لەوەی هەشت لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکات، لە گێڕانەوەیەکی ئەبو یەعلادا

---

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٠٧) دا واهاتووە

[2] – ضعیف.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٠٥) دەڵێت لە سەنەدەکەدا موحتەسەب ئەبو عائید هەیە کە ئیبن حەبان بە جێ متمانەو جگە لەو بە لاوازی دەزانن،

دەڵێت: ئەگەر لەگەڵ خەڵکێ دابنیشم کە لە بەرەبەیان تا هەڵهاتنی خۆر یادی خوا بکەن لام خۆشەویستترە لەوەی خۆری بەڕوودا هەڵدێ(دنیا)[1].[2]

تەبەرانی لە(المعجم الكبير والمعجم الوسيط) دا بە چەند سەنەدێکی لاواز لە سەهلی کوڕی ساعدیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێت(لان اشهد الصبح ثم أجلس فأذكرالله عز وجل حتى تطلع الشمس أحب الى من ان احمل على جياد الخيل في سبيل الله حتى تطلع الشمس) (ئەگەر ئامادەی نوێژی بەیانی بم‌و دواتر دابنیشم یادی خوا بکەم تا خۆر هەڵدێ لام خۆشەویستترە لەوەی لەسەر پشتی ئەسپ لە ڕێی خوادا لێبنەوم تا خۆر هەڵدێ)[3].[4]

بەزار لەعەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (ئەگەر لە نوێژی بەیانیەوە دابنیشم تا خۆر هەڵدێ لام خۆشەویستترە لەوەی چوار کەس لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم) هەیسەمی ج١٠، ص١٠٦) دەڵێت بەزارو تەبەرانی هێناویانە بەڵام تەبەرانی وای هێناوە: ئەگەر نوێژی بەیانی بکەم‌و تا خۆرهەڵدێ یادی خوا بکەم لام خۆشەویستترە لەسەر ئەسپ لە ڕێی خوادا تا خۆر هەڵدێ، لە سەنەدی هەردووکیاندا موحەممەدی کوڕی ئەبو حەمید هەیە کە لاوازە، تەواو.

موسلیم‌و ترمزی لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئەگەربڵێم سبحان الله والحمدلله ولااله الاالله والله أكبر) لام خۆشەویستترە لەوەی خۆری لەسەر هەڵدێ(دنیا)).[5]

---

[1] – ضعيف.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٠٥) دەڵێت: ئەبو یەعلا لە گێڕانەوەیەکدا یەزیدی رقاشی هێناوە کە زۆرینەی بە لاوازی دەزانن‌و جێ متمانەشە، لە گێڕانەوەکەی ئەحمەددا یەزیدی رقاشی نەهاتووە.

[3] – ضعيف.

[4] – لە(مجمع الزوائد ج١٠، ص١٠٥) دا واهاتووە.

[5] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٨٤)دا واهاتووە.

ئەحمەد لە ئەبو ئومامەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئەگەر دابنیشم یادی خواو الله أكبرو سوپاس و حەمدی خواو ولا اله الا الله بکەم تا خۆر هەڵدێ لام خۆشەویستترە لەوەی دوو گەردن لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم، لە دوای عەسریش تا خۆرئاوا دەبێت الله أكبر و لا اله الا الله و سبحان الله بکەم لام خۆشەویستترە لەوەی چوار گەردن لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم، ئەگەر لە نوێژی عەسرەوە تا ئاوابوونی خۆر یادی خوا بکەم لام خۆشەویستترە لەوەی ئەوەندەو ئەوەندە لە ڕۆڵەکانی ئیسماعیل ئازاد بکەم)[1].[2]

(حەزی هاوەڵان(رضي الله عنهم) بۆ زیکر)

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر ڕۆژێ تا شەو یادی خوا بکەم لام خۆشەویستترە لەوەی جڵەوی ئەسپ ڕۆژێ تا ئێوارە بگرم.[3]

تەبەرانی لە(المعجم الكبير) لە ئەبو عوبەیدەی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: بۆ عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود سەخت بوو بەبێ یادی خوا قسە بکات.[4]

---

[1] – حسن.

[2] –(هەیسەمی ج١، ص١٠٤) دەڵێت ئەحمەد هەمووی و تەبەرانی بە شێوەی گێڕانەوەی دووەم هێناویانەو سەنەدەکانیشی حەسەنن، تەواو.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص٧٥) دەڵێت تەبەرانی لە ڕێگەی قاسم لە ئیبن مەسعوودی باوکیەوە هێناویەتی و فەرموودەی لێ نەبیستووە.

[4] – هەیسەمی ج٢، ص٢١٩) دەڵێت: ئەبو عوبەیدە فەرموودەی لە باوکیەوە نەبیستووەو کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن لە گێڕانەوەیەکیدا لە سەری سەخت بوو پاش هەڵهاتنی بەرە بەیان قسە بکات تا نوێژی بەیانی بکات، تەواو.

لە عەتائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن مەسعوود چوو بۆ لای خەڵكانێ دوای بەرەبەیان قسەیان دەكرد ڕێگری قسەكردنی لێكردن‌و وتی ئێوە بۆ نوێژ هاتوون یان نوێژ بكەن یان بێدەنگ بن.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیه ج١، ص٢١٩) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت:ئەگەر سەد جار الله اكبر بكەم لام خۆشەویستترە لەوەی سەد دینار ببەخشم.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٥) لە موعاذی كوڕی حەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر لە بەیانیەوە تا شەو قسە بكەم لام خۆشەویستترە لەوەی لەسەر ئەسپ لە ڕێی خوادا لێبنەوم لە بەیانیەوە تا شەو.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ٢٥٩) لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ ئەبو مووسا لە ڕێگەدا بووین كە بیستی خەڵك قسە دەكەن، قسە كارێكی بیست وتی ئەی ئەنەس ئەمە چیە؟ با بڕۆین یادی پەروەردگارمان بكەین، چونكە ئەوانە هەركامیان خەریكە بە زمانی پێست بدڕێت، فەرموودەكە دێنێت وەك لە باسی ئیمان بە ڕۆژی دواییدا هاتووە.

تەبەرانی لە موعاذی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی رافیعەوە هێناویەتی دەڵێت: لە كۆڕێكدا بووم عەبدوڵڵای كوڕی عومەر(رضي الله عنه)و عەبدوڵڵای كوڕی جەعفەر(رضي الله عنه)و عەبدوڵڵای كوڕی ئەبو عومەیرە(رضي الله عنه) لەوێ بوون، ئیبن ئەبی عومەیرە وتی: لە موعازی كوڕی جەبەلم(رضي الله عنه) بیست دەیوت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(دوو وشە یەكێكیان تا لای عەرشە كۆتایی بۆ نیە، ئەوی دیكەیش نێوانی ئاسمان‌و زەوی پڕدەكات، لا اله الا الله والله اكبر) ئیبن عومەر بە ئیبن ئەبو عومەیرەی وت تۆ ئەوەت

---

[1]- هەیسەمی ج٢، ص٢١٩) دەڵێت: عەتا فەرموودەی لە ئیبن مەسعوودەوە نەبیستووەو كەسەكانی دیكەی جێ متمانەن.

لێ بیست؟ وتی بەڵێ، ئیبن عومەر(رضي الله عنه) گریا تا ڕیشی بە فرمێسکی تەڕبوو، وتی ئەوانە دوو وشەن خۆشماندەوێن و وابەستەیان بوین[1][2].

ئیبن سەعد(ج٧، ص٢٢) لە جەریریەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەنەسی کوڕی مالیك ئیحرامی بەست لای خاوەن ڕەچەڵەکێ، هەرچی دەوت یادی خوای دەکرد تا تەواو بوو، دەڵێت پێی وت برازا گیان ئیحرام بەستن بەو شێوە دەبێت.

(کۆڕی یادی خوای گەورە)

ئەحمەدو ئەبو یەعلاو ئیبن حەبان لە صەحیحەکەیداو بەیهەقی و جگە لەوانیش لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(یقول الله عز وجل یوم القیامة سیعلم أهل الجمع من أهل الکرم)(خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەفەرموێت دواتر خەڵکی کۆ بوەوە دەزانن داروودەستەی ڕێز کامانەن) وترا ئەی پێغەمبەری خوا دەستەی ڕێز کامانەن؟ فەرمووی(دەستەی کۆڕەکانی زیکر)[3][4].

ئیبن زەنجەویەو ترمزی لەعومەرەوە(رضي الله عنه)هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەستەیەکی بەرەو نەجد ناردو لەوێ دەستکەوتێکی زۆریان دەست کەوت و خێرا هاتنەوە، یەکێ لەوانەی نەچووبوو وتی هیچ دەستەیەکمان نەدیوە هێندە خێراو پڕ دەستکەوت بێتەوە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئایا خەڵکێکتان پێ بڵێم کە

---

[1] – ضعیف.

[2] – مونزیری لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٩٤) دا دەڵێت گێڕەرەوەکانی تا لای موعاذی کوڕی عەبدوڵلا جێ متمانەن جگە لە ئیبن لوهەیعەو ئیبن لوهەیعە فەرموودەی حەسەنەو کەسەکانی دیکەش جێ متمانەن.

[3] – ضعیف.

[4] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٦٣) دا هاتووە،(هەیسەمی ج١٠، ص٧٦) دەڵێت ئەحمەد بە دوو سەنەد هێناویەتی و سەنەدێکیان حەسەنەو ئەبو یەعلایش وا هێناویەتی.

دەستەوتيان باشترو گەڕانەوەيان خێراترە؟ خەڵكى ئامادەى نوێژى بەيانى بوون دواتر لە كۆڕەكانياندا دانيشتوون يادى خوايان كردووە تا خۆر هەڵهاتووە، ئەوانە خێراتر دەگەڕێنەوەو دەستكەوتيان باشترە) لە دەقێكدا(خەڵكانێ نوێژى بەيانى دەكەن پاشان لە كۆڕەكانياندا دادەنيشن يادى خوا دەكەن تا خۆر هەڵدێت پاشان دوو ڕكات نوێژ دەكەنو دواتر دەگەڕێنەوە بۆ لاى ماڵو مناڵيان، ئەوانە لە گەڕانەوە(تاودان) خێراترو دەستكەوتيان لەوان باشترە)[1،2].

تەبەرانى لە عەبدوڕەحمانى كوڕى سەهلى كوڕى حەنيفەوە هێناويەتى دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵێكدا بوو كە ئەم ئايەتەى بۆ دابەزى(واصبر نفسك مع الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي..) ئەويش هاتەدەر بينى خەڵكێ يادى خوا دەكەن، هەيانە قژ بڵاوو پێست وشكو خاوەن يەك جلە كاتێ ئەوانى بينى لەگەڵيان دانيشتو فەرمووى(الحمدلله الذي جعل في أمتي من امرني ان اصبر نفسي معهم) (سوپاس بۆ خوا كە كەسانێكى لە ئوممەتمدا داناوە كە فەرمانى پێكردم دەروونم لەگەڵ ئەواندا خۆڕاگر ڕاگرم)[3،4].

تەبەرانى لە(المعجم الصغير)لە ئيبن عەبباسەوە(رضي الله عنه)هێناويەتى دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) داى بە لاى عەبدوڵڵاى كوڕى ڕەواحەداو باسى هاوەڵانى دەكرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووى(أما انكم الملأ الذين امرني الله أن اصبر نفسي معكم)(ئێوە

---

[1] - ضعيف.

[2] - ترمزى دەڵێت فەرموودەكە غەريبەو تەنها لەم ڕووەوە بەدى دەكەين لە سەنەدەكەدا حەمادى كوڕى ئەبو حەميد هەيە كە لاوازە، لە(كنز العمال ج١، ص٢٩٨)دا واهاتووە، بەزار لە ئەبو هورەيرەوە بەو واتايە هێناويەتى، لە گێڕانەوەكەيدا هاتووە: ئەبو بەكر وتى ئەى پێغەمبەرى خوا بەو جۆرە هاتووە،(هەيسەمى ج١٠، ص١٠٧) دەڵێت: لە سەنەدەكەدا حەميدى مەولاى ئيبن عەلقە هەيە كە لاوازە.

[3] - صحيح.

[4] - لە(تەفسيرى ئيبن كەثير ج٣، ص٨١)دا واهاتووە.

ئەو دەستەن کە خوا فەرمانی پێکردم لەگەڵتان خۆ ڕاگرم) پاشان ئەم ئایەتەی خوێند(وأصبر نفسك مع الذين يدعون ربهم بالغداة والعشي) تا(وكان أمر فرطا) کاتێ ژمارەتان دادەنیشت فریشتەکانیش لەگەڵیان دادەنیشن، ئەگەر سوبحانەڵڵا بکەن ئەوانیش دەیکەن، ئەگەر الحمدلله یان الله أکبر بکەن ئەوانیش دەیکەن، پاشان بەرز دەبنەوە بۆ لای پەروەردگارو خۆیشی لەوان زاناترە دەڵێن: پەروەردگارا بەندەکانت سوبحانەڵڵایان کرد ئێمەیش کردمان، الله أکبرو الحمدلله یان کرد ئێمەیش کردمان، پەروەردگارمان دەفەرموێت: ئەی فریشتەکانم ئێوە بە شایەت دەگرم لێیان خۆش بووم، ئەوانیش دەڵێن لە نێویاندا فلانو فلان تاوانکار هەن، خوا دەفەرموێت ئەوانە خەڵکێکن دانیشتوویان لێیان سەرکەشو شەقی نابێت.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحليه ج١، ص٣٤٢) لە ثابتی بەنانیەوە هێناویەتی دەڵێت: سەلمان(ﷺ) لەگەڵ دەستەیەکدا بوو کە یادی خوایان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لایداو ئەوانیش وەستان، فەرمووی(چیتان دەوت؟) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا یادی خوامان دەکرد، فەرمووی(بڵێن، چونکە من ڕەحمەتم بینی دادەبەزی بەسەرتاندا بۆیە حەزم کرد لەگەڵتاندا بەشدار بم) پاشان فەرمووی (سوپاس بۆ خوا کە لە ئوممەتەکەمدا کەسی وای داناوە کە فەرمانی پێکردووم لەگەڵیاندا خۆم ڕابگرم).

ئیبن ئەبی دنیاو ئەبو یەعلاو بەزارو تەبەرانیو حاکم، بە صەحیحی داناوە، و بەیهەقی لە جابرەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامانو فەرمووی(يا أيها الناس تن الله سرايا من الملائكة تعل وتقف على مجالس الذكر في الأرض فارتعوا في رياض الجنة) وتیان ئەی باخچەکانی بەهەشت لە کوێن؟ فەرمووی(مجالس الذكر، فاغدوا أوروحوا في ذكر الله وذكروا أنفسكم من كان يحب

---

[1] -(هەیسەمی ج١٠، ص٧٦) دەڵێت لە سەنەدەکەدا موحەممەدی کوڕی حمادی کووفی هەیە کە لاوازە

أن يعلم منزلته عندالله فلينظر كيف منزلة الله عنده؟ فأن الله ينزل العبد منه حيث انزل من نفسه)(کۆڕەکانی زیکر، دەی بەیانی یان ئێوارە لە یادی خوادا بن و دەروونتان بە بیری سەرقاڵ بکەن، هەرکەس حەز دەکات بزانێ پلەو پایەی لای خوا چەندە با سەیر بکات پلەو پایەی خوا لای ئەو چۆنە؟ چونکە خوای گەورە بە پێی داناى پلەو پایە لە دەروونی بەندەدا پلەو پایەی بەندە لای خۆی دادەنێ)[1,2].

تەبەرانی لە(المعجم الصغير) لە جابری کوڕی سەمرەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ)کە نوێژی بەیانی دەکرد دادەنیشت یادی خوای دەکرد تا خۆر هەڵدەهات، (هەیسەمی ج١٠، ص١٠٧) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن، جگە لە دەقی(یادی خوای دەکرد) ەوی دیکەی لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە.

ئەحمەدو تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا دەستکەوتی کۆڕی زیکر چیە؟ فەرمووی(بەهەشت)[3,4].

ئیبن عەساکیر لەئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێ کۆڕی زیکر بوژێنەرەوەی زانستە و خشوع بە دڵەکان دەبەخشێت.[5]

---

[1] – ضعيف.

[2] – مونزیری لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٦٥) دەڵێت: لە سەنەدەکانیاندا عومەری مەولای عەفرە هەیە کە قسە لەسەر کردنی دێنێت، کەسەکانی دیکە جێ متمانەو ناسراوو جێ بەڵگەن و فەرموودەکەش حەسەنە،(هەیسەمی ج١٠، ص٧٧) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عومەری کوڕی عەبدوڵڵای عەفەر هەیە کە چەندێ بە جێ متمانەو دەستەیەك بە لاوازی دەزانن، کەسەکانی دیکەش جێ متمانەن.

[3] – حسن لغيره.

[4] – سەنەدی ئەحمەد حەسەنە وەك(هەیسەمی ج١٠، ص٧٨)و مونزیری(ج٣، ص٦٥) دەڵێت.

[5] – لە(كنز العمال ج١، ص٢٠٨) دا واهاتووە.

(کەفارەتی کۆڕو دانیشتن)

ئیبن ئەبی دنیاو نەسائی دەقەکە هی ئەم دووانەیە، و حاکمو بەیهەقی لە عائیشەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە لە کۆڕێ دادەنیشت یان نوێژی بکردایە چەند وشەیەکی دەوت، پرسیارم کرد لە عائیشە کە ئەو وشانە چی بوون، وتی ئەگەر بە خێر قسەی کرد مۆرك بوو بەسەریانەوە تا ڕۆژی دوایی، بە خراپە قسەی کرد کەفارەتەکەی ئەوەیە(سبحانك اللهم وبحمدك لا اله الا أنت أستغفرك وأتوب اليك).[1]

ئەبو دەردا لە ئەبو بەرزەی ئەسلەمیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتای کۆڕدا کە دەیویست هەستێ دەیفەرموو(سبحانك اللهم وبحمدك اشهد أن لا اله الا أنت استغفك و اتوب اليك) یەکێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا تۆ قسەیەکت کرد کە جاران نەتدەفەرموو، فەرمووی(كفارة لما يكون في المجلس)[2](کەفارەتە بۆ ئەوەی لە کۆڕەکەدایە) نەسائیش هێناویەتی دەقەکە هی ئەوە لەگەڵ حاکم بە صەحیحی داناوە، و تەبەرانی لە هەر سێ موعجەمەکەیدا بە کورتی بە سەنەدی جیید لە رافعی کوڕی خودەیجەوە بەو شێوەی فەرموودەی ئەبو بەرزە هێناویەتیو دوای(أتوب اليك) ئەمەشی بۆ زیاد کردووە(عملت سوء أو ظلمت نفسى فاغفر لي انه لا يغفر الذنوب الا أنت)(خراپم کردووەو ستەمم لە خۆم کردووە، دەی لێم خۆش بە چونکە تەنها تۆ لە تاوانەکان خۆش دەبیت) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ئەو وشانە تازە فەرموونت، فەرمووی(بەڵێ جبرئیل هات بۆ لامو فەرمووی ئەی موحەممەد کەفارەتەکانی کۆڕو دانیشتن)[3،4].

---

[1] – صحیح.

[2] – صحیح.

[3] – ضعیف.

[4] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٧٢)دا واهاتووە.

تەبەرانی لە(المعجم الصغیرو الأوسط) لە زوبەیری کوڕی عەوامەوە هێناویەتی دەڵێت: وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە ئەگەر لە لات هەستاین قسەی سەردەمی نەزانی دەکەین، فەرمووی(ئەگەر لەو کۆڕانەدا دانیشتن کە تیایدا ترسان بۆ سەر دەروونتان هەبوو لەو شوێنەتاندا بڵێن اللهم سبحانك وبحمدك نشهد أن لا اله الا انت نستغفرك ونتوب اليك، کەفارەتە بۆتان بۆ ئەوەی تووشی بوون)[1,2].

ئەبو دەرداو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە هێناویانە وتی: هەندێ وشە هەن هەرکەس لە کۆڕی حەق یان پووچەڵو باتڵدا لە کاتی هەستانیدا سێ جار بیانڵێت کەفارەتە بۆی،لە هەر کۆڕێکی خێرو زیکریشدا بڵێ خوای گەورە مۆری کۆتایی بەوانە بۆ لێدەدات وەك چۆن مۆری سەر پەڕاو لێدەدات،(سبحانك الله.....)[3,4].

(خوێندنی قورئان)

ئیبن حبان لە فەرموودەیەکی دوورودرێژ لە ئەبو زەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا وەسیەتم بۆ بکە، فەرمووی(لە خوا بترسە چونکە سەری هەموو شتێکە)(عليك بتقوى الله فأنه رأس الأمر كله) وتم ئەی پێغەمبەری خوا زیاتر وەسیەتم بۆ بکە، فەرمووی(عليك بتلاوة القرأن فأنه نور لك الأرض وذخر لك في السماء)(قورئان بخوێنە، چونکە لە زەویدا ڕووناکیە بۆتو لە ئاسمانیشدا خەزێنەیە بۆت)[1,5].

---

[1] – ضعيف.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٤٢) دەڵێت لە سەنەدەکەدا کەس هەیە نایناسم.

[3] – صحيح.

[4] – بە هەمان شێوەی فەرموودەکەی عائیشە دێنێت، لە(الترغيب والترهيب)دا واهاتووە.

[5] – ضعيف.

تەیالسیو ئەحمەدو ئیبن جەریرو تەبەرانیو ئەبو نەعیم لە ئەوسی کوڕی حوزەیفەی ثەقەفیەوە هێناویانە دەڵێت: وەفدی ثەقیف بووین چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەخلافیەکان لای موغیرەی کوڕی شوعبەو مالیکیەکان لای چادرەکەی دابەزی، پێغەمبەر(ﷺ) دەهات بۆ لامانو دوای نوێژی عیشا قسەی بۆ دەکردین لە تاو زۆر وەستانی قاچەکانی ئەملاولای پێدەکرد،زۆربەی فەرمایشتی سکاڵا بوو لە قوڕەیش، دەیفەرموو(لە مەککە لاواز بووین، کە هاتینە مەدینە ڕێزی خەڵکەکەمان گرتو شەڕی جەنگ بەسەر بوو، جارێ بۆمانو جارێ لە دژمان) شەوێ لە کاتی جارانی نەهات بۆ لامان، دواتر هاتو وتمان ئەی پێغەمبەری خوا ئەمشەو لە کاتی خۆیدا نەهاتیت، فەرمووی(انه طرا علی حزبی من القرأن فأحببت أن لااخرج حتی اقرأه)(شتێ لە حیزبی قورئانەکەم مابوو حەزم کرد نەیەمە دەر تا بیخوێنم یان فەرمووی تەواوی بکەم) کە بەیانی هات لە هاوەڵان پرسیارمان کرد حیزبی قورئان چۆنەو چیە؟ وتیان سێو پێنجو حەوتو نۆزدەو یانزەو سیانزەو حیزبی موفەصەل[2]،[3] ئەبو دەرداد(ج٢، ص٣١٠) لە ئەوسی کوڕی حوزەیفەوە بەو شێوە بە دووررودرێژی هێناویەتی، لە گێڕانەوەکەی ئەمدا هاتووە(فکرهت أن اجیء حتی أتمه)(حەزم نەکرد بێم تا تەواوی بکەم).

ئەبو داود لە موغیرەی کوڕی شوعبەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ لە پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی وەرگرت کە لە نێوان مەککەو مەدینەدا بوو، وتی ئەمشەو حیزبی قورئانەکەم لەدەست چوو، من هیچ شتێ پێش ئەو ناخەم.[4]

ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص٢٥٨) لە ئەبو سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب بە ئەبو مووسای دەوت:خوامان بە بیر بێنەوە، ئینجا

---

[1] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٨)دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٣٢)دا واهاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٦)دا واهاتووە.

قورئانی دەخوێند، ئیبن سەعد(ج٤، ص١٠٩) لە ئەبو سەلەمەوە بەو شێوە هێناویەتی، لە حەبیبی کوڕی ئەبو مەزروعەوە دەڵێت: بیستمان وا بزانین عومەری کوڕی خەتتاب بە ئەبو مووسای ئەشعەری وت خوامان بیر بخەرەوە، ئەویش قورئانی بەسەردا خوێند، دەنگیشی بۆ قورئان خۆش بوو، لە ئەبو نەزرەوە دەڵێت عومەر بە ئەبو مووسای وت تامەزرۆی لای پەروەردگارمان بکە، ئەویش قورئانی خوێند، وتیان کاتی نوێژە، عومەر وتی مەگەر ئێمەش لە نوێژدا نین؟.

ئیبن ئەبی داود لە ئیبن عبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب کە دەچوویە ماڵ قورئانەکەی دەکردەوەو دەیخوێند.[1]

ئەحمەد لە(الزهد)و ئیبن عەساکیر لە عوسمانەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: حەز ناکەم شەوو ڕۆژێکم بەسەردا بێت مەگەر بڕوانمە قورئان، واتە خوێندنی قورئان.[2]

هەروەها لە عوسمانەوە هێناویانە دەڵێت: ئەگەر دڵتان پاك بێت لە فەرمایشتی خوا تێر نابن، لە(کنز العمال ج١، ص٢١٨)دا واهاتووە، بەیهەقی لە(الأسماء والصفات ص١٨٢) لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەمیری باوەڕداران عوسمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه) وتی: ئەگەر دڵەکانمان پاك بن لە فەرمایشتی پەروەردگارمان تێر نابین، من حەز ناکەم ڕۆژێ بەسەرمدا تێپەڕێ‌و تیایدا نەڕوانمە قورئان، عوسمان کە مرد لە تاو زۆر خوێندنەوەی قورئان پەڕەکانی کۆنەو دڕابوون.

ئیبن ئەبی داود لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: درێژە بدەن بە ڕوانینە ناو قورئان.[3]

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٤)دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٥) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٦) دا واهاتووە.

ئیبن سەعدیش(ج٤، ص١٧٠) لە حەبیبی کوڕی شەهیدەوە هێناویەتی بە نافع وترا: ئیبن عومەر لە ماڵەوەیدا چی دەکرد؟ وتی بەرگەی ناگرن، بۆ هەر نوێژێ دەست نوێژی دەگرت و لە نێوانیاندا قورئانی دەخوێند.

حاکم(ج١، ص٢٤٢) لە ئیبن ئەبو مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: عیکرمەی کوڕی ئەبو جەهل قورئانی هەڵدەگرت و لەسەر ڕووی دایدەناو دەگریاو دەیوت فەرمایشتی پەروەردگارم، کتێبی پەروەردگارم.[1]

ئیبن ئەبی داود لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس صەلەوات بدات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) دە خێری بۆ دەنوسرێت، ئەگەر یەکێکتان لە بازاڕەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ با قورئانەکەی بکاتەوەو قورئان بخوێنێ چونکە بە هەر پیتێ دە خێری بۆ دەنوسرێت، هەروەها لە گێڕانەوەیەکی دیکەیدا دەڵێت: خوا بۆ هەر پیتێ دە خێری بۆ دەنوسێت، من ناڵێم(الم) بەڵکو دەڵێم ئەلف دەو لام دەو میم دە.[2]

(خوێندنی سورەتەکانی قورئان لە شەوو ڕۆژو سەفەرو ماڵەوە)

ئیبن عەساکیر لە عوقبەی عامری جوهەنیەوە هێناویەتی دەڵێت: گەیشتم بە پێغەمبەر(ﷺ) و پێی فەرمووم(یا عقبة بن عامر صل من قطعك وأعط من حرمك، واعف عمن ظلمك)(ئەی عوقبەی کوڕی عامر سەردانی ئەوە بکە پەیوەندیت لەگەڵ دەبڕێ، ببەخشە بەوەی بێبەشت دەکات، لەوە خۆش بە کە ستەمت لێدەکات) پاشان گەیشتم بە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەی عوقبە ئایا چەند سورەتێکت پێ

---

[1] - زەهەبی دەڵێت فەرموودەکە مورسەلە.

[2] - لە سەنەدی هەردووکیاندا سەوری مەولای جەعدەی کوڕی هوبەیرە هەیە، وەك لە(کنز العمال ج١، ص٢١٩)دا واهاتووە

بڵێم کە خوا لە تەورات و زەبوورو ئینجیل و قورئاندا نموونەی دانەبەزاندووە؟ هیچ شەوێ بەسەریاندا نەهاتووە مەگەر ئەوەی لەو شەوەدا خوێندوومن، قل هوالله احد، قل اعوذوا برب الفلق، قل أعوذوا برب الناس) لەو کاتەوەی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم هەموو شەوێ دەمخوێند، حەقە وازیان لێ نەهێنم لە کاتێکدا پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردووم پێیان[1][2].

نەسائی لە عائیشەوە(رضي الله عنها)هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوویە سەر جێگەکەی دەستەکانی کۆ دەکردەوەو فووی پێدا دەکردن و تیایاندا(قل هو الله أحد، قل أعوذوا برب الفلق) ی دەخوێندو دواتر دەستەکانی دەهێنا بەسەر لەشیدا چەندە بیتوانیایە، سەرەتا دەستی بەسەر سەریدا دەهێنا لەگەڵ ڕووی پێشەوەی لەشی، سێ جار ئەوەی دەکرد، ئیبن نەجار لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(رضي الله عنه) کە دەچوویە سەر جێگەکەی فووی دەکرد بە نێو دوو لەپی دەستیداو(قل هو الله أحد و قل أعوذوا برب الفلق و قل أعوذوا برب الناس) ی دەخوێند ئینجا دەستەکانی دەهێنا بەسەر دەموچاوو باڵەکانی و سەر سنگیداو هەرلایەکی دیکەی جەستەی کە دەستی پێ بگەیشتایە، عائیشە دەڵێت: کاتێ نەخۆشیەکەی لەسەر سەخت بوو فەرمانی پێکردم ئەوەی پێ بکەم[3][4].

---

[1] - صحیح.

[2] - لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٣)دا واهاتووە

[3] - صحیح.

[4] - لە(کنز العمال ج٨، ص٦٨)دا واهاتووە، لە(جمع الفوائد ج٢، ص٢٥٩)دا دەڵێ هەر شەش زانای فەرموودە جگە لە نەسائی هێناویانە بە واتای فەرموودەی نەجار بەڵام ئەم دەڵێت: سوورەتە پەنا پێگرەکان و(قل هو الله احد).

ترمزی لە جابرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) نەدەخەوت تا(الم تنزيل)و(تبارك الذي بيده الملك) ی دەخوێند،[1] تاوس دەڵێت بە حەفتا خێر فەزڵیان هەیە بە سەر هەموو سورەتێکی قورئاندا.[2]

ترمزیو ئەبو داود لە عربازی کوڕی ساریەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی(ﷺ) موسەبیحاتەکانی دەخوێند پێش ئەوەی بخەوێت، کاتێ ڕادەکشا، دەیوت ئایەتێکیان تێدایە لە هەزار ئایەت خاوەن فەزڵ ترە،[3] ترمزی لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) نەدەخەوت تا زومەرو بەنی ئیسرائیلی دەخوێند.[4]

ترمزی(ج٢، ص١٧٦) لە فەروەی کوڕی نەوفەلەوە هێناویەتی هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و وتی ئەی پێغەمبەری خوا شتێکم فێر بکە کە چوومە سەر جێگەکەم بیڵێم، فەرمووی(قل يا أيها الكافرون) بخوێنە چونکە ئەو سورەتە دوورە پەرێزیو بەرائەتە لە هاوەڵ دانان)(اقرأ قل يا أيها الكافرون فأنها من الشرك).[5]

حاکم لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لە گۆڕدا دێن بۆ لای کەسو لای قاچەکانیەوە دێن، دەڵێت: لای منەوە ڕێتان بۆ نیە سورەتی مولکی دەخوێند، دواتر لە لای سنگیەوە دێن یان وتی سکی، دەڵێت لای منەوە ڕێتان بۆ نیە ئەو سورەتی مولکی دەخوێند، مولك ڕێگرە لە سزای ناو گۆڕ، لە تەوراتدا هەیە سورەتی مولك هەرکەس شەوێك بیخوێنێ زۆری خوێندەوەو زۆر چاکی خوێندووە[6][7].

لای نەسائی بە کورتی هاتووە هەرکەس هەموو شەوێك سورەتی تبارەك بخوێنێ خوا بەوە لە سزای ناو گۆڕ دەیپارێزێت، ئێمە لە سەردەمی پێغەمبەردا بەو

---

[1] – صحيح.

[2] – لە(جمع الفوائد ج٢، ص٧٦)دا واهاتووە.

[3] – ضعيف.

[4] – لە(جمع الفوائد ج٢، ص٢٦٠) دا هاتووە.

[5] – صحيح.

[6] – صحيح.

[7] – حاکم دەڵێت: سەنەدەکەی صەحیحە.

سورەتەمان دەوت(المانعة)(ڕێگر) لە قورئاندا هەیەو سورەتێکەو هەرکەس هەموو شەوێ بیخوێنێ زۆری کردووەو زۆر چاکی کردووە[1].[2]

ئەبو عوبەیدەو سەعیدی کوڕی مەنسوورو عەبدی کوڕی حەمیدو بەیهەقی لە (شعب الأیمان) لە عومەری کوڕی خەتتابەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت هەرکەس (البقرۀ ال عمرانۀ النساء) لەشەوێکدا بخوێنێ لە ناو(قانتین)دا ناوی دەنوسرێت.[3]

ئەبو یەعلا لە جوبەیری کوڕی موتعەمەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرمووم:(ئەی جوبەیر ئایا حەز دەکەیت ئەگەر لە سەفەرێك دەرچوویت لە پایە بەرزترین هاوەڵانت بیت لە شێوەداو لە هەموویان توێشووت زیاتر بێت) وتم بەڵێ بە دایکمەوە بە قوربانت بم، فەرمووی(دەی ئەم پێنج سورەتە بخوێنە:(قل یا أیها الکافرون، اذا جاء نصرالله والفتح، قل هو الله احد، قل اعوذوا برب الفلق، قل اعوذوا برب الناس) بۆ هەر سورەتێ بە(بسم الله الرحمن الرحیم) دەست بکە، بە(بسم الله الرحمن الرحیم) کۆتایی بهێنە بە قورئان خوێندنەکەت) جوبەیر وتی: من دەوڵەمەند بوومو سامانم زۆر بوو، کە دەچووم بۆ سەفەر لە شێوەدا لە هەموویان کەم ڕووخسارترو لە توێشوودا کەمتر بووم، لەو کاتەوەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) ئەوانی فێر کردم دەمخوێند لە هەموویان شێوە چاکترو توێشوو زیاتر بووم تا لە سەفەرم دەگەڕامەوە[4].[1]

---

[1] – حسن.

[2] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٣٨) دا هاتووە، بەیهەقی لە ئیبن مەسعوودەوە بە دوورو درێژی هێناویەتی وە لە(کنز العمال ج١، ٢٢٣) دا هاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٢)دا واهاتووە.

[4] – ضعیف.

ئەبو داودو ترمزی‌و نەسائی بە سەنەدی صەحیح لە عەبدوڵڵای کوڕی خوبەیبەوە هێناویانە دەڵێت شەوێکی تاریك‌و باراناوی سەخت بوو چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) تا نوێژمان بۆ بکات، پێی گەیشتین، فەرمووی(بڵێ) منیش هیچم نەوت،هەمدی فەرمووی(بڵێ) هیچم نەوت، هەمدی فەرمووی(بڵێ) وتم ئەی پێغەمبەری خوا چی بڵێم؟ فەرمووی(قل هو الله احد)و دوو پەنا پێگرەکە کاتێ شەو بەیانی دەکەیتەوە سێ جار بیانڵێ بۆ هەموو شتێ بەست دەکەن)[2،3].

سەعیدی کوڕی مەنسوورو ئیبن فەریس لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: هەرکەس لە دوای نوێژی بەیانی دە جار(قل هو الله أحد) بخوێنێ ئەو ڕۆژە تاوانێکی پێ ناگات با شەیتان هەر هەوڵێکیشی لەگەڵدا بدات.[4]

(خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئان لە شەوو ڕۆژو سەفەرو ماڵەوەدا)

بەیهەقی لە(شعب الأیمان) لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر پلەکانی ئەم مینبەرە دەیفەرموو(هەرکەس لە دوای هەموو نوێژێ ئایەتەلکورسی بخوێنێ هیچ ڕێی چوونە بەهەشتی لێناگرێ جگە لە مردن، هەرکەسیش کاتێ دەچێتە جێی خەوتنی بیخوێنێ خوا لەسەر ماڵی خۆی‌و ماڵی دراوسێکەی‌و خەڵی دەوروبەری پارێزراوی دەکات)(من قرأ اية الكرسي دبر كل

---

[1] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٤) دەڵێت لە سەنەدەکەدا کەس هەیە کە نایانناسم

[2] – حسن.

[3]– ترمزی دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی صەحیحە، لە(الأذكاری نەوەوی ص٩٦)دا واهاتووە

[4] – لە(كنز العمال ج١، ص٣٢٢)دا واهاتووە.

صلاة لم يمنع من دخول الجنة رلا الموت، ومن قراها يأخذ مضجعة امنه الله على داره دار جاره أهل دويرات حول)[1].[2]

ئەبو عوبەید لە(الفضائل)و ئیبن ئەیشەیبەو دارمیو جگە لەوانیش لە عەلیەوە هێناویانە دەڵێت: نابینم کەسێ لە ئیسلامدا لە دایك بووبێ یان هۆشی کردبێتەوە شەو بنوێ بە بێ خوێندنی ئەم ئایەتە ﴿اللّهُ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾ ئەگەر دەزانن ئەو ئایەتە چیە؟!! پێغەمبەرەکەتان لە کەنزێکی ژێر عەرشەوە پێی بەخشراوەو بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش پێغەمبەری ئێوە نەبەخشراوە، هیچ شەوێ نەخەوتووم تا سێ جار نەیخوێنم، لە دوو ڕکاتی دوای عیشاداو لە ویتریشداو کاتێکیش دەچمە نا جێگەکەم دەیخوێنم.[3]

دارمیو موسەددەدو موحەممەدی کوڕی نەسرو ئیبن فەریسو ئیبن مەردەویە لە عەلییەوە هێناویانە دەڵێت: وام نەدەبینی کەسێ عەقڵی هەبێ بخەوێ تا کۆتا ئایەتەکانی سورەتی بەقەرە نەخوێنێ چونکە ئەوانە لە کەنزێکی ژێر عەرشەوەن.[4]

دارمی لە عوسمانەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس لە شەوێکدا کۆتایی ال عمران بخوێنێ شەو نوێژی شەوێکی بۆ دەنوسرێت.[5]

---

[1] – صحيح لغيره.

[2] – بەیهەقی دەڵێت سەنەدەکەی لاوازە، لە(کنز العمال ج١، ص٢٢١)دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢١)دا واهاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج١،ص٢٢٢)دا واهاتووە.

[5] – لە(کنز العمال ج١، ٢٢٢)دا واهاتووە.

تەبەرانی شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵڵا واتە ئیبن مەسعوود وتی: هەرکەس لەماڵێکدا دە ئایەتی سورەتی بەقەرە بخوێنێ شەیتان ئەو شەوە تا بەیانی ناچێتە ئەو ماڵە: چوار ئایەتی یەکەمی و ئایەتەلکورسی و دوا ئایەتی دواتری و کۆتاییەکانی سورەتی بەقەرە.[1]

نەسائی و حاکم و تەبەرانی و ئەبو نەعیم و بەیهەقی و سەعیدی کوڕی مەنسوورو جگە لەوانیش لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە(رضي الله عنه) هێناویانە کە جەرینێکی هەبووە خورمای تیادا بووە، چاوی لێبووە، سەیری کرد کەم دەکات، شەوێ پاسەوانی کرد ئاژەڵێ وەك هەرزەکارێ وابوو هات، دەڵێت: سەلامم کردو وەڵامی دایەوە، وتم تۆ چیت جنۆکە یان مرۆڤ؟ وتی جنۆکە، وتم دەستم بدەرێ، دەستی دامێ، دەستی لە دەستی سەگ و مووی لە مووی سەگ بوو، وتم جنۆکە ئاوا دروستکراوە، وتی: وا دەتزانی جنۆکە خەسڵەتی لەمن بەهێزتریان هەیە، وتم بۆچی واتکرد؟ وتی: بیستمان تۆ کەسێکیت حەزت بە خێرە بۆیە حەزمانکرد لە خۆراکت بێبەش نەبین، وتم ئەی چی ئێمە لە ئێوە دەپارێزێت؟ وتی ئەم ئایەتەلکورسیەی لە سورەتی بەقەرەدایە، هەرکەس ئێوارە بیخوێنێ تا بەیانی لە ئێمە پارێزراو دەبێ، هەرکەس بەیانی بیخوێنێ تا ئێوارە لێمان پارێزراو دەبێت، بەیانی ئوبەی چوو بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و بۆی گێڕایەوەو ئەویش فەرمووی(پیسەکە ڕاستی کرد)(صدق الخبیث)[2][3].

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی بوسرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لە حیمص دەرچووم و شەو لە چۆڵەوانیەك بووم، خەڵکێکی سەر زەوی لام بوو، ئەم ئایەتەی سورەتی ئەعرافم خوێند ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ﴾ تا کۆتایی، هەندێ بە

[1] – هەیسەمی ج١٠، ص١١٨) دەڵێت: کەسەکانی صەحیحن بەڵام شەعبی فەرموودەی لە ئیبن مەسعوود نەبیستووە، تەواو.

[2] – صحیح.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢١)دا واهاتووە،(هەیسەمی ج١٠، ص١١٨) دەڵێت تەبەرانی هێناویەتی و کەسەکانی جێ متمانەن.

هەندێکی دیکەیان وت: ئێستا پاسەوانی بکەن تا بەیانی دەکاتەوە، بەیانی سواری وڵاخەکەم بووم.[1]

ئیبن عەساکیر لە عەلائی کوڕی لەجلاجەوە هێناویەتی کە بە کوڕەکانی وت: کە خستمتانە ناوگۆڕەکەم بمخەنە ناوی‌وبڵێن بەناوی خواولەسەرسوننەتی پێغەمبەری خوا،خۆڵم بەسەردا بکەن‌و لەسەر سەرم سەرەتاوکۆتایی بەقەرە بخوێنن، چونکە من ئیبن عومەرم بینی ئەوەی بە سوننەت دەزانی.[2]

ئیبن زەنجەویە لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس حەز دەکات پشکی گەورەی تای تەرازوو بەریٚ با ئەم ئایەتە سیٚ جار بخوێنیٚ(سبحان ربك رب العزة عما يصفون...........) الصافات ١٨٠.[3]

ئەبو یەعلا لە عەبدوڵڵای کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف کە دەچوویە ماڵی خۆی لە سوچەکانیدا ئایەتەلکورسی دەخوێند.[4]

---

[1]-(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٣) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موسەیبی کوڕی واضع هەیە کە هەندیٚ بە جیٚ متمانەو دەستەیەك بە لاوازی دەزانن. کەسەکانی دیکە صەحیحن،تەواو.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ١١٩)دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٢٢)دا هاتووە.

[4]-(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٨) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی جیٚ متمانەن بەڵام عەبدوڵڵا فەرموودەی لە ئیبن عەوف نەبیستووە.

وتنی وشەی پاکی(لا اله الا اللّه)

بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری خوا بەختەوەرترین کەسان بە شەفاعەتت لە ڕۆژی دواییدا کێن؟ فەرمووی(ئەی ئەبو هورەیرە دڵنیابووم کەس پێش تۆ لەسەر ئەو فەرموودە پرسیارم لێنەکات کاتێ بیستم سووریت لەسەر فەرموودە، بەختەوەرترین کەسان بە شەفاعەتم لە ڕۆژی دواییدا ئەوەیە کە دەڵێت لا اله الا الله پوختو پاك لە دڵیەوە یان دەروونیەوە)(لقد ظننت يا أبا هريرة أن لا يسألني عن هذا الحديث أحد أول لما رأيت من حرصك على الحديث، أسعد الناس بشفاعتي يوم القيامة من قال لا اله الا الله خالصا من قلبه أو نفسه).[1]

تەبەرانی لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە بە مەرفوعی هێناویەتی فەرمووی(هەرکەس بە پاكو پوختی بڵێ لااله الاالله دەچێتە بەهەشت) وترا پاكو پوختیەکەی(اخلاص) چیە؟ فەرمووی(لە حەرامەکانی خوا ڕێی لێ بگرێ)(أن تحجزة عن محارم الله)[2].[3]

نەسائیو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیداو حاکم بە صەحیحی داناوە، لە ئەبو سەعیدی خودرەوە(رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە(صلى الله عليه وسلم) هێناویانە فەرمووی(مووسل سەلامی خوای لێبێت وتی ئەی پەروەردگارا شتێکم فێر بکە تا پێی یادی تۆ بکەمو لێت بپاڕێمەوە، فەرمووی بڵێ لا اله الا الله، وتی ئەی پەروەردگارا هەموو بەندەکانت ئەوە دەڵێن، فەرمووی بڵێ لا اله الا الله، وتی من شتێکم دەوێت تایبەتی بکەیت

[1] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٧٢) دا واهاتووە.
[2] – موضوع.
[3] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٧٤)دا واهاتووە.

پێم، فەرمووی ئەی مووسا ئەگەر حەوت ئاسمانەکان و حەوت زەویەکان لەلایەك بن و لا اله الا الله لە لایەکدا بێت لا اله الا الله لێیان قورسترە)[1].[2]

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(لو أن السموات السبع وعامرهن غيري والأرضين السبع في كفة ولا اله الا الله في كفة مالت بهن لا اله الا الله).[3]

بەزار لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (ئایا وەسیەتی نووحتان بۆ کوڕەکەی پێ بڵێم؟) وتیان بەڵێ، فەرمووی (نوح وەسیەتی کرد بۆ کوڕەکەی و بە کوڕەکەی فەرموو: ئەی کوڕی شیرینم من وەسیەتت بۆ دەکەم بە دوو شت و ڕێگریت لێدەکەم لە دووشت، وەسیەتت بۆ دەکەم بە لا اله الا الله چونکە ئەگەر بخرێتە تایەك و ئاسمانەکان و زەویش بخرێتە تایەك ئەوا لا اله الا الله لەوان قورسترە، ئەگەر ئەڵقەیەك بوایە لێیان قورسترو زاڵتردەبوو تا پوخت بۆ لای خوا بچێت،وە فەرمانت پێدەکەم بە وتنی سبحان الله العظيم وبحمده، چونکە پەرستشی دروستکراوانە، بەوەش ڕۆزییان دەبڕێتەوە، ڕێگریشت لێدەکەم لە دوو شت، هاوەڵ دانان و خۆ بە زل زانین، چونکە ئەو دوانە ڕێگرن لە بەرەو خوا چوون) دەڵێت وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئەگەر کەسێ خواردن بێنێ و دەستەیەك لەسەری بن یان جلی پاك و چاك بپۆشێ ئەوە خۆ بە زل زانینە؟ فەرمووی(ليس يعني بالكبر، انما الكبر أن تسفه الخلق وتغمص الناس)(نا، واتە لە

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٢، ص٧٥) دا واهاتووە، ئەبو یەعلاش لە ئەبو سەعیدەوە بەو شێوە هێناویەتی.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص٨٢) دەڵێت کەسەکانی جێ کتمانەن و لاوازیەکیشیان تێدایە.

بە خۆ زلزانین نیە، بەڵکو خۆ بە زل زانین ئەوەیە خەڵك بە گەمژە بزانیو سووكو كەم لەگەڵیان بجوڵێیتەوە)[1][2].

لە گێڕانەوەیەكیشدا هاتووە فەرمووی(ولو أن السموات والأرض وما فيهما كانت حلقة فوضعت لا اله الا الله عليهما لقصمتهما).

ئەحمەد بە سەنەدی حەسەنو تەبەرانیو جگە لەوانیش لە یەعلای كوڕی شدادەوە هێناویانە دەڵێت: ئەبو شیدادی كوڕی ئەوس بۆی گێڕامەوەو عوبادەی كوڕی صامتیش ئامادە بوو بە ڕاستی دانا وتی لای پێغەمبەر(ﷺ) بووین فەرمووی(ئایا نامۆیەكتان تێدایە؟) واتە ئەهلی كیتاب، وتمان نا ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمانی كرد بە داخستنی دەرگاكانو فەرمووی (دەستەكانتان بەرز بكەنەوەو بڵێن لا اله الا الله) ئێمەش ماوەیەك دەستەكانمان بەرز كردەوە، ئینجا فەرمووی (سوپاس بۆ خوا، خوایە تۆ بەو وشەیە منت ناردو فەرمانت پێكردم بەو وشەو بەڵێنی بەهەشتت پێدام لەسەریو تۆش لە بەڵێن لا نادەیت) پاشان فەرمووی (موژدەتان لێبێت چونكە خوا لێتان خۆش بوو)[3][4].

ئەحمەد لە ئەبو زەرەوە هێناویەتی وتم: ئەی پێغەمبەری خوا وەسیەتم بكە، فەرمووی(ئەگەر خراپەیەكت كرد بە دوایدا چاكەیەك بكە دەیسڕێتەوە)(اذا عملت

---

[1] – صحيح.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص٨٤) دەڵێت لە سەنەدەكەدا موحەممەدی كوڕی ئیسحاق هەیە كە مودەللەسە، كەسەكانی دیكەی صەحیحن، تەواو. حاكم لە عەبدوڵڵاوە بەو شێوە هێناویەتیو دەڵێت: سەنەدەكەی صەحیحە، وە لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٧٧)دا هاتووە.

[3] – ضعيف.

[4] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٧٥)دا واهاتووە،(هەیسەمی ج١٠، ص٨١) دەڵێت ئەحمەد هێناویەتیو لە سەنەدەكەدا راشدی كوڕی داود هەیە كە هەندێ بە جێ متمانەی دەزانو لاوازیەكیشی تێدایە، كەسەكانی دیكە جێ متمانەن، تەواو.

سيئة فأتبعها حسنة تمحها) وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لااله الا الله لە چاکەکانە؟ فەرمووی(ئەوە چاکترینی چاکەکانە)(هي أفضل الحسنات)[1,2].

ئیبن خەسرەو لە عومەری کوڕی خەتتابەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی کە ئەوانی بینی لا اله الا الله والله اكبر يان دەکرد، وتی بەخوای کەعبە ئەوەیە، پێی وترا چیە؟ وتی ئەوە وشەی لە خوا ترسیەو ئەوان پێی شیاوترو داروەدەستەین.[3]

عەبدوڕەزاق و ئیبن جەریرو ئیبن مونزیرو ئیبن ئەبی حاتەم و حاکم و بەیهەقی لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە سەبارەت بە ئایەتی(وألزمهم كلمة التقوى) وتی:(لا اله الا الله)یە.[4]

(زیکرەکانی سوبحانەڵاو حەمدو لا اله الا الله و الله أكبرو حەوقەلە)

ئەحمەدو ئەبویەعلاو نەسائی دەقەکەهی ئەمەو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیداو حاکم بە صەحیحی داناوە، لە ئەبو سەعیدی خودریەوە(رضي الله عنه) هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(لە ماوە چاکەکان زۆر بڵێن) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە چین؟ فەرمووی(الله أكبر ولا اله الا الله وسبحانالله والحمد لله ولا حول ولا قوة الا بالله)[5,6].

---

[1] – صحيح.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص٨١) کەسەکانی جێمتمانەن بەڵام شمری کوڕی عەتیە لە مامۆستاکانیەوە لە ئەبو زەرەوە هێناویەتی و ناوی کەسیانی نەهێناوە.

[3] – لە(كنز العمال ج١، ص٢٠٧)دا واهاتووە.

[4] – ئیبن جەریرو جگە لەویش لە عەلیەوە(رضي الله عنه) بە هەمان شێوە هێناویانەو ئەوەشی بۆ زیاد کردووە(الله أكبر) لە(كنالعمال ج١، ص٢٦٥)دا واهاتووە.

[5] – ضعيف.

[6] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩١)دا واهاتووەو(هەیسەمی ج١٠، ص٨٧) بۆ گێڕنەوەی ئەحمەدو ئەبو یەعلا دەڵێت سەنەدەکەیان حەسەنە.

نەسائی دەقەکە هی ئەمە وحاکمو بەیهەقی لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(خذوا جنتكم)(قەڵغانتان وەر بگرن) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا دوژمنیٚ حازرە؟ فەرمووی(نا، بەڵام قەڵغانتان بە ڕووی دۆزەختان هەڵگرن) بڵێن سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله أكبر چونکە ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا وەك قەڵغانی پێشو دواوە دێنو ئەوانە ماوە چاکەکانن)(لا ولكن جنتكم من النار، قولوا سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر فأنهن يأتين يوم القيامة مجنات ومعقبات وهن الباقيات الصالحات)[1] حاکم دەڵێت:لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە، لە گێڕانەوەیەکدا (منجيات) (ڕزگار کەرن) واتە نونەکە پێش جیمەکە کەوتووە، تەبەرانی لە(المعجم الأوسط)دا وا هێناویەتیو ئەمەشی بۆ زیاد کردووە(ولا حول ولا قوة الا بالله).[2]

ئیبن ئەبی دنیاو نەسائیو تەبەرانیو بەزار لە عیمرانەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئایا کەستان ناتوانیٚ هەموو ڕۆژیٚ وەك ئوحود کار بکات؟) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا کیٚ دەتوانیٚ هەموو ڕۆژیٚ هێندەی ئوحود کار بکات؟ فەرمووی(هەمووتان دەتوانن) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا چۆن؟ فەرمووی(سبحان الله لە ئوحود گەورەترە، الحمدلله لە ئوحود گەورەترە لا اله الا الله لە ئوحود گەورەترە، الله أكبر لە ئوحود گەورەترە)[3][4].

---

[1] – حسن.

[2] – لە(المعجم الصغير) لە فەرموودەی ئەبو هورەیرەوە هێناویەتیو نێوانی هەردوو دەقی کۆ کردوەتەوە(ومنجيات ومجنبات) سەنەدەکەی جەیدو بە هێزە، لە(الترغيب والترهيب ص٩٢)دا واهاتووە، تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە ئەنەسەوە هێناویەتی، لە گێڕانەوەکەیدا ئەمەش هاتووە(فأنهن مقدمات وهن منجيات وهن معقبات وهن الباقيات الصالحات)لە سەنەدەکەدا کەثیری کوڕی سەلیم هەیە کە لاوازە، وەك(هەیسەمی ج١٠، ص٨٩) دەڵێت.

[3] – ضعيف.

[4] –(هەیسەمی ج١٠، ص٩١) دەڵێت تەبەرانیو بەزار هێناویانەو کەسەکانیان صەحیحن، مونزیری لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٤)دا دەڵێت ئەبی دنیاو نەسائیو تەبەرانیو بەزار هەموویان لە حەسەن لە عیمرانەوە هێناویانەو ئەویش فەرموودەی لە عیمرانەوە

ئیبن ماجه بەسەنەدی حەسەن دەقەکە هی ئەوە،حاکم دەڵێ سەنەدی صەحیحە، لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لایدا کاتێ درەختێکی دەناشت، فەرمووی(ئەی ئەبو هورەیرە چی دەنێژیت؟) وتم درەختێ، فەرمووی(ئایا چاندنێکت پێ بڵێم لەوە باشتر بێ(سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اکبر بەهەر دانەیەکی لە بەهەشتتدا درەختێکت بۆ دەنێژرێت)(الا ادلك على غراس خير من هذا؟ سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر تغرس لك بكل واحدة شجرة في الجنة)[1،2].

ترمزی لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(اذا مررتم برياض الجنة فارتعوا)(ئەگەر داتان بە لای باخچەکانی بەهەشتتدا) وتم ئەی پێغەمبەری خوا باخچەی بەهەشت چیە؟ فەرمووی(مزگەوتەکان) وتم ئەی رتع چیە؟ فەرمووی(سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر)[3،4].

ئەحمەد لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) لقێکی گرتو تەکاندی دانەکەوت، دووەم جاریش وا بوو، جاری شێیەم داتەکی، ئینجا فەرمووی(سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر تاوانەکان دادەتەکێنن وەك چۆن درەخت گەڵای خۆی دادەتەکێنێت)[5،6].

نەبیستووە،دەشڵێن فەرموودەی لێ بیستووە، کەسەکانی سەنەدەکانیان صەحیحن بەڵام عومەری کوڕی مەنسووری مامۆستای نەسائی هەیە کە جێ متمانەیە، تەواو.

[1] – صحیح.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٨٤) دا واهاتووە.

[3] – ضعیف.

[4] – ترمزی دەڵێت فەرموودەکە غەریبە، مونزیری لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٧)دا دەڵێت لەگەڵ غەریبی فەرموودەکەدا سەنەدی حەسەنە.

[5] – حسن.

[6] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٣) دا دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن، ترمزیش بەو واتایە هێناویەتی.

موسلیم لە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: دەشتەکیەك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتی قەیەکم فێر بکە تا بیڵێم، فەرمووی (بڵێ لا اله الا الله وحده لا شريك له الله اكبر كبيرا والحمدلله كثيرا وسبحان الله رب العالمين ولا حول ولا قوة الا بالله العزيز الحكيم) وتی ئەمانە بۆ پەروەردگارم ئەی بۆ خۆم چی؟ فەرمووی(بڵێ خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکەو ڕێنموونیم بکەو ڕۆزیم بدە) لە فەرموودەکەی ئەبو مالیکی ئەشجەعیدا ئەوەش هاتووە(لەش ساغم بکە)(وعافني) لە گێڕانەوەیەکدا دەفەرموێت(ئەوانە دنیاو ڕۆژی دوایت بۆ دەکەنەوە)، ئیبن ئەبی دنیا لە ئیبن ئەبی ئەوفاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت دەشتەکیەك وتی ئەی پێغەمبەری خوا من لەگەڵ قورئان بووم بەڵام دەرەقەتی نایەم(نایتوانم) بۆیە شتێکم فێربکە بەرامبەر بە قورئان خێرم هەبێ، فەرمووی(بڵێ سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر) ئەویش وتی و بە چەنجەکانی دەیژمارد، وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە بۆ پەروەردگارم ئەی بۆ خۆم چی؟ فەرمووی بڵێ(اللهم اغفلي وارحمني وعافني وارزقني)(خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکەو پارێزراوم بکەو ڕۆزیم پێ ببەخشە) وابزانم(ڕێنموونیم بکە)ش هاتبوو، دەشتەکیەکە چوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(دەشتەکیەکە چووو دوو دەستی پڕ خێر کرد)[1][2].

موسلیمو نەسائی لە ئەبو زەرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئایا پێت بڵێم خۆشەویستترین قسە لای خوا چیە)(الا أخبرك بأجب الكلام الى الله) وتم ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ خۆشەویستترین قسە لای خوا چیە، فەرمووی(خۆشەویستترین قسە لای خوا بریتیە لە سبحان الله وبحمده)(ان أحب

[1] – حسن.

[2] – بەیهەقی بە کورتی هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە(ولا حول ولا قوة الا بالله) سەنەدەکەی جەیدە، لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٠)دا واهاتووە.

الكلام الى الله سبحان الله وبحمده) ترمزی هێناویەتی بڵام ئەو وای هێناوە بریتیە لە(سبحان ربی وبحمده) دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی صەحیحە، لە گێڕانەوەیەکی موسلیمدا هاتووە پرسیار کرا لە پێغەمبەر(ﷺ) بە فەزڵترین قسە چیە؟ فەرمووی(ئەوەی خوا هەڵیبژاردووە بۆ فریشتەکانی، یان بۆ بەندەکانی، سبحان الله وبحمده).

حاکم بە صەحیحی داناوە، لە فەرموودەی ئیسحاقی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو تەلعە لە باوکیەوە لە باپیریەوە هێناویەتی و دەقەکەی وا هێناوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(هەرکەس بڵێ لا اله الا الله دەچێتە بەهەشت یان بەهەشتی بۆ واجب دەبێت، هەرکەس بڵێ سبحان الله وبحمده سەد جار، خوا سەد و بیستو چوار هەزار چاکەو بۆ دەنوسرێت) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا دەی کەوا بوو کەسمان بە هیلاك ناچێت، فەرمووی(بەڵێ، کەستان بە چاکەکان دێت ئەگەر بخرێتە سەر شاخێ قورسی دەکەن پاشان نیعمەتەکان دێن ئەوانە دەبەن، پاشان دوای ئەوە خوای گەورە بە میهرەبانی و ڕەحمەتی خۆی دەجوڵێتەوە)(بلى ان أحدكم ليجي بالحسنات لو وضعت على جبل أثقلته ثم تجيء النعم فتذهب بتلك ثم يتطاول الرب بعد ذلك برحمته)[1][2].

موسلیمو ترمزی بە صەحیحی داناوە، و نەسائی لە سەعدەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: لای پێغەمبەری(ﷺ) خوا بووین فەرمووی(يعجز أحدكم أن يكسب كل يوم الف حسنة)(کەستان ناتوانێ هەموو ڕۆژێ هەزار چاکە بەدەست بێنێ؟) یەکێ لەوانە دانیشتبوو پرسیاری لێکرد چۆن کەسمانە هەزار چاکە بەدەست بهێنین؟ فەرمووی(يسبح مائة تسبيحة فتكتب له الف حسنة او تحط عنه خطيئة)(سەد

[1] – ضعيف.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٨١)دا واهاتووە.

سبحان الله بكات بەوە هەزار چاكەی بۆ دەنوسرێت یان تاوانێكی لەسەر دەبڕێتەوە).[1]

حاكم بە صەحیحی داناوە، لە قەیسی كوڕی سەعدی كوڕی عوبادەوە هێناویەتی باوكی بردیە لای پێغەمبەر(ﷺ) كە خزمەتی بكات دەڵێت: پێغەمبەری خوا هات بۆ لامو منیش دوو ڕكات نوێژم كرد، بە قاچی لێیدامو فەرمووی(ألا أدلك علی باب من أبواب الجنة) وتم بەڵێ، فەرمووی(لا حول ولا قوة الا بالله)(ئایا ئاگادارت بكەمەوە لە دەرگایەك لە دەرگاكانی بەهەشت؟).[2][3]

ئیبن ماجەو ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن حبان لە صەحیحەكەیدا لە ئەبو زەڕەوە هێناویەتی دەڵێت: لە پشت پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەچووم بە ڕێدا، پێی فەرمووم(یا أبا ذر الا ادلك علی كنز من كنوز الجنة)(ئەی ئەبو زەڕ ئایا كەنزێ لە كەنزەكانی بەهەشتت پێ نیشان بدەم) وتم بەڵێ، فەرمووی(لا حول ولا قوة الا بالله).[4][5]

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای كوڕی سەعدی كوڕی ئەبو وەقاصەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو ئەییوبی ئەنساری پێی وتم: ئایا وشەیەكت فێر بكەم كە پێغەمبەر(ﷺ) فێریكردم؟ وتم بەڵێ ئەی مامە گیان، وتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی كاتێ دابەزی بۆ لام فەرمووی(ئەی ئەبو ئەییوب ئایا وشەیەك لە كەنزی بەهەشتت

[1]- لە(الترغیب والترهیب ج٣، ٨٣) هاتووە دەڵێت گێڕانەوەی موسلیم وایەو ترمزیو نەسائیش هێناویانە: دەسڕێتەوە، بەبێ باسی هەزار، خواش داناترە، تەواو. هەروەها ئیبن ئەبی شەیبەو ئەحمەدو عەبدی كوڕی حەمیدو ئیبن حبانو ئەبو نەعیم هێناویانە، وەك لە(كنز العمال ج١، ص٢١١)دا هاتووە.

[2]- صحیح.

[3]- لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٠٤)دا واهاتووە.

[4]- صحیح.

[5]- لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٠٥)دا واهاتووە.

فێر بکەم؟) وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا بە دایکمەوە بە قوربانت بم، فەرمووی(زۆر بڵێ لاحول ولا قوة الا بالله)[1].[2]

ئەحمەد بە سەنەدی حەسەنو ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا لە ئەبو ئەییوبەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) ئەو شەوەی بەرز کرایەوە دای بە لای ئیبراهیم(علیه السلام)دا ئەویش فەرمووی ئەی جبرەئیل کێت لەگەڵە؟ وتی ئەوە موحەممەدە، ئیبراهیم(علیه السلام) پێی فەرموو ئەی موحەممەد برۆ بۆ لای ئەممەتەکەتو پێیان بڵێ با زۆر بنەونە چاندنی ناو بەهەشت، چونکە خۆڵی چاکو پاکو زەوی فراوانە، وتی چاندنی ناو بەهەشت چیە؟ وتی(لا حول ولا قوة الا بالله)[3]،[4]

تەبەرانیش هێناویەتی، لە گێڕانەیەکدا هاتووە سەلامی لێکردمو بە خێر هاتنی کردمو وتی بە ئوممەتەکەت بڵێ....[5]

ئەبو نەعیم لە(الحلیه ج١، ص٣٢٢) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت هەرکەس بڵێ بسم الله یادی خوای کردووە، هەر کەس بڵێ الحمدلله سوپاسی خوای کردووە، هەرکەس بڵێ الله اکبر خوای بە گەورە زانیوە، هەرکەس بڵێ لا اله الا الله خوای بە تەنها زانیوە، هەرکەس بڵێ لا حول ولا قوة الا بالله موسڵمان بووەو خۆی بە دەستەوە داوەو بەهاو کەنزێکی لە بەهشتدا بۆ هەیە.

ئەحمەد لە میترەفەوە هێناویەتی دەڵێت: عیمران(رضي الله عنه) پێی وتم: ئەمڕۆ فەرموودەت بۆ دەگێڕمەوە بەڵکو لەمڕۆ بەدواوە خوا سوودمەندت بکات پێی، بزانە چاکترین بەندەکانی خوا لە ڕۆژی داوییدا ئەوانەن کە زۆر حەمدو سوپاسی خوا دەکەن[1].[2]

---

[1] – صحيح.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص٩٨) تەبەرانی لە(المعجم الكبير والأوسط) بە دوو سەنەد هێناویەتیو کەسەکانی سەنەدێکیان جێ متمانەن، تەواو.

[3] – صحيح لغيره.

[4] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٠٥) دا هاتووە.

[5] –(هەیسەمی ج١، ص٩٧) دەڵێت: کەسەکانی ئەحمەد صەحیحن جگە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبدورەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر کە جێ متمانەشە.

ئيبن ئەبى حاتەم لە ئيبن عەبباسەوە(رضي الله عنه) هێناويەتى دەڵێت عومەر وتى: (سبحان الله ولا اله الا الله) مان زانى ئەى الحمدلله چيە؟ على(رضي الله عنه) وتى وشەيەكە خوا بۆ خۆى پێى ڕازيەو حەزدەكات بوترێت، عەسكەرى لە(الأمثال) لە ئەبو زبيانەوە هێناويەتى ئيبن كواء پرسيارى لە عەلى كرد لەسەر سبحان الله، وتى: وشەيەكە خوا پێى ڕازيە بۆ خۆى، پاك زانينى خوايە لە خراپە، ئەبولحەسەنى بەكالى بەو شێوە لێيەوە هێناويەتى.[٣]

بەيهەقى لە(شعب الأيمان) لە عومەرەوە هێناويەتى فەرمانى كرد بدرێ لە دوو كەس، يەكێكيان دەيوت بەناوى خوا، ئەوى ديكەش دەيوت، سبحان الله، ئەويش وتى هاوار بۆت سوك بدە لەوەى سبحان الله دەكات چونكە(سبحان الله) تەنها لە دڵى باوەڕداردا ئارام دەگرێ.[٤]

تەبەرانى لە عەبدوڵڵاى كوڕى مەسعوودەوە هێناويەتى دەيوت: ئەگەر فەرموودەيەكم بۆ گێڕانەوە لە قورئاندا بە ڕاست زانينى ئەو فەرموودەيەتان بۆ دەهێنم، چونكە بەندەى موسڵمان ئەگەر وتى سبحان الله والحمدلله ولا اله الا الله والله اكبر وتبارك الله فريشتەيەك دەيانگرێتو دەيانخاتە ژێر باڵى پاشان بەرزيان دەكاتەوەو دەدات بە لاى هەر دەستەيەكى فريشتەكاندا داواى لێخۆش بوون بۆ بێژەرەكەى دەكەن تا دەيانباتە خزمەت خواى گەورە، پاشان عەبدوڵڵا ئەم ئايەتەى خوێندەوە(اليه يصعدالكم الطيب والعمل الصالح يرفعه).[٥]

---

[١] – صحيح.

[٢]–(هەيسەمى ج١٠، ص٩٥) دەڵێت ئەحمەد بە مەوقووفى هێناويەتى و نيمچە مەرفووعەو كەسەكانى سەنەدەكەش صەحيحن.

[٣] – وەك لە(كنز العمال ج١، ص٢١٠)دا هاتووە.

[٤] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١٠)دا واهاتووە.

[٥]–(هەيسەمى ج١٠، ص٩٠) دەڵێت: لە سەنەدەكەدا مەسعوودە هەيە كە جێ متمانەيە بەڵام شت تێكەڵ دەكاتو كەسەكانى ديكەش جێ متمانەن، تەواو. حاكم هێناويەتى و دەڵێت سەنەدەكەى صەحيحە، لە گێڕانەوەكەيدا هاتووە: تا دەيانباتە خزمەت خواى ميهرەبان.

(هەڵبژاردنی کۆ زیکرەکان لەسەر زۆر دانانیان)

شەش زانای فەرمووده جگە لە بوخاری لە جوەیرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) لە لای دەچوو، پاشان دوای چێشتەنگا گەڕایەوەو جوەیریە دانیشتبوو، فەرمووی: هێشتا لەسەر ئەو بارەیت کە لەسەری بە جێمهێشتیت)(مازلت على الحال التي فارقتك عليها؟) وتی بەڵێ، فەرمووی(دوای تۆ چوار وشەم سێجار وت ئەگەر پێوانە بکرێت لەگەڵ ئەوەی تۆ وتت دەمپێوان سبحان الله وبحمده عدد خلقه سبحان الله رضاء نفسه، سبحان الله زنة عرشه، ومداد كلماته) لە گێڕانەوەیکەی موسلیمدا وا هاتووە(سبحان الله عدد خلقه سبحان الله رضاء نفسه، سبحان الله زنة عرشه، سبحان الله مداد كلماته) نەسائی لە کۆتاییەکەیدا هێناویەتی(والحمدلله كذلك) لە گێڕانەوەیەکیدا هاتووە(سبحان الله وبحمده ولا اله الا الله والله اكبر عدد خلقه ورضاء نفسه وزنة عرشه ومداد كلماته).[1]

ئەبو داودو ترمزی بەحەسەنی داناوە نەسائی‌و ئیبن حبان لە صەحیحەکەیداو حاکم بە صەحیحی داناوە، لە سەعدی کوڕی ئەبو وەقاصەوە (رضي الله عنه) هێناویانە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای ئافرەتێ کە دەنکی لە بەر دەستدا بوو سوبحانەڵای پێ دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(هەواڵت پێبدەم بە شتێ لەوە لەسەرت ئاسانتر، یان بە فەزڵتر، بێت، فەرمووی سبحان الله عددما خلق في سماء سبحان الله عددما خلق في الأرض، سبحان الله عددما بين ذلك، سبحان الل عددما هو خالق والله أكبريش بەو شێوەو والحمدلله یش بەو شێوەو لا اله الا الله یش بەو شێوەیەو لا حول ولا قوة الا بالله یش بەو شێوەیە)[2].[3]

[1] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٨)دا واهاتووە.

[2] – ضعيف.

[3] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٩)دا واهاتووە.

ئەحمەدو ئیبن ئەبی دنیا دەقەکە هی ئەوە،و نەسائی و ئیبن خوزەیمەو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیاندا بە کورتی و حاکم بە صەحیحی داناوە، لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم، لە ئەبو ئومامەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) منی بینی کە لێوەکانم دەجولاند،پێی فەرمووم(ئەی ئەبو ئومامە بۆ چی شتیٚ لێوەکانت دەجوڵێنیت؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا یادی خوا دەکەم، فەرمووی(ئایا هەواڵت پێبدەم بە زۆرترو بە فەزڵتر لە زیکری شەوو ڕۆژت؟) وتم بەڵی ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی بڵێ(سبحان الله عددما خلق سبحان الله ملء ماخلق سبحان الله عددا في الأرض سبحان الله عدد ملء ما في الأرض والسماء سبحان الله عددما أحصى كتابه سبحان الله ملء ما أحصى كتابه، سبحان الله عدد كل شيء، سبحان الله ملء كل شيء والحمدلله عددما خلق، والحمدلله ملء ما خلق والحمدلله عددما أحصى كتابه والحمدلله ملء عما أحصى كتابه والحمدلله عدد كل شيء والحمدلله ملء كل شيء) تەبەرانی بە دوو سەنەد هێناویەتی سەنەدێکیان حەسەنەو دەقەکەی وا هێناوە فەرمووی:(ئایا شتێکت پێ بڵێم ئەگەر بیڵێیت پاشان شەوو ڕۆژ خۆت ماندوو بکەیت نەگەیت بەوەدا؟) وتم بەڵێ، فەرمووی بڵێ الحمدلله، بە کورتی هێناویەتی و دەفەرموێت(وەك ئەوەش سبحان اللهو وەك ئەوە الله اكبر بکەیت).[1,2]

تەبەرانیش بە سەنەدێکی دیکە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(افلا أدلك على ما هو أكبر من ذكر الليل على النهار؟ تقول الحمدلله)(ئایا ڕێنموونیت بکەم بۆ شتیٚ لە شەوو ڕۆژ گەورەتر بێ؟ بڵێ الحمدلله) بە کورتی دەیهێنێت، لە گێڕانەوەیکدا دەفەرموێت(بەوەش سبحان الله بکەیت) پاشان فەرمووی(فێریان ببەو دوای خۆت ئەوانەی دوای خۆت فێربکە).[3]

---

[1] – حسن.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٩٩)دا واهاتووە.

[3] – لە سەنەدەکەدا لەیثی کوڕی ئەبو سەلیم هەیە کە مودەللەسە، وەك(هەیسەمی ج١٠، ص٩٣) دەڵێت.

تەبەرانیو بەزار لە ئەبو دەردائەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سەیری کردم لە لێوەکانم دەجوڵاند، فەرمووی(ئەی ئەبو دەردا ئەو چیٚ دەڵێیت؟) وتم یادی خوا دەکەم، فەرمووی(ئایا لەوە باشترت فێرنەکەم لە زیکری خوا شەو لەگەڵ ڕۆژو ڕۆژ لەگەڵ شەو؟) وتم بەڵێ، فەرمووی(سبحان الله عددما خلق سبحان الله عدد كل شىء سبحان الله ملء ما أحصى كتابه والحمدلله عددما خلق والحمدلله ملء ما خلق والحمدلله ملء ما أحصى كتابه)[1][2].

ئەحمەد لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) لە بازنەیەکدا دانیشتبووم کەسیٚ هاتو سەلامی کرد لە پێغەمبەر(ﷺ)و خەڵکەکەو وتی سەلامو ڕەحمەتی خواتان لێبێت، پێغەمبەر(ﷺ) وەڵامی دایەوە(وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته) کە کابرا دانیشت وتی سوپاسێکی زۆرو پاكو بێگەردو بەرەکەت تێدابوو بۆ خوای گەورە وەك چۆن پەروەردگارمان حەز دەکات سوپاس بکریٚو شیاویەتی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(چۆنت وت؟) ئەویش وتیەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(والذي نفسي بيده لقد ابتدرها عشرة أملاك كلهم حريص على أن يكتبها فما دروا كيف يكتبونها حتى رفعوها الى ذي العزة فقال اكتبوها كما قال عبدي)(سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە فریشتە پێشبڕکێیان بۆ دەکرد هەر کامیان سوور بوون لەسەر ئەوەی بینووسن نەیانزانی چۆن بینووسن تا بەرزیان کردەوە بۆ لای خوای خاوەن عیزەت، خواش فەرمووی وەك چۆن بەندەکەم فەرمووی بینووسنەوە)[3][4].

---

[1] – ضعیف.

[2] –هەیسەمی ج١٠، ص٩٤ دەڵێت لە سەنەدەکەدا لەیثی کوڕی ئەبو سەلیم هەیە کە جیٚ متمانەیە بەڵام شت تێکەڵ دەکات، ئەبو ئیسرائیلی مەلائیش هەیە کە فەرموودەی حەسەنەو کەسەکانی دیکەیان صەحیحن، تەواو.لە پەراوێزەکەی لە ئیبن حەجەرەوە هاتووە: زیاتر لاوازیەکەیەتی، هەندێکیان لەگەڵ خراپ لەبەرکردنو شێواویدا بە ڕاستگۆ وەسفی دەکەن.

[3] – ضعیف.

[4] – مونزیری لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٠٣) دا دەڵێت: ئەحمەد گێڕاویەتیەوەو کەسەکانی جیٚ متمانەن، نەسائیو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا هێناویانە بەڵام ئەوان دەڵێن(كما يحب ربنا ويرضى) .

تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن، دەقەکە هی ئەوە، بەیهەقی و ئیبن ئەبی دنیا لە ئەبو ئەییوبەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: کەسێك لای پێغەمبەر(ﷺ) بوو وتی(الحمدلله حمدا كثيرا طيبا مباركا فيه) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من صاحب الكلمة) (کێ خاوەنی ئەو قسە بوو؟) کابرا بێدەنگ بوو وایزانی شتێکی وتووە کە پێغەمبەر(ﷺ) پێی ناخۆش بووە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(کێ بوو؟ چونکە ڕاستی وت) کابرا وتی من وتم ئەی پێغەمبەری خوا هیوای خێرم پێی هەیە، فەرمووی سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە سیانزە فریشتەم بینی دەستپێشخەریان دەکرد بۆ وشەکەت تا کامیان بەرزی بکەنەوە بۆ لای خوای گەورە)(والذي نفسي بيده لقد رأيت ثلاثة عشر ملكا يبتدرون كلمتك أيهم يرفعها الى الله تبارك وتعالى)[1].[2]

(زیکرەکانی دوای نوێژەکان و کاتی خەوتن)

بوخاری و موسلیم دەقەکە هی ئەوە، لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویانە هەژارە کۆچەرەکان هاتن بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتیان دەوڵەمەندان پلە بەرزەکان و بەخششی دانراویان بردەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(وما ذاك؟)(کوا(چۆن؟)) وتیان وەك ئێمە نوێژ دەکەن و ڕۆژوو دەگرن و دەبەخشن و ئێمە نابەخشین و ئازاد دەکەن و ئێمە ئازاد ناکەین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئایا شتێکتان فێر بکەم کە پێی بگەنەوە بەوەی پێشتان کەوتووە و پێشی ئەوانەی دواتان بکەون؟ کەس لە ئێوە خاوەن فەزڵتر نەبێ مەگەر وەك ئێوە بکات؟) وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(لە دوای هەموو نوێژێك سی و سێ جار سبحان اللهء الله أكبرء الحمدلله) بکەن، ئەبو صالح دەڵێت: کۆچەران گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتیان براکانمان ئەوانەی سامانیان هەیە بیستوویانە چی دەکەین ئەوانیش وا دەکەن،

[1] - ضعيف.
[2] - لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٠٢) دا واهاتووە.

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئەوە فەزڵی خوایە دەیبەخشێت بەهەر کەسێك کە بیەوێت) سومەی دەڵێت ئەم فەرموودەم بۆ یەکێ لە کەس و منالم گێڕایەوە وتی: لێت تێك چووە، بەڵکو پێی فەرموویت: سی و سێ جار سبحان الله و سی و سێ جار الحمدللهء سی و چوار جار الله أکبر بکەیت، دەڵێت: گەڕامەوە بۆ لای ئەبو صالح و ئەوەم پێ وت، ئەویش دەستی گرتم و وتی: الله أكبر و سبحان الله و الحمدلله، الله أكبر و سبحان الله و الحمدلله تا بە هەموویانەوە سی و سێ جار دەیڵێت، ئەبو داود هێناویەتی و دەقەکەی ئاوایە: ئەبو هورەیرە(رضي الله عنه) وتی ئەبو زەر(رضي الله عنه) وتی ئەی پێغەمبەری خوا دەوڵەمەندان پاداشتەکانیان بردوونەتەوە، بەو واتایە دەیهێنێت،[1] لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(دوای هەموو نوێژێك سی و سێ جار الله أكبر و سی و سێ جار الحمدلله و سی و سێ جار سبحان الله بکەیت و بە لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد وهو على كل شيء القدير کۆتایی پێ بێنیت لە تاوانەکانت دەبوورێت ئەگەر تەنانەت وەك کەفی دەریا بن) ترمزی هێناویەتی و بە حەسەنی داناوە و نەسائی لە فەرموودەی ئیبن عەبباسەوە بەو شێوە هێناویانەو تیایدا دەڵێت فەرمووی(ئەگەر نوێژتان کرد سی و سێ جار بڵێن سبحان الله و سی و سێ جار الحمدلله و سی و چوار جار الله اکبر و لا اله الا الله چەند جارێ)[2][3].

ئەحمەدو بەزارو تەبەرانی بە چەند سەنەدێ لە ئوم دەردائەوە هێناویانە دەڵێت: کەسێ لای ئەبو دەردا دابەزی و ئەبو دەردا وتی دەمێنیتەوە تا ڕێ خۆش

---

[1] – صحيح.

[2] – ضعيف.

[3] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١١٠) دا واهاتووە، بوخاری لە(التأريخ وتةيالسی)و ئیبن عەساکیر لە ئەبو زەرەوە بەو شێوە هێناویانەو دوای ئەوە باسی بەخششەکان(صدقات) دەکەن، وەك لە(كنز العمال ج٣، ص٣١٥) دا هاتووەو دەڵێت: سەنەدەکەی حەسەنە، بەزار لە ئیبن عومەرەوە(رضي الله عنه) تەواو بە دوورو درێژی هێناویەتی وەك لە(المجمع ج١٠، ص١٠١) دا هاتووە.

کەین یان لەسەر پێیت تاشتێکت بدەمێ؟ وتی بەڵکو لەسەر پێم، وتی دەی من تویشوویەکت دەدەمێ ئەگەر لەوە باشترم بدیبایە پێم دەدایت، چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و وتم ئەی پێغەمبەری خوا دەوڵەمەندان دنیاو قیامەتیان بردووەو نوێژ دەکەین‌و ئەوانیش نوێژ دەکەن، ڕۆژوو دەگرین‌و ئەوانیش ڕۆژوو دەگرن، دەبەخشن‌و ئێمە نا بەخشین، فەرمووی(ئایا شتێمت پێ نیشان بدەم ئەگەر تۆ کردت کەس پێشت نەکەوێ کە لە پێش تۆ بووەو ئەوانەی دوایشت کەس پێت نەگاتەوە مەگەر ئەوەی وەك ئەوە بکات کە دەکەیت، لە دوای هەموو نوێژێ سی‌و سێ جار سبحان الله و سی‌و سێ جار الحمدلله و سی‌و چوار جار الله أکبر)[1].[2]

عەبدوڕەزاق‌و ئیبن زەنجەویە لە قەتادەوە بە مورسەلی هێناویانە دەڵێت: خەڵکی لە هەژارە باوەڕدارەکان وتیان ئەی پێغەمبەری خوا دەوڵەمەندان پاداشتیان برد دەبەخشن‌و ئێمە نابەخشین، نەفەقە دەدەن‌و ئێمە نایدەین، فەرمووی(أرأیتم لو أن مال الدنیا وضع بعض علی بعض أکان بالغا السماء)(ئایا پێتان وایە ئەگەر سامانی دنیا لەسەریەك دابنرێ ئایا دەگاتە ئاسمان؟) وتیان نا ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(ئایا شتێکتان پێ بڵێم ڕیشەی لە زەوی‌و لقی لە ئاسمان بێت؟ لە دوای هەموو نوێژێ بڵێن: لا اله الا الله والله أکبر و سبحان الله وبحمده دەجار، ئەوانە ڕیشەیان لە زەوی‌و لقیان لە ئاسمانە).[3]

ئەحمەد لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ فاتمەی دا بە عەلی(رضي الله عنه) لەگەڵیدا جلێکی(خمیلە)ی نارد لەگەڵ سەرینێکی پێستە کە ناوەکەی

[1] – صحیح.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٠٠) دەڵێت: یەکێ لە سەنەدەکانی تەبەرانی کەسەکانی صەحیحن، عەبدوڕەزاق هێناویەتی وەك لە(ج١، ص٢٩٦)دا هاتووەو ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: وەك ئێمە جیهادو نوێژە نوسراوەکان دەکەن.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٩٧) دا واهاتووە.

لیف(گەڵاو پروشی دار خورما) بوو لەگەڵ دوو و جامی ئاوو دوو شمەکی ئاو(کونە دەبەو لەو جۆرانە)، ڕۆژێ عەلی بە فاتیمەی وت بەخوا هێندە ماندووم سنگم هاواریەتی، خوا کەنیزەکی داوەتە دەست باوکت، بڕۆو داوای خزمەتکارێکی لێبکە، وتی بەخوا منیش هێندە هەویرم شێلاوە دەستەکانم توێکڵیان هەڵداوە، چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی(کچە ئازیزەکەم بۆ چی هاتوویت؟) فاتیمە دەڵێت: شەرمم کرد داوای لێبکەم، وتم هاتووم سەلامت لێبکەم، گەڕایەوەو عەلی وتی چیت کرد؟ وتی شەرمم کرد داوای لێبکەم، ئینجا هەردوو پێکەوە چوون بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) عەلی وتی ئەی پێغەمبەری خوا تەواو ماندوو بوومو سنگم سکاڵایەتی، فاتیمەش وتی هێندە هەویرم شێلا دەستم توێکڵی هەڵدا، خوا کەنیزەکی زۆری خستووەتە بەر دەستت یەکێکمان بدەرێ تا خزمەتمان بکات، فەرمووی(بەخوا پێتان نابەخشمو واز بێنم دارو دەستەی صوففە لە برسێتیدا سکیان پێچ بخوات هیچ شك نابەم پێیان ببەخشم بەڵام ئەمانە دەفرۆشمو پارەکەیان بەسەریاندا دەبەخشمەوە) هەردووکیان گەڕانەوە، پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لایان، چووبوونە ناو جێگەکەیان، سەیری کرد سەریان داپۆشیوەو قاچیان دەرکەوتووە، ئەگەر قاچیان داپۆشن سەریان دەردەکەوێ هەردووکیان ڕاپەڕینو هەستانەوە، فەرمووی(مکانکما)(لە شوێنی خۆتاندا بن) پاشان فەرمووی(ئایا هەواڵتان پێبدەم بە چاکتر لەوەی داواتان لێکردم؟) وتیان بەڵێ، فەرمووی(چەند وشەیەك جبریل فێری کردم فەرمووی لە دوای هەموو نوێژێ دەجار سبحان الله و دەجار الحمدلله و دەجار الله اکبر بکەن، کە چوونە نا جێگەکەتان سیو سیێ جار سبحان الله و سیو سیێ جار الحمدلله و سیو چوار جار الله اکبر بکەن) عەلی(کرم الله وجهة)(خوا ڕووی ڕێزدار بکات) وتی بەخوا لەو کاتەوەی لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیستووە دەست بەرداریان

نەبووم، ئیبن کوا پێی وت: تەنانەت شەوی صفین؟ وتی ئەی خەڵکی عێراق خوا لەگەڵتان بجەنگێ تەنانەت شەوی صفین[1].[2]

حەمیدیو ئیبن ئەبی شەیبەو عەبدوڕەزاقو عەدەنیو ئیبن جەریرو حاکمو جگە لەوانیش لە عەتائی کوڕی سائیبەوە لە باوکی لە عەلیەوە بە دوورو درێژی هێناویانە، نەسائیو ئیبن ماجە هەندێکی هێناوە وەك لە(کنز العمال ج٨، ص٦٦)دا هاتووە، ئەبو شەیبە لە فەرموودەی عەلیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئایا ئاگادارتان بکەمەوە لە شتێ کە لە خزمەتکاریێ بۆتان باشتر بێ؟ لە دوای هەموو نوێژێ سیو سێ جار سبحان الله و سیو سێ جار الحمدلله و سیو چوار جار الله أکبر بکەن، ئەگەر شەو چونە جێی خەوتنتان ئەوە سەدە).[3]

ئەحمەد لە فەرموودەی ئوم سەلەوە(ﷺ) هێناویەتی فاتیمە(ﷺ) هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و سکاڵای نەبوونی خزمەتکاری کرد، وتی ئەی پێغەمبەری خوا لە تاو هەویر شێلان توێکڵم هەڵدا، جارێ هاڕینو جارێ شێلان، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(ئەگەر خوا ڕۆزی شتێکت بداتێ بۆت دەنێرێ، من ئاگادارت دەکەمەوە لە شتێ لەوە چاکتر، ئەگەر چوویتە ناو جێگەکەت سیو سێ جار سبحان الله و سیو سێ جار الحمدلله و سیو چوار جار الله أکبر بکە، ئەمە سەد دەکات، لە خزمەتکار بۆت باشترە وە ئەگەر نوێژی بەیانیت کرد بڵێ لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله المد يحي ويميت بيده الخير وهو على كل شيء القدير دەجار دوای نوێژی بەیانیو دەجار دوای نوێژی ئێوارە بیڵێ، چونکە بە هەر یەکێکیان دە

---

[1] – ضعیف.

[2] – مونزیری لە(الترغيب والترهيب ج٢، ص١١٢) دا دەڵێت: ئەحمەد گێڕاویەتیەوەو دەقەکە هی ئەوە، بوخاریو موسلیمو ئەبو داودو ترمزی هێناویانەو جێ نامۆیی لەو دەقەدا هەیە، سەنەدەکەی جەیدەو گێڕەرەوەکانی جێ متمانەنو عەتائی کوڕی سائیب جێ متمانەیەو حەمادی کوڕی سەلەمە پێش شت تێکەڵکردنی لێی بیستووە، تەواوئیبن سەعد(ج٨، ص٢٥) لە عەلیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – لە(کنز العمال) دا هاتووە.

خێرت بۆ دەنوسریٚ‌و دە تاوانت دەسڕێتەوە، وە هەر کامیان وەك ڕزگار کردنی منداڵێکی(نەوەیەکی) ئیسماعیلە ڕەوا نیە بۆ تاوانیٚ ئەو ڕۆژە نوسرابیٚ پێی بگات مەگەر هاوەڵ دانان بێت، لا اله الا الله وحده لا شريك له، وە ئەوە پاسەوانتە لە نێوان ئەو ماوەیەی بەیانی بیڵێی یلت شەو بیڵێیت، لە هەموو شەیتان‌و هەموو خراپەیەك دەتپارێزێت)[1] [2].

بەزار لە جابرەوە(ﷺ) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە نوێژی بکردایە دەیفەرموو(لا اله الا الله وحده لا شريك له له الملك وله الحمد يحي و يميت ر وهو على كل شيء القدير اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت ولا راد لما قضيت ولا ينفع ذا الجد منك الجد)[3] [4].

تەبەرانی لە موغیرەوە(ﷺ) بە هەمان شێوەی فەرموودەی جابر هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: لە دوای هەموو نوێژێك، ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: (وهو حي لا يموت بيده الخير) ئەوەشی نەهێناوە (اللهم لا مانع) تا کۆتایی.[5]

---

[1] – حسن.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٠٨) دەڵێت ئەحمەدو تەبەرانی بەو شێوەو کورتتر لەو هێناویانە، تەبەرانی وایهێناوە(هي تحرسك)(ئەو(وتە) دەتپارێزێت) لە جیاتی(هو) سەنەدی هەردووکیان حەسەنە، تەواو

[3] – حسن.

[4] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٠٣) دەڵێت سەنەدەکەیان حەسەنە، بەزار لە ئیبن عەبباسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: کاتیٚ لە نوێژەکەی دەبوویەوەو هەروەها(بيده الخير) ی زیاد کردووەو باسی(يحي ويميت)ی نەهێناوە، هەروەها قسەی(ولا راد لما قضيت) هەیسەمی دەڵێت: بەزارو تەبەرانیش بە هەمان شێوە هێناویانە بەڵام ئەمەشی بۆ زیاد کردووە(يحي ويميت) نەیهێناوە(بيده) سەنەدی هەردووکیان حەسەنە

[5] –(هەیسەمی ج١٠، ١٠٣) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن، هەروەها لە صەحیحدا بە کورتی هاتووە.

(زیکرەکانی بەیانیو ئێوارە)

ئەبو داودو نەسائی لە عەبدولحەمیدی مەولای بەنی هاشمەوە هێناویانە دایکی کە خزمەتی کچانی پێغەمبەری خوای دەکرد بۆی گێڕایەوە کچەکەی پێغەمبەر(ﷺ) بۆی گێڕایەوە فێری کردو دەیفەرموو: (کاتێ بەیانی هەڵدەستیت بڵێ: سبحان الله وبحمده ولا قوة الا بالله ماشاءالله كان وما لم يشأ لم يكن أعلم ان الله على كل شيء قدير وان الله قد أحاط بكل شيء علما، هەرکەس ئەوانە بڵێ کاتێ بەیانی هەڵدەستێ دەپارێزرێ تا ئێوارە دەکاتەوە، هەرکەس کاتێ ئێوارە بیانڵێ دەپارێزرێ تا بەیانی دەکاتەوە)[١].[٢]

ئەبو داود لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس کاتێ بەیانی دەکاتەوەو کاتێ ئێوارە دەکاتەوە بڵێ: حسبي الله لا اله الا هو عليه توكلت وهو رب العرش العظيم،حەوت جار بیڵێ خوا زامنی دەبێ بۆئەوەی گرنگیەتی بە ڕاستگۆیی بێ یان درۆزنی.[٣]

(زیکری خوا لە بازارەکانو شوێنەکانی بێئاگاییدا)

تەبەرانی لە ئەحمەدەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی فەرمووی(احب العمل الى الله عز وجل سبعة الحديث وابعض الأعمال الى الله عز وجل التعريف) واتە(خۆشەویستترین کار لای خوای گەورە سوبحانەڵڵای قسەیەو بێزراوترین کارەکان لای خوای گەورە لادانە) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا سوبحانەڵڵای قسە چیە؟ فەرمووی(خەڵکی قسە دەکەنو کەسیش سوبحانەڵڵا بکات) وتمان ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەی لادان

---

[١] – ضعيف.

[٢] – مونزیری لە(مختصر السنن) دەڵێت: ئافرەتێکی نادیار لە سەنەدەکەیدا هەیە، هەروەها ئیبن سنی هێناویەتی، وەك لە(تحفة الذاكرين ص٦٦)دا هاتووە.

[٣] – موضوع.

چیە؟ فەرمووی(خەڵکی لە خێردا بن دراوسێ‌و هاوەڵ پرسیاریان لێ بکات، بڵێن ئێمە بەشەرین)[1][2].

ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص٢٣٦) لە ئەبوو ئیدریسی خەولانیەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاذ(رضي الله عنه) وتی تۆ لەگەڵ خەڵکی دادەنیشیت کە بێگومان دەنەونە قسە، ئەگەر بینیت بێئاگابوون ئەو کات ڕوو بکەرە پەروەردگارت، وەلید دەڵێت: باسی کرد بۆ یەزیدی کوڕی جابر، وتی بەڵێ، ئەبو تەلعە حەکیمی کوڕی دینار بۆی گێڕامەوە دیانوت: نیشانەی نزای وەرگیراو ئەوەیە ئەگەر بینیت خەڵك بێئاگابوون لەو کاتەدا ڕووبکەرە پەروەردگارت.[3]

ئیبن ئەبی دنیاو جگە لەویش لە ئەبو قلابەوە هێناویانە دەڵێت: دوو کەس لە بازاڕ بە یەك گەیشتن، یەکێکیان بەوی وت: وەرە با لە بێئاگایی خەڵکدا داوای لێخۆشبوون لای خوا بکەین، وایکردوو یەکیان مرد، ئەوی دیکە لە خەویدا بینی، وتی زانیم خوا ئێوارەی ئەو ڕۆژەی لە بازاڕ بەیەك گەیشتین لێمان خۆشبوو.[4]

(زیکرەکانی ناو سەفەر)

ئەحمەدو تەبەرانی لە ئەبو لاسی خوزاعیەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەر وشترێکی صەدەقە کە بەرەو حەج دەچوو سواری کردین، وتمان ئەی پێغەمبەری خوا بۆچی لەسەر ئەو وشترە سوارمان دەکەیت؟ فەرمووی(مامن بصير الا في ذروته شيطان فاذكروا اسم الله عز وجل اذدا اركبتموها كما أمركم الله ثم

---

[1] – ضعیف.

[2] –(لە الترغیب والترهیب ج٣، ص١٩٣)دا واهاتووە،(هەیسەمی ج١٠، ص٨١) دەڵێت لە سەنەدەکەدا فەزڵی کوڕی موختار هەیە کە لاوازە).

[3] – ضعیف.

[4] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٩١) دا واهاتووە

امتهنوها لأنفسكم، فأنها تحمل بأذن الله عز وجل)[1] واته(هەر وشترێ لە لووتکەیدا شەیتانێ هەیە، بۆیە کاتێ سواری دەبن وەك پەروەردگارتان فەرمانی پێکردوون ناوی خوا بێنن، پاشان لە خزمەتی خۆتاندا بەکاری بهێنن، چونکە بە مۆڵەتی خوای گەورە بار هەڵدەگرێ).[2]

لە(الأصابة ج٤، ص١٦٨) لە ژیاننامەی ئەبو لاسدا هێناویەتی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاویەتیەوە سەبارەت بە سوار بوونی وشتری صەدەقە لە حەجدا، بوخاری لە صەحیحەکەیدا بە تەعلیقی هێناویەتی، بەغەوی و جگە لەویش لە ئەبو سەهلی خوزاعیەوە(ﷺ) هێناویانە(پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر وشترێ سواری کردین...).

ئەحمەد لە ئیبن عەبباسەوە(ﷺ) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ولاخەکەی لەگەڵ خۆی سواری کرد، کاتێ لەسەری وەستا پێغەمبەر(ﷺ) سێ الله أكبر و سێ سبحان الله و یەك لا اله الا الله ی کرد، پاشان لەسەری پێی ڕاکشاند، پێکەنی، پاشان ڕووی تێکردو فەرمووی(مامن أمري، يركب دابته فيصنع كما صنعت الا أقبل الله عز وجل فضحك اليه كما ضحكت اليك) واته(هەرکەسێ سواری ولاخەکەی بێت و وەك ئەوە بکات کە من کردم خوای گەورە ڕووی تێدەکات و بۆی پێدەکەنێت وەك چۆن من بۆت پێکەنیم).[3][4]

---

[1] – صحيح.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٣١) دەڵێت ئەحمەدو تەبەرانی بە چەند سەنەدێ هێناویانە کەسەکانی سەنەدێکیان صەحیحن جگە لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق کە ڕاشکاوی سەماعی لە یەکێکیاندا هەیە، تەواو.

[3] – ضعيف.

[4] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٣١) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئەبو بەکری کوڕی ئەبو مەریەم هەیە کە لاوازە.

تەبەرانی لە ئەبو مەلیحی کوڕی ئوسامە لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) بووم کە وشترەکەمان وەستاو دا کەوت، وتم شەیتان ڕۆ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(لا تقل تعس الشيطان، فأنه يعظم حتى يصير مثل البيت ويقول بقوتي ولكن قل بسم الله فأنه يصير مثل الذباب) واتە(مەڵێ شەیتان ڕۆ بکات، چونکە گەورە دەبێ تا وەك ماڵی لێ دێتو دەڵێت بە هێزو قوەتی خۆم، بەڵام بڵێ بسم الله چونکە دەگۆڕێتو وەك مێشی لێدێت)[1][2].

ئەحمەد بە چەند سەنەدێك لە ئەبو تەمیمەی هجیمیەوە لەو کەسەوە کە لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) بووە هێناویەتی دەڵێت: من لەسەر گوێ درێژێ لە پشتیەوە بووم، بە هەمان شێوە دەیهێنێت، لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە دەڵێ(صرعته بقوتي، واذا قلت بسم الله تصاغرت اليه نفسه حتى يكون اصغر من ذباب)(بە هێزی خۆم پەکم خست، ئەگەر بڵێیت بە ناوی خوا شەیتان خۆی لا بچووك دەبێتەوە تا ئەوەی لە مێش بچووکتر دەبێ)[3][4].

ئەحمەدو ئەبو یەعلا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوویە سەر بەرزایی زەوییەك دەیفەرموو(اللهم لك الشرف على كل شرف ولك الحمد على كل حال) واتە(خوایە بەسەر هەموو شەرەفو گەورەییەکدا شەرەفو گەورەیی بۆ تۆیە، لە هەموو بارێکدا سوپاس بۆ تۆیە)[5][6].

---

[1] – صحیح.

[2] – هەیسەمی ج١٠، ص١٣٢) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لە مەحەممەدی کوڕی حەمران کە جێ متمانەشە.

[3] – صحیح.

[4] – کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن.

[5] – ضعیف.

[6] –(هەیسەمی) دەڵێت: تیایدا زیادەی نومەیری هەیە کە متمانەی بەسەر لاوازیدا زاڵە، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن، تەواو.

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لە شوێنێ دادەبەزین، سوبحانەڵڵامان دەکرد تا کۆڵەکەمانکردەوە[1،2].

تەبەرانی لە عەوفەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن مەسعوود(ﷺ) کە لە ماڵی دەردەچوو دەیوت بەناوی خوا، پشتم بەست بەخواو هیچ هێزو توانایەك نیە جگە لە خوا، موحەممەدی کوڕی کەعب دەڵێت: ئەمە لە قورئاندا هەیە(ارکبوا فیها بسم الله) دەڵێت: پشتمان بە خوا بەست.[3]

(صەلەوات دان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)

ئەحمەدو ئیبن مونیعو رەویانیو حاکمو بەیهەقی لە(شعب الأیمان)و سەعیدی کوڕی مەنسوورو عەبدی کوڕی حەمید لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کەسێ یەکی شەو دەچوو هەڵدەساو دەیفەرموو(ئەی خەڵکینە یادی خوا بکەن، فەرمووی یەکەم(راجفة) هاتو بە دوایدا فووی دووەم(رادفة) دێت، مەرگ بەوەی تیایدایە هات) وتم ئەی پێغەمبەری خوا من زۆر سەلەواتت لەسەر دەدەم، ئایا چەندە لە سەلەواتم بۆ تۆ دابنێم؟ فەرمووی(چەندە ویستت) وتم چوار یەك؟ فەرمووی(چەندت ویست ئەگەر زیادی بکەیت باشترە) وتم دەی دوو لە سێ، فەرمووی(چەندت ویست ئەگەریش زیادی بکەیت باشترە) وتم هەمووی بۆ تۆ

---

[1] – صحیح.

[2] – شوعبە دەڵێت: سوبحانەڵڵا بە زمان، سەنەدەکەی جەیدەو وەك(هەیسەمی ج١، ص١٣٣) دەڵێت: پێشتریش هەندێ چیرۆك لە باسی زیکری جیهاددا هاتووە.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٢٩) دەڵێت: تەبەرانی بە مەوقووفی هێناویەتیو سەنەدەکەی مونقەتیعە، لە سەنەدەکەدا مەسعوودی هەیە کە شت تێکەڵ دەکات، تەواو.

دادەنێم، فەرمووی(دەی نیازو ویستت زامن دەبیٚ و لە تاوانت دەبوردرێت)(اذا تكفى همك وتتغفر لك ذنبك)[1].[2]

ئەبو یەعلا دەقەکە هی ئەوەو ئیبن ئەبی دنیا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویانە دەڵێت:پێنج یان چوار لە هاوەڵان پێغەمبەرمان بەجیٚ نەدەهێشت بەسەر پێویستی شەوو ڕۆژیمان بەجێدەگەیاند، من هاتم بۆ لای و ئەو دەرچووبوو، چووم بە شوێنیدا، چوویە حەوشەیەکی خانەدانان، نوێژی کردو کڕنووشی دوورو درێژی برد، منیش گریامو وتم خوا گیانی دەرکرد، سەری بەرز کردەوەو بانگی کردمو فەرمووی(چیتە؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا سوجدەکەت درێژ کردەوەو وتم خوا گیانی پێغەمبەرەکەی دەرکردو هەرگیز نایبینم، فەرمووی(سوجدەی سوپاسم برد بۆ پەروەردگارم کە لە ئوممەتمدا بەخششی کردم، هەرکەس لە ئوممەتمدا صەلەواتێکم لەسەربدات خوا دە چاکەی بۆ دەنوسێتو دە خراپەی لیٚ دەسڕێتەوە)[3]

حاکمو ئەحمەد لە عەبدوڕەحمانەوە بەو واتایە هێناویانەو لە گێڕانەوەکەیاندا هاتووە وتی فەرمووی(جبريل(عليه السلام) پێی فەرمووم: بزانە موژدەت پێدەدەم خوای گەورە دەفەرمویٚت هەرکەس صەلەواتێکت لەسەر بدات صەلەواتی لەسەر دەدەم، هەرکەس سەلامت لیٚ بکات سەلامی لێدەکەم) لە گێڕانەوەیەکدا ئەوەی زیاد کردووە(بەڵیٚ، هاتوویەك لای پەروەردگارمەوە(عزوجل) هات بۆ لامو فەرمووی هەرکەس لە ئوممەتەکەت صەلەواتێکت لەسەر بدات خوا بەوە دە چاکەی بۆ

---

[1] – صحيح.

[2]– لە(كنز العمال ج١، ص٢١٥) دا هاتووە بۆ گێڕانەوەکەی ئیبن مونیعیش دەڵێت حەسەنە، ترمزی هێناویەتیو دەڵێت حەسەنی صەحیحە، حاکم بە صەحیحی داناوە وەك لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٦١)دا هاتووە، تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن هێناویەتی، وەك لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٦١)دا هاتووە، ئەبو نەعیم هێناویەتی لە(كنز العمال ج١، ص٢١٥)دا لە ئیبن حبانی کوڕی مونقذەوە بە کوڕتیو لابردنی کۆتاییەکەی هاتووە.

[3] – حسن لغيره.

دەنوسیٚ‌و دە خراپەی لیٚ دەسڕیٚتەوەو دە پلە بەرزی دەکاتەوەو بە هەمان شیٚوە وەڵامی دەداتەوە)[1][2].

حاکم بە صەحیحی داناوە، لە کەعبی کوڕی عەجرەوە(رضي الله عنه) هیٚناویەتی دەڵیٚت پیٚغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(مینبەر ئامادە بکەن) ئامادەمانکرد، کە پلەیەك چوویە سەر فەرمووی ئامین، کە پلەی دووەم چوویە سەر فەرمووی ئامین، کە سیٚیەم پلە چوویە سەر فەرمووی ئامین، کاتیٚ دابەزی وتمان ئەی پیٚغەمبەری خوا ئەمڕۆ شتیٚکمان لیٚ بیستیت کە جاران نەماندەبیست،فەرمووی(ان جبريل عرض لي فقال بعد من أدرك رمضان فلم يغفرله قلت آمين، فلما رقيت الثانية قال بعد من ذكرت عنده فلم يصل عليك قلت آمين، فلما رقيت الثالثة قال بعد من أدرك أبوية الكبر عنده او احدهما فلم يدخلاه الجنة قلت آمين) واتە(جبريل خۆی نیشاندامو وتی لەناو چیٚ ئەوەی دەگات بە ڕەمەزان‌و لیٚخۆشبوونی بۆ نەبووبیٚ، وتم ئامین، کە چوومە سەر پلەکانی دووەم وتی لەناو چیٚ ئەوەی تۆ لە لای باسبکریٚت‌و سەلەواتت لەسەر نەدات وتم ئامین، کە چوومە سەر سیٚیەم وتی لەناو چیٚ ئەوەی دایك‌و باوكی پیر دەکەون لە لای یان یەکیٚکیان لای پیر دەکەویٚ بەڵام نەیبەنە بەهەشت، وتم ئامین)[3][4].

---

[1] - حسن لغيره.

[2] - ئیبن حبان لە صەحیحەکەیداو تەبەرانی بەو شیٚوە هیٚناویانە، لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٥٧)دا هاتووە، عەبدوڕەزاق بەو شیٚوە هیٚناویەتی وەك لە(كنز العمال ج١، ص٢١٦)دا هاتووە، فەرموودەکە چەندین ڕیٚگەو دەقی جیاوازی هەیە.

[3] - صحيح.

[4] - ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا لە مالیکی کوڕی حوەیرەثەوەو بەزارو تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی حارثی جوزئی زوبەیدیەوەو ئیبن خوزەیمەو ئیبن حبان لە ئەبو هورەیرەوەو تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە بە هەمان شیٚوە هیٚناویانە، وەك لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٦٦)دا هاتووە، تەبەرانیش فەرموودەکەی کەعبی هیٚناوەو کەسەکانی جیٚ متمانەن وەك(هەیسەمی) دەڵیٚت، فەرموودەکەی مالیکیشی هیٚناوەو عیمرانی کوڕی ئیبنی تیٚدایە کە ئیبن حبان بە جیٚ متمانەو

ئيبن عاصم لە ئەبو زەرەوە هێناويەتى دەڵێت: ڕۆژێ دەرچووم‌و چووم بۆ لاى پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووى(الا اخبركم بأبخل الناس؟) واتە(ئايا هەواڵتان پێبدەم بە پيسكە ترين كەس؟) وتمان بەڵێ ئەى پێغەمبەرى خوا، فەرمووى(ئەوەى لەلاى باس بكرێم‌و سەلەواتم لەسەر نەدات، ئەوە پيسكەترينى خەڵكە)(من ذكرت عنده فلم يصل على فذلك أبخل الناس)[1].[2]

ماليك‌و ئيبن ئەبى شەيبە‌و موسليم‌و چوارەكەى ديكە‌و ئيبن ماجە‌و عەبدوڕەزاق‌و عەبدى كوڕى حەميد لە ئەبو مەسعوودەوە هێناويانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لامان‌و لەگەڵمان لە كۆڕى سەعدى كوڕى عوبادەدا دانيشت، بەشيرى كوڕى سەعد كە ئەبو نعمانى كوڕى سەعد بوو پێى وت: خوا فەرمانى پێ كردين كە صەلەواتت لەسەر بدەين، ئەى چۆن صەلەواتت لەسەر بدەين ئەى پێغەمبەرى خوا؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووى بێدەنگ بوو تا هيوامان دەخواست خۆزگە پرسيارى لێنەكردايە، پاشان فەرمووى(بڵێن اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على ابراهيم و بارك على محمد وعلى آل محمد كما باركت على ابراهيم في العالمين انك حميد مجيد، والسلام سەلاميش وەك ئەوەيە كە فێربوون).[3]

ئيبن ماجە لە ئيبن مەسعوودەوە بە مەوقووفى بە سەنەدى حەسەن هێناويەتى دەڵێت: ئەگەر سەلەواتتان دا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) جوان سەلەوات بدەن چونكە نازانن لەوانەيە بخرێتە ڕوو بۆى، پێيان وت دەى فێرمان بكە، وتى بڵێن(اللهم اجعل صلوات ورحمتط و بركاتك على سيد المرسلين وامام المتقين وخاتم النبيين محمد

چەندێ لەو ڕێگەوە بە لاوازى دەزانن، ئيبن حبان هێناويەتى وەك(هەيسەمى ج١٠، ص١٦٦) هێناويەتى.

[1] – صحيح لغيره.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٧٠) دا واهاتووە.

[3] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١٧) دا واهاتووە.

عبدك ورسولك امام الخير وقائد الخير ورسول الرحمة، اللهم ابعثه مقاما محمودا يخبطه به الأولون والآخرون، اللهم صل على محمد وعلى آل محمد كما صليت على ابراهيم وعلى ابراهيم انك حميد مجيد، اللهم بارك على محمد وعلى كما باركت على ابراهيم وعلى آل ابراهيم انك حميد مجيد)[1][2].

خەتیب و ئەسبەهانی لە ئەبو بەکری صدیقەوە هێناویانە دەڵێت: سەلەوات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) سڕەرەوە ترین شتە بۆ تاوانەکان زیاتر لە کوژێنەوەی ئاو بۆ ئاگر، سەلام کردن لە پێغەمبەر(ﷺ) لە گەردن ئازاد کردن گەورەترە، خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕزگارکردنی گیانەکان گەورەترە، یان وتی لە شمشێر وەشاندن لە پێناو خوادا.[3]

ترمزی لە عومەری کوڕی خەتتابەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: نزا لە نێوان ئاسمان و زەویدا وەستاوەو هیچی لێبەرز نابێتەوە تا سەلەوات بدەین لە سەر پێغەمبەرەکەت، ئیبن راهەویە بە سەنەدی صەحیح لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: بۆی باسکردم نزا لە نێوان ئاسمان و زەویدایە، بەو شێوە دەیهێنێت، ڕەهاوی لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت نزا هەمووی ناچێتە ئاسمان تا سەلەوات دەدەین لەسەر پێەمبەر(ﷺ) جا ئەگەر سەلەوات هات نزاکە بەرز دەکرێتەوە[4][5].

---

[1] – ضعيف.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٦٥)دا واهاتووە، پێشتریش هێنامان علی(رضي الله عنه) چۆن دەربڕینەکانی فێردەکەین.

[3] – لە(كنز العمال ج١، ص٣١٣)دا واهاتووە.

[4] – حسن.

[5] – دیلەمی و عەبدولقادری ڕەهاوی لە ئەربەعیندا لە عومەرەوە بە مەرفوعی بە شێوەی دەقی ترمزی هێناویانە دەڵێت: لە عومەرەوە بە مەوقووفی لە قسەکەیەوە وەرگێڕاوەتەوە ئەمەش لە مەرفوع صەحیحترە، زانای فەرموودەی عێراقی دەڵێت: ئەمە ئەگەر مەوقووفی لەسەر بێت ئەوا نموونەی وا پێش ڕاو بۆچوونەکە ناوترێ، بەڵکو ئەوە شتێکی وەستاوە بۆیە حوکمی مەرفووعی

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) بە مەوقووفی لە عەلیەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: هەموو نزایەك ڕادەگیرێت تا سەڵەوات دەدات لەسەر موحەممەد(ﷺ)[1]،[2] بەیهەقی لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس لە ڕۆژی هەینیدا سەد جار سەڵەوات بدات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی دواییدا ڕووناکیەك لە ڕووخسایەتی کە خەڵك دەڵێت: ئەمە چی کردبێ.[3]

عەبدوڕەزاق لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: شیاو نیە سەڵەوات بدەیت جگە بۆ پێغەمبەران.[4]

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: نابێ سەڵەوات بدرێ لەسەر کەس جگە لە پێغەمبەر(ﷺ).[5]

هەیە وەك کۆمەڵێکی پێشەوایانی فەرموودەو ئوصولی دەیڵێن، لە(کنز العمال ج١، ص٢١٣) دا واهاتووە.

[1] – صحیح.

[2] – مونزیری لە(الترغیب والترهیب)دا دەڵێت: گێڕەرەوەکانی جێ متمانەن و هەندێکیان بە مەرفووعی دەزانن و مەوقووفەکەی دروستە، بەیهەقی لە(شعب الأیمان) و عوبەیدوڵای عەیشی لە فەرموودەیەکداو عەبدولقادری ڕەهاوی لە ئەربەعینەدا هێناویانە، وەك لە(کنز العمال ج١، ص٢١٤) هاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص٢١٤) دا واهاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج١، ص٢١٦).

[5] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٦٧) دەڵێت تەبەرانی بە موقووفی هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن، تەواو.

(داوای لێخۆشبوون)

ئەبو داودو ترمزی لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: ئێمە لەیەك كۆڕدا سەد جار ئەوەمان بۆ پێغەمبەر(ﷺ) دەژمارد(رب اغفرلي وتب علي انك أنت التواب الرحيم) واتە(خوایە لێم خۆشبەو لێم ببورە، بە ڕاستی تۆ لێخۆشبووی میهرەبانی).[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلی ج١، ص٢٧٦) لە حوزەیفەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: سكالآم كرد لای پێغەمبەر(ﷺ) لە زمان درێژیم، فەرمووی(این انت من استغفار) واتە(تۆ لەگەڵ داوای لێخۆشبووندا چۆنیت) من هەموو ڕۆژێ سەد جار لای خوا داوای لێخۆشبوون دەكەم.[2,3]

لە گێڕانەوەیەكی دیكەی لای ئەبو نەعیم هێناویەتی دەڵێت هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و وتم ئەی پێغەمبەری خوا زمانم بەرامبەر ماڵو منالم توندە دەترسم بمباتە ناو دۆزەخ، بە هەمان شێوە هێناویەتی.

ئیبن ئەبی دنیا و بەیهەقیو ئەسبەهانی لە ئەنەسی كوڕی مالیكەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕێگەیدا بوو فەرمووی استغفروا الله) واتە(داوای لێخۆشبوون لای خوا بكەن)(ئێمەش داوای لێخۆشبوونمان كرد، فەرمووی(أتموها سبعين مرة) واتە(بیكەن بە حەفتا جار) ئێمەش وتمان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(مامن عبدولَلاَ امة يستغفر الله في يوم سبعين مرة الا غفرالله له سبعمائة ذنب و قد خاب عبد او امة عمل قي يوم وليلة أكثر من سبعمائة ذنب) واتە(هەر بەندەیەك(نێرومێ) لە ڕۆژێكدا حەفتا جار داوای لێخۆشبوون لای خوا بكات ئەوا

---

[1] - صحيح.

[2] - ضعيف.

[3] - ئیبن ئەبی شەیبە لە حوزەیفەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج١، ص٢١٢)دا هاتووە.

خوا لە حەوت سەد تاوانی خۆش دەبێت، ماڵوێران و دەست شکاو دەبێت کەسێ لە ڕۆژو شەوێکدا زیاتر لە حەوت سەد تاوان بکات)[1].[2]

ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن مونیع بە صەحیحی داناوە، لە عەلی کوڕی ڕەبیعەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلی(رضي الله عنه) لە دوای خۆیەوە سواری کردم، پاشان بردمی بۆ لای(الحرة) پاشان سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو وتی خوایە لە تاوانەکانم خۆش بە، جگە لە تۆ کەس لە تاوانەکانم خۆش نابێت، پاشان لای بەلادا کردمەوەو پێکەنی، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمەچۆن داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەیت و سەیری منیش دەکەیت پێدەکەنی؟ وتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە دوای خۆیەوە سواری کردم و هێنامی بۆ لای(الحرة) پاشان سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو فەرمووی(اللهم اغفرلي ذنوبي فأنه لا يغفر الذنوب أحد غيرك) پاشان لایکردەوە بە لامداو پێکەنی، وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە چیە داوای لێخۆشبوون لە پەروەردگارت دەکەیت و لا بە لای مندا دەکەیتەوەو پێدەکەنیت؟ فەرمووی(پێکەنیم بۆ پێکەنینی پەروەردگارم لەبەر سەر سوڕمانی لە بەندەکەی کە دەزانێت جگە لەو کەس لە تاوانەکان خۆش نابێت)واتە(ضحكت لضحك ربي لعجبه لعبده انه يعلم انه لايغفر الذنوب احد غيره).[3]

ئەبو یەعلاو ئیبن عەساکیر لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە دەڵێت: دوای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کەسم نەدیوە هێندەی ئەو زۆر بڵێ(استغفر الله واتوب اليه).[4]

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٣١)دا هاتووە، ئیبن نەجار بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج١، ص٢١٢)دا هاتووە.

[3] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١١)دا واهاتووە.

[4] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١٢)دا واهاتووە.

حاکم لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی جابری کوڕی عەبدوڵڵا لە باوکی لە باپیریەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و وتی: وای بۆ تاوانەکانم، وای بۆ تاوانەکانم،دوو یان سێ جار وتی، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(بڵێ خوایە لێخۆشبوونت لە تاوانەکانم فراوانترو ڕەحمەتت لە کردارم لام جێ هیواترە) ئەویش وتی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(عد) واتە(بیڵێرەوە) ئەویش وتیەوە، جاری سێیەمیش هەروا، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(قم غفرالله لك) واتە(هەستە خوا لێت خۆشبوو)[1,2].

ئەحمەد لە الزهدو هناد لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویانە بیستی کەسێ دەیوت: أستغفر الله وأتوب اليه، ئەویش وتی ماڵوێران! خوشکەکەشی بڵێ(فاغفرلي وتب علي).[3]

دەینەوەری لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت عەلی(رضي الله عنه) وتی: سەرم سوڕدەمێنێ لەوەی بە هیلاك دەچێت و دەربازبوونیشی لەگەڵدایە، پێی وترا ئەوە چیە؟ وتی داوای لێخۆشبوون.[4]

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: سەربەرزی بۆ ئەوەی لە لاپەڕەیدا ماوەیەکی(بەشێکی) داوای لێخۆشبوون بەدی دەکات.[5]

تەبەرانی بە مەوقووفی لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس سێ جار بڵێ أستغفرالله الذي لا اله الا هو الحي القيوم وأتوب اليه، لێخۆشبوونی بۆ هەیە تەنانەت ئەگەر لە کشان ڕابکات.[1]

---

[1] – ضعيف.

[2] – حاکم دەڵێت: گێڕەرەوەکانی مەدینەیین و یکێکیان بە جرح و تەعدیل نەناسراوە، لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٣٢)دا واهاتووە.

[3] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١١)دا واهاتووە.

[4] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١١)دا واهاتووە.

[5] – لە(كنز العمال ج١، ص٢١١)دا واهاتووە.

حاکم(ج٣، ص٣١٦) لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر تاوانەکانم بزانن دووکەس بە دوامدا نایەن‌و خۆڵ دەکەن بەسەر سەرمدا، حەز دەکەم بە عەبدوڵڵای کوڕی پشقل بانگ بکرێم بەڵام خوا لە تاوانیْ لە تاوانەکانم خۆش بێت.[2]

ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص٣٨٣) لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: من هەموو ڕۆژیْ دوانزە هەزار جار داوای لێخۆشبوون لای خوا دەکەم‌و دەگەڕێمەوە بۆ لای، ئەمەش بە پێی ئاست‌و پلەی ئایینم یان بە پێی ئایینی.[3]

حاکم بە مەوقووفی لە بەرائیەوە هێناویەتی کەسیْ پێی وت: ئەی ئەبو عەممارە(ولا تلقوا بأیدیکم الی التهلکة) ئایا ئەو کەسەیە خۆی دەخاتە ناو دوژمن‌و دەجەنگیْ تا دەکوژریْ؟ وتی نا، ئەو کەسەیە کە تاوان دەکات، دەڵێت خوا لەو تاوانە خۆش نابێت[4].[5]

(ئەوەی دەچێتە بازنەی زیکرەوە)

تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن لە ئەبو دەردائەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(لیبحثن الله أقواما یوم القیامة في وجوههم النور علی منابر اللؤلؤ یغبطهم الناس لیسوا بأنبیاء ولا شهداء) واتە(خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا دەستەیەك زیندوو دەکاتەوە ڕووناکی لە ڕووخساریاندایە لەسەر مینبەری مروارین

---

[1] –(هەیسەمی ج١٠، ص٢١٠) دەڵێت کەسەکانی جیْ متمانەن.

[2] – حاکم بە صەحیحی داناوە‌و زەهەبیش لەسەری کۆکە.

[3] – لە(صفة الصفوة ج١، ص٢٨٨)دا هاتووە: بە پێی تاوانم.

[4] – صحیح لغیره.

[5] – حاکم دەڵێت لەسەر مەرجی بوخاری‌و موسلیم صەحیحە، لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٣٢)دا واهاتووە.

خەڵکی خۆزگەیان پێ دەخوازن، پێغەمبەران و شەهیدان نین) دەڵێت دەشتەکیەك لەسەر ئەژنۆکانی کەوت و وتی ئەی پێغەمبەری خوا بیانڵێ با بیانناسین، فەرمووی(هم المتحابون في الله من قبائل شتي و بلاد شتي يجتمعون على ذكرالله يذكرونه) واتە(ئەوانە ئەو کەسانەن لەبەر خوا یەکیان خۆش دەوێت، لە چەند هۆزێکی جیاو لە وڵاتی جیاجیا لەسەر یادی خوا کۆدەبنەوەو یادی خوا دەکەن).[1]

هەروەها لە عمری کوڕی عەبسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو(عن يمين الرحمن وكلتا يده يمين، رجال ليسوا بأنبياء ولا شهداء يعشي بياض وجوههم نظر الناظرين يغبطهم النبيون والشهداء بمقعدهم وقربهم من الله عزوجل) واتە(لە لای ڕاستی خواوە، هەردوو دەستی ڕاستن، کەسانێ هەن پێغەمبەران و شەهیدان نین سپیایی دەم و چاویان دیدی ڕوانەران ڕادەکێشێت پێغەمبەران و شەهیدان خۆزگە دەخوازن بە شوێنیان و نزیکیان لە خوای گەورە) وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە کێن؟ فەرمووی ئەوانە کۆمەڵێکی کەنار گرتوو لە خۆزگەکانن لەسەر یادی خوا کۆدەبنەوەو جوانترین و پاکترین قسە وەردەگرن وەك چۆن بخۆری خورما پاکیەکانی وەردەگرێت[2][3].

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە ئەنەسی کوڕی مالسکەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هات بۆ لای هاوەڵانی و سەیری کرد قسە دەکەن، وتیان باسی باری سەردەمی نەفامیمان دەکرد چۆن خوای گەورە ڕێنموونی کردین، جاران چەند لە گومڕاییدا بووین، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(احسنتم واعجبه هكذا كونوا وهكذا فافعلوا) واتە(چاکتان کردو جێی سەر سوڕمانە، وابن و وابکەن)[4][1].

---

[1] – حسن لغيره.

[2] – ضعيف.

[3] – سەنەدەکەی موقاریب و بێ گرفتە، لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص٦٦)دا واهاتووە،(هەیسەمی ج١٠، ص٧٧) بۆ فەرموودەکەی عەمری کوڕی عەبسە دەڵێت: تەبەرانی گێڕاویەتیەوەو کەسەکانی جێ متمانەن، تەواو

[4] – حسن.

ئیبن عەساکیر لە ئیبن عەبباسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: زۆر باسی عومەر بکەن چونکە عومەر کاتێ باسی دەکەن باسی دادپەروەری دەکەن، کە باسی دادپەروەری کرا زیکری خوا دەکرێت.[2]

هەروەها لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: کۆڕەکانتان بە سەلەوات دان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) و باسی عومەری کوڕی خەتتاب برازێننەوە.[3]

(شوێنەوارو ڕاستی زیکرەکان)

بەزار لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت کەسێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەولیای خوا کێن؟ فەرمووی(الذين اذا رؤوا ذكر الله)(ئەوانەی ئەگەر بینران یادی خوا بکرێت)[4]. [5]

حەسەنی کوڕی سەفیان و ئەبو نەعیم لە حەنزەلەی نووسەری ئووسیدیەوە کە لە نووسەرانی بەر دەستی پێغەمبەر(ﷺ) بوو، هێناویەتی دەڵێت: لە خزمەت پێغەمبەردا بووین، باسی بەهەشت و دۆزەخی بۆ کردین تا ئەوەی بڵێی بە چاو بیبینین، هەستام بۆ لای ماڵ و منداڵ و کوڕم و پێکەنیم و وریام کردن، ئەو بارەم بیرکەوتەوە کە تیایدا بووین، فەرمودەکە دێنێت وەك پێشتر لە باسی باوەڕ بە بەهەشت و دۆزەخدا هێنامان، لە کۆتاییدا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(يا حنظلة لو كنتم عند اهليكم كما تكونوا عندي لصافحتكم الملائكة على فرشكم وفي

---

[1] –(هەیسەمی ج١٠، ص٨٠) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موبارەکی کوڕی فضالە هەیە کە جێ متمانەیە و چەندێکیش بە لاوازی دەزانن و کەسەکانی دیکەش صەحیحن.

[2] – لە(المنتخب ج٤، ص٣٩١)دا واهاتووە.

[3] – لە(المنتخب ج٤، ص٣٩٤)دا واهاتووە.

[4] – صحيح.

[5] –(هەیسەمی ج١٠،ص٧٨) دەڵێت: بەزار لە عەلی کوڕی حەربی رازی مامۆستایەوە هێناویەتی کە نایناسم کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن.

الطريق، يا حنظلة ساعة وساعة)(ئەی حەنزەلە ئەگەر لای ماڵو منداڵتان وەك ئەو بارە بن کە لای منن فریشتەکان لەسەر ڕاخەرو لە ڕێگەدا تەوقەتان لەگەڵدا دەکەن، ئەی حەنزەلە ساتەو ساتە)[1] تەیالسیی و ئەبو نەعیم هێناویانە(ئەگەر وا بن کە لای منن ئەوا فریشتە بە باڵەکانیان سێبەرتان بۆ دەکەن).

ئیبن نەجار لە ئەبو هورەیرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە کاتێ لای تۆین دڵمان نەرمو چاومان لە دنیا دوورو ڕوومان لە ڕۆژی دواییە، فەرمووی(لو تكونون اذا ضربتم عندي كما تكونون عندي لزارتكم الملائكة ولصافحتكم في الطريق، ولو لم تذنبوا الجاء الله بقوم يذنبون حتى تبلغ خطاياهم عنان السماء فيستغفرون الله فيغفر لهم ما كان منهم ولا يبالي)(ئەگەر لە لام چوون وەك ئەو بارە بن کە لای منن فریشتەکان سەردانتان دەکەنو لە ڕێگەدا تەوقەتان لەگەڵدا دەکەن، وە ئەگەر تاوان نەکەن خوا خەڵکی دێنێ تاوان دەکەن تا تاوانەکانیان دەگاتە کەشکەشەی ئاسمان، ئەو کات داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەنو خواش لە تاوانەکانیان خۆش دەبێت با کیشی نیە)[2].[3]

ئەبو نەعیم لە(الحلیه ج١، ص٣٠٩) لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: داوای کچەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرم کردو ئەو کات لە تەوافدا بووین، بێدەنگ بوو وەڵامی نەدامەوە، وتم ئەگەر ڕازی بوایە وەڵامی دەدامەوە، بە خوا هەرگیز وشەیەکیشی دووبارە ناکەمەوە، قەدەری وا بوو پێش من هاتە مەدینە، پاشان من هاتمو چوومە مزگەوتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و مافی خۆیم داو هاتم بۆ لایو ئەویش بەخێر هاتنی کردمو وتی کەی هاتیتەوە؟ وتم ئێستا هاتوومەتەوە، وتی ئایا تۆ باسی سەودەی کچی عەبدوڵڵات لاکردم کاتێ لە تەوافدا بووینو لەبەر

[1] – صحيح.
[2] – ضعيف.
[3] – لە(کنز العمال ج١، ص١٠١)دا واهاتووە.

ئەحمەدو جەعفەری کوڕی فریابی لە عوقبەی کوڕی عامرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) بە کەسێکی فەرموو کە پێی دەوترا(ذوالبجادین)(انه أواه) ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆر یادی خوای دەکرد بە قورئان خوێندن و نزاکردن و دەنگیشی بەرز دەکردەوە، تەواو.[1]

ژماردنی زیکرو بنەڕەتی تەسبیح

ترمذی و حاکم لە صفیەوە(رضی الله عنها) هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای و لەبەر دەستی دا چوار هەزار دەنك هەبوو کە تەسبیحاتی پێدەکردن، فەرمووی(الا أعلمك بأکثر مما سبعت به ؟)(ئایا فێرت بکەم بە شتێ کە زیاتر بێ لەوەی تەسبیحاتی پێدەکەیت ؟) وتی بەڵێ فێرم بکە، فەرمووی(سبحان الله بە هێندەی دروستکراوەکانی) حاکم دەڵێت فەرمووی(بڵێ سبحان الله بە ژمارەی هەرچی شتێ کە دروستی کردووە)[2].[3]

بەغەوی لە ئەبو صەفیەی مەولای پێغەمبەرەوە(ﷺ) هێناویەتی قاپێکی پێستەی بۆ دادەنرا..... دەهێنرا کە چەوی تێدا بوو تا نیوەی ڕۆژ بەوانە تەسبیحاتی دەکرد پاشان هەڵدەگیران. کاتێ نوێژی یەکەمی دەکرد سبحان الله ی دەکرد تا ئێوارە دەهات.[4]

ڕێگەی کەثیری کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عەوف لە باوکی لە باپیرەوە بەو شێوە هێناویەتی.

[1] – حسن.

[2] – منکر.

[3] – ترمذی دەڵێت فەرموودەیەکی غەریبە و لە فەرموودەی صەفیەوە نایناسین جگە لەم ڕووەوە لە فەرموودەی هاشمی کوڕی سعیدی کووفی، سەنەدەکەشی ناسراو نیە، لە(الترغیب والترهیب، ج٣، ص٩٩) دا هاتووە، پێشتر لە کۆکردنەوەی زیکرەکاندا شتێکمان لێ هێناوە.

[4] – لە(البدایة والنهایة ج٥، ص٣٢٢) دا هاتووە.

بەغەوی لە یونسی کوڕی عوبەید لە دایکیەوە هێناویەتی دەڵێ: ئەبو صەفیە یەکێ لە کۆچەرانم بینی بە دەنك تەسبیحاتی دەکرد.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١،ص ٣٨٣) لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەزوویەکی هەبوو کە دوو هەزار دانەی پێوە بوو، نەدەخەوت تا بەوانە تەسبیحاتی دەکرد. ئەبو داود(ج٣، ص٥٥) لە ئەبو نەزرەوە هێناویەتی دەڵێت: گەورەیەکی تەفاوە پێی وتم: میوانی ئەبو هورەیرە بووم لە مەدینە کەس لە هاوەڵانی پێغەمبەرم نەدی هێندەی ئەو میوانخواو رووپێدەر بێ، من ڕۆژێ لای بووم و ئەویش لەسەر ڕاخەرێ بوو کیسێکی بەردو چەوی پێبوو -یان دەنك- لە خواریەوە کە نیزەکێکی ڕەشی بوو، تەسبیحاتی پێدەکردن تا چی لە کیسهکەدا هەبوو تەواو بوو دای بە کەنیزەکەکە، ئەویش کۆی کردنەوەو کردنیەوە ناو کیسەکەو هێنایەوە بۆ ئەبو هورەیرە-[2][3].

ئیبن سەعدج ٣، ص ١٤٣ لە حەکیمی کوڕی دەیلەمیەوە هێناویەتی یەعد بە چەو تەسبیحاتی دەکرد.

ئەدەبو ئاکاری زیکرو چەند بارەی چاکەکان

ئیبن جەریر لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: گەر ویستت یادی خوا نەکەیت مەگەر بە پاکی نەبێت، ئەوا وابکە.[4]

ئەحمەد لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت لە ئەبو هورەیرەم بیست دەیوت: بیستم خوای گەورە بە یەك چاکە هەزار(ملیۆنێك) چاکە

---

[1] - بوخاری هێناویەتی -واتە لە صەحیحدا نا- لە(الأصابة ج٤، ص١٠٩) یشدا هاتووە، ئیبن سەعدیش(ج٧، ص٦٠) هێناویەتی

[2] - ضعیف.

[3] - بەدوورو درێژی فەرموودەکە دێنێت.

[4] - لە(كنز العمال ج١، ص٢٠٩) دا واهاتووە.

دەبەخشێ بە بەندەکەی، ئەبو هورەیرەش وتی نەخێر لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست دەیفەرموو خوای گەورە هەزار هەزار چاکەی پێدەبەخشێت، پاشان ئەوەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿يُضَاعِفْهَا وَيُؤْتِ مِن لَّدُنْهُ أَجْراً عَظِيماً﴾ ئەویش وتی ئەگەر خوای گەورە دەفەرموێت پاداشتێکی گەورە دەی کێ هەیە ڕێژەکەی دیاری بکات،[1] لە گێڕانەوەیەکیشدا دەڵێت هاتم بۆ لای ئەبو هورەیرەو وتم بیستم تۆ دەڵێیت: چاکە بە هەزار هەزار چاکە پاداشتی دەبێت، وتی بۆ سەرت لەوە سوڕ دەمێنێ ؟ بەخوا لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست دەیفەرموو- بەو شێوە هێناویەتی-[2].[3]

[1] – صحيح لغيره.

[2] – صحيح.

[3] – هەیسەمی(ج١٠، ص ١٤٥) دەڵێت ئەحمەد بە دوو سەنەدو بەزاریش بە هەمان شێوە هێناویانە، یەکێ لە سەنەدەکانی ئەحمەد جەییدە، تەواو.

بەشی چواردەهەم

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵانی(رضي الله عنه) چۆن بە نزاکان بەرەو لای خوا دەچوون‌و بۆ هەرکارێ نزایان دەکردو لە هەرکاتێکدا نزایان دەکردو نزاکانیان چۆن بوون.

شێوەو ئادابی نزا

ئیبن ئەبی شەیبە لە موعازی کوڕی جەبەلەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای کابرایەکدا کە دەیوت خوایە من داوای خۆڕاگریت لێدەکەم، پێغەمبەر((ﷺ) فەرمووی(سألت الله البلاْ فسأله المعافاة)(داوای بەڵات لە خواکرد دەی داوای دەربازبوونیشی لێ بکە) دای بە لای کەسێکدا دەیوت خوایە من داوای هەموو بەخششت لێدەکەم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەی ئادەمیزاد ئایا دەزانیت تەواوی بەخشش چین) وتی ئەی پێغەمبەری خوا بە هیوای خێر ئەو دوعایەم کرد، فەرمووی(فأن من تمام النعمة دخول الجنة والفوز من النار)(دەی تەواوی بەخشش چوونە بەهەشتو بردنەوەیە- ڕزگار بوون- لە دۆزەخ) دای بە لای کەسێکدا دەیوت ئەی خاوەن ڕێزو شکۆ، فەرمووی(لقدا استجیب لك فسأل)(بەڕاستی وەڵامت درایەوە دەی داوابکە)[1].[2]

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای کابرایەك دەیوت خوایە داوای خۆڕاگریت لێدەکەم، ئەمەش لە تاو ماندووبوونی، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(هل کنت تدعو الله بشیْ)(ئایا داوای هیچت لە خوا دەکرد) وتی من دەموت خوایە هەر سزایەکی ڕۆژی دواییم هەیە پێشی خە بۆ دنیام، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(الا قلت اللهم اتنا في الدنیا حسنة وفی الآخرة حسنة وقنا عذاب النار)(بۆ نەت وت خوایە لە دنیادا چاکەو لە ڕۆژی دواییشدا چاکە مان بۆ بێنەو لە سزای دۆزەخ بمان پارێزە) لای خوا نزای بۆکرد خوایش شیفای دا[3].[4]

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٩٢) دا واهاتووە.

[3] – صحیح.

[4]– لە(کنز العمال ج١، ص٢٩٠) دا واهاتووە ئیبن نەجاریش بەو شێوە لێوەی هێناوە وەك لە کنز العمال دا هاتووە.

ئەبو نەعیم لە بەشیری کوڕی خەصاصیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(أحمد لله الذی جاء من ربیع القشعم حتی اسلمت علی یدی رسول الله)(سوپاسی ئەو خوایە دەکەم کەلە ڕەبیع قەشعەمی هێنا تا لەسەر دوو دەستی پێغەمبەر(ﷺ) موسوڵمان بوو) وتم ئەی پێغەمبەری خوا لای خوا نزام بۆبکە پێش تۆ بممرێنێت، فەرمووی(لست ادعوا بهذا لأحد)(نزای ئەوەم بۆ کەس نەکردووە).[1]

ئیبن ئەبی شەیبەو ئەحمەدو ئەبو داودو نەسائی و جگە لەوانیش لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر نزای بۆ کەسێ بکردایە لە خۆیەوە دەستی پێدەکرد، ڕۆژێ باسی موسا(علیه السلام) ی کرد فەرمووی(ڕەحمەتی خوا لە ئێمەو لە موسا ئەگەر خۆی ڕابگرتایە هاوەڵەکەی زۆر سەرسوڕهێنەری لێ دەدی، بەڵام فەرمووی(إن سألتك عن شئ بعدها فلا تصاحبنی قد بلغت من لدني عذرا) درێژەی پێداوە،[2] ترمزی بەو شێوە هێناویەتی و ئەوەی باس نەکردووە: ڕۆژێ باسی موسای کرد، تا کۆتای فەرموودەکە.[3]

تەبەرانی بە سەنەدی حەسەن لە ئەبو ئەیوبەوە بەو دەقە هێناویەتی کاتێ نزای دەکرد لەخۆیەوە دەستی پێکرد[4].[5]

ئیبن ئەبی شەیبە لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت عائیشە بە ئیبن ئەبی سائیبی دادوەری مەکەی وت: لە نزادا لە سەر وا خۆت بگرە، چونکە من لە گەڵ پێغەمبەری خوا(ﷺ) وهاوەڵانی بووم و ئەوان وایان نەدەکرد[6].[7]

---

[1] – لە(المنتخب ج٥، ص ١٤٧) دا واهاتووە.

[2] – صحیح.

[3] – هەروەها دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی غەریبی صەحیحە. لە(کنز العمال ج١، ص٩٠) دا هاتووە.

[4] – صحیح.

[5] – وەك لە(المجمع ج١٠، ص ١٥٢) دا واهاتووە.

[6] – صحیح.

[7] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٥٢) دا وا هاتووە.

ئیبن ئەبی شەیبەو ئەبو عوبەید لە عومەرەوە هێناویانە لە کەسێکی بیست لە دەست فیتنە پەنای دەگرت بەخوا، عومەر وتی: خوایە من پەنا دەگرم بە تۆ لە دەق و تەکانی، ئایا داوا لە خوادەکەیت ماڵ و منداڵ و سامانت نەداتی، یان وتی ماڵ و کوڕت نەداتی، لە دەقێکدا وتی: ئایا حەز دەکەیت خوا سامان و کوڕت پێ نەبەخشێ؟ کامتان پەنای گرت لە فیتنە با پەنا لەسەر شوێنەوارەکانی بگرێت[1].[2]

تەبەرانی لە موحارببی کوڕی دنار لە مامیەوە هێناویەتی دەڵێت: من دەمدا بە لای عەبدوڵلای کوڕی مەسعوددا- لەبەرە بەیاندا- بیستم دەیوت: خوایە بانگت کردم هاتم و فەرمانت پێکردم گوێڕایەڵ بووم، ئەمە بەرەبەیانە دەی لێم خۆش بە، پێی گەیشتم و وتم: چەند وشەیەکم بیست ئەم بەیانیە دەتوتن، وتم چی وتووە، ئەویش وتی یەعقوب کوڕەکانی دواخست بۆ دەمەو بەیان[3].[4]

دەست بەرز کردنەوە لە نزاداو هێنانیان بە دەمو چاودا

حاکم لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)کە نزای دەکرد دەستەکانی بەرز دەکردەوە، کاتێ لێدەبوویەوە دەیهێنا بەسەر دەموچاویدا، هەروەها حاکم و ترمزی -بە صەحیحی زانیوە- لە عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)کە لە نزادا دەستی بەرز دەکردەوە داینەدەنان تا دەیهێنان بە دەموچاویدا. عەبدولغەنی لە غضاح الاشکال لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت:

---

[1] - ضعيف.

[2] - كنز العمال ج١، ص ٢٨٩).

[3] - ضعيف.

[4] - هەیسەمی(ج١٠، ص ١٥٥) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدوڕەحمانی کوڕی ئیسحاقی کووفی هەیە کە لاوازە.

پێغەمبەرم(ﷺ)لای بەردە زەیتەکان بینی بەناو لەپی دەستەکانی نزای دەکرد، کە لێبوویەوە هێنانی بە دەموچاویدا[1][2].

ئەحمەد لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)دەستەکانی بەرز دەکردەوە و نزای دەکرد تا من لە بەرزکردنەوە یان دادەمام[3][4].

بوخـــاری لـــە الآدب المفـــرد ص ٩٠ لـــە عائیـــشەوە(رضي الله عنها) هێناویـــەتی پێغەمبـەر(ﷺ)بینـی نـزای دەکـردو دەسـتەکانی بەرزکردبوویـەوەو دەیفـەرموو(مـن مرۆڤم دەی سزام مەدە، هەرکەسێ لە باوەڕدارانم قسە پێ وتبێ یان ئازاردابێ دەی لەسەری سزام مەدە).[5]

عەبـدوڕەزاق لـە عـروەوە هێناویـەتی پێغەمبـەر(ﷺ)دای بـە لای هەنـدێ دەشتەکیدا کە موسوڵمان ببون و ئەحزابیش هاتبوو بۆ وڵاتیان، دەستەکانی بەرز کـردەوەو نـزای بـۆ دەکـردن و دەسـتەکانی بـەرەو ڕووخـساری کردبوونـەوە، دەشـتەکیەك پێـی وت بـە دایـك و باوکمـەوە بـە قوربانـت بم ئـەی پێغەمبـەری خـوا دەستەکانت درێژ بکەرەوە، ئەویش دەستەکانی بەرەو ڕووی درێژکردەوەو بەرەو ئاسمان بەرزی نەکردنەوە.[6]

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە کنز العمال ج١، ص ٢٨٩ دا واهاتووە.

[3] – صحیح.

[4] – هەیـسەمی ج١٠، ص ١٦٨ دەڵێـت ئەحمـەد بەسـێ سـەنەد هێناویـەتی و کەسـەکانیان صـەحیحن، تـەواو. عەبـدوڕەزاق بـە هـەمان شـێوە لێـوەی هێنـاوەو ئەوەشـی زیـادکردووە فەرمووی(خوایە من مرۆڤم، دەی سزام مەدە بەقسە وتنی کەسێك قسەم پێ وتبێ یان ئازاری دابێ) لە کنز العمال ج١، ص٢٩١ دا واهاتووە.

[5] – صحیح.

[6] – کنز العمال ج١، ص ٢٩١.

نزا لە ناو کۆمەڵداو دەنگ بەرز کردنەوەو ئامین کردن

تەبەرانی لە قەیسی مەدەنیەوە هێناویەتی کەسێ هات بۆ لای زەیدی کوڕی سابت(رضي الله عنه) و لەسەر شتێ پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی بڕۆ بۆ لای ئەبو هورەیرە، من و ئەبو هورەیرەو فلاّن لە مزگەوتدا بووین نزامان دەکردو یادی پەروەردگارمان دەکرد کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)هات بۆ لامان تا لە لامان دانیشێت. بێدەنگ بووین. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی(بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی تیایدا بوون) زەید وتی: من و هاوەڵەکەم لە پێش ئەبو هورەیرەوە نزامان کردو پێغەمبەریش(صلى الله عليه وسلم)ئامینی بۆ نزاکانمان دەکرد، پاشان ئەبو هورەیرە نزای کردو خوای من داوای ئەوەت لێدەکەم کە دوو هاوەڵەکەم داوایان لێکردیت، هەروەها داوای زانستێکت لێدەکەم لە بیر نەچێت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی﴿ سبقكما بها الغلام الدوسي﴾(غولامە دەوسیەکە پێشتان کەوت بۆ ئەوە).[1]

ئیبن سەعد ج٣، ص ٢٧٥ لە جامعی کوڕی شداد لە نزیکێکیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب دەیوت: سێ وشە هەنە ئەگەر وتنت ئامینی لەسەر بکەن، خوایە من لاوازم دەی بەهێزم بکە، خوایە من ڕەق و توڕەم دەی دڵنەرمم بکە، خوایە من پیسکەم دەی دەست کراوەم بکە.

هەروەها لە ج٣، ص٣٢١ لە سائیبی کوڕی یەزیدەوە هێناویەتی دەڵێت: سەیری عومەری کوڕی خەتتابم کرد(رضي الله عنه) ڕۆژێ بەیانی لە ڕەمادە خۆماندوو و نەوازشی عەبایەکی بەسەرەوە بوو کە نەدەگەیشتە سەر ئەژنۆکانی بە داوای لێخۆشبوون کردن دەنگی بەرز دەکردەوەو چاوەکانی فرمێسکیان دەڕژاند بەسەر کوڵمەکانیدا، لە لای ڕاستیەوە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بوو، ئەو ڕۆژ ڕوو لە

---

[1] – هەیسەمی ج٩،ص ٣٦١ دەڵێت: قەیس کە هاتووە گێڕەرەوەی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو جگە لە موحەممەدی کوڕی کەس لێی نەگێڕاوەتەوە، کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن. تەواو.

قیبلە بوو و دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردبویەوەو نزای دەکردو هاواری دەکردو نزای کردو خەڵکی لەگەڵیدا نزایان دەکرد، پاشان دەستی عەبباسی کردو وتی خوایە ئێمە بە مامی پێغەمبەرەکەت سکاڵات لا دەکەین، عەبباس ماوەیەکی زۆر لە پاڵیدا وەستابوو، عەبباسیش نزای دەکردو چاوەکانی فرمێسکیان دەڕشت.

ئیبن سەعد ج٣، ص٢٩٤ لە ئەبو سەعیدی مەولای ئەبو ئوسەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) شەو دوای عیشا بە مزگەوتدا دەگەڕاو هەرکەسی بدیبایە دەریدەکرد مەگەر کەسێ نویژی بکردایە، دای بە لای دەستەیەکی هاوەڵانی پێغەمبەردا(ﷺ)کە لە نێویاندا ئوبەی کوڕی کەعب هەبوو، وتی ئەوانە کێن ؟ ئوبەی وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران دەستەیەکی کەسانی تۆن، وتی بۆچی دوای نوێژ ماونەتەوە؟ وتی دانیشتوین یادی خوا دەکەین، ئەویش لەگەڵیان دانیشت، پاشان بە نزیکێکی لای خۆی وت: بگرە، دەڵێت نزای کردو یەك یەك داوای لێکردن نزا بکەن تا گەیشتە سەرەی من، من لە پاڵیدا بووم وتی بگرە،ئامادە بووم نزا کردنەکەم تەزوویەکی توش کردم تا ئەوەی هەستی بەو بارەم کرد، وتی: ئەگەر بڵێیت خوایە لێمان خۆش بە، خوایە ڕەحممان پێبکە بەسە، دەڵێت: پاشان عومەر نزای کردو کەس لەو خەڵکە بە هێندەی ئەو گریانو فرمێسکی زۆر نەبوو، پاشان وتی خەڵکینە دەی ئێستا بڵاوەی لێبکەن.

تەبەرانی لە ئەبو هورەیرە لە حەبیبی کوڕی مەسلەمەی فەهریەوە –کە وەڵامدراوە بوو– هێناویەتی ئەمیری سوپیەك بوو، ڕێی بڕی کاتێ گەیشتە دوژمن بە خەڵکی وت: لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست دەیفەرموو هەر دەستەیەك کۆببنەوەو هەندێ نزا بکەنو ئەوانی دیکەش هەموویان ئامین بکەن خوا وەڵامیان دەداتەوە، پاشان سوپاسو ستایشی پەروەردگاری کردو وتی: خوایە خوێنمان بپارێزەو

پاداشتی شەهیدانمان پێ ببەخشە، لەو بارەدا بوون کە هنباتی ئەمیری دوژمنەکان دابەزی هاتە لای حەبیب[1][2].

پێشتر لە باسی هیوای شەهیدیو نزا بۆکردنیدا لە معقەلی کوڕی یەسارەوە هێنامان کە فەرموودەکەی بە دوورو درێژی هێنا بوو، تیایدا قسەکەی نوعمانی کوڕی موقرین هەیە کە وتی: من داوایەك لە خوا دەکەمو داوام لە هەرکامتانە ئامینی بۆ بکات، خوایە ئەمڕۆ شەهیدی بە سەرکەوتنی موسوڵمانانەوە ببەخشە بە نوعمانو فەتح ببەخشە بە موسوڵمانان.[3]

ئەحمەدو تەبەرانی لە عوقبەی کوڕی عامرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)بە کەسێکی فەرموو ﴿ إنه أواه﴾ کە بە(ذی البجادین) ناسرابوو، لەبەر ئەوەی زۆر بە قورئان یادی خوای دەکرد، لە نزایشدا دەنگی بەرز دەکردەوە.[4]

---

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی ج١٠، ص١٧٠ دەڵێت تەبەرانی هێناویەتی و دەڵێت هنبات بە ڕۆمی واتە بەرپرسی سوپا، کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، جگە لە ئیبن لهیعە کە فەرموودەی حەسەنە، تەواو.

[3] –تەبەری هێناویەتی و تەبەرانی وا هێناویەتی، کەسەکانی سەنەدەکەشی صەحیحن، لە گێڕانەوەیەکدا ئەوەی زیاد کردووە خەڵکەکە ئامینیان کرد. وەك لە المجمع ج٦، ٢١٦ دا هاتووە، حاکم ج٣، ٢٩٤ لە فەرموودەیەکی دورودرێژدا بەو شێوە هێناویەتی.

[4] – هەیسەمی(ج٩، ص٣٦٩) دەڵێت سەنەدی هەردووکیان حەسەنە، ئیبن جەریریش بە هەمان شێوە لە عوقبەوە هێناویەتی، وەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٢، ص٣٩٥) دا واهاتووە.

داوای نزا له پیاو چاکان

ئەبو داودو ترمذی له عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویانه دەڵێت: بۆ عەمرە مۆڵەتم له پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)وەرگرت و ئەویش مۆڵەتی دام و فەرمووی(لاتنسا یا أخی من دعائك) (برا گیان له نزاتدا له بیرمان مەکە) عومەر وتی: وشەیەك بوو بە هەموو دنیام نەدەگۆڕییەوە[1][2].

ئیبن ئەبی شەیبە له ئەبو ئومامەی باهلییەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەرچوو ئێمەش تامەزرۆ بوین نزامان بۆ بکات، پێی وتین و فەرمووی(خوایە لێمان خۆشبەو ڕەحممان پێ بکەو لێمان ڕازی بەو لێمان قبوڵ بکەو بمانبەرە ناو بەهەشت و له دۆزەخ ڕزگارمان بکەو هەموو بارمان چاك بکە) ئێمەش حەزمان دەکرد زیاتر نزامان بۆ بکات، فەرمووی(جمعت لکم الامر)(هەمووم بۆ کۆکردنەوە)[3][4].

ئیبن ئەبی دنیا له تەلحەی کوڕی عەبدوڵلاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژێ کەسێ چوو جلە کانی لابردو له زەوی ڕەقەلاڵ و گەرمدا دەتلایەوەو بەخۆی دەوت: ئاگری دۆزەخ بچەژە، بەردی شەو بێکاری ڕۆژ، لەو بارەدا بوو کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) له سێبەری درەختێکدا بوو بینی، هات بۆ لای، کابرا وتی دەرونم بەسەرمدا زاڵ بوو، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو(بزانە دەرگاکانی ئاسمانت بۆ کراونەتەوە، خوا لای فریشتەکان بە تۆوە دەنازێت) ﴿أما لقد فتحت لك أبواب السماء ولقد بأهی بك الملائکه﴾ پاشان بە هاوەڵانی فەرموو ﴿ تزودوا من أخیکم﴾(داوا له براکەتان بکەن) کەس هەبوو دەیوت ئەی فلان نزام بۆ بکە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی ﴿عمهم﴾(نزا بۆ

---

[1] – ضعیف.

[2] – ئیبن سەعد ج٣،ص٢٧٣ له عومەرەوە بەو واتایە هێناویەتی.

[3] – ضعیف.

[4] – له کنز العمال ج١، ص٢٩١ دا واهاتووە.

هەموو یان بکە) ئەویش وتی: خوایە توێشوویان بکە بە تەقواو لەسەر ڕێنموونی بارو حاڵیان کۆبکەرەوە، پێغەمبەر(ﷺ)دەیفەرموو ﴿ اللهم سّد ده﴾ ئەویش وتی بەهەشت بکەرە حەساوگەیان.[1]

تەبەرانی لە ئەبو ڕەیدەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)لە ڕێگەیەکدا بوو کە کابرایەکی بینی لە وشکەڵان و گەرمایەکدا دەتلایەوەو دەیوت ئەی دەروون شەو خەو و ڕۆژ بێکارو هیوای بەهەشتیش دەخوازیٚ، کاتیٚ لێبویەوە خۆی ڕێکخستەوەو هات بەرەو لامان، فەرمووی داوا لە براکەتان بکەن، ئێمەش وتمان نزامان بۆ بکە خوا ڕەحممان پیٚ بکات، وتی خوایە لەسەر ڕێنمونی بارو حاڵیان کۆبکەرەوە، وتمان زیاتر، وتی: خوایە تەقوا بکەرە توێشویان، وتمان زیاتر، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(زیاتریان بۆ بکە) وتی: خوایە تەوفیقمان بدەیت، وتی خوایە بەهەشت بکەرە حەساوگەیان[2][3].

ئیبن سەعد ج٦، ص١٦٣ لە ئەسیری کوڕی جابر لە عومەرەوە هێناویەتی بە ئوەیسی وت: داوای لێخۆشبوونم بۆ بکە، وتی چۆن داوای لێخۆشبوونت بۆبکەم کە تۆ هاوەڵی پێغەمبەریت(ﷺ) وتی بیستم پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ إن خير التابعين رجل يقال له أويس﴾(چاکترین تابعین کەسێکە پێی دەوترێت ئوەیس) لە فەرموودەکەدا بە دوورو درێژی دەبینرێت[4][5].

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە فەرمووی(هەر کەستان پێی گەیشت داوای لێبکەن داوای لێخۆشبونتان بۆ بکات) بوخاری لە الادب المفرد ص٩٣ لە عەبدوڵلای ڕۆمی

---

[1] - لە كنز العمال ج١، ص٢٩٠ دا واهاتووە.

[2] - ضعيف.

[3] - هەیسەمی ج١٠، ص١٨٥ دەڵێت تەبەرانی لە ڕێگەی ئەبو عەبدوڵلاّ لە عەلقەمەی کوڕی مەرثەدەوە کە نایناسم هێناویەتی کەسەکانی دیکەی جیٚ متمانەن، تەواو. ئەبو نەعیم لە ئەبو ڕەیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. وەك لە كنز العمال ج١، ص٣٠٨ دا هاتووە.

[4] - صحيح.

[5] - موسلیم لە صەحیحەکەدا بە مەرفوعی لێی هێناوە، وە لە الصحابە ج١، ص١١٥ دا واهاتووە.

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: براکانت لە بەسرەوە هاتوون و ئەمڕۆ لە زاویەن تا تۆ لای خوا نزایان بۆ بکەیت، دەڵێت: پێی وترا: خوایە لێمان خۆشبەو ڕەحممان پێ بکەو لە دنیا و ڕۆژی دوایشدا چاکە بێنە ڕێمان و لە سزای دۆزەخ بمان پارێزە، داوای زیاتریان لێکرد، ئەویش هەروای وت، وتی: بەسە خێری دنیا و ڕۆژی دوایتان بۆ بێت.

نزا بۆ ئەوەی سەرکەش دەبێ

ئیبن ئەبی حاتەم لە یەزیدی کوڕی ئەصەممەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێکی خەڵکی شام خراپەیەکی هەبوو، دەهات بۆ لای عومەری کوڕی خەتتاب، عومەر بە دوایدا گەڕاو وتی فلانی کوڕی فلان چی کرد ؟ وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران لەسەر ئەو خواردنەوەیە بەردەوامە، عومەر نوسەرەکەی بانگکرد وتی بنوسە لە عومەری کوڕی خەتتابەوە بۆ فلانی کوڕی فلان، سەلامت لێبێت، من سوپاسی ئەو خوایەت لەسەر دەکەم کە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو لێخۆش بووی تاوانەکان و وەرگری تەوبەکان و سزا توندەو هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە. پاشان بە هاوەڵانی وت: نزا بۆ برا کەتان بکەن تا خوا دڵی قبوڵ بکات و لێی خۆش بێت، کە نامەکەی عومەر گەیشتە دەست کابرا خوێندیەوەو دووبارەی کردەوەو دەیوت: لێخۆشبووی تاوانەکان و تەوبە وەرگرو سزا توند، بەڕاستی منی لە سزای خوا بێدار کردوەتەوەو بەڵێنی پێداوم خوا لێم خۆش بێت. ئە بوو نەعیم لە فەرموودەی جەفەری کوڕی برقانەوە هێناویەتی و ئەوەشی زیاد کردووە بەردەوام دەیوتەوەو دواتر گریا تا بە چاکی دەست بەرداری بوو، کە عومەر هەواڵی بیستەوە وتی: ئەگەر برایەکتان بینی زەلیلیەکتان هەیە وا بکەن و ڕاستی بکەنەوەو پێشی ڕاست بکەنەوەو داوا لە خوا بکەن لێی خۆش بێت و مەبنە هاریکاری شەیتان لە دژی.[1]

[1] – لە تەفسیری ئیبن کەسیر ج٤، ص ٧٠ وا هاتووە.

ئەو شتانەی لە سەرەتای نزادا دەوترێت

ئەبو داودو ترمزی -بە حەسەنی داناوە- وئیبن ماجو ئیبن حەبان لە صەحیحەکەی لە بورەیرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)لە کەسێکی بیست دەیوت: خوایە من داوات لێدەکەم بەوەی شایەتی دەدەم تۆ خوایتو هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە تۆی تەنهای بێ هاوەڵ کە منداڵی نەبووەو لە کەس نەبووەو کەس هاوشانی نیە، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی بەڕاستی بەو ناوە گەورە لە خوا پاڕایتەوە کە ئەگەر بەوە داوا بکرێت خوا دەبەخشێتو ئەگەر نزای پێ بکرێت گیرا دەبێت[1,2].

ترمزی-بە حەسەنی داناوە- لە موعازی کوڕی جەبەلەوە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)بیستی کەسێ دەی وت: ﴿ یاذالجلال والإكرام﴾ ﴿ئەی خاوە ڕێزو شکۆ﴾ پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿قد استجيب لك فسأل﴾(بۆت گیرا بوو دەی داوا بکە)[3,4].

ئەحمەد -دەقەکە هی ئەوە- و ئیبن ماج لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)دای بە لای ئەبو عەییاس زەیدی کوڕی هاشمی زورەقیدا کە نوێژی دەکردو دەیوت: خوایە من داوات لێدەکەم بەوەی کە سوپاس بۆ تۆیە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە تۆ ئەی حەننان ئەی مەننان ئەی بديع السموات والأرض ئەی خاوەن ڕێزو شکۆ، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ لقد سألت الله بأسمه الأعظم الذي إذا دعی به أجاب وإذا سئل به أعطى﴾(بەڕاستی داوات لە خوا کرد بەو ناوە

---

[1] - صحيح.

[2] - حاکم هێناویەتی بەلام ئەو وا هێناویەتی: بەڕاستی بە ناوی گەورەی خوا داوات لە خوا کرد، حاکم دەڵێت لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم صەحیحە، لە الترغيب والترهيب ج٣، ص١٤٥ دا وا هاتووە. نەسائی هێناویەتی، وەك لە الازکاری ئیمامی نەوەوی ص ٥٠١ دا هاتووە.

[3] - ضعيف.

[4] - لە الترغيب والترهيب ج٣، ص ١٤٥ دا واهاتووە.

گەورەی کە ئەگەر نزای پێ بکرێت وەڵامدەداتەوەو ئەگەر داوای پێدەکرێت دەبەخشێت)[1] ئەبو داودو نەسائیو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیداو حاکم هێناویانە،ئەو چوارە ئەوەیان بۆ زیاد کردووە، ﴿ یاحی یا قیوم﴾.[2]

تەبەرانی لە المعجم الأوسط لە ئەنەسەوە(ﷺ) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)دای بە لای دەشتەکیەکدا کە نوێژی دەکردو دەیوت: ئەی ئەوەی چاوەکان نایبینن، گومانەکان تێکەڵی نابن، وەصفکەران ناتوانن وەصفی بکەن، ڕووداوەکان نایگۆڕنو ترسی لە بازنەو هاتنو چوونەکان نیە، قورسی شاخەکانو پێوانی دەریاکان و ژمارەی دڵۆپە بارانەکانو ژمارەی گەڵای دارەکانو ژمارەی ئەوانە دەزانێت کە شەو تاریكو ڕۆژ ڕۆشنیان دەکاتەوەو دەزانێ چ ئاسمانێ لە ئاسمانو زەویەك لە زەویدا و دەریایەك لە ناخی دا و شاخێ تیایدا چی هەیە، چاکترینی تەمەنم لە کۆتاییەوەو چاکترینی کارم لە کۆتای تەمەنمو چاکترینی ڕۆژانم ئەو کاتە دابنێ کە تیایدا دەگەمەوە پێت، پێغەمبەر(ﷺ)کەسێکی ڕاسپارد تا لای دەشتەکیەکە بێت و پێی فەرموو(ئەگەر نوێژەکەی کرد بیهێنە بۆ لام) کاتێ نوێژی کرد هێنای، لە هەندێ کانەوە بڕێ زێڕ بە دیاری هێنرا بوو بۆ پێغەمبەر(ﷺ)کاتێ دەشتەکیەکە هات زێڕەکەی بۆ خستە ڕوو و فەرمووی ئەی دەشتەکی تۆ لە چ هۆزێکیت ؟ وتی ئەی پێغەمبەری خوا لە بەنی عامری کوڕی صەعصەعە، فەرمووی ﴿ هل تدری لم وهبت لك الذهب ؟﴾(دەزانیت بۆچی زێڕەکەم پێدایت ؟) وتی لەبەر پەیوەندی نێوان ئێمەو تۆ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(إن للرحم حقا ولکن وهبت لك الذهب بحسن

---

[1] – صحیح.

[2] – حاکم دەڵێت: لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە، حاکم لە گێڕانەوەیەکدا ئەوەی زیادکردووە، داوای بەهەشتت لێ دەکەمو پەنا دەگرم بە تۆ لە دۆزەخ،لە الترغیب والترهیب ج٣، ص ١٤٦ دا واهاتووە.

ثنائك علی الله عزوجل)(خزمایەتی مافی خۆی هەیە، بەڵام زێڕەکەم پێدایت لەبەر چاك ستایش کردنت بۆ پەروەردگار)[1].[2]

ئیبن ماجە ص ٦٩٨ لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەیفەرموو(خوایە من داوات لێدەکەم بەو ناوە پاکە چاکە پوختە پیرۆزە خۆشەویستترەی کە ئەگەر پێی نزات لێ بکرێت وەریدەگریت و ئەگەر داوات لێبکرێت پێی دەبەخشیت و ئەگەر پێی داوای ڕەحمت لێبکرێت ڕەحم دەکەیت و ئەگەر پێی داوای دەربازبوونت لێ بکرێت دەربازی دەکەیت) ڕۆژێ فەرمووی(ئەی عائیشە ئایا دەزانیت خوا ئەو ناوەی پێ نیشان دام کە ئەگەر داوای پێبکرێت وەریدەگرێت ؟) عائیشە وتی: وتم ئەی پێغەمبەری خوا بە دایکم و باوکمەوە بە قوربانت بم دەی فێرم بکە، فەرمووی(إنه لا ینبغي لك یا عائیشة)(بۆت شیاو نیە ئەی عائیشە) منیش کەنارم گرت و ماوەیەك دانیشتم، پاشان هەستا و سەریم ماچ کرد و دواتر وتم ئەی پێغەمبەری خوا فێرم بکە، فەرمووی(بۆ تۆشیاو نیە ئەی عائیشە ئەگەر فێرت بکەم شیاو نیە بۆت پێی داوا لە هیچ لە دنیا بکەبت) منیش هەستام و دەست نوێژم گرت، پاشان دوو ڕکات نوێژم کرد، دواتر وتم: خوایە من داوات لێدەکەم ئەی الله و داوات لێدەکەم ئەی ڕەحمان و داوات لێدەکەم ئەی خاوەن چاکەی میهرەبان(البر الرحیم) بە هەموو ناوە چاك و پاکەکانت کەلێیان فێربووم ئەوانەش نایانزانم داوات لێدەکەم لێم خۆش بیت و ڕەحمم پێبکەیت، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)پێکەنی، پاشان فەرمووی ئەو ناوە لەو ناوانەدایە کە پێیان نزات کرد.[3]

---

[1] – صحیح.

[2] – هەیسەمی ج١٠ ص ١٥٨ دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لە عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەد ئەبو عەبدوڕەحمانی ئەزرەمی کە جێ متمانەشە. تەواو.

[3] – ضعیف.

ئەحمەد لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعی ئەسلەمیەوە هێناویەتی: نەمبیستووە پێغەمبەر(ﷺ)نزایەك بکات مەگەر بە(سبحان ربی العلی الأعلی الوهاب) دەستی پێدەکرد[1][2].

ئیبن نەجار لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)ئەگەر سەد نزای بکردایە سەرەتاو نێوەندو کۆتاییە کەی ئەمەی دەفەرموو ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾.[3]

ئەحمەدو ئەبو داودو ترمزی –دەقەکە هی ئەوەو بە حەسەنی داناوە– نەسائی و ئیبن خوزەیمەو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیاندا لە فوزالەی کوڕی عوبەیدەوە هێناویانە وتی: پێغەمبەر(ﷺ)دانیشتبوو کە کەسێك هاتە ژوورو نوێژی کرد، وتی خوایە لێم خۆش بەو ڕەحمم پێ بکە، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(ئەی نوێژ کەر پەلەت کرد، ئەگەر نوێژت کردو دانیشتیت سوپاسی خوا بکە بەو شێوەی شیاویەتی و صەلاوات لەسەر من بدە پاشان داوای لێبکە) پاشان کەسێکی دیکە نوێژی کردو سوپاسی خوای کردو صەلاواتی دا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(ئەی نوێژکەر نزا بکە لێت وەردەگیرێت)[4][5].

---

[1] – ضعیف.

[2]– هەیسەمی ج ١٠، ص ١٥٦ دا دەڵێت: ئەحمەدو تەبەرانی بە هەمان شێوە هێناویانە و لە سەنەدەکەدا عومەری کوڕی ڕاشیدی یەمامی هەیە کە چەندێ بە جێ متمانەی دەزانن کەسەکانی دیکە صەحیحن، تەواو، ئیبن ئەبی شەیبە لە سەلەمەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە کنز العمال ج١، ص ٢٩٠ دا واهاتووە.

[3] –(کنز العمال ج١، ص ٢٩٠).

[4] –صحیح.

[5] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص ١٤٧) دا واهاتووە، تەبەرانیش بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(المجمع ج١٠، ص ١٥٥) دا واهاتووە.

تەبەرانی لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر هەر کەستان ویستی نزا بکات با سەرەتا بە مەدحو ستایشی خوا بەو جۆرەی شیاویەتی دەست پێبکات، پاشان صەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) پاشان با دواتر نزا بکات چونکە ئەوە بۆ سەرکەوتن باشترە[1][2].

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ ئوممەتەکەی

بەیهەقی لە عەبباسی کوڕی کرداسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئێوارەی عەرەفە نزای لێخۆشبوونو ڕەحمەتی بۆ ئوممەتەکەی کردو نزای زۆری بۆ کردوون، خوای گەورە سروشی بۆ نارد کە وەریدەگرم جگە لە ستەمی نێوان خۆیان، بەڵام تاوانی نێوان منو ئەوان لێیان خۆش بووم، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (یا رب إنك قادر علی أن تثیب هذا المظلوم خیراً من مظلمته وتغفر لهذا الظالم)(پەروەردگارا تۆ دەتوانیت پاداشتی ئەو ستەم لێکراوە بدەیتەوە لەسەر ستەم لێکرانیو لەو ستەم کارەش خۆش بیت) خوای گەورە ئەو شەوە وەڵامی نەدایەوە، بۆ بەیانی لە موزدەلیفە هەمان نزای کردو خوای گەورە وەڵامی دایەوە من لێیان خۆش بووم، پێغەمبەر(ﷺ) زەردەخەنەی کرد، هاوەڵانی پێیان وت: ئەی پێغەمبەری خوا لە کاتێکدا زەردەخەنەت کرد کە جاران نەتدەکرد ؟ فەرمووی(بە دوژمنی خوا ئیبلیس پێکەنیم کاتێ زانی خوای گەورە نزای منی بۆ ئوممەتەکەم وەرگرت داکەوتو هاواری مەیلو قورپێوانی کردو خۆڵی دەکرد بەسەر سەری

---

[1] - ضعیف.

[2] - هەیسەمی(ج١٠، ص ١٥٥) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لەوەی ئەبو عوبەیدە فەرموودەی لە باوکی نەبیستووە، تەواو.

خۆیدا) ﴿تبسمت من عدوالله إبلیس إنه لما علم أن الله عزوجل قد أستجاب لي في امتي اهوی یدعو بالویل والثبور ویعثو بالتراب علی راسه﴾.[1]

ئیبن وەهب لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەم دەقەی ئیبراهیمی دەخوێندەوە کە لە قورئاندا هاتووە ﴿ رب إنهن اضللن كثيراً من الناس ﴾ دەقی عیسا(علیه السلام)(غن تعذبهم فأنهم عبادك) پاشان دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی(خوایە ئوممەتەکەم، خوایە ئوممەتەکەم) لەگەڵیدا گریا، خوا فەرمووی ئەی جبریل بڕۆ بۆ لای موحەممەد- پەروەردگارت داناترە- پرسیاری لێبکە بۆچی دەگریت ؟ جبریل هاتە لای و پرسیاری لێکردو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەڵامی دایەوە و ئەویش هەواڵی بردەوە، خوا فەرمووی بڕۆ بۆ لای موحەممەد و پێی بڵێ: ئێمە سەبارەت بە ئوممەتەکەت ڕازیت دەکەین و دڵگرانت ناکەین، لە تەفسیری ئیبن کەسیر ج٢، ص ٥٤٠ دا واهاتووە. تەبەرانی لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نزای کرد بۆ ئوممەتەکەی و فەرمووی ﴿ اللهم اقبل بقلوبهم علی طاعتك وحط من ورائهم برحمتك﴾.[2][3]

بەزار لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی دەڵێت کاتێ بینیم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) خۆی بۆنخۆش کرد وتم ئەی پێغەمبەری خوا لای خوا نزام بۆ بکە، فەرمووی(اللهم اغفر لعائیش ماتقدم من ذنبها وما تأخر ماأسّرت وما أعلنت)(خوایە لە تاوانی پێشترو دواترو پەنهان و ئاشکرای عائیشە خۆش بە) عائیشە پێکەنی تا لە تاو پێکەنین سەری کەوتە کۆشی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی نزاکەمت پێ خۆش بوو(ایسرك دعائی) وتی چۆن دڵخۆش نەبم بە نزاکەت؟ فەرمووی(والله إنها لدعوتي لأمتي في كل صلاة)(بە خوا ئەوەندە نزامە بۆ ئوممەتەکەم لە هەموو نوێژێکدا).[1][4]

---

[1] – ضعیف.

[2] – ضعیف.

[3] – هەیسەمی ج١٠، ص٦٩ دەڵێت لەسەنەدەکەدا ئەبو شەیبە هەیە کە لاوازە، تەواو.

[4] – صحیح.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ چوار خەلیفەکە

ئەبو نەعیم لە(الحلیة) لە ئەنەسەوە(ﷺ) بە مەرفوعی هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(اللهم اجعل ابابكر معي في درجتي يوم القيامه)(خوایە ئەبو بەکر لە ڕۆژی دواییدا لەگەڵ من لە پلەی خۆمدا دابنێ)[1].[2][3]

ئەحمەدو ترمذی-بە صەحیحی داناوە- و ئیبن سەعدو جگە لەوانیش لە عومەرەوەو نەسائی لە خەببابەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خوایە ئیسلام بە خۆشەویستترینی ئەم دوو کەسە لای خۆت عیزەتمەند بکە بە عومەری کوڕی خەتتاب یان بە ئەبو جەهلی کوڕی هیشام) ئیبن ماجەو حاکم و بەیهەقی لە عائیشەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی اللهم أعز الأسلام بعمر بن الخطاب خاصة[4] (خوایە بە عومەر پاڵپشتی ئیسلام بکە) ﴿ اللهم ايد الإسلام بعمر﴾.[5][6]

ئیبن عەساکیر لە زەیدی کوڕی ئەسلەمەوە هێناویەتی عوسمان(ﷺ) وشترێکی نارد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی(اللهم جوزة على الصراط) هەروەها لە عائیشەوەو ئەبو سەعید وادەڵێن.

ئەبو نەعیمیش لە ئەبو سەعیدەوە بە مەرفوعی هێناویەتی فەرمووی(خوایە من لە عوسمان ڕازیم دەی تۆیش لێی ڕازی بە) سێ جار فەرمووی.

---

[1] - هەیسەمی(ج٩، ص٢٤٤) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لە ئەحمەدی کوڕی مەنسوری ڕەمادی -کە جێ متمانەشە- تەواو).

[2] - صحيح.

[3] - له(المنتخب ج٤، ص ٢٤٥) دا وا هاتووه.

[4] - صحيح.

[5] - ضعيف.

[6] - له المنتخب ج٤، ص ٣٧٠ دا واهاتووه.

تەبەرانی لە المعجم الأوسط و ئەبو نەعیم لە الحلیەو ئیبن عەساکیر لە ئیبن مەسعوودەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی﴿ اللهم اغفر لعثمان ما اقبل وما ادبر وما أخفى وما اعلن وما اسرّو ما اجهر ﴾ (خوایە لە ڕابردوو داهاتوو و نادیارو ئاشکراو پەنهان و دەرخراوی عوسمان خۆش بە).[1]

ئیبن ئەبی عاصم و ئیبن جەریر –بە صەحیحی داناوە– وتەبەرانی لە المعجم الأوسط و ئیبن شاهین لە(السنه) لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە دەڵێت ڕۆژێ ئازارم هەبوو هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و لە شوێنی خۆیدا داینیشاندم و هەستا نوێژی دەکرد و بەشێکی جلەکەی دا بەسەرمدا، پاشان فەرمووی(دەربازبویت ئەی کوڕی ئەبو تالیب، هیچ خراپ نیە بۆ سەرت، بۆ خۆم لای خوا داوای هەرچیم کردبێ بەو شێوەش بۆ تۆم داوا کردووە، هەرچیم لە خوا داوا کردبێ پێی بەخشیوم بەلاَم پێم وترا، دوای تۆ هیچ پێغەمبەرێ نیە) منیش هەستام وەك ئەوە وابوو هیچم نە بووبێت.[2]

بەزار لە زەیدی کوڕی یەسیع و سەعدی کوڕی وەهب و عەمری کوڕی زی موررە وە هێناویەتی دەڵێن لە عەلیمان(رضي الله عنه) بیست دەیوت: هەر کەس سوێند دەدەم کە فەرمایشتی پێغەمبەری(ﷺ)لە ڕۆژێ غەدیری خۆم بیستبێ کاتێ هەستا، سیانزە کەس هەستان و شایەتیان دا پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(ئایا من بۆ باوەڕداران لە خۆیان بۆ خۆیان لە پێشتر نیم ؟) وتیان با ئەی پێغەمبەری خوا، ئەویش دەستی عەلی گرت و فەرمووی(هەرکەس من مەولای بم ئەمەش مەولایەتی، خوایە لەگەڵ ئەوبە کە لەگەڵیەتی، دژایەتی ئەوەش بکە کە دوژمنیەتی، ئەوەشت خۆش بوێت کە

[1] – لە المنتخب(ج٥، ص ٦) دا واهاتووە.

[2] – لە المنتخب(ج٥،ص ٤٣)داواهاتووە.

ئەوی خۆش دەوێت، رقت لەوە بێت کە ڕقی لەوە، ئەوە سەربخە کە سەری دەخاتو ئەوە بشکێنە کە ئەو دەشکێنێ).[1]

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی بەم دەقە ﴿ اللهم اعنه و اعن به وارحم به وانصره وانصربه، اللهم وال من والاه و عاد من عاداه ﴾(خوایە پاڵپشتی بەو پاڵپشتی پێ بکە، ڕەحمی پێ بکەو پێی ڕەحم بنوێنە، سەری بخەو پێی سەربخە، خوایە لەگەڵ ئەوەبە کە لەگەڵیەتی و دژی ئەوەبە کە دژایەتی دەکات)[2].[3]

حاکم لە عەلیەوە بە مەرفوعی هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە زمانی چەسپاو دڵی ڕێنمونی بکە)(اللهم ثبت لسانه واهد قلبه) ئیبن عەباس دەڵێت فەرمووی(اللهم اهده للقضاء)(خوایە ڕێنمونی بکە بۆ دادوەری)[4].[5]

---

[1] – هەیسەمی(ج٩، ص١٠٥) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن بەلاَم فیتری کوڕی خەلیفە صەحیح نیە هەرچەند جیّ متمانەشە.

[2] – صحیح.

[3] – لە المنتخب(ج٥، ص٣٢) وا هاتووە.

[4] – صحیح.

[5] – وەك لە(المنتخب ج٥، ص٣٥) دا واهاتووە.

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ سەعدی كوڕی ئەبی وەقاص و زوبەیری كوڕی عەوام

ئیبن عەساكیرو ئیبن نەجار لە ئەبو بەكرەوە(ﷺ)هێناویانە دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) بە سەعدی دەفەرموو(اللهم سدّد سمعه واجب دعوته وحبّبه)(خوایە تیری ڕێك و نزای وەرگیراو و خۆشەویستی بكە).[1]

ترمزی و ئیبن حبان و حاكم لە سەعدەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە ئەگەر سەعد نزای لاكردیت لێی وەرگرە)[2,3].

ئەبو یەعلاو ئیبن عەساكیر لە زوبەیری كوڕی عەوامەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر نزای بۆ خۆم و كوڕو كوڕەزاشم كرد.[4]

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ ئالو بەیتەكەی

ئەبو یەعلا لە ئوم سەلەمەوە(رضي الله عنها) كە ژنی پێغەمبەرە(ﷺ)هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)بە فاتمەی فەرموو(مێردەكەت بێنە بۆ لام) ئەویش هێنای، پێغەمبەر(ﷺ)جلێكی دا بەسەریاندا كە لە ژێر مندابوو، هی خەیبەر بوو لەوێ بەدەستمان هێنابوو، پاشان فەرمووی﴿ اللهم هؤلاء آل محمد فاجعل صلواتك وبركاتك على آل محمد كما جعلتها على آل إبراهيم إنك حميد مجيد ﴾ (خوایە ئەوانە ئالی موحەممەدن دەی صەلەوات و بەرەكەتەكانت دانێ لەسەری چۆن داتنا لەسەر ئالی ئیبراهیم، بەڕاستی تۆ سوپاس كاریت شكۆداریت)[5,1].

---

[1] - صحيح.

[2] - ضعيف.

[3] - لە(المنتخب ج٥، ص ٧٠) هاتووە.

[4] - لە(المنتخب ج٥، ص ٧٠) دا واهاتووە.

[5] - ضعيف.

تەبەرانی لە ئەبو عەممارەوە هێناویەتی دەڵێت: من لای واثلەی کوڕی ئەسقەع دانیشتبووم، کاتێ باسی عەلیان دەکرد قسەیان پێدەوت، کە هەستان وتی: دابنیشە با لەسەر ئەوانەی قسەیان وت هەواڵت پێبدەم، من ڕۆژێ لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم کە عەلی و فاتیمە وحەسەن وحوسەین هاتن، ئەویش جلێکی دا بەسەریانداو فەرمووی(خوایە ئالو بەیتی منن دەی پیسیان لێ لادەو تەواو پاکیان بکەرەوە) وتم ئەی پێغەمبەری خوا منیش فەرمووی تۆش، دەڵێت: بە خوا ئەوە پوختە ترین کارمە لای خرم، لە گێڕانەوەیەکدا گەورەترین هیوام بوو.[2][3]

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە عەلیەوە هێناویەتی چوو بۆ لای عەلی و ڕاخەرێکی بلأوکردبویەوە، خۆی و عەلی و فاتیمەو حەسەن وحوسەین لەسەری دانیشتن، پاشان پێغەمبەر(ﷺ) ئەملاو ئەولای گرت و بە دەوریاندا بەستیەوە، پاشان فەرمووی(خوایە وەك چۆن من لیان ڕازیم تۆش لێیان ڕازی بە).[4]

---

[1]- هەیسە می(ج٩،ص ١٦٦) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عوقبەی کوڕی عەبدوڵلأی ڕەفاعی هەیە کە لاوازە، بە کورتکردنەوەی صەلأوات دانەکە هێناویەتی.

[2] – صحیح.

[3]- هەیسەمی(ج٩، ص١٦٧) دەڵێت تەبەرانی بە دوو سەنەد هێناویەتی و کەسەکانی دەقەکە صەحیحن جگە لە کلثومی کوڕی زیاد، ئیبن حبانیش بە جێ متمانەی دادەنێ و لاوازیشی تێدایە. تەواو.

[4]- هەیسەمی(ج٩، ص ١٦٩) دەڵێت: کەسەکانی صەحیحن جگە لە عەبدوڵلأی کوڕی توفەیل کە جێ متمانەشە، ئەبو سیدان کونیەیەتی.

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ حەسەن و حوسەین(رضي الله عنه)

بەزار لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) بە حەسەن و حوسەینی(رضي الله عنه) فەرموو(خوایە من خۆشم دەوێن دەی تۆش خۆشت بوێن، هەر كەسیش ئەوانی خۆش بوێت منی خۆش ویستووە)[1][2].

هەروەها لە ئەبو هورەیرەوە بەو دەقەوە هێناویەتی(اللهم إنی احبها فأحبهما) سەنەدەكەی حەسەنە وەك هە یثەمی دەڵێت. نەسائی و ئیبن حبان لە ئوسامەوە هێناویانە. لە كۆتاییەكەدا ئیبن حەبان ئەوەی بۆ زیاد كردووە فەرمووی(وأحب من یحبهما)(ئەوەشت خۆش بوێت كە ئەوانی خۆش دەوێت) لەسەرەتا كەشیەوە ئەمەی هێناوە ﴿ هذا أن ابناي وابنا ابنتی﴾(ئەو دوانە كوڕی من و كوڕی كچمن)[3][4].

بوخاری و موسلیم و جگە لەوانیش لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە و تەبەرانی لە سەعدی كوڕی زەیدو عائیشەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خوایە من حەسەنم خۆش دەوێت، دەی تۆش خۆشت بویٰ و ئەوەشت خۆش بوێت كە خۆشی دەوێت)[5].

ئیبن عەساكیریش لە موحەممەدی كوڕی سیرینەوە بەو دەقە هێناویەتی ﴿اللهم سلّمه وسلّم فیه﴾[6].

---

[1] – صحیح.

[2] – هەیسەمی(ج٩، ص١٨٠) دەڵێت سەنەدەكەی جەییدە.

[3] – حسن.

[4] – وەك لە المنتخب(ج٥،ص ١٠٥) دا هاتووە. ئیبن ئەبی شەیبەو تەیاسی لە ئەبو هورەیرەوە بە هەمان شێوەی فەرموودەی یەكەمی هێناوەو ئەوەشی بۆ زیاد كردووە ﴿ وابغض من ابغضها﴾ لە المنتخب(ج ٥، ص ١٠٦) دا واهاتووە.

[5] – لە المنتخب(ج٥، ص١٠٢) دا واهاتووە.

[6] – وەك لە المنتخب(ج٥،ص ١٠٤) دا هاتووە.

شەش زانای فەرموودەش جگە لە ئەبو داود لە بەرائەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بینی حوسەینی لەسەر شانی هەڵگرتبوو دەیفەرموو(خوایە من خۆشم دەوێت، دەی تۆش خۆشت بوێت).[1]

نزاکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بۆ عەباس و کوڕەکانی

ترمذی – بەحەسەنی داناوە– و ئەبو یەعلا لە ئیبن عەباسەوە بە مەرفوعی هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی(اللهم اغفر للعباس ءءلده مغفرة ظاهرة وباطنة اللهم اخلفه في ولده)(خوایە لە عەباس و کوڕەکەی خۆش بە، لێخۆش بونێکی دیارو نادیار، خوایە مندالّی بۆ بەجێبهێڵە، مندالّی بهێڵەرەوە)[2] ئیبن عەساکیر لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی(خوایە لە عەباس خۆش بە لە شاراوەو دیارو بەرچاو و نادیاری و ئەوەی لە خۆی و لەنەوەی دەبێت تا ڕۆژی دوای.

هەروەها ئیبن عەساکیرو خەتیب لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی(خوایە خۆش بە لە عەباس و لە کوڕی عەباس و لەوەی ئەوانی خۆش دەوێت) ئیبن عەساکیر لە عاصم لە باوکیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)فەرمووی(العباس عمي وصنو ابي وبقية ابائي)(عەباس مامم و پشتی باوکم و ماوەی باو باپیرانمە)هەروەها فەرمووی (خوایە لە تاوانی خۆش بەو چاکترینی کاری لێ قبولّ بکە، خراپەی ئەوەی دەیکات لەسەری مەنووسە نەوەکانی ئسلاّح بکە).[3]

تەبەرانی لە ئەبو ئوسەیدی ساعدیەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)بە عەیاسی کوڕی عبدول لموتەلیبی فەرموو(لاتبرح منزلك وبنوك غدا حتى اتيكم فألي

---

[1] – لە المنتخب(ج٥، ص١٠٥) دا واهاتووە.

[2] – حسن.

[3] – لە المنتخب(ج٥، ص ٢٠٧) دا واهاتووە.

فیکم حاجة)(بەیانی خۆت و منداڵەکانت لە ماڵ بن تا دێم بۆ لاتان چونکە کارێکم پێتانە) چاوەڕێیان کرد تا دوای چێشتەنگا هات بۆ لایان. فەرمووی سەلامتان لێبێت، وتیان علیك السلام ورحمه الله وبرکاته، فەرمووی(بەیانیتان چۆنە ؟) وتیان سوپاسی خوا دەکەین فەرمووی(نزیك ببنەوەو بدەنە پاڵ یەکدی) تا وایانکرد ئەویش بە عەباکەی سەرشانی داپۆشین و فەرمووی(خوایە ئەوە مامی من و پشتی باوکمە، ئەوانەش ئالو بەیتی منن، دەی لە ئاگر دایانپۆشە وەك داپۆشینی من بە ئەم عەبایەم بۆیان) ئەوی خوارووی دەرگاو حەوشەکانی ماڵ ئامینیان کرد وتیان ئامین، ئامین، ئامین[1][2].

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئیبن عەباسەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە ماڵی مەیموونە(رضي الله عنها) بووم کە جامی دەستنوێژی پێغەمبەری(ﷺ)هێنایە بەردەستی، فەرمووی(کێ ئەمەی بۆ دانام ؟) مەیموونە وتی عەبدوڵلا، فەرمووی(اللهم فقهه فی الدین وعلّمه التأویل)[3](خوایە لە ئاییندا شارەزایی بکەو لێکدانەوەی فێربکە) ئیبن نەجار تەنها نزاکەی لێوە هێناوە(خوایە قورئانی فێربکەو لە ئاییندا شارەزایی بکە).[4]

ئیبن ماجە و ئیبن سەعدو تەبەرانی بەو دەقە لێیانەوە هێناوە ﴿ اللهم علّمه الحکمه وتأویل الکتاب﴾. ئەبو نەعیم لە الحلیە لە ئیبن عومەرەوە بەو دەقە هێناویەتی ﴿ اللهم بارك فیه وانشره منه ﴾.[5]

---

[1] – حسن.

[2] – هەمان سەرضاوە هەیسەمی(ج٩،ص ٢٧٠) دەڵێت: سەنەدەکەی حەسەنە، هەروەها بەیهەقی لە ئەبو ئوسەیدەوە بەو شێوەیەو ئیبن ماج بە کورتی لێوەی هێناوە، وەك لە البدایە والنهایە(ج٦، ص١٣٣) دا واهاتووە. ئەبو نەعیم لە الدلائل ص ١٥٤ دا بە دوورو درێژی لێوەی هێناوە.

[3] – صحیح.

[4] – لە المنتخب(ج٥، ص٢٣١) دا واهاتووە.

[5] – لە المنتخب(ج٥، ص٢٢٨) دا واهاتووە.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ جەعفەری کوڕی ئەبو تالیبو کوڕەکەیو زەیدی کوڕی حارپەو ئیبن ڕەواحە(ڕەزای خوا لە هەموویان)

تەبەرانیو ئیبن عەساکیر لە ئیبن عەباسو ئەحمەدو ئیبن عەساکیر لە عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ اللهم اخلف جعفرا فی ولده ﴾[1] تەیاسیو ئیبن سەعدو ئەحمەدو جگە لەوانیش لە عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ اللهم اخلف جعفرا فی أهله وبارك عبد الله فی صفقة یمینه ﴾ سێ جار فەرمووی،[2] ئیبن ئەبی شەیبە لە شەعبیەوە هێناویەتی جەعفەری کوڕی ئەبو تالیب(ڕضی الله عنه) ڕۆژی موئتە لە بەلقا کوژرا، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە بەباشتر لە بەجێهێشتن بۆ بەندە چاکەکانت کەس لە بنەماڵەی جەعفەر بەجێ بهێڵە)[3].[4]

ئیبن سەعد(ج٣، ص ٤٦) لە ئەبو مەیسەرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ)هەواڵی کوژرانی زەیدی کوڕی حارثەو جەعفەرو ئیبن ڕەواحەی بیست هەستاو باسی گەورەییانی کردو لە زەیدەوە دەستی پێکردو فەرمووی(خوایە لە زەید خۆش بە، خوایە لە زەید خۆش بە، خوایە لە جعفەرو عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە خۆش بە).

---

[1] – صحیح.

[2] – صحیح.

[3] – ضعیف.

[4] – لە المنتخب(ج٥، ص١٥٥) دا واهاتووە. ئیبن سەعد(ج٤، ص٣٩) لە شەعبیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ بنەماڵەی یاسرو ئەبو سەلەمەو ئوسامەی کوڕی زەید

ئەحمەدو ئیبن سەعد لە عوسمانی کوڕی عەففانەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە لە ئالی یاسر خۆش بە، وایشت کرد) ئیبن عەساکیر لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ اللهم بارك فى عمّار﴾(خوایە بەرەکەت بڕژە بەسەر عەمماردا)[1] [2].

ئەحمەدو موسلیم و ئەبو داود لە ئوم سەلەمەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە لە ئەبو سەلەمە خۆش بەو پلەی لە نێو نزیکاندا بەرز کەرەوە، لە دوای خۆی لە نێو کەسی بۆ بەجێبهێڵەو لە ئێمەو لەویش خۆش بە ئەی پەروەردگاری جیهانیان، ناو گۆڕەکەی بۆ فراوان بکەو تێیدا ڕووناکی بۆ دابنێ).[3]

ئەحمەدو ئەبو یەعلاو نەسائی و ئیبن حبان لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)دەیگرتم و لەسەر ڕانی دای دەنیشاندم و حەسەن و حوسەینیشی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا و دواتر لە ملی دەگرتین و دەیفەرموو(خوایە من ڕەحمم هەیە بۆیان تۆش ڕەحمیان پێ بکە).[4]

ئەحمەدو ترمزی -بە حەسەنی داناوە- و تەبەرانیش جگە لەوانیش لە ئوسامەوە هێناویانە دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ)ئەوەی لەسەر قورس بوو من و خەڵکیش بەرەو مەدینە دابەزین، هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) بێدەنگ بوو قسەی

[1] - ضعيف.

[2] - فەرموودەکە دێنێت وەك لە المنتخب(ج٥، ص٢٤٥) دا واهاتووە.

[3] - لە المنتخب(ج٥، ص٢١٩)دا هاتووە.

[4] - ئیبن سەعد(ج٤، ص٦٢) لە ئوسامەوە بەو شێوەیە هێناویەتی، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا بەو دەقە لێوەی هێناوە: خوایە من خۆشم دەوێن دەی تۆیش خۆشت بوێن.

نـەدەکرد، پێغەمبـەر(ﷺ)دەسـتی لەسـەر مـن دادەنـاو بـەرزی دەکردنـەوە، منـیش دەمزانی ئەو نزای بۆ دەکردم[1].[2]

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ عەمری کوڕی عاص وحەکیمی کوڕی حیزامو جەریرو خێزانی بسر(رضي الله عنه)

ئیبن عەددی لە جابرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خوایە لـە عـەمری کوڕی عـاص خـۆش بـە) (سـێ جـار)(مـن ئەگـەر بـانگم بکردایـە بـۆ صـەدەقە دەیهێنـا بۆم).[3]

تەبەرانی لە حەکیمەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی ﴿ اللهم بارك لـه فـی صفقة یده ﴾(خوایە بەرەکەت بخەرە ناو بەری دەسنی) بە حەکیمی کوڕی حیزامـی فـەرموو، عەبـدورەزاق و ئـیبن ئـەبی شـەیبە لـە حەکیمـەوە هێناویانـە پێغەمبەر(ﷺ)ناردی تـا بـە دینـارێ هەنـدێ قوربانی بۆ بکڕێت، ئەویش کڕیو بە دوو دینـار فرۆشتیەوەو بە دینـارێ بـەرخێکی کـڕیو ئـەو دینارەکەشی هێنایـەوە، پێغەمبەر(ﷺ)نزای بەرەکەتی بۆ کردو فەرمانی پێکرد دینارەکە بکات بە خێر.[4]

تەبـەرانی لـە جـەریرەوە هێناویـەتی دەڵێـت: مـن لەسـەر ئەسـپ نەدەوەسـتام، ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبـەر(ﷺ)ئەویش بەدەسـتی دای بەسـەر سنگمدا تـا دەسـتی پێغەمبەرم لەسەر سنگم بینی، فەرمووی(اللهم أبتە واجعلە هادیا مهدیا)(خوایە چەسپاوی بکەو بە ڕێنمـوونو ڕێنمونکاری بگێـڕە) لـەوە بـەدوا لەسـەر ئەسپەکەم نەدەکەوتم، ئیبن ئەبی شـەیبە لـە جەریرەوە هێناویـەتی دەڵێت: پێغەمبـەر(ﷺ)پێـی

---

[1] – صحیح.

[2] – لە کنزالعمال(ج١، ص٥) و لە المنتخب(ج٥، ص ١٣٦) دا هاتووە.

[3] – لە المنتخب(ج٥، ص٢٥٠) دا واهاتووە.

[4] – لە المنتخب(ج٥،ص ١٦٩) دا واهاتووە.

فەرمووم(ألا لتريعني من ذي الخلصة)(ئایا ئاسودەم ناکەیت لەسەر زیلخەسلە) ماڵێ بوو کە لە سەردەمی نەفامیدا هی خەسعەم بوو بە کەعبی یەمانی ناو دەبرا، وتم ئەی پێغەمبەری خوا من کەسێکم لەسەر ئەسپ ناوەستم -بەو شێوە هێناویەتی-.[1]

ئیبن عەساکیر لە عەبدوڵڵای کوڕی بسرەوە هێناویەتی دەڵێت: منو باوکم لەبەر دەرگای ماڵمان دانیشتبوین کە پێغەمبەر(ﷺ)بە سواری ولاخێ هات، باوکم پێی وت: ئایا ئەی پێغەمبەری خوا دانابەزیتو نان بخۆیتو نزای بەرەکەت بکەیت؟ ئەویش دابەزیو نانی خواردو فەرمووی(خوایە ڕەحمیان پێ بکەو لێیان خۆش بەو بەرەکەت بخەرە ناو ڕۆزیانەوە) تەبەرانی بە دوورو درێژی هێناویەتیو ئەوەشی بۆ زیادکردووە. بەردەوام فراوانی ڕۆزیمان لە لای پەروەردگارمانەوە بەدی دەکرد[2][3].

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ بەرائی کوڕی مەعرورو سەعدی کوڕی عوبادەو ئەبو قەتادە(رضي الله عنه)

ئیبن مەندەو ئیبن عەساکیر لە نەزلەی کوڕی عەمری غیفاریەوە هێناویانە کەسێ لە غسفار هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)ئەویش فەرمووی(ناوت چیە؟) وتی نەبهان، فەرموی(تۆ موکریم یت) پێغەمبەر(ﷺ)پاش ئەوەی هاتە مەدینە نوێژی کرد لەسەر بەرائی کوڕی مەعرورو فەرمووی(اللهم صلّ على البراء بن معرور ولا تعجبه عنك يوم القيامة وأدخله الجنة وقد فعلت)(خوایە صەڵاوات بدە لەسەر بەرائی کوڕی

---

[1] – وەك لە المنتخب(ج٥،ص ١٥٢) دا واهاتووە.

[2] – صحيح.

[3] – لە المنتخب(ج٥، ص ٢٢٠) دا واهاتووە.

مەعرور لە ڕۆژی دواییدا لە خۆتی دوور مەگرەو بیخەرە بەهەشت و ئەوەشت کردووە).[1]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٢٦٠) لە عەبدوڵلای کوڕی ئەبو قەتادەوە دەڵێت یەکەم کەس پێغەمبەر(ﷺ)نوێژی لەسەر کرد کاتێ هاتە مەدینە بەرائی کوڕی مەعرور بوو، لەگەڵ هاوەڵانیدا چوو ڕیزی لەسەر بەست و فەرمووی(خوایە لێی خۆش بەو ڕەحمی پێبکەو ئەوەشت کردووە).

ئەبو داود لە قەیسی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت:(خوایە صەلاوات و ڕەحمەتت بنێرە بۆ سەر خێزانی سەعدی کوڕی عوبادە)(اللهم اجعل صلاتك ورحمتك على آل سعد بن عباده).[2][3]

ئەبو نەعیم لە ئەبو قەتادەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ)لەگەڵ چەند سەفەرێکدا ئامادە بووین کە بە لای ولاخەکەدا لار بویەوە، هەمدی وابوو، ئینجا فەرمووی(خوایە ئەبو قەتادە بپارێزە وەك لەم شەوەوە منی پاراست، وا دیارە ماندوومان کردبێت).[4][5]

[1] – لە المنتخب(ج٥،ص ١٤٤) دا واهاتووە.

[2] – ضعيف.

[3] – المنتخب(ج٥، ص١٩٠).

[4] – صحيح.

[5] – تەبەرانی تەنها نزاکەی هێناوە، لە المنتخب(ج٥،ص ١٦١ دا واهاتووە.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ)بۆ ئەنەسی کوڕی ماليكو هاوەڵانی دیکە(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت:(ئوم سەلیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا نزا بۆ ئەنەس بکە، فەرمووی(خوایە سامان و منداڵی زیاد بکەو بەرەکەتی تێبخە بۆی).[1]

تەبەرانی لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی کەسێ پێی وترا حەرمەلە هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)وتی ئەی پێغەمبەری خوا باوەڕ لێرە دایە-ئاماژەی بۆ زمانی کرد- و دوڕوویی لێرەدایە- ئاماژەی بۆ دڵی کرد- و زۆر کەم یادی خوا دەکەم، پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(خوایە زمانێکی زیکرکەرو دڵێکی بە خشوعی پێبدە ڕۆزی پێ ببەخشە تا ئەوەی خۆش بوێت کە منی خۆش دەوێت و باری بۆ خێر بگۆڕە).[2][3]

تەبەرانی لە تەلەبیەوە هێناویەتی هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)ئەویش فەرمووی(ئەگەر مۆڵەتی دا یان تا مۆڵەتت پێ دەدرێ) دەڵێت هێندە خوا بیەوێت دەرنەکەوت، پاشان بانگی کردو دەستی هێنا بەسەر دەموچاویداوفەرمووی(خوایە لە تەلەب خۆش بەو ڕەحمی پێ بکە) سێ جار فەرمووی.[4][5]

---

[1] – فەرموودەکە دێنێت وەك لە الاصابە(ج٥، ص ١٤٢) دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3]– هەیسە می(ج٩، ص٤٠٢) دەڵێت لە سەنەدەکەدا گێڕەرەوەیەك هەیە کە ناوی نەهاتووەو کەسەکانی دیکی جێ متمانەن.

[4] – ضعیف.

[5]– هەیسە می(ج٩، ص٤٠٢) دەڵێت: مەلقامی کوڕی تلب دوان لێیانەوە گێڕاوەتەوە. کەسەکانی دیکە جێ متمانەن. ئیبن سەعد(ج٧،ص٤٢) دەڵێت لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا داوای لێخۆش بوونم بۆ بکە، بە هەمان شێوە دەیهێنێت.

ئـیبن سـەعدو تەبـەرانی لـە ئـەبو مووسـاوە هێناویانـە پێغەمبـەر(ﷺ)فـەرمووی(خوایـە عوبەیـد ئـەبو عـامر لـەڕۆژی دواییـدا لـە سـەروی زۆرترین خەڵكەوە دابنێ)[1،2].

ئـەبو نـەعیم لـە حەسـانی كـوڕی شـدادەوە هێناویـەتی دایكـی هـات بـۆ لای پێغەمبـەر(ﷺ)وتـی ئـەی پێغەمبـەری خـوا مـن هـاتوم بـۆ لات تـا نـزا بـۆ ئـەم كـوڕەم بكەیت و بە گەورەو پاك داینێیت، پێغەمبەر(ﷺ)لە ئاوی جامی دەستنوێژی هەستا بەدەست نوێژ گرتن و دەستی هێنا بەدەم وچاویدا و فەرمووی﴿ اللهم بارك لها فيه واجعله كبيراً طيبا﴾[3،4].

نزای پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هاوەڵە لاوازەكانی

بەزار لە ئەبو هورەیرەوە هێناویـەتی پێغەمبـەر(ﷺ)پـاش ئـەوەی سـەلامی كـرد ڕووی لـە قیبلـە بـوو دەسـتەكانی بـەرز كـردەوەو فـەرمووی(خوایـە سـەلەمەی كـوڕی هیـشام و عەییاشـی كـوڕی ئـەبو ڕەبیعـە و وەلیـدی كـوڕی وەلیـد ئـەو لاوازانـەی موسوڵمانان ڕزگار بكە كە هیچیان پێ ناكرێ و ڕێ نازانن).[5]

ئیبن سـەعد(ج٤، ص١٣٠) لـە ئەبو هـورەیرەوە بـەو شـێوە هێناویـەتی بـەڵام لـە گێڕانەوەیەكدا هـاتووە:(اللـهم أنج)(خوایـە ڕزگـاری بكـە) لـە گێڕانەوەیـەكی دیكـەدا

---

[1] – صحيح.

[2] – له المنتخب(ج٥، ص٢٣٩) دا واهاتووه.

[3] – ضعيف.

[4] – له المنتخب(ج٥، ص١٦٧) دا واهاتووه.

[5] – هـەیسە مـی(ج١٠، ص ١٥٢) دەڵێت: لـە سـەنەدەكەدا عـەلی كـوڕی زەیـد هەیـە كـە نـاكۆكی لەسـەرە، كەسـەكانی دیكـە جـێ متمانـەن. لـە صـەحیحەكەدا هـاتووە لـە قنوتـدا خوێندوویەتی.تەواو.

وتـــی: کـــاتێ پێغەمبـــەر(ﷺ)لـــە چـــەمینەوەی نوێـــژی بـــەیانی هەڵدەســـتا دەیفەرموو(خوایە وەلیدی کوڕی وەلیدو سەلەمەی کوڕی هیشامو عەیاشی کوڕی ئەبی ڕەبیعەو لاوازانی ناو مەکە ڕزگار بکە، خوایە توندیت بەرانبەر موزەر توند بکەرەوە، خوایە بیکە بە سالآنێ وەك سالآنی یوسف).

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ)دوای نوێژەکان

ئەبو داودو نەسائی -دەقەکە هی ئەوە- وئیبن خوزەیمەو ئیبن حبان لە صەحیحەکەیانداو حاکم -بە صەحیحی داناوە لەسەر جەمی بوخاری و موسلیم- لە موعازی کوڕی جەبەلەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)ڕۆژێ دەستی گرت، پاشان فەرمووی(یا معاز والله إني لأحبّك)(ئەی موعاز سوێند بەخوا من زۆر خۆشم دەوێیت) موعاز پێی وت: بەدایكو باوکمەوە بەقوربانتبم ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا منیش تۆم خۆش دەوێت، فەرمووی(وەسیەتت بۆ دەکەم ئەی موعاز واز نەهێنی لەوەی دوای هەموو نوێژێك بڵێیت ﴿ اللهم أعنی علی ژکرك وشکرك وحسن عبادتك﴾ موعاز مەنابعی بەو وەسیەتە کرد، مەنابعیش ئەو وەسیەتەی کرد بۆ ئەبو عەبدورەحمان، ئەبو ئەبورەحمانیش ئەو وەسیەتەی کرد بۆ عوقبەی کوڕی موسلیم[1،2].

تەبەرانی لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عوتبەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك لەلای عەبدوڵڵای کوڕی عەونی کوڕی عاصەوە نوێژی دەکرد، بیستی کاتێ سەلامی دایەوە وتی: ﴿ اللهم أنت السلام ومنك السلام، تبارکت یا ذا الجلال والإکرام ﴾ پاشان لە پاڵ عەبدوڵڵای کوڕی عەمردا(رضي الله عنه) نوێژی کرد، بیستی کاتێ سەلامی دایەوە وا نوێژی دەکرد، کابرا پێکەنی، ئیبن عومەر پێی وت: بۆ چی

---

[1] - صحیح.

[2] - لە الترغیب والترهیب(ج٣،ص١١٤) دا واهاتووە.

پێدەکەنیت؟ وتی من لە پاڵ عەبدوڵڵای کوڕی عەمر نوێژم دەکرد بیستم وای دەوت. ئیبن عومەر وتی پێغەمبەر(ﷺ)ئەوەی دەفەرموو[1][2].

ئیبن ئەبی شەیبە لە صلەی کوڕی زفرەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئیبن عومەر لە دوای نوێژ ئەوەی دەوت– فەرموودەکە بە هەمان شێوە دەهێنێت–.[3]

ئەبو داود(ج٢،ص ٣٥٩) لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)کاتێ سەلامی دەدایەوە دەیفەرموو –بە هەمان شێوە هێناویەتی.

تەبەرانی لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ)کاتێ نوێژی دەکردو لێدەبوویەوە دەستی ڕاستی دەهێنا بەسەر سەریداو دەیفەرموو ﴿بسم الله الذي لا إله إلا هو الرحمن الرحيم، اللهم اذهب عني اللهم والحزن﴾[4] لە گێڕانەوەیەکدا دەستی ڕاستی دەهێنا بەسەر تەوێڵی داو فەرمووی﴿ اللهم اذهب عني الغم والحزن﴾.[5]

تەبەرانی لە ئەبو ئەیوبەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرچی لە دوای پێغەمبەرتانەوە نوێژی کردبێت بیستوومە کاتێ لێدەبوویەوە دەیفەرموو﴿ اللهم اغفر خطاياي وذنوبي كلها﴾ ﴿ اللهم وانعشني واجبرني واهدني لصالح الأعمال والأخلاق، لايهدي لصالحها ولايصرف سيئها إلا أنت ﴾.[6]

تەبەرانی لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرچی لە دوای پێغەمبەرتانەوە نویژم کردبێ کاتێ تەواو دەبوو دەیفەرموو ﴿ اللهم اغفرلي خطئي

---

[1] – صحيح.

[2] – هەیسە می(ج١٠، ص١٠٢) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن.

[3]– بەڵام مەرفوعی لە فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عامر داناوە، وەك لە كنز العمال(ج١، ص ٢٩٥) دا واهاتووە.

[4] – ضعیف.

[5] – لە(ج١٠،ص ١١٠) دا دەڵێت: تەبەرانی لە المعجم الأوسگ وبەزار بە هەمان شێوە بەچەند سەنەدێك هێناویەتی و تیایدا زەیدی عەممی هەیە کە هەندێ بە جێ متمانەو زۆرینە بە لاوازی دەزانن، کەسەکانی دیکەی یەکێ لە سەنەدەکانی تەبەرانی جێ متمانەن، ناکۆکی لەسەر هەندێکیان هەیە. تەواو.

[6]– هەیسەمی(ج١٠، ص ١١١) دەڵێت: تەبەرانی لە المعجم الصغيرو الأوسط دا هێناویەتی و سەنەدەکەی جییدە.

وعمدی، اللهم اهدني لصالح الأعمال و الأخلاق إنه لايهدى لصالحها ولايصرف سيئها إلا انت﴾.[1]

تەبەرانی لە المعجم الصغير لە ئوم سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە دوای نوێژی بەیانی دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أسألك رزقا طيباً وعلماً نافعا وعملاً متقبلاً﴾[2][3].

تەبەرانی لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە دوای هەموو نوێژێك دەیفەرموو(اللهم رب جبريل وميكائيل وإسرافيل أعذني من حرّ النار وعذاب القبر)(خوایە پەروەردگاری جبریل ومیکائیل و ئیسرافیل لە گەرمای ئاگرو سزای ناو گۆڕ بمپارێزەو پەنام بدە)[4][5].

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەبو بەکرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە دوای نوێژ دەیفەرموو(خوایە من پەنادەگرم بە تۆ لە کوفرو هەژاری و سزای ناو گۆڕ).[6]

نەسائی لە موعاویەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ)لە نوێژ دەبوویەوە دەیفەرموو ﴿ اللهم لا مانع لما أعطيت ولا معطي لما منعت ولاينفع ذا الجد منك الجد﴾[7][8].

---

[1] – هەیسەمی(ج١٠، ص ١٧٣) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.

[2] – صحيح.

[3] – هەیسەمی(ج١٠، ص١١١) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.تەواو.

[4] – صحيح.

[5] – هەیسەمی(ج١٠، ص١١٠) دەڵێت: تەبەرانی لە المعجم الأوسط دا دەڵێت لە عەلی کوڕی سەعیدی ڕازی مامۆستایەوە هێناویەتی و قسەیەکی بێ زیانی لەسەرەو کەسەکانی جێمتمانەن، نەسائی جگە لە قسەی(لە دوای هەموو نوێژێ) هێناویەتی، تەواو

[6] – لە کنز العمال(ج١، ص٢٩٦) دا واهاتووە.

[7] – صحيح.

[8] – لە کنز العمال(ج١، ص١٩٦) دا هاتووە.

ئەبو داود(ج٢، ص٣٥٨) لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئاوی دەست نوێژم هێنا بۆ پێغەمبەر(ﷺ)دەستنوێژی گرت و نوێژی کرد و دواتر فەرمووی﴿ اللهم اغفرلي ذنبی ووسع لی فی داری وبارك لي في رزقی ﴾.[1][2]

ئەبو داود(ج٢، ص٣٥٨) لە زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ)لە دوای نوێژی دەیفەرموو ﴿اللهم ربنا ورب كل شيء اجعلني مخلصاً لك وأهلي في كل ساعة في الدنيا والأخرة يا ذاالجلال و الإكرام اسمع واستجب، الله أكبر الله أكبر اللهم نور السموات والأرض الله أكبر الله أكبر، حسبي الله ونعم الوكيل ﴾ الله أكبر الله أكبر.[3]

هەروەها لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)کە لە نوێژ سەلامی دەدایەوە دەیفەرموو(اللهم اغفرلي ماقدّمت وما أخّرت وما اسررت وما اعلنت وماأسرفت وما أنت أعلم به مني، انت المقدم والمؤخر لا إله إلا انت)(خوایە لێم خۆش بە لەوەی پێشترو دواتر کردوومە ئەوەی پەنهان و ئەوەی ئاشکرا کردوومەو ئەوەی زیادە ڕەویم لێ کردووە. لەوەش کە تۆ لە من زیاتر پێی شارەزایت. تۆ لە پێش و کۆتایت هیچ پەروەردگارێ نیە جگە لە تۆ).

---

[1] – ضعيف.

[2] – لە کنز العمال(ج١، ص٣٠٦) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) لە بەیانیو ئێوارەدا

ئەحمەد لە عەبدوڵڵای كوڕی قاسمەوە هێناویەتی دەڵێت: دراوسێیەكی پێغەمبەر(ﷺ)پێی وتم كە دەمبیست پێغەمبەر(ﷺ)لە بەرەبەیاندا دەیفەرموو(خوایە من پەنا دەگرم بە تۆ لە سزای گۆڕولە فیتنەی گۆڕ) ﴿اللهم أعوذبك من عذاب القبر ومن فتنة القبر ﴾[1].[2]

بەزار لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی كە پێغەمبەر(ﷺ) كاتێ بەیانی دەكردەوە دەیفەرموو ﴿ اصبحنا واصبح الملك لله والحمدلله لاشريك له لا إله إلا هو وإليه المصير ﴾[3].[4]

موسلیمو ترمزیو ئەبو داود هێناویانە وەك لە جمع الفوائد(ج٢،ص٢٥٨) لە ئیبن مەسعودەوە هاتووە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)كە ئێوارە دەهات دەیفەرموو﴿ امسينا وامسى الملك لله والحمد لله لا إله إلا الله وحده لايشرك له له الملك واه الحمد وهو على كل شيء قدير رب اسألك خير ما في هذه الليله و خيرما بعدها، وأعوذ بك من شر ما في هذه الليلة وشر مابعدها رب أعوذ بك من الكسل وسوء الكبر لب أعوذ بك من عذاب في النار وعذاب في القبر ﴾(ئێوارەمان كردەوە وموڵك بۆ خوایەو سوپاس بۆ خوا هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تەنهای بێ هاوتا موڵكو سوپاس بۆ ئەوەو بەسەر هەموو شتێكدا بە توانایە، خوایە داوای خێری ناو ئەم شەوەو خێری دواتریت لێدەكەم، پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی ناو ئەم شەوەو خراپەی دواتری، خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە تەمبەڵی وخراپیو خۆبە زل زانین، خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە سزای ناو ئاگرو سزای ناو گۆڕ) بۆ بەیانیش بە هەمان شێوە دەیفەرموو بەڵام لە بری (أمسى)(أصبح) دەفەرموو.

---

[1] – صحيح.

[2] – هە یسە می(ج١٠، ص ١١٥) دەڵێت كەسەكانی سەنەدە جێ متمانەن.

[3] – صحيح.

[4] – هەیسەمی(ج١٠، ص١١٤) دەڵێت سەنەدەكەی جەیدە.

ئەحمەدو تەبەرانی لە عەبدولڕەحمانی کوڕی ئوبزاوە(رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هێناویەتی کە بەیانی و ئێوارە دەهات دەیفەرموو(بەیانیمان کردەوە لەسەر میللەتی ئیسلام یان ئێوارەمان کردەوە لەسەر پاکی ئیسلامو لەسەر وشەی نیاز پاکی و لەسەر ئایینی پێغەمبەرمان موحەممەد(ﷺ) و لەسەر میللەتی باوکمان ئیبراهیم و پاکو موسڵمان بوو لە هاوەڵ دانەران نەبوو)[1][2].

ئەحمەد لە ئەبو سەلامەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك لە مزگەوتی حیمص بوو تێپەڕی، وتیان ئەوە خزمەتکاری پێغەمبەر(ﷺ) منیش چووم بۆ لای وتم: فەرموودەیەکم پێ بڵێ کە لە پێغەمبەرت(ﷺ) بیستبێ و لە نێوان تۆو کەساندا ئاڵوگۆڕی پێ نەکرابێ، وتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(هەر بەندەیەکی موسوڵمان کاتێ بەیانی دەکاتەوەو کاتێ ئێوارە دەکاتەوە سێ جار بڵێ ڕازیم بە خوا پەروەردگارم وئیسلام ئایینمو موحەممەد پێغەمبەرم بێت مافە لەسەر خوا لە ڕۆژی دواییدا ڕازی بکات)[3][4].

ئیبن ئەبی شەیبە لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە هێناویەتی دەیڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە نزای بەیانی و ئێوارەیدا نزایەکی هەبوو کە تا دنیای بە جێهێشت یان تا مرد دەست بەرداری نەبوو(اللهم إنی أسألك العافية فی الدنيا والأخرة، اللهم أسألك العفو والعافية فی ديني ودنيای وأهلی ومالی، اللهم استر عوراتی وآمن روعاتی اللهم احفظنی من بين يدیّ ومن خلفی وعن شمالي ومن فوقی وأعوذ

---

[1] – صحيح.

[2] – کەسەکانی هەردووکیان صەحیحن وەك هەیسەمی(ج١٠،ص١١٦) دەیڵێت.

[3] – صحيح.

[4] – تەبەرانی بە هەمان شێوە هێناویەتیو کەسەکانی جێ متمانەن. وەك هەیسەمی(ج١٠، ص١١٦) دەڵێت ئەبو داودو نەسائیش هێناویانە.

بعظمتك أن أغتال من تحتی) جوبەیری کوڕی سولەیمان دەڵێت واتە بەناخدا بردن، نازانم ئایا ئەمە فەرمایشتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو یان قسەی جوبەیر[1][2].

ئەحمەدو ئیبن مونیعو ئەبو یەعلاو ئیبن سنی لە ئەبو بەکرەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێکردم کاتێ بەیانیم کردەوەو کاتێ ئێوارە هاتو کاتێ شەو چوومە ناو جێگەکەم بڵێم(اللهم فاگر السموات والأرچ عالم الغیب والشهاده انت رب کل شیء و ملیکه أشهد أن لا إله إلا أنت وحدك لا شریك لك وأن محمداً عبدك ورسولك، واعوذ بك من شرّ نفسی وشر الشیگان وشرکه و أن أقترف علی نفسی سوواً أجرّه إلى مسلم)[3][4].

ئیبن عەساکیر لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا من ترسم بۆ خۆمو ماڵو منداڵو ژنو سامانم هەیە، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(هەرکات بەیانیت کردەوە و ئێوارەت کردەوە بڵێ بسم الله علی دینی ونفسی وولدی وأهلی ومالی) کابرا ئەوەی وتو دواتر هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(ما صنعت فیما کنت تجد؟) (چیتکرد لەو بارەی تێیدا بوویت؟) وتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە ئەوەی بەدیم دەکرد نەماوە.[5]

---

[1] – صحیح.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٩٤) دا واهاتووە.

[3] – صحیح.

[4] – لە کنز العمال(ج١، ص٢٩٤) دا هاتووە. ئەبو داودو ترمزی بە جیاوازیەکی کەم لە دەقدا لە فەرمودەی ئەبو هورەیرەوە هێناویانە.

[5] – لە کنز العمال(ج١، ص٣٩٤ دا واهاتووە.

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) لە كاتی خەوتن و بێداریدا

موسلیم و ترمزی و ئەبو داود لە ئەنەسەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوو بۆ ناو جێگەکەی دەیفەرموو(الحمد لله الذی أطعمناوسقانا و کفاناو آوانا، فکم ممن لا کافی له ولا ووْدی).

ئەبو داود لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوویە ناو جێگەکەی دەیفەرموو(الحمد لله الذی کفانی و أوانی و أطعمنی وسقاني، والحمد لله الذی منّ علیّ فأفضا و أعطانی فأجزل، الحمد لله علی کل حال، اللهم ربّ کلّ شیء وملیکة أعوذ بالله من النار)[1][2].

ترمزی لە حوزەیفەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەیویست بخەوێت دەستی دەخستە ژێر سەری و دواتر دەیفەرموو(اللهم قني عذابك یوم تجمع أو تبعث عبادك)(خوایە ئەو ڕۆژەی بەندەکانت کۆدەکەیتەوە یان زیندوو دەکەیتەوە لە سزای خۆت بمپارێزە)[3][4].

ئەبو داود لە ئەبو ئەزهەری ئەنماریەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە شەو دەچوویە ناو جێگەکەی دەیفەرموو ﴿ بسم الله وضعت جنبي لله، اللهم اغفر لي ذنبي واخسأ شیطانی وفكّ رهانی واجعلني فی النديّ الاعلی ﴾[5][6].

---

[1] – صحیح.

[2] – لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٥٦) دا واهاتووە.

[3] –صحیح.

[4] – لە(جمع الفوائد ج٢، ص ٢٦٠) دا واهاتووە. بەزار لە ئەنەسەوە بەو شێوە هێناویەتی و بەو دەقە هێناویەتی(یوم تبعث) سەنەدەکەی حەسەنە.وەك هە یسەمی(ج١٠، ص١٢٣) دەیڵێت. ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن جەریر. بە دوو دەق بە صەحیحی داناوە، هێناویانە وەك لە کنز العمال(ج٨، ص ٦٧) دا هاتووە

[5] – صحیح.

[6] – جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦٠) دا واهاتووە.

ئەبو داود لە عەليەوە(ﷺ) هێناويەتى پێغەمبەر(ﷺ) كە دەچوويە ناو جێگەكەى دەيفەرموو ﴿ اللهم إنى أعوذ بوجهك الكريم وبكلماتك التامات من شركه دابة انت آخذ بناصيتها انت تكشف المغرم والمأثم، اللهم لايغرم جندك ولايخلف وعدك ولاينفع ذا الجد منك الجد، سبحانك اللهم وبحمدك ﴾[1][2].

ئەحمەد لە عەبدوڵلاى كوڕى عەمرەوە هێناويەتى دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) كاتێ دەيويست بخەوێت دەيفەرموو ﴿ اللهم فاطر السموات والأرض عالم الغيب والشهادة رب كل شيء وإله كل شيء، اشهد أن لا إله إلا أنت وحدك لاشريك لك وأن محمداً عبدك ورسولك والملائكة يشهدون اللهم إنى أعوذ بك من الشيطان وشركه أو أن اقترف على نفسى سوءاً واجره إلى مسلم ﴾[3] ئەبو عەبدوڕەحمان دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵلاى كوڕى عەمرى فێرى ئەوە دەكرد و كاتێ دەيويست بخەوێت ئەوەى دەفەرموو.[4]

تەبەرانى بە هەمان شێوە هێناويەتى بەلاَم لە گێڕانەوەيەكدا هاتووە ﴿ على نفسي إثماً ﴾ لە گێڕانەوەيەك لە عەبدوڵلاى كوڕى عەمرەوە هێناويەتى بە عەبدوڵلاى كوڕى زەيدى وت: ئايا چەند وشەيەكت فێر بكەم كە پێغەمبەر(ﷺ) فێرى ئەبو بەكرى دەكردن تا كاتێ دەيەوێ بخەوێت بيانڵێت- بە هەمان شێوە دەيهێنێت-.[5]

---

[1] - ضعيف.

[2] - له الأذكار نەوەويدا هاتووە، نەسائيش هێناويەتى و لە كنز العمال(ج٨، ص٦٧) دا دەيداتەوە پاڵ نەسائى و ئيبن جەريرو ئيبن ئەبى دنيا بە هەمان شێوە هێناويانە.

[3] - صحيح.

[4] - سەنەدەكەى حەسەنە وەك هەيسەمى(ج١٠، ص١٢٢) دەيڵێت. لە گێڕانەوەيەكى ديكەدا بە سەنەدى حەسەن لێيەوە هێناوە ﴿ واعوذ بك أن اقترف﴾ لە برى ﴿ أن اقترف﴾.

[5] - هەيسەمى(ج١٠، ص١٢٣) دەڵێت: تەبەرانى بە دوو سەنەد هێناويەتى و كەسەكانى سەنەدى يەكەم صەحيحن جگە لە يەحياى كوڕى عەبدوڵلاى مەغازى كە دەستەيەك بە جێمتمانەى دەزانن و جگە لەوانيش بە لاوازى دەزانن. تەواو پێشتريش لەو بارەوە فەرموودەكەى ئەبو بەكرمان هێنا.

ئەحمەد بە سەنەدی حەسەن لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بیویستایە ڕابکشێت بۆ خەو دەیفەرموو ﴿ باسمك ربي فاغفرلي ذنوبي ﴾(پەروەردگارم بە ناوی تۆوە، دەی لە تاوانەکانم خۆش بە)[1].[2]

تەبەرانی لە المعجم الأوسط لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: شەوێك لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) مامەوە، بیستم کە لە نوێژی دەبوویەوەو دەچوویە ناو جێگەکەی دەیفەرموو ﴿ اللهم اعوذ بمعافاتك من عقوبتك، واعوذ برضاك من سخطك، واعوذ بك منك، اللهم لا ستطيع ثناءً عليك ولو حرصت ولكن انت كما أثنيت على نفسك ﴾.[3][4]

ئیبن جەریر-بە صەحیحی داناوە- وئیبن ئەبی شەیبە لە بەرائەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە دەچوویە ناو جێگەکەی دەیفەرموو ﴿اللهم إليك أسلمت نفسى و وجهت وجهى ءإليك فوّضت امرى وإليك الجأت ظهرى رغبة ورهبة إلي، لاملجأ ولامنبعى منك غلا إليك، آمنت بكتابك الذى انزلت ونبيّك الذى ارسلت﴾ لە كنز العمال(ج٨،ص٦٧) دا واهاتووە.

بوخاریو ئەبوداودو ترمزی لە حوزەیفەوە هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە دەچوویە ناو جێگەکەی دەیفەرموو ﴿باسمك اللهم أحيا ءاموت﴾ کە بەیانیش هەڵدەسا دەیفەرموو ﴿ الحمد لله الذى أحيانا بعد ما أماتنا وإلية النشور ﴾.[5]

---

[1] - حسن.

[2] - لە المعجم(ج١٠، ص١٢٣) دا واهاتووە.

[3] - ضعیف.

[4] - هە یسە می(ج١٠، ص١٢٤) دەڵێت: کەسەکانی صەحیحن جگە لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولقادری کە ئیبن حبان بە جێ متمانەی دەزانێت.تەواو. هەروەها نەسائیو یوسفی قازی لەعەلیەوە بە هەمان شێوە هێناویانە وەك لە كنز العمال(ج١،ص٣٠٤) دا هاتووە.

[5] - لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٥٩) داواهاتووە.

ئیبن جەریریش-بەصەحیحی داناوە- لە ئەبو زەوەبە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام وا هێناویەتی ﴿ اللهم باسمك نموت ونحيا﴾ وەك لە كنز العمال(ج٨، ص٦٧) دا واهاتووە.

ئەبو داود لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە لە شەو بێدار دەبوویەوە دەیفەرموو ﴿ لا إله إلا أنت سبحانك اللهم وبحمدك أستغفرك لذنبي وأسألك رحمتك، اللهم ذدني علماً ولاتزغ قلبي بعد إذ هديتني، وهب لي من لدنك رحمة إنك انت الوهاب ﴾[1].[2]

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆڕەکانو لە کاتی چوونە مزگەوتو ماڵو لە مزگەوتو ماڵ دەرچوون

ترمذی لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کەمجار لە کۆڕێ هەڵدەسا مەگەر ئەو نزایانەی بۆ هاوەڵانی بکردایە ﴿ اللهم اقسم لنا من خشيتك ما تحول به بيننا وبين معصيتك ومن طاعتك ما تبلّغنا به جنتك ومن اليقين ما تهون به علينا مصيبات الدنيا ومتعنا بأسماعنا وابصارنا وقوّتنا ما احييتنا، واجعله الوارث منا واجعل ثأرنا على نت ضلمنا، وانصرنا على من عادانا ولا تجعل مصيبتنا فی دیننا ولاتجعل الدنيا اكثر همّنا ولامبلغ علمنا ولاتسلّط علينا من لايرحمنا ﴾[3].[4]

---

[1] - لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٥٩) داواهاتووە

[2] - لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦٠) دا واهاتووە.

[3] - حسن.

[4] - لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦١) دا واهاتووە. پێشتریش لە باسی کەفارەتی کۆڕدا هەندێ شتمان سەبارەت بەم باسە هێنا.

ئەبو داودو ترمزیو نەسائی لە ئوم سەلەمەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) کە لە ماڵ دەردەچوو دەیفەرموو ﴿ بسم الله توكلت على الله، اللهم إنا نعوذ بك أن نزلّ أو نفصل أو نظلم ان نجهل اويجهل علينا﴾.[1][2]

ئەبو داود لە ئیبن عەمری کوڕی عاصەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە چوویە مزگەوت دەیفەرموو ﴿ أعوذ بالله العظيم وبوجهه الكريم وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم ﴾ کە ئەوەی دەوت شەیتان دەیوت ئەمڕۆ ڕێکردێك لە من پارێزراو بوو.[3]

ترمزی لە فاتمەی کچی حوسەین لە دایە گەورەیەوە فاتیمەی گەورە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە دەچوویە مزگەوت صەڵاواتی دەدا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) ودەیفەرموو ﴿رب اغفرلي ذنوبی وافتح لي أبواب رحمتك ﴾(خوایە لە تاوانەکانی خۆش بەو دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەرەوە) کاتێ لە مزگەوتیش دەردەچوو صەڵاواتی دەدا لەسەر موحەممەد و دەیفەرموو ﴿رب اغفر لي ذنوبي وافتح لي أبواب فضلك ﴾.[4][5]

---

[1] – صحيح.

[2] – لە المجمع(ج٢،ص٢٦١) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – صحيح.

[5] – ئەحمەدو ئیبن ماجە هێناویانە وەك لە المشكاة(ص٦٢) دا واهاتووە. لە گێڕانەوەکەیاندا دەڵێت کە چوویە مزگەوتو کاتێ دەردەچوو دەیفەرموو ﴿ بسم لله والسلام على رسول الله﴾ لە بری صەڵاواتی دەدا لەسەر موحەممەد. ترمزی دەڵێت: سەنەدەکەی موتتەسیل نیە، فاتیمەی کچی حوسەینیش فاتیمەی گەورەی نەدیوە.

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) لە سەفەردا

ئەحمەدو بەزار لە عەلیەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) كە بیویستایە سەفەر بكات دەیفەرموو ﴿ اللهم بك أصول،بك أجول وبك أسير﴾.[1]

موسلیم و ئەبو داودو ترمزی لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) كە لەسەر وشترەكەی دەچوویە دەرێ بۆ سەفەر، سوپاسی خواو سوبحانەڵاّ و الله أكبری سێ جار دەكرد، پاشان دەیفەرموو ﴿ سبحان الذى سخرلنا هذا وما كنا له مقرنين وإنا إلى ربنا لمنقلبون، اللهم إنا نسألك فى سفرنا هذا البر والتقوى ومن العمل ما ترضى اللهم هوّن علينا سفرنا هذا واطوعنا بعد الأرض اللهم أنت الصاحب فى السفر والخليفة فى الأهل، اللهم إنى أعوذ بك من وعثاء السفر وكأبة المنظر وسوء المنقلب فى الأهل والمال﴾ كاتێ دەگەڕایەوە هەمان شتی دەفەرموو ئەوەشی بۆ زیاد دەكرد ﴿ آئبون تائيبون عابدون لربنا ساجدون ﴾.[2][3]

ئەبو یەعلا لە بەرائەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) كە بۆ سەفەرێك دەردەچوو دەیفەرموو ﴿ اللهم بلاغاً يبلّغ خيراً مغفرة من ورضوانا، بيدك الخير إنك على كل شىء قدير، اللهم أنت الصاحب فى السفر والخليفة فى الأهل، اللهم هوّن علينا السفر واطوعنّا الأرض اللهم أعوذ بك من وعثاء السفر كآبة المنقلب ﴾.[4][5]

موسلیم وئەبو داود لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) كە لە سەفەر بوو بەیانی دەكردەوە دەیفەرموو ﴿ سمع سامع بحمد لله وحسن بلائه علينا، ربنا صاحبنا وأفضل علينا عائزاً با لله من النار ﴾.[6]

---

[1] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٠) دەڵێت كەسەكانی هەردووكیان جێ متمانەن.

[2] – صحيح.

[3] – لە جمع الفوائد(ج٢،ص٢٦١) دا واهاتووە.

[4] – صحيح.

[5] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٠) دەڵێت: كەسەكانی سەنەدەكە صەحیحن جگە لە فیتری كوڕی خەلیفە كە جێ متمانەشە. تەواو.

[6] – لە جمع الفوائد(ج٢،ص٢٦٢) دا واهاتووە.

تەبەرانی لە المعجم الأوسط لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەردا(ﷺ) سەفەرمان دەکرد کە ویستی بچێتە گوندێکەوە فەرمووی ﴿ اللهم بارك لنا فيها﴾ سێ جار فەرمووی ئینجا فەرمووی ﴿ اللهم ارزقنا حياها وحبّبنا إلى أهلها وحبّب صالحي أهلها إلينا﴾(خوایە لە مەیای ئێرە ڕۆزیمان بدەو لای خەڵکەکەی خۆشەویستمان بکەو پیاو چاکەکانی لامان خۆشەویست بکە)[1].[2]

تەبەرانی لە صوهەیبەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەر گوندێکی بدیایەو بیویستایە چێتە ناویەوە کاتێ دەیدی دەفەرموو ﴿اللهم رب السموات السبع وما أضللن وبه الرياح وما ذررن، إنا نسأل خير هذه القرية ونعوذ بك من شرها وشر أهلها وشر مافيها ﴾[3].[4] پێشتریش نزاکانی پێغەمبەرمان(ﷺ) لە سەفەردا باسکرد لە کاتی گرنگی نزاکان لە جیهادی ڕێی خوادا.

---

[1] – صحيح.

[2] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٤) دەڵێت: سەنەدەکەی جەیدە.

[3] – حسن.

[4] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٥) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لە عەتای کوڕی ئەبی مەروان و باوکی کە هەردوکیشیان جێ متمانەن، تەواو..

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) لە ماڵئاوایدا

ئەبو داود(ج٣،ص٢٢٢) لە قەزەعەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەمەر پێی وتم: وەرە با ماڵئاوایت لێبکەم بەو جۆرەی پێغەمبەر(ﷺ) ماڵئاوای لێکردم(استودع الله دينك وأمانتك وخواتيهم عملك)(ئایین و سپاردەو کۆتا کارت دەدەمە دەست خوا).[1]

ترمزی(ج٢،ص ١٨٢) لە سالمەوە هێناویەتی ئیبن عومەر ئەگەر کەسێکی بدایە نیازی سەفەری هەیە پێی دەوت لیم نزیك بەرەوە تا وەك ماڵئاوای پێغەمبەرم(ﷺ) ماڵئاوایت لێبکەم.[2]

ترمزی(ج٢،ص١٨٢) لە ئەنەسەوە هێناویەتی کەسێك هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) وتی ئەی پێغەمبەری خوا من دەمەوێت سەفەر بکەم، شتێکم پێ بڵێ، فەرمووی(زوّدل الله التقوى)(خوا توێشووی لە خوا ترسانت پێ بدات) پاشان فەرمووی(وغفر ذنبك)(لە تاوانێك خۆش بێت)، وتی بە دایك و باوکمەوە بە قورانت بم زیاتر، فەرمووی(لە هەرکوێ هەبوویت خێرت بۆ ئاسان بکات).[3][4]

تەبەرانی و بەزار لە هیشامی کوڕی قەتادەی ڕەهاویەوە لە باوکیەوە قەتادە(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) دژ بە هۆزەکەی ئاڵای دایە دەستم دەستیم گرت و ماڵئاواییم لێکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ﴿ جعل الله التقوى زادك وغفر ذنبك ووجّهك للخير حيثما توجّهت ﴾.[5][6]

---

[1] – صحيح.

[2] – بەو شێوە دەیهێنێت_ ترمزی دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدی حەسەنی صەحیحی غەریبە.

[3] – حسن صحيح.

[4] – ترمزی دەڵێت ئەم فەرموودە حەسەنی غەریبە.

[5] – صحيح.

[6] – هە یسە می(ج١٠، ص١٣١) دەڵێت: کەسەکانی هەردووکیان جێ متمانەن.

ترمزی(ج٢،ص١٨٢) له ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی كەسێ وتی ئەی پێغەمبەی خوا دەمەوێت سەفەر بكەم دەی وەسیەتم بۆ بكە، فەرمووی﴿ علیك بتقوی الله التكبیر علی كلّ شرف ﴾(له خوا بترسەو الله اكبر بكه له هەموو شوێنێ) كاتێ كابرا چوو پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(اللهم اطولة العبد وهوّن علیة السفر)(خوایه دووری بۆ بپێچەرەوەو سەفەری لەسەر ئاسان بكه)[١،٢].

نزاكانی پێغەمبەر(ﷺ) له كاتی خواردنو خواردنەوەو جل پۆشیندا

بوخاریو ئەبو داودو ترمزی له ئەبو ئومامەوە هێناویانه پێغەمبەر(ﷺ) كه سەفرەكەی هەڵدەگیرا دەیفەرموو(الحمد لله كثیراً طیباء مباركاً فیه غیر مكفیّ ولا مودّع ولا مستغنی عنه ربّنا).

ترمزیو ئەبو داود له ئەبو سەعیدەوە هێناویانه دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) كه نانی دەخوارد یان ئاوی دەخواردەوە دەیفەرموو ﴿ الحمد لله الذی اطعمنا وسقانا وجعلنا من المسلمین ﴾[٣،٤].

ترمزیو ئەبو داود له ئەبو سەعیدەوە هێناویانه پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر جلێكی تازەی بكردایەته بەری دەیفەرموو ﴿ اللهم لك الحمد أنت كسوتنی هذا- ناوی ئەو جلەی دەهێنا یان كراس بوایه یان مێزەر یان عەبا- اسألك خیره وخیرما صنع له وأعوذ بك من شره وشر ماصنع له ﴾[٥].

---

[١] – حسن.

[٢] – ترمزی دەڵێت ئەم فەرمووده حەسەنه.

[٣] – صحیح.

[٤] – له جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦٤) دا واهاتووه.

[٥] – له جمع الفوائد(ج٢،ص٢٦٤) دا واهاتووه.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی بینینی مانگ‌و هەرە بوسکەو هەرو ڕەشەبادا

ترمذی(ج٢،ص ١٨٣) لە تەلحەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر مانگی چواردە شەوە ی بدیبایە دەیفەرموو ﴿ اللهم أهلّه علينا باليمن والسلامة والأسلام، ربي وربّك الله﴾.[1]

ئیبن عەساکیر لە ئیبن عومەرەوە بەو دەقە هێناویەتی ﴿ الله أكبر اللهم أهلّه علينا بالأمن والأمان والسلامة والأسلام والتوفيق لما تحب و ترضى ربنا وربك الله﴾.[2]

تەبەرانی لە ڕافیعی کوڕی خودەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) کە مانگی چواردە شەوەی دەبینی دەیفەرموو(خير ورشد) پاشان دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أسألك من خير هذا الشهر وخير القدر وأعوذ بك من شرّه ﴾ سێ جار دەیفەرموو.[3][4]

ترمزی لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەنگی هەورە بروسکەی دەبیست دەیفەرموو ﴿ اللهم لاتقتلنا بغضبك ولاتهلكنا بعذابك وعافنا قبل ذلك ﴾.[5][6]

---

[1] – صحيح.

[2] – وەك لە كنز العمال(ج٤،ص٣٢٦) دا واهاتووە. تەبەرانیش لە ئیبن عومەرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام ئەمەی نەهێناوە(الله اكبر) هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٩) دەڵێت لەسەنەدەکەدا عوسمانی کوڕی ئیبراهیمی هێناوە کە لاوازیەکی تێدایە.

[3] – حسن.

[4] – سەنەدەکەی حەسەنە وەك هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٩) دەیڵێت.

[5] – لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٥٩) داواهاتووە

[6] – لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦٤) دا واهاتووە.

بوخاری‌و موسلیم‌و ترمزی لە عائیشەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) کاتی هەڵکردنی ڕەشەبا دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أيألك خيرها وخيرما فيها وخير ما أرسلت به وأعوذبك من شرها وشر ما فيها وشر ما أرسلت به ﴾(خوایە من داوای خێری ئەم ڕەشە بایەو خێری ناوی‌و خێری ئەوەیت لێدەکەم کە پێت ناردووە. پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپەی‌و خراپەی ئەوەی تیادایەو خراپەی ئەوەی پێت ناردووە)

ئەبو داود لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کە لە ئاسۆی ئاسمانەوە گەشەیەکی بدیبایە کاری بەجێدەهێشت، ئەگەریش لە نوێژدا بوایە درێژەی پێنەدەدا، پاشان دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أعوذ بك من شرها﴾ ئەگەر باران دایبکردایە دەیفەرموو ﴿ اللهم حسيباً هنيئاً ﴾[1][2].

ئیبن ئەبی شەیبە لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هەورێکی قورسی لە ئاسۆیەکەوە بدیبایە کارو بارەکەی بەجێدەهێشت، ئەگەریش لە نوێژدا بوایە تا بچێت بەدەمیەوە، ئینجا دەیفەرموو: ﴿ اللهم إنا نعوذ بك من شرما أرسل به ﴾ ئەگەر داباریبایە دەیفەرموو ﴿اللهم حسيباً نافعا﴾ دوو یان سێ جار دەیفەرموو. ئەگەر خوا لایبردایە و باران داینەکردایە سوپاسی خوات لەسەر دەکرد[3][4].

تەبەرانی لە المعجم الكبير و الأوسط لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر ڕەشەبا توندی بکردایە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو(اللهم لقعاً لاعقيماً)(خوایە بەرداربێ نەك بێ بەر)[5][6].

---

[1] – صحيح.

[2] – لە جمع الفوائد(ج٢، ص٢٦٥) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە كنز العمال(ج٤، ص٢٩٠) دا واهاتووە.

[5] – صحيح.

[6] – هەیسەمی(ج١٠،ص١٣٥) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لە موغیرەی کوڕی عەبدوڕەحمان کە جێ متمانەشە. تەواو.

نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی دیاری نەکراودا

موسلیم لە ئیبن مەسعودەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إنى أسألك الهدى والتقى والعفاف والغنى ﴾.

موسلیم و بوخاری لە ئەبو موسای ئەشعەریەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) هێناویانە ئەو نزایەی دەکرد ﴿ اللهم اغفر لي خطيئتى وجهلي وإسرافى فى أمرى وما انت اعلم به منى، اللهم اغفرلي جدّى وهزلي وخطئي وعمدي، وكل ذلك عندي، اللهم اغفر لي ما قدمت وما أخّرت وما أصررت وما أعلنت وما أنت أعلم به منى، انت المقدم وأنت المؤخر وانت على كل شىء قدير ﴾.

موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم أصلح لي ديني الذى هو عصمة أمرى، وأصلح لي دنياى التى فيها معاشى، واصلح لي اخرتى التى فيها معادى، واجعل الحياة زيادة لي فى كل خير، واجعل الموت راحة لي من كلّ شر ﴾.

موسلیم و بوخاری لە ئیبن عەباسەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم لك أسلمت وبك أمنت وعليك توكلت وإليك أنبت وبك خاصمت اللهم إنى أعوذ بعزتك لا إله إلا انت أن تضلني أنت الحي الذى لاتموت والجن والأنس يموتون ﴾.

ترمزی لە ئوم سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: زۆربەی نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) بریتیبوو لە ﴿ يا مقلّب القلوب ثبّت قلبي على دينك ﴾[1][2].

ترمزی لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم عافني في جسدي وعافني فى بصرى واجعله الوارث مني لا إله إلا أنت الحليم الكريم، سبحان الله رب العرش العظيم والحمد لله رب العالمين ﴾[3].

[1] – صحيح.

[2] – ترمزی دەڵێت فەرموودەیەکی حەسەنە.

[3] – ضعيف.

ترمـزی و ئـەبو داودو ئـیبن ماجـە لـە ئـیبن عەبباسـەوە هێناویـەتی دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) نـزای دەکـردو دەیفـەرموو ﴿رب أعنـی ولاتعـن علـیّ، وانـصرني ولاتنصر عليّ، وامكر لي ولاتمكر عليّ، واهدني ويسّر هداي، وانصرنی علی من بغی علیّ، رب اهلني لك شاكراً لك ذاكراً لك راهبا لك مطواعا إليك مجيبا(منيبا) تقبل توبتي واغسل حوبتی وأحب دعوتي وثبّت حجتي واهد قلبي وسدّد لساني واسلل سخيمة قلبي﴾ لە گێڕانەوەی ترمیزیدا هاتووە ﴿او اهاً منيباً﴾[1][2].

حاکم لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی- لەسەر مەرجی موسلیم بە صەحیحی داناوە-دەڵێت: لە نزاکانی پێغەمبەر(ﷺ) بریتـی بووٍ﴿ اللهم إنا نسألك موجبات رحمتك وعزائهم مغفرتك والسلامة من كلّ إثم والغنيمة من كلّ برّ والفوز بالجنة والنّجاة من النار﴾[3][4].

ئەحمـەدو تەبـەرانی لـە عەبـدوڵڵای کـوڕی عومـەرەوە هێناویـەتی پێغەمبـەر(ﷺ) نـزای دەکـرد ﴿ اللـهم اغفـر لنـا ذنوبنـا وظامنـا وهزلنـا وجدّنا وعمدنا وكل ذلك عندنا﴾[5][6].

تەبەرانی و ئەحمەدو بەراز لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویانە دەڵێت: بە گشتی نزای پێغەمبەر(ﷺ) بریتیبوو لە ﴿ اللهم اغفرلي ما أخطأت وما تعمدت وما أسررت وما أعلنت وما جهلت وما تعمّدت﴾(خوایە لەو تاوانەم خۆش بە کە بە

---

[1] – صحیح.

[2] – ترمزی دەڵێت فەرموودەیەکی حەسەنی صەحیحە.

[3] – صحیح.

[4] – لە الاذکاری ئیمامی نەوەوی(ص٤٩٨) دا واهاتووە.

[5] – حسن.

[6] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٧٢) دەڵێت سەنەدی هەردوکیان حەسەنە.

هەڵەو دەست ئەنقەست کردوومە، ئەوەی بە نهێنی و بە ئاشکرا کردوومە، ئەوەی بە نەزانی وئەوەی بە ئەنقەست کردومە)[1][2].

ئەحمەد لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو ﴿اللهم أحسنت خَلقي فأحسن خُلقي﴾(خوایە دروست کردنی منت جوان کردووە، دەی ئاکاریشم جوان بگێڕە)[3][4].

ئەحمەدو ئەبو یەعلا بە دوو سەنەدی حەسەن لە ئوم سەلەمەوە هێناویانە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو﴿ رب اغفرلي وارحم واهدني السبيل الأقوم ﴾.[5]

تەبەرانی لە المعجم الأوسط لە ئەنەسی کوڕی مالکەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو ﴿ يا وليّ الإسلام وأهله ثبتني به حتى ألقاك﴾.[6][7]

ئەحمەدو تەبەرانی لە بسری کوڕی ئەبو ئەرتەئەوە هێناویانە دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نزای دەکردو دەیفەرموو ﴿ اللهم أحسن عاقبتنا في الأمور كلّها وأجرنا من خزي الدنيا وعذاب الآخرة ﴾(خوایە لە هەموو کارو بارێکدا سەرەنجامان چاك بگێڕەو لە سەر شۆڕی دنیاو سزای ڕۆژی دوای بمانپارێزە)[8]

---

[1] – صحيح.

[2]– هە یسە می دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکانیان صەحیحن جگە لە عەونی عەقبلی کە جێ متمانەشە.

[3] – صحيح.

[4] – هە یسە می(ج١٠،ص ١٧٣) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن. ئەحمەدو ئەبو یەعلا لە ئیبن مەسعودەوە بە سەنەدی صەحیح بە هەمان شێوە هێناویانە.

[5] – ضعيف.

[6] – صحيح.

[7] – کەسەکانی جێ متمانەن وەك هەیسەمی(ج١٠، ص١٧٤و ١٧٦) دەڵێت.

[8] – حسن.

تەبەرانی ئەوەی بۆ زیادکردووە هەرکەسێ ئەو نزایە بکات پێش ئەوەی توشی بەلاَ بێت دەمرێت.[1]

ئەحمەدو تەبەرانی لە ئەبو صەرمەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أسألك غنائي و غني مولاي﴾.[2][3]

بەزار لە ئەو بانەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أسألك الطيبات وترك المنكرات وحب المساكين وأن تتوب عليّ وإن اردت بعبادك فتنة أن تقبضني غير مفتون ﴾.[4][5]

تەبەرانی لە عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم احعل اوسع رزقك عليّ عند كبر سنّي وانقطاع عمرى ﴾(خوایە فراوانترینی ڕۆزیت بۆ سەر من لەکاتی پیریو بڕانی تەمەنم دابنێ).[6][7]

---

[1] – هە یسە می(ج١٠، ص ١٧٨) دەڵێت: کەسەکانی ئەحمەد و یەکێ لە سەنەدەکانی تەبەرانی کەسەکانی جێ متمانەن.

[2] – صحيح.

[3] – هە یسە می(ج١، ص١٧٨) دەڵێت یەکێ لەسەنەدەکانی ئەحمەد کەسەکانی صەحیحن.

[4] – حسن.

[5] – هە یسە می(ج١٠، ص١٨١) دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە.

[6] – حسن.

[7] – سەنەدەکەی حەسەنە وەك هە یسە می(ج١٠، ص١٨٢) دەیڵێت.

کۆی نزاکان

ئیبن ئەبی شەیبە لە عائیشەوە(ﭬ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) حەزی بە کۆی نزابوو و جگە لەوەی واز لێدەهێنا.[1]

حاکم لە عائشەوە هێناویەتی ئەبو بەکر(ﭬ) چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ویستی قسەیەکی بۆ بکات کە لە عائیشەی بشارێتەوە، عائیشەش نزای دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو ﴿یا عائیشە، علیك بالکوامل الجوامع﴾(ئەی عائیشە تەواو کۆکان بڵێ) کاتێ عائیشە تەواو بوو پرسیاری کرد لە پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش بە عائیشەی فەرموو بڵێ ﴿ اللهم إني أسألك من الخیر کلّه عاجله وآجله وما علمت منه ومالم أعلم وأسألك الجنة وما قرّب إلیها من قول او عمل وأعوذ بك من الشرّ کلّه عاجله وآجله وما علمت منه وما لم أعلم، وأسألك من خیر ماسألك منه عبدك ورسولك محمد وأستعیذك مما استعاذك منه عبدك ورسولك محمد، وأسألك ما قضیت لي من امرٍ انت تجعل عاقبة رشدا﴾(خوایە من داوای هەموو خێرت لێدەکەم پێشخراو دواخراوی و ئەوەی دەیزانم و ئەوەی نایزانم، داوای بە هەشتت لێدەکەم لەگەڵ هەر وتە یان کردارێ کە لە بەهەشت نزیکم دەکاتەوە، پەنا دەگرم بە تۆ لە هەموو خراپە، پێشخراو ودواخراوی و ئەوەی دەیزانم و ئەوەشی نایزانم، داوای ئەو خێرەت لێدەکەم کە بەندەو نێرراوت موحەممەد داوای کردووە، پەنات پێدەگرم لەوەی بەندەو نێرراوت موحەممەد لە دەستی پەنای گرتووە بە تۆ، داوات لێدەکەم لەو بوارەدا قەزای منت داناوە کۆتاییەکەی باش و خێرداربێت).[2]

ئەحمەدو ئیبن ماجە لە عائیشەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیادکردووە(پەنادەگرم بە تۆ لە ئاگرو هەر وتەو کردارێ لە دۆزەخ نزیکم دەکاتەوە).[3]

---

[1] – لە کنز العمال(ج١، ٢٩٠) دا واهاتووە.

[2] – کنز العمال(ج١،ص٣٠٦).

[3] – حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحە وەك لە الذکاری ئیمامی نەوەوی(ص٥٠٦) دا واهاتووە.

بوخـاری لـه الأدب المفـرد(ص٩٤) دا لـه عائیـشەوە هێناویـەتی دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) هاتە ژوور بۆ لام ومن نوێژم دەکردو پێویستیەکی هەبوو، منیش لەسەری وەستام، فەرمووی ﴿یا عائشه علیك بجمل الدعاو وجوامعه ﴾(ئەی عائیشه کۆو تەواوی نزا بڵێ) که لێبوومەوە وتم ئەی پێغەمبەری خوا کۆو تەواوی نزاکان چیه ؟.[1]

ترمـزی(ج٢، ص١٩٠) لـه ئـەبو ئومامـەوە هێناویـەتی دەڵێـت: پێغەمبـەر(ﷺ) نزایـەکی زۆری کـرد کـه شـتێکمان لەبـەر نـەکردبوو، وتمـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا نزایەکی زۆرت کرد که هیچیمان لێ لەبەر نەکرد، فەرمووی ﴿الا ادلکم علی ما یجمع ذلك کلّه ؟﴾(ئایا شتێکتان پێ بڵێم که هەموو ئەوانه کۆ بکاتەوه ؟) دەڵێن ﴿ اللهم إنا نسألك من خیر ما سألك منه نبیّك محمد وتعوذ بك من شر ما استعاذ منه نبیّك محمد، وأنت المستعان وعلیك البلاغ ولاحول ولا قوة إلا بالله ﴾.[2]

پەنا گرتن

بوخاریو موسلیم له ئەنەسەوە هێناویانه دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إنی اعوذ بك من العجز والکسل والجبن والهرم والبغل واعوذ بك من عذاب القبر وأعـوذ بـك مـن فتنـة المحیـا والممـات ﴾ لـه گێڕانەوەیەکدا ﴿ وضـلع الـدّین وغلبـة الرجال﴾(قورسی قەرزو زاڵ بونی پیاوان).

موسلیم له عائیشەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) له نزایەکدا دەیفەرموو(خوایه من پەنا دەگرم به تۆ له خراپەی ئەوەی کردومەو خراپەی ئەوەی نەمکردووه).

---

[1] – به هەمان شێوە لەگەڵ زیادەکەی حاکم هێناویەتی.

[2] – ترمزی دەڵێت: ئەم فەرموودە حەسەنی غەریبه، بوخاری له الّدب المفرد(ص٩٩) بەو واتایه هێناویەتی.

له ئیبن عومەرەوە دەڵێت: له نزای پێغەمبەر(ﷺ) بریتیبوو له ﴿ اللهم إنی أعوذ بك من زوال نعمتك وتعوّل عافيتك وفجأة نعمتك وجميع سخطك ﴾(خوایه من پەنا دەگرم بە تۆ له نەمانی بەخششت و گۆڕانی عافیەتت و کتوپڕی بەڵاو سزات و هەموو توڕەیت).

له زەیدی کوڕی ئەرقەمەوە دەڵێت: ئەوەتان پێدەڵێم کە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو، ئەو دەیفەرموو ﴿ اللهم إنی أعوذ بك من العجز والكسل والجبن والبخل والهمّ وعذاب القبر، اللهم أن نفسي تقواها وزكّها أنت خير من زكاها أنت وليها ومولاها، اللهم إنی أعوذ بك من علم لاينفع ومن قلب لايخشع ومن نفس لاتشبع ومن دعوة لايستجاب لها ﴾.

چوار زانای فەرموودە بە سەنەدی صەحیح لە عائیشەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) ئەو وشانەی بۆ نزا بەکار دەهێناو دەیفەرموو ﴿ اللهم إني أعوذ بك من فتنة النار وعذاب النار ومن شر الغنى والفقر ﴾(خوایه من پەنا دەگرم بە تۆ لە فیتنەی دۆزەخ و سزای ئاگرو لە خراپەی دەوڵەمەندی و هەژاری).[1]

ترمزی لە عوقبەی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إنی أعوذ بك من منكرات الأخلاق و الأعمال والأهواء ﴾.[2,3]

ئەبو داودو نەسائی بە دوو سەنەدی صەحیح لە ئەنەسەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إنی أعوذ بك من البرص والجنون والجزام وسيىء الأسقام ﴾.

ئەبو داودو نەسائی لە ئەبولیوسری صەحابیەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) نزای دەکردو دەفەرموو: ﴿اللهم إنی أعوڠ بك من الهدم وأعوڠ بك من التردّی، وأعوڠ

[1] – صحيح.

[2] – صحيح.

[3] – ترمزی دەڵێت فەرموودەیەکی حەسەنە.

بك من الغرق والحرق والهرم، وأعوڗ بك من أن يتغبّلنی الشگان عند الموت، وأعوڗ بك أن أموت فی سبيلك مدبراً و أعوڗ بك أن أموت مدينا ﴾[1] [2].

ئەبو داودو نەسائی بە سەنەدی صەحیح لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو﴿اللهم إنی اعوذ بك من الجوع فأنة بئس الضجيع واعوذ بك من الخيانة فأنها بئست البطانة﴾(خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە برسیەتی چونکە خراپترین، وە پەنا دەگرم بە تۆ لە ناپاکی چونکە خراپترین هاودەمو پشتە)[3] [4].

ئەبو داودو نەسائی دەیان وت پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿اللهم إنی إعوذ بك من الشقاق ء النفاق وسوء الأخلاق ﴾[5].

تەبەرانی لە المعجم الصغير لە ئەنەسەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿ اللهم إنی أعوذ بك من العجز والكسل وأعوذ بك من القسوة والغفلة والحيلة و الذلّة والمسكنة، و أعوذ بك من الفسوق والشقاق والنفاق والسمعة والرياء، وأعوذ بك من الصمم والبكم والجنون والجزام وسيّیء الأسقام﴾[6] [7].

تەبەرانی لە عوقبەی کوڕی عامرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو ﴿اللهم إنی أعوذ بك من يوم السوء ومن ليلة السوء ومن ساعة السوء ومن صاحب السوء ومن جار السوء فی دار المقامة﴾(خوایە پەنا دەگرم بە تۆ لە ڕۆژی خراپو

---

[1] – صحيح.

[2] – ئەمە دەقی ئەبو داودە.

[3] – ضعيف.

[4] – لە الأذكار(ص ٤٩٩) دا واهاتووە.

[5] – لە تيسير الوصول(ج٢، ص١٨٣) دا واهاتووە.

[6] – صحيح.

[7] – هە يسە می(ج١٠، ص١٤٣) دا دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

شـەوی خـراپ و کـاتی خـراپ و هـاوەڵی خـراپ و دراوسـێی خـراپ و لـە مـاڵی دانیشتندا)[1,2].

ئەحمەدو ئیبن ئەبی شەیبەو ئەبو داودو نەسائی وجگە لەوانیش لە عومەرەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) پەنای دەگرت لە پێنج شت ﴿اللهم إني أعوذ بك من البغل والجبن وفتنة الصدر وعذاب القبر وسوء الحمر﴾[3].

ئـەبو نـەعیم لـە الحلیـە لـە عومـەرەوە هێناویـەتی پێغەمبـەر(ﷺ) حەسـەن و حوسەینی(رضي الله عنه) پەنا دەداو دەیفەرموو ﴿اعیندکما بکلمات الله التامة من کل شیطان وهامة ومن کل عین لامّة﴾[4,5].

پەناگرتن لە جنۆکە

ئەحمـەدو ئـەبو یـەعلا لـە ئـەبو ئـەیادەوە هێناویانـە دەڵێت بـە عەبدورەحمانی کوڕی خنبشی تەمیم وت- کە گەورە بوو- ئایا پێغەمبـەرت(ﷺ) بینـی؟ وتـی بەڵێ، وتم شـەوێ کـە جنۆکـەکان هەڵمـەتیان بـرد بـۆی پێغەمبـەر(ﷺ) چـی کـرد، وتـی: شەیتانەکان ئەو شـەوە دابەزین بۆ سـەر پێغەمبـەر(ﷺ) لـە نێـو دۆڵ و دەشتداو لە نێویانـدا شـەیتانێ هـەبوو ئـاگرێکی بەدەسـتەوە بـوو دەیویـست پێـی دەموچـاوی پێغەمبـەر(ﷺ) بـسوتێنێ، جبریـل دابـەزی بـۆ لای و وتـی: ئـەی موحەممـەد بڵـێ، فەرمووی چی بڵێم وتی: بڵێ ﴿ اعوذ بکلمات لله التامه من شر ما خلق وژا وبرا ومن

---

[1] – صحیح.

[2] – هە یسە می(ج١٠، ص١٤٤) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن جگە لە بشیری کوڕی ثابت کە جێ متمانەشە.

[3] – صحیح.

[4] – صحیح.

[5] – لە کنز العمال(ج١،ص٢١٢) داواهاتووە.

ماينزل من السماو ومن شر ما يعرج فيها ومن شر فتن الليل والنهار ومن شر كل گارق إلا گارقاً يگرق بخير يا رحمان ﴾ بەوە ئاگرەكەیان كوژایەوەو خوا شكاندنی[1][2].

ئەحمەدو حاكمو ترمزی لە(الدعوات) لە ئوبەی كوڕی كەعبەوە هێناویانە دەڵێت: من لای پێغەمبەر(ﷺ) بووم كە دەشتەكیەك هات وتی ئەی پێغەمبەری خوا من برایەكم هەیەو ئازارو نەخۆشی لەگەڵە. فەرمووی(ئازاری چیە ؟) وتی جۆرە دەست لێوە شاندنێكی هەیە، فەرمووی دەی بیهێنە بۆ لام، ئەویش هێنای، پێغەمبەر(ﷺ) بە سورەتی فاتیحەو چوار ئایەتی سەرەتای بەقەرەو ئەو دوو ئایەتە ﴿وإلهكم إله واحد﴾ و ئایەتەلكورسیو سێ ئایەتی كۆتایی سورەتی بەقەرە و ئایەتێ لە ئال عمران ﴿ اشهد الله أنه لا إله إلا هو﴾ وئایەتێ لە الأعراف ﴿إن ربكم الله﴾ وكۆتای سورەتی المؤمنين ﴿فتعالى الله الملك الحق﴾ وئایةتی لة سورةتی الجن ﴿ وأنه تعالى جدّ ربنا ﴾ و دە ئایەت لە سەرەتای الصافات و سێ ئایەت لە كۆتای سورەتی حەشر و﴿ قول هو الله أحد﴾ دوو پەنا پێبگرە كە ﴿ قل أعوذ برب الناس﴾و﴿قل أعوذ برب الخلق﴾ پەنای دا بۆ لای خوا، كابرا هەتا وەك ئەوەی هەرگیز هیچی نە بووبێت[3][4].

ئەگەر شەو ڕاچڵەكی یان ترسا چی بڵێت

[1] – صحيح.

[2] – مونزیری لە الترغيب والترهيب(ج٣،ص١١٧) دا دەڵێت: هەركامیان سەنەدێكی جەییدی بێ بەڵگەی هەیەو مالیك لە الموطأ لە یەحیای كوڕی سەعیدەوە بە مورسەلی هێناویەتی. نەسائیش لە فەرموودەی ئیبن مەسعوودەوە بەو شێوە هێناویەتی، تەواو. ئیبن شەیبەش لە مەكعوولە بەو واتایە بە كورتی لەگەڵ جیاوازیەك لە دەقەكانی پەنا گرتندا هێناویەتی وەك لە كنز العمال(ج١،ص٢١٢) هاتووە.

[3] – ضعيف.

[4] – لە كنز العمال(ج١،ص٢١٢) دا واهاتووە.

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە ئەبو ئومامەوە هێناویەتی دەڵێت: خالیدی کوڕی وەلید(ﷺ) هەواڵی دا بە پێغەمبەر(ﷺ) لە هەندێ بەرچاوکەوتن کە شەو دەیانبینێ ڕێی نادات شەونوێژ بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەی خالیدی کوڕی وەلید ئایا چەند وشەیەکت فێر بکەم بیانڵێیت و سێ جار بیانڵێیت خوا ئەوەت لێ لاببات ؟) وتی: بەڵی ئەی پێغەمبەری خوا بە دایکم و باوکمەوە بە قوربانت بم، من لەبەر هیوام بەتۆ ئەم سکاڵام لا کردیت، فەرمووی بڵێ ﴿ أعوذ بكلمات لله التامات من غضبه وعقابه وسر عباده ومن همزات الشياطين وأن يحضرون﴾ عائیشە وتی: چەند شەوێکی نەبرد تا خالیدی کوڕی وەلید هات و وتی ئەی پێغەمبەری خوا بە دایک و باوکمەوە بە قوربانت بم سوێند بەو کەسەی تۆی بە حەق ناردووە ئەو وشانەی فێرت کردم کەسێ جار وتم خوای گەورە ئەو بارەی لەسەر لابردم کە جاران بەدیم کرد، گوێم لێنیە بەشەو بچمە ناو لانکەی شێری[1][2].

نەسائی و ئەبو داودو حاکم-بە صەحیحی داناوە- وترمزی بە حەسەنی داناوە و دەقەکە هی ئەوە- لە عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ﴿ إذا افرع احدكم فى النوم فليقل اعوذ بكلمات الله التامات.....﴾(ئەگەر کەسێکتان لە خەودا ترسا(ڕاچڵەکی) بابڵێ ﴿أعوذ......﴾ هەمان نزای بەو شێوە هێنا.دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر ئەوەی دا دەدا بەو منداڵانەی کە هۆشیان کردبوویەوە، هەرکامیشیان هۆشیان نەکردبوویەوە لە پەڕەیەکدا دەینووسی و دواتر دەیکردە ملی. لە گێڕانەوەیەکی نەسائیدا دەڵێت: خالیدی کوڕی وەلید کەسێ بوو لە خەویدا ڕادەچڵەکا. ئەوەی باسکرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی(ئەگەر ڕاکشایت بڵێ أعوذ بكلمات الله..........) بە

---

[1] – موضوع.

[2] – لە الترغیب والترهیب(ج٣،ص١١٦) دا واهاتووە. هەیسەمی(ج١٠، ص١٢٧) دەڵێت لە سەنەدەکەدا حەکەمی کوڕی عەبدوڵڵای ئیلی هەیە کە مەتروکە.

هەمان شێوە نزاکە دێنێت. مالیکیش لە الموطأ دەڵێت بیستم خالیدی کوڕی وەلید بە پێغەمبەر(ﷺ)ی وت من لە خەومدا دەترسم و ڕادەچڵەکێم. پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(دە بڵێ...) بە هەمان شێوە دەیهێنێت.[1]

ئەحمەد لە وەلیدی کوڕی وەلیدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا من ترس و تۆقان بەدیدەکەم، فەرمووی(ئەگەر چوویتە ناو جێگەکەت بڵێ....) بە هەمان شێوە دەیهێنێت.[2]

نزای ناخۆشی و خەفەت و دڵتەنگی و پەژارە

ئەحمەد و نەسائی و ئیبن جەریر– بەصەحیحی داناوە– وئیبن حبان و جگە لەوانیش لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەو وشانەی فێرکردم فەرمانی پێکردم ئەگەر دڵتەنگی یان سەختیەکم هاتە ڕێ بیڵێم ﴿ لاإله إلا الله العليم الكريم، سبحان الله وتبارك الله رب العرش العظيم والحمد لله العالمين ﴾.[3][4]

ئیبن نەجار لە ئەنەسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر سەختیەکی بهاتایەتە ڕێ دەیفەرموو ﴿ یاحي یا القيوم برحمتك استغيث ﴾.[5][6]

---

[1] – ضعيف.

[2] – له الترغيب والترهيب(ج٣) دا وا هاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – له كنز العمال(ج١، ص٢٩٨) هاتووە و ئیبن حبان بە صەحیحی داناوە. حاكم هێناویەتی– ولەسەر مەرجی موسلیم بە صەحیحی داناوە– وەك لە تحفة الذاكرين(ص١٩٤) هاتووە. پێشتر چەند ڕێگەیەك لە باسی فێرکردنی زیرەکەکاندا هاتووە.

[5] – حسن.

[6] – له كنز العمال(ج١، ص٢٩٩) دا واهاتووە.

ئیبن جەریر لە ئەسمائی کچی عومەیسهوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر شتێ غەمباری بکردایە یا دڵتەنگ و خەفەتبار بوایە دەیفەرموو ﴿ الله الله ربی لاأشرك به شیئا ﴾(الله الله پەروەردگارمە هیچ هاوەڵێکی بۆ دانانێم).[1]

هەروەها ئیبن جەریرو ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەسمائەوە بەو دەقە هێناویانە: پێغەمبەر(ﷺ) چەند وشەیەکی فێرکردم تا لە کاتی دڵتەنگیدا بیانڵێم-بەو جۆرە دەیهێنێت-.[2]

تەبەرانی لە المعجم الأوسط والکبیر لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) دوولای دەرگای دەست پێوە گرت و ئێمەش لەماڵدا بووین، فەرمووی﴿ یابنی عبدالمتلیب إذا نزل بکم کرب أوجهد أو لأواء فقولوا الله الله ربنا لانشرك به شیئا ﴾(ئەی بەنی عەبدولموتەلیب ئەگەر دڵتەنگی یان ناڕەحەتی یان هیلاکیەکتان بەسەردا دابەزی بڵێن الله الله پەروەردگارمانەو هیچ هاوەڵێکی بۆ دانانێین).[3]

ئیبن جەریر لە ئیبن عەباسەوە بەو شێوە بە زیادەکەیەوە بەو دەقە هێناویەتی ﴿ الله الله لاشریك له ﴾.[4]

بوخاری و موسلیم لە ئیبن عەباسەوە هێناویانە پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی دڵتەنگیدا دەیفەرموو ﴿ لا إله إلا الله العظیم العلیم، لا إله إلا الله رب العرش العظیم، لا إله إلا الله رب السموات والأرض ورب العرش الکریم ﴾.[5]

---

[1] – صحیح.

[2] – لە کنز العمال(ج١،ص٣٠٠) دا واهاتووە.

[3] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٣٧) دەڵێت لە سەنەدەکەدا صالحی کوڕی عەبدوڵڵا ئەبو یەحیا هەیە کە لاوازە.

[4] – وەك لە کنز العمال(ج١، ص٣٠٠) دا هاتووە.

[5] – وەك لە تحفة الذاکرین(ص ١٩٣) دا واهاتووە.

ئیبن عەساکیر لە ثەوبانەوە هێناویەتی پیغەمبەر(ﷺ) ئەگەر شتێ بیزاری بکردایە دەیفەرموو ﴿ الله الله ربي لا اشرك به شيئا ﴾[1].[2]

حاکم لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: هەر بەندەیەك حەوت جار بەڕاستی یان ناڕاست بڵێ ﴿ حسبی الله لا إله إلا هو علية توكلت وهو رب العرش العظيم ﴾ خوا هۆی خەمباری ناهێڵێ[3].[4]

بوخاری لە الأدب المفرد(ص، ١٠٥) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس خەفەت یان پەژارە یان دڵتەنگی یان ترس لە سوڵتانێکی تووش بوو ئەم نزایانە بکات گیرا دەبێ بۆی ﴿ أسألك بلا إله إلا انت رب السموات والسبع ورب العرش العظيم، وأسألك بلا إله إلا انت رب السموات السبع ورب العرش الكريم، وأسألك بلا إله إلا أنت رب السموات السبع والأرضين للسبع وما فيهن إنك على كل شيء قدير﴾، پاشان داوای پێویستیەکەت لە خوا بکە.

---

[1] – صحيح.

[2] – وەك لە كنز العمال(ج١، ٣٠٠) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە كنز العمال(ج١، ص٣٠٠) دا واهاتووە.

نزای ترسی سوڵتان

خەرائیتی لە(مكارم الأخلاق) لە عەلیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) چەند وشەیەکی فێرکرد تا لەکاتی ترسی سوڵتان و هەموو شتێکدا بیڵێت کە دەیترسێنێ ﴿ لا إله إلا الله العظيم الكريم سبحان الله رب السماوات السبع رب العرش العظيم والحمد لله رب العالمين ﴾ لە لایان بڵێ ﴿ إني أعوذ بك من شر عبادك﴾[1,2].

ئیبن عەساکیر لە ئەبو رافعەوە هێناویەتی عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەری کچەکەی مارەکرد لە حەجاجی کوڕی یوسف پێی وت: ئەگەر هاتە ژوور بۆ لات بڵێ ﴿ لاإله إلا الله الحليم الكريم سبحان الله رب العرش العظيم والحمد لله رب العالمين﴾ دەیوت پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر شتێکی بهاتایەتە ڕێ وایدەفەرموو. دەڵێت بەوە پێی نەگەیشت[3,4].

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەگەر چوویت بۆ لای سوڵتانێکی تۆقێنەر ترسایت بەسەرتا زاڵ بێ(ستەمت لێبکات) بڵێ الله أكبر الله أكبر، خوا لە هەموو دروستکراوەکانی بە عیزەتترە. خوا لەوانە بە عیزەت ترە کە من لێی دەترسم و هۆشیاری لە ڕوودا وەردەگرم، پەنا دەگرم بەو خوایەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو، ئەو حەوت ئاسمانەکەی ڕاگرتووە تا نەکەونە سەر زەوی مەگەر بە مۆڵەتی خۆی، پەنات پێدەگرم لە ژیانی فلان بەندەت و سەربازو شوێنکەوت و هاودەمە جنۆکەو مرۆڤەکانی، خوایە لە دەست ژیانیان دراوسێ و پاڵپشتم بە شکۆت بەرزو پەنات گەورەو ناوت پیرۆزە وهیچ پەرستراوێ نیە جگە لە تۆ)، سێ جار بیڵێ[5,6].

---

[1] – حسن لغيره.

[2] – لە كنز العمال(ج١،ص٢٩٩) دا واهاتووە.

[3] – حسن.

[4] – لە كنز العمال(ج١، ص٣٠٠) دا واهاتووە.

[5] – صحيح.

[6] – لە كنز العمال(ج١، ص٣٠٠) دا واهاتووە. تەبەرانیش لە ئیبن عەباسەوە بەو شێوە بە جیاوازیەکی کەم لە المفرد(ص١٠٤) لە ئیبن عەبباسەوە بەو شێوە هێناویەتی.

ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن جەریر لە ئیبن مەسعودەوە هێناویانە دەڵێت: ئەگەر یەکێکتان پێشەوایەکی هەبوو دەترسا لەخۆ بەزلزانی و ستەمی بابڵێت(اللهم رب السموات السبع ورب العرش العظيم كن لي جاراً من فلان وأحزابه واشياعه من الجن والآنس أن يفرطوا عليّ وأن يطغوا، عز جارك وجلّ ثناؤك ولا إله غيرك) بەوە لەو بەرپرسەوە شتێکتان تووش نابێت کە ڕقتان لێی بێت.[1]

تەبەرانی لە ئیبن مەسعوودەوە بە مەرفوعی بەو شێوە هێناویەتی. لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە(كن لي جاراً من شر فلان بى فلان وشر الحب والأنس وأتباعهم أن يفرط علي أحدمنهم عز جارك وجلّ ثناؤك ولا إله غيرك).[2]

نزای قەرزدانەوە

(ترمذی ج١، ص١٩٥) لە ئەبو وائیلەوە لە عەلیەوە(ﷺ) هێناویەتی نوسەرێ هات بۆ لای و وتی من ناتوانم بنوسم دەی یارمەتیم بدە، وتی ئایا چەند وشەیەکت فێربکەم کە پێغەمبەر(ﷺ)فێری کردم ؟ ئەگەر وەك شاخی(سیر) بێت خوا لەسەرت لادەدات، فەرمووی بڵێ(اللهم اكفني بعلالك عن درامك، واغنني بفضلك عمّن سواك).[3][4]

ئەبو داود(ج٢،ص ٣٧٠) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژێ پێغەمبەر(ﷺ) چوویە مزگەوت کەسێ لە پشتیوانان پێی وترا ئەبو ئومامە، فەرمووی(ئەی ئەبو ئومامە بۆچی دەتبینم لە جگە لە کاتی نوێژدا لە مزگەوت

---

[1] – لە(كنز العمال ج١، ص٣٠٠) دا واهاتووە. بوخاریش لە(الآدب المفرد ص١٠٤) لە ئیبن مەسعودەوە بە مەوقوفی بەو واتایە بەکورتتر لەوە هێناویەتی.

[2] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٧) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا جەنادەی کوڕی سلم هەیە کە ئیبن حبان بە جێ متمانەو جگە لەو بە جێ متمانەی دەزانن و کەسەکانی دیکە صەحیحن. تەواو.

[3] – حسن.

[4] – ترمزی دەڵێت ئەم فەرموودە حەسەنی غەریبە.

دانیشتوویت ؟) وتی هەندێ پەژارەم لەگەڵەو قەرزم لەسەرە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(ئایا وتەیەکت فێربکەم ئەگەر بیڵێیت خوا پەژارەت لاببات و قەرزەکەت لەسەر لابەرێ) وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(ئەگەر بەیانیت کردەوەو ئێوارەت کردەوە بڵێ(اللهم إنی أعوذ بك من الهم والحزن وأعوذ بك من العجز والكسل وأعوذ بك من الجبن والبخل وأعوذ بك من غلبة الدين وقهر الرجال) دەڵێت: ئەوەم کرد خوا پەژارەی نەهێشتم و قەرزەکەی لەسەر لابردم.[1]

تەبەرانی لە موعازی کوڕی جەبەلەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕۆژی هەینی بۆی گەڕا، کاتێ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) نوێژی کردو موعاز هات، فەرمووی(ئەی موعاز بۆچی نەمبینیت ؟) وتی ئەی پێغەمبەری خوا جولەکەیەك.. لام بوو،منیش هاتم بێم بۆ لات ئەوە ڕێی لێ گرتم. پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو(ئەی موعاز ئایا نزایەکت فێربکەم نزای پێ بکەیت ئەگەر هێندەی شاخی(میصر) قەرزت لەسەر بێت خوا لەسەرت لاببات، دەی موعاز لە خوا بپاڕێرەوە بڵێ(اللهم مالك الملك تؤتی الملك من تشاو وتنزع الملك ممن تشاو وتعز من تشاو وتزل من تشاو بیدك الخیر إنك علی كلّ شیء قدیر، تولج اللیل فی النهار وتولج النهار فی اللیل وتخرج الحیّ من المیت وتخرج المیت من الحیّ وترزق من تشاو بغیر حساب رحمان الدنیا والآخره ورحیمهما تعگی منهما من تشاو وتمنع من تشاو، ارحمنی رحمه تغنینی بها عن رحمه عمن سواك)[2][3].

تەبەرانی لە المعجم الصغیر لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە موعازی فەرموو(ئایا نزایەکت فێربکەم نزای پێ بکەیت ئەگەر

---

[1] – ضعیف.

[2] – ضعیف.

[3] –(هەیسەمی ج١٠،ص ١٨٦) دەڵێت لەسەنەدەکەدا نەسری کوڕی مەرزوق هەیە کە نایناسم، کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن بەڵام سەعیدی کوڕی موسەیب لە موعازی نەبیستووە.

هێندەی شاخی ئوحود قەرزت لەسەر بێت خوا لەسەرت لاببات ؟ ئەی موعاز بڵێ...بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام لە(تولج الليل، تا كۆتای نەهێناوە، لە گێڕانەوەكەی ئەمدا واهاتووە(رحمان الدنيا والآخرة تعطيهما من تشاء وتمنع منهما من تشاء)[1,2].

نزای لەبەركردن

(ترمذی ج٢،ص٩١٦) لە ئیبن عەباسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لای پێغەمبەر(ﷺ) بووین كە عەلی كوڕی ئەبوتالیب هات بۆ لای وتی بە دایك و باوكمەوە بە قوربانت بم ئەم قورئانە لە سنگمدا ناوەستێ و نازانم چۆن بەسەریدا زاڵ بم، پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(ئەی ئەبولحەسەن ئایا چەند وشەیەكت فێربكەم كە خوا پێیان سودمەندت بكات بەوەی فێریان بوویت وئەوەی لە دەروونتدا فێربوویت چەسپاوی بكات ؟) وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا دەی فێرم بكە، فەرمووی(ئەگەر شەوی هەینی هات ئەگەر توانیت لە سێ یەكی كۆتای شەودا هەستیت ئەوا ساتێكی جێ شایەت هەیەو نزا تیایدا وەرگیراوە، یەعقوبی برام بە كوڕەكانی وت ﴿سوف استغفر لكم ربي﴾ دەڵێت تا شەوی هەینی دێت. ئەگەر نەتوانی ئەوا لە نیوەی دا هەستە، ئەگەر نەتتوانی لە سەرەتایەوە هەستەو چوار ركات نوێژ بكە، لە ركاتی یەكەمدا فاتیحەی قورئان و سورەتی یاسین بخوێنە، لە ڕكاتی دووەمدا فاتیحەی قورئان و(حمّ الدخان) بخوێنە، لە ركاتی سێیەمدا فاتیحەی قورئان و(الم تنزيل السجدة) بخوێنە، لە ركاتی چوارەمدا فاتیحەی قورئان و(تبارك المفصل) بخوێنە، ئەگەر لەشایەتومان بویتەوە سوپاسی خوا یكەو بەچاكی ستایشی خوا بكەو صەڵاوات لەسەر من بدەو لەسەر هەموو پێغەمبەرانیش بدەو داوای لێخۆشبوون بۆ باوەڕدارانی نێرو مێ و ئەو برایانەت بكە كە بە ئیمان پێشت

---

[1] - صحيح.

[2]- بە هەمان شێوە هێناویەتی.(هەیسەمی ج١٠، ص١٨٦) دەڵێت كەسەكانی سەنەدەكە جێ متمانەن.

کەوتن پاشان لە کۆتایی ئەودا بڵێ: خوایە بەواز هێنان لەسەرکەشی و تاوانەکان بە یەکجاری تا منت هێشتوەتەوە ڕەحمم پێ بکە، ڕەحمم پێ بکە ئەرکێ بگرمە ئەستۆ بێ گرنگ نیە بۆم، ڕوزیم بدە بە چاك ڕوانین لە نێو ئەوەدا کە تۆ لە من ڕازی بکات، خوایە داهێنەرو سازێنەری ئاسمانەکانو زەوی خاوەن شکۆو ڕێزو عیزەتی کە بێ سنورە داوات لێ دەکەم ئەی خودا ئەی میهرەبان بە شکۆو ڕووناکی ڕووت دڵم پەیوەست بکەیت بە لەبەر کردنی کتێبەکەت وەك فێرت کردمو ڕۆزیم بدە بخوێنم بەو شێوەیەی تۆ لەمن ڕازی بکات، خوایە سازێنەری ئاسمانو زەوی خاوەن شکۆو ڕێزو عیزەتی بێ سنوور داوات لێ دەکەم ئەی خودا ئەی میهرەبان بە شکۆو ڕوناکی ڕووت بە کتێبەکەت بینایم ڕوناك بکەیتو زمانم پێی پاراو کراوە بکەیتو پێی والای ببەخشی بە دەرونمو سنگم فراوان بکەیت پێی و جەستەمی پێ بشۆیت چونکە جگە لە تۆ کەس لەسەر حەق یارمەتیم نادات و تەنها تۆ ئەوە دێنیت، هیچ هێزو قوەتێ نیە جگە لە خوای بالای گەورە) ئەی ئەبولحەسەن سێ هەیینی یان پێنج یان حەوت هەینی ئەوە بکە پشت بەخوا گیرا دەبێت، سوێند بەوەی منی بە حەق ناردووە هەرگیز هەڵە بە موسوڵمان ناکات، ئیبن عەبباس دەڵێت سوێند بەخوا هێندەی نەبرد پێنج یان حەوت هەیینی بوو تا عەلی هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆڕێکی وەك هەمان کۆڕدا وتی ئەی پێغەمبەری خوا من پێشتر وام لێهاتبوو تەنها چوار ئایەتو نموونەی وام لەبەر دەکرد، کە دەمخوێندن بەسەر دەرونمدا چارم نەدەکردن، کەچی ئەمڕۆ چل ئایەتو نموونەی وا(هێندە) فێربووم کە دەمخوێندن بەسەر خۆمدا وامدەزانی قورئان لەبەر چاومدایە، من فەرموودەم دەبیست کە دەمویست بیڵێمەوە چارم نەدەکرد، ئەمڕۆ چەندین فەرموودە دەبیستم و کە دەیانڵێمەوە پیتێکی لە بیرناکەم، پێغەمبەر(ﷺ) ئەو کات پێی فەرموو(سوێند بە خوای کەعبە ئەبولحەسەن باوەڕدارە[1].

---

[1] – موضوع.

نزاکانی هاوەڵان(ﷺ)

ئەحمەد لە(الزهد) لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئەبو بەکر(ﷺ) لە نزایەکدا دەیوت: خوایە من داوای ئەوەت لێ دەکەم کە لە سەرئەنجاممدا خێر دەبێ، خوایە ئەوەم بۆ بکە کە خێرم پێ بدات بۆ ڕەزامەندی تۆو پلە بەرزەکانی ناو بەهەشتە نەبڕاوەکان، سەعیدی کوڕی مەنسوور و جگە لەویش لە موعاویەی کوڕی قرەوە هێناویانە ئەبو بەکری صدیق لە نزایەکدا دەیوت: خوایە چاکترینی تەمەنم لە کۆتایی و چاکترینی کارم کۆتاییەکانی و چاکترینی ڕۆژەکانم لەو ڕۆژە دابنێ کە پێتدەگەم.[2]

ئیبن ئەبی دنیا لە عەبدولعەزیزی کوڕی سەلەمەی جاشونەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ کە بڕوام پێیەتی وتی ئەبو بەکر لە نزایەکدا دەیوت: داوای تەواوی بەخشش لە هەموو شتەکانداو سوپاسکردنت لەسەریان دەکەم تا ڕازی دەبیت و دوای ڕازی بوونیشت داوات لێدەکەم کە خێر بێنیتە ڕێم لە هەرچیەکدا خێری تیایە بە هەموو ئاسانکارییەکی هەموو کارەکان نەوەك بە قورس کارەکانیان ئەی بەخشندە.

هەروەها لە عەبدولعەزیزی کوڕی سەلەمەوە لە ئەبو یەزیدی مەدائینیەوە هێناویەتی دەڵێت: لە نزای ئەبو بەکری صدیق بریتی بوو لە(خوایە ئیمان و دڵنیایی و لەس ساغی ونیاز پاکیم پێ ببەخشە).[3]

ئیبن ئەبی شەیبەو ئەبو نەعیم لە الحلیة لە عومەرەوە هێناویانە دەیوت: خوایە من پەنا دەگرم بە تۆ لەوەی لە بێئاگاییدا دابمێنیت یان لە بیئاگاییەکدا دەستبەردارم بیت یان لە بیئاگایانم بگێڕیت.

---

[1] – ترمزی دەڵێت ئەم فەرموودە حەسەنی غەریبە.

[2] – لە(کنز العمال ج١،ص ٣٠٣) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج١،ص٣٠٣) دا واهاتووە

ئەحمەد لە الذهد لە حەسەنەوە هێناویەتی عومەر(رضي الله عنه) دەیوت: خوایە کردەوەم چاك و پوخت لەبەر خۆت بگێڕەو ڕێی مەدە هیچی تێدا بێت بۆ خەڵك(ڕووپامایی).

ئیبن سەعدو بوخاری لە الأدب المفرد لە عەمری کوڕی مەیمونەوە هێناویانە عومەری کوڕی خەتتاب لەو نزایانەدا کە نزای پێدەکرد دەیوت: خوایە لەگەڵ چاکەکاراندا بممرێنەو لە ناو خراپەکاراندا داممەنێ و لە سزای دۆزەخ بمپارێزەو پەیوەستی چاکەکارانم بکە، ئەحمەدیش لە الذهد لە ئەبولعەتاهیەوە هێناویەتی دەڵێت: زیاتر نزای عومەری کوڕی خەتتاب کە دەمبیست ئەوەبوو(اللهم عافنا واعف عنا).[1]

ئیبن سەعدو ئەبو نەعیم لە الحلية لە حەفسەوە هێناویانە بیستی باوکی دەیوت: خوایە کوژرانی ڕێی خۆت و مەرگی ناو شاری پێغەمبەرەکەتم پێ ببەخشە، وتم چۆن ئەوە دەبێت ؟ وتی خوا چی بوێت و لە کوێ بیەوێت دەیکات.

ئیبن ئەبی حاتەم لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: خوایە لەستەم و بێباوەڕیم خۆش بە یەکێ وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەمە بۆ ستەم، بەڵام بۆ بێباوەڕی چی ؟ وتی مرۆڤ زۆر ستم کارو بێباوەڕی نوێنە.

لالەکائی لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب تەوافی کەعبەی دەکردو دەیوت: خوایە ئەگەر منت لە بەختەوەریدا ناونوس کردووە بمهێڵەرەوە، ئەگەر لە بەتبەختیدا ناو نوست کردووم ناوم تیایدا بسرەرەوەو لە بەختەوەریدا بمنووسە، چونکە تۆ چیت بوێت دەیسڕیتەوەو دەچەسپێنیت وئومولکتاب لای خۆتە.[2]

---

[1] – لە(کنز العمال ج١،ص٣٠٢) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٣٠٢) دا واهاتووە. عەبدی کوڕی حەمیدو ئیبن جەریزو ئیبن مونزیریش کورتتر لەوە هێناویانە، وەك لە(کنز العمال ج١، ص٣٠٤) داواهاتووە.

ئیبن سەعد(ج٣،ص٣١٩) لە سائیبی کوڕی یەزید لەباوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتابم بینی لە چۆڵەوانی شەو لە مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی وشکەساڵیەکەدا شەو نوێژی دەکردو دەیوت: خوایە بە ساڵەکان لە ناومان مەبەو بەڵامان لەسەر لابە، ئەم وشەی دەوتەوە.

هەروەها(ج٣،ص٣٢٠) لە سائیبەوە هێناویەتی دەڵێت: بینیم عومەری کوڕی خەتتاب لە کاتی وشکە ساڵیەکەدا جلێکی لەبەردا بوو کە شانزە پینەو عەباکەشی پێنج و بستیٚ بوو ودەیوت: خوایە لەناو چوونی ئوممەتی موحەممەد لەسەر پێی من دامەنیٚ.

بوخاری و مالیک و ئیبن ڕاهەویەو ئەبو نەعیم لە الحلیة-بە صەحیحی داناوە- لە زەیدی کوڕی ئەسلەم لە باوکیەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب دەیوت: خوایە کوشتنم بە دەستی کەسیٚ مەگێرە کە ڕکاتیٚ یان سوجدەیەکی هەبیٚ ولە ڕۆژی دواییدا لای تۆ بیکات بە بەڵگە بۆم[1][2].

ئەبو نەعیم لە الحلیة(ج١،ص٥٤) لە سەعیدی کوڕی موسیبەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب وردەبەردێکی کۆکردەوەو پاشان لایەکی جلەکەی دا بەسەریدا، دواتر لەسەری ڕاکشاو دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو دواتر دەیوت: خوایە تەمەنم زۆرو هێزم لاواز بووەو بڵاوبوومەتەوە، دەی بەبیٚ فەوتان و کەمتەرخەمی بمبەرەوە بۆ لای خۆت.

هەروەها لە ئەسوەدی کوڕی یەزیدی محاربیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتیٚ عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفە لەسەر مینبەر وەستاو سوپاس و ستایشی خوای کردو دواتر وتی: ئەی خەڵکینە بزانن من بانگەواز کەرم دەی خۆ بسەپێنن، خوایە من توندوتوڕەم دەی بە نەرمونیانم بگێڕە، من دەست داخەرم دەی بەدەست بەخشندەم بگێڕە، من لاوازم دەی بەهێزم بکە.

---

[1] - صحیح.

[2] - لە(المنتخب ج٤،ص٤١٣) داهاتووە.

ئەبو یەعلا بە سەنەدی صەحیح لە سەعیدی کوڕی موسیبەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر کاتێ لەسەر تەرمێ نوێژی دەکرد دەیوت: ئەم بەندەت دەستی لە دنیا بەرداو بە جێی هێشت بۆ خەڵکەکەی و هەژاری بەردەم تۆیەو تۆیش هیچ پێویستیت پێی نیە، ئەو شایەتی دەدا هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خواو مەحەممەدیش بەندەو نێرراوی تۆیە، خوایە لێی خۆش بەو چاو پۆشی لێبکەو بیگەیەنە بە پێغەمبەرەکەی.[١]

بەیهەقی لە کەثیری کوڕی مودرکەوە هێناویەتی عومەر کە لەسەر مردوویەك دەوەستا دەیوت: خوایە کەس و کارو سامان و خێڵی داوەتەوە دەست تۆو تاوانیشی زۆرە دەی لێی خۆش بە.[٢]

یوسفی قازی لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەیوت:(أعوذ بك من جهد البلاء ودرك الشقاء وشماتة الأعداء وأعوذ بك من السجن والقيد والسوط).[٣]

دەینەوەری لە ثەوریەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عەلی کوڕی ئەبو تالیب وا نزای دەکرد: خوایە تاوانەکانم زیان بە تۆ ناگەیەنن و ڕەحمەتی تۆ بۆ من هیچ لە تۆ کەم ناکات.[٤]

ئیبن نەجار لە عەلیەوە هێناویەتی کە مانگی دەبینی دەیوت: خوایە من داوای خێری ئەم مانگەو فەتح و سەرکەوتنی و بەرەکەتی و ڕۆزی و ڕوناکی و ڕێنموونیت لێ دەکەم و پەنادەگرم بە تۆ لە خراپەی ئەوەی تیایدایەو خراپەی دواتری.[٥]

---

[١] – لە(کنز العمال ج٨،ص١١٣) دا هاتووە.

[٢] – لە(کنز العمال ج٨،ص١١٩) دا واهاتووە.

[٣] – لە(کنز العمال ج١،ص٣٠٤) داواهاتووە.

[٤] – لە(کنز العمال ج١،ص٣٠٥) دا واهاتووە.

[٥] – لە کنز العمال(ج٤،ص٣٢٦) دا واهاتووە.

بەیهەقی لە عومەری کوڕی سەعیدی نەخەعیەوە هێناویەتی دەڵێت: لە پشت عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە لەسەر تەرمی ئیبنولموکەنەف نوێژم دەکرد، چوار الله أکبری لەسەرکردو سەلامێکی دایەوە دواتر خستیە ناو گۆڕەکەی وتی: خوایە ئەمە بەندی تۆو کوڕی بەندەی تۆیە لای تۆ دابەزیو تۆش بەخێرترین کەسیت کە دادەبەزێنیت بۆی، خوایە دەروازەو گۆڕی بۆ فراوان بکەو لە تاوانی خۆش بە چونکە تەنها خێری لێدەبینین و تۆیش زاناتریت، شایەتی دەدا هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خواو تۆیش موحەممەدی پێغەمبەری خوایت.[1]

ئیبن جەریر لە ئەبوهەیاجی ئەسەدیەوە هێناویەتی دەڵێت: من تەوافی کەعبەم دەکرد، بینیم کەسێ دەیوت: خوایە لە پیسکەی دەرونم بمپارێزە لەوە زیاتری نەدەوت– پێموت، ئەویش وتی لەوە بپارێزرێم دزی ناکەم و زینا ناکەم و واناکەم، کەسەکە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف بوو.[2]

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەبو عوبەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: پرسیارکرا لە عەبدوڵلاَ ئەو نزایەی ئەو شەوە پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموویت(نزاکە پێت دەدرێ) چ نزایەکت کرد؟ وتی وتم:(خوایە ئیمانێکی یێ هەڵگەڕانەوەو بەخشێکی نەبڕاوەو هاودەمی پێغەمبەرت لەبەرزاییەکانی بەهەشتدا بەهەشتی نەبڕاوەت لێ داوادەکەم)[3][4].

ئەبو نەعیم لە الحلیة(ج١، ص١٢٧) لەئەبو عوبەیدەوە لەباوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: من شەوێ نوێژم دەکرد کە پێغەمبەر(ﷺ) دای بەلامدا لەگەڵ ئەبووبەکرو

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨،ص١١٩) داواهاتووە.

[2] – لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٤،ص٣٣٩) داواهاتووە.

[3] – ضعیف.

[4] – لە(کنز العمال ج١،ص٣٠٧) داواهاتووە، ئیبن عەساکیریش لە عومەرەوە لەگەڵ زیادەی چیرۆکی نوێژو نزایدا هێناویەتی، وەك لە(المنتخب ج٥،ص ٢٣٦) داواهاتووە.

عومەردا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(سل تعطه)(داوا بکە پێت دەدرێ) عومەر وتی: پاشان من چووم بۆ لای عەبدوڵڵا وتی: من نزایەکم هەیە ناتوانم وازی لێبهێنم-بە هەمان شێوە هێناویەتی- ئەمەشی بۆ زیاد کردووە(بیلبیلەی چاوێ کە نەبڕێتەوە)[1]

لە گێڕانەوەیەکی دیکە لێیەوە لە عەونی کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویەتی ئەبو بەکر گەڕایەوە بۆ لای عەبدوڵڵا وتی: ئەو نزایەی کەمێك لەمەوپێش کردت بیلێرەوە بۆم، وتی: سوپاس و ستایشی خوام کرد و دواتر وتم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە تۆو بەڵێنت حەق و گەیشتن پێت حەق و بەهەشت حەق و دۆزەخ حەق و نێردراوانت حەق و کتێبت حەق و پێغەمبەرانت حەق و موحەممەد حەقە.[2]

بوخاری لە(الأدب المفرد ص٩٣) لە شەقیقەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵڵا زۆر ئەم نزایانەی دەکرد: خوایە نێوانمان چاك بکەو ڕێگەکانی ئیسلاممان نیشان بدەو لە تاریکیەکانەوە بەرەو ڕوناکی ڕزگارمان بکەو خوایە دیارو نادیارەکانمان لێ دووربگرەو بەرەکەت بخەرە بیستن و بینایی و دڵ و ژن و منداڵەکانمانەوە و لێمان خۆشبە، بەڕاستی تۆ لێبوردەی میهرەبانی، خوایە بە سوپاسگوزارانی بەخششت و ستایشکارانی و دانپێدانەرانی دامانبنێ و بەخششەکانمان بۆ تەواو بکە.

تەبەرانی لە ئەبولئەحەوصەوە هێناویەتی دەڵێت: لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودم بیست ئەم نزایەی دەکرد(خوایە من داوای ئەو بەخششە مۆرکراوەت لێدەکەم کە پێت بەخشیوم و ئەو بەڵایەی خۆت کە توشت کردووم و ئەو فەضڵەت کە پێت داوم خوایە بمخەرە بەهەشت، خوایە بە فەزڵ و منەت و ڕەحمەتی خۆت بمخەرە بەهەشت)[3][4].

---

[1] - ضعیف.

[2] - ئەبو نەعیم(ج١، ص١٢٨) دەڵێت: سەعیدی کوڕی ئەبولحەسام لە شەریکەوە هێناویەتی و سەعیدی کوڕی موسەیبی هێناوەتە نێوان عەون وعەبدوڵڵا، پاشان لەو ڕێگەیەوە دەیهێنێ.

[3] - صحیح.

[4] -(هەیسەمی ج١٠، ص١٨٥) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

هەروەها لە ئەبو قولابەوە لە ئیبن مەسعودەوە هێناویەتی دەڵێت: خوایە ئەگەر لە نێو بەد بەختاندا ناوت نوسیوم بمسڕەوەو لە ناو بەختەوەراندا ناو نوسم بکە[1] .[2]

لە عەبدوڵڵای کوڕی عەکیمیشەوە هێناویەتی ئیبن مەسعود ئەم نزایەی دەکرد: خوایە باوەڕو دڵنیایی و تێگەیشتنم زیادبکە-یان وتی زانستم-[3] .[4]

هەروەها لە ئەبو وائیلەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژێ پاش ئەوەی لە نوێژی بەیانی بوینەوە مۆڵەتمان لێ وەرگرت پرسیارم لە ئیبن مەسعود کرد وتی بێنە ژوور. وتمان کەمێ چاوەڕێ دەکەین نەوەك ئەوانەی ناومالْ کارێکیان هەبێ. ئەویش بە سوبحانەڵلا هات وتی وادەزانن بنەماڵەی عەبدوڵلا لە بێئاگایدان. پاشان وتی ئەی کەنیزەك بزانە خۆر هەڵهاتووە، وتی نا، پاشان تا سێ جار پێی وت، سێیەم جار وتی بەڵێ، ئەویش وتی سوپاس بۆ خوا کە ئەم ڕۆژەی پێ بەخشین و لە زەبونیەکانمان خۆش بوو-وابزانم وتی بە ئاگر سزای نەداین -.[5]

تەبەرانی لە سەلیمی کوڕی حەنزەلەوە هێناویەتی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود هاتە(سدە الشوق) وتی خوایە من داوای خێری ئێرەو خێری خەڵکەکەیت لێ دەکەم و لە خراپەی ئێرەو خراپەی خەڵکەکەی پەنات پێ دەگرم[6] .[7]

---

[1] - ضعیف.

[2] - هەیسەمی دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن بەلأم ئەبو قولابە ئیبن مەسعوودی نەدیوە.

[3] - صحیح.

[4] - هەیسەمی دەڵێت سەنەدەکەی جەییدە.

[5] -(هەیسەمی ج١٠، ص١١٨) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن.

[6] - صحیح.

[7] -(هەیسەمی ج١٠، ص١٢٩) دەڵێت تەبەرانی بە مەوقوفی هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن جگە لە سەلیمی کوڕی حەنزەلە کەجێ متمانەشە.

تەبەرانی لە قەتادەوە هێناویەتی ئیبن مەسعوود ئەگەر بیویستایە بچێتە گوندێك دەیوت: خوایە ئەی پەروەردگاری ئاسمانەکان و ئەوەی ئاسمانەکان سێبەریان بۆ کردوون، ئەی پەروەردگاری شەیتانەکان و ئەوانەش کە شەیتانەکان گومڕایان دەکەن، ئەی پەروەردگاری ڕەشەباکان و و ئەوانەی پەرش وبڵاویان دەخەن، داوای خێری ئەم شوێنەو خێری ناویت لێ دەکەم، پەناشت پێ دەگرم لە خراپەی و خراپەی ناوی[1][2].

ئەبو نەعیم لە الحلیة(ج١،ص٢٣٣) لە ثەوری کوڕی یەزیدەوە هێناویەتی دەڵێت: موعازی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه) کە شەو نوێژی دەکرد دەیوت: خوایە چاوەکان خەوتوون و ئەستێرەکان تاویان داوە تۆش زیندووی قەییومیت، خوایە هەوڵدانم بۆ بەهەشت هێواش و ڕاکردنم لە دۆزەخ لاوازە، خوایە لای خۆت ڕێنموونیەکم بۆ دابنێ کە تا ڕۆژی دوای بیبەیت، بەڕاستی تۆ لە بەڵێن لانادەیت[3][4].

ئیبن ئیسحاق لە ڕێگەی عروە لە ژنێکی بەنی نەجارەوە هێناویەتی دەڵێت: ماڵی من لە درێژترین ماڵەکانی دەوری مزگەوت بوو، بیلال هەموو بەیانیەك بۆ نوێژ بانگی لەسەر دەدا، بەرەبەیان دەهات و لەسەر ماڵەکە دادەنیشت و چاوەڕێی بەیانی دەکرد، کە کاتێ دەهات دەوەستاو دواتر دەیوت خوایە من سوپاست دەکەم و پشتت پێ دەبەستم بەرانبەر قورەیش کە ئایینەکەت ڕێك ڕابگرن، ژنەکە وتی پاشان بانگی دەدا، بەخوا نەمدیوە شەوێ ئەوە نەڵێت -واتە ئەو شتانە- ئەبو داود لە فەرموودەیەکەوە بە تاکی لێوەی گێڕاوەتەوە[5][6].

---

[1] - ضعیف.

[2] -(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٥) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن بەڵام قەتادە ئیبن مەسعوودی نەدیوە.

٣ - منقطع.

[4]- تەبەرانی هێناویەتی و سەنەدەکەی مونقەتیعە. وەك(هەیسەمی ج١٠، ص١٨٥) دەڵێت.

[5] - حسن.

[6] - لە(البدایه والنهایه ج٣،ص٢٢٣) داواهاتووە.

تەبەرانی لە زەیدی کوڕی ثابتەوە هێناویەتی کاتێ ڕادەکشا دەیوت: خوایە من داوای دەوڵەمەندی ماڵو منداڵو مەولات لێدەکەمو پەنات پێدەگرم لەوەی نزات بەرانبەر خزمێ هەبێ کە پەیوەندیم لەگەڵ بریوە.[1]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٦١٤) لە عروەوە هێناویەتی سەعدی کوڕی عوبادە(رضي الله عنه) نزای دەکرد خوایە سوپاسو شکۆم پێ ببەخشە، هیچ شکۆیەك نیە بەبێ کارو هیچ کارێك نیە بەبێ سامان، خوایە کەم باشم ناکاتو منیش بەرانبەری باش نابم.

ئەبو نەعیم لە الحلیة(ج١، ص٢١٩) لە بیلالی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو دەردا دەیوت: خوایە پەنات پێدەگرم لە ناکۆکی دڵ، وتیان ناکۆکی دڵ چی یە ؟ وتی لە هەر دۆڵێکدا سامانم بۆ دابنرێ.

هەروەها لە(ج١، ص٢٢٠) لە ئیسماعیلی کوڕی عوبەیدولاوە هێناویەتی ئەبو دەردا دەیوت: خوایە لەگەڵ چاکەکاراندا بممرێنەو لەگەڵ خراپەکاراندا مەمهێڵەرەوە، لە لوقمانی کوڕی عامر لە ئەبو دەرداوە کە دەیوت: خوایە بە کارێکی خراپ توشم مەکەو تاقیم مەکەرەوە تاپێی ببم بە کەسێکی خراپ.

هەروەها لە(ج١، ص٢٢٣) لە حەسانی کوڕی عەتیەوە هێناویەتی ئەبو دەردا دەیوت: خوایە پەنات پێ دەگرم دڵی زاناکان نەفرینم لێ بکەن، وتیان چۆن دڵیان نەفرینت لێ دەکەن ؟ وتی ڕقیان لێم بێت.

ئەبو نەعیم لە الحلیە(ج١،ص ٢٢٤) لە عەبدوڵلای کوڕی یەزیدی کوڕی ڕبیعی دیمەشقیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو دەردا وتی: شەوێك لەسەرەتای شەوەوە چووم بۆ مزگەوت، کە چوومە ژوور دام بە لای کەسێکدا کڕنوشی بردبوو دەیوت: خوایە من ترساو پەنا هێنەرم دەی لە سزای خۆت پەنام بدە، من داواکاری هەژارم دەی لە فەزڵی خۆت ڕۆزیم بدە، تاوانبار نا تاپۆزش بهێنمەوە. بە هێزیش نیم تا خۆم سەربخەم، بەلام تاوانبارێکم کە داوای لێخۆشبوون دەکەم، دەڵێت: ئەبو دەردا بەیانی لەتاو سەرسامی بەو وشانە هاوەڵەکانی فێری ئەو نزایە دەکرد.

---

[1] -(هەیسەمی ج١٠، ص١٢٥) دەڵێت سەنەدەکەی جەییدە.

بوخاری لە(الأدب المفرد ص٩٩) لە ئومامەی کوڕی خەزەنەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم پیرێ بەو پەڕی دەنگی هاواری دەکرد خوایە من پەنا دەگرم بە تۆ لە خراپە، هیچ تێکەڵی نەبێت. وتم ئەوە کێیە ؟ وترا ئەوەی ئەبو دەردایە.

حاکم لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەیوت: خوایە من پەنا دەگرم بە تۆ لەوەی لەم کارەم شتێ بخەیتە ڕوو بۆ عەبدوڵلای کوڕی ڕەواحەی برام کە شەرمی لێ بکات.[1]

ئەبو نەعیم لە الحلیة(ج١، ص٣٠٨) لە نافعەوە هێناویەتی ئیبن عومەر(رضي الله عنه) لەسەر صەفا نزای دەکرد خوایە دوورە تاوانم بگرە بە ئایینەکەت و گوێڕایەڵی کردنی خۆت و پێغەمبەرەکەت، خوایە لە سنوورەکانت دوورم بخەرەوە، خوایە لەوانەم بگێڕە کە تۆو فریشتەکانت وپێغەمبەرەکانی تۆو بەندە چاکەکانی خۆش دەوێت، خوایە لای خۆت خۆشەویستم بکە، لای فریشتەکانت و پێغەمبەرەکانت و بەندە چاکەکانت خۆشەویستم بکە، خوایە بۆ ئاسانی ئاسانکاریم بۆ بکە، لەسەختی دوورم بگرەو لێم خۆش بە لە ڕۆژی دوای و دنیای یەکەمدا، بمگێڕە بە پێشەوا لە خواترسەکان، خوایە تۆ فەرمووتە ﴿ادعوني استجيب لكم﴾ تۆیش لە بەڵێن لانادەیت، خوایە ئەگەر ڕێنمونیت کردووم بۆ ئیسلام دەی جیام مەکەرەوە لێی و ئەویش لە من دامەڕنە تا دەمبەیتەوە بۆ لای خۆت و هەر لەسەر ئەو باوەڕەبم. ئەم نزایەی دەکرد لەگەڵ نزایەکی دوورو درێژیدا لەسەر صەفاو مەروەو لە عەرەفات و لە نێوان دوو(جمرە) ولە تەوافیشدا.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٠٤) لە عەبدوڵلای کوڕی سەبرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عومەر(رضي الله عنه) کەبەیانی دەکردەوە دەیوت: خوایە لەو بەندانەتم بگێڕە کە گەورەترین پشکی هەموو خێرێکم لە لات هەبێ کە بەیانیان دابەشی دەکەیت و ئەو ڕووناکیەی ڕێنمونی پێ دەدەیت و ئەو ڕەحمەتەی بڵاوی دەکەیتەوەو ئەو

[1] - لە(کنز العمال ج١، ص٣٠٦) دا واهاتووە.

ڕۆزیەی بڵاوی دەکەیتەوەو زیانێ کە لای دەبەیت و بەڵایەك کە هەڵی دەگریت و ئاشوبێ کە دەیگۆڕیت[1] [2].

بەزار لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەباس(رضی الله عنه) دەیوت: خوایە من بە ڕووناکی ڕووت کە ئاسمانەکان و زەوی پێ ڕوناکە داوات لێدەکەم کە پەناو پاراستن و کەنار و ژێر باڵی ڕەحمەتتدا دامبنێیت[3] [4].

بوخاری لە(الأدب المفرد ص١٠١) لە سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس دەیوت: خوایە قەناعەتم پێ بدەو بەرەکەتی تێبخە بۆم و لە دوای هەموو نا ئامادەییەك خێربێنە.[5]

ئیسماعیلی قازی لە تاوسەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئیبن عەبباس دەیوت: خوایە شەفاعەتی گەورەی موحەممەد قبوڵ بکەو پلەی بەرزی بەرزتر بکەرەوەو پشکی تەواوی لە دنیاو دواڕۆژدا پێ ببەخشە وەك چۆن بەخشیت بە ئیبراهیم و موسا(علیهما السلام).[6]

تەبەرانی لە ئوم دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: فوزالەی کوڕی عوبەید دەیوت: خوایە داوای ڕەزامەندی بەقەزاو قەدەرت لێ دەکەم، ژیانی خۆشی دوای مەرگت لێ داوادەکەم، چێژی ڕوانین بۆ ڕوت و تاسەی دیدارت بەبێ زیان و فیتنەی گومڕاکەرت لێ داوا دەکەم) دەڵێت ئەو نزایانە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەیکردن[7] [8].

---

١ – صحیح.

٢ – تەبەرانی بەو شێوە لێوەی هێناوە،(هەیسەمی ج١٠، ص١٨٤) دەڵێت کەسەکانی صەحیحن.

٣ – صحیح.

٤ – هەیسەمی دەڵێت کەسەکانی صەحیحن.

٥ – ضعیف.

٦– ئیبن کەثیر لە تەفسیرەکەیدا(جج٣، ص٥١٣) دەڵێت سەنەدەکەی جەیدی بەهێزی صەحیحە، تەواو.

٧ – حسن.

٨–(هەیسەمی ج١٠، ص١٧٧) دەڵێت تەبەرانی لە دوو موعجەمی وەسیت و کەبیر بە سەنەدی جێ متمانە هێناویەتی، تەواو.

ئیبن سەعد(ج٤،ص٣٣٩) لە مەقبریەوە لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی مەروان لەو ئازارەیدا کە تیایدا مرد هات بۆ لای وتی ئەی ئەبو هورەیرە خوا شیفات بدات، ئەویش وتی خوایە من دیداری تۆم پێ خۆشە دەی تۆش دیداری منت پێ خۆش بێت، مەروان نەگەیشتە لای هاوەڵانی(قطا) ئەبو هورەیرە مرد.

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە عەبدوڵڵای کوڕی هیشامەوە هێناویەتی هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) فێری ئەم نزایە دەبوون کاتێ دەچوویە ساڵی نوێ یان مانگی نوێ خوایە بە ئاسایش و باوەڕو سەلامەتی و ئیسلام و ڕەزامەندی خوای میهرەبان و جیاو دووری لە شەیتان بیهێنە بەسەرماندا[1].[2]

بەزار لە ئەبو ئومامەی کوڕی سەهل لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێموت چی ئەو خەڵکە دەترسێنێ کە چوونە گوندێ یان لای گوندێ بوون دەڵێن(خوایە تێیدا ڕۆزییان بۆ دابنێ) وتی ئەوان لە ستەمی والی و نەبارینی باران دەترسان.[3]

بوخاری لە(الأدب المفرد ص٩٣) لە ثابتەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەنەس(رضي الله عنه) کە نزای بۆ براکەی دەکرد دەیوت: خوا صەڵەواتی خەڵکێکی چاکەکاری لەسەر دابنێ، ستەمکارو خراپەکار نەبن و شەو نوێژو ڕۆژ بەڕۆژوو بن.

بوخاری لە(الأدب المفرد ص١٠٦) لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە هێناویەتی کاتێ هەورە بروسکەی دەبیست وازی دەهێنا لە قسەکردن ودەیوت: ﴿يُسَبِّحُ الرَّعْدُ بِحَمْدِهِ وَالْمَلَائِكَةُ مِنْ خِيفَتِهِ﴾ پاشان دەیوت ئەم ترساندنە بۆ خەڵکی سەرزەوی سەخت و توندە.[4]

---

[1] – ضعيف.

[2] –(هەیسەمی ج١٠،ص ١٣٩) دەڵێت سەنەدکەی حەسەنە، لە پەراوێزەکەیدا لای ئیبن حەجەر هاتووە: لە سەنەدەکەدا رشدینی کوڕی سەعدی هاتووە کە لاوازە.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص١٣٥) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لە قەیسی کوڕی سالم کە جێمتمانەشە.

[4] – مالیك لە ئیبن زوبەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی لە المشكاة دا، بەڵام ئەم وتەی نەهێناوە پاشان وتی تا کۆتای.

نزای هاوەڵان(رضي الله عنه) بۆ یەكدی

ئیبن عەساكیر لە سەیفی كوڕی عومەر لە موحەممەدو تەلحەو مهلبو عەمرو سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێن:

سەماكی كوڕی مەخزەمەو سەماكی كوڕی عوبەیدو سەماكی كوڕی خەرشە هاتن بۆ لای عومەر.عومەر وتی بەرەكەتی خواتان لێبێت، خوایە ئیسلامیان پێ بەرز رابگرەو پێیان پاڵپشتی ئیسلام بكە.[1]

ئیبن ئەبی شەیبەو تەبەرانیو ئەبو نەعیم لە المعرفه لە عەبدوڕەحمانی كوڕی كەعبی كوڕی مالیكەوە هێناویانە دەڵێت: من پێشڕەوی باوكم بووم كاتێ چاوی لەدەستدا، كاتێ لەگەڵی دەردەچووم بۆ نوێژی هەینی بانگی بیست داوای لێخۆشبوونی بۆ ئەبو ئومامە ئەسعەدی كوڕی زرارە دەكردو نزای بۆ دەكرد، منیش پێم وت ئەی بابەگیان چیتە كاتێ بانگت بیست داوای لێخۆشبوونت بۆ ئەبو ئومامە كردو نزات بۆ كردوو صەڵاواتت لەسەردا ؟ وتی كوڕی شیرینم ئەو یەكەم كەس بوو پێش هاتنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە(البقیع الغضمات) لە گۆڕستانی بەنی بیاضە كۆی دەكردینەوە، وتم:ئەو ڕۆژە چەند بوون ؟ وتی چل كەس بووین.[2]

ئیبن سەعد(ج٤،ص٢٤٣) لە ئەبو ئەلعەلائی كوڕی شخیر لە كەسێكی بەنی بەكری كوڕی وائیلەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەگەڵ بورەیدەی ئەسلەمی لە(جستان) بووم كە قسەم لە ڕووی عەلیو عوسمانوتەلحەو زوبەیردا كرد تا

---

[1] – لە(المنتخب ج٥،ص ١٣١) دا واهاتووە.

[2] –(المنتخب ج٥،ص١٣٦).

ڕای ئەو وەربگرم، ئەویش ڕووی کردە قیبلەو دەستەکانی بەرز کردەوەو وتی خوایە لە عوسمان خۆش بەو لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب خۆش بەو لە تەلحەی کوڕی عوبەیدوڵا خۆش بەو لە زوبەیری کوڕی عەوام خۆش بە، پاشان سەیری کردم وتی: بێ باوك تۆ بکوژی منی(دەتەوێ بمکوژیت)؟ وتم بەخوا نەمویست بتکوژم بەڵام ئەمەم لە تۆ ویست، وتی خەڵکی لەلایەن خواوە پێشڕەوییان بۆ بووە، ئەگەر بیەوێت بە پێشینەیان خۆش دەبێت لێیان و ئەگەریش بیەوێت بەهۆی داهێنان و ئەنجامدانی کارەوە سزایان دەدات، حسابیان لای خوایە.

بەشی پانزەهەم

چۆن پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی لە جومعەو جەماعەت‌و حەج‌و غەزاو هەموو بارەکاندا وتاریان دەداو دەکەوتنە هاندان لەسەر بەجێگەیاندنی فەرمان با تەنانەت پێچەوانەی بەرچاوی‌و ئەزموونەکان بێت؟ چۆن بەدووریان دەگرتن لە دنیاو چێژە خێراکانی‌و هانیان دەدان بۆ ڕۆژی دوایی‌و چێژە ماوەکانی هەروەک ئەوەی ئوممەتی ئیسلامی ڕابگرن دەوڵەمەندو هەژارو تایبەتی‌و گشتی یەکانی لەسەر بەجێگەیاندنی فەرمانە ئاراستە کراوەکانی خواو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ یان بەجێبگەیەنن، ئەویش بەخۆ ماندوو کردن‌و بەخشینی ماڵ‌و سامانیان، ئەوان لەسەر سامانی فەوتاو خۆشیە ئاوا بوەکان ڕایان دەهێنان.

یەکەم وتاری موحەممەد پێغەمبەری خوا (ﷺ)

پێغەمبەر(ﷺ) لە مەدینە ئەوەبوو لە نێوانیاندا وەستاو سوپاس و ستایشی خوای کرد بەو شێوەیەی شیاویەتی، پاشان فەرمووی:(پاشان ئەی خەڵکینە توێشوو بۆ خۆتان پێش بخەن دەزانن سوێند بەخوا کەستان دەمرێ پاشان واز لە مەڕو ماڵاتەکەی دەهێنێت و هیچ شوانێکی نیە، پاشان پەروەردگاری پێی دەفەرمووی هیچ نێوەندو ڕێگرێ کە ڕێی لێ بگرێ لە نێوان ئەو خوادا نیە،(ئایا نێرراوی من نەهات بۆ لاتان تا پێت ڕابگەیەنێت و سامانم پێ نەدایت و فەزڵم بەسەردا نەڕشتیت ؟ دەی چیت پێشخست بۆ خۆت ؟ ئەویش سەیری ڕاست و چەپ دەکات و هیچ نابینێ، پاشان سەیری بەردەمی کرد تەنها دۆزەخی بینی، دەی هەرکامتان توانی دەموچاوی لە دۆزەخ بپارێزێ با بیپارێزێت بابە لەتە خورمایەکیش بێت، هەرکەس ئەوەشی بەدینەکرد با بە وشەیەکی پاك و جوان، چونکە بەوە پاداشتی خێری بەدە بەرانبەر تا حەوت سەد بەرانبەر دەدرێتەوە، سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا لە پێغەمبەری خوا) پاشان پێغەمبەر (ﷺ) جارێکی دی وتاری فەرموو(سوپاس بۆ خوا سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم، پەنا دەگرین بەخوا لە خراپەی دەروونمان و خراپەی کارەکانمان، هەر کەس خوا ڕێنموونی بکات هیچ گومڕاکەرێکی بۆ نیە، هەرکەسیش گومڕابێت هیچ ڕێنموونیەکی بۆ نیە، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاکی بێ هاوەڵ، چاکترین فەرمایشت فەرمایشتی کتێبی خوایە، هەرکەس خوا لە دەروونیدا ڕازاوەی بکات و پاش بێباوەڕی بیباتە ناو ئیسلام و بەسەر قسەی خەڵکدا قسەی خوا پێش بخات، سەرکەوتووە، قورئان ڕاسترین و ڕەوانبێژانەترین(گەیەنەرترین) فەرمایشتە، هەرکەستان خۆش بوێت کە خوای خۆش دەوێت، خواتان لە هەموو دڵەکانتان خۆش بوێت، لە خواو یادکردنی خوا بێزارمەبن و دڵەکانتان بە ڕووی دا ڕەق نەبن، چونکە هەرکەس هەڵبژێرێ و جیابکاتەوە ئەوا ناونراوە بە چاکەی

کارەکانی و چاکترینی بەندەکان و قسەی باش و هەموو ئەو حەڵاڵ و حەرامەی بۆ خەڵك هێنراوە، دەی خوا بپەرستن و هیچ هاوەڵێکی بۆ دامەنێن و بەشیاوی خۆی لێی بترسن، خوا بە ڕاست بزانن بە چاکترینی ئەو قسانەی بەدەمەکانتان دەیانڵێن، لە نێوانتاندا بە ڕۆحی خوا یەکترتان خۆش بوێت، خوا توڕە دەبێت بەڵێنی بشکێنرێت، سەلام و ڕەحمەت و بەرەکەتی خوتان لەسەر بێ)[1][2].

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لە هەینیدا

ئیبن جەریر(ج٢،ص ١١٥) لە سەعیدی کوڕی عەبدوڕەحمانی جومەحیەوە هێناویەتی لە سەر وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لە یەکەم هەیینیدا کە لە مەدینە لە ناو بەنی سالم کردی لە عەوفەوە دەیگێڕێتەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (سوپاس بۆ خوا، سوپاسی خوا دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و داوای لێخۆش بوون و ڕێنموونی لێدەکەم، بڕوای پێ دێنم و بێباوەڕی لە ڕوودا نانوێنم و دژایەتی ئەوە دەکەم کە بەرانبەری بێ باوەڕە، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای تاکی بێ هاوەڵ وە موحەممەدیش بەندەو نێرراوی ئەوە، بە ڕێنموونی و ڕوونـاکی و ئامۆژگاری لەسەر ڕێی پێغەمبەران و کەمی زانست و گومڕایی خەڵك و پچڕانی لە کات و نزیك بوونەوە لە ڕۆژی دوایی و نزیکی لە مەرگ ناردی هەرکەس گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بێت ڕێك ڕاست پێکاویەتی. هەرکەس لێیان لا بدات ویاخی بێت سەرکەش بووەو زێدەڕۆیی کردووەو گومڕاییەکی دوورو درێژی توش بووە، وەسیەتتان لێدەکەم بە لە خوا ترسان چونکە چاکترین وەسیەتە کە موسڵمان بۆ

---

[1] – ضعیف.

[2] – ئەم ڕێگەی فەرموودەیە مورسەلە، لە(البدایە والنهایە ج٣،ص ٢١٤) دا واهاتووە. ئیبن عەساکیر لە ئەنەسەوە یەکەم وتاری پێغەمبەری (ﷺ) بە دەقی دیکە بە کورتی هێناویەتی وەك پێشتر هێناومانە.

موسڵمانی بکات هانی بدات بۆ ڕۆژی دوایو فەرمانی پێ بکات بە لە خوا ترسان، دەی وریا بن لەوەی خوا بەرانبەری وریایی پێداونو ئامۆژگاری لەوە چاکترو ذیکر لەوە چاکتر نیە، لە خواترسان بۆ ئەوەی کاری پێ بکات لەسەریەتی ترسو بیمی لەپەروەردگاری یاریدەدەری ڕاستە بۆ ئەو باری ڕۆژی دواییەی ئێوە نیازتانە بۆی(هەوڵی بۆ دەدەن) ئەوەی باری نێوان خۆیو خوای لەباری نهێنیو ئاشکرا چاك بکاتو مەبەستی بەوە تەنها بۆ خوا بێت دەبێتە ذیکرێ بۆی لە پێشخەری کاریو خەزێنەیەك بۆ دوای مردن کاتێ کەس هەژارە بەوەی پێشی خستووە، جگە لەوەش حەز دەکات نێوانی ئەو ئەو کارە خراپەی ماوەیەکی دوور بێت، خوا هۆشیاریتان پێ دەدات لەمەڕ خۆی خواش بەرانبەر بەندەکان بە سۆزو میهرە، ئەو کەسەی قسەی بەڕاستو بەڵنی بەدەست بهێنێ هیچ لادانێ لەوە نیە؟ چونکە خوا دەفەرموێت ﴿مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِّلْعَبِيدِ﴾(لای من قسە ناگۆڕرێتو من بەرانبەر بەندەکان ستەم کارنیم) دەی لە پێشخەری کارتانو دواییینەی کارتان لەباری ئاشکراو نهێنی دا لە خوا بترسن چونکە هەرکەس لە خوا بترسێ تاوانەکانی لێ دەسڕێتەوەو پاداشتی گەورەی بۆ دادەنرێ، هەر کەس لە خوا بترسێ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە، لە خوا ترسان ڕووەکان سپی دەکاتو پەروەردگاری ڕازیو پلەی بەرز دەکاتەوە، پشکی خۆتان وەربگرنو کەمتەرخەمی مەکەن بەرانبەر خودا، خوا کتێبی خۆی فێری ئێوە کردوو ڕێی خۆی بۆ داڕشتن تا ئەوانە بناسێ کە ڕاست دەکەنو درۆزنانیش بناسێ، دەی وەك چۆن خودا چاکەی لەگەڵ کردن چاکە بکەنو دژایەتی دوژمنانی خوا بکەنو لە ڕێی خوادا بە واتای تەواوی خۆی جیهاد بکەن ئەو جیاو پاك ڕایگرتوونو ناوی ناون موسوڵمانان تا ئەوەی لەبەرچاو ڕوونی لادەداو بە هیلاکدا بچێو ئەوەی بە ڕێی ڕوونی خۆی زیندو ڕادەگرێ زیندوو ڕایگرێت، هیچ هێزێ نیە جگە لە خوا، دەی زۆر یادی بکەنو کار بکەن بۆ دواڕۆژ، چونکە هەرکەس نێوانی خۆیو خوا پاك بکات خوا بەسە بۆ نێوانی ئەو خەڵك، ئەمە چونکە خوا لە قەزا لەسەر خەڵك دادەنێو خەڵکی

لەسەر ئەو دانانێن و خوا بەسەر خەڵکدا دەستەڵاتی هەیەو ئەوان دەسەڵاتیان بەڕوویدا نیە، الله أکبر، هیچ هێزێ نیە جگە لە خوای گەورە)[1][2].

وتارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزاکاندا

تەبەرانی و بەزار لە حەرارەوە کە یەکێ بووە لە هاوەڵان هێناویانە دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) غەزامان کردو گەیشتین بە دوژمنمان، پێغەمبەر (ﷺ) هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کردو دواتر فەرمووی(ئەی خەڵکینە ئێوە بەیانیتان لە نێوان سەوزو زەردو سوورو ئەوەدا کە لە ناوبارەکاندا هەیە کردەوە، دەی ئەگەر گەیشتن بە دوژمنتان پێشڕەوی بکەن، چونکە هەرکەسێ لە ڕێی خوادا هەڵکوتێ دوو حۆری عین بەرەو لای کێبڕکێ دەکەن، ئەگەر شەهید بە بوو یەکەم دڵۆپی خوێنی دەکەوێتە سەرزەوی خوای گەورە هەموو تاوانێکی دەسڕێتەوەو دوو حۆریەکەش تەپو تۆز لە دەموچاوی دەسڕن و دەڵێن ئێستا کاتت هات، ئەویش دەڵێت من بۆ ئەو دوانەتانم)[3][4].

تەبەرانی لە جابرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ لە غەزای تەبوك دابەزی، هەستا وتاری بۆ خەڵکداو فەرمووی(ئەی خەڵکینە داوای بەڵگەو نیشانە لە پێغەمبەرتان مەکەن، ئەوانە قەومی صالح بوون داوایان لە پێغەمبەریان کرد تا وشترێکیان بۆ بنێرێت، ئەویش کردی، وشترەکە لەم لاوە(فجّ) دەهات و ڕۆژی هاتنی

---

[1] - ضعیف.

[2] - لە(البدایە والنهایە ج٣، ص٢١٣) دەڵێت: ئیبن جەریر بەو شێوە هێناویەتی و ئیرسالی لە سەنەدەکەدا هەیە، تەواو. هەورەها قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا(ج١٨، ص٩٨) بە هەمان شێوە بە دوورو درێژی بەبێ سەنەد هێناویەتی.

[3] - ضعیف.

[4] -(هەیسەمی ج٥،ص ٢٧٥) دەڵێت لە سەنەدەکدا عەباسی کوڕی فەزڵی ئەنساری هەیە کە لاوازە.

ئاوەکـەی ئـەوانی دەخـواردەوەو ئـەوانیش شـیرەکەیان دەدۆشـی وە لـە ئەوانـەی سودمەند بن لەسەر شیری، پاشان لەو لاوە دەهات سەریان بڕی، خوا سێ ڕۆژی بۆ دانان بەلێنی خوا بێ درۆیە، پاشان دەنگە بەرزەکە هاتو خوا ئەوانەی لە ناوبرد کە لە نێوان ئاسمانو زەویدا بوون جگە لە کەسێك کە لە حەرەمی خوادا بوو، حەرەمی خوا لە سزای خوا پاراستی) وترا ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە کێ بوو ؟ فەرمووی(أبورغال).[1]

تەبەرانی لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕۆژی غەزای تەبوك چوویە سەر مینبەرو سوپاسو ستایشی خوای کردوو پاشان فەرمووی(ئەی خەڵکینە من تەنها ئەو فەرمانەتان پێ دەکەم کە خوا فرمانی پێ کردوونو ئەو ڕێگریەتان لێ دەکەم کە خوا ڕێگری لێ کردوون، دەی لە داوادا جوانی بنوێنن، چونکە سوێند بەوەی گیانی ئەبولقاسمی بەدەستە کەستان ڕۆزییەکەی داوای دەکاتو بەدوایدا دەچێ وەك چۆن سەرە مەرگو ئەجەلەکەی بەدوایدا دەگەڕێ، ئەگەر شتێکتان لەسەر قورس بوو بە گوێڕایەڵی خوای گەورە داوای بکەنو بەدوایدا بچن).[2][3]

تەبەرانی لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ فەتحی مەککە کرا بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(کفوا السلاح إلا خزاعه من بنی بکر)(چەك لا بەن جگە لە خوزاعە لە بەنی بەکر) تا نوێژی عەسری کرد موڵەتی دان ئینجا فەرمووی(کفوا السلاح) کەسێکی خوزاعە گەیشت بە کەسێکی بەنی بەکر لە بەیانیدا لە موزدەلیفەو کوشتی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەوەی بیستو هەستاو وتاری داو

---

[1] -(هەیسەمی ج٧، ص٣٨) دەلێت: تەبەرانیو بەزارو ئەحمەد بە هەمان شێوە هێناویانە کەسەکانی سەنەدەکەی ئەحمەدیش کەسانی صەحیحن، تەواو.

[2] – ضعیف.

[3] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٩٦) دا واهاتووە.

فەرمووی بینیم پشتی دابوو بە کەعبەوە(دوژمنترین کەس بەرانبەر بە خوا ئەوەیە لە حەرەمدا کوشتن بکات یان جگە لە بکوژەکەی بکوژێ یان بە دوژمنایەتی و خوێنی سەردەمی نەفامی کەس بکوژێت) کەسێ هەستاو وتی فلان ؟ کوڕمە. پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(لا دعوة فی الأسلام ذهب أمر الجاهلیة الولد للفراش والعاهر الأثلب)(لە بانگەوازی ئیسلامدا وانیە، باری نەفامی چوو، منداڵ بۆ دایکی سەر چێ دەبێت، ئەسلەبیش بۆ زیناکارە). وتیان ئەثلەب چی یە ؟ فەرمووی(بەرد) فەرمووی(دوای بەیانی نوێژ نیە تا خۆر هەڵدێ. هیچ نوێژێك دوای عەسر نیە تا خۆر ئاوا دەبێت) فەرمووی(ئافرەت بەسەر پوور و خاڵۆژنیدا مارە ناکرێ).[1]

(ئیبن ماجە ص ٤٧٨) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژی فەتحی مەککە لەسەر پلیکانەی کەعبە بوو هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کردو فەرمووی(سوپاس بۆ ئەو خوایەی بەڵێنی ڕاست کرد بەندەکەی سەرسەخت و بە تەنها حیزبەکانی شکاند، بزانن بکوژی بە هەڵە بکوژی قامچی و دارە، تیایدا سەد وشتر هەیە تیایدا چلیان نەوەکەی لە سکیدا بێت، بزانن هەموو تۆڵە سەندنەوەیەك لەسەر دەمی نەفامی و خوێنێ لە چێر ئەم دوو قاچەم دایە جگە لەوەی لە خزمەتکاری کەعبەو ئاوگێڕی حاجییان بێت، بزانن من ئەو دوانەم داوەتەوە بە کەس و خاوەنیان وەك ئەوەی کە بوون).[2]

ئیبن ئەبی حاتەم لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژی فەتحی مەککە لە وشترەکەی(القصواء) تەوافی کردو بەدارە دەستێ کە لە دەستیدا بوو پایەکانی دەست لێدەدا، کە بینی لە مزگەوتدا وشترەکە دانانیشێت تا لەسەر دەستی خەڵك دابەزی، بردی بۆ(بطن المسیل) لەوێ دانیشت، پاشان پێغەمبەر(ﷺ)

---

[1] -(هەیسەمی ج٦، ص ١٧٨) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن. لە صەحیحدا لێوەی هاتووە ڕێگری کردووە لە نوێژ لە دوای نوێژی بەیانی. لە(السنن) یشدا هەندێکی هاتووە، تەواو.

[2] – حسن.

لەسەر وڵاخەکەی وتاری بۆ دان و سوپاس و ستایشی خوای کرد بەو شێوەیەی کە شیاویەتی و دواتر فەرمووی(ئەی خەڵکینە خوای گەورە عەیبەی نەفامی و بەرزو گەورە ڕاگرتنی بە باوباپیرانی لەسەر لابردوون، ئیدی خەڵکی دوو جۆرن: کەسێ چاکە کارو لە خوا ترس و بەڕێزە لەبەردەم خوادا، کەسێ لادەری سەرکەش کە لای خوا کەم و سوکە، خوای گەورە دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ﴾ پاشان فەرمووی(ئەمە دەڵێم و لای خوا داوای لێخۆشبوون بۆ خۆم و ئێوەش دەکەم)[1،2].

وتارەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بۆ مانگی ڕەمەزان

ئیبن حوزەیمە لە سەلمانەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە کۆتا ڕۆژی شەعباندا وتاری بۆ دایـن و فەرمووی(ئەی خەڵکینە وا مانگێکی گەورەی پیرۆز ڕایگرتن، مانگێ شەوێکی تێدایە کە چاکترە لە هەزار مانگ، خوا ڕۆژووەکەی کردووە بە فەرزو هەستانی شەوی-نوێژکردن- بە خۆشبەختی و سونەتی داناوە، هەرکەسە تیایدا بە خەسڵەتێکی خێر نزیک بێتەوە وەك ئەوە وایە فەرزێکی جگە لەو مانگەدا بە جێگەیاندبێ، هەرکەسێ تیایدا فەرزێ بەجێبگەیەنێت وەك ئەوە وایە حەفتا فەرزی لە جگە لەو مانگەدا بەجێگەیاندبێ، ئەوە مانگی خۆڕاگریەو خۆڕاگریش پاداشتەکەی بەهەشتە، مانگی یەکسانی و مانگێکە تیایدا ڕۆزی باوەڕدار زیاد دەکرێت، هەرکەسێ تیایدا نانی بەربانگی ڕۆژووەوانێ بدات لێخۆش

[1] - صحيح.

[2] - عەبدی کوڕی حەمید بەو شێوە هێناویەتی. هەروەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٤، ص ٢١٨) دا واهاتووە.

بوونە بۆ تاوانەکانی و ڕزگار بوونی گەردن لە دۆزەخ و لە پاداشتیدا وەك ئەوی بۆ هەیە بەبێ ئەوەی هیچ لە پاداشتی ئەو کەم بکات) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا هەمووومان هێندەمان نیە تا نانی ڕۆژوە وانێ بدەین، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خوا ئەو پاداشتە دەدات بەوەی بە خورمایەك یان قومێ ئاو یان قومێ شیر بەربانگ بۆ ڕۆژوەوان بکاتەوە، ئەوە مانگێکە سەرەتاکەی ڕەحمەت و نێوەندەکەی لێخۆش بوون و کۆتاییەکەشی ڕزگاربوونە لە دۆزەخ، هەرکەس تیایدا ئاسان کاری بۆ مەملوکەکەی بکات(ماندووی نەکات) خوا لێی خۆش دەبێت و لە دۆزەخ ڕزگاری دەکات، تیایدا زۆر چوار شت بکەن: دوو خەسڵەتیان پێیان پەروەردگارتان ڕازی دەکەن، دوو خەسڵەتیشیان هیچ باکیکی تێدانیە بۆتان، ئەو دوو خەسڵەتەی پێیان پەروەردگارتان ڕازی دەکەن شایەتی لا إله إلا اللهِ و داوای لێخۆش بوون لای خوایە، دوو خەسڵەتەکەش کە هیچ باکێکی تێدا نیە بۆتان داوای بەهەشت لە خوا بکەن و پەنای پێ بگرن لە دۆزەخ، هەرکەس ئاو بەڕۆژوەوانێ بدات خوا لە حەوزەکەمدا قومێ ئاوی پێدەدات کە تینوو نابێت تا دەچێتە بەهەشت)[1].[2]

ئیبن نەجار لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ڕەمەزان نزیك بوویەوە پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی نوێژی ئێوارەدا کورتە وتارێکی بۆ داین و فەرمووی(ڕەمەزان بەرەو ڕووتان هات و ئێوارەش بەرەو ڕووی دەچن، دەی بزانن

---

[1] – منکر.

[2] – مونزیری لە(الترغيب والترهيب ج٢، ص ٢١٨)دا دەڵێت: ئیبن خوزەیمە لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی، پاشان دەڵێت هەواڵەکە ڕاستە، لە ڕێگەی بەیهەقی یەوە هێناویەتی و ئەبو شەیجی کوڕی حبانیش بە کورتی لەو دووانەوە هێناویەتی، تەواو.ئیبن نەجاریش بە دوورو درێژی هێناویەتی وەك لە(کنز العمال ج٤، ص ٣٢٣) دا واهاتووە.

هیچ کەس لە ئەهلی قیبلە نامێنیٚ مەگەر ئەوەی لە یەکەم شەوی ڕەمەزاندا لێخۆش بوونی بەردەکەوێت).[1]

ئەسبەهانی لە الترغیب والترهیب لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: یەکەم شەوی ڕەمەزان پێغەمبەر(ﷺ) هەستاو ستایشی خوای کردو فەرمووی(ئەی خەڵکینە خوای گەورە لە دوژمنی جنۆکەتان پاراستنی، بەڵێنی وەڵام دانەوەی پێداون و دەفەرموێت ﴿ ادعونی استجب لکم)(داوام لێبکەن بۆتان گیرادەکەم) بزانن خوای گەورە بۆ هەر شەیتانێکی سەر سەخت حەوت فریشتەی داناوە بەر نابێت تا مانگی ڕەمەزان تەواو دەبێت، بزانن دەرگاکانی ئاسمان لە یەکەم شەویەوە تا کۆتا شەوی کراوەن، نزایش تیایدا قبوڵ کراوە) تا یەکەم شەوی دەیە هات پشتوێنی توند کردو لە نێویاندا دەرچوو ئیعتکافی کردو شەوەکانی زیندو ڕادەگرت، وترا توند کردنی پشتوێن چی یە؟ وتی لەو شەوانەدا دووری دەگرت لە ژنەکان.[2]

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لە جەختکردنەوە لە نوێژی هەینی

(ئیبن ماجە ص ١٧٢) لە جابرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) وتاری بۆ داین و فەرمووی(ئەی خەڵکینە پێش ئەوەی بمرن بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، پێشڕەوی بە کارە چاکەکان بکەن پێش ئەوەی سەرقاڵ بکرێن و ئەوەی لە نێوان ئێوەو پەروەردگارتاندا هەیە بە زۆر ذیکر کردنتان بۆ خواو زۆر بەخشین بە پەنهان و ئاشکرا بگەیەنن بەوە ڕۆزی دەدرێن و سەردەخرێن و زاڵ دەکرێن، بزانن خوا لەم شوێنەم و لەم ڕۆژەم و لەم مانگەم و لەم ساڵەمدا تا ڕۆژی دوایی هەینی لەسەرتان فەرزکردووە هەرکەس لە ژیانمدا- یان دوای خۆم- وازی لێبهێنیٚ پێشەوا یەکی دادپەروەر یان ستەمکاریش هەبیٚ لەبەر ئەوەی بە کەمی بگریٚ و نکوڵی لیٚ بکات

[1] - لە(کنز العمال ج٤، ص ٣٢٥) داواهاتووە.

[2] - لە(کنز العمال ج٤، ص٣٢٣) دا واهاتووە.

خوای گەورە باری کۆنەکاتەوەو بەرەکەت نەخاتە کارو بارو هیچ نوێژو زەکات و حەج و ڕۆژوو چاکەیەکیشی بۆ نیە تا ئەو کاتەی تەوبە دەکات. هەرکەس تەوبە بکات خوا لێی خۆش دەبێت، بزانن ئافرەت بەر نوێژی بۆ پیاو نەکات، هیچ دەشتەکیەکیش بەر نوێژی بۆ کۆچەر نەکات، فاجر بەرنوێژی بۆ باوەڕداریٚ نەکات مەگەر بە دەسەلاتی بیشکێنیٚ کە لە شمشێرو قامچیەکەی بترسیٚ.[1]

ئەبو یەعلا بە دوو سەنەد لە جابری کوڕی عەبدوڵلاوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی هەینیدا هەستاو وتاری داو فەرمووی(لەوانەیە کەسیٚ کاتی هەینی بێت و ماوەی میلیٚ لە مەدینە دوور بێت ئامادەی هەینی نابێت) پاشان فەرمووی(لەوانەیە کەس کاتی هەینی بێت و لە دووری دوو میل لەمەدینە بێت ئامادەی هەینیەکە دەبێت) لە سێیەمدا فەرمووی(لەوانەیە لە دووری سیٚ میل لە مەدینە دوور بێت ئامادەی هەینیەکە نەبێت و خوا مۆر بنێت بەسەر دڵیەوە).[2]

وتارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) لە حەجدا

(حاکم ج١، ص ٩٣) لە ئیبن عەباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) لە حەجی ماڵئاوایدا وتاری دا بۆ خەڵك و فەرمووی(شەیتان بیٚ هیوا بوو لەوەی لە خاکتاندا بپەرستریٚ، بەڵام ڕازی یە لە جگە لەوەدا گوێڕایەڵی بکریٚ لە کردارەکانتاندا کە بە سوك و گاڵتەیان دەگرن، دەی ئەی خەڵکینە وریابن من لە نێوتاندا ئەوەم بە جێهێشتووە کە تا دەستی پێوە بگرن هەرگیز گومڕا نابن، کتێبی خواو سونەتی پێغەمبەرەکەی(ﷺ)، هەموو موسڵمانیٚ برای موسوڵمانە، موسوڵمانان بران و بۆ

---

[1] – مونزیری(لە الترغیب والترهیب ج٢، ص ٣١) دا دەڵێت: تەبەرانی لە فەرموودەی ئەبو سەعیدی خودریەوە کورتتر لەوە هێناویەتی.

[2] – ضعیف.

کەس دروست نیە لە ماڵی براکەی ببات مەگەر ئەوەی لە دەرونی خۆیەوە پێی بدات، ستەم مەکەن و دوای من مەگەڕێنەوە بۆ بێباوەڕی و بدەن لە ملی یەکدی)[1]،[2] ئەم فەرموودەی وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر هێنانی لە صەحیحدا کۆکن کە فەرمووی(ئەی خەڵکینە من لە نێوتاندا ئەوەم بەجێهێشتووە کە هەرگیز دوای ئەوە گومڕا نابن، ئەگەر دەستی پێوە بگرن، کتێبی خوا، ئێوە بەرپرسیارن لە من ئەی ئێوە چی دەڵێن ؟).[3]

تەبەرانی ئەبو بەکری خەففاف لە موعجەمەکەیداو ئیبن نەجار لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە مزگەوتی(الخيف) وتاری بۆ داین و بەو جۆرەی شیاویەتی سوپاسی خوای کرد، پاشان فەرمووی(هەرکەس خەمی لای ڕۆژی دوایی بێت خوا باری کۆدەکاتەوەو دەوڵەمەندیەکەی دەخاتە بەرچاوانی و دنیا بە زەلیلی دێت لای، هەرکەس خەمی لای دنیا بێت خوا باری پەشێو دەکات و هەژاریەکەی دەخاتە بەرچاوانی و دنیا نایەت بۆ لای جگە لەوەی بۆی نوسراوە)[4].[5]

ئیبن نەجار لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین لە مزگەوتی(الخيف) لە میناو فەرمووی(خوا چاوی لەو بەندە بێت کە قسەکەم دەبیستێت و وەری دەگرێ و دەیبات بۆ براکەی دەیگێڕێتەوە، سێ کەس هەن دڵی موسڵمان خەوشیان پێ ناگرێ نیاز پاکی لە کاردا بۆ خوا، ئامۆژگاری بەرپرسان،

---

[1] - صحيح.

[2] -(حاکم ج١، ص ٩٣) دەڵێت بوخاری بە چەند فەرموودەیەکی عیکرمەو موسلیم بە ئەبو ئوەیس بەڵگەیان بۆ هێناوە، هەموو گێڕەرەوە کانی لەسەریان کۆکن.

[3] - باسی دەست گرتن بە سونەتەوە لەم وتارەدا نامۆیەو پێویستی پێیەتی، تەواو، زەهەبیش لەسەری کۆکە.

[4] - صحيح.

[5] - لە(کنز العمال ج٨، ص ٢٠٢) دا واهاتووە.

پەیوەستی کۆمەڵی موسڵمانان چونکە بانگەوازیان لە پشتیانەوە گەمارۆ دەدات)[1].[2]

موسلیم لە جابرەوە هێناویەتی فەرموودەکە بە دوورو درێژی لە سەر سیفەتی حەج هاتووەو تیایدا هاتووە: پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی دا هاتە عەرەفە، لەوێ بینی چادرێکی بۆ هەڵدرابوو، لەوێ دابەزی تا خۆر کەل بوو فەرمانی کرد وشترەکەی(القصواء) بهێنن بۆی هێنراو تا ناودۆڵ هات، وتاری دا بۆ خەڵك و فەرمووی(خوێنتان و سامانتان لەسەرتان حەرامە وەك حەرامی ئەمڕۆتان لەم مانگەتاندا لەم شارەتاندا، بزانن هەموو شتێ لەباری سەردەمی نەزانی لە ژێر پێکانماد کەوتووەو خوێنی سەردەمی نەفامیش کەوتووە، یەکەم خوێن لە خوێنمان دەیخەم خۆی ئیبن ڕەبیعەی کوڕی حارثە کە لە ناو بەنی سەعددا شیری خواردو هوزەیل کوشتیان. سوی سەردەمی نەفامی کەوتووەو یەکەم سوش کە فڕێی دەدەم سوی عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبە ئەوا هەمووی فڕێ درا، سەبارەت بە ئافرەتان لە خوا بترسن چونکە ئێوە بە سپاردەی خوا وەرتان گرتوون و داوێنیان بە وشەی خوا بۆتان حەلاڵ بووە، مافتان بەسەریانەوە هەیە کەسێ کە ڕقتانە لێی نەهێننە سەر جێگەوبانتان ئەگەر واتان کرد لێیان بدەن بە لێدانێکی ناقورس، ئەوانیش مافیان هەیە بەسەرتانەوە ڕۆزی و بەرگیان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوا بدەن، لە نێوتاندا ئەوەم بەجێهێشتووە کە هەرگیز دوای ئەوە گومڕا نابن ئەگەر دەستی پێوە بگرن کتێبی خوا، ئێوە پرسیارم لێدەکەن دەی ئێوە چی دەڵێن ؟) وتیان شایەتی دەدەین تۆ گەیاندت و ئامۆژگاریت کردو بە جێنگەیاند، ئەویش پەنجەی بەرەو

---

[1] – صحیح.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص ٢٢٨) دا واهاتووە.

ئاسمان بەرز کردەوەو بەرەو خەڵك دەیجوڵاندو فەرمووی(خوایە شاهید بە خوایە شاهید بە) سێ جار فەرمووی.[1]

بوخاری لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژی قوربانی کردن وتاری دا بۆ خەڵك و فەرمووی(ئەی خەڵکینە ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە ؟) وتیان ڕۆژێکی حەرام، فەرمووی(ئەمە چ شارێکە ؟) وتیان شارێکی حەرام، فەرمووی(ئەی ئەمە چ مانگێکە ؟) وتیان مانگێکی حەرام، فەمووی(دەی خوێنتان و سامانتان و ئابڕوتان لە یەکدی حەرامە وەك حەرامی ئەمڕۆتان لەم شارەتاندا لەم مانگەتاندا) بە چەند جارێ دووبارەی کردەوە، پاشان سەری بەرزکردەوەو فەرمووی(خوایە ئایا گەیاندم ؟ خوایە وا گەیاندم) ئیبن عەباس وتی سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەوە وەسیەتی پێغەمبەر(ﷺ) بوو بۆ ئوممەتەکەی با ئەوەی ئامادەیە بیگەیەنێت بەوەی ئامادە نیە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(دوای من بە بێباوەڕ مەگەڕێنەوە بدەن لە گەردنی یەکدی).[2]

ئەحمەد لە جەریرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بلێ خەڵکی بێدەنگ بن)[3] پاشان ئەوکات فەرمووی(لا اعرفنّ بعد ما ارى ترجعون كفاراً يضرب بعضكم رقاب بعض) لە گێڕانەوەیەکی دیکەی لێیەوە لە حەجیماڵئاوایدا فەرمووی(ئەی جەریر بلێ خەڵکی بێدەنگ بن) بە هەمان شێوە هێناویەتی.[4]

---

[1] – لە(البدایه والنهایه ج٥، ص١٤٨) دا واهاتووە، ئەبو داودو ئیبن ماجە هێناویانە وەك لە(کنز العمال ج٣، ص٢٣)دا هاتووە.

[2] – لە(البدایه والنهایه ج٥، ص١٩٤) دا وا هاتووە، ئەحمەدو ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن ماجە لە ئیبن عومەرەوەو تەبەرانی لە عەممارەوەو ئەحمەدو بەغەوی لە ئەبو غادیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە وەك لە(کنز العمال ج٣، ص ٢٥) داواهاتووە.

[3] – صحیح.

[4] – وەك لە(البدایه والنهایه ج٥، ص ١٩٧) دا واهاتووە.

موسلیم له ئوم حوصەینەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) حەجی ماڵئاوایم کردو ئوسامەو بیلالم بینین یەکێکیان ڕەشۆی وشترەکەی پێغەمبەری(ﷺ) گرتبوو، ئەوی دیکەشیان جلە کەی بەرزکردبوویەوە لە گەرما دەیپاراست تا(جمره العقبه)ی وەشاند، پێغەمبەر(ﷺ) شتێکی زۆری فەرموو، پاشان بیستم دەیفەرموو(إن أمّر عليكم عبد مجدّع -حسبتها قالت أسود- يقودكم بكتاب الله فاسمعوا له وأطيعوا)(ئەگەر بەندەیەکی کەمئەندام- وابزانم وتی ڕەش- بوو بە ئەمیرتان بە کتێبی خوا پێشەنگی کردن لێی ببیستن و گوێڕایەڵی بن).[1]

ئەحمەد لە ئەبو ئومامەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) لە وتاری ساڵی حەجی ماڵئاواییدا فەرمووی(خوای گەورە مافی هەموو خاوەن مافێکی داوەو هیچ وەسیەتێ بۆ کەسی میرات نیە، کوڕ بۆ جێگەو بۆ زیناکار بەردەو حیسابیان لای خوایە، هەرکەسە بۆ جگە لای باوکی بکات یان خۆی بداتەوە پاڵ جگە لە مەوالیەکانی ئەوا نەفرینی خوای لێبێت تا ڕۆژی دوای، هیچ ئافرەتێ بەبێ مۆڵەتی مێردەکەی لە ماڵەکەی نەبەخشێت) وترا ئەی پێغەمبەر(ﷺ) تەنانەت خواردنیش ؟ فەرمووی(ئەوە چاکترینی سامانمانە) پاشان پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی(العاريه مؤدّاه والمنحّه مردوده، والدّين مقچي، والزعيم غارم).[2,3]

ئەحمەد لە ئەبو ئومامەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ئەو ڕۆژ لەسەر وشتری(جدعاء)(گوێ بڕاو) بوو، دوو پێکانی لەسەر شۆن پێکەی دانا بوو بەرز بوو

---

[1] - له(البدايه والنهايه ج٥، ص ١٩٦) دا واهاتووە، نەسائیش بە هەمان شێوە هێناویەتی. وەك له(كنز العمال ج٣، ص ٦٢) دا واهاتووە،(ئیبن سەعد ج٢، ص ١٨٤) بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] - صحيح.

[3] - چوار زانای فەرموودە هێناویانەو ترمزی دەڵێت فەرموودەکە حەسەنە، ئەبو داود دەڵێت ئەبو ئومامە وتی ڕۆژی قوربانی کردن لە مینا وتارەکەی پێغەمبەرم(ﷺ) بیست.

تا خەڵك دەنگی ببیستێ، بەو پەڕی دەنگیەوە فەرمووی(ئایا دەبیستن؟) یەكێ لە دەستەكانی خەڵك وتی ئەی پێغەمبەری خوا هیچمان پێ ڕادەسپێریت ؟ فەرمووی(پەروەردگارتان بپەرستن و پێنج نوێژەكەتان بكەن و مانگەكەتان – ڕەمەزان– ڕۆژوو بگرن و ئەگەر زمانتان پێكڕا گوێڕایەڵ بن، دەچنە بەهەشتی پەروەردگارتان)[1].[2]

ئەبو داود لە عەبدوڕەحمانی كوڕی مەعازی تەیمی(ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) وتاری بۆ داین و ئێمە لە مینا بووین، گوێمان كرایەوە تا ئەوەی دەیفەرموو دەمانبیست لە كاتێكدا لە شوێنی خۆمان دا بووین، پێغەمبەر(ﷺ) شێوە ئەركەكانی فێردەكردن تا گەیشتە وەشاندنی بەردەكان، ئەو كات دوو سەباحەكەی دانا، پاشان فەرمووی بەردی(چەوی) وەشاند، فەرمانی بە كۆچەران كرد لە پێشەوەی مزگەوت دابەزین، فەرمانی بە پشتیوانانیش كرد لە دواوەی مزگەوت دابەزین، پاشان دوای ئەوە خەڵكی دابەزین.[3]

ئیبن سەعد(ج٢، ص١٨٥) و ئەحمەدو نەسائیش هەرواو ئەبو داودیش لە ڕافیعی كوڕی عەمری موزەنیەوە(ﷺ) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی لە مینا لەسەر ولاخێكی سپی خاڵخاڵی وتاری بۆ خەڵك دەداو عەلیش ڕێی بۆ دەكردەوەو خەڵكیش هەندێ بە پێوە بوون و هەندێ دانیشتبوون.[4]

ئەحمەد لە ئەبو حرەی ڕقاشیەوە لە مامیەوە هێناویەتی دەڵێت: من جڵەوی وشترەكەی پێغەمبەرم(ﷺ) لە نێوەندی ڕۆژانی(التشريق)دا گرتبوو كە خەڵكی

---

[1] – صحيح.

[2]– ترمزی هێناویەتی و دەڵێت: فەرموودەیەكی حەسەنی صەحیحە، لە(البدايه والنهايه ج٥، ص ١٩٨) دا واهاتووە.

[3] – صحيح.

[4] – لە(البدايه والنهايه ج٥، ص١٩٨) دا واهاتووە.

ماڵئاواییان لێدەکرد، فەرمووی(ئەی خەڵکینە ئایا دەزانن ئێوە لە چ مانگێکدان؟ وە لە چ ڕۆژێکدا ؟ وە لە چ شارێکدا؟ وتیان لە ڕۆژێکی حەرام داین و مانگێکی حەرام و شارێکی حەرام، فەرمووی(دەی خوێنتان و سامانتان و ئابڕوتان لەسەرتان حەرامە وەك حەرامی ئەمڕۆتان دا لەم مانگەتاندا لەم شارەتاندا تا دەگەنەوە بە خودا) پاشان فەرمووی(لێم ببیستن دەژین، وریا بن ستەم مەکەن چونکە ماڵی موسوڵمان حەڵاڵ نیە بۆتان مەگەر بە ویستی خۆی، وریا بن هەموو خوێن و سامان و ڕێزو شانازیەکی سەردەمی نەفامی لە ژێر ئەم دوو پێیەمدایە تا ڕۆژی دوایی، یەکەم خوێن دەخرێتە ژێر پێم خوێنی ڕەبیعەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموتەلیبە لای بەنی سەعد شیری خواردوو هوزەیل کوشتیان، بزانن هەموو سویەکی سەردەمی نەفامی فریێ دراوەو خوا قەزای وا داناوە، یەکەم سوو فڕێ بدرێ سووی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بێت، سەرمایەتان بۆ خۆتانە ستەم مەکەن و ستەمتان لێ نەکرێ، وریابن سەردەم وەك شێوەی خۆی دەخولێتەوە لەو ڕۆژەوەی خوا ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووە پاشان ئەم ئایەتەی خوێند ﴿إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْراً فِي كِتَابِ اللّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلاَ تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ﴾ وریا بن دوای من مەگەڕێنەوە بۆ بێباوەڕی بدەن لە گەردنی یەکدی، وریا بن شەیتان بێهیوا بووە لەوەی نوێژکەران بیپەرستن بەڵام ئەو لە تێکدانی نێوانتاندایە، سەبارەت بە ئافرەتان لە خوا بترسن چونکە ئەوانە لاتان ئەمانەتن و بۆ خۆیان هیچیان لە دەست نیە، ئەوان مافیان لەسەر تانەو ئێوەش مافتان لەسەریان هەیە بەوەی جگە لە ئێوە کەس نەهێننە سەر جێتان و لە ماڵتاندا موڵەت بە کەسێ نەدەن کە ئێوە حەزی پێ ناکەن، ئەگەر لە(نشوز) لادانیان ترسان ئامۆژگارییان بکەن و سەرجێیان لێ بتۆرێنن و بە لێدانێکی نا قورس و بێ زیان لێیان بدەن، ئەوان ڕۆزی و بەرگیان بە شێوەیەکی ڕەواو دروست بۆ هەیە، ئێوە بە ئەمانەتی خوا ئەوانتان بردوون و بە وشەی خوا داوێنیان بە حەڵاڵ داناوە بۆ خۆتان، وریا بن هەرکەس سپاردەیەکی لایە بابیداتەوە بە

خاوەنەکەی) دەستی کردەوەو فەرمووی(ئایا گەیاندم ئایا گەیاندم ؟) پاشان فەرمووی با ئەوەی ئامادەیە بیگەیەنێت بەوەی ئامادە نیە، چونکە لەوانەیە پێگەیەنراوێك بەختەوەر تربێت -پێی- لە بیسەری) حەمید دەڵێت: حەسەن کاتێ ئەو وتەی پێ گەیشت وتی سوێند بە خوا گەیاندیان بە خەڵکانێ کە پێی بەختەوەرترن.[1]

بەزار لە ئیبن عومەرەوە بەو واتایە هێناویەتی و لەسەرتاکەیەوە ئەوەی بۆ زیادکردووە وتی ئەو سورەتە لە مینا دابەزی بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ لە نێوەندی ڕۆژانی(التشریق) لە حەجی ماڵئاواییدا بوو ﴿إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ﴾ ئەو کات زانی کاتی ماڵئاواییە، بۆیە فەرمانی کرد ووشترەکەی(القصواء) بهێنن، بۆی هێنرا، ئینجا سوار بوو، لە عەقەبە وەستا لای خەڵك و هێندەی خوا بیەوێت خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، پێغەمبەر(ﷺ) سوپاس و ستایشی خوای گەورەی کرد بەو جۆرەی شیاویەتی، پاشان فەرمووی(اما بعد ایها الناس فأن کلّ دم کان فی الجاهلیة فهو هدر) فەرموودەکە دێنێت و تیایدا هاتووە(ئەی خەڵکینە شەیتان بێهیوا بووە لە شارتاندا لە کۆتا زەمان بپەرسترێ، ئەو لێتان ڕازی یە بە کارە بەکەم سەیرکراوەکان، دەی بۆ ئاینتان وریای بن بەهۆی کارە بەکەم سەیرکراوەکان) ئەوەشی زیادکردووە فەرمووی(ئەی خەڵکینە من لە نێوتاندا ئەوەم بەجێهیشتووە کە ئەگەر وەریبگرن هەرگیز گومڕانابن، کتێبی خوا دوە کاری پێ بکەن) لە کۆتاییەکەشدا هاتووە(دەی بزانن، ئەوەتان ئامادەیە بیگەیەنێت بەوەتان کە ئامادە نیە، دوای من هیچ پێغەمبەرێ نیەو دوای ئێوە هیچ ئوممەتێ نیە) پاشان دەستەکانی بەرزکردەوەو فەرمووی(خوایە شاهید بە).[1,2]

[1] - ضعیف.

[2] - صحیح.

بەیهەقی لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە نێوەندی ڕۆژانی تەشریقدا وتاریماڵئاوای بۆ داینو فەرمووی(ئەی خەڵکینە پەروەردگارتان یەکەو باوکتان یەکە، وریابن هیچ فەزڵێکی عەرەبی بەسەر عەجەمیو عەجەمی بەسەر عەرەبیو سور بەسەر ڕەشو ڕەش بەسەر سوردا نیە جگە بە تەقوا، بەڕێز ترینتان لای خوا لە خوا ترس ترینتانە، بزانن ئایا گەیاندم ؟) وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(دەی با ئامادەتان بیگەیەنێت بەوەی ئامادە نەبووە).[2]

(ئیبن ماجە ص ٥٦٥) لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەر وشترەکەی(المخضرمە) بوو لە عەرەفات کە فەرمووی(ئایا دەزانن ئەمە چ ڕۆژێکو چ مانگێکو چ شارێکە ؟) وتیان ئەمە شارێکی حەرامو مانگێکی حەرامو ڕۆژێکی حەرامە، فەرمووی(دەبزانن سامانتانو خوێنتان لە یەکدی لەسەرتان حەرامە وەك حەرامی ئەم مانگەتان لەم شارەتان لەم ڕۆژەتاندا، وریا بن من لەسەر حەوز و ئێوە لە گەلان بەزۆرتر دادەنێم، دەی ڕووم ڕەش مەکەن، وریا بن من خەڵکانێ ڕزگار دەکەمو خەڵکانێ لە دەستیان ڕزگار دەکرێم، دەڵێم پەروەردگارا هاوەڵەکانم، دەفەرموێت تۆنازانیت دوای تۆ چییان کردو داهێنا)[3][4].

---

[1] – ئیبن عومەر بە دوورو درێژی ئەم فەرموودەیەی هێناوە لە(البدایە والنهایە ج٥، ص٢٠٢) دا. فەرموودەکەی ئەبو حرەی ڕەقاشیش لە مامیەوە لەلایەن بەغەویو باوردیو ئیبن مەردەویەشەوە بە دوورو درێژی هاتووە. وەك لە(کنز العمال ج٣، ص٢٦) دا هاتووە.

[2] – بەیهەقی دەڵێت کەسێ کە لەبیرچوونی هەیە لە سەنەدەکەدا هەیە، لە(الترغیب والترهیب ج٤، ص٣٩٢) دا واهاتووە.

[3] – صحیح.

[4] – ئیبن ماجە دەڵێت فەرموودەکە غەریبە، ئەحمەدیش بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(کنز العمال ج٣، ص٢٥) دا هاتووە.

وتارەكانی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر دەجال و موسەیلەمەو یەئجووج و مەئجووج داچوون

ئەحمەد لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت لە حەجی ماڵئاوایدا قسەمان دەكردو نەمان دەزانی ماڵئاواییە لە پێغەمبەر(ﷺ). لە حەجی ماڵئاوایدا پێغەمبەر(ﷺ) وتاری داو باسی مەسیحی دەجالی كردو زۆر لەسەری چوو، پاشان فەرمووی(خوای گەورە هەر پێغەمبەرێكی ناردبێ ئوممەتەكەی هۆشیاری پێداوە، نوح و پێغەمبەرانی دواتری هۆشیاریان پێداوە بەڵام لە بەزم و باری لە ئێوە شاراوەتەوە)، ئەوەتان لێ شاراوە نەبێت پەروەردگارتان چاوی كوێر نیە)[1].[2]

ئەحمەدو تەبەرانی- دەقە هی ئەوە- لە سەفینەوە(ﷺ) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین و فەرمووی(پێش من هەر پێغەمبەرێ بووە هۆشیاری بە ئوممەتەكەی داوە لەسەر دەجال، ئەو چاوی چەپی كوێرە، چاوی ڕاستی پارچە گۆشتێكی(پەڵەیەكی) توندو تۆخی هەیە، لە نێو چاوانیدا نوسراوە كافر، لە گەڵیدا دوو دۆڵ دەردەچن، یەكێكیان بەهەشت و ئەویتریان ئاگرە، بەهەشتی ئەو دۆزەخ و دۆزەخی ئەو بەهەشتە، دوو فریشتەی لەگەڵ دایە وەك دوو پێغەمبەرن لە پێغەمبەران، یەكێكیان لە ڕاستیەوە ئەویتریان لە چەپیەوە، ئەمەش فیتنەیە بۆ خەڵك، دەڵێت مەگەر من پەروەردگارتان نیم زیندوو دەكەمەوەو دەمرێنم؟ یەكێك لە فریشتەكان دەڵێت درۆت كرد، هەركەس لە خەڵك ببیستێ لەگەڵ ئەو فریشتە دەبێت، ئەوی دیكەش دەڵێت ڕاست دەكەیت، خەڵكی دەبیستن وادەزانن دەجالی بەڕاست داناوە، ئەوەش فیتنەو تاقیكردنەوەیە، پاشان دەچێت تا دێتە مەدینە و

---

[1] - صحیح.

[2] - هەیسەمی ج٧، ص٣٣٨) دەڵێت: كەسەكانی سەنەدەكە صەحیحن و هەندێكی لە صەحیحەكەدا هاتووە، تەواو.

مۆڵەتی پێنادرێت تیایدا، دواتر دەڵێت ئەوە گوندی ئەو کابرایە، پاشان دەچێت تا دێتە شام لەوێ خوای گەورە لای(عقبه أفيق) لە ناوی دەبات[1] [2].

ئەحمەد لە جەنادەی کوڕی ئەبو ئومەییەی ئەزدیەوە هێناویەتی دەڵێت: منو یەکێك لە پشتیوانان چووین بۆ لای هاوەڵێکی پێغەمبەر(ﷺ) وتمان فەرموودەیەکمان بۆ بڵێ کە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر دەجال فەرموو بێتیو لێت بیستبێت، وتی پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داینو فەرمووی(هۆشیاریتان پێدەدەم لەسەر دەجال- سێ جار- هەرچی پێغەمبەرە هۆشیاری لەسەر داوە، ئەی ئومەت دەجال لە نێو ئێوە دایە،، ئەو کەسێکی گەنم رەنگی چاوی چەپ بڕاوە، بەهەشتێكو دۆزەخێکی لەگەڵە، لەگەڵیدا چەند شاخێ لەنانو ڕوبارێ لە ئاو هەیە، ئەو باران دەبارێنێو درەخت ناڕوێنێ، بەسەر دەرونێکدا زاڵ دەبێو دەیکوژێتو بەسەر جگە لەو دا زاڵ نابێت، لە زەویدا چل بەیانی دەمێنێتەوە دەگاتە هەموو کونجو لایەك، نزیکی چوار مزگەوت نابێتەوە، مزگەوتی(الحرام)و مزگەوتی مەدینەو مزگەوتی(الطور)و مزگەوتی(الأقصى) لێتان تێکەڵ نەبێ چونکە پەروەردگارتان کوێر نیە)[3] [4].

(حاکم ج٤، ص ٥٣٦) لە ئەبو ئومامەی باهلیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێ وتاری بۆ داینو زۆربەی وتارەکەی باسی دەجال بوو لەبارەیەوە قسەی بۆ دەکردین تا لە وتارەکەی لێبوویەوە، ئەو ڕۆژە تیایدا پێی فەرموویین(خوا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ هۆشیاری داوە بە پێغەمبەرەکەی لەسەر

---

[1] - حسن.

[2]-(هەیسەمی ج٧، ص٣٤٠) دەڵێت کەسەکانی جێمتمانەنو قسەیەکی بێ زیانیش لەسەر هەندێکیان هەیە، تەواو.

[3] - صحيح.

[4]-(هەیسەمی ج٧، ص٣٤٣) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە کەسانی صەحیحن.

دەجال، من کۆتای پێغەمبەرانم و ئێوەش کۆتای گەلانن و دەجال بێ ئەملاو ئەولا لە نێوان ئێوەدا دەردەچێ، ئەگەر دەرچێت و من لە نێوتاندا بم من پاڵپشتی هەموو موسڵمانێکم، وە ئەگەر دوای من لە نێوتاندا دەرچێ هەموو کەسێ بەرپرسی خۆیەتی و خواش بەرامبەر هەر موسڵمانێ جێگرەوەی من، ئەو لە رێیەك لە نێوان عێراق شامدا دەردەچێت، بەڕاست و بە چەپدا خراپە دەنێتەوە، ئەی بەندەکانی خوا دەی پێ چەسپاو بن، چونکە ئەو دەست پێدەکات دەڵێت من پێغەمبەرم دوای منیش پێغەمبەری دی نیە، دواتر زۆرتر دەچێت تا دەڵێت من پەروەردگارتانم، ئێوە پەروەردگارتان نابینن تا دەمرن، ئەو لە نێو چاوانیدا نوسراوە کافر، هەموو باوەڕدارێك دەیخوێنێتەوە، هەرکەس لە ئێوە پێی گەیشت با تف بکاتە ناوچاوی و سەرەتاکانی سورەتی(اصحاب الكهف) بخوێنێ، ئەو زاڵ دەبێ بەسەر نەفسێ لە ئادەمیزاددا و دەیکوژێت و زیندووی دەکاتەوە و لەوە تێپەڕناکات و بەسەر جگە لەو نەفسەدا زاڵ نابێت، لە فیتنەو تاقیکردنەوەی ئەوەیە بە هەشتێك و دۆزەخێکی لەگەڵدایە جا دۆزەخەکەی ئەو بەهەشتەو بەهەشتەکەی دۆزەخە، هەر کەس بەر ئاگری کەوت با چاوەکانی دابخات و پەنا بباتە بەر خوا ئاگرەکە لەسەری ساردو سەلامەت دەبێت وەك چۆن ئاگر بۆ سەر ئیبراهیم ساردو سەلامەت بوو، لە فیتنەکەی ئەوەشە دەدا بە لای دەستەیەکدا بڕوای پێدێنن و بەڕاستی دەزانن، ئەویش هاواریان بۆ دەکات و ئاسمان ئەو ڕۆژەیان بارانیان بەسەردا دەبارێنێ و ئەو ڕۆژە زەوی بۆ یان بە پیت دەبێ و ئەو ڕۆژە ولاخ و ماڵاتیان لە جاران باشتر دەچن و قەڵەو ترو مل بەرزترو شیر زیاتر، دەدات بە لای دەستەیەکدا بڕوای پێ ناهێنن و بە درۆی دەخەنەوە، ئەویش لە دژیان هاوار دەکات، بەوە هیچ گیانەوەرێك لەوان بە زیندوێتی بەیانی ناکاتەوە، ڕۆژەکانی چل ڕۆژن، ڕۆژێ وەك ساڵێك و ڕۆژێك وەك مانگێك و ڕۆژێ وەك هەفتەیەك و ڕۆژێ وەك ڕۆژانی دیکە، کۆتا ڕۆژەکانی وەك تراویلکە(سەراب) وایە، کەس بەیانی لەبەر دەرگای مەدینەیە پیش ئەوەی بگاتە لای دەرگاکەی دیکەی ئێوارە دەکاتەوە) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا لەو ڕۆژە

کورتانەدا چۆن نوێژ بکەین؟ فەرمووی تقدرون فیها ثم تصلون کما تقدرون فی الأیام الطوال)(تیایدا پێوان کاری بکەن و دواتر چۆن وەك ڕۆژە درێژەکان پێوانەتان دەکرد بەو شێوە نوێژ بکەن)[1,2].

ئەبو یەعلا لە جابرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێ لەسەر مینبەر وەستاو فەرمووی(ئەی خەڵکینە من بۆ خێرێ کە لە ئاسمانەوە هاتبێ کۆم نەکردوونەتەوە) فەرموودەی(الجساسە) دێنێ و ئەوەشی بۆ زیادکردووە(ئەو مەسیحەو زەوی بۆ دەپێچرێتەوە لە چل ڕۆژدا مەگەر ئەوەی لە تەیبەیە) فەرمووی(تەیبە مەدینەیە، هەر دەرگایەکی فریشتەیەکی شمشێر بەدەستی لەسەر شمشێرەکەی ڕێی پێ نادات، لە مەککەش بە هەمان شێوەیە)[3,4].

ئەحمەد لە ئەعلەبە لە عبادی عەبدی خەڵکی بەسرەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژێك ئامادەی وتاری سەمرەی کوڕی جوندب بووم، لە وتارەکەیدا فەرموودەیەکی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕایەوە، وتم فەرموودەی خۆرگیرانی باسکرد تا وتی: دەرکەوتنەوەی خۆر لە دانیشتنی لە ڕکاتی دووەمیدا بوو، زوهەیر وتی-وابزانم وتی- سەلامی دایەوەو سوپاس و ستایشی خوای کردو شایەتی دا ئەو بەندەو نێرراوی خوایە، پاشان فەرمووی(ئەی خەڵکینە خواتان لێ بە شایەت دەگرم(لەبەر خوا داواتان لێ دەکەم) ئەگەر دەزانن من لە شتێکدا کورتیم نواندووە لە گەیاندنی پەیامەکانی پەروەردگارم ئەوەم پێ بڵێن) کەسانێ هەستان وتیان شایەتی دەدەن تۆ پەیامەکانی پەروەردگارت گەیاندو ئامۆژگاری ئوممەتت کردو ئەوەی لەسەرت

---

[1] - صحیح.

[2] -(حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحەو بوخاری و موسلیم بەو دەقە نەیانهێناوە، زەهەبیش لەسەری کۆکە.

[3] - صحیح.

[4] -(هەیسەمی ج٧، ص٣٤٦) دەڵێت ئەبو یەعلاش بە دوو سەنەد هێناویەتی، کەسەکانی سەنەدێکیان کەسانی صەحیحن، تەواو.

بوو بە جێت گیاند، پاشان فەرمووی(پاشان خەڵکانێ بانگەشەی ئەوە دەکەن گیرانی ئەو خۆرەو ئەو مانگەو ئاوابوونی ئەو ئەستێرانە لە هەڵهاتنیان لەبەر مەرگی کەسانی گەورەی سەرزەوی یە، ئەوان درۆ دەکەن بەلاّم چەند ئایەتێکن لە ئایەتەکانی خوای گەورە کە بەندەکانی پێ تاقی دەکاتەوە تا بڕوانێ کامیان تەوبەی لادەکات، بە خوا من لەو کاتەوەی هەستاوم نوێژ دەکەم دەڕوانم بۆ ئەوەی ئێوە لە باری دنیاو دوارۆژتاندا پێی دەگەن، بەخوا ڕۆژی دوایی نایەت تا سی(٣٠) درۆزن دەردەکەون کۆتاییان کە کوێری دەجالە کە چاوی چەقی مەسحکراوە وەك چاوی ئەبو یەحیا-پیرێکی ئەو کاتی نێو پشتیوانان بوو لە نێوان ئەو ماڵی عائیشەدا بوو- وایە هەرکات دەردەچێت بانگەشە دەکات خوایە، هەر کەس بڕوای پێ بهێنێ و بەڕاستی بزانێ و شوێنی بکەوێت کردەوەی باشی پێشتری سودی پێ ناگەیەنێت، هەرکەسیش بڕوای پێ نەکات و بە درۆی بزانێت لەسەر هیچی لە کردەوەی ڕابردووی سزا نادرێت، دواتر بەسەر هەموو سەرزەویدا زاڵ و دیار دەبێت جگە لە حەرەم و بەیتولموقەدەسە، لە بەیتولمەقدیس دا گەمارۆی باوەڕداران دەدات، بومەلەرزەیەکی توند دایان دەگرێت پاشان خوای گەورە لە ناوی دەبات تا بناغەی حەوشەکە- حەسەنی ئەشیەب دەڵێت ڕەگی درەخت- هاوار دەکات- یان وتی دەڵێت- ئەی باوەڕدار یان وتی ئەی موسوڵمان-ئەوە جولەکەیە- یان وتی ئەوە بێباوەڕە- وەرە بیکوژە، فەرمووی: ئەوە هەرگیز وانابێت تا چەند ڕووداوێ دەبینن لە دەرونتاندا باریان گەورە دەبێت و لە نێو خۆتاندا پرسیاردەکەن ئایا پێغەمبەرتان هیچ باسی ئەوەی بۆ کردوون ؟ هەروەها تا چەند شاخێ لەڕیزی خۆیان ئاوابن دبکەون، پاشان بە دوای ئەوەدا گرتن و سەندنەوەیە(القبضی) دەڵێت پاشان ئامادەی وتارێکی سەمرە بووم کە تیایدا ئەو وتارەی باسکرد کە وشەیەکیشی لە شوێنی خۆی پاش و پێش پێ نەکرد،[1]

---

[1] - ضعیف.

هەیسەمی ج٧، ص ٣٤٢ دەڵێت: ئەحمەدو بەزار هەندێکیان هێناوەو تیایدا دەفەرموێت(هەرکەس پشت بەخوا ببەستێ وبڵێ پەروەردگارم خوایە زیندووەو نامرێ هیچ سزایەکی لەسەر نیە، هەرکەسیش بڵێ تۆ پەروەردگاری منیت تووشی بوو هەڵخەڵەتاوە).[1]

ئەحمەدو تەبەرانی لە ئەبو بەکرەوە هێناویانە دەڵێت: پێش ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) قسە لەسەر موسەیلەمە بکات خەڵکی زۆر گەورەیان دەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) وتاری لەسەرداو فەرمووی(پاشان، سەبارەت بەباری ئەو کابرای کە زۆر لەسەری دەڵێن ئەوە درۆزنێکە لە سی(٣٠) درۆزنەکە لە نێوەندی ڕۆژی دواییدا دەردەچن، هەرچی شارە ترس و بیمی مەسیحی پێ دەگات).[2,3]

ئەحمەدو تەبەرانی لە ئیبن حەرمەلەوە لە خالیدی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی حەرمەلە لە پوریەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) سەری لە تاو پێوەدانی دوپشکەوە بەستبوو فەرمووی(ئێوە دەڵێن هیچ دوژمنێ نیە، ئێوە بەردەوام شەڕ دەکەن تا یەئجوج و مەئجوج کە ڕوو پان و چاو بچوك قژو موو سوور باون. دێن و لە هەموو بەرزاییەکەوە دەردەکەون دەموچاویان وەك قەڵغانی یەك لەسەر یەك وایە).[4]

---

[1]- کەسەکانی ئەحمەد صەحیحن جگە لە عەلبەی کوڕی عباد کە ئیبن حبان بە جێ متمانەی داناوە، تەواو.

[2]- صحیح.

[3]-(هەیسەمی ج٧، ص٣٣٢) دەڵێت یەکێ لە سەنەدەکانی ئەحمەدو تەبەرانی کەسانی صەحیحن-تەواو-(حاکم ج٤، ص٥٤١) لە ئەبو بەکرەوە بەو شێوە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیادکردووە(جگە لە مەدینە کە لەسەر هەموو دەروازەیەکی ئەو ڕۆی دوو فریشتە هەن ترسی مەسیحی لێ دەتوێننەوە).

[4]- ضعیف.

ئەحمەدو تەبەرانی لە بەقیرەی ژنی قەعقاعەوە هێناویانە دەڵێت: من لە کۆڕو نەیزی ئافرەتاندا دانیشتبووم کە بیستم پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەداو بە دەستی چەقی ئاماژەی دەکردو دەیفەرموو(ئەی خەڵکینە ئەگەر بیستتان بە داچونێك لێرەدا ڕۆژی دوای دێت)[2].[3]

[1] -(هەیسەمی ج٨، ص٦) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە کەسانی صەحیحن.

[2] - ضعیف.

[3] -(هەیسەمی ج٨، ص٩) دەڵێت: لەسەنەدەکەدا ئیبن ئیسحاق هەیە کە مودەلەسەو کەسەکانی دیکەی یەکێ لەسەنەدەکانی ئەحمەد کەسانی صەحیحن. تەواو.

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر سەرکۆنەکردنی غەیبەت

ئەبو یەعلا لە بەرائەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین تا گوێی لە عەتیقەی ناومالْ بوو فەرمووی(ئەی کۆمەڵی ئەوانەی بە زمانی باوەڕی هێناوەو ئیمان نەچووەتە ناو دڵی، غەیبەتی موسڵمانان مەکەن و بەشوێن عەیب و ئابڕوویاندا مەچن، چونکە هەرکەس شوێن ئابڕوی براکەی بکەوێت خوا شوێن ئابڕوی دەکەوێت، هەرکەسیش خوا شوێن ئابڕوی بکەوێت لە نێوەندی ماڵی خۆیدا ئابڕوی دەبات)[1][2].

تەبەرانی لە ئیبن عەباسەوە بەو شێوە هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە(لا تؤذوا المؤمنين ولا تبعوا عوراتهم، فأنه من يتبع عورة أخيه المسلم هتك الله ستره)(ئیمانداران ئازار مەدەن و شوێن ئابڕویان مەکەون، چونکە هەرکەس شوێن ئابڕوی برا موسوڵمانەکەی بکەوێت خوا پەردەو پۆشتەی دەشکێنێت)[3][4].

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە

ئیبن ماجەو ئیبن حبان لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ لام کە ڕووخساریم بینی زانیم شتێکی لایە، دەستنوێژی گرت و کەس قسەی نەکرد، من خۆم لکاند بە حوجرەکەوە تا فەرمایشتەکەی ببیستم، لەسەر مینبر دابەزی و سوپاس و ستایشی خوای کردو فەرمووی(یا أیها الناس إن الله

---

[1] – حسن.

[2] –(هەیسەمی ج٨، ص ٩٣) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی جێ متمانەن.

[3] – حسن.

[4] –(هەیسەمی ج٨، ص٩٤) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن بەیهەقی لە بەرائەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠٠) دا واهاتووە.

يقول لكم مروا بالمعروف وانهوا عن المنكر قبل ان تدعوا فلا اجيب لكم وتسألوني فلا أعطيكم وتستنصروني فلا انصركم)(ئەی خەڵکینە خوا پێتان دەفەرموێت: چاکە بەرەو ڕێی بەرن و ڕێگری لە خراپە بکەن پێش ئەوەی نزا بکەن و بۆتان گیرا نەکەم و داوام لێبکەن نەتاندمێ و داوای سەرکەوتنم لێبکەن و سەرتان نەخەم) لەوە زیاتری نەفەرموو تا دابەزی[١،٢].

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لە هۆشیاری دان لەسەر ئاکاری خراپ

حاکم- لەسەر مەرجی موسلیم بە صەحیحی داناوەو دەقەکە هی ئەوە- وئەبو داود بە کورتی لە عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە هێناوەیانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین و فەرمووی(وریای ستەم بن چونکە ستەم تاریکی ڕۆژی دواییە، وریای داوێن پیسی و داوێن پیسکاری نواندن بن، وریای ڕژدی بن چونکە ئەوانەی پیش ئێوە بەڕژدی لە ناوچوون، فەرمانی پێکردن بە پچڕاندنی خزمایەتی ئەوانیش بڕیان، فەرمانی پێکردن بە بەخیلی ئەوانیش کردیان، فەرمانی پێکردن بە خراپە ئەوانیش فاجر بوون و خراپەیان کرد) کەسێ هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا کام ئیسلام بە فەزڵترە؟ فەرمووی(ئەوەی موسوڵمانان لە زمان و دەستت پارێزراو بن) ئەو کابرا یان جگە لەو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا کام کۆچ چاکترینە؟ فەرمووی(واز لەوە بیهێنی کە پەروەردگارت حەزی پێ ناکات، کۆچ دوو گۆچە کۆچی حازرو کۆچی بادی، کۆچی بادی ئەوەیە ئەگەر بانگکرا وەڵام بدرێتەوەو ئەگەر فەرمانکرا جێبەجێ بکرێ، کۆچی ئامادە گەورەترینە لە دەستکەوت و بە

---

[١] – ضعيف.

[٢] – لە(الترغيب والترهيب ج٤، ص١٢) دا واهاتووە، ئەحمەدو بەزار بە هەمان شێوە هێناویانە وەك لە(المجمع ج٧، ص٢٦٦) دا واهاتووە.

فەزڵترە لە پاداشتدا)[1].[2] لە سەرەتاکەشیەوە ئەوەی زیاد کردووە(إیاکم والخیانة فأنها بئست البطانة).(وریای ناپاکی بن چونکە هاودەمێکی خراپە).[3]

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە هۆشیاریدان لەسەر تاوانە گەورەکان

ئەحمەدو ترمزی- دەڵێت فەرموودەکە غەریبە- بەغەوی و ئیبن قانع و ئەبو نەعیم لە ئەیمەنی کوڕی خریمەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری دەدا فەرمووی(ئەی خەڵکینە شایەتی دانی درۆ هاوسەنگ بە هاوەڵ دانان بۆ خوا وەستاوە، سێ جار فەرمووی، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە(فاجتنبوا الرجس من الأوثان واجتنبوا قول الزور)[4].[5]

ئیبن ئەبی دنیا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین و باسی سوو گەورەی مەسەلەکەی کردو فەرمووی(درهەمێ کە کەسێ لە سوووەوە دەستی بکەوێت لای خوا لە تاواندا لە سی و شەش زینا گەورەترە کە کەسێ بیکات، گەورەترین سووش ئابڕوی کەسی موسوڵمانە)[6].[7]

---

[1] – صحیح.

[2] – لە(الترغیب والترهیب ج٤، ص ١٥٨) دا واهاتووە، تەبەرانی لە هەرماسی کوڕی زیادەوە بە کورتی هێناویەتی وەك لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٤٦٧) دا هاتووە.

[3] – ضعیف.

[4] – ضعیف.

[5] – لە(کنز العمال ج٤، ص٧) دا واهاتووە.

[6] – صحیح لغیرە.

[7] – لە(الترغیب والترهیب ج٤، ص٢٨٢) دا واهاتووە.

ئـیبن ئـەبی شـەیبە لـە ئـیبن موسـای ئەشـعەریەوە هێناویـەتی دەڵێـت: پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێ وتاری بۆ داین و فەرمووی(ئەی خەڵکینە لە هاوەڵدانان بترسن چونکە شاراوەترە لـە ترپـەی مێرووڵـە) کەسێ کە ویستی قسە بکات وتـی: چۆن خۆمانی لێ بپارێزین لە کاتێکدا سوکترە لـە ترپـەی مێرووڵە ئەی پێغەمبـەری خوا، فـەرمووی بڵـێن(اللـهم إنـا نعـوذ بـك أن نـشرك ونحـن نعلمـة ونـستغفرك لمـا لا نعلمة)(خوایە ئێمە پەنا دەگرین بە تۆ بەوەی هاوەڵ دابنێین و ئێمە بیزانین و داوای لێخۆش بوونت لێ دەکەین بۆ ئەوەی نایزانین)[1][2].

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر سوپاسگوزاری

عەبدوڵڵای کوڕی ئەحمەدو بەزارو تەبەرانی لـە نوعمـانی کـوڕی بەشـیرەوە هێناویانە دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر ئەو مینبەرە فەرمووی(من لم یشكر القلیل لم یشكر الكپیر ومن لم یشكر النـاس لم یـشكر الله عزوجل، والتحـدث بنعمـة الله شكر وتركها كفر، والجماعه رحمه و الفرقه عزاب)(هەرکەس سوپاس لەسەر کەم نەکات سوپاس لە سەر زۆر ناکات، هەرکەس سوپاسی خەڵك نەکات سوپاسی خوا ناکات، باسـکردنی بەخشـشی خـوا سوپاسـکردنەو باسـنەکردنی کـوفر پێکردنـە دان پێدانەنانە، کۆمەڵبوون ڕەحمەت و جیای سزایە) ئەبو ئومامەی باهلی وتـی بـەرەو ڕەشـی گـەورە بـچن، کەسـێ وتـی ڕەشـی گـەورە چیە؟ ئەبو ئومامـە ئـەو ئایەتـەی سورەتی نوری خوێندەوە ﴿فَإِن تَوَلَّوا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُم مَّا حُمِّلْتُمْ﴾[3].

ئیبن نـەجار لـە ئـەبو زەرەوە هێناویـەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبـەر(ﷺ) وتـاری دەداو ئـەم ئایەتـەی خوێنـدەوە(اعلمـوا آل داود شـكراً وقلیـل مـن عبـادي الـشكور)

---

[1] – حسن لغیره.

[2] – لە(كنز العمال ج٢، ١٩٦) دا واهاتووە.

[3] –(هەیسەمی ج٥، ص٢١٨) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.

پاشان فەرمووی(من أوتى ثلاث فقد أوتي مثل ما أوتي داود، خشية الله فى السروا العلانية والعدل فى الغضب والرضاء والقصد فى الفقر والغناء)(هەرکەس سیانی هەبێت وەك داودی کردووە، لە خوا ترسان لە نهێنیو ئاشکرادا، دادپەروەری لە تورەیو ڕەزامەندی حاڵدا، ڕاسترەوی لە هەژاری ودەوڵەمەندیدا).[1]

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر چاکەی ژیان

عەسکەری لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) داو فەرمووی(هیچ خێرێ نیە لە ژیاندا جگە بۆ گوێگرێکی تێگەیشتوو یان زانایەکی زمان پاراو(دەربڕ) ئەی خەڵکینە ئێوە لەسەر دەمی ئاگر بەستدان(هدنة) وە بەڕێبردنتان خێرایەو ئێوە شەو ڕۆژ دەبینن هەموو نوێیەك کۆن دەکەنو هەمو دورێك نزیك دەکەنەوەو هەموو جێ بەڵێنێ دێنن، دەی ئامادەبن بۆ جیهاد لەبەر دووری(میضمار) میقداد وتی ئەی پێغەمبەری خوا هودنە چی یە؟ فەرمووی(بە لاو دابڕان ئەگەر بارەکان بەسەرتاندا داکەوتن وەك بەشە شەوی تاریك بنەونە قورئان، چونکە شەفاعەتارێکی سکاڵاکارو قسە وەرگیراوێکی بەڕاست دانراوە، هەرکەس لە پێش خۆیەوە دایبنێ بەرەو بەهەشت دەیبات، هەرکەسیش لە دوایەوە دایبنێت بەرەو دۆزەخی دەبات، قورئان بەڵگەو ڕێنیشاندەرە بۆ چاکترینی ڕێگەو جیاکەرەوەی بێبەكو بنەما نیە، دیارو ناخی هەیە، دیارەکەی حوکمو ناخی زانستە، دەریای قوڵەو سەرسوڕهێنەرەکانی ناژمێردرێنو زاناکان لێی تێر نابن،

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٦) دا واهاتووە.

ئـەوە پـەتی پتـەوی خوایـەو ڕێـی ڕاسـت ڕێنمـوونی کـراوە. تیایـدا چـراکانی ڕێنموونیو ڕووناکی بەخشی حیکمەتو ڕێنیشاندەری بەڵگە هەیە).[1]

وتاری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەر چاو نەبڕینە دنیا

ئـەبو نـەعیم لـە(الحليـة ج٣، ص٢٠٢) لـە حوسـەینی کـوڕی عەلیـەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)م بینی وتاری بۆ هاوەڵانی دەداو دەیفەرموو(ئەی خەڵکینە وەك ئەوەی مردن تیایدا لەسەر جگە لە ئێمە نوسرابێت، وەك ئەوەی حەق تیایدا لەسەر جگە لە ئێمە واجب بووبێت، وەك ئەوەی ئەو مردوانەی بەڕێ دەکرێن سەفەرێکی کەم بێتو بۆ لامان بگەڕێنەوە، دواماوەیان دەخۆین وەك ئەوەی دوای ئەوان نەمری هەمیشەی بێت، هەموو ئامۆژگاریەکمان لە بیرکردووە و لە هەموو چەرمەسەریەکی گەورە بێخەم بووین، سەربەرزی بۆ ئەوەی عەیبو عاری خۆی سەرقاڵی کردووە لە ڕوانینە عەیبو عاری خەڵك، سەربەرزی بۆ ئەوەی دەستکەوتی پاکەو نهێنی چاکەو ئاشکرای دروستو باشە ڕێڕەوی ڕاستاڵ و ڕێکە، سەربەرزی بۆ ئەوەی لەبەرخوا بەبێ هیچ کەمیەك خاکیەو لەوەی کۆی دەکاتەوە بەبێ تاوانو لادان دەبەخشێتو تێکەڵی دارو دەستەی فیقهو داناییەو ڕەحمی بۆ دارو دەستەی زەلیلیو هەژاران هەیە، سەربەرزی بۆ ئەوەی زیادەی سامانی دەبەخشێ و زیادەی قسەی دەگرێتەوە و سوننەت فراوانی پێداوەو لەبری سوننەت ناچێ بۆ هیچ

[1] -(كنز العمال ج١، ص ٢١٨).

بیدعەیەك) پاشان دابەزی،[1] لە سەرەتاكەیدا دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر وشترەكەی(الجدعاء) وتاری بۆ داین و فەرمووی(ئەی خەڵكینە) بە هەمان شێوە دەیهێنێت وئەوەشی بۆ زیاد كردووە(بیوتهم اجدائهم ونأكل تراثهم)(ماڵەكانیان گۆڕیانن و ئێمەش دواماوەیان دەخۆین) لە گێڕانەوەكەیدا هاتووە(شوێن سوننەت بكەویّ و بەرەو بیدعە تێی نەپەڕێنێت) بەزار لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێرانەوەكەیدا هاتووە لە سەروشتری عەزبای نەوەك جەدعا نەبوو، لە گێڕانەوەكەیاندا هاتووە(نبوئهم اجداثهم) لە گێڕانەوەكەیدا هاتووە تێكەڵی دارو دەستەی فیقه بێت و دووربگرێت لە دارو دەستەی گومان و بیدعەو ئاشكرای چاك و دروست بیّ و خەڵكی لە خراپەی دوور بگریّ)[2][3].

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر بوو خەڵكی لە دەوری بوون فەرمووی(ئەی خەڵكینە لە خوا شەرم بكەن بە تەواوی واتای شەرم) كەسیّ وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە شەرم لە خوا بكەین؟ فەرمووی(من كان منكم مستحيیا فلا يبيتن ليلة الا وأجلة بين عينيه وليحفظ البطن وما وعى الرأس وما حوى وليذكر الموت والبلى، وليترك زينة الدنيا)(هەركامتان شەرم دەكات شەویّ ناخەویّ مەگەر ئەوەی سەرە مەرگی لەبەر چاوی بێت، وە باسكی و ئەوەی وەرگرو خاوەن وەعیەو سەرو ئەوەی لە خۆدەگرێت

---

[1] – ئەبو نەعیم دەڵێت ئەم فەرموودە لە فەرموودەی ئەنەس لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەگێڕێتەوە، تەواو، ئیبن عەساكیر بە هەمان شێوە فەرموودەكەی ئەنەس دێنێت وەك لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠٤) دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3] –(هەیسەمی ج١٠، ص٢٢٩) دەڵێت بەزار هێناویەتی و لە سەنەدەكەدا نەسری كوڕی میحزەرو لاوازی دیكەی جگە لەو هەن، تەواو.

بیپارێزێت، وەبا بیری مەرگ و تووشبوون و نەمان بکاتەوەو واز لە جوانی دنیا بێنی)[1].[2]

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە حەشر

بوخاری و موسلیم و جگە لەوان لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە دەڵێت بیستم پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر وتاری دەداو دەیفەرموو(ئێوە بە پێ پەتی و ڕووتی و خەتەنە نەکراوی دەگەنەوە بە خوا) لە گێڕانەوەیەکدا ئەوەی بۆ زیادکردووە(پیادە) لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوماندا هەستا ئامۆژگاری دەکردین فەرمووی(ئەی خەڵکینە ئێوە بەپێ پەتی ڕووت و خەتەنە نەکراوی لای خوا کۆدەکرێنەوە(کما بدأنا أول خلق نعیده وعداً علینا إنا کنا فاعلین) بزانن یەکەمی دروستکراوەکان بەبەری ئیبراهیمدا(علیه السلام) دەکرێ، بزانن کەسانێ لە ئوممەتەکەم دەهێنرێت و بەرەو چەپ دەبرێت دەڵێم خوایە هاوەڵەکانم دەفەرموێت تۆ نازانیت دوای تۆ چیان کردو داهێنا، منیش وەك ئەوە دەڵێم کە بەندەی صالح وتی(کنت علیهم شهیدا مادمت فیهم) تا(العزیز الحکیم) پێم دەوترێ ئەوان بەردەوام بە دوای خۆیاندا هەڵدەگەڕانەوە لەو کاتەوەی تۆ لێیان جیابوویتەوەو بەجێتهێشتن) لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا هاتووە فەرمووی منیش دەڵێم(سعقاً سعقاً)(دووربن دوور بن).[3]

---

[1] – حسن.

[2] – ترمزی لە ئیبن مەسعودەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و دەڵێت فەرموودەیەکی غەریبە، لە(الترغیب والترهیب ج٥، ص ٢٠٠) داواهاتووە.

[3] – لە(الترغیب والترهیب ج٥، ص٣٤٥) دا واهاتووە.

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر قەدەر

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط) و ئەبوسەهلی جندیسا بووری لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) چوویە سەرمینبەرو سوپاس و ستایشی خوای کردو فەرمووی(کتێبی خوا تیایدا داورودەستەکەی بەهەشتیەکانی بەناویان و ڕەچەڵەکیانەوە نوسیوەو کۆیان دەکاتەوە زیادوکەم ناکەن تا ڕۆژی دوایی، پاشان فەرمووی کتێبێ تیایدا خوا دارو دەستەی دۆزەخیەکانی بەناویان و ڕەچەڵەکیانەوە نووسیوە، کۆیان دەکاتەوە زیادوکەم ناکەن تا ڕۆژی دوایی، هاوەڵی بەهەشت مۆرکراوە بەکاری دارو دەستەی بەهەشت با هەرکارێ بکات، هاوەڵی دۆزەخ مۆرکراوە بەکاری دارودەستەی دۆزەخ با هەرکارێك بکات هەندێ جار ڕێی بەدبەختی بە دارو دەستەی بەختەوەری دەگیرێت تا دەوترێت چەندە لێیان دەچن بەڵکو هەر لەوانن، بەختەوەری پێیان دەگاتەوەو هەوڵی ڕزگارکردنیان دەدات، هەندێ جار ڕێی بەختەوەری بەدارو دەستەی بەختەوەری دەگیرێت تا دەوترێت چەندە لەوان دەچن بەڵکو هەر لەوانن، بەدبەختی پێیان دەگاتەوە هەوڵی دەرهێنانیان دەدات، هەرکەس خوا لە(أم الكتاب) دا بەبەختەوەری بینووسێت لە دنیا دەری ناکات تا بەکارێ بەکاری دێنێت کە پێش مردنی پێی بەختەوەری دەکات با تەنانەت هێندەی کاتی جووڵەی دەست بێ لە دۆشینی وشتردا، هەرکەس خوا لە کتێبدا بە بەدبەخت ناوی نووسیبێت لەوە دنیا دەری ناکات تا کارێکی پێ دەکات لە پێش مردنی کە پێی بەدبەختی دەکات با تەنانەت هێندەی کاتی جووڵەی دەست بێ لە دۆشینی وشتردا، کارەکان بەسەرەنجامەکانیانن)[1].

---

[1] - ضعيف.

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر سوودی میهری پێغەمبەر(ﷺ)

ئیبن نەجار لە ئەبو سەعیدەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەربوو دەیفەرموو(ئەوە چیە کەسانێ دەڵێن: میهری پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی دواییدا سوودی نیە، بەخوا میهری من لە دنیاو ڕۆژی دواییدا گەیشتوو پەیوەستە، من ئەی خەڵکینە لە ڕۆژی دواییدا لە پێش ئێوەوە لەسەر حەوز دەبم، کەسانێ دەڵێن ئەی پێغەمبەری خوا من فلانی کوڕی فلانم، منیش دەڵێم بۆ ڕەچەڵەک دەیناسم، بەلاَم ئێوە دوای من لاتان داو بە قەهەری هەڵگەڕانەوە)[2][3].

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) سەبارەت بە والیە کاربەدەستەکان

تەبەرانی لە ئەبو سەعیدەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری بۆ داین و تیایدا فەرمووی(بزانن من خەریکە داوام لێبکرێ و وەلاَم بدەمەوە لە دوای منەوە کاربەدەستانێ بێن بۆ لاتان کە کاردەکەن بەوەی دەیزانن و کاردەکەن بەوەی دەیناسن، گوێڕایەڵی ئەوانە گوێڕایەڵی یە، بە هەمان شێوە سەردەمێ دەبینن دواتر کاربەدەستانێ لە دوایان دێن بۆ تان کاردەکەن بەوەی ئێوە نایزانن و کاردەکەن بەوەی نایناسن، هەرکەس پێشەنگیان بکات و دڵسۆزیان بۆ بنوێنێ ئەوانە لە ناوچوون و لە ناوبەرن و بەجەستەتان تێکەڵیان بکەن و بە کارەکانتان لێیان جیابگرن، شایەتی لەسەر چاکەکار بدەن کە چاکەکارەو لەسەر خراپەکاریش)[1][4].

---

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص ٨٧) داواهاتووە، هەیسەمی ج٧، ص٢٢٣) دەڵێت تەبەرانی بە المعجم الأوسط هێناویەتی و تیایدا حەمادی کوڕی واقدی صەفار هەیە کە لاوازە.

[2] – صحیح.

[3] – لە(کنز العمال ج١، ص١٩٨) دا واهاتووە، ئەحمەدیش لە ئەبو سەعیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٣، ص ٢٥٦)دا هاتووە.

[4] – ضعیف.

(بوخاری ج٢، ص٩٨٢) لە ئەبو حەمیدی ساعدیەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) كار بەدەستێكی دانا، كاربەدەستەكە كاتێ لە كارەكەی تەواو بوو هات بۆ لای وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە بۆ ئێوەو ئەمەش دیاریم كرا، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەگەر لە ماڵی باوك و دایكت دابنیشتیتایە سەیرت بكردایە ئایا خەڵاتت دەكرا یان نا؟) پاشان پیغەمبەر(ﷺ) دوای نوێژ هەستاو شایەتوومانی فەرمووو سوپاسی خوای كرد بەوجۆرەی شیاویەتی و دواتر فەرمووی(پاشان باری ئەو كاربەدەستە چی یە كە دەیخەنە سەر كاریێ دێتەوە لامان و دەڵێت ئەمە لە كارەكەتان و ئەمەش خەڵاتم كرا، ئایا ئەگەر لە ماڵی باوكی و دایكی دابنیشتایە سەبری بكردایە خەڵاتی دەكرا یان نا؟ دە سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بەدەستە هەركامتان شتێ ناپاكی لێ بكات لە ڕۆژی دواییدا دەهێنرێ و لەسەر گەردنی هەڵدەگیرێت، ئەگەر وشترێ بیهێنێ نركەو دەنگی دەبێ، ئەگەر مانگایە بهێنێ بۆڕەی دەبێت، ئەگەر مەڕێ بیهێنێ بارەی دەبێت، بەڕاستی من گەیاندم) ئەبو حەمید دەڵێت پاشان پێغەمبەر(ﷺ) دەستی بەرزكردەوە تا سەیری سپیایی بن باڵیمان كرد، ئەبو حەمید دەڵێت زەیدی كوڕی ثابتیش لەگەڵ مندا ئەمەی لە پێغەمبەر (ﷺ) بیست بڕۆن پرسیاری لێ بكەن.[2]

---

[1]-(هەیسەمی ج٥، ص٢٣٧) دەڵێت تەبەرانی لە الأوسط لە موحەممەدی عەلی مروزی ماموستایەوە هێناویەتی كە لاوازە. تەواو.

[2] – موسلیم و ئەبو داود و ئەحمەدیش هێناویانە وەك لە الجامع الصغیر دا هاتووە.

وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر پشتیوانان

ئەحمەد لە ئەبو قەتادەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر مینبەر بە پشتیوانانی فەرموو(بزانن خەڵکی جلی سەرو پشتیوانان جلی خواروو من، ئەگەر خەڵکی شیوێ بگرن و پشتیوانانیش شیوێ بگرن بە دڵنیاییەوە من شیوەکەی پشتیوانان دەگرمە بەر، ئەگەر کۆچ نەبوایە من یەکێ دەبووم لە پشتیوانان، جا هەرکەسە کاروباری پشتیوانانی گرتە دەست با چاکە لەگەڵ چاکەکاریان بکات و چاوپۆشی لە خراپەکاریان بکات، هەرکەس بیان ترسێنێ ئەوەی ترساندووە کە لە نێوان ئەو دوانە دایە- ئاماژەی بۆ خۆی کرد)[١،٢].

هەروەها لە عەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی مالیکی ئەنساریەوە کە یەکێك بوو لەو سیانەی تۆراندن دای گرتن واتە باوکی هێناویەتی هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان وت ڕۆژێ پێغەمبەر(ﷺ) سەری خۆی بەستبوو دەرچوو لە وتارەکەیدا فەرمووی(پاشان ئەی کۆمەڵی کۆچەران ئێوە واتان لێهاتووە زیاددەکەن و پشتیوانان لەو شێوەی کە ئەمڕۆ لەسەری هەن زیاتر ناکەن، پشتیوانان ئەو پشتەمن کە داومەتە پاڵیان دەی ڕێزی بەڕێزیان بگرن و چاوپۆشی لە خراپەکاریان بکەن)[٣،٤].

---

[١] - صحيح.

[٢] -(هەیسەمی ج١٠، ص٣٥) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لە یەحیای کوڕی نەزری ئەنساری کە جێ متمانەشە.

[٣] - صحيح.

[٤] -(هەیسەمی ج١٠، ص ٣٦) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکەی جێمتمانەن.

وتارە جیاجیاکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)

ئەبو یەعلاو بەزار لە ئەبو بەکرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لەسەر پلەکانی مینبەر بوو دەیفەرموو(اتقوا النار ولو بشق تمرة فأنها تقيم الحوج وتدفع ميتة السوء وتقع من الجائع موقعها من الشبعان)(لە ئاگر بترسن و خۆبپارێزن و با بە لەتە خورمایەکیش بێت، چونکە لاری ڕێك دەکاتەوەو مردووی خراپە(پەڵەی خراپە) لادەبات و شوێنی برسی لە تێر دادەنێ)[1,2].

ئەحمەدو ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن ماجە لە عامری کوڕی ڕەبیع لە باوکیەوە هێناویانە دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وتاری دەداو دەیفەرموو(هەرکەس سەڵەواتێکم لەسەر بدات فریشتەکان بەردەوام صەڵەواتی لەسەر دەدەن تا صەڵەوات لەسەر من بدات، دەی با بەندەیەك لەوەدا زیاد یان کەم بکات)[3,4].

ئیبن جەریر لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە نێوماندا هەستاو وتاری دەداو دەیفەرموو(من سره ان يزحزح عن النار ويدخل الجنة فليدركه موته وهو يؤمن بالله واليوم الآخر وليأت إلى الناس مايجب أن يؤتى إليه)(کێ حەز دەکات لە دۆزەخ دوور بگرێ بچێتە بەهەشت با کە مەرگی پێی دەگات ئەو بڕوای هەبێ بەخواو ڕۆژی دوایی و ئەوە ببات بۆ خەڵك کە حەزدەکات بهێنرێت بۆلای)[5].

بوخاری و موسلیم لە ئەنەسەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وتارێکی دا کە هەرگیز وتاری لەو شێوەم نەبیستووە، فەرمووی(ئەگەر ئەوە بزانن کە من

---

[1] – ضعيف جدا.

[2] – لە(الترغيب والترهيب ج٢، ص١٣٤) داواهاتووە.

[3] – حسن.

[4] – لە(الترغيب والترهيب ج٣، ص١٦٠) دا واهاتووە.

[5] – لە(كنز العمال ج١، ص٧٦) داواهاتووە.

دەیزانم بە دڵنیاییەوە کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرین) هاوەڵان سەریان دانەواندو گریان دای گرتن.

لە گێڕانەوەیەکدا پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) شتێکی لەسەر هاوەڵانی بیست و وتاری داو فەرمووی(بەهەشت و دۆزەخم بۆ خرایە ڕوو وەك ئەمڕۆم لە خێرو خراپەدا نەدی، وە ئەگەر ئەوە بزانن کە من دەیزانم کەم پێدەکەنن و زۆر دەگرین) هیچ ڕۆژێ هێندەی ئەو ڕۆژە بۆ هاوەڵان سەخت نەبوو، سەریان دانەواندو گریان دایگرتبوون.[1]

ئیبن ئەبی حاتەم لە ئەبو سەعیدەوە هێناویەتی پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) وتاری داو ئەم ئایەتەی خوێندەوە(إنه من يأت ربه مجرماً فأن له جهنم لا يموت فيها ولا يحيى) پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) فەرمووی (أما أهلها الذين هم أهلها فلا يموتون فيها ولا يحييون، وأما الذين ليسوا من أهلها فأن النار تمسهم ثم يقوم الشفعاء فيشفعون فتجعل الضبائر فيؤتى بهم نهراً يقاله له الحياة أو الحيوان فينبتون كما ينبت العشب في الحميا السيل)[2].[3](ئەو دەستەی کە دەستەی ئەوێن تیایدا نامرن و زیندوو ناکرێنەوە، ئەوانەش لە دەستەی نین ئەوا دۆزەخ توشیان دەبێ پاشان سکالاکاران هەڵدەستن سکالاو داوادەکەن، دەستەکان دەهێنرێن بۆ ڕوبارێ پێی دەوترێ ژیان یان(الحيوان) سەردەردێننەوە وەك چۆن گژوگیا لە نێو لیتاوی لافاودا سەردەردێنێ)

ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن نەجار لە ئەبو هورەیرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) لە نێوماندا هەستاو فەرمووی(ئەی خەڵکینە گومانتان بۆ

---

[1] – لە(الترغيب والترهيب ج٥، ص ٢٢٦) دا واهاتووە.

[2] – صحيح.

[3] – لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٤، ص ١٥٩) داواهاتووە.

پەروەردگاری جیهانیان باش بێت، چونکە پەروەردگار لەگەڵ گومانی بەندەکەیدایە بۆی).[1]

(حاکم ج٤، ص ٤٣٦) لە ئەبو زوهەیری ئەقەفیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) لە وتارەکەیدا دەیفەرموو(ئەی خەڵکینە خەریکە دارو دەستەی بەهەشت و داو دەستەی دۆزەخ بناسن) یان فەرمووی(چاکتان و خراپتان) یەکێ وتی ئەی پێغەمبەری خوا بەچی؟ فەرمووی(بە ستایشی باش و ستایشی خراپ، ئێوە شایەتی یەکدین بەسەر یەکەوە)[2][3].

حەسەنی کوڕی سوفیان و ئەبو نەعیم لە عەبدوڵڵای کوڕی ئەعلەبەوە لە باوکیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) لە نێوتاندا هەستاو وتاری داو فەرمانی کرد بە صەدەقەی فیتر یەك مشت خورما یان مشتێ جۆ بۆ هەرکەسێك، یان فەرمووی بۆ هەرسەرێك –گەورەو بچووك و ئازاد و کۆیلەش–[4][5].

کۆ وتارەکانی پێغەمبەر(ﷺ)

بەیهەقی لە(الدلائل) وئیبن عەساکیر لە مێژووەکەیدا لە عوقبەی کوڕی عامری جوهەنیەوە هێناویانە دەڵێت: لە غەزای تەبوکدا دەرچووین، پێغەمبەر (ﷺ) ڕاکشا لە شەوێکدا، هەڵنەسا تا خۆر هێندەی ڕمێ دەرهاتبوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ألم أقل لك یا بیلال اکلأ لنا الفجر)(ئەی بیلال مەگەر پێم نەوتیت بەیانیمان بۆ بپارێزە)

---

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص١٤٣) داواهاتووە.

[2] – صحیح.

[3] – حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحە و بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە، زەهەبی دەڵێت صەحیحە.

[4] – صحیح.

[5] – لە(کنز العمال ج٤، ص٣٣٨) دا واهاتووە.

وتی ئەی پێغەمبەری خوا منیش هەمان باری تۆم بەسەرهات، کەسێك چوویە ئەولاو دواتر نوێژی کرد پاشان سوپاسی خوای کردو پاشان ستایشی لەسەر کرد، ئینجا فەرمووی(پاشان ڕاستترین وتە کتێبی خوایەو پتەوترین ڕێ وشەی لە خواترسیەو چاکترین میللەت میللەتی ئیبراهیمەو چاکترین سوننەتەکان سوننەتی موحەممەدن، شەرەفمەندانەترین قسە یادی خوایە، چاکترین چیرۆك و گێڕانەوە ئەو قورئانەیە، چاکترین کارەکان ئەوانەن عەزم بەکاربێت، خراپترینی کارەکان داهێنراوەکانیەتی، چاکترین ڕێنموونی ڕێنموونی پێغەمبەرانە، چاکترین مەرگ کوژرانی شەهیدانە، کوێرانەترین کوێری گومڕای دوای ڕێنموونی یە، چاکترین زانست ئەوەیە سود بەخش بێت، چاکترین ڕێنموونی ئەوەیە بگیرێتە بەر، خراپترین کوێری کوێری دڵە، دەستی بەرز چاکترە لە دەستی نزم، ئەوەی کەم و بەسە باشترە لەوەی زۆرو تێرکەرە، خراپترین پۆزش هێنانەوە ئەو کاتەیە مەرگ ئامادە بێت، خراپترین پەشیمانی هی ڕۆژی دوایی یە، خەڵکانێ هەن نوێژ ناکەن مەگەر لە دواوە، هەیە نا بە ئاشکرا نەبێت یادی خوا ناکات، گەورەترینی تاوانەکان زمانی درۆزنە، چاکترین دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دەرونە، چاکترینی توێشوو لە خواترسانە، سەری دانایی لە خوا ترسانە، چاکترین شتێ لە دڵدا بچەسپێ دڵنیاییە، گومانکاری لە بێباوەڕیە، شیوەن کردن لە کاری نەفامیە، ناپاکی لە خۆڵەمێش کۆکراوەی دۆزەخە، کەنز کۆکردنەوە لە داخکردنی ئاگرە، شیعر لە ئاوازەکانی ئیبلیسە، مەی کۆکەرەوە ڕێکخەری تاوانە، ئافرەتان پەتی شەیتانن، گەنجان بەشێکن لە شێتی، خراپترین دەسکەوت دەستکەوتی سوە، خراپترین خواردن خواردنی ماڵی هەتیوە، بەختەوەری ئەوەیە بە جگە لە خۆی ئامۆژگاری بکرێ، بەدبەخت ئەوەیە لە سکی دایکیدا لاساربێت، هەرکامتان دەگوڕێت بۆ باری چوار باڵ، کاروبار بە کۆتاییەکەیەتی، دەستکەوتی کار کۆتاییەکانیەتی، خراپترین گێڕانەوە گێڕانەوەی درۆیە، هەرچیەك کە دێت نزیکە، قسە وتن بە موسڵمان فاسق بوونە، کوشتنی باوەڕدار کوفرە، خواردنی گۆشتی لەسەرکەش بوونە لە خوا،

دەستوەردانە سامانی وەك دەستوەردانە خوێنیەتی، هەركەس سوێند بەسەر خوا بخوات بە درۆی دەخاتەوە، هەركەس لێخۆش بوونی هەبێ خوا لێی خۆش دەبێت، هەركەس لێبووردنی هەبێت خوا لێی دەبووریٚ، هەركەس قین بخواتەوە خوا پاداشتی دەداتەوە، هەركەس لەسەر سەختیو موسیبەتی خۆڕاگربێ خوا قەرە بووی بۆ دەكاتەوە، هەركەس شوێن سومعە بكەویٚ خوا سومعە داری دەكات، هەركەس خۆ ڕابگریٚ خوا ئاسانو سووك دەكات، هەركەس لە خوا یاخی بێت خوا سزای دەدات، خوایە لە منو ئوممەتەكەم خۆش بە، خوایە لە منو ئوممەتەكەم خۆش بە، خوایە لە منو ئوممەتەكەم خۆش بە، داوای لێخۆش بوون لە خوا دەكەم بۆ خۆمو ئێوەش)[1,2].

ئەحمەد لە عیاضی كوڕی حماری مەجاشعیەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژیٚ وتاری داو تیایدا فەرمووی(پەروەردگارم فەرمانی پێكردم ئەوەی نایزانن فێرتان بكەم لەوەی كە لەمڕۆژەمدا فێری بووم، هەر سامانیٚ بەندەكانم بەدەستی دەخەن حەڵاڵە، من(خوای گەورە) هەموو بەندەكانم بە پاكی دروست كردووەو شەیتانەكان هاتن بۆ لایانو لە ئایینیان گومڕایان كردنو ئەوەی بۆم حەلاڵ كردبوون لێیان حەرام كردنو فەمانیان پێكردن هاوەڵێكم بۆ دابنێن كە هیچ دەستەلاٚتم پیٚ دانەبەزاندووە، پاشان خوای گەورە سەیری زەوی كردو لە عەرەبو عەجەمیان تووڕەبوو جگە لە ماوەیەك لە بەنی ئیسرائیل وتی من تۆم ناردووە تا

---

[1] – ضعیف.

[2] – ئەبو نەسری سجزیش لە ئەبو دەردائەوە بە مەرفوعی هێناویەتی، ئیبن ئەبی شەیبەو ئەبو نەعیم لە الحلیة والضاعی لە الشهاب لە ئیبن مەسعوودەوە بە مەوقوفی هێناویانە، هەندیٚ لەوان شەرحی(الشهاب)یان كردووە دەڵێن فەرموودەكە حەسەنی غەریبە، عەسكەرو دەیلەمیش لە عوقبەوە هێناویانە، لە الجامع الصغیری سیوتیدا وشەرحەكەی(فیض القدیر) ی مەناوی(ج٢، ص ١٧٩) دا واهاتووە، حاكم لە فەرموودەكەی عەقبەوە هێناویەتی وەك لە(زاد المعاد ج٣، ص٧) داواهاتووە.

تاقیت بکەمەوەو پێت تاقی بکەمەوە، کتێبێکم بۆ دابەزاندوویت کە ئاو نایشواتەوە خەوتوو بێدار دەیخوێنێتەوە، پاشان خوا فەرمانی پێکردم قورەیش کڵپە پێبدەم، وتم پەروەردگارم سەرم ئەوکات سەرم دەشکێنن و وەك ناخی برژاو جێی دێڵن، فەرمووی دەی داوای دەرچوونیان لێ بکە، وەك چۆن داوای دەرچوونیان لێکردیت و غەزایان بکە غەزات دەکەین و بەسەریاندا ببەخشە دواتر بەسەرتدا دەبەخشین و سوپایەك بنێرە پێنج ئەوەندەی دەنێرین، بەوانەی گوێڕایەڵتن شەڕ لەگەڵ ئەوانە بکە کە لێت یاخی دەبن، دەستەی بەهەشت سیانن، خاوەن دەستەڵاتی دادوەری سەرکەوتووی بەخشەرو چاکە کار، کەسێکی میهرەبانی دڵنەرم بۆ هەموو نزیك خزم و موسڵمانێ، کەسێکی پاکی هەژاری خاوەن ماڵ و منداڵی چاکەکارو بەخشەرە دار و دەستەی دۆزەخیش پێنجن، لاوازێ کە هیچ ئایینی نیە، ئەوانەی لە نێوتاندا شوێنکەوتەن وبە دوای ماڵ و منداڵ و ساماندا ناچن ئەو ناپاکەی کە ترسی چاوچنۆکی بۆ شاراوە نییەو ئەگەریش کەم بێت ناپاکی لێدەکات، کەسێ هەرچی بەیانی و ئێوارە دەکاتەوە لەسەر ماڵ و منداڵ و سامانت فێڵت لێ دەکات) هەروەها باسی پیسکەیی یان درۆو ئاکار خراپی کردووە.[1]

ئەحمەدو ترمذی و حاکم و بەیهەقی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە(ﷺ) هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی عەسری کردو ئەوەی بیری چوو بیری چوو، لە نێو وتارەکەیدا فەرمووی(پاشان دنیا شیرین و سەوزە، خوا تیایدا بەجێگیر دایناون سەیر دەکات بزانێ چۆن کاردەکەن دەی لە دنیاو لە ژن بترسن و خۆ بپارێزن، چونکە یەکەم فیتنەی بەنی ئیسرائیل لە ئافرەتاندا بوو، وریابن ئادەمیزاد لەسەر چەند چینێکی جیاجیا دروستکراون، هەیانە بە باوەڕداری لە دایك دەبێت و بە باوەڕداری دەژی و بە باوەڕداری دەمرێت، هەیان بە بێباوەڕی لە دایك دەبێت بەبێ باوەڕی دەژی و بەبێ باوەڕی دەمرێت، هەیانە بە باوەڕداری لە دایك دەبێت، وریا بن

---

[1]- موسلیم و نەسائیش هێناویانە، وەك لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٢، ص٣٥) دا هاتووە.

تورەیی پشکۆیەك لە ناوسکی ئادەمیزاددا دادەگیرسێنیٚ، ئایا سەیری پشکۆی چاوەکانی و فوتێبوونی مل و قورگی ناکەن، ئەگەر یەکێکتان شتێکی لەوەی بینی ئەوە با لەسەر زەوی دابنیشێت، بزانن چاکترینی کەسەکان ئەوەیە تورەیی هێواش و ڕەزامەندی خێرایە، خراپترینی کەسەکان ئەوەیە زوو تورە دەبێت و درەنگ ڕازی دەبێت، ئەگەر کەسێ تورەیی هێواش و دامرکانەوەشی هێواشە ئەوەش زوو تورە دەبیٚ و دامرکانەوەشی خێرایە، ئەمەیان بەرامبەر ئەویانە، بزانن چاکترینی بازرگانان ئەوەیە کە بەجێگەیاندنی باش و داوای باش بێت، خراپترینی بازرگانان ئەوەیە بەجێگەیاندنی خراپ و داوای خراپە، ئەگەر کەسێ بەجێگەیاندنی باش و داوای خراپ یان بەجێگەیاندنی خراپ و داوای چاك بێت ئەوە بەوەیە، بزانن هەر ناپاکیٚ لە ڕۆژی دواییدا بەپێی ناپاکیەتی ئالأیەکی هەیە، وریابن گەورەترین ناپاکی ئەمیرێکی گشتیە، بزانن کەس لەترسی خەڵك ڕێگرنەبیٚ ئەگەر حەقی زانی قسەی حەق بکات، وریابن چاکترینی جیهاد وشەیەکی حەقە لای سوڵتانێکی ستەمکار، بزانن نموونەی ئەوەی لە دنیادا ماوە لەوەیدا کە چووە وەك ئەوەی کە لە ئەمڕۆتاندا ماوە لەوەی کە لێی چووە وایە)[1] [2].

ئیبن مەردەویەو بەیهەقی لە(شعب الإیمان)و ئیبن عەساکیر لە سائیبی کوڕی مهجان لە خەڵکی شامەوە کە هاوەڵانی بینیوە هێناویەتی دەڵێت: کاتیٚ عومەر چوویە شام سوپاس و ستایشی خوای کردو کەوتە ئامۆژگاری و زیکردو فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، پاشان وتی پێغەمبەر لە نێوماندا وتاری دەداو وەستابوو وەك ئەم وەستانەی من لە نێوانتاندا. فەرمانی کرد بە لە خوا ترسان و سیلەی

---

[1] – ضعیف.

[2] – لە الجامع و شەرحەکەیدا هاتووە. مەناوی ج٢، ص١٨١ دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەلی کوڕی زەیدی کوڕی جدعان هەیە کە زەهەبی کە(الضعفاء) دا هێناویەتی. ئەحمەدو یەحیا دەڵێن هیچ نییە. تەواو.

ڕەحم و چاککردنی نێوانی کەسەکان و فەرمووی(علیکم بالجماعة) لە دەقێکدا هاتووە(گوێگرو گوێڕایەڵ بن، چونکە دەستی خوا لەسەر کۆمەڵ بوونە، شەیتان لەگەڵ یەکدایەو لە دوو دورترە. کەسێ بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێ نەبێ، چونکە شەیتان سێیەمیانە، هەرکەس خراپەی خۆی پێ خراپ و چاکەی پێ خۆش بوو، ئەوە ئاماژەی موسڵمانی باوەڕدارە، ئامارژەی دووڕوو ئەوەیە کە خراپەی خۆی بە خراپە نازانێ و چاکەی دڵخۆشی ناکات، ئەگەر خەیرێکی کرد لەو خێرەدا لای خوا هیچ پاداشتی نییە، ئەگەریش خراپەیەکی کرد لەسەر ئەو خراپەیە لە سزای خوا ناترسێ، دەی لە داوای دنیادا بە جوانی داوا بکەن، چونکە خوا زامنی ڕۆزیتان بووە. هەموو ئەو کارەی بۆ تەواو دەکرێ کە ئیشکەر بووە، پشت بە خوا ببەستن بۆ کارەکانتان، چونکە خوا چی بوێت دەیسرێتەوەو دەچەسپێنێ و ئوممولکیتاب لای خوایە. صەلەواتی خوا لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەدو ئالی و سەلام و ڕەحمەتی خوای لەسەر، سەلامتان لێبێت).[1]

(کۆتا وتارەکانی پێغەمبەر(ﷺ))

تەبەرانی لە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیانەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی(صبوا عليّ من سبع قرب من آبار شتى حتى اخرج الى الناس فأعهد إليهم)(لە حەوت سەتڵ لە بیری جیا جیا ئاوم بەسەردا بکەن تا بچم بۆ لای خەڵك و ڕایانسپێرم) ئینجا سەری بەستبوو چوویە دەر تاچوویە سەر مینبەرو سوپاس و ستایشی خوای کردو پاشان فەرمووی(بەندەیەك سەرپشك کرا لە نێوان دونیاو ئەوەی لای خوایە، ئەویش ئەوەی هەڵبژارد کە لای خوایە). تەنها ئەبوبەکر لێی تێگەیشت و گریا، وتی بە دایك و باوك و منداڵمانەوە بەقوربانت بین،

[1] – بەیهەقی و ئیبن عەساکیر دەڵێن ئەوە وتاری عومەری کوڕی خەتتاب بوو بۆ خەڵکی شام کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) وەریگرتبوو. لە(کنز العمال، ج٨، ص٢٠٧) دا واهاتووە.

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(لەسەرخۆبە، بەفەزڵترین کەس لای من لە هاوەڵێتی و خاوەن دەستدا کوڕی ئەبوقوحافەیە، سەیری ئەو دەرگا بەڕوودا کراوانەی ناو مزگەوت بکەن و دایانبخەن جگە لە دەرگای ئەبوبەکر، چونکە من ڕووناکییەکم لێ دیوە)[1][2].

بەیهەقی لە ئەیوبی کوڕی بەشیرەوە هێناویەتی، پێغەمبەر(ﷺ) لە نەخۆشیەکەیدا فەرمووی(افیضوا عليّ)(ئاوم بەسەردا بکەن) بەو شێوەیە هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: یەکەم شت پاش سوپاس و ستایشی خوا باسی کرد باسی هاوەڵانی ئوحود بوو، داوای لێخۆشبوون و نزای بۆ کردن، پاشان فەرمووی ئەی کۆمەڵی کۆچەران ئێوە زیاددەکەن و پشتیوانان لەسەر باری خۆیانن زیاد ناکەن، ئەوان تایبەتمەندانی منن کە خۆم داوەتە پاڵیان، دەی ڕێزی بەڕێزیان بگرن و چاوپۆشی لە خراپەکاریان بکەن) پاشان فەرمووی(ئەی خەڵکینە بەندەیەك لە بەندەکانی خوا.) بە هەمان شێوە هێناویەتی و تیایدا هاتووە: ئەبو بەکر لەنێو خەڵکدا لێی تێگەیشت و گریا[3][4].

ئەحمەد لە ئەبو سەعیدەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتاری داو فەرمووی(خوا بەندەیەکی سەر پشك کرد لە نێوان دنیاو ئەوەی لای خۆیەتی، ئەو بەندەش ئەوەی لای خۆی هەڵبژارد) ئەبو بەکر گریا، ئێمەش سەرمان سوڕما لەو گریانەی بەوەی پێغەمبەر(ﷺ) باسی بەندەیەکی کرد، پێغەمبەر(ﷺ) خۆی سەر پشك کراوەکەبوو و ئەبو بەکر لە هەموومان پێی زاناتربوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خاوەن منەتترین کەس لەسەرم لە هاوەڵێتی و سامانیدا ئەبو بەکرە، ئەگەر هاودەمێکی تەواوم(خلیل) جگە لە پەروەردگارم بگرتایە ئەبو بەکرم دەگرت بەڵام

---

[1] – حسن.

[2] – هەیسەمی(ج٩، ص٤٢) دەڵێت: تەبەرانی بە کورتی هێناویەتی، بەڵام ئەوەی بۆ زیادکردووە: باسی کوژراوانی ئوحودی کردو زۆر سەلاواتی لەسەردان، سەنەدەکەی حەسەنە. تەواو.

[3] – ضعیف.

[4] – ئیبن کەثیر لە(البداية ج٥، ص٢٢٩)دا دەڵێت: ئەم سەنەدە مورسەلەو چەندین شایەتی هەن.

خۆشەویستی و هۆگری ئیسلامە، لە مزگەوتدا دەرگایەك نامێنێ مەگەر داخرابێ جگە لە دەگای ئەبو بەکر).[1]

بوخاری لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) لەو نەخۆشیەییدا کە تیایدا مرد سەری خۆی بە بەستنێکی ڕەش بەستبووو لێفەیەکی دابوو بەسەر شانەدانیدا دەرچووو لەسەر مینبەر دانیشت، وتارەکە سەبارەت بە پشتیوانان دێنێ تا وتی: کۆتا کۆڕبوو کە پێغەمبەر(ﷺ) تیایدا دانیشت تا مرد، واتە کۆتا وتاری پێغەمبەر(ﷺ) بوو.[2]

تەبەرانی لە عەبدوڕەحمانی کوڕی کەعبی مالیکەوە لە باوکیەوە، کە یەکێ بوو لەو سیانەی نەدوێنران، هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەستا وتاری دەداو سوپاس و ستایشی خوای کردو داوای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو شەهیدانەی ڕۆژی ئوحود کوژران و فەرمووی(ئێوە ئەی کۆمەڵی کۆچەران)وەسیەتی بۆ پشتیوانان بەو شێوەی پێشووی فەرموودەی ئەییوب لای بەیهەقی دێنێ.[3]

تەبەرانی لەعەبدوڵڵای کوڕی کەعبی کوڕی مالیك لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت کۆتا وتاری پێغەمبەر(ﷺ) بە هەمانشێوە بە کورتی دەیهێنێ.[4]

حاکم(ج٤، ص٧٨) لە عەبدوڵڵای کوڕی کەعبەوە لە باوکیەوە بەو شێوە هێناویەتی ئەبو هورەیرەو ئیبن عەبباس دەیانوت بیستمان پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتا وتاریدا دەیفەموو(هەرکەس ئەو پێنج نوێژە لەسەر نوسراوانە بە جەماعەت بپارێزێ یەکەم کەسە لەسەر پردی صیراط دەپەڕێتەوە وەك تیشکی برقەدار، خواش لە یەکەم دەستەی شوێن کەوتواندا حەشری دەکات و لە هەموو ڕۆژو شەوێکدا بیانپارێزێ پاداشتی وەك هەزار شەهید وایە کە لە ڕێی خوادا کوژرابن).[5][6]

---

[1]- بوخاری و موسلیم بە هەمان شێوە هێناویانە وە لە(البداية والنهاية ج٥، ص٢٢٩)دا هاتووە.

[2] - لە(البداية والنهاية ج٥، ص٢٣٠)دا هاتووە، ئیبن سەعد(ج٢، ص٢٥١) لە ئەبو سەعیدەوە بەو واتایە هێناویەتی.

[3] -(هەیسەمی ج١٠، ص٣٧) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[4] -(هەیسەمی ج١٠، ص٣٧) دەڵێت کەسەکانی تەبەرانی صەحیحن، تەواو.

[5] - ضعيف.

[6] -(هەیسەمی ج٢، ص٣٩) دەڵێت لە سەنەدەکەدا بەقیەی کوڕی وەلید هەیە کە مودەللەسە و عەنعەنەی هەیە، تەواو.

(وتاری پێغەمبەر(ﷺ) لە بەیانییەوە تا ئێوارە)

حاکم(ج٤، ص٤٨٧) لە ئەبو زەیدی ئەنسارییەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی بۆ کردین و وتاری بۆ داین تا نیوەڕۆ، پاشان دابەزی و نوێژی نیوەڕۆی کرد، دواتر وتاری بۆ داین تا عەسر ئینجا دابەزی و نوێژی عەسری کرد، پاشان سەرکەوت و وتاری بۆ داین تا ئێوارە، هەواڵی پێداین چی دەبێت و زاناترینمان زیاترینی لەبەر کرد.[1, 2]

(چۆنێتی پێغەمبەر(ﷺ) لە کاتی وتاردا)

ئیبن سەعد(ج١، ص٣٧٦) لە جابری کوڕی عەبدوڵڵاوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر وتاری بۆ خەڵك بدایە چاوەکانی سوور دەبوون و دەنگی بەرز دەکردەوە و توڕەیی زیادی دەکرد وەك ئەوەی بێداری بەخش بێت لە مەڕ سوپایەك کە هاتبێ یان نزیکتان بوو بێتەوە پاشان دەیفەرموو(من نێردراوم و ڕۆژی دواییش وەك ئەو دوانە) ئاماژەی بە پەنجەی نێوەندو شایەتوومانی دەکرد، پاشان دەیفەرموو(چاکترین ڕێنموونی ڕێنموونی موحەممەدە و خراپترینی بارەکان داهێنانەکانیەتی و هەموو بیدعەیەك گومڕاییە، هەرکەس بمرێ و سامانێ بە جێ بهێڵێ ئەوا بۆ ماڵ و منالیەتی، هەرکەسیش قەرزێ یان لە دەست چوونێ بەجێ بهێڵێ بۆ من و لەسەر منە).[3]

---

[1] - صحیح.

[2] - حاکم دەڵێت سەنەدەکەی صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە، زەهەبیش بە صەحیحی داناوە.

[3] - بەیهەقی لە(الأسماء والصفات ص١٤٤) لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: دەنگی بەرزکردەوە، موسلیم لە صەحیحی خۆیدا هێناویەتی.

(وتارەکانی ئەمیری باوەڕداران ئەبو بەکری صدیق(رضي الله عنه))

ئیبن سەعدو مەحامِلی و جگە لەوانیش لە عروەوە هێناویانە دەڵێت: کاتێ ئەبو بەکر بوو بە خەلیفە وتاری دا بۆ خەڵك‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کردو پاشان وتی: پاشان ئەی خەڵکینە من کارو بارتانم گرتوەتە دەست‌و من چاکترینتان نیم بەڵام قورئان دابەزیوەو سوننەتەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دانراون، زانیومانە ژیرترینی ژیریێ لە خوا ترسان‌و گەمژەترینی گەمژەیی خراپەیە، بەهێزترینتان لای من لاوازە تا مافی لێ وەردەگرمەوە، لاوازترینتان لای من بەهێزە تا مافی وەردەگرم، ئەی خەڵکینە من شوێن کەوتەم‌و بیدعە ساز نیم، ئەگەر چاکم کرد یارمەتیم بدەن، ئەگەر لامدا ڕێکم بکەنەوە، ئەمە دەڵێم‌و لای خوا داوای لێخۆشبوون بۆ خۆم‌و ئێوەش دەکەم، لە(کنز العمال ج٣، ص١٣٠)دا هاتووە) دەینەوەری لە عەبدوڵڵای کوڕی عەکیمەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ئەبو بەکر بەیعەتی پێدرا چوویە سەر مینبەرو پلەکانی لە شوێنەکەی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) دابەزی‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کردو پاشان وتی: ئەی خەڵکینە بزانن، بە هەمان شێوە هێناویەتی‌و لە کۆتاییەکەیدا ئەوەی بۆ زیاد کردووە، موحاسەبەی خۆتان بکەن پێش ئەوەی موحاسەبە بکرێن، هەر گەلێ واز لە جیهادی ڕێی خوا بهێنن خوا هەژاریان دەکات، هەر گەلێ تیایدا داوێن پیسی دەربکەوێت خوا هەموویان تووشی بەڵا دەکات، دەی تا گوێڕایەڵی خوام گوێڕایەڵیم بکەن، ئەگەر لە فەرمانی خوای گەورە لامدا هیچ گوێڕایەڵیەکم لە سەرتان نیە، ئەمە دەڵێم‌و لای خوا داوای لێخۆشبوون بۆ خۆم‌و ئێوەش دەکەم، لە (کنز العمال ج٣، ص١٣٥)دا واهاتووە، بەیهەقی ج٦، ص٣٥٣ لە حەسەنەوە هێناویەتی‌و هەندێ لەوەی پێشووی هێناوەو لە دوای گەمژەترین گەمژەیی خراپەکاریە ئەمەی هێناوە، بزانن لای من ڕاستگۆیی ئەمانەتەو درۆ خیانەتە، لە دوای وتەی من باشترینتان نیم حەسەن وتی: بەخوا ئەو باشترینیان بوو بەبێ بەرگریکردن بەڵام باوەڕدار خاکی دەجوڵێتەوە، ئەوەشی زیاد کردووە وتی: حەزم دەکرد کەسێکی دیکەتان ئەم کارە لە بری من وەربگریێ،حەسەن دەڵێت بەخوا

ڕاست دەكات ئەگەر ئێوە منتتان بوێت، بەو شێوەی خوا پێغەمبەرەكەی بە سروش لەسەر ڕاست دەگرت من ئەوە نیم بەڵكو منیش مرۆڤێكم بۆیە وریا بن.[1]

ئەبوزەری هرەوی‌و ئیبن راهەویە هێناویانە وەك لە(كنز العمال ج٣، ص١٢٦)دا هاتووە لە حەسەنەوە كە ئەبو بەكری صدیق وتاری داو وتی بەخوا من باشترینتان نیم‌و من حەزم بەم شوێنەم نەدەكردو حەزم دەكرد لە نێوتاندا كەسێ ئەمەی لە دەست وەربگرتمایە، ئایا وادەزانن من لە نێوانتاندا بە سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ) كار دەكەم؟ دەی پێی هەڵناسم، پێغەمبەر(ﷺ) بە سروش پاك ڕادەگیراو فریشتەی لەگەڵدا بوو‌و منیش شەیتانم لەگەڵ كە دەستم لێ بەرنادات، ئەگەر تووڕە بووم دوورم لێبگرن تا كار نەكەمە سەر هەست‌و ڕووخسارتان، دەی وریام بن، ئەگەر ڕێك چوم یارمەتیم بدەن، ئەگەریش لامدا ڕاستم بكەنەوە، حەسەن دەڵێت سوێند بەخوا وتارێ بوو دوای ئەوە وتاری وا نەبوو.

ئەبو زەری هرەوی لە قەیسی كوڕی ئەبو حازمەوە بە كورتی هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج٣، ١٣٦) دا هاتووە، لە گێڕانەوەكەیدا هاتووە: من مرۆڤێكم‌و ڕاست دەپێكم‌و هەڵە دەپێكم، دەی ئەگەر ڕاستم پێكا سوپاسی خوا بكەن، وە ئەگەر هەڵەم كرد ڕاستم بكەنەوە.[2]

ئەحمەدیش لە قەیسی كوڕی ئەبو حازمەوە هێناویەتی دەڵێت: من لای خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەبو بەكری صدیق دانیشتبووم، ئەمەش مانگێ دوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ) چیرۆكێ باس دەكات لە ناو خەڵكدا بانگ كرا، كاتی نوێژە، خەڵكی كۆبوونەوە، چوویە سەر مینبەر شتێكی بۆ دروستكرابوو كە لەسەری وتاری دەدا، ئەوەش یەكەم وتاری ناو ئیسلام بوو، سوپاس‌و ستایشی خوای كردو دواتر وتی: ئەی خەڵكینە حەزم دەكرد جگە لە من ئەم كارەی لە دەست وەر

---

[1] – ضعیف.

[2] – ضعیف.

بگرتمایە، ئەگەر بە سوننەتی پێغەمبەرتان سەیرم کەن نایتوانم، ئەو لە شەیتان بە دوور بووو لە ئاسمانەوە سروشی بۆ دادەبەزی،[1](هەیسەمی ج٥، ص١٨٤)دەڵێت لە سەنەدەکەدا عیسای کوڕی موسەریب هەیە کە لاوازە، پێشتر لە ڕێگەی عیسای کوڕی عەتیە لای تەبەرانی لەو وتارەمان هێنا کە وتی: خەڵکی بە حەزو ناحەز هاتنە ناو ئیسلام، ئەوان جیٚ پەناو دراوسێی خوان، ئەگەر توانیتان خوا شتیٚ لە زیمەی خۆتان داوا نەکات بیکەن، من شەیتانێکم لایە ئەگەر بینیتان تووڕە بووم لێم دوور بگرن تا سووکایەتی بە هەستو ڕووتان نەکەم، ئەی خەڵکینە بە وردی بچن بە دوای دەستکەوتەکانی غولامەکانتاندا، چونکە گۆشتیٚ بە حەرام پەیدا بووبیٚ بۆی نیە بچێتە بەهەشت.[2]

تەبەری لە مێژووەکەیدا(ج٢، ص٤٦٠) لە عاصمی کوڕی عەددیەوە هێناویەتی دەڵێت: بانگکەری ئەبو بەکر ڕۆژیٚ دوای مردنی ئەبو بەکر هاواری کرد تا سوپای ئوسامە بنێریٚ وتی: بزانن لە مەدینە کەس لە سەربازی ئوسامە نەمێنیٚ مەگەر چووبیٚ بۆ سەربازگەکەی لە(جورف) هەستاو وتاری دا بۆ خەڵكو سوپاسی ستایشی خوای کردو وتی: ئەی خەڵکینە من وەك ئێوەمو نازانم لەوانەیە ئەرکێکم بەسەردا بدەن کە پێغەمبەر(ﷺ) بەرگەی گرتبیٚ، خوا موحەممەدی لە جیهانیاندا هەڵبژاردووەو لە چەرمە سەریەکان پاکی ڕاگرت، من شوێنکەوتەمو بیدعە ساز نیم، ئەگەر ڕاست بووم شوێنم کەونو ئەگەر لامدا ڕاستم بکەنەوە، پێغەمبەر(ﷺ) مردو کەس لەم ئوممەتە سکاڵای ستەمی لێدانی قامچیەکیشی نەبوو، بزانن من شەیتانێکم هەیە دەستم لیٚ هەڵناگریٚ، ئەگەر هات بۆ لام لێم دوور بگرن تا هەستو ڕووتان لەکەدار نەکەم، ئێوە بەیانیو ئێوارە لە چاوەڕوانی سەرمەرگێکدان کە زانستەکەی لێتان نادیار کراوە، جا ئەگەر توانیتان ئەو سەرەمەرگە کە هات ئێوە لە

[1] – ضعیف.
[2] – ضعیف.

کاری چاکەدا بن وابکەن،تەنها پشت بە خواش ئەوەتان پیٚ دەکریٚ، دەی بۆ ئامادەسازی مەرگتان کێبرکیٚ بکەن پێش ئەوەی سەرەمەرگتان ڕێی کارتان پیٚ ببڕیٚ، خەڵکی مەرگیان لەبیر کردووەو کاریان بۆ جگە لەوەیە دەی وریا بن وانەبن، خێراو خێراو نەجاتو نەجات، بە دواتانەوە داواکارێکی خێرای دیاریکراو هەیە کە خێرا دەچیٚ، وریای مەرگ بنو پەند وەربگرن لە باوباپیرانو منداڵانو برایانو خۆزگە بە زیندووەکان مەبەن جگە لە خۆزگەی مردووەکان پێی دەخوازن.

ئیبن زەنجەویە لە سەعیدی کوڕی ئەبو مەریەمەوە هێناویەتی دەڵێت: بستم کاتیٚ ئەبو بەکر(رضي الله عنه) بوو بە خەلیفە چوویە سەر مینبەرو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر وتی: بەخوا ئەگەر لەبەر فێرۆ چوونی بارتان نەبوایە ئێمە ئامادە بین حەزم دەکرد ئەم کارە لە گەردنی ئەوەتان بوایە کە زۆر ڕقم بۆی هەیە، دواتر هیچ خێری لیٚ نەدیبایە، بزانن سەرکەشو بەدبەختترین کەسی دنیاو دواڕۆژ پاشاکانن، خەڵکی سەریان بەرز کردەوە، ئەویش وتی لەسەر خۆبن ئێوە پەلە دەکەن، هەر پاشایەك دەسەڵات وەردەگریٚ خوا موڵکی دەزانێت پێش ئەوەی پێی بدات، بۆیە نیوەی تەمەنی کەم دەکاتەوەو ترسو خەفەت دەکاتە هاودەمیو لەوەیدا لەدەست یەتی دوور لەوەی بەدەستی خەڵکە تامەزرۆی دەکاتو ژیانی بەر تەسك دەبێت ئەگەرچی خواردنی پاكو جلی جوان بپۆشیٚ تا سێبەری دەڕواو گیانی دەچیٚو دەگەڕێتەوە لای خوا، خواش بە سەختی موحاسەبەی دەکاتو کەم لێی خۆش دەبیٚ، بزانن هەژاران لێخۆشبووانن، بزانن هەژاران لێخۆشبووانن، بزانن هەژاران لێخۆشبووانن.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٣٥) لە عەبدوڵلای کوڕی عەکیمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو بەکر(رضي الله عنه) وتاری بۆ داینو وتی: پاشان وەسیەتتان بۆ دەکەم بە لە خوا ترسانو ستایشی خوا بکەن بەو جۆرەی شیاویەتیو هیواو ترس تێکەڵ

[1] – لە(کنز العمال ج٣، ص١٦٢)دا واهاتووە.

بکەن‌و زۆر چوون لەسەر داواکردن بگرنە بەر، چونکە خوا وەسفی زەکەریاوماڵ‌و منداڵی کردووەو دەفەرموێت(نَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ) پاشان ئەی بەندەکانی خوا بزانن خوای گەورە بە حەقی خۆی ئێوەی بە ڕەهن گرتووە، لەسەر ئەوەش بەڵێنتانی لێ سەندوون کەمی لەناو چووی لە ئێوە کڕیوە بە زۆری ماوەو لەناو نەچوون، ئەوە کتێبی خوایە لە ناوتانداو سەر سوڕهێنەریەکانی لە ناو ناچی‌و ڕووناکیەکەی ناکوژێتەوە، دەی قسەی بە ڕاست بزانن‌و کتێبەکەی بە ئامۆژگاری وەربگرن‌و بەرچاو ڕوونی لێوەر بگرن بۆ ڕۆژی تاریکی، بەڵکو بۆ پەرستش دروستی کردوون‌و بەڕێزە نووسەرەکانی لەسەر ڕاسپاردوون تا چی دەکەن بینووسن، پاشان بەندەکانی خوا بزانن بەیانی‌و ئێوارە لە نۆبەی سەرەمەرگێکدان کە زانیاری لەسەری لێتان نادیارە، ئەگەر توانیتان کاتی سەرەمەرگتان دێت لە کاری ڕێی خوادا بن وابکەن، ئەمەش ناتوانن مەگەر بە پشتیوانی خوا، دەی بۆ ئاسانکاری سەرەمەرگتان کێبرکێ بکەن پێش ئەوەی سەرەمەرگتان بێت‌و بەرەو خراپترینی کارەکانتان بگێڕێتەوە، چونکە خەڵکانێ ئەجەلیان بۆ جگە لە خۆیان دادەنێن‌و خۆیان لە بیر دەکەن دەی ڕێگریتان لێدەکەم وابن، فریاد فریاد، ڕزگاربوون ڕزگاربوون، بە دواتانەوە داواکارێکی خێرا هەیە کە باری خێرایە.[١]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٣٥) لە عومەری کوڕی دینارەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو بەکر(رضي الله عنه) وتاری داو وتی: وەسیەتتان بۆ دەکەم بە لە خواترسان بە هەژاری‌و لاوازیتان لێی بترسن‌و ستایشی بکەن بەو جۆرەی شیاویەتی‌و داوای لێخۆشبوونی لێبکەن چونکە ئەو لێبوردەیە، بە هەمان شێوەی فەرموودەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەکیم هێناویەتی‌و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە، بزانن ئێوە تا

[١] – ئیبن ئەبی شەیبەو هنادو حاکم‌و بەیهەقیش بە هەمان شێوە هێناویانە، ئیبن ئەبی دنیاش هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠٦)دا هاتووە.

پوخت لەبەر خوا کار بکەن گوێڕایەڵی پەروەردگارتان و پارێزەری مافتان بوو، دەی لە ڕۆژەکانی پێشووتاندا باجەکانتان بدەن و بیکەن بە سوننەتی بەر دەستتان لەکاتی هەژاری و پێویستیتاندا وەفا خوازی پێشینەتان دەبیٚ، پاشان بەندەکانی خوا بیر دەکەنەوە لەوانەی پێشوو دوێنیٚ چۆن بوون و ئەمڕۆ چۆنن، کوان ئەو پاشایانەی زەویان لەدەست بوو بنیادیان دەنا؟ لەبیر چوون و باسیان نەما، ئەمڕۆ هیچ نین،ماڵیان وێرانەیە بەوەی ستەمیان کردو لەناو تاریکیەکانی گۆڕەکاندا، ئایا هیچیان لیٚ هەست دەکریٚ یان چرپەیەکیشیان لیٚ دەبیستریٚ، ئەو هاوڕیٚ و برایانەتان کە دەتانناسین کوان؟ چیان پێش خستوو هات ڕێیان و تووشی بەختەوەری یان بەدبەختی بوون، خوا لەگەڵ هەر بەندەیەکیدا هیچی لە نێواندا نیە تا بەوە خێری بداتیٚ یان خراپەی لیٚ لا بدات جگە لە گوێڕایەڵی خواو شوێنکەوتنی فەرمانی، خێریٚ نیە لە خۆشیەك دواتری دۆزەخ بێت و هیچ خراپەیەك نیە لە ناخۆشیەك دواتر بەهەشت بێت، ئەمە دەڵێم و داوای لێخۆشبوون لە خوا دەکەم بۆ خۆم و ئێوەش.

لە نەعیمی کوڕی نەمعەشەوە هێناویەتی دەڵێت: لە وتاری ئەبو بەکردا(رضي الله عنه) هاتبوو: پاشان ئێوە بەیانی و ئێوارە لەبەردەم سەرمەرگێکی دیاریکراودان، بە هەمان شێوەی فەرموودەی عەبدوڵڵای کوڕی عەکیم هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە هیچ خێریٚ نیە لە قسەیەکدا لەبەر خوا نەبێت و هیچ خێریٚ لە سامانێکدا نیە کە لەبەر خوا نەبەخشریٚ، خێر نیە لەوەدا کە نەفامی بەسەر نەرمونیانی و ژیریدا زاڵ بێت، هیچ خێری نیە لەوەدا لە ڕێی خوادا لە سەرکۆنەی سەرکۆنەکەران دەترسیٚ.[1]

---

[1] – لە(الحلية ج١، ٣٦)دا هاتووە. تەبەرانی بە دوورو درێژی لە ڕێگەی نعیمی کوڕی نەمعەوە بە زیادەیەك هێناویەتی کە ئەبو نەعیم باسی کردووە وەك ئیبن کەثیر لە(تەفسیرەکەیدا ج٤، ص٣٤٢) هێناویەتی دەڵێت: سەنەدەکەی جەیدەو کەسەکانی هەموویان جیٚ متمانەن،

تەبەری لە مێژووەکەیدا(ج١، ص٤٦) لە عاصی کوڕی عەددیەوە بە سەنەدێ کە سەبفی تێدایە ئەو وتارەی هێناوە، سەرەتا وتارێکی دیکە دێنێ وەك هێنامان، پاشان دەڵێت: هەروەها هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کرد پاشان وتی: خوا لە کارەکاندا تەنها ئەوە قبوڵ دەکات کە لەبەر خۆی بێت، دەی لە کارەکانتاندا لەبەر خوا بیکەن، بزانن ئەو کارەی لەبەر خوا دەیکەن گوێڕایەڵیەکە کە دەیکەن و هەڵەیەکە بە سەریدا زاڵبوون و باجێکە بەجێتان گەیاندووە و پێشینەیەکە لە ڕۆژانی فەرتاودا بۆ ماوەو نەفەوتاوێ پێشتان خستووە بۆ کاتی هەژاری و پێویستیتان، ئەی بەندەکانی خوا پەند وەربگرن بە مردووەکانتان و بیربکەنەوە لەوانەی پێشووتان دوێنێ چۆن بوون و ئەمڕۆ چۆنن، خۆ سەپێنان کوان؟ کوان ئەوانەی باسی شەڕو زاڵبوونی مەیدانی شەڕیان هەبوو؟ مێژوو دەیانلەرزێنێتەوەو پەرش و کەوتە قسەکان بەسەریاندا دەکەون و بە جێیان دێڵن، پیسەکان بۆ ئافرەتە پیسەکان و ئافرەتە پیسەکان بۆ پیاوە پیسەکان، کوان ئەو پاشایانەی زەویان بەدەست بوو و بنیادیان دەنا؟ دوورکەوتن و باسیان لەبیر کران و بوونە هیچ، بزانن خونا داوییەکانی لەسەریان هێشتووەتەوەو ئارەزووەکانیان لێ بڕاوەو چوون و کارەکانیان کاریان و دنیاش دنیای جگە لەوانەو ئێمەش دوای ئەوان ماوین.[1]

حەکیم و عەسکەری و بەیهەقی لە ئەبو بەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەزمەوە هێناویانە دەڵێت ئەبو بەکر وتاری بۆ داین و وتی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(تعوذوا بالله من خشوع النفاق)(پەنا بگرن بە خوا لە خشوعی دوو ڕوویی)

مامۆستاکەشی جەریری کوڕی عوسمان کە نەعیمی کوڕی نەمعەیە نایناسم نەفی و چەسپانی لەسەر ڕێی جگە لەوەی ئەبو داودی سحبستانی حوکمی داوە بەوەی مامۆستاکانی جەریر هەموویان جێ متمانەن، چەند شاهیدێ لە چەند لایەکی دیکەوە ئەو وتارەیان گێڕاوەتەوە.

[1] – صحیح.

وتیان ئەی پێغەمبەری خوا خشوعی دوو ڕوویی چیە؟ فەرمووی(خشوعی جەستەو دوو ڕوویی دڵ).[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية)و ئیبن جەریر لە ئەبولعالیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو بەکری صدیق وتاری بۆ داین‌و وتی پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی(للظا عن رکعتان وللمقيم أربع، مولدي بمكة ومهاجري بالمدينة فأذا خرجت مصعدا من ذي الحليفة صليت رکعتين حتى أربع).[2]

ئەحمەد لە الزهد لە ئەبو زەمرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو بەکر وتاری دا بۆ خەڵك‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی: دواتر شامتان بۆ فەتح دەکرێت‌و دێنە خاکێکی چاك‌و تیایدا تێر نان‌و ڕۆن دەخۆن‌و دواتر تیایدا مزگەوت بنیاد دەنێین، وریا بن خوا واتان لێبێنێت بۆ ڕابواردن بچنە ناوی بەڵکو مزگەوت بۆ زیکر بنیاد نراوە.[3]

ئیبن ئەبی شەیبە لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو بەکر(ﷺ) وتاری بۆ داین‌و باسی سەرەتای دروستبوونی مرۆڤی دەکردو دەیوت دووجار لە ڕێڕەوی میزەوە دروستکراوە، هێندە باسی دەکرد تا هەر کاممان بێزی لە خۆی دەکردەوە.[4]

پیێشتر وتارەکەی ئەبوبەکرمان هێنا لەسەر هاندان دژبە شەڕی هەڵگەڕاوەکان‌و وتاری لەسەر هاندان بۆ جیهاد، وتاری لەسەر دەرچوون بۆ شەڕی ڕۆم‌و وتاری لە کاتی چوونیان بۆ شام لەباسی جیهاددا،وتاری لەسەر هۆشیاریدان لە دووبەرەکی‌و وتاری لە چەسپاندنی مەرگی پێغەمبەر(ﷺ)و پشت بەستن بە ئایینەکەی‌و وتاری بۆ لە پێشتر بوونی قورەیش بۆ خەلافەت‌و وتاری لە پۆزش هێنانەوە لە قبوڵکرنی

[1] – لە(كنز العمال ج٤، ص٢٢٩)دا واهاتووە.

[2] – لە(كنز العمال ج٤، ص٢٣٩)دا هاتووە.

[3] – لە(كنز العمال ج٤، ص٢٥٩)دا واهاتووە.

[4] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠٥)دا واهاتووە.

خیلافەتو وتاری لە بەرپەرچدانەوەی بەیعەتو وتاری لەسەر سیفەتەکانی خەلیفە لە باسی گرنگی دانی هاوەڵان بە یەکدەنگیو یەکڕیزی، وتاری لەسەر ڕاڤەی ئایەتی(لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ) لە باسی فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە.

(وتارەکانی ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه))

ئیبن سەعد(ج٣، ص٢٧٥) لە حەمیدی کوڕی هیلالەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ کە ئامادەی مەرگی ئەبو بەکر بوو وتی کە عومەر لە بەخاکسپاردنی لێبوویەوە دەستی هێنا بەسەر خۆڵی گۆڕەکەیدا تا تۆزی بڕوات، ئینجا لە شوێنی خۆی هەستاو وتاری داو وتی خوا ئێوە بەمنو منی بە ئێوە تاقیکردووەتەوەو منی لە نێوانتاندا هێشتووەتەوە دوای دوو هاوەڵم، بەخوا چی کارتان بێتە لامو کەسێ جگە لەمن بیگرێتە دەستو لێم دوورو نادیار نەبێت کەمتەرخەمی لە بەشو سپاردەدا ناکەم، ئەگەر چاکە بکەن چاکەیان لەگەڵ دەکەم، ئەگەریش خراپە بکەن چارەیان دەکەم، کابرا وتی بەخوا تا دنیای بەجێهێشت لەوە زیاتر نەچوو.

دەینەوەری لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب چوویە سەر مینبەر وتی: خوای گەورە وام نابینێت من خۆم شیاو بە کۆڕی ئەبو بەکر بزانم، پلیکانێ دابەزیو سوپاسو ستایشی خوای کرد، پاشان وتی قورئان بخوێنن پێی شارەزا دەبنو کاری پێبکەن دەبنە داروودەستەی، خۆتا پێوان بکەن پێش ئەوەی بکێشرێن، خۆ بڕازێننەوە بۆ خستنە ڕووە گەورەکە ئەو ڕۆژە لەبەردەم خوادا دەخرێنەڕووو شاراوەتان نامێنێ، خاوەن ماف ناگات بە ماف کە لە سەرکەشی خوادا گوێڕایەڵی بنوێنێ، وریا بن من لە ماڵو سامانی خوادا خۆم

داناوە لە پەلی بەرپرسی هەتیودا ئەگەر پێویستم نەبوو لێی وەرناگرم، ئەگەریش هەژار کەوتم بە ڕەواو دروستی لێی دەخۆم.[1]

ئیبن موبارەك و سەعیدی کوڕی مەنسوورو ئەحمەد لە الزهدو ئیبن ئەبی شەیبەو جگە لەوانیش لە عەمرەوە هێناویانە لە وتارەکەیدا وتی: موحاسەبەی خۆتا بکەن پێش ئەوەی موحاسەبە بکرێن چونکە بۆموحاسەبەتان ئاسانترە،خۆتان بپێون پێش ئەوەی بپێورێن، خۆ برازێننەوە بۆ خستنەڕووی گەورە ئەو ڕۆژەی دەخرێنە ڕوو و هیچتان لێ شاراوە نیە.[2]

ئەحمەدو ئیبن سەعدو موسەددەدو ئیبن خوزەیمەو حاکم و بەیهەقی و جگە لەوانیش لە ئەبو فراسەوە هێناویانە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب وتاری داو وتی: ئەی خەڵکینە ئێمە کە پێغەمبەرمان(صلى الله عليه وسلم) لە نێودا بووو سروشی بۆ دادەبەزی و خوا هەواڵی ئێوەی پێدەداین ئێوەمان دەناسی، بزانن پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) چووو سروش دابڕا، ئێمە بەوەی پێتان دەڵێین دەتانناسین، هەرکامتان چاکەی نواد گومانی خێری پێدەبەین و لەسەری خۆشمان دەوێت، هەرکەس خراپەیەکمان بۆ نیشان بدات گومانی خراپی پێدەبەین و لەسەری ڕقمان لێی دەبێت، نهێنیەکانتان لە نێوان خۆتان و پەروەردگارتاندایە، بزانن بارێ هاتووەو من وادەزانم هەرکەس قورئان لەبەر خواو بەخششی خوا بخوێنێ وا دەزانم کۆتاییەکەی وا دەبێ خەڵکانێ دەیخوێنن لەبەر ئەوەی لای خەڵکە، دەی لەبەر خوا بیخوێنن و بە کارەکانتان بتانەوێ، وریا بن بەخوا من کار بەدەستانم نانێرم بۆ لاتان تا بدەن بە ڕووتانداو سامانتان ببەن، بەڵکو دەیان نێرم بۆ لاتان تا ئایینتان فێر بکەن و شارەزایی سوننەتتان بکەن، هەرکەس بە جگە لەوە کار دەکات بەرزی بکەنەوە بۆ لام سوێند

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢١٠)دا واهاتووە، فەزائیلی لە شەعبیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(الریاض النفرة ج٢، ص٨٩)دا هاتووە

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨)دا واهاتووە.

بەوەی گیانمی بەدەستە تۆڵەی لیٚ دەکەمەوە بۆی، وریا بن مەدەن لە موسڵمانان و زەلیلیان بکەن و مەیانبەنە لای درەختی چوار دەور دراو و بە فیڕۆیان بدەن.[1][2]

عەبدوڕەزاق و تەیالسی و ئەحمەد و دارمی و ترمزی بە صەحیحی داناوە، و ئەبو داودو نەسائی و ئیبن ماجەو جگە لەوانیش لە ئەبو عەجفائەوە هێناویانە دەڵێت: عومەر وتاری داو وتی: وریا بن لە مارەیی ئافرەتاندا ڕۆمەچن، چونکە ئەگەر لە دنیادا ڕێزداری بێت یان لای خوا لە خوا ترسان بوایە پێغەمبەر(ﷺ) لە هەمووتان لە پێشتربوو پێی، پێغەمبەر(ﷺ) بۆ هیچ ژنێکی و بۆ بە شوودانی هیچ کچێکیشی لە دوانزە ئۆقیە زیاتر نەچووە، هەنیە بۆ مارەیی ژن هێندە دەچیٚ تا دەبێتە دوژمنایەتی بۆی لە دەروونیداو ئافرەتەکە دەڵێت: لەبەر تۆ پەتم هەڵواسی بۆ ئەوەش لە غەزاکانتاندا دەیلێن: فلاَن کەس شەهید بوو یان فلاَن بە شەهیدی مرد، لەوانەیە لە دەستەوسانی ولاَخەکەی یان لاشانی ولاَخەکەی زێڕ یان وەرەقی دانا بێت بە مەبەستی بازرگانی، وا مەڵێن، بەڵکو ئەوە بڵێن کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(من قتل أو مات في سبيل الله فهو في الجنة)(هەرکەس لە ڕێی خوادا کوژرا یان مرد لە بەهەشتە).[3]

سەعیدی کوڕی مەنسوورو ئەبو یەعلا لە مەسروقەوە هێناویانە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب چوویە سەر مینبەرو دواتر وتی: ئەی خەڵکینە زۆریتان لە مارەییدا چیە؟ پێغەمبەر(ﷺ) و هاوەڵانی مارەیی نێوانیان لە چوار سەد درهەم

---

[1] – صحيح.

[2] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠٩) دا هاتووە،(هەیسەمی ج٥، ص٢١١) دەڵێت نەمدیوە ئەبو فراس جەرح و ڕەخنەی لەسەر بیٚ و جیٚ متمانەشی پێدرابیٚ، کەسەکانی دیکە جیٚ متمانەن، تەواو. حاکم(ج٤، ص٤٣٩) دەڵێت ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە و بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە و زەهەبیش لەسەری کۆکە.

[3] – صحيح.

تێنەدەپەڕی، ئەگەر زۆری ئەوە لە خوا ترسی لای خوایان ڕێزداری بوایە نەتاندەتوانی پێش پێغەمبەران و هاوەڵانی بکەون، لە(کنز العمال) واهاتووە، پێشتر هەندێ ڕێی ئەو وتارەمان لە باسی هاوسەرگیریدا هێنا.

ئەبو داود لە کتێبی(القدیة)و ئیبن جەریرو ئیبن ئەبی حاتەم و جگە لەوانیش لە عومەرەوە هێناویانە لە جابیە وتاری داو سوپاس و ستایشی خوای کردو دواتر وتی: هەرکەس خوا ڕێنموونی بکات هیچ گومراییەکی بۆ نیەو هەرکەس خوا گومڕای بکات هیچ ڕێنمووونیەکی بۆ نیە، قەشەیەك لەبەر دەمیدا بوو بە فارسی قسەیەکی کرد، عومەر بە وەرگێڕێکی وت کە وەرگێڕانی بۆ دەکرد چی دەڵێت؟ وتی دەڵێت خوا هیچ کەس گومڕا ناکات، عومەر وتی:درۆ دەکەیت ئەی دوژمنی خوا، خوا تۆی دروست کردو ئەویش گومڕای کردویت و ئەویش ئەگەر بیەوێت دەتخاتە ناو دۆزەخ، ئەگەر بەڵێنی بڕیاردراو نەبوایە دەمدا لە ملت، پاشان وتی خوا کە ئادەمی دروست کرد وەچەکانی نایەوەو بەهەشتیەکان و کاری ئەوانی نووسی و دەستەی دۆزەخیەکان و ئەو کارانەی دەیکەن، پاشان وتی: ئەوانە بۆ ئەوێ و بۆ ئەوێ، خەڵکی بڵاوەیان کردو لەسەر قەدەر کەوتنە ناکۆکی، لالەکائی و ئیبن عەساکیرو جگە لەوانیش لە عەبدوڕەحمانی کوڕی ئوبزاوە هێناویانە دەڵێت عومەر هات،پێی وترا خەڵکانێ لەسەر قەدەر قسە دەکەن، ئەویش هەستاو وتاری داو وتی: ئەی خەڵکینە ئەوانەی پێش ئێوە بە هیلاك چوونیان لەسەر مەسەلەی قەدەربوو، سوێند بەوەی گیانی عومەری بەدەستە بیستم دوو کەس لەسەری قسە بکەن دەدەم لە ملیان، خەڵکی بێدەنگ بوون و دوای ئەوە کەس قسەی نەکرد تا لە سەردەمی حەججاجدا هەڵکەوتەیەك دەرکەوت.[1]

عەدەنی لە باهلیەوە هێناویەتی عومەر لە نێو خەڵکدا هەستاو وتاری دا کاتێ هاتە شام لە جابیەوە وتاری داو وتی فێری قورئان بن پێی شارەزا دەبن و کاری

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص٨٦)دا واهاتووە.

پێبکەن دەبنە داودەستەی، چونکە ناگاتە پایەی خاوەن مافیٚ بەوەی لە سەرکەشی خوادا گوێڕایەڵی بکرێ، بزانن ئەجەل نزیكو ڕۆژی خوا دوور ناخاتەوە، قسەیەکی بە حەق و بیر خستنەوەیەکی گەورەیە، بزانن نێوانی بەندەو ڕۆزیەکەی پەردەیەك هەیە ئەگەر خۆی ڕابگرێت ڕۆزیەکەی دێت بۆ لای، ئەگەریش تێکی بشکێنێ پەردە دەبڕیٚ و ناگاتە سەرووی ڕۆزیەکەی، ئەسپ پەروەردە بکەن و تیر بهاوێژن و نەعل لە پیٚ بکەن و وەك مەعد بژین، وریای ئاکاری عەجەم و دراوسێیەتی خۆ سەپێنان بن و لە نێوتاندا خاچ بەرز نەکرێتەوە و لەسەر سفرەیەك دانەنیشن کە مەی تێدا دەخورێتەوە و بەبیٚ جل و پەردە نەچنە حەمام و واز لە ژنانتان نەهێڵن بچنە حەمامەکان چونکە ئەوە حەڵاڵ نیە، وریا بن دوای ئەوەی لە وڵاتیان دابەزین عەقدێکی عەجەم وەرنەگرن کە کۆتتان بکگات، چونکە دەبیٚ بگەڕێنەوە بۆ وڵاتتان، وریای بچووکەکان بن نەیانخەنە گەردنتان، سامانی مەڕو ماڵاتی عەرەب لەگەڵ خۆتان ببەن بۆ هەر شوێنیٚ کە دیبەن، بزانن خواردنەوەکان لە سیٚ شت دروست دەکرێن، لە مێوژو هەنگوین و خورما، هەرکامیان بمەیت مەیەو حەڵاڵ نیە، بزانن خوا سیٚ دەستە پاك ناکاتەوەو سەیریان ناکات و لە ڕۆژی دواییدا نزیکیان ناکاتەوە و سزایەکی سەختیان بۆ هەیە، کەسیٚ دەستیٚ بدات بە پێشەواکەی کە مەبەستی پێی دنیا بێت، ئەگەر دەستی کەوت وەفای بۆ دەبیٚ و ئەگەر نا وەفای بۆ نابیٚ،کەسێکیش دوای عەسر کاڵایەك ببات و سوێند بە خوا بخوات کە ئەوەندەی پێداوە لەبەر ئەوە بکڕدرێت، قسە وتن بە باوەڕدار فاسق بوون و کوشتنی بێباوەڕیە، بۆت ڕەوا نیە لەسەرو سیٚ ڕۆژ براکەت نەدوێنی، هەرکەس بچیٚ بۆ لای جادوگەر یان فاڵی یان قاوە گرەوەیەك و بڕوا بە قسەکەی بکات بێباوەڕی نواندووە بەوەی دابەزیوە بۆ سەر موحەممەد.[1]

[1] - لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٧) دا واهاتووە.

له(كنز العمال ج٨، ص٢١٠) له مووسای کوڕی عوقبەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەمە وتاری عومەری کوڕی خەتتاب بوو له ڕۆژی جابیە،پاشان وەسیەتتان بۆ دەکەم بە لە خواترسان ئەو خوایەی دەمێنیّو جگە لەو لەناو دەچیّ، بە گوێڕایەڵی خوا وەلیەکانی ڕێزدارو بە سەرکەش بوون لێی دوژمنانی گومڕا دەکات، هیلاك بەری هیلاکیەك پۆزشی نیە له کاری گومڕاییەك کە حسابی بکات بە ڕێنموونی یان نەکردنی حەقێك کە بە گومڕایی بزانیّ، حەقترین شتیّ کە سەر پەرشتیار له سەرپەرشتیەکەیدا بەڵێنی دەدا ئەوەیە بەڵێن بە خەڵك بدات بەو مافەی لەلایەن خواوە لەسەریەتی لە ئەرکی ئایینیان کە خوا بەرەو ئەو ئایینە ڕێنموونی کردوون، ئێمە لەسەرمانە فەرمانی ئەوەتان پێبکەین کە خوا فەرمانی پێکردوون گوێڕایەڵی بن‌و ڕێگریتان لێبکەین لەوەی خوا ڕێگری لێکردوون کە ئەویش لادان‌و یاخیبوونە لێی، هەروەها فەرمانی تێدا بەجیّ بگەیەنین لە نێو دوورو نزیکی خەڵکداو باکمان مەبیّ بەوەی بە لای حەقدا دەدات، من دەزانم خەڵکانیّ هیوا خوازی ناو ئایینیان‌و دەڵێن لەگەڵ نوێژکەراندا نوێژ دەکەین‌و لەگەڵ موجاهیداندا جیهاد دەکەین‌و بەر کۆچ دەکەین، هەموو ئەمانە خەڵکیّ دەیکەن کە بە حەقی خۆی نایگرنە ئەستۆ، ئیمان بە خۆ ڕازاندنەوە نیە بەڵکو نوێژ کاتێکی هەیە کە خوا دایناوەو تەنها لەو کاتەدا دروست‌و گونجاوە، کاتی نوێژی بەیانی ئەو کاتەیە کەسیّ شەوی بەرەو ئاوابوون دەبات‌و لەسەر ڕۆژووەوان خواردن‌و خواردنەوە قەدەغە دەکرێت، دەی پشکی لە قورئان وەربگرن، کاتی نوێژی نیوەڕۆش ئەو کاتەیە خۆر کەمیّ لە گەردوون کەچ دەنوێنیّ تا سێبەرت وەك خۆتە، ئەو کاتەیە کە مەهجەر بەجیّ دەهێڵریّ، ئەگەر زستان بوو کاتیّ خۆر لە گەردوون کەچ دەبیّ تا لە سەر ئەبرۆی ڕاستت دەبیّ، لەگەڵ مەرجەکانی خوا لەسەر دەستنوێژو چەمینەوەو کڕنووش، ئەمە تا لە نوێژ خەوترو نەبێت، کاتیّ نوێژی عەسر ئەوەیە خۆر سپی‌و پوختە پێش ئەوەی زەرد هەڵگەڕیّ بە ماوەی ڕێی سواری وشری قورس کە دوو فەرسەخ ببڕیّ لە پێش ئاوابوونی خۆرە، نوێژی خەوتنانیش کاتیّ شەو تاریك هەڵدەگەڕیّ‌و

سوورایی ئاسۆ نامێنێ تا سێیەکی شەو دەمێنێ، هەرکەس پێش چاوی داخستو خەوت خوا چاوەکانی دانەخا، ئەو کاتە کاتی نوێژە ﴿إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا﴾ کەس هەیە دەڵێت من کۆچم کردووەو کۆچیشی نەکردووە، کۆچەران ئەوانەن وازیان لە خراپەکان هێناوە، خەڵکانێ دەڵێن جیهادمان کردووە، جیهادی ڕێی خوا جیهادی دژ بە دوژمنو دوور گرتنە لە حەرام، هەندێ جار خەڵکانێ شەڕ بە چاکی دەکەن لە پێناو پاداشتو زیکردا نایکەن، بەڵکو شەڕ مەرگێکە لە مەرگەکانو هەرکەس لەسەر چی شەڕی کردووە بەوە دەبێت، کەس هەیە بە سروشتە دلێریەکەی شەڕ دەکاتو ئەوەی ناسراوەو نەناسراووە ڕزگار دەکات، کەس هەیە بە سروشتی خۆی ترسنۆکەو دایكو باوکی دەدات بە دەستەوە، سەگ لە پشت خاوەنیەوە دەوەڕێ، بزانن ڕۆژوو حەرامێکە تیایدا نابێ ئازاری موسوڵمانان بدرێ وەك چۆن مرۆڤ لە چێژی خواردنو خواردنەوەو هاوسەر ڕێگری لێدەکرێت دەی ئەوە ڕۆژووی تەواوە، زەکات دان کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرزی کردوە تا دەروونیانی پێ پاك ڕابگرن چاکەی لێ چاوەڕوان ناکەن، دەی لەوەی ئامۆژگاریتان دەکرێ تێبگەن چونکە شەڕ بەر کەوتوو ئەوەیە شەڕی ئایینی کرابێ‌و بەختەوەریش ئەوەیە بە جگە لەوە ئامۆژگاری بکرێ‌و لارو بەدبەختیش ئەوەیە لەناو سکی دایکیەوە لاسار بێ، خراپترینی کارەکان بیدعە سازیەکانیەتی، دەستگرتن بە سوننەتەوە باشترە لە خۆ ماندوو کردن لە بیدعەیەکدا، خەڵکی بێزاریەکیان لە سوڵتانیان هەیە دەی پەنا دەگرم بە خوا ئەوە بگات بە من، ئێوەش دووربن لە زۆر ڕقو ئارەزووی شوێنکەوتەو دنیای بە دوادا چووو من دەترسم پاڵ بدەن بە لای ئەوانەدا کە ستەم دەکەن، دەی دڵنیا بن لەوەی سامانی لا دەبێ، بنەونە ئەو قورئانە چونکە تیایدا ڕووناکیو شیفا هەیەو جگە لەوەش بەدبەختیە، ئەوەی لەسەرمە لەوەی کە خوا کارو بارو ئامۆژگاری کردنی ئێوەی پێ سپاردووم بەجێمگەیاند، فەرمانمان کرد خۆراكو مووچەتان بدرێ، سەربازەکانمان بۆ ناونووس کردنو مەغازیەکانتانمان بۆ ئامادە کردنو ماڵو حاڵمان بۆ چەسپاندنو

ئەوەی پێتان گەیشت بۆمان زیادو فراوان کردن‌و ئەوەش کە لەسەری شەڕتان دەکرد هەروا، دەی هیچ بەڵگەیەکتان لای خوا نیە بەڵکو خوا بەڵگەی لەسەرتان هەیە، ئەمە دەڵێم‌و لای خوا داوای لێخۆشبوون دەکەم بۆ خۆم‌و ئێوەش.

ئیبن کەثیر لە(البداية والنهاية ج٧، ص٥٦) سەیف باسی لەوە دەکات لە دەقەکەیدا بەوەی عومەر لە مەدینە بە سواری ئەسپێ سوار بوو تا خێرا بچێ دوای ئەوەی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی لەسەر دانا، چوو تا گەیشتە جابیە لەوێ دابەزی‌و وتارێکی دوور درێژی پێشکەش کرد، تیایدا هاتبوو: ئەی خەڵکینە نهێنیەکانتان باش بکەن ئاشکراتان چاك دەبێ، کار بکەن بۆ ڕۆژی دواییتان دنیاتان زامن دەبێ، بزانن هەرکەس لە نێو ئەوو ئادەمدا باوکێکی زیندوو نیەو لە نێوان ئەوو خواشدا هیچ نیە دەی هەرکەس خۆشەویستی ڕێی بەهەشتی دەوێت با پەیوەستی کۆمەڵبوون بێت چونکە شەیتان لەگەڵ یەکدایەو لە دوان دوور ترە، هیچ کامتان بە تەنها لەگەڵ ئافرەتێ نەبێ چونکە شەیتان سێیەمیانە، هەرکەس چاکەکانی دڵخۆش‌و خراپەی دڵگرانی بکات ئەوە باوەڕدارە، ئەمەی لە وتارێکی دوورو درێژدا هێناوە کە ئێمە کورتمان کردووەتەوە، تەواو.[1]

ئەحمەد(ج١، ص١٨) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی عومەری کوڕی خەتتاب لە جابیە وتاری داو وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لەم شوێنەی من لە نێوتاندا هەستاو فەرمووی(وەسیەتی خێر بە هاوەڵانم بخوازن، دواتر ئەوانەی دوای ئەوان دێن، پاشان درۆ بڵاو دەبێتەوە تا کەس هەیە پێش ئەوەی پرسیارو داواکاری لێبکرێ دەستپێشخەری بۆ شایەتی دەدات، هەرکامتان نێوەندی بەهەوشتی(بحبحة) ویست با پەیوەستی جەماعەت بێت چونکە شەیتان لەگەڵ یەکەو ئەو لە دوان دوورترە، کەستان لەگەڵ ژنێ بە تەنها نەبێ چونکە شەیتان سێیەمیانە، هەرکەس چاکەی خۆشحاڵ‌و خراپەی دڵگرانی بکات ئەوە باوەڕدارە).

---

[1] - صحيح.

هەروەها لە(ج١، ص٥١) لە سوەیدی کوڕی غەفلەوە هێناویەتی عومەر(بەهەمان) لە جابیە وتاری دا بۆ خەڵكو وتی: پێغەمبەر(ﷺ) ڕێگری کرد لە پۆشینی ئاوریشم جگە لە هێندەی شوێنی دوو یان سێ یان چوار پەنجە، ئاماژەشی کرد بە دەستی،[1] لە(البداية والنهاية ج٧، ص٧٩) یشدا سەیف دوای باسی هاتنی عومەر دوای تاعوونی عەمواس لە کۆتایی ساڵی حەقدەدا دەڵێت: کاتێ ویستی بگەڕێتەوە بۆ مەدینە(لە ذیلحەجەی ئەو ساڵەدا) وتاری دا بۆ خەڵكو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر وتی:بزانن من لەسەر ئێوە دانراومو ئەوەی لەسەرم بوو سەبارەت بەوەی خوا باری ئێوەی دامە دەست گەیاندم، ئەگەر خوا بیەوێت لە نێوتاندا دەستکەوتو ماڵو مەغازیتانمان فراوان کردووە، ئەوەی لامانە پێمان گەیاندن، سەربازمان بۆ ڕێکخستنو عروجمان بۆ ئامادەساز کردن، ئامادەسازیمان کردووە بۆتانو چی دەستکەوتتان پێگەیشتووە بۆمان فراوانو زیادکردوون، ئەوەش لە شامتاندا لەسەری دەجەنگان هەروا، خواردنەکانیشتانمان بۆ ناوهێنان، فەرمانمانکرد بە مووچەو ڕۆزیو دەستکەوتەکانتان،هەرکەس شتێکی زانی کە پێویست بوو کاری پێبکرێ با فێرمان بکاتو پێمان بڵێ تا بە ویستی خوا کاری پێبکەین، هێزیش تەنها لای خوایە، تەواو.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص٢٨١) لە عروەی کوڕی زوبەیرو جگە لەویشەوە هێناویەتی عومەر وتاری داو سوپاسو ستایشی خوای کرد بەو جۆرەی شیاویەتی، پاشان خەڵکی بیر هێنایەوە بە یادی خواو ڕۆژی دوایی، پاشان وتی: ئەی خەڵکینە من بە بەرپرستان دانراومو ئەگەر هیوای ئەوە نەبێت چاکترینتان بم بۆتانو بەهێزترینتان بم لەسەرتانو سەرسەختترینتان بم بۆ خۆ گرتنی گرنگی کاروبارتان ئەوەم لە ئەستۆ نەدەگرت لێتان، بەسە بۆ عومەر غەمبارو دڵگران بێ کە چاوەڕێی هاتنی موحاسەبەیە بۆ وەرگرتنی مافەکانتان چۆن دادەنریتو

[1] – صحيح.

هەڵدەگیرێت من لە کویٚ دایان بنێم‌و چۆن لە نێوتاندا ڕیٚ ببڕم، دەی پەروەردگارم پشتیوانە چونکە عومەر متمانەی بە هێزو لێزانی نیە ئەگەر خوای پەروەردگاری بە ڕەحمەت‌و پشتیوانی‌و پاڵپشتی خۆی فریای نەکەوێت.

بەو سەنەدەش هێناویەتی عومەر وتاری داو وتی: خوا کارو باری ئێوەی داوەتە دەستم‌و منیش چاکترین شت بۆتان دەزانم‌و داوا لە خوا دەکەم لەسەری پاڵپشتم بکات‌و لە لای پاسەوانیم بکات وەك لە جگە لەوێدا پاسەوانی کردووم، هەروەها دادپەروەریم پیٚ ببەخشیٚ لە دابەشکردنتاندا وەك ئەوەی فەرمانی پێکردووە، من کەسێکی موسوڵمان‌و بەندەیەکی لاوازم ئەگەر خوا پشتیوان نەبیٚ، هەرگیز ئەو خیلافەتەتان کە لەسەری دانراوم هیچ لە ئاکارم ناگۆڕێت پشت بەخوا، گەورەیی بۆ خوایەو بەندەکان هیچیان لیٚ نیە، دەی کەستان نەڵێن عومەر لەو کاتەوەی بوو بە خەلیفە گۆڕا، لە خۆمەوە حەق دەناسم‌و پێشڕەوی دەکەم‌و باری خۆمتان بۆ ڕوون دەکەمەوە، جا هەرکەسیٚ پێویستیەکی هەبوو یان ستەمێکی لابوو یان لە ئاکارێکدا سەرکۆنەی لەسەرمان هەبوو با بێتە لام‌و پێم بڵیٚ چونکە کەسێکم لە ئێوە، دەی لە خوا بترسن لە نهێنی‌و ئاشکراو حورمەت‌و ئابڕووتانداو لە خۆتانەوە حەق بدەن‌و بەسەر یەکدا هەوڵ مەدەن حوکم بە لای مندا بێنن، چونکە نێوانی من‌و هەرکەسیٚ هیچی تێدا نیە، من ئەوەتانم لا ئازیزە کە باش بێت‌و بەرامبەرم بە عیزەت‌و ڕاست بڵیٚ بێت، ئێوە خەڵکانێکن بە گشتی لە وڵاتی خوادان، خەڵکی شوێنیٚ هیچ کشتوکاڵ‌و شیردانی تێدا نیە جگە لەوەی خوا بۆی دەنێریٚ، خوای گەورە بەڵێنی ڕێزداریەکی زۆری پێداون‌و منیش لە سپاردەکەم‌و ئەوەشی تیایدام بەپرسم، پشت بەخوا ئاگادارم بەوەی لە دەورو لە لامەو نایدەمە دەست کەس‌و دوای ئەوەش ناتوانم جگە بە یارمەتی جیٚ متمانەکان‌و دارو دەستەی ئامۆژگاریتان بۆ گشتی، من سپاردەکەم نادەمە کەسیٚ جگە لەوان پشت بەخوا.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص٢٨٢) هێناویەتی عومەر وتاری داو پاش سوپاس‌و ستایشی خواو سەلەواتدان لەسەر پێغەمبەر(ﷺ) وتی: ئەی خەڵکینە

هەندێ لەچاو لەسەر بوون هەژاریەو هەندێ لە بێهیوایی دەوڵەمەندیە، ئێوە ئەوە کۆدەکەنەوە کە نایخۆن‌و هیوای ئەوە دەخوازن کە پێی ناگەن، ئێوە ئەجەلتان لەسەرە دەی ماڵی سەرکەشی چیە، ئێوە لە سەردەمی پێغەمبەردا سروشی خواییتان بەدیدەکر جا هەرچی نهێنی بوایە پەنهانیەکەی دەردەکەوت‌و هەرچی ئاشکرا بوایە ئاشکراکەی وەردەگیرا، دەی چاکترینی کاری خۆتانمان بۆ نیشان بدەن‌و خواش دانا ترە بە نهێنیەکان چونکە هەرکەس شتێکمان بۆ نیشان بدات‌و بانگەشەی ئەوە بکات پەنهان‌و ناخی چاکە بڕوای پێناکەین، هەرکەسیش چاکەیەکمان بە ئاشکرا بۆ بنوێنێ گومانی باشی پێدەبەین، بزانن هەندێ لە چرووکی بەشێکە لە دووڕوویی، دەی ببەخشن ﴿خَيْراً لِّأَنفُسِكُمْ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ﴾ ئەی خەڵکینە دڵ‌و دەروونتان پاک‌و کاروبارتان ڕێك ڕابگرن‌و لە خوای پەروەردگارتان بترسن‌و جلی قیبتی مەکەنە بەری ژنەکانتان چونکە ئەگەر پشتی دانەپۆشی وەسف دەکرێ، دەی خەڵکینە من هیوام وایە بە ڕێکی دەرچم نە هیچم بۆ بێ‌و نە هیچم لەسەربێ، هیوام وایە ئەگەر کەمێ یان زۆر لە نێوتاندا بم بە حەق کارتان لە نێودا بکەم پشت بە خوا، یەك موسوڵمانیش نەمێنێ ئەگەر لە ماڵی خۆیشیدا بێ بەش‌و پشکی خۆی لە سامانی خوادا بگاتە دەستی‌و خۆی کاری بۆ نەکات‌و ڕۆژی بۆ دانەنێ، ئەو سامانەی خوا پێیداون چاکی ڕابگرن، کەمێك لە نەرم‌و نیانیدا باشترە لە زۆریك لە توندو تیژیدا شەڕو کوشتن مەرگێکە لە مەرگەکان تووشی چاك‌و خراپ دەبێ، شەهید ئەوەیە چاوەڕێی پاداشتی لای خوایە، ئەگەر کەسێکتان وشترێکی بینی با پشت ببەستێ بە درێژی زەبەلاح تا بە گۆچانەکەی لێی بدات ئەگەر بینی دڵی ئاسنە(ڕەقە) با بیفرۆشێت.

ئیبن جەریر لەمێژووەکەیدا(ج٣، ص٢٨٣) لە عروەو جگە لەویشەوە هێناویەتی دەڵێت وتیان: عومەر وتاری داو وتی: خوای گەورە سوپاس‌و ستایش بۆ ئەوە بێت سوپاسی لەسەر پێویست کردن‌و حەجی لەسەر دانان‌و بەو ڕێزەی دنیاو دوا ڕۆژەی بەبێ داواتان بۆی‌و حەزتان لێی پێی بەخشین، خوای گەورە دروستی کردوون‌و ئێوە بۆ خۆی‌و پەرستشی نەبوون، خوا دەیتوانی بتانکات بە سووکترین دروستکراوی لەسەری گشتی دروستکراوەکانی بۆ ئێوە داناو ئێوەی نەکرد بە

شتیٚ جگە لە خۆی(سخرلكم ما في السموات وما في الأرض وأسبغ عليكم نعمه ظاهرة وباطنة) لە وشكانیو دەریادا هەڵیگرتوونو ڕۆزی پاكی پێداون بەڵكو سوپاس گوزار بن،پاشان بیستنو بینینی پێداون لەگەڵ بەخششەكانی خوا لەسەرتان، هەندیٚ نیعمەت هەموو ئادەمیزاد بەڕێكەوتووە، تیایدا هەندیٚ تایبەت كراوە بە دارو دەستەی ئایینتان، پاشان ئەو بەخششانەی بە گشتیو تایبەتیەوە لە دەوڵەتو كاتو چینتاندا هەن، لەو بەخششانە بەخششی نیە بە تایبەت بگات بە كەسیٚ مەگەر ئەوەی پێی دەگات لە نێوان هەموو خەڵكدا دابەشی بكاتو سوپاسی بەدوایاندا بێتو مافیان قورس بكات بە بیٚ یارمەتی خوا لەگەڵ ئیمان بە خواو پێغەمبەرەكەیدا، ئێوە لەسەر زەویدا دانراونو بەسەر خەڵكێكدا زاڵنو خوا ئاینەكەتانی سەر خستووە، هیچ ئوممەتێكی پێچەوانە بە ئایینتان نابێت مەگەر دوو ئوممەت، ئوممەتێك دوور خواز لە ئیسلامو موسڵمانان سەرانەتان پێدەدەنو وریای ژیانو بژێوی خۆیاننو سەر شانیان باری قورسەو ئێوەش سوودتان بۆ هەیە، ئوممەتێكیش چاوەڕوانی ڕووداوو سزای توندی خوایە بە شەوو ڕۆژ، خوا دڵی پڕ كردوون لە ترسو هیچ پەناگەیەكیان نیە پەنای بۆ ببەنو بۆ ڕاكردوویەكیان نیە متمانەی پیٚ بكەن، سەربازانی خوا تێكیان شكاندوونو دابەزیوەتەمەیدانیان لەگەڵ ژیان فراوانیوزۆری سامانو بەدواداهاتنی دەستەكانو بەربەستی سەر سنوورەكان پشت بەخوا سەلامەتی بەرزو شكۆ دابەزیوە، ئەو سەلامەتیەی لەو كاتەوەی ئیسلام هاتووە ئوممەت هێندە پێی باش نەبووە، خوا جیٚ سوپاسە لەگەڵ ئەو فتوحاتە گەورانەی هەر وڵاتێكدا، ئیدی بۆچی لەگەڵ ئەمەدا سوپاسی سوپاسگوزارانو یادی یادكارانو ئیجتیهادی موجتەهیدان نەبیٚ لەگەڵ ئەم هەموو نیعمەتانەدا كە ئەژمار ناكرێنو پێوانە ناكرێنو ناتوانریٚ مافیان بە جیٚ بگەیەنرێت مەگەر بە یارمەتیو ڕەحمەتو میهرەبانی خوا، داوا لەو خوایە دەكەین كە هیچ پەرستراویٚ نیە جگە لەو كەسەی ئەمەی پیٚ بەخشین تا كار كردن بە گوێڕایەڵیو پیشڕەوی بۆ ڕەزامەندی خۆیمان پیٚ ببەخشیٚ، بەندەكانی خوا بیری

پێدانی خوا بۆتان بکەنەوەو هیوای بە تەواو گەیشتنی بەخششی خوا لەسەرتان بخوازن لە کۆڕی تاك‌و دوانەتاندا، چونکە خوا بە مووسای فەر موو ﴿(أَخْرِجْ قَوْمَكَ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَذَكِّرْهُمْ بِأَيَّامِ اللّهِ)﴾ بە موحەممەدیشی فەرموو ﴿إِذْ أَنتُمْ قَلِيلٌ مُّسْتَضْعَفُونَ فِي الأَرْضِ﴾ دەی ئەگەر ئێوە لاوازو بێبەشی خێری دنیا بن لەسەر لقێکی حەق براوی پێدێنن‌و بۆی دەحەسێنەوە لەگەڵ نایینی خواو ئایینەکەیداو هیوای خێری دوای مەرگی پێ دەخوازن ئەوەیە ڕەوایە، بەڵام ئێوە لە هەموو خەڵك ژیانتان باشترو زۆرتر نەزانی بەرامبەر بە خواش لەوێیە، ئەگەر ئەوەی پێی هەوڵی ڕزگاری ئێوەی دا بەختێکی دنیاییتانی لێ نەبوو جگە لەوەی متمانەیە بۆتان لە ڕۆژی دواییتاندا ئەو ڕۆژەی گەڕانەوەو بە ڕوودا کەوتنەوە بەرەو ئەوێیە، ئێوە لە ژیانی سەختی وادا بن کە زۆر سازەکان لەسەری بن لەسەر پشکتان چروك بن لێی جگە لەوە نیشان بدەن لە پێش ئەوەدا ئەو کات فەزلی دنیاو ڕێزی دواڕۆژتان بۆ کۆدەکاتەوەو ئەوەش کە دەیوت لە نێوتاندا بۆ ئەوی کۆ بکاتەوە، دەی خواتان بیر دەخەمەوە لە دڵ‌و دەروونتاندا مافی خوا بزانن، نەکەن بیزانن‌و کەمتەرخەمی بکەن لەسەر گوێڕایەڵی خواو لەگەڵ بەختەوەری بەخششەکاندا دەست تێکەڵ بکەن لە ترسی گوێڕایەڵی‌و گواستنەوەی‌و گۆڕانی چونکە هیچ شتێ هێندەی پێ نەزانینی بەخشش داماڵەری بەخشش نیە، سوپاس پارێزەرە بۆ جگە لەوەو گەشەیە بۆ بەخشش‌و گیراکردنی داوای زیاتر ئەمە مافی خوا بوو لەسەرم بۆتان تا فەرمان‌و ڕێگری واجبتان پێ بڵێم.

ئیبن جەریر لە کولەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر ڕۆژی هەینی وتاری داو سورەتی ئال عیمرانی خوێند، کە گەیشتە ئەم ئایەتە ﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾ وتی ڕۆژی ئوحود کە ئەوانمان شکاند ڕامکرد تا چوومە سەر شاخەکە، دەمدی وەك بەرخی شاخاوی سەرو خوارم بووو خەڵکی دەیانوت موحەممەد کوژرا، وتم هەرکەس بڵێ موحەممەد کوژرا دەیکوژم، ئێمە لەسەر شاخەکە کۆبووینەوە ئەم ئایەتە دابەزی﴿إِنَّ الَّذِينَ تَوَلَّوْاْ مِنكُمْ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ﴾.

ئیبن مونزیر لە کولەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر لەسەر مینبەر سورەتی ئال عیمرانی دەخوێندو وتاری بۆ داین و دەیوت: ئەم سورەتە ئوحود بوو، پاشان وتی: ڕۆژی ئوحود لە دەوری پێغەمبەر(ﷺ) بڵاوەمان کرد، من چوومە سەر شاخەکە بیستم جولەکەیەك دەیوت موحەممەد کوژرا، وتم ببیستم هەرکەس بڵێ موحەممەد کوژرا دەدەم لە ملی، سەیرم کرد پێغەمبەر(ﷺ) دیار بووو خەڵکی گەڕانەوە بۆ لای، ئەوکات ئەو ئایەتە دابەزی ﴿وَمَا مُحَمَّدٌ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ أَفَإِن مَّاتَ أَوْ قُتِلَ انقَلَبْتُمْ عَلَى أَعْقَابِكُمْ وَمَن يَنقَلِبْ عَلَىَ عَقِبَيْهِ فَلَن يَضُرَّ اللّهَ شَيْئاً وَسَيَجْزِي اللّهُ الشَّاكِرِينَ﴾.[1]

ئەبو عوبەیدو خەرائیتی و صابوونی و عەبدوڕەزاق لە عەبدوڵلای کوڕی عەددی کوڕی خیارەوە هێناویانە وتی: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لەسەر مینبەر دەیوت: بەندە ئەگەر لەبەر خوا خاکی بوو خوا دانایی بەرز دەکاتەوەو بژێرەوە خوا بتبوژێنێتەوە، خۆیشی لە دەروونی خۆیدا کەمەو لەبەر چاوی خەڵك گەورەیە، ئەگەر خۆی بەگەورە زانی و خۆبەزلزانی گرتی خوا بەڕووی زەویدا دەیشکێنێتەوەو دەفەرموێ وس بە خوا نوزەت بېڕێ، خۆی بە گەورە دەزانێ و لەبەر چاوی خەڵك کەم و سووکە تا ئەوەی لە بەراز لایان سووکتر.[2]

خەتیب لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب وتاری بۆ داین و وتی من لەوانەیە لە شتێ کە بۆتان دەگونجێ ڕێگریتان لێبکەم و شتانێکتان پێ بڵێم کە بۆتان شیاوو گونجاو نین، لە کۆتایی قورئاندا دابەزینی ئایەتی سوو بوو، پێغەمبەر(ﷺ) مردو بۆی ڕوون نەکردینەوە، دەی ئەوەی گوماندارتان دەکات وازی لێ بهێنن بۆ ئەوەی گومانتان ناهێڵێ.[3]

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص١٣٨)دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٢، چ١٤٣) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٢، ص٢٣٢)دا واهاتووە.

ئەحمەدو ئەبو یەعلاو ئەبو عوبەید لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە دەڵێت: عومەر(ﷺ) وتاری داو باسی ڕەجمی کردو وتی: فێڵی لێ مەکەن چونکە سنورێکە لە سنورەکانی خوا، بزانن پێغەمبەر(ﷺ) ڕەجمی کردووەو ئێمەش دوای ئەو کردوومانە، ئەگەر کەسانێ نەیانوتایە عومەر زیادەیەکی خستە قورئان کە تیایدا نیە لە لایەکی موصحەفەکەوە دەمنووسی عومەری کوڕی خەتتابو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو فلانو فلان شایەتی دەدەن پێغەمبەر(ﷺ) ڕەجمی کردووەو ئێمەش دوای ئەو ڕەجممان کردووە، بزانن دوای ئێوە خەڵکانێ دێن بە ڕەجم(بەرد باران کردن)و دەجالو شەفاعەتو سزای ناو گۆڕو هاتنەدەری خەڵکانێ لە دۆزەخ پاش تەواو بوونی سزایان بڕوا ناکەن.

مالیکو ئیبن سەعدو موسەددەدو حاکم لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویانە عومەر کە لە مینا دابەزی لە ئەبتەح دانیشتو کلۆیەکی خۆڵی کۆکردەوەو لایەکی جلەکەی بەسەردا داو دواتر لەسەری ڕاکشاو دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو وتی: خوایە تەمەنم زۆر بووەو لاواز بوومو هاوڵاتیانم فراوانو بڵاو بوون دەی بەبێ فەوتانو کەمتەرخەمی بمبەرەوە لای خۆت، کە هاتەوە مەدینە وتاری دا بۆ خەڵکو وتی ئەی خەڵکینە من فەرزەکانم بە فەرزو سوننەتەکانم بە سوننەت بۆ دانانو لەسەر ڕوونی بەجێم هێشتن، پاشان دەستی ڕاستی دا بەسەر دەستی چەپیداو وتی بە ڕاستو چەپدا گومڕا دەبن بە خەڵك، پاشان وریا بن ڕەجم لەبیر بکەنو یەکێ بڵێ لە قورئاندا باسی نابینین، من پێغەمبەرم(ﷺ) بینیوە ڕەجمی کردووەو ئێمەش دوای ئەو ڕەجممان کردووە، بەخوا ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت خەڵك بڵێ عومەر زیادەی بۆ قورئان نووسی لە قورئاندا دەمنووسی ئێمە خوێندوومانە: پیاوو ژن ئەگەر زینایان کرد ڕەجمیان بکەن، سەعید وتی: زولحەجە چوو تا لێی درا.[1]

---

[1] – لە(کنز العمال ج٣، ص٩٠)دا واهاتووە.

تەیالسی و ئیبن سەعدو ئیبن ئەبی شەیبەو ئەحمەدو ئیبن حبان و موسلیم و نەسائی و ئەبو عوانەو ئەبو یەعلا لە مەعدانی کوڕی ئەبو تەلحەی یەعمریەوە هێناویانە عومەری کوڕی خەتتاب ڕۆژی هەینی چوویە سەر مینبەرو سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان باسی پێغەمبەر(ﷺ) و ئەبو بەکری کردو وتی من خەوێکم بینیوە تەنها وا دەزانم مەرگم نزیکە، بینیم کەڵەشێرێ دوو دەنووکی لێدام سور ڕەنگ، منیش گێڕامەوە بۆ ئەمسائی کچی عومەیس و وتی کەسێکی عەجەم دەتکوژێت، خەڵکی فەرمانم پێدەکەن کەسێ دوای خۆم دابنێم، خوا ئایینی خۆی و ئەو خیلافەتە لەناو نابات کە پێغەمبەرەکەی پێ ناردووە، ئەگەر بارێکم بۆ پێشخرا ئەو شوراو ڕاوێژ لەو شەش کەسانە بێت کە پێغەمبەر(ﷺ) مردو لێیان ڕازی بوو، عوسمان و عەلی و زوبەیرو تەلعەو عەبدورەحمانی کوڕی عەوف و سعدی کوڕ ئەبی وەقاص، بەیعەتتان بەهەر کامیان دا گوێگرو گوێڕایەڵی بن، من دەزانم خەڵکانێ ئەو کارە دەتوانن، من لەسەر ئیسلام بە دەستانی خۆم شەڕم لەگەڵ کردون ئەوانە دوژمنانی گومڕای بێباوەڕی ئیسلامن و من واز لە هیچ ناهێنم لە لام گرنگترە، ئەی هاوار لەو کاتەوەی هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) بووم هێندەی مەسەلەی........... بۆ هیچ شتێ لێم تووڕە نەبووە تا ئەوەی بە پەنجەکانی دای بەسەر سنگمداو وتی: ئایا(الصیف)ت بەسە کە لە کۆتایی سورەتی النساء دابەزی، من ئەگەر بژیم دادو بڕیارێکی بۆ دادەڕێژم کە ئەوەی خوێندەوارو نەخوێندەوارە بیزانێ، من خوا بە شایەت دەگرم لەسەر سەرکردەکانی ناوچەکان کە من ناردوومن تا خەڵکی فێری ئاینیان و سوننەتی پێغەمبەریان بکەن و ئەوەی بەسەریاندا گشگیر کراو بەرزی بکەنەوە بۆم، پاشان ئێوە ئەی خەڵکینە لە دوو درەخت دەخۆن کە بە پیسیان دەزانم، سیرو پیاز، ئەی هاوار، بەخوا من پێغەمبەری خوام دەدی کە بۆنی لە کەسێك بەدی دەکرد فەرمانی پێدەکردو دەستی دەگیراو لە مزگەوت دەردەکرا تا

دەبرایە بەقیع، جا هەرکەس هەردەبوو بیخوات با بیکوڵێنیٚ، ئینجا وتاری ڕۆژی هەینی دا بۆ خەڵك و ڕۆژی چوار شەممە چوار ڕۆژ لە مانگی زیلحەجە مابوو پێکرا.[1]

تەبەرانی لە(المعجم الأوسط)و ئەحمەدو شاشی و بەیهەقی و سەعیدی کوڕی مەنسوور لە یەساری کوڕی مەعروورەوە هێناویانە دەڵێت عومەر(رضي الله عنه) وتاری بۆ داین و وتی ئەی خەڵکینە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم مزگەوتەی دروستکردو ئێمەی کۆچەران و پشتیوانان لەگەڵی بووین، ئەگەر قەرەباڵغی زۆر بوو با هەرکامتان و لەسەر پشتی براکەی کڕنووش بەریٚ، بینی خەڵکانیٚ لە ڕێگەدا نوێژیان دەکرد، وتی لە مزگەوتدا نوێژ بکەن.[2]

ئیبن عەساکیرو سەعیدی کوڕی مەنسوورو تەمام لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت کاتیٚ عومەری کوڕی خەتتاب بوو بە خەلیفە وتاری دا بۆ خەڵك و وتی: پێغەمبەر(ﷺ) مۆڵەتی موتعەی پێداین سیٚ جارو دواتر حەرامی کرد، سوێند بەخوا هەرکەسیٚ بناسم موتعە بکات و ژنی هەبیٚ بەرد بارانی دەکەم مەگەر چوار شایەتم بۆ بێنیٚ کە شایەتی بدەن پێغەمبەر(ﷺ) پاش حەرامکردنی حەڵاڵی کردووە، هەرکەسیٚ لە موسوڵمانان بینیم موتعە بکات سەد جەلای لێدەدەم، مەگەر چوار شایەتم بۆ بێنیٚ کە پێغەمبەر(ﷺ) پاش حەرامکردنی حەڵاڵی کردووە.

بەیهەقی لە عەبدوڵڵای کوڕی سەعید لە باپیریەوە هێناویەتی بیستی عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) لەسەر مینبەر دەیوت ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان خوای گەورە لە وڵاتانی عەجەمەوە ژن و مناڵی ئەوانی پێدان کە نەیدابوون بە پێغەمبەر(ﷺ)و ئەبو بەکریش، من دەزانم کەسانیٚ دەچنە لای ژنان، دەی هەرکەس لە ژنیٚ لە ئافرەتانی عەجەم منداڵی بوو ئەوا دایکی منداڵەکە مەفرۆشن چونکە ئەگەر وابکەن لەوانەیە کەس لەگەڵ حەرامیدا جووت بیٚ و نەشزانیٚ.[3]

[1] – لە(کنز العمال ج٣، ص١٥٣)دا واهاتووە.
[2] – لە(کنز العمال ج٤، ص٢٥٩)دا واهاتووە.
[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٩٢)دا واهاتووە.

ئیبن جەریر لە مەعرور یان ئیبن مەعروری تەمیمیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب چوویە سەر مینبەرو لە خوار شوێنی پێغەمبەر(ﷺ) بە دوو پلیکان دانیشت، وتی وەسیەتتان بۆ دەکەم لە خوا بترسن و گوێگرو گوێڕایەڵ بن بۆ ئەو کەسەی خوا کاروباری ئێوەی داوەتە دەستی.[1]

بەیهەقی لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت عومەری کوڕی خەتتاب لە وتاریدا دەیوت: هەرکامتان لە دەست ئارەزوو و تووڕەیی و چاوچنۆکی پارێزراو بێ و بەرەو ڕاستگۆیی ڕێنموونی کرابێ سەرکەوتووە چونکە بەرەو خێری ڕادەکێشێ، هەرکەس درۆبکات خراپە دەکات، هەرکەس خراپە بکات بە هیلاك دەچێ،وریای خراپە بن،تاوان و دەرچوونی کەسێ چی بێ کە لەخۆڵ دروستکراوەو بۆ ناو خۆڵ دەگەڕێتەوە، ئەمڕۆ زیندووو بەیانی مردووە، کاری ڕۆژ بۆ ڕۆژ بکەن، دوور بگرن لە نزای ستەملێکراو، خۆتان بە مردووان بژمێرن[2].[3]

بوخاری لە(الأدب المفرد)و ئیبن خوزەیمەو جەعفەری فریابی لە قوبەیسەوە هێناویانە دەڵێت بیستم عومەر لەسەر مینبەر بوو دەیوت: هەرکەس ڕەحم نەکات ڕەحمی پێناکرێت، هەرکەس لێخۆشبوونی نەبێ لێخۆشبوونی بۆ نیە، هەرکەس تەوبە وەرگرتنی نەبێ تەوبەی بۆ نیە، هەرکەس ترس و تەقوای نەبێ ترس و تەقوای بۆ نیە.[4]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٥٤) لە عەبدوڵڵای کوڕی خەراش لە مامیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لە وتاریدا دەیوت: خوایە بە پەتی خۆت پەیوەست و لەسەر فەرمانی خۆت چەسپاومان بکە، ئەحمەدیش لە

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨) دا واهاتووە.

[2] – حسن.

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨)دا واهاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٧)دا واهاتووە.

الزهدو رەویانی و لالەکائی و ئیبن عەساکیر هێناویانەو ئەوەشیان بۆ زیاد کردووە: لە فەزڵی خۆتمان پێ ببەخشە.[1]

ئەحمەد(ج١، ص١٧) لە ئەبو سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێت عومەر وتاری دا بۆ خەڵك و وتی خوای گەورە چەندی ویست مۆڵەتی دا بە پێغەمبەرەکەی، پێغەمبەری خواش لە پێناو خوادا ڕێی بڕی ﴿وَأَتِمُّواْ الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلّهِ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ وَلاَ تَحْلِقُواْ رُؤُوسَكُمْ حَتَّى يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضاً أَوْ بِهِ أَذًى مِّن رَّأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِّن صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ فَإِذَا أَمِنتُمْ فَمَن تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ذَلِكَ لِمَن لَّمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ وەك خوا فەرمانی پێکردوون، داوێنی ئەو ئافرەتانەش پاك ڕاگرن.[2]

ئەحمەد(ج١، ص٢٠) لە ئیبن زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عومەری کوڕی خەتتاب لە وتاریدا دەیوت لە پێغەمبەری خوای بیستووە دەیفەموو(هەرکەس لە دنیا ئاوریشم بپۆشێ لە ڕۆژی دواییدا نایپۆشێ).[3]

ئەحمەد(ج١، ص٣٤) لە ئەبو عوبەیدی مەولای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویەتی لەگەڵ عومەری کوڕی خەتتابدا ئامادەی جەژن بووو پێش ئەوەی وتار بدات بە بێ بانگ و قامەت نوێژی کرد، پاشان وتاری داو وتی: ئەی خەڵکینە پێغەمبەری خوا دوورە پەرێزی کردووە لە ڕۆژووی ئەو دوو ڕۆژە، یەکێکیان ڕۆژی ڕۆژوو کردنەوەو جەژنتانە، ئەوی دیکەش ئەو ڕۆژەی لە بۆنەتان دەخۆن.

[1] – وەك لە(کنز العمال ج١٠، ص٣٠٢)دا هاتووە.

[2] – صحيح.

[3] – صحيح.

ئەحمەد(ج١، ص٤٣) لە عەلقەمەی کوڕی وەقاصی لەیثیەوە هێناویەتی بیستی عومەری کوڕی خەتتاب وتاری دەدا بۆ خەڵكو دەیوت: بیستم پێغەمبەری خوا دەیفەرموو (انما الأعمال بالنیات وانما لکل امریء مانوی، فمن کانت هجرته الی الله ورسوله فهجرته الی الله ورسوله،ومن کانت هجرته الی دنیا یصیبها أو امرأة یتزوجها فهجرته الی ما هاجر الیه)(کار بە نیەتەو هەرکەسەو بە پێی نیتەکەیەتی هەرکەس کۆچی لەبەر خواو پێغەمبەرەکەی بێت ئەوا کۆچەکەی بۆ خواو پێغەمبەرەکەیەتی، هەرکەسیش کۆچی لەبەر دنیایەك بێت کە دەستی بکەویٚ یان ژنیٚ بە هاوسەر بگریٚ ئەوا کۆچی ئەوەیە کە کۆچی بۆ کردووە).[1]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٣٢٢) لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب لە ساڵی نەبوونیدا وتاری دا بۆ خەڵكو وتی: ئەی خەڵکینە لە خوا بترسن سەبارەت بە خۆتانو ئەو بارەتان کە خەڵك ئاگاداری نیە، من بە ئێوەو ئێوەش بە من لە تاقیکردنەوەداین، نازانم تووڕەیی من جگە لە ئێوە یان ئێوە بۆ جگە لە من بێت یان منو ئێوەشی داگرتووە، دەی با لە خوا بپاڕێینەوە دڵمان ساغ بکاتو ڕەحممان پیٚ بکاتو وشکە ساڵیمان لەسەر لابدات، ئەو ڕۆژ عومەر بینرا دەستەکانی بەرز کردبوویەوەو نزای دەکردو ئەوو خەڵکیش زۆر گریان، ئینجا عومەر دابەزی.[2]

ئەحمەد(ج١، ص٤٤) لە ئەبو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە ژێر مینبەری عومەردا دانیشتبووم کە وتاری دەدا بۆ خەڵكو لە وتارەکەیدا دەیوت: بیستم پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو(ان أخوف ما أخاف علی هذه الأمة کل منافق علیم اللسان)(ترسناکترین شتیٚ بۆ سەر ئوممەتەکەم لێی دەترسم هەموو دووڕوویەکی زمان زانایە)، پیشتریش وتارەکاتی عومەرمان لە باسی یەکدەنگیو یەکڕیزیدا هێنان.[3]

---

[1] - صحیح.

[2] - صحیح.

[3] - صحیح.

(وتارەکانی ئەمیری باوەڕداران عوسمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه))

ئیبن سەعد(ج٣، ص٦٢) لە ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڕەحمانی مەخزومیەوە هێناویەتی عوسمان(رضي الله عنه) کە بەیعەتی پێدرا چوو بۆ لای خەڵكو وتاری بۆ دانو سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر وتی: ئەی خەڵکینە یەکەم سواربوون سەختەو دوای ئەمڕۆ ڕۆژانیٚ هەنو ئەگەربژیم وتار بە هەمانشێوە دێتە خزمەتتانو ئێمە وتار بێژ نینو دواتر خوا فێرمان دەکات.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص٣٠٥) لە ڕێگەی سەیف لە بەدری کوڕی عوسمان لە مامیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتیٚ ئەهلی شوورا بەیعەتیان دا بە عوسمان دەرچوو لەو پەڕی دڵتەنگیدا بوو، چوویە مینبەرەکەی پێغەمبەری خواو وتاری دا بۆ خەڵكو سوپاسو ستایشی خوای کردو سەڵەواتی دا لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و وتی ئێوە لە ماڵی گوڕانو چووندانو لە پاشماوەی تەمەندان، دەی خێر پێش مەرگتان بخەن هێندەی دەتوانن چونکە بەیانیو ئێوارە دەکەنەوە، وریابن دنیا بەسەر سەرکەشیدا پێچراوەیەوە ﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾ پەند وەربگرن لەوەی کە ڕابردووە دواتر وردەکار بنو بێئاگا مەبن چونکە ئەو لێتان بێئاگا نیە، کوان کوڕانو برایانی دنیا کە دنیایان گرتە دەستو بنیادیان ناو ماوەیەکی دووروودرێژ تیایدا دەیانگوزەراند؟ ئایا قووتی نەدان؟ دەی دنیا فڕیٚ دەنە ئەو بارەی کە خوا فڕێی داوە، بە دوای دوا ڕۆژدا بچن، چونکە خوا نموونەی بۆ هێناوەتەوەو بە خێرای داناوەو دەفەرموێت ﴿وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَاء أَنزَلْنَاهُ مِنَ السَّمَاءِ فَاخْتَلَطَ بِهِ نَبَاتُ الْأَرْضِ فَأَصْبَحَ هَشِيماً تَذْرُوهُ الرِّيَاحُ وَكَانَ اللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ مُّقْتَدِراً {٤٥} الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِندَ رَبِّكَ ثَوَاباً وَخَيْرٌ أَمَلاً﴾(الكهف ٤٥) خەڵکی چوون بەرەو ڕوویو بەیعەتیان پێدا.

ئیبن جەریر(ج٣، ص٤٤٦)بە سەنەدێ کە سەیفی تێدایە لە عوتبەوە هێناویەتی دەڵێت عوسمان دوای ئەوەی بەیعەتی پێدرا وتاری دا بۆ خەڵكو وتی: پاشان من ئەوەم خراوەتە سەر شانو قبووڵمە، بزانن من شوێنکەوتەم بیدعە ساز نیم، وریا بن لە دوای قورئانو سوننەتی پێغەمبەرکەی ئێوە سێیەم شتتان لەسەر منە: ئەویش شوێنکەوتنی ئەوانەی پێش خۆم لەوەی لەسەری یەکدەنگنو داتانناوەو بوو بە سوننەتی ئەهلی خێر لەوەی هەروا داتاننەناوە، دەست گرتنەوە لێتان مەگەر لەوەی حەزی پێویست بوونیتان هەبێ، بزانن دنیا سەوزەو لای خەڵك خۆشەو زۆرێکی خەڵك داویانە بە لایدا، دەی پاڵ مەدەنەوە بە دنیاوەو متمانەی پێ مەکەن چونکە متمانەی نیە، بزانن دنیا وەلا نراو نیە مەگەر ئەوەی وەلای دەنێت.

دەینەوەری لە(المجالسة)و ئیبن عەساکیر لە موجاهیدەوە هێناویانە دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەففان وتاری داو لە وتارەکەیدا وتی: ئادەمیزاد بزانن کە فریشتەی مەرگ کە ڕاسپێردراوە بۆت بەردەوام بە دوای تۆوەیەو لەو کاتەوەی تۆ لە دنیایت هەنگاوی بۆ جگە لە تۆ ناوە، وا دیارە لەبەر تۆ ڕێی تری بڕیوەو بەرەو ڕووت دێ، دەی هۆشیاری خۆت وەربگرەو ئامادە سازی بۆ بکەو بێئاگا مەبە چونکە ئەو لێت بێئاگا نیە، بزانە ئەی ئادەمیزاد ئەگەر لە خۆت بێئاگا بیتو ئامادە ساز نەبیت جگە لە تۆ ئامادە سازی بۆ ناکات، هەر دەبێت بگەیتەوە بە خوا، دەی هۆشیاری خۆت وەربگرەو مەیدەرە پاڵ جگە لە خۆت، والسلام.[1]

دەینەوەریو ئیبن عەساکیر لە حەسەنەوە هێناویانە عوسمانی کوڕی عەففان وتاری دا بۆ خەڵكو سوپاسو ستایشی خوای کردو وتی: ئەی خەڵکینە لە خوا بترسن چونکە لە خوا ترسی دەوڵەمەندیو دەستکەوتە، ژیرترین کەس ئەوەیە بە

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص١٠٩)دا واهاتووە.

خۆدا بچێتەوەو کار بکات بۆ دوای مەرگ‌و لە ڕووناکی خوا ڕووناکیەك بۆ تاریکی ناو گۆڕ وەربگرێت، با هەر بەندەیەك بترسێ لەوەی خوا بە کوێری حەشری بکات لە کاتێکدا چاوی هەیە، بەسە بۆ دانا قسەی پوخت ببیستێ‌و کەڕیش لە دوورەوە هاوار دەکات، بزانن هەرکەس خوای لەگەڵدا بێ لە هیچ نەترسێ‌و هەرکەس خوا لە دژی بێت دوای ئەوە چ هیوایەکی هەبێت.[1]

ئیبن جەریرو ئیبن ئەبی حاتەم لە حەسەنەوە هێناویانە دەڵێت:عوسمانم لەسەر مینبەر بینی وتی: ئەی خەڵکینە لەو نهێنانەدا لە خوا بترسن چونکە من بیستم پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی (والذي نفس محمد بيده ماعمل احد عملا قط سرا الا البسه الله ردءه علانية، ان خيرا فغير وان شرا فشر) (سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بە دەستە هەرکەسێ بە نهێنی کارێ بکا خوا بە ئاشراییەکەی عەباکەی دەدات بە سەردا، ئەگەر خێر بوو ئەوا خێرەو ئەگەر خراپ بوو ئەوا خراپە) پاشان ئەو ئایەتەی خوێند(وریاشا، نەیفەرموو وریشا، (وَلِبَاسُ التَّقْوَىَ ذَلِكَ خَيْرٌ)[2].[3]

ئەحمەدو بەزارو مروزی‌و شاشی‌و ئەبو یەعلاو سەعیدی کوڕی مونسوور لە عەبدی کوڕی زاهیرەوە هێناویانە دەڵێت: بیستم عوسمان وتاری دەداو دەیوت: سوێند بەخوا ئێمە لە سەفەرو ماڵ هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) بووین، ئەو سەردانی خۆشی ئێمەی دەکردو لە مردوو خستنە ژێر خاکدا لەگەڵمان بووو لەگەڵمان شەڕی دەکردو بە زۆرو کەم دڵنەوایی داینەوەو خەڵکانێ هەندێ شتم پێ دەڵێن لەسەری لەوانەیە کەسیان هەرگیز نەیاندیبێت[4].[5]

---

[1] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢٢٤)دا واهاتووە.

[2] – ضعيف.

[3] – لە(كنز العمال ج٢، ص١٣٧)دا واهاتووە.

[4] – صحيح.

[5] – لە(كنز العمال ج٤، ص٤٤)دا واهاتووە.

(هەیسەمی ج٧، ص٢٢٨) دەڵێت ئەحمەدو ئەبو یەعلا هێناویانەو ئەبو یەعلا ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: ئەعیونی کوڕی ژنی فەرزدەق وتی: ئەی نەعثەل تۆ گۆڕیوتە، وتی ئەوە کێیە؟ وتیان ئەعیون، وتی بەڵکو تۆ ئەی بەندە، خەڵکی ڕوویانکردە ئەعیون تا لێی بدەن، یەکێ لە بەنی لەیث خەڵکەکەی لە ئەعیون دوور خستەوە تا بردیە ماڵی خۆی.[1]

شافعی و بەیهەقی(ج٨، ص٩) لە مالیکەوە لە سوهەیلی کوڕی مالیکی مامی لە باوکیەوە هێناویانە بیستی عوسمانی کوڕی عەففان لە وتارەکەیدا دەیفەرموو: بچووك مەخەنە ئیشکردن چونکە کە ئیشتان پێکرد دزی دەکات، کەنیزەکی بێ پیشە مەخەنە کاسپی و کارکردن چونکە ئەگەر ئەوەتان پێ ڕاسپارد کاسپی بە داوێنی دەکات، ئەگەر خوا توانای داون دەستبگرنەوە، لە خواردندا پاك و خۆشی خواردن بخۆن[2].[3]

بەیهەقی لە زەیدی کوڕی صەلتەوە هێناویەتی بیستی عوسمان لەسەر مینبەر دەیوت: ئەی خەڵکینە وریای تاوڵە بن چونکە باسکراوە لە ماڵی یەکێکتاندا، هەرکەس ئەوەی لە ماڵدا هەبوو با بیسووتێنێ یان بیشکێنێ، جارێکی تر عوسمان لەسەر مینبەر بوو وتی ئەی خەڵکینە من لەسەر ئەو تاوڵەیە قسەم بۆ کردن و ئەمدی دەری بکەن و فڕێی بدەن، خەریکە فەرمان بکەم بە بارە دارو دواتر بنێرم بۆ هەر ماڵێ ئەوەی تێدایە بیسووتێنم بە سەریاندا.[4]

---

[1]- کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لە عەببادی کوڕی زاهیر کە جێ متمانەشە، تەواو.

[2] – ضعیف.

[3]– بەیهەقی دەڵێت هەندێ لە عوسمانەوە بە مەرفووعی دەیهێنێنن لە فەرموودەکەی ثەوریەوە، ڕەفعکردنەکەشی لاوازە، لە(کنز العمال ج٥، ص٤٧)دا واهاتووە.

[4] – لە کنز العمال ج٧، ص٣٣٤)دا واهاتووە.

بەیهەقی و ئیبن عەساکیر لە سالمی مەولای عەبدوڕەحمانی کوڕی حەمیدەوە هێناویانە عوسمانی کوڕی عەففان لە مینا نوێژی دەکردو دواتر وتاری دا بۆ خەڵك و وتی ئەی خەڵکینە سوننەت سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)و دوو هاوەڵەکەیەتی، بەڵام ڕووداوی گشتی ناو خەڵك ترسام بیکەن بە سوننەت.[1]

ئیبن عەساکیر لە قوتەیبەی کوڕی موسلیمەوە هێناویەتی دەڵێت: حەجاجی کوڕی یوسف وتاری بۆ داین و باسی گۆڕی بۆ کردین و بەردەوام دەیوت: ماڵی تەنهایی و ماڵی نامۆییە، تا گریاو ئەوانەی دەوریشی گریاند، پاشان وتی بیستم لە ئەمیری باوەڕداران عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان دەیوت: بیستم مەروان لە وتاریدا دەیوت: پێغەمبەر(ﷺ) سەیری هەر گۆڕێکی بکردایە و باسی بکردایە دەگریا.[2]

ئەحمەد(ج١، ص٦٢) لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عوسمانی کوڕی عەففان لەسەر مینبەر وتاری دەداو دەیوت: من لە نێوان جولەکەدا(هۆزێکی جولەکە) خورمام دەفرۆشت، بەو هۆزە دەوترا بەنو قەینوقاع، بە قازانجێ دەمفرۆشت، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی بیست و فەرمووی(ئەگەر کڕیت پێوانەی بکەو ئەگەریش فرۆشتت پێوانەی بکە)[3].[4]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص٤٤٦) لە ڕێگەی سەیف لە بەدری کوڕی عوسمان لە مامیەوە هێناویەتی دەڵێت:کۆتا وتاری عوسمان لە جەماعەتدا ئەوەبوو وتی: خوا دنیای پێداون تا دوا ڕۆژی پێ بەدەست بخەن، پێی نەداون تا پاڵی پێ بدەنەوە، دنیا لەناو دەچێ و دوا ڕۆژ دەمێنێتەوە، دەی لەناو چوو نەتانخەڵەتێنێ و

---

[1] – لە(کنز العمال ج٤، ص٢٣٩)دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص١٠٩).

[3] – حسن.

[4] – ئەحمەد(ج١، ص٧٢) لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: عوسمانم بینی لە وتارەکەیدا فەرمانی دەکرد بە کوشتنی سەگ و سەبڕینی کۆتر.

بێئاگاتان نەكات لە لەناو نەچوو، دەی ئەوەی دەمێنێتەوە پێش فەوتاوی بخەن چونکە دنیا دەپچڕێ‌و گەڕانەوە بۆ لای خوایە، لە خوا بترسن چونکە لە خوا ترسان قەڵغانە لە تووندی‌و سزای خواو پێناوی لای خوایە، هۆشیاری وەربگرن‌و پەیوەستی جەماعەتتان بن، مەبنە دەستە دەستە ﴿وَاذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ كُنتُمْ أَعْدَاء فَأَلَّفَ بَيْنَ قُلُوبِكُمْ فَأَصْبَحْتُم بِنِعْمَتِهِ إِخْوَاناً﴾.

پێشتریش باسی وتاری عوسمانمان کرد لە فەزڵی پاسەوانی ڕێی خوا لە باسی جیهاددا.

(وتارەکانی ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه))

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص٤٥٧) بە سەنەدێ کە سەیفی کوڕی عەلی کوڕی حوسەینی تێدایە یەکەم وتاری عەلی(رضي الله عنه) هێناوە کاتێ بوو بە خەلیفە سوپاس‌و ستایشی خوای کردو وتی: خوا کتێبێکی ڕێنموونی کاری ناردووە تیایدا چاکەو خراپەی ڕوون کردووەتەوە، دەی چاکە بگرنە بەرو دەستبەرداری خراپە بن، فەرزەکان بە جێ بگەیەنن بۆ پەروەردگارتان بەرەو بەهەشتتان دەبات، خوا حەرام گەلێکی دیاری حەرام کردووەو حورمەتی موسڵمانی داوە بەسەر هەموویانداو نیاز پاکی‌و یەکدەنگی موسوڵمانانی تووندو تۆڵ کردووە، موسوڵمان ئەو کەسەیە خەڵکی لە دەستی‌و زمانی پارێزراو بن مەگەر لەسەر حەق، ئازاردانی موسڵمان دروست نیە مەگەر ئەوەی واجب بووە، دەست پێشخەر بن بۆ کاری گشتی‌و بە تایبەت مەرگی یەکێکتان چونکە لە پێش یان لە دواوەتانن، کات هەڕەشەتان لێدەکات، بار قورس مەبن دەگەن چونکە خەڵکی دوا ڕۆژیان چاوەڕێیان دەکات، ئەی بەندەکانی خوا لە خوا بترسن سەبارەت بە بەندەکانی‌و وڵاتی، ئێوە بەرپرسن تەنانەت لە خاك‌و ئاژەڵەکانیش، گوێڕایەڵی خوا بن‌و لێی یاخی مەبن،

ئەگەر خێرتان بینی وەریبگرن، ئەگەر خراپەتان بینی لێی دووربگرن، بیر بکەنەوە کە ئێوە کەم‌و لاواز بوون لە زەویدا، ئەبو شەیخ لە عەلیەوە هێناویەتی وتاری داو وتی: خێڵی کەسێ بۆ کەسەکە لە کەسەکە بۆ خێڵەکە باشترە، ئەو ئەگەر دەستیان لێ بگرێتەوە یەك دەست کەمی کردووە، بەڵام دەستێکی زۆر لەگەڵ هەواداری‌و پاراستنیان‌و سەرخستنیان بۆی وازی لێ دێنن تا ئەوەی لەوانەیە کەس پشتگیری کەسێ بکات‌و تەنها بە ڕەچەڵەکی بیناسێ، من لەسەر ئەمە چەند ئایەتێکی قورئانتان بەسەردا دەخوێنمەوە، ئەم ئایەتەی خوێند ﴿قَالَ لَوْ أَنَّ لِي بِكُمْ قُوَّةً أَوْ آوِي إِلَى رُكْنٍ شَدِيدٍ﴾(هود: ٨٠) عەلی وتی پایەی پتەو خێڵە، لووط خێڵی نەبوو، سوێند بەوەی هیچ خوایەك نیە جگە لەو خوا دوای لووط هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ لەناو سامانێکی(دەسەڵاتێکی) هۆزەکەیدا بووە، ئەم ئایەتەی لەسەر شوعەیب خوێندەوە(وانا لنراك فينا ضعيفا) دەڵێت دەست بەستراو بوو بۆیە بە لاوازیان دادەنا(ولو لا رهطك لرجمناك) عەلی وتی: سوێند بەوەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو لە پەروەردگاریان نەترسان بەڵکو لە هۆز ترسان.[1]

حوسێنی کوڕی یەحیای قەتان‌و بەیهەقی لە شەعبیەوە هێناویانە دەڵێت: عەلی لە ڕەمەزاندا وتاری دەدا دواتر دەیوت ئەمە ئەو مانگە پیرۆزەیە کە تیایدا خوا ڕۆژووی فەرز کردووە‌و شەو نوێژی فەرز نەکردووە تا کەسێ هۆشیاری لەوە وەربگرێ بڵێ ئەگەر فلان ڕۆژوو بگرێ ڕۆژوو دەگرم‌و ئەگەر فلان ڕۆژووی کردەوە ڕۆژوو دەکەمەوە، وریا بن ڕۆژوو خواردن‌و خواردنەوە نیە، بەڵکو لە خۆ گرتنەوەشە لە درۆ‌و پووچەڵی‌و کوفر، وریا بن پێش مانگ مەکەون ئەگەر مانگتان بینی ڕۆژوو بگرن‌و ئەگەر هەمدی بینیتان ڕۆژوو بکەنەوە، ئەگەر لێتان دیار نەبوو

---

[1] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٥٠)دا واهاتووە.

ماوەی مانگەکە تەواو بکەن، دەڵێت دوای نوێژی بەیانیو نوێژی عەسر ئەمەی دەوت.[1]

صابوونیو ئیبن عەساکیر لە عەلیەوە هێناویانە وتاری داو سوپاسو ستایشی خوای کرد پاشان باسی مەرگی کردو وتی: بەندەکانی خوا بەخوا مەرگ لێ دەربازبوونی نیە، ئەگەر بۆی هەستن دەتانگرێ ئەگەر لێی ڕاکەن پێتان دەگاتەوە، دەی فریاد فریاد، ڕزگاری ڕزگاری، داواکارێکی تیژو خێرا بە دواتانەوەیە(گۆڕ)، دەی لە فشارو ترسو تاریکی گۆڕ بترسن، وریا بن گۆڕ چاڵێکە لە چاڵەکانی دۆزەخ یان باخچەیەك لە باخچەکانی بەهەشت، بزانن هەموو ڕۆژێ سێ جار قسە دەکاتو دەڵێت من ماڵی تاریکیم، من ماڵی کرمم، من ماڵی ترسم، بزانن لە پشت ئەوەوە سەختتر هەیە، ئاگرێ کە تینەکەی زۆرو چاڵی قووڵو بەرگی ئاسنو خەزنەداری مالیکە، هیچ ڕەحمەتێکی خوای تێدا نیە، وریا بن لە پشت ئەوەوە بەهەشتێ هەیە کە پانیەکەی هێندەی ئاسمانەکانو زەویە بۆ لە خوا ترسان ئامادە کراوە، خوا ئێمەو ئێوەش لە خوا ترسان بگێڕێو ئێمەو ئێوەش لە سزای سەخت بپارێزێ.[2]

ئیبن کەثیر لە(البداية والنهاية ج٨، ص٦) دا ئەم وتارەی لە ئوصبوغی کوڕی نەباتەوە هێناوەو دەڵێت ڕۆژێ عەلی چوویە سەر مینبەرو سوپاو ستایشی خوای کردو باسی مەرگی کرد، وتارەکە بەو جۆرە دێنێتو لە دوای(من ماڵی ترسم) ئەمەی هێناوە: لە پشت ئەمەوە ڕۆژێ هەیە تیایدا منداڵو پیرو گەورە تیایدا سەر مەست دەبێو سك پڕ سکەکەی دادەنێتو خەڵکی دەبینین سەرخۆشیش نین بەڵکو سزای خوا سەختە، لە گێڕانەوەکەیدا ئەوەشی زیاد کردووە: گریاو موسوڵمانانی دەوریشی گریان.

---

[1] – کنز العمال ج٤، ص٣٢٢.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص١١٠) دا واهاتووە.

دەینەوەری و ئیبن عەساکیر لە عەبدوڵڵای کوڕی صاڵحی عەجلی لە باوکیەوە هێناویانە دەڵێت: عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕۆژێ وتاری داو سوپاس و ستایشی خوای کردو سەلەواتی دا لەسەر پێغەمبەر(ﷺ)و پاشان وتی: بەندەکانی خوا ژیانی دنیا سەرکەشتان نەکات چونکە دنیا شوێنی بە لای چواردەور دەرە، بە لەناوچوون ناسراوە، بە ناپاکی وەسفکراوە، چی تێدایە بەرەو ئاوابوون دەچێ و لە نێو خەڵکەکەیدا چەند دەوڵەت و سەرە سەرەیەکە، ئەوەی بۆی دابەزێ هەرگیز لە خراپەی ڕزگاری نابێت، خەڵکەکەی ساتێ لە خۆشگوزەرانی و کامەرانیدان کە دەکەونە بەڵاو سەرکەشی، ژیان تیایدا سەرکۆنە کراوو خۆشگوزەرانی تیایدا نا هەمیشەییە، کەسەکانی ناوی چەند ئامانجێکی لەبەر چاو دانراون و بە تیرەکانی تیریان ئاڕاستە دەکات و بە مەرگی دەیانشکێنێ، بەندەکانی خوا ئێوەو ئەوەی کە لەم دنیایەدان لە ڕێگەی ئەوەوە کە چووە کە تەمەنی لە ئێوە زیاترو توانای لە ئێوە زۆرترو بیناوماڵی زیاترو جێدەستی زۆرتربوو کە چی دەنگیان کپ و کوژراوە بوو پاشان ماوەی زۆری خۆی و جەستەیان فەوتاو ماڵیان وێرانەو جێدەستیان سڕاوە بووو گۆڕان بە کۆشکی بنیاد نراوو کورسی و ڕاخەرو پشتیی سازراوی بەرد، بەردەکانیش بەسەر گۆڕەکانەوەن کە لە سەروێرانەی فەوتاو بینایان بە خۆڵ بنیاد نراوە، شوێنی نزیککراوەو دانیشتووی نامۆی نێوان دارودەستەی بیناو ترساوان و دارودەستەی سەرقاڵبووانە، بە بنیادو بینا ئارام ناگرن و پەیوەندی دراوسێیەتی نێوانیان لە نزیکی و پێکەوە لکانی ماڵیانەوە نیە، چۆن پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێ کە بە کەلەکی لەناو بەری وێران و داماوی کردوون و تاش و بەردەکان خواردونیان؟ دوای ژیان بوون بە مردووو دوای خۆشگوزەرانی بوون بە ئێسک و پروسك، خۆشەویستان وەلایان نان و لە خۆڵدا نیشتەجێ بوون و هیچ پەناو دەربازیەکیان نیە، هاوار، ئەمە قسەیەکە دەیلێت و لە دوایانەوە بەرزەخە تا ڕۆژێ

زیندوو دەکرێنەوە وەك ئەوەی ئێوەش وەك ئەوان لە ژیانی لەناو چوونو ماڵی مردوواندا تووش بووین، کەوتبنە ئەو شوێنەو ئەو ماڵئاوایی خوازە بتانگرێتە خۆ، دەی چی دەکەن ئەگەر بارەکان کۆتاییان پێ بێ‌و گۆڕەکان هەڵوەشێنەوەو چی لە دەروونەکاندا هەیە بێتەوە کایە لەبەردەم خوایەکی بە تواناو شکۆدا بۆ چنینەوەی ڕەنجتان وەستان؟ دڵەکان لە تاو تاوانی پێشوویان دیق دەکەنو پەردەتان لەسەر لا دەبرێ‌و عەیبو نهێنیەکانتان دەردەکەوێ، ئەو کات هەرکەس بە پێی ئەوەی بە دەستی هێناوە پاداشت دەدرێتەوە تا ئەوانەی خراپەیان کردووە بەپێی کردەوەیانو ئەوانەی چاکەیان کردووە بە چاکە پاداشت بدرێنەوە، کتێب دادەنرێ تاوانباران دەبینیت تۆقاون لەوەی تیایدایەو دەڵێن خۆزگە ئەم کتێبە نەبوایە کە گەورەو بچووکی بە جێنەهێشتووەو هەمووی ژماردووەو چیمان کردووە تیایدا دەیبینن‌و پەروەردگاریش ستەم لە کەس ناکات، خوا ئێمەو ئێوەش وا لێبکات بە کتێبەکەی کار بکەین‌و شوێنکەوتەی ئازیزانی بین تا شوێنی سوکنایی‌و دانیشتنی فەزڵی خوا بمانگرێتەوە بە ڕاستی ئەو سوپاسکاری شکۆدارە.[1]

ئیبن جەوزی لە(صفة الصفوة ج١، ص١٢٤) دا بە دوورو درێژی هێناویەتی‌و لە سەرەتاکەیەوە هاتووە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب وتاری داو وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم‌و پشتی پێ دەبەستم‌و بڕوای پێ دێنم‌و پشتی پێ دەبەستم، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوای بێ هاوتاو موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە، خوا بە ڕێنموونی‌و ئایینی حەق ناردی تا لاریتان لابەرێت پێی‌و لە بێئاگایی بێدارتان بکاتەوە، بزانن ئێوە دەمرن‌و دوای مەرگ زیندوو دەکرێنەوەو لەسەر کارەکانتان دەوەستێنرێن‌و لەسەریان پاداشت دەدرێنەوە، دەی ژیانی دنیا سەرکەشتان نەکات، بەو شێوە دەیهێنێت.

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢١٦)و(المنتخب ج٦، ص٣٢٣) دا هاتووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٧٧) لە جەعفەری کوڕی موحەممەد لە باوکی لە باپیریەوە هێناویەتی عەلی(ﷺ) لەگەڵ تەرمێکدا چوو، کاتێك تەرمەکە خرایە ناو گۆڕەکەی کەس و کارەکەی شیوەن و گریانیان دەسپێکرد، عەلی وتی بۆ چی دەگرین؟ بەخوا ئەگەر چاو بینییان وەك هی مردووەکیان بێت ئەو چاو بینییەیان سەرسام رایاندەگرێت لەسەر مردووەکەیان، ئەوە لە نێویاندا گەڕانەوەی بۆ هەیە دواتریش گەڕانەوە تا کەسیان نامێنن، پاشان هەستاو وتی: بەندەکانی خوا وەسیەتتان بۆ دەکەم بە لە خوا ترسان، ئەو خوایەی نموونەی بۆ هێناونەتەوەو کات و مەرگی بۆ دیاری کردوون و گوێی بۆ داناون تا چی دەبیستریٚ لێی تێبگەن و بینین تا پەردەی لاچیٚ بۆتان و دلٚ تا چی تووش دەبیٚ لە ڕیزبەندی وێنەکانیدا لێی تێبگات، ئەوەشی بنیادی ناوە چونکە خوا بیٚ مان دروستی نەکردوون و هەروا باسی لەسەر نەهێناون، بەڵکو بە بەخششە تەواوەکان ڕێزداری کردوون و بە زۆرترین بەخششەکان بەخششی کردوون و سەرژمێری بە چوار دەورتاندا داناوەو پاداشتی بۆ قەرەوڵ داناون و لە سەختی و خۆشیدا، دەی بەندەکانی خوا لە خوا بترسن و لە داخوازیدا گورج و گۆڵ بن و کار پێش بخەن بۆ دوای بڕەری پێویستیەکان و لەناوبەری ئارەزووەکان(مەرگ) چونکە دنیا خۆشیەکانی بەردەوام نین و دڵنیایی لە تووش بوون و بەسەردا هاتنەکانی نیە، سەرکەشیەکی زۆرو سایەیەکی لاوازو سەنادێکی لاربووەوە بە ویستی زێدەڕۆیی دەڕوات و بە سەختی ئارەزووەکانی بەدوای خۆدادەگەڕێتەوە،بەندەکانی خوا پەند لەڕووداوو بەسەرهاتەکان وەربگرن، پەند لە ئایەت و ئەثەرو جێدەستەکان وەربگرن، بە ترساندنەکانی ڕاچڵەکن و سوود لە ئامۆژگاریەکان وەربگرن، وەك ئەوەی مەرگ قەپی پێدا کردبن و ماڵی خۆڵ لە خۆی گرتبن و تۆقێنەری بارەکان بە فووی(صور)و هاتنەوەی ناو گۆڕەکان تووشتان بووبیٚ، چوون بەرەو مەحشەرو وەستانی لێپێچینەوە بە چوار دەوردانی توانی خوای خاوەن دەسەلات، هەرکەسیٚ و شۆفێرێکی لەگەڵە کە بەرەو مەیدانی حەشری دەبات و شایەتیٚ کە شایەتی دەدات

لەسەر کاری، زەوی بە ڕووناکی پەروەردگاری پرشنگاویو ڕووناك دەبیٚو کتێب دادەنریٚو پێغەمبەرانو شەهیدان دەهێنرێنو بە حەقو ڕاستیو بەبیٚ ستەملێکردن دادوەریتان لە نێودا دەکرێت، بۆ ئەو ڕۆژە شارو وڵاتان پێکدا دەدەنو هاوارکەر هاوار دەکات ڕۆژی لێکهەڵوەشانو بەدەرکەوتنەو خۆر تیشکی نامێنیٚو ئاژەڵەکانیش لە شوێنی حەشردا حەشر دەکرێن، نهێنیەکان دەردەکەونو خراپەکاران قوڕ بەسەر دەبن، دڵەکان شێو دەکەونو توندیەکی زۆرو سزایەکی شیوەن خواز لە لایەن خواوە تووشی دۆزەخیەکان دەبێت، دۆزەخ دەردەکەوێت کە نرکەو هاوارو گرمەو تووڕەییو ترساندنی هەیە، گەرمای کڵپەو تینی زۆرو گەرمی بزیسکە دەدات، ئەوەی هەمیشەییە تیایدا هەناسەیەکیشی بۆ نیە، ئاهو خەفەتی نابڕێتەوەو کۆتو بەندی لا ناچیٚ، کۆمەڵیٚ فریشتەیان لەگەڵدان موژدەی دابەزینی زۆری گڕو تینو تیندانی دۆزەخیان پێدەدەن، لە خواو خۆشەویستانی خوا دوورو جیانو بەرەو دۆزەخ دەبرێن، بەندەکانی خوا لە خوا بترسن، ترسانیٚ لە زەلیلیو سەردانەواندنو وریایی ببینەو خۆت بگرەوەو بۆ داوا خێرا بکەو ڕزگاربوونی بە ڕاکردنو هەنگاوی ڕاکردنو چوون بەرەو گەڕانەوە بۆ قیامەتو توێشوو پیٚ بوون بنوێنە، بەسە کە خوا بینەرو تۆڵە سێنە، بەسە کتێب سکاڵاکارە، بەسە بۆ بەهەشت پاداشتو دۆزەخ سزا بەخش بێت، لای خوا داوای لێخۆشبوون بۆ خۆم ئێوەش دەکەم.

دەینەوەریو ئیبن عەساکیر لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویانە وتاری دا بۆ خەڵكو سوپاسو ستایشی خوای کرد، پاشان وتی: دنیا پشتی هەڵکردو مۆڵەتی ماڵئاوایی دا، دوا ڕۆژیش وا هاتو خۆی نواند، ئەمڕۆ ئاوازو خۆشیو سبەینیٚ کێبرکیٚ، وریا بن ئێوە لە ڕۆژانی هیواو ئاواتێکدان کە لە پشتیەوە ئەجەل هەیە، هەرکەس پێش هاتنی سەرەمەرگی لە ڕۆژانی هیوایدا کەمتەرخەمی بکات دەست شکاوو قوڕ بەسەرە، وریا بن لە کاتی خۆشیدا کار بکەن بۆ خوا وەك چۆن لە کاتی ترسو سەختیدا کاری بۆ دەکەن، بزانن، من کەسی خەوتووترم لە داخوازی کەری

بەهەشت نەدیوەو کەسی خەوتووترم لە کەسی ڕاکردوو لە دۆزەخ نەدیوە، هەرکەس حەق سوودی پێ نەگەیەنێت پوچەڵو باتڵ زیانی پێ دەگەیەنێت، هەرکەس ڕێنموونی ڕێکی نەکاتەوە گومڕایی لایدەدا، وریا بن ئێوە فەرمانی کارتان پێکراوەو بەرەو توێشوو هەڵگرتن ڕێنموونی کراون، ئەی خەڵکینە بزانن دنیا خستنە ڕوویەکی ئامادەیەو چاكو خراپ لێی دەخۆن، دواڕۆژ بەڵێنێکی ڕاستەو تیایدا خوای بە توانا حوکم دەکات شەیتان موژدەی هەژارو فەرمانی پێداوین پیسیتان بۆ دەخاتە ڕوو خواش بەڵێنی لێخۆشبوونو فەزڵی خۆیتان پێ دەدات، چونکە خوای گەورە بەڵێنی بەهەشتی داوە بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی دەکاتو دۆزەخی بۆ ئەوەی لێی یاخی دەبێ، ئەوە دۆزەخێکە دەنگی دانامرکێتەوەو دیلی بەرنابێت، گەرمای سەختو قووڵی زۆرو ئاوی کوڵخواردووە، ترسناکترین لێی دەترسم شوێنکەوتنی ئارەزووەکان هیوا درێژیە.[1]

ئیبن نەجار لە زیادی ئەعرابییەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تالیب لەسەر مینبەری کوفە لە دوای فیتنەو دەس بەتاڵبوونی لە شەڕی نەهرەوان وتاری پێشکەش کردو سوپاسی خوای کردو پەند هیلاکی کردو گریا تا ڕیشی بە فرمێسکەکانی تەڕبوو، دواتر ڕیشی تەکاندو چەند دڵۆپێکی بەر خەڵکێ کەوت، ئێمە دەمانوت هەرکەس لەو دڵۆپانەی بەر بکەوێت خوا دۆزەخی لەسەر حەرام دەکات، پاشان وتی ئەی خەڵکینە لەوانە مەبن بەبێ کردار هیوای ڕۆژی دوایی دەکەنو بە هۆی هیوا درێژیەوە تەوبەو گەڕانەوە دوا دەخەن، لە دنیادا قسەی دنیا نەویستانو کردەی دنیا ویستان دەنوێنێ، ئەگەر لە دنیای پێبدرێ لێی

[1]– لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٠) و(المنتخب ج٦، ص٣٢٤)دا واهاتووە، ئیبن کەثیر لە(البدایة والنهایة ج٨، ص٧) ئەو وتارەی بە دوورو درێژی لە وەکیع لە عەمری کوڕی منبە لە ئەوفای کوڕی دلهەوە هێناوەو دەڵێت لە گێڕانەوەیەکدا واهاتووە: شوێنکەوتنی ئارەزووەکان ڕێ لە حەق دەگرێتو هیوا درێژی ڕۆژی دوایی لەبیر دەباتەوە

تێر ناخوات‌و ئەگەر پێی نەدرێ ڕازی نابێ، ناتوانێ سوپاس بکات لەسەر ئەوەی پێی دراوەو هیوای زیاتر لەوە دەخوازێ کە ماوە، فەرمان دەکات‌و خۆی نایکات‌و دووره پەرێزی دەکات‌و خۆی واز ناهێنێ، پیاوچاکانی خۆش دەوێت‌و کرداری ئەوان ناکات‌و ڕقی لە ستەمکارانەو خۆیشی لەوانە، دەروونی زاڵ بووە بەسەرئەوەیدا کە گومان دەبات‌و بەسەر دڵنیایدا زاڵ نابێ، ئەگەر بێباك بوو ئاشووب‌و ئەگەر نەخۆش بوو خەفەت دایدەگرێ‌و ئەگەر هەژار کەوت بێ هیواو ترساو دەبێ، ئەو لە نێوان تاوان‌و بەخششدا دێت‌و دەڕوات، سەلامەتەو سوپاس ناکات‌و تووش دەبێ‌و خۆڕاگر نیە لەسەری، وەك ئەوەی بێدار کراوە لە مەرگ بۆ جگە لەوە، وەك ئەوەی کەسێ کە بەڵێن‌و سەرکۆنە ڕووی تێکردووە جگە لەوە، ئەی ئامانجەکانی مەرگ، ئەی بارمتەکانی مردن، ئەی میوەی زمان‌و ئەی ڕووناکی ڕووداران، ئەی بێدەنگبووانی بەردەم سکاڵا، ئەی ئەوەی فیتنەکان دایگرتووەو لە مەعریفەی پەندوەرگرتنەکان دوورخراوەتەوە، بە حەق ئەمە دەڵێم: ئەی ئەوەی ڕزگاری بووە بە مەعریفەی دەروونی بووەو ئەوەش ماڵوێران بووە لە خۆیەوە، خوا دەفەرموێت ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا قُوا أَنفُسَكُمْ وَأَهْلِيكُمْ نَاراً﴾ خوا ئێمەو ئێوەش لەوانە بگێڕێت کە ئامۆژگاری دەبیستن‌و وەریدەگرن‌و بانگ دەکرێن بۆ کارو کاردەکەن.[1]

ئبن ئەبی دنیاو ئبن عەساکیر لە یەحیای کوڕی یەعمەرەوە هێناویانە عەلی کوڕی ئەبو تالیب وتاری دا بۆ خەڵك‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کردو دواتر وتی: ئەی خەڵکینە ئەوانی پێش ئێوە بە گرتنەبەری تاوان‌و سەرکەشی لەناوچوون چونکە خوا پەرست‌و ئەحبارەکانیان ڕێگرییان لێ نەدەکردن، خوای گەورە سزای بەسەردا داباراندن، دەی فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە بکەن پێش ئەوەی ئەو سزایەی تووشی ئەوان بووە تووشی ئێوەش بێت، بزانن فەرمان بە چاکەو ڕێگری

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٠) و(المنتخب ج٦، ص٣٢٥)دا واهاتووە.

لە خراپە ڕۆزی نابڕێ‌و مەرگ پێش ناخات، بارەکە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دادەبەزێت وەك دڵۆپی باران بۆ هەرکەسێ بەو جۆرەی خوا قەدەری بۆ داناوە بە بێ کەم‌و زیاد ماڵ‌و منالْ یان سامان یان گیان کەم‌و زیاد ناکات، ئەگەر کەسێکتان لە ماڵ‌و منالْ یان سامان یان گیانێکدا تووشی کەمی بووو بینی خەڵکی دیکە جۆرێکی دیکەیە با ئەوە نەبێت بە فیتنە بۆی چونکە کەسی موسوڵمان هەرچەندە کەمیەکی بەرچاو کەوت ملکەچیەکی بۆ دەنوێنێ کاتێ باس دەکرێ‌و زۆری خەڵك وەك کەسی قومارکەر وایە کە لە یەکەم قوماردا هیوای وایە دەستکەوتی بۆ بە دەست بخات‌و پێدانی لەسەر لابات، موسوڵمانی پاکی دوور لە ناپاکیش چاوەڕێی یەکێ لە دوو چاکەکەیە ئەگەر داوا لە خوا بکات لای خوا باشتری بۆ هەیە، یان خوا سامانی پێدەدات‌و ئەوکات خاوەن ماڵ‌و سامان‌و ژن‌و ماڵ دەبێ، چاندن دوو جۆرە: ماڵ‌و منالْ بۆ دنیاو کاری چاك بۆ ڕۆژی دوایی، خوا بۆ خەڵکانێك هەردووکیان دەبەخشێت، سوفیانی کوڕی عوبەینە دەڵێت کێ بەو جوانیەی ئەو قسە دەکات جگە لە عەلی کوڕی ئەبو تالیب.[1]

بەیهەقی لە ئەبو وائیلەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلی(رضي الله عنه) لە کوفە وتاری داو بیستم لە وتارەکەیدا دەیوت ئەی خەڵکینە هەرکەس چاوهەژار بێ هەژار دەکەوێ‌و هەرکەس تەمەن بکات تووش دەبێ، هەرکەس ئامادەسازی تووشبوونی نەبێ کە

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٠) و(المنتخب ج٦، ص٣٢٦)دا واهاتووە، لە(البداية والنهاية ج٨، ص٨) لە ئیبن ئەبی دنیاوە بە سەنەدەکەی لە یەحیاوە هێناویەتی‌و لە(بارەکە لە ئاسمانەوە دادەبەزێ) تا کۆتاییەکەی بە هەمان شێوە هێناویەتی، تیایدا ئەمە هاتووە(کە خاوەن ماڵ‌و منالْ‌و سامان بووو ڕەچەڵەك‌و ئایینیشی لەگەڵدا بێ، یان خوا لە ڕۆژی دواییدا پێی دەبەخشێ، جا ڕۆژی دوایی باشترو ماوەترە، چاندن دوانە دنیایی کە سامان‌و لە خوا ترسانە، ڕۆژی دوایی کە ماوەو لەناو نەچووە باشەکانن.

تووشبوو خۆ ڕاناگرێ، هەرکەس خاوەن موڵك بێ پێشخستنی هەیەو هەرکەسیش ڕاوێژ نەکات پەشیمانە، لە پشت ئەم قسانەوە دەیوت: خەریکە وای لێبێت ئیسلام تەنها ناوی بمێنێ و قورئان تەنها وێنەی بمێنێ، دەیوت وریا بن کەس شەرم نەکات لە فێربوون، هەرکەس پرسیاری لێبکرێ لەوەی نایزانێ با بڵێ نازانم، مزگەوتەکانی ئەمڕۆتان بنیادو دڵەکان و جەستەتان وێرانن لە ڕێنموونی، خراپی ژێر ئاسمان فیقهناسەکانتانن فیتنە لەوانەوە دەردەکەوێت و لەوانیشەوە دەگەڕێتەوە، کەسێ هەستاو وتی: ئەی چی ئەی ئەمیری باوەڕداران، وتی کاتێ فیقە لەناو بچووك و گەمژەکانتانداو داوێن پیسی لە ناوچەکانتانداو دەسەڵات لەناو بچووکەکانتاندا دەردەوت ئەو کات ڕۆژی دوایی دێت.[1]

ئیبن کەثیر لە(البداية والنهاية ج٧، ص٣٠٧)دا هێناویەتی عەلی(رضي الله عنه) لە نێویاندا هەستا تا وتار بدات، وتی سوپاس بۆ خوای داهێنەری ئاسمانەکان و هێنەری بەیانی و بڵاوکەرەوەی مردووەکان و زیندووکەرەوەی ئەوانەی لەناو گۆڕەکاندان، شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خواو موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە، وەسیەتتان بۆ دەکەم بە لە خوا ترسان چونکە چاکترین شتێ بەندەکان تەوەسوولی پێبکەن ئیمان و جیهادی ڕێی خوایە، وشەی نیاز پاکیش کە پاکی و فیترەتە، نوێژکردن کە میللەتەو زەکات دان چونکە لە فەرزی خوایە، ڕۆژووی ڕەمەزان چونکە قەڵغانە لە سزای خوا، حەجی ماڵی خوا چونکە دژی هەژاری و لەناو بەری تاوانە، پەیوەندی خزمایەتی چونکە زیادکەری سامان و دوا خەرو لەبیر بەری مەرگەو خۆشەویستی ناو کەسوکاری، بەخشینی نهێنی چونکە هەڵە دەسرێتەوەو تووڕەیی پەروەردگار دەکوژێنێتەوە، چاکە کردن چونکە خراپە لە مردوو وەردەگرێ و لە سەختیەکان دەیپارێزێ، لە زیکری خوادا ڕۆبچن چونکە چاکترین زیکرە، بڕۆن بەرەو ئەوەی کە بەڵێن دراوە بە لەخوا ترسان چونکە

[1] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢١٨)دا واهاتووە.

بەڵێنی خوا ڕاستترین بەڵێنە، پێشەنگی بکەن بە ڕێنموونی و ڕێبازی پێغەمبەرتان(صلى الله عليه وسلم) چونکە چاکترین ڕێنموونیە، سوننەتی پێغەمبەر بگرنە بەر چونکە چاکترینی سوننەتەکانە، فێری قورئان بن چونکە بە فەزڵترین قسەیە، لە ئاییندا شارەزا بن چونکە بەهاری دڵانەو بە ڕووناکی قورئان شیفا بخوازن چونکە شیفایە بۆ دەردی ناو دڵان، بە چاکی بیخوێننەوە چونکە جوانترین گێڕانەوەیە، ئەگەر قورئانتان لا خوێنرا گوێی لێ بگرن و بێدەنگ بن بەڵکو ڕەحمتان پێ بکرێت، ئەگەر بە زانستی ڕێنموونی کران کاربکەن بەوەی دەیزانن بەڵکو ڕێنموونی بکرێن، چونکە زانای ئیشکەر بەبێ زانستی وەك نەزانی خۆ سەپێنە کە لە نەزانیەکەی ڕێك نابێتەوە وایە، بەڵکو وا دەبینم بەڵگە گەورەترو ەشیمانی بەردەوامترە بەسەر ئەو زانایەی کە زانستی لێ داماڵراوە تا ئەو نەزانەی لە نەزانی خۆیدا دەستە وەستاوە، هەردووکیان ماڵوێرانی گومڕابوون، دوو دڵ مەبن گەرنا گومان دەکەن، گومان مەکەن گەرنا بێباوەڕ دەبن، مۆڵەت بە خۆتان مەدەن کە لادەدەن، لە حەقدا لامەدەن ئەگەرنا خەسارۆمەند دەبن، وریا بن لە ڕاست و ڕێکڕەوی ئەوەیە متمانە بکەن، لە متمانەش ئەوەیە سەرکەش نەبن، ئەوەتان زۆرتر ئامۆژگاری خۆی دەکات زیاتر گوێڕایەڵی پەروەردگاریەتی ناپاکترینتان بۆ خۆی لادەرترینتانە لە پەروەردگاری، هەرکەس گوێڕایەڵی خوا بکات پارێزراوەو موژدەی بۆ هەیە، هەرکەس لە خوا یاخی بێت دەترسیٚ و پەشیمان دەبێتەوە، پاشان(داوای دڵنیایی لە خوا بکەن و لە سەلامەتیدا بەرەو لای بچن، چاکترین بەردەوامی دەروون دڵنیاییە، سوورترینی کارەکان چاکترینەکانیەتی)، داهێنراوەکانی خراپترینەکانیەتی، هەموو داهێنراویٚ بیدعەو هەموو داهێنەریٚ(لە ئاییندا) بیدعە داهێنەرە، هەرکەس بیدعە ساز بیٚ فەوتاوە، هەرکەس بیدعەیەك دابهێنیٚ سوننەتێکی لە بەرامبەرادا وازلێهێناوە، گەمژە ئەوەیە ئاییینی وەلا نابیٚ و خۆی خەسارۆ مەند کردبیٚ، ڕووپامایی لە هاوەڵ دانانەو نیاز پاکی لە کاردا لە ئیمانە، کۆڕی ڕابواردن قورئان لە بیر دەباتەوەو شەیتان تیایدا ئامادەیەو بانگەواز بۆ هەر لاریەك دەکات، کۆڕی ئافرەتان دڵان

ژەنگاوی دەکات و چاوەکان ڕووی تێدەکەن و داوی شەیتانە، دەی لەگەڵ خوا ڕاست بن چونکە خوا لەگەڵ ڕاستگۆدایە، دوور بگرن لە درۆ چونکە درۆ دوورگرتوو لە ئیمانە، وریابن ڕاستگۆیی لە کەناری ڕزگاری و ڕێزدایەو درۆ لە کەناری کەوتن و هیلاکیدایە، وریا بن و حەق بڵێن پێی دەناسرێن و کاری پێبکەن لە دارو دەستەی دەبن، سپاردە بدەنەوە بە خاوەنەکەی و پەیوەندی خزمایەتی بکەن لەگەڵ ئەوەی پەیوەندیتان لەگەڵ دەبڕێ، فەزڵ بڕژێن بەسەر ئەوەدا کە بێبەشتان دەکات، ئەگەر بەڵێنتان دا بیبەنە سەر، ئەگەر حوکمتان دا دادپەروەر بن، بە باوباپیرانتانەوە مەنازن و بە ناوناتۆرە کەس ناو نەبەن، شتی یەکدی زەوت مەکەن، پاڵپشتی لاوازو ستەملێکراوو هەژاران و کەسانی ڕێی خواو ڕێبوارو داواکەران و کۆیلەکان بکەن، ڕەحم بکەن بە بێوەژن و هەتیو، سەلام بلاو بکەنەوەو وەلامی سەلام بدەنەوە وەك خۆی یان باشتر لە خۆی ﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾ ڕێزی لاواز بگرن و مل دانەوێنن بۆ دراوسێ، سەردانی نەخۆش بکەن و لەگەڵ تەرمدا بچن و بەندەی خوا بن و برای یەك بن، پاشان دنیا ڕووی وەرگێڕاو مۆڵەتی ماڵئاوایی داوڕۆژی دوایی ڕووی تێکردین، ئەمڕۆ ڕۆژی ئامادەسازی و سبەی کێبرکێ، پێشترین بەهەشت و نیازو کۆتا دۆزەخ، وریا بن لە ڕۆژانێکی مۆڵەتدان کە دوای ئەوە مەرگ دێ و پەلەیەتی، هەرکەس لە ڕۆژی مۆڵەتیدا پێش هاتنی مەرگی بە نیاز پاکی بۆ خوا کار بکات کاری باشی کردووەو بە هیوای دەگات، هەرکەس کەمتەرخەمی تیا بکات بە خەسارەت چووەو هیوا بڕاوەو ئومێدی زیانی پێگەیاندووە، دەی لە خۆشی و ناخۆشیدا کار بکەن، ئەگەر خۆشیەکتان هەبوو سوپاسی خوا بکەن و بیری ناخۆشیتان هەبێ، ئەگەر ناخۆشیەکتان تووش بوو یادی خوا بکەن و خۆشی بنێنە لا، چونکە خوا مۆڵەتی چاکەی داوە بۆ موسوڵمانان و زیادەش هەیە بۆئەوەی سوپاسگوزار بێت، من نابینم کەس وەك داواکاری بەهەشت و ڕاکردوو لە دۆزەخ خەوتوو بێت، زۆرترین دەستکەوتووش لە شتێ کە بۆ ڕۆژێ بەدەستی خستووە کە تیایدا خەزێنەکان

دەکرێنەوەو نهێنیەکان نامێنن و گەورەکان تیایدا کۆ دەبنەوە، هەرکەس حەق سوودی پێنەگەیەنێت پووچی و باتڵ زیانی پێ دەگەیەنێت، هەرکەس ڕێنموونی بە ڕێی ڕاستدا نەیبات گومڕایی ڕایدەکێشێت، هەرکەس دڵنیایی سوودی پێنەگەیەنێت گومان زیانمەندی دەکات، هەرکەس ئێستای سوودی پێنەگەیەنێت ئەوەی لێی دوورە شەلترو ئامادەنەبووی دەستەوسانترە، ئێوە فەرمانتان پێکراوە بەکارو ڕێتان پێ نیشان دراوە بۆ توێشوو، بزانن ترسناکترین شتێ لێی دەترسم دوو شتن: هیوا درێژی و شوێنکەوتنی ئارەزووەکان، هیوا درێژی ڕۆژی دوایی لەبیر دەباتەوە، شوێنکەوتنی ئارەزووەکان لە حەق دوورت دەگرێ، وریا بن دنیا ڕووی وەرگێڕاو چووو ڕۆژی دوایی بەرەو ڕوومان دێت،هەردووکیان کوڕیان هەیە، دەی کوڕی ڕۆژی دوایی بن ئەگەر توانیتان و لە کوڕانی دنیا مەبن، ئەمڕۆ کارەو موحاسەبە نیە، سبەینێ موحاسەبەیەو کار نیە، ئیبن کەثیر دەڵێت ئەم وتارە زۆر بە سوودو ڕەوان بێژانەو کۆکەرەوەو دوور گر لە خراپەیە، چەند شاهیدێ لە چەند لایەکی دیکەوە بە موتتەسیلی لێیان گێڕاوەتەوە، سوپاس و منەت بۆ خوایە، تەواو.

تەبەرانی لە ئەبو خیرەوە هێناویەتی دەڵێت: من هاودەمی عەلی بووم تا هاتە کووفەو چوویە سەر مینبەرو سوپاس و ستایشی خودای کردو، پاشان وتی ئێوە بارتان چۆنە ئەگەر لە نێوانتاندا نەوەی پێغەمبەرتان(ﷺ) هەبێ؟ وتیان بە چاکی خزمەتیان دەکەین، وتی سوێند بە خوا دێنە ناوتان و ئێوەش دەچن بۆیان و دەیانکوژن پاشان وتی:

هم اوردوه بالغرور وغردوا.................. اجيبوا دعاه لانجاة ولا غذرا[1]

هەیسەمی(ج٩ ص١٩١) دەڵێت لە سەنەدەکەدا سەعیدی کوڕی وەهب هەیە کە دواییەو نایناسم، وتاری بۆ داین و وتی: هەرکەس بڵێ شتێکمان لایە دەیخوێنینەوە جگە لە قورئان و ئەم پەڕاوە پەڕاوێکە تیایدا دانی وشترو شتی لە

[1] - ضعيف.

برینەکانی تێدایە ئەوا درۆ دەکات، تیایدا وتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(المدینة حرم ما بین عیر الی ثور فمن احدث فیها حدثا او اوی محدثا فعلیه لعنة الله والملائکة والناس اجمعین، لا یقبل الله منه یوم القیامة عدلا ولا صرفا، ومن ادعی الی غیر ابیة او تولی غیر موالید علیة لعنة الله والملائکة والناس اجمعین، لایقبل الله من یوم القیامة صرفا ولا عدلا، وذمة المسلمین واحدة یسعی بها ادناهم).

ئەحمەد(ج١، ص١٢٧) لە ئیبراهیمی نەخەعیەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلقەمەی کوڕی قەیس، دای بەو مینبەرەداو وتی عەلی(رضي الله عنه) لەسەر ئەم مینبەرە وتاری بۆ داین و سوپاس و ستایشی خوای لەسەر کردو چەند خوا بیەوێت زیکری کردو وتی: چاکترین کەسان دوای پێغەمبەر ئەبوبەکرو پاشان عومەر بوون، پاشان دوای ئەوان هەندێ شتمان کرد خوا حوکمی تیادا دەدات، هەروەها لە(ج١، ص١٠٦) لە ئەبو جوحەیفەوە هێناویەتی چوویە سەر مینبەر واتە عەلی(رضي الله عنه) سوپاس و ستایشی خوای کردو صەڵاواتی دا لە سەر پێغەمبەر(ﷺ)و وتی چاکترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەرەکەی ئەبوبەکرو دووەم عومەرە، خوا خێر دێنێتە ئەو شوێن و بارەی کە پێی خۆشە، هەروەها لە وەهبی سەوائیەوە بەو واتایە هێناویەتی، بەڵام ئەمەی نەهێناوە(پاشان چەند بارێکمان داهێنا) دەڵێت وتی دوور نییە لامان کە سوکنایی لە سەر زمانی عومەر(رضي الله عنه) دەردەکەوێ.

ئیبن ئەبی عاصم و ئیبن شاهین و لالەکائی و ئەسبەهانی و ئیبن عەساکیر لە عەلقەمەوە هێناویانە دەڵێت: عەلی(رضي الله عنه) وتاری بۆ داین و سوپاس و ستایشی خوای لە سەر کردو دواتر وتی: بیستوومە خەڵکانێ فەزلی من دەدەن بەسەر ئەبوبەکرو عومەردا(رضي الله عنه)، ئەگەر من پێش ئەوە ئەم قسەم بکردایە لە سەری خەڵکم سزا دەدا، بەڵام حەزناکەم پێش وتنی ئەم سزای کەس بدەم، هەرکەس دوای ئەم شوێنەم شتێ لەوە بڵێ ئەوە درۆو هەڵەبەستەی کردووەو چی سزا لە سەر ئەو کەسە هەیە لە سەر ئەمانەش هەیە. چاکترین کەس دوای پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەبوبەکرو

پاشان عومەرە(رضي الله عنه) پاشان دوای ئەوان هەندێ شتمان کرد کە خوا بە ویستی خۆی حوکمی لەسەر دەدات.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية) لە زەیدی کوڕ وەهبەوە هێناویەتی سوەیدی کوڕی غەفلە چوو بۆ لای عەلی(رضي الله عنه) لە کاتی خیلافەتیدا، وتی ئەی ئەمیری باوڕداران من دام بە لای خەڵکێکدا باسی ئەبوبەکرو عومەریان بە جۆرێ دەکرد کە ئەوان وانەبوون، ئەویش هەستاو چوویە سەر مینبەرو وتی سوێند بەوەی دانەی دەرهێناوە تەنها باوەڕداری بە فەزلی ئەبوبەکرو عومەری خۆش دەوێت و سەرکەشی دەرچوو ڕقیەتی لەو دووانە، خۆشەویستی ئەوان نزیکبوونەوەو ڕقبوون لێیان دەرچوونە. چییە خەڵکانێك باسی دوو براو دوو وەزیرو دوو هاوەڵی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و دوو گەورەی قوڕەیش و دوو باوکی موسڵمانان دەکەن؟ من دوورم لەوانەی بە خراپە باسی ئەو دووانە دەکەن و سزای لەسەرە.[2] پێشتر پێش ئەم وتارە بە دوورو درێژی هاتووە لە باسی تووڕەبوون لە کەسە گەورەکان.

لالەکائی و ئەبو تالیبی عشاری و نەسر لە عەلی کوڕی حوسەینەوە هێناویانە دەڵێت گەنجێکی بەنی هاشم بە علی کوڕی ئەبو تاڵیبی وت کاتێ لە صفین هاتووە بیستم ئەی ئەمیری باوەڕداران لە هەینیدا وتارت دەدا دەتوت خوایە بەو جۆرەی خەلیفە راشیدینەکانت ئیسلامکرد ئێمەش ئیسلام بکە، ئەوانە کێن؟ چاوەکانی پڕفرمێسك بوون و وتی ئەبوبەکرو عومەر دوو پێشەوای ڕێنموونی و گەورەو زانای ئیسلامن و دوای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕێنموونی بەوانە، هەرکەس شوێنیان بکەوێ بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنموونی دەکرێ، هەرکەس پێشەنگیان پێوە بکات ڕاست دەچێ هەرکەس پەیوەستیان بێ لە حیزبی خوایە، حیزبی خواش سەرکەوتوانن.[3]

---

[1] – لە(المنتخب ج٤، ص٤٤٦) دا واهاتووە.

[2] – لە(المنتخب ج٤، ص٤٤٣)دا هاتووە.

[3] – لە(المنتخب ج٤، ص٤٤٤)دا هاتووە

ئەحمەد(ج٦، ص١١٦) لە شەیخێکی بەنی تەمیمەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلی(رضي الله عنه) وتاری بۆ داین یان وتی: خەڵکی سەردەمێکیان بەسەردا دێ ئەوەی شتی لە دەستە دەیگەزێت، دەڵێت فەرمانی نەکراوە بەوەش، خوا دەفەرموێت فەزڵی نێوانتان لەبیر مەکەن خراپەکان گەورەو بەرزو چاکەکان زەلیل دەکەن و ناچاران دەفرۆشرێن، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ڕێگری کردووە لە فرۆشتنی ناچاران فرۆشتنی (الغرر)و فرۆشتنی بەرهەم شێت پێگەیشتنی.[١]

ئەحمەد(ج١، ص١٤١) لە ئەبو عوبەیدەی مەولای عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویەتی دەڵێت: پاشان لەگەڵ بینیم پێش ئەوەی وتار بدات بەبێ بانگ و قامەت نوێژی کرد، پاشان وتاری داو وتی ئەی خەڵکینە پێغەمبەری خوا ڕێگری کردووە پاش سێ شەو قوربانیەکانتان بخۆن، دەی ئیدی وانەکەن.

ئەحمەد(ج١، ص١٥٠) لە ربعی کوڕی حەراشەوە هێناویەتی بیستی دەیوت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(لاتكذبوا على فانه من يكذب على يلج النار)(درۆ بە دەمەوە مەکەن چونکە هەرکەس درۆ بە دەممەوە بکات دەچێتە دۆزەخ کڵپەی پێ دەدا) تەیالسی(ص١٧) لە ربعیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.[٢]

ئەحمەد(ج١، ص١٥٦) لە ئەبو عەبدوڕەحمانی ولەمیەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلی(رضي الله عنه) وتاری داو وتی ئەی خەڵکینە سنوور لەسەر نزیکانتان پەیڕەو بکەن کامیان شووی کردبوو یان نا، چونکە کەنزەکێکی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) زینای کرد پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمانی پێکردم سنوری لەسەر پەیڕەو بکەم منیش چووم سەیرم کرد نزیکە(تماس) خوێنی منداڵبوون بوو، ترسام ئەگەر جەڵدی لێبدەم بمرێت،

---

[١] – ضعيف.

[٢] – صحيح.

هاتم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەم بۆ باس کرد، ئەویش فەرمووی(أحسنت)(باشت کرد).[1]

عەبدورەزاق و ئەبو عوبەیدەو حاکمو ئەبو نەعیم لە عەمری کوڕی عەلائەوە هێناویانە دەڵێت عەلی(رضي الله عنه) وتاری داو وتی ئەی خەڵکینە سوێند بەوە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو لە ماڵو سامانتان کەمو زۆر هیچم دەست لێنەداوە جگە لەمە. لە کراسەکەیدا شتێکی دەرهێنا کە بۆنی تێدا بوو، وتی دیهقانێ خەڵاتی کردم.[2]

ئیبن مەردەویە لە عومەیری کوڕی عەبدولمەلیکەوە هێناویەتی دەڵێت: عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه) لەسەر مینبەر کووفە وتاری بۆ داین وتی: من ئەگەر پرسیارم لە پێغەمبەر(ﷺ) نەکردایە پێشمدەوتو ئەگەر پرسیارم لێ بکردایە لەسەر خێر هەواڵی پێدەدام بۆی گێڕامەوەو فەرمووی(خوای گەورە دەفەرموێت: سوێند بە بەرزیم لە سەرو عەرشەوە هەر خەڵکی گوندێ و خەڵکی ماڵێو کەسێ لە دەشتو دەرێ لەسەر ئەوە بن کە من پێم ناخۆشە لە یاخی بوون لێم پاشان لەوەوە بۆ ئەوەی من پێم خۆشە لە گوێڕایەڵیم منیش دەگۆڕێم بۆیان لەو سزایەم کە پێیان ناخۆشەو بۆ ئەوەی پێیان خۆشە لە ڕەحمەتم، هەر خەڵکێکی گوندێو خەڵکی ماڵێو کەسێ لە دەشتو دەر لەسەر ئەوە بن کە من پێم خۆشە لە گوێڕایەڵیم دواتر بگۆڕێن لێی بۆ ئەوەی پێم ناخۆشە لە یاخی بوونو لادان لێم منیش بۆیان دەگۆڕێم لەوەی پێیان خۆشە لە ڕەحمەتم بۆ ئەوەی پێیان ناخۆشە لە تووڕەبوونم.[3]

---

[1] – حسن.

[2] – لە(المنتخب ج٥، ص٥٤)دا وا هاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٣) دا وا هاتووە.

وتارەكانی ئەمیری باوەڕداران حەسەنی كوڕی عەلی(رضي الله عنه)

ئیبن سەعد(ج٣، ص٣٨) لە هوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: كاتێ علی كوڕی ئەبو تالیب مرد حەسەنی كوڕی عەلی(رضي الله عنه) هەستاو چوویە سەر مینبەر وتی ئەی خەڵكینە ئەمشەو كەسێ مرد كە پێشینان پێشی نەكەوتوون و دواییینەكان پێی نەگەشتووە، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە دەستە دەیناردو جبریل لە ڕاستیی و میكائیل لە سەروویەوە چواردەوریان دەدا لای نەدەكردەوە تا خوا فتحی بۆ دەنارد، تەنها حەوت سەد درهەمی بەجێهێشت ویستی خزمەتكارێكی پێ بكڕێ، لەو شەوەدا كە ڕۆحی عیسای كوڕی مەریەم بەرزكرایەوە شەوی بیست و حەوتی ڕەمەزان مرد، لە گێڕانەوەیەكی دیكەدا هاتووە، مرد..، تا كۆتاییەكەی.[1]

ئەبو یەعلاو ئیبن جریرو ئیبن عساكیر لە حەسەنەوە هێناویانە وەك لە(المنتخب ج٥، ص١٦١)دا هاتووە كاتێ عەلی(رضي الله عنه) كوژرا هەستاو وتاری داو سوپایی و ستایشی خوای كردو پاشان وتی: پاشان بەخوا ئەمشەو لە شەوێكدا كە قورئانی تێدا دابەزیی و عیسای كوڕی مەریەم بەرزكرایەوەو یوشەعی كوڕی نون گەنجی موسا كوژراو دا بەسەر بەنی ئیسرائیلدا لەو شەوەدا كەسێكتان كوشت.

تەبەرانی لە ئەبو توفەیلەوە بە واتای گێڕانەوەكانی ئیبن سەعدو ئەبو یەعلاو جگە لەویش هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد كردووە پاشان وتی: هەركەس منی ناسی ناسیومیی و هەركەس نەیناسم من حەسەنی كوڕی موحەممەدم(صلى الله عليه وسلم) پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە كە یوسف وتی ﴿وَاتَّبَعْتُ مِلَّةَ آبَآئِي إِبْرَاهِيمَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ﴾ پاشان كتێبی خوای گرتەبەر،پاشان وتی من كوڕی موژدەدەرم، من كوڕی ترسێنەرم، من كوڕی پێغەمبەرم، من كوڕی ئەوەم كە بە مۆڵەتی خوا بانگەواز بۆ خوا دەكات، من كوڕی چرای ڕووناكی بەخشم، من كوڕی ئەوەم كە بە ڕەحمەت بۆ

[1] – ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٦٥) لە هوبەیرەوە بە دەقی دووەم بەو واتایە هێناویەتی، ئەحمەدیش(ج١، ص١٩٩) بە كورتی لێوەی هێناوە.

جیهانیان نێردراوە، من لەو ئالو بەیتەم کە خوا پیسی لیّ لابردوون و پاك ڕایگرتوون، من لەو ئالو بەیتەم کە خوا خۆشەویستی و هەواداری ئەوانی فەرز کرردووە و لەو قورئانەی بۆ سەر موحەممەد دابەزیوە هاتووە ﴿قل لَّا أَسْأَلُكُمْ عَلَيْهِ أَجْراً إِلَّا الْمَوَدَّةَ فِي الْقُرْبَى﴾،[1] بەڵام بەزار وایهێناوە: ئالای پێدەدا کە جەنگ قورس دەبوو جبریل لەلای ڕاستیەوە شەڕی دەکرد، دەڵێت: لە بیست و یەکی ڕەمەزاندا بوو.[2]

حاکم لە(المستدرك ج٣، ص١٧٢) لە عەلی کوڕی حوسەینەوە(رضي الله عنه) بەواتای گێڕانەوەکەی ئەبو توفەیل هێناویەتی و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: من لەو ئالو بەیتەم کە جبریل دادەبەزی بۆ لامان و لای ئێمە بەرز دەبوویەوە، ئەوەشی زیاد کردووە ﴿(وَمَن يَقْتَرِفْ حَسَنَةً نَّزِدْ لَهُ فِيهَا حُسْناً إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ شَكُورٌ﴾ جا چاکە بەدەست خستنی خۆشەویستی ئێمەی ئالو بەیتە، زەهەبی دەڵێت صەحیح نیەو حاکم بێدەنگ بوو لەسەری.

تەبەرانی لە ئەبو جەمیلەوە هێناویەتی کاتیّ علی کوژرا حەسەنی کوڕی علی بوو بە خەلیفە کاتیّ نوێژی دەکرد بۆ خەڵك کەسیّ هەستا بۆ لای و خەنجەرێکی لێدا، چەند مانگیّ نەخۆش کەوت، پاشان هەستاو لەسەر مینبەر وتاری داو وتی ئەی خەڵکی عێراق لە خوا بترسن سەبارەت بە ئێمە چونکە ئێمە سەرکردەو پێشڕەتانین، ئێمە ئەو ئالو بەیتەین کە خوا دەفەرموێت ﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيراً﴾ ئەو ڕۆژە بەردەوام قسەی دەکرد تا لە مزگەوتدا دەبینرا دەگریا.[3]

---

[1] – هەیسەمی(ج٩، ص١٤٦) دەڵێت تەبەرانی بە کورتی و ئەبو یەعلا بە کورتی و بەزار بە هەمان شێوە هێناویانە.

[2] – ئەحمەد بەکورتی یەکی زۆر هێناویەتی و سەنەدەکەی ئەحمەدو چەند ڕێگەیەکی بەزارو تەبەرانی لە المعجم الكبير دا حەسەنن. تەواو.

[3] – هەیسەمی(ج٩، ص١٧٢) دەڵێت کەسەکانی جیّ متمانە، تەواو.

ئیبن ئەبی حاتەم لە ئەبو جەمیلەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی‌و لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە بەردەوام دەیوت تا کەس لە ئەهلی مزگەوت نەما مەگەر ئەوەی هەموو دەگریان.[1]

تەبەرانی لە المعجم الکبیر لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت: حەسەنی کوڕی عەلیم(رضي الله عنه) لە نەخلە بینی کاتێ موعاویە لەگەڵی ئاشتەوایی کرد، موعاویە پێی وت: ئەگەر بڕاوەتەوە دەی قسە بکەو بەو خەڵکە بڵێ کە تۆ ئەم کارەت داوەتە دەست من، وابزانم سوفیان وتی بە خەڵك بڵێ کە وازت لەو کارو بارە هێناوە، ئەویش هەستایە سەر مینبەرو سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، شەعبی دەڵێت: من گوێم لێی گرت پاشان وتی: پاشان ژیرانەترین شت لەخوا ترسانەو گەمژەین ترین شت لادان‌و تاوانە، ئەو بارەی من‌و موعاویە لەسەری ناکۆك بوین یان مافی منەو لەبەر ویستی چاکە بۆ ئەم ئوممەتەو نەڕژانی خوێنیان وازی لێدێنم بۆ موعاویە، یان حەقە بۆ کەسێ کە لە من شیاوترە بۆی بۆیە ئەمە دەکەم، دەزانم لەوانەیە فیتنەیەك بێت بۆتان‌و حەسانەوەیەکی کاتی بێت.[2]

حاکم(ج٣، ص١٧٥) لە ڕێگەی موجالید لە شەعبیەوە هێناویەتی دەڵێت: حەسەنی کوڕی عەلی(رضي الله عنه)لە نەخلە وتاری بۆ داین کاتێ لەگەڵ موعاویە ڕێککەوتنی کرد، هەستاو سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، بە هەمان شێوە هێناویەتی، دوای کاتی بێت ئەمەی هێناوە ئەمە دەڵێم‌و لای خوا داوای لێخۆشبوون بۆ خۆم‌و ئێوەش دەکەم.[3]

---

[1] – وەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ح٣، ص٤٨٦)دا هاتووە.

[2] – هەیسە می(ج٤، ص٢٠٨) دەڵێت لە سەنەدەکەدا موجالیدی کوڕی سەعید هەیە کە قسەی لەسەرەو جێ متمانەشەو کەسەکانی دیکەی صەحیحن، تەواو.

[3] – بەیهەقی(ج٨، ص١٧٣) لە ڕێگەی موجالیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

وئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٤، ص١٢٤) هێناویەتی حەسەنی کوڕی عەلی لەو وتارەدا دەیوت: پاشان ئەی خەڵکینە خوا ڕێنمونی کردوون بەسەرەتامانو خوێنی پاراستوون بە کۆتامان، ئەم بارە ماوەیەکەو دنیا چەند دەوڵەتو سەردەمێکە، خوای گەورە بە پێغەمبەرکەی(ﷺ) دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ أَدْرِي لَعَلَّهُ فِتْنَةٌ لَّكُمْ وَمَتَاعٌ إِلَى حِينٍ﴾ وایدەبینم تاقیکردنەوەیەکە بۆتانو حەسانەوەیەکە تا ماوەیەك.

(وتاری ئەمیری باوەڕداران موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(ﷺ))

ئیبن عەبدولبر لە(جامع بیان العلم ج١، ص٢٠) لە موحەممەدی کوڕی کەعبی قورەزیەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(ﷺ) لە مەدینە وتاری دەداو دەیوت(لا مانع لما أعطى الله ولا معطى لما منع الله ولا ینفع ذا الجد منه الجدمن یرد الله به خیرا یفقهه فی الدین)(ئەی خەڵکینە هیچ ڕێگریێ نیە بۆ ئەوەی خوا پێی دەبەخشیێ، هیچ بەخشەریێ نییە بۆ ئەوەی خوا لێی دەگرێتەوە، خاوەن گرنگی سودی بۆ نابیێ، هەرکەس خوا خێری بۆ بوێت لە ئاییندا شارەزای دەکات) ئەم وشامەم لە پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر پلەکانی ئەم مینبەرە.

هەروەها لە موحەممەدی کوڕی عەبدولڕەحمانەوە هێناویەتی دەڵێت:بیستم موعاویە وتاری بۆ داینو دەیوت: بیستم پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(من یرد الله به خیرا یفقه فی الدین وانما أنا قاسم والله یعطی، ولن تزال هذه الآمة قائمة علی الحق لایضرهم من خالفهم حتی یاتی أمرالله)(هەرکەس خوا خێری بۆ بوێت لە ئاییندا شارەزای دەکات، من دابەش کەرو خوا بەخشەرە، ئەم ئوممەتە بەردەوام لەسەر حەقە ئەوەی لێیان لادەدات زیانیان پیێ ناگەیەنێت تا فرمانی خوا دێت).[1]

[1] – صحیح.

ئەحمەدو ئەبو یەعلاو یەعقوبی کوڕی سوفیانو جگە لەویش لە عومەری کوڕی هانیئەوە هێناویانە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(رضي الله عنه) وتاری بۆ دانو وتی: بیستم پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) دەیفەرموو:(بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتەکەم لەسەر فەرمانی خوان ئەوەی پێچەوانەیان دەکات یان پشتیان بەر دەدات زیانیان پێ ناگەیەنێت تا فرمانی خوا دێتو ئەوان لەسەر ئەوەن) لە دەقێکی دیکەدا(بەسەر خەڵکدا زاڵن) عومەیری کوڕی هانی دەڵێت: مالیکی کوڕی یەخامر هەستاو وتی لە موعاذی کوڕی جەبەلم بیست لە شام بوو ئەوەی دەوت،[1] ئیبن عەساکیر لە یونسی کوڕی جەلیسی جوندیەوە هێناویەتی بە هەمان شێوە دەیهێنێت ئەوەشی بۆ زیادکردووە پاشان ئەم ئایەتەی وت ﴿إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ﴾(آل عمران ٥٥) هەروەها لە مەکحول لە موعاویەوە هێناویەتی کە کاتێ لەسەر مینبەر بوو وتاری دەدا وتی بیستم پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)دەیفەرموو (ئەی خەڵکینە زانست فێر بوونو فیقه بە فیقه وەرگرتنە، هەرکەس خوا خێری بۆ بوێت لە ئاییندا شارەزای دەکات، بەندە زاناکانی خوا دەترسن. بەردەوام دەستەیەك لە ئوممەتەکەم لەسەر هەقنو بەسەر خەڵکدا دیارو زاڵن گوێیان لێ نیە کێ پێچەوانەیان دەبێو کێ دژایەتیان دەکات تا فەرمانی خوا دێتو ئەوان زاڵو دیارن)[2][3].

[1] - صحیح.

[2] - ضعیف.

[3] - لە(کنز العمال ج٧، ص١٣٠) دا وا هاتووە.

وتارەکانی ئەمیری باوەڕداران عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر

تەبەرانی لە موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ثەقەفیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئامادەی وتاری ئیبن زوبەیر بووم لە کاتی حەجدا وتی: هەستمان نەکرد تا ڕۆژێ پێش(التروية) لامان دەرچوو و ئیحرامی بەستبوو، کەسێ خاوەن بالایەکی جوان هاتو وتیان ئەوە ئەمیری باوەڕدارانە، چوویە سەر مینبەرو دوو جلی سپی لەبەردا بوو، سەلامی لە خەڵکەکە کردو ئەوانیش وەلامیان دایەوە، پاشان جوانترین (لبيك)ی کرد کە شتی وام هەرگیز نەبیستبوو، پاشان سوپاس و ستایشی خوای کرد، ئینجا وتی: پاشان ئێوە لە چەندین ئاسۆوە وەك وەفد هاتوون بۆ لای(ماڵی) خوا، دەی مافە لەسەر خوا ڕێزی وەفدی بگرێ، هەرکەس هاتووە داوای ئەوە بکات کە لای خوایە ئەوا داواکاری لای خوا بێ هیواو دەست بەتاڵ نابێ، دەی بە کردار قسەکانتان پشت ڕاست بکەنەوە چونکە کردار موڵك سەلمێنی وتەیە، نیاز نیازی دڵەکانە، الله الله بۆ ئەم ڕۆژانەتان، ئەم ڕۆژانە تیایاندا خوا لە تاوانەکان خۆش دەبێت، لە چەندین ئاسۆوە هاتوون، بە نیازی بازرگانی سامان و دنیا نەهاتوونەتە ئێرە، پاشان(لبيك)ی کردو خەڵکیش(لبيك)یان کرد، قسەیەکی زۆری کرد، دواتر وتی: پاشان خوای گەورە لە قورئانەکەیدا فەرموویەتی: ﴿الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ﴾ دەی ئەوە سێ مانگە شەوال و زولقەعدەوە دە ڕۆژی ذیلحەجە(فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ) جووت نەبێ(نەچێتە لای هاوسەری) ﴿وَلاَ فُسُوقَ﴾ قسەو جنێو نەڵێ(وَلاَ جِدَالَ) دەمە بۆڵێ و گاڵە نەکات(وما وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى) هەروەها دەفەرموێت ﴿لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَبْتَغُواْ فَضْلاً مِّن رَّبِّكُمْ﴾ بازرگانی بۆ حەلاڵ کردن پاشان فەرمووی ﴿فَإِذَا أَفَضْتُم مِّنْ عَرَفَاتٍ﴾ ئەو شوێنەی کە تیایدا دەوەستن تا خۆرئاوا دەبێت دواتر دەکەونە ڕێ(فَاذْكُرُواْ اللّهَ عِندَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ) ئەو شاخانەن کە بە زۆری لە موزدەلیفەن ﴿وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ﴾ ئەمە بە گشتی نیە، ئەوە بۆ خەڵکی وڵاتەکەیە دەستەیەك دەچوون و خەڵکیش لە عەرەفات دەچوون خواش

ئەوەی لیّ قبولّ نەکردن(خۆیان جیا بکەنەوە) بۆیە ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿ثُمَّ أَفِيضُواْ مِنْ حَيْثُ أَفَاضَ النَّاسُ﴾ بۆ شوێنەکانتان ئەوان لە حەجیان دەبوونەوە بە باوباپیرانیانەوە دەیاننازی، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿فَاذْكُرُواْ اللّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْراً فَمِنَ النَّاسِ مَن يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الآخِرَةِ مِنْ خَلاَقٍ﴾ لە دنیایاندا کار دەکەن بۆ دنیاو دوا ڕۆژیان، دەڵێت پاشان قورئانی خوێند تا گەیشتە ﴿وَاذْكُرُواْ اللّهَ فِي أَيَّامٍ مَّعْدُودَاتٍ﴾ ئەوانی ڕۆژانی(التشريق)ن تیایاندا یادی خوا بە(سبحان اللهو الحمدلله ولااله الا الله والله اکبر) خوا بە شکۆدار دانان هەبیّ، پاشان باسی شوێنی خەڵکی کرد، وتی: خەڵکی مەدینە لە(ذی الملیفة) و خەڵکی عێراق لە(العقیق) و خەڵکی نەجدو تائیف لە(قرن) و خەڵکی یەمەن لە(یلملم) و دواتر نزای دژی بیّ باوەڕانی ئەهلی کیتاب کردو وتی خوایە بی باوەڕانی ئەهلی کیتاب سزا بدە، ئەوانەی نکوڵی لە ئایەتەکانت دەکەن و پێغەمبەرانت بە درۆ دەخەنەوەو ریّ لە ڕێبازی دەگرن، خوایە سزایان بدەو دڵیان بکە بە ئافرەتانی خراپ نزایەکی زۆری کرد پاشان وتی: لێرەدا کەسانیّ هەن خوا دڵی کوێر کردوون وەك چۆن چاوی کوێر کردوون فەتوای موتعە دەدەن بەوەی پیاو لە خوراسانەوە بە ڕێڕەوی حەج بێت تا کاتی دێت دەڵێن لە حەجەکەت تا ئێرە بە عەمرە نوسراو ئێستا بەدوا بە حەج دەنوسریّ، سوێند بە خوا موتعە تەنها بۆ گەمارۆ دراوە، پاشان(لبیبك)ی کردو خەڵکیش(لبیك) یان کرد، هەرگیز ڕۆژی وام نەدیبوو هێندە بگریت[1][2].

---

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی(ج٣، ص٢٥٠) دەڵێت لە سەنەدەکەدا سەعیدی کوڕی مەرزە بان هەیە کە جیّ متمانەشەو قسەیەکی زۆریشی لەسەرە، جگە لەویشی تێدایە کە ناینناسم. تەواو. ئەبو نەعیمیش لە(الحلیة ج١، ص٣٣٦) لەموحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای ئەقەفیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام تیایدا ئەوەی نەهێناوە(قسەیەکی زۆری کرد....تا وتەی گەمارۆدرا) لە سەنەدەکەیدا سەعیدی کوڕی مەرزەبان هەیە.

ئیبن جریر لە تەفسیرەکەیدا(ج٢، ص١٦٨) لە هیشامی کوڕی عمرەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لە وتارەکەیدا وتی بزانن هەموو عەرەفە وەستانێکە جگە لە(بطن عرنە) بزانن موزدەلیفە هەمووی وەستانە جگە لە(بطن محسر).

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٣٧) لە عەباسی کوڕی سەهلی کوڕی سەعدی ساعدی ئەنساریەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئیبن زوبەیر لە وتاری سەر مینبەری مەککەدا دەیوت ئەی خەڵکینە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەیفەرموو(لو أن ابن ادم أعطی وادیا من ذهب أحب الیە ثانیا ولو أعطی ثانیا أحب الیە ثالثا، ولا یملا جوف ابن ادم الا التراب ویتوب الله علی من تاب)(ئەگەر ئادەمیزاد دۆڵێ لە زێڕی پێبدرێ دووەمی لا ئازیز دەبێت، ئەگەر دووانی پێبدرێت سێیەمی لا خۆشەویست دەبێت، هیچ بۆشایی و(ناوسکی) ئادەمیزاد تێر ناکات جگە لە خۆڵ، خوا خۆش دەبێت لەوەی تەوبە بکات).[1]

ئەبو داودو تەیالسی(ص١٩٥) لە عەتائی کوڕی ئەبو رباحەوە هێناویانە دەڵێت: ئیبن زوبەیر وتاری بۆ دەداین کە وتی پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(نوێژێ لەم مزگەوتەی مندا لە هەزار نوێژی جگە لێرە بە فەزل ترە جگە لە مزگەوتی الحرام، وە نوێژ لە مزگەوتی الحرام بە سەد بەرامبەر فەزلی هەیە) عەتا وتی واتە سەد هەزار، دەڵێت وتم ئەی موحەممەد ئەو فەزلەی لە مزگەوتی "الحرام" باس دەکرێ بە تەنها لەوێیە یان لە هەموو شوێنەکانی ئەوێ، فەرمووی نا بەڵکو هەموویان چوونکە هەموویان بەشێکن لە مزگەوت.[2]

ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا(ج٤، ص٤) لە وەهبی کوڕی کیسانی مەولای ئیبن زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئیبن زوبەیر لە ڕۆژی جەژن کاتێ نوێژی

---

[1] - صحیح.

[2] - ﷺ

دەکرد پێش وتار دواتر هەستاو وتاری داو وتی: ئەی خەڵکینە هەردوو سوننەتی خواو پێغەمبەرخوا.

ئەحمەد(ج٤، ص٥) لە پابتەوە هێناویەتی دەڵێت بیستم عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر وتاری دەداو دەیوت: موحەممەد(ﷺ) فەرمووی(هەرکەس لە دنیا ئاوریشم بپۆشێ لە ڕۆژی دواییدا(ناپۆشێت).

ئەحمەد(ج٤، ص٥) لە ئەبو زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لەسەر ئەم گوڕە قسەی دەکردو دەیوت پێغەمبەر(ﷺ) ئەگەر لەدوای نوێژ یان نوێژەکان سەلامی بدایەتەوە دەیفەرموو(لا اله الا الله وحده لا شريك له له ملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير، لاحول ولا قوة الا بالله ولا نعبد الا اياه، أهل النعمة والفضل والثناء لا اله الا الله مخلصين له الدين ولو كره الكافرون).

ئەحمەد(ج٤، ص٦) لە پوەیرەوە هێناویەتی دەڵێت:بیستم عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر لەسەر مینبەر بوو دەیوت: ئەوە ڕۆژی عاشورایە، دەی ڕۆژووی تێدا بگرن چونکە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کردووە بە ڕۆژوو گرتنی.

بوخاری لە(الأدب المفرد ص١٨٦) لە کلثومی کوڕی جەبرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن زوبەیر وتاری بۆ داین و وتی: ئەی خەڵکی مەککە بیستوومە کەسانێکی قورەیش یاریەك دەکەن پێی دەوترێ نەردەشێر کە لە مەیسەرە، خوا دەفەرموێت(انما الخمر والميسر) من سوێند بە خوا دەخۆم هەرکەسێ ببینم ئەو یاریەی پێیە لە ڕوو ڕووخساری سزای دەدەم و شتێ دەدەم بەوەی دەیهێنێت بۆم.

وتارەکانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود(رضي الله عنه)

تەبەرانی لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) وتارێکی کورتی پێشکەش کرد، لە وتارەکەی بوویەوە فەرمووی(ئەی ئەبوبەکر هەستە وتار بدە) ئەویش وتارەکەی لە پێغەمبەر(ﷺ) کورتتربوو، ئینجا کە لێبوویەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(عومەر هەستە وتار بدە) ئەویش وتارێکی کورتتر لە هی هەردووکیانی پێشکەش کرد، کە لێبوویەوە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەی فلان هەستە وتار بدە) ئەویش خۆی لەگەڵ ماندوو کرد پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(اسکت، أو اجلس، فأن التشقیق من الشیطان وان البیان من السحر)(بێدەنگ بە، یان دابنیشە، چونکە زۆر لەخۆکردن لە شەیتانەو بەیان و ڕەوان بێژی(لە سیحرە)) فەرمووی:(ئەی کوڕی أم عەبد هەستە وتار بدە) ئەویش هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی خەڵکینە خوای گەورە پەروەردگارمان و ئیسلام ئایینمان و قورئان پێشەوامان و کەعبە قیبلەمان و ئەمەش پێغەمبەرمانە، بە دەستی ئاماژەی کرد بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ڕازین بەوەی خواو پێغەمبەرەکەی بۆ ئێمە پێی ڕازین، ڕقمانە لەوەی خواو پێغەمبەرەکەی ڕقیان لێیەتی بۆمان، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(ئیبن ئەم عەبد پێکای، ئیبن ئوم عەبد پێکای و ڕاستی وت، ڕازیم بەوەی خوا بۆ خۆم و ئوممەتەکەم و ئیبن ئوم عەبد پێی ڕازیە)[1][2].

ئیبن عەساکیر دەڵێت: سەعیدی کوڕی جوبەیر لە ئەبو دەردائەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە(رضیت ما رضی الله بەلی ولأمتی وابن ام عبد، وکرهت ماکرهه الله لي ولأمتي وابن أم عبد) ئیبن عەساکیر دەڵێت: سەعیدی کوڕی جوبەیر ئەبودەردائی نەدیوە، لە عەمری کوڕی حورەیشیشەوە فەرموودەکەی

---

[1] - ﷺ

[2] - هەیسەمی(ج۹، ص۲۹۰) دەڵێت: کەسەکانی جێ متمانەن بەڵام عوبەیدوڵای کوڕی عوسمانی کوڕی خوثەیم لە ئەبو دەدائی نەبیستووە، خواش زاناترە، تەواو.

هێناوەو تیایدا هاتووە:پێغەمبەر(ﷺ) پێی فەرموو(قسە بکە) ئەویش لە سەرەتای قسەکەیەوە سوپاس‌و ستایشی خوای کردو سەلامی بۆ سەر پێغەمبەر ناردو شایەتومانی بە حەقی وت‌و وتی: ڕازین بە خوا پەروەردگارمان‌و ئیسلام ئایینمان بێت‌و منیش بۆ ئیوە بەوە ڕازیم کە خواو پێغەمبەرکەی ڕازی بکات، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بۆ ئێوە ڕازیم بەوەی کوڕی ئوم عەبد پێی ڕازی بوو).[1]

ئەحمەد(ج١، ص٤٢١) لە ئەبو ئەحوەصی جەشەمیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن مەسعود ڕۆژێ وتاری دەدا کە ماریێ بەسەر دیوارەکەدا دەچوو، ئەویش وتارەکەی بڕی‌و بەدارەکەی دەستی لێیدا تا کوشتی،بیستم پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو (هەرکەس ماریێ بکوژێ وەك ئەوە وایە کەسێکی بێ باوەڕی خوێن حەلاڵی کوشتبێ)(من قتل حية فكأنما قتل رجلا مشركا قد حل دمه).

ئیبن سەعد(ج٣، ص٦٣) لە ئەبو وائیلەوە هێناویەتی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود لە مەدینەوە بۆ کووفە بە هەشت ڕۆژ چوو کاتێ عوسمانی کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە، سوپاس‌و ستایشی خوای کرد پاشان وتی: پاشان ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب مردو لەو ڕۆژە ڕۆژی پڕ گریانترمان نەدیوە، ئێمەی هاوەڵانی موحەممەد کۆ بوینەتەوەو چاکترمان لە سەروتر نەخستە ڕوو تا بەیعەتمان دا بە ئەمیری باوەڕداران عوسمان، دەی ئێوەش بەیعەتی پێبدەن.

[1] – لە(المنتخب ج٥، ص٢٣٧) دا وا هاتووە.

وتاری عوتبەی کوڕی غەزوان(رضي الله عنه)

موسلم لە خالیدی کوڕی عومەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: عوتبەی کوڕی غەزوان(رضي الله عنه) کە ئەمیری بەسرە بوو وتاری بۆ داین‌و سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی: پاشان دنیا مۆڵەتی گەرانەوەو پچڕاندنی داو خێرا ڕووی وەرگێڕا، هیچی لێنەماوە جگە لە بەرماوەیەکی ناو قاپ کە خاوەنەکەی بیخوات، ئێوە لەم دنیاوە دەچن بۆ ماڵێ کە هەرگیز ئاوا بوونی بۆ نیە، دەی بەوەی لە لاتانە بە خێر بگوازنەوە چونکە بۆمان باسکراوە بەردی دەخرێتە لایەکی دۆزەخ حەفتا ساڵ دەچێتە خوار دەنگی کەوتنی نابسترێ سوێند بە خوا دۆزەخ پڕ دەبێت، ئایا سەرتان سوڕ دەمێنێت؟ بۆشمان باسکراوە لە نێوان دوو لای مصراعی بەهەشتدا چل ساڵ ڕێگەیە، ڕۆژێ دێ پڕە، حەوت کەس بوین لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە هیچ خواردنێکمان بۆ نەبوو جگە لە گەڵای دار تا گورچیلەمان پەکی کەوت، پێستەیەکم دەست کەوت لە نێوان خۆم‌و سەعدی کوڕی مالیکدا دابەشمان کرد، من نیوەیم جیا کردەوەو ئەویش وای کرد، ئەمڕۆ هەرکاممان ئەمیری ناوچەیەکە لە ناوچەکان، پەنا دەگرم بە خوا لەوەی لە دەروونی خۆمدا گەورەو لای خوا بچووک بم.[1]

حاکم لە(المستدرك ج٣، ص٢٦١) لە خالیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە کۆتاییەکەیدا ئەوەی زیاد کردووە هەرچی پێغەمبەرایەتی هاتووە کەمی کردووە تا کۆتاییەکەی بووە بە پاشایەتی، ئێوە دواتر ئەزموون دەکرێن یان سەرکردەکانی دوای من تووش دەکەن.[2]

---

[1] – لە(الترغيب والترهيب ج٥، ص١٧٩)دا وا هاتووە.

[2] – حاکم دەڵێ: لەسەر مەرجی موسلم صەحیح‌و بوخاری‌و موسلم نەیانهێناوە.ئیبن جەوزی لە(صفة الصفوة ج١، ص١٥٢) لە موسلیمەوە هێناویەتی، نابلسی لە(ذخائر المواريث ج٢، ص٢٢٩) هێناویەتی‌و داویەتیەوە پاڵ موسلم و ئیبن ماجە لە الزهدو ترمزی لە باسی دۆزەخدا

ئیبن سەعد(ج٧، ص٦) لە موصعەبی کوڕی موحەممەدی کوڕی شەرحەبیلەوە بە دوورو درێژی لەگەڵ زیادەکەی حاکم هێناویەتی و لە سەرەتاکەیەوە ئەوەی زیاد کردووە: عوتبە وتاری دەدا بۆ خەڵك و ئەوە یەکەم وتاری بوو لە بەسرە وتی: سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەم و پشتی پێ دەبەستم و بڕوام پێیەتی و پشتی پێ دەبەستم، شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خواو موحەممەدیش بەندەو نێردراوی خوایە، پاشان ئەی خەڵکینە، بە هەمان شێوە هێناویەتی.

وتارەکانی حوزەیفەی کوڕی یەمان(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٨١) لە ئەبو عەبدوڕەحمانی سولەمیەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ باوکم لە مەدائین چووم بۆ جومعەو لە نێوان ئێمەو مزگەوتدا فەرسەخێ ڕێ بوو، حوزەیفەی کوڕی یەمان بەر پرسی مەدائین بوو، چوویە سەر مینبەرو سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی: ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ بزانن مانگ لەت بوو، بزانن دنیا مۆڵەتی جیا بوونەوە وەرگرت و ئەمڕۆ مضمارو سبەینێ کێبرکێ، بە باوکم وت: یانی چی کێبرکێ؟ وتی ئەوەی بەرەو بەهەشت ڕادەکات،ئیبن جریر لە عەبدوڕەحمانی سولەمیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و لە سەرەتاکەیەوە ئەوەی زیاد کردووە بزانن خوا دەفەرموێت ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ بزانن ڕۆژی دوایی نزیك بۆتەوە، لە کۆتاییەکەیدا هاتووە بە باوکم وت مەگەر سبەینێ خەڵکی کێبرکێ دەکەن؟ وتی کوڕی شیرینم تۆ نەزانیت، ئەوە کێبرکێ یە بە کارەکان، پاشان هەینی دواتر هات و ئامادە بووین حوزەیفە وتاری داو وتی بزانن خوا دەفەرموێت ﴿اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ﴾ بزانن دنیا

هێناویانە. ئەحمەدیش(ج٤، ص١٧٤) لە خالیدەوە بە هەمان شێوەو بە زیادەیەکی حاکمیشەوە هێناویەتی. ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٧١)دا بەو واتایە هێناویەتی.

مۆڵەتی جیا بوونەوەی وەرگرتووەو ئەمڕۆ كارو سبەینێ كێبركێ، مەبەست دۆزەخ و كێبركێ كەر ئەوەیە بەرەو بەهەشت ڕادەكات.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٨١) لە كردوسەوە هێناویەتی دەڵێت حوزەیفە لە مەدائین وتاری دا وتی ئەی خەڵكینە موچەی منالەكانتان لە خۆ بگرن ئەگەر حەلاڵ بوو بیخۆن و ئەگەر وا نەبوو وازی لێ بهێنن چوونكە من بستوومە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو(انه لیس لحم ینبت من سحت فیدخل الجنه).

عەبدوڕەزاق لە ئەبوداودی ئەحمەدیەوە هێناویەتی وەك لە(كنز العمال ج٢، ص٢١٨)دا وا هاتووە دەڵێت: حوزەیفە لە مەدائین وتاری بۆ داین وتی: ئەی خەڵكینە بە دوای لاوازەكانتاندا بچن و بزانن لە كوێزو موچەكەیان بۆ دێنن، چونكە گۆشتێ بە ناحەلاڵ هاتبێ هەرگیز ناچێتە بەهەشت، بزانن فرۆشەرو كڕیارو ئەوانەی گرنگی پێ دەدەن وەك بخۆری وان.

وتاری ئەبو موسای ئەشعەری(ﷺ)

ئیبن سەعد(ج٤، ص١١٠) لە قەسامەی كوڕی زوهەیرەوە هێناویەتی ئەبو موسا وتاری دەدا بۆ خەڵك لە بەسرە، دەیوت: ئەی خەڵكینە بگرین ئەگەر نەگریان خۆتان بگریەنن، چوونكە دارو دەستەی بەهەشت فرمێسك دەڕێژن تا دەپچڕێ، دواتر خوێن بە فرمێسك دەڕۆن تا ئەگەر كەشتی تیا دابنرێ دەچێت.[2] [3]

[1] – وەك لە تەفسیری ئیبن كەثیر(ج٤، ص٢٦١)دا هاتووە، حاكم لە(المستدرك ج٤، ص٦٠٩) لە ئەبو عەبدوڕەحمانەوە بە هەمان شێوە هاتووەو دەڵێت:ئەم فەرموودەیە صەحیحەو بوخاری و موسلم نەیانهێناوەو زەهەبی دەڵێت صەحیحە.

[2] – ضعیف.

[3] – ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٦١) لە قەسامەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و ئەحمەد لە موسنەدەكەیدا لێوەی هێناوە

وتاری ئیبن عەبباس(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٢٤) لە شەقیقەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس لە کاتی حەجدا وتاری بۆ داین و
دەستیکرد بە سورەتی بەقەرەو دەیخوێندو ڕاڤەی دەکرد، منیش دەمووت: کەسی واو قسەی وام نەبیستووە، ئەگەر فارس و ڕۆم گوێی لێبگرن موسوڵمان دەبن.

وتاری ئەبو هورەیرە(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٨٣) لە ئەبو یەزیدی مەدینییەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو هورەیرە لەسەر مینبەری پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) لە مەدینە خوارتر لە شوێنی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) وەستابوو وتی: سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەبو هورەیرەی بۆ ئیسلام ڕێنموونی کرد، سوپاس بۆ ئەو خوایەی ئەبو هورەیرەی فێری قورئان کرد، سوپاس بۆ ئەو خوایەی بە موحەممەد(صلى الله عليه وسلم) ئەبو هەرەیرەی منەتبار کرد، سوپاس بۆ ئەو خوایەی خواردنی پێدام و ئاوریشمی کردە بەرم، سوپاس بۆ ئەو خوایەی کچی غەزوانی لێ مارە کردم دوای ئەوەی من پێشتر لەسەر خواردنی سکم کرێگرتەی بووم، دووری لێگرتم و منیش وەك ئەوم کرد، پاشان وتی: هاوار بۆ عەرەب لە دەست خراپەیەك نزیك بوەتەوە، لە دەست دەسەڵاتی مندالأن کە تیایدا بە ئارەزوو حوکم دەکەن و بە تووڕەبوون دەکەونە کوشتن، ئەی بەنی فەرووخ مژدەتان لێبێت، سوێند بەوەی گیانی بەدەستە ئەگەر دین بەسترابێ بە ثورەیاوە خەڵکانێ لێتان وەردەگرن.

حاکم(ج٤، ص٤٣٣) لە ئەبو حەبیبەوە هێناویەتی چوویە ماڵ و عوسمان تیایدا گەمارۆ درابوو، بیستی ئەبو هورەیرە مۆڵەتی وەردەگرت تا قسە لەگەڵ عوسمان بکات ئەویش مۆڵەتی دا، هەستاو سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی من بیستم پێغەمبەری خوا دەیفەرموو(ستلقون بعدی فتنة واختلافا أو قال: اختلافا

وفتنة)(دوای من تووشی ناکۆکیەك دەبن) کەسێ پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا فەرمانی چیمان پێ دەکەن؟ فەرمووی:(علیکم بالامیر وأصحاب)(لەگەڵ ئەمیرو هاوەڵەکانی بن) ئەویش ئاماژەی بۆ عوسمان دەکرد[1][2].

وتاری عەبدوڵڵای کوڕی سەلام(رضي الله عنه)

تەبەرانی لە عەبدولمەلیکی کوڕی عومەیرەوە هێناویەتی موحەممەدی کوڕی یوسفی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام(رضي الله عنه) مۆڵەتی لای حەجاجی کوڕی یوسف وەرگرت، ئەویش مۆڵەتی پێدا، چوویە ژوورو سەلامی لێکردو فەرمانی بە دوو کەسی ئەملاو لای کرد تا ڕێی بۆ بکەنەوە، ئەوانیش ڕێیان بۆ کردەوەو ئەویش دانیشت، حەجاج پێی وت: خوا ئاگای لە باوکت بێت فەرموودەیەکم پێ بڵێ کە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانی باوکت لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلامی باوکتەوە گێرابێتیەوە؟ وتی: چ حەدیثێ بەر ڕەحمەتی خوا کەویت فەرموودە زۆرە، وتی: فەرموودەی میسریەکان کاتێ گەمارۆی عوسمانیاندا، وتی: ئەوە دەزانم، عەبدوڵڵای کوڕی سەلام هاتو عوسمان گەماۆر درابوو، چوو بۆ لایو ڕێیان بۆ کردەوە تا چوویە ژوور، وتی: سەلام ئەی ئەمیری باوەڕداران، وتی: علیك السلام بۆچی هاتوویت ئەی عەبدوڵڵای کوڕی سەلام؟ وتی هاتووم تا بمێنمەوە تا شەهید دەبم یان خوا دەرووت لێدەکاتەوە، وا دەزانم ئەمانە دەتکوژن، ئەگەر تۆیان کوشت بۆ تۆ خێرو بۆ ئەوان خراپەیە، عوسمان وتی: داوات لێدەکەم بەو حەقەی لەسەر تۆ هەمە بچیتە دەر بۆ لایان خوا خێرێکت بۆ بنێرێو خراپەیەکت پێ دوور بخاتەوە، ئەویش بیستیو گوێڕایەڵی بوو و چوویە دەر بۆ لایان، کە بینییان کۆبوونەوەو

---

[1] – صحیح.

[2] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحەو بوخاریو موسلم نەیانهێناوە، زەهەبی دەڵێت صەحیحە.

وایانزانی بە هەوڵی دەست خۆشکەریان هاتووە، ئەویش هەستاو وتاری داو سوپاس‌و ستایشی خوای کرد، پاشان خوای گەورە مەحەمەدی بە موژدە هێنەرو ترسێنەر ناردووە، موژدەی بەهەشت بۆ ئەوەی گوێڕایەڵیەتی‌و ترسێنەر بۆ ئەوەی لە فەرمانی لا دەدات، ئەوەی شوێنی دەکەوێت بەسەر هەموو ئایینەکاندا سەری دەخات با بێ باوەڕانیش حەز نەکەن، پاشان شوێنی بۆ هەڵبژاردو مەدینەی بۆ هەڵبژاردو کردنی بەماڵی کۆچکردن‌و ماڵی ئیمان، سوێند بە خوا بەردەوام فریشتەکان لە هاتنی پێغەمبەرەوە(ﷺ) تا ئەمڕۆ چوار دەوری مەدینەیان داوە، بەردەوام شمشێری خوا لە هاتنی پێغەمبەرەوە تا ئەمڕۆ بە ڕووتاندا لابراوە، پاشان وتی: خوا موحەممەدی بە حەق ناردو هەرکەس ڕێنموونی ویست بە ڕێنموونی خوا ڕێنموونی دەکرێ‌و هەرکەس گومڕا بێ پاش بەڵگەو ڕونکردنەوە گومڕابوون، لە پێشتر هیچ پێغەمبەرێ نەکوژراوە مەگەر ئەوەی حەفتا هەزار جەنگاوەر پێی کوژراون کە هەموویان پێی دەکوژران، هەر کاتێك خەلیفەیەك کوژرا بێت بەوە سی‌و پێنج هەزار جەنگاوەر بکوژێ لە ڕۆژی دواییدا بە دەست بڕاوی و شەلەلی دەێتەوە لای خوا، بزانن کوڕ چ مافێکی بە لای باوکەوە هەیە ئەو پیاوەش ئەو ئێوە مافەی لەسەرتانە، وتی: ئەوانیش هەستان‌و وتیان جوولەکە درۆی کرد، جوولەکە درۆی کرد، وتی: بەخوا ئێوە درۆتان کردو ئێوە تاوانبارن، من جوولەکە نیم‌و یەکێکم لە موسڵمانان، خوا و پێغەمبەر(ﷺ)و باوڕداران ئەوە دەزانن، خواش لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿قُلْ كَفَى بِاللّهِ شَهِيداً بَيْنِي وَبَيْنَكُمْ وَمَنْ عِندَهُ عِلْمُ الْكِتَابِ﴾ ئایەتێکی دیکەش دەفەرموێت ﴿قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ اللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى مِثْلِهِ فَآمَنَ وَاسْتَكْبَرْتُمْ﴾.[١]

[١] – فەرموودەکە سەبارەت بە شەهیدی عوسمان دێنێ، هەیسەمی(ج٩، ص٩٣) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن.

وتاری حوسەینی کوڕی عەلی(رضي الله عنه)

تەبەرانی لە موحەممەدی کوڕی حوسەینەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ عومەری کوڕی سەعد لای حەسەن دابەزیو دڵنیا بوو دەیکوژن لە نێو هاوەڵانیدا هەستاو وتاری داو سوپاسو ستایشی خوای کرد، دواتر وتی: ئەو بارە هاتووە کە دەیبینن‌و دنیا گۆڕاو و بێزراوە، چاکە ڕووی وەرگێڕاوەو چووە تا هیچی لێنەماوە جگە لە بەر ماوەی ناو قاپ جگە لە ژیانی سوك وەك لەوەڕگای ڕووتاوە، ئایا حەق نابینن کاری پێناکرێو باتڵ ڕێگری لێ ناکرێ؟ با باوەڕدار بۆ گەیشتن بە خوا هەوڵ بدات چونکە من مەرگ بە بەختەوەریو ژیان لەگەڵ ستەم کاران بە دڵتەنگیو ناخۆشی دەزانم،[١] دەڵێم ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٤، ص٣٠٥) ئەو وتارەی لە عوقبەی کوڕی ئەبو عیزارەوە هێناوە، دەڵێت: حوسەین لە(ذی حسم) هەستاو سوپاسو ستایشی خوای کرد، بە هەمان شێوە هێناویەتی هەروەها لە عوقبەی کوڕی ئەبو عیزارەوە هێناویەتی حوسێن وتاری دا بۆ هاوەڵانی خۆیو هاوەڵانی(الحر) لە(البیضة)، سوپاسو ستایشی خوای کردو دواتر وتی:ئەی خەڵکینە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمووی:(من رای سلطانا جائرا مستعلا الحرم الله ناکثا لعهدالله مخالفا لسنة رسول الله یعمل فی عباد الله بالاثم والعدوان فلم یعبر علیه بفعل ولا قول کان حقا علی الله أن یدخله مدخله)(هەرکەس سوڵتانێکی ستەم کاری ڕەواکەری حەرامی خواو شکێنەری بەڵێنی خواو پێچەوانە کاری سوننەتی پێغەمبەری بینی کە لە ناو بەندەکانی خوادا بە تاوانو دژایەتی کاری کرد بە کردارو قسە لە ڕوویدا بوەستێ مافی خوایە بیباتە شوێنەکەی)بزانن ئەوانە پەیوەستی گوێڕایەڵی شەیتان بووو وازیان هێناوە لە گوێڕایەڵی خوای میهرەبان، خراپەیان نواندووەو سنوریان لە کار خستووە و دەست کەوت پێش دەخەنو

[١]- هەیسەمی(ج٩، ص١٩٣) وتی: موحەممەدی کوڕی حەسەن ئیبن زبالەیە کە وەلا نراوەو بە چیرۆکەکە نەگەیشتووە، تەواو..

حەرامی خوا حەڵاڵ و حەڵاڵی خوایان حەرام کردووە، من شیاوترینم کە لە ڕوودا بوەستم، نامەی ئێوەم بۆ هات و نێردراوتان هات بۆ لام و بەیعەتی ئێوەی پێدام کە نامدەن بەدەستەوەو پشتم بەرنادەن، ئەگەر بەیعەتتان بۆم بەدی بێنن ڕاستتان پێکاوە، من حوسێنی کوڕی علی و فاتیمەی کچی پێغەمبەری خوام، گیانم لەگەڵ گیانی ئێوەو کەسوکارم لەگەڵ کەسوکارتانە، دەی من پێشەنگم بۆتان، ئەگەریش وانەکەن بەڵێنتان شکاندووەو بەیعەتی من لەگەردنی خۆتان لابردووە، دەی بەخوا شتێکی نامۆ نیە لێتان، ئێوە ئەمەتان کرد بە باوکم و براکەم و ئامۆزاکەم، هەڵخەڵەتاو ئەوەیە بە ئێوە هەڵخەڵەتێ، بەختتان هەڵەکردو پشکتان فەوتاند، هەر کەس بەڵێنی شکاند بە ڕووی خۆیدا شکاندی، خواش بێباکە لێتان، سەلام و ڕەحمەتی خواتان لێبێت.

وتاری یەزیدی کوڕی شەجەرە(رضي الله عنه)

تەبەرانی لە موجاهید لە یەزیدی کوڕی شەجەرەوە کە لەوانە بوو قسەو کرداری یەك بوون، هێناویەتی دەڵێت:وتاری بۆ داین و وتی: ئەی خەڵکینە بیری بەخششەکانی خوا بکەنەوە کە لە سەرتانن، بەخششەکانی خوا لەسەرتان چەند باشن،دەیبینین سورو سەوزو زەردن، لە نێو کەسانیشدا بەو جۆرە کەتیایدان، کاتێ خەڵکی ڕیزیان دەبەست بۆ شەڕ ڕیزیان دەبەست دەیوت: دەرگاکانی بەهەشت و ئاسمان و دۆزەخ کرانەوەو حۆریەکان ڕازێنرانەوەو دەرکەوتن، ئەگەر کەسێ بەرەو پشت بچێ دەڵێ خوا سەری بخە، ئەگەریش ڕابکات پۆزشی بۆ دێننەوەو دەڵێن خوایە لێی خۆش بە، دەی بە دایك و باوکمەوە بە قوربانت بم بە ڕووی دوژمندا بچن و حۆریەکان دامەشکێنن، چونکە یەکەم دڵۆپە خوێن کە دەڕژێ هەموو کارێکی(خراپەی) دەسڕێتەوەو دوو حۆری دادەبەزن بۆی و دەموچاوی دەسڕن و دەڵێن: کاتت هات ئێمە بۆ تۆین، ئەویش دەڵی من بۆ ئێوەم، پاشان سەد جل

دەپۆشیٚ کە لە چنینی مرۆڤ نین بەڵکو هی بەهەشتن ئەگەر بخریٚنە نیٚوان دوو پەنجە هیٚشتا فراوانی دەنویٚنن، دەیوت: بیستوومە شمشیٚرەکان کلیلی بەهەشتن.[1]

هەیسەمی(ج٥، ص٤٩٤) لە موجاهید لە یەزیدی کوڕی شەجەرەی ڕەهاویەوە هیٚناویەتی کە لە سەرکردەکانی شام بوو و موعاویە لەسەر سوپا دایدەنا، ڕۆژیٚ وتاری بۆ دایەو وتی: ئەی خەڵکینە بیری بەخششی خوا بکەنەوە لە سەرتان، ئەگەر ئەوە ببینن کە من دەیبینم لە سورو ڕەش‌و سەوزو سپی، لە بارو حاڵیشدا ئەوەی کە هەیە، ئەگەر کاتی نویٚژ دیٚ دەرگاکانی ئاسمان‌و بەهەشت‌و دۆزەخ دەکریٚنەوەو حۆری ڕازیٚنراونەتەوەو دەردەکەون، کە کەسیٚ بەرەو ڕووی جەنگ دیٚ دەڵیٚت: خوایە چەسپاوی بکە، خوایە سەری بخە، کاتیٚ دەڕوا پشتی بەر نادەن‌و دەڵیٚن خوایە لیٚی خۆش بە، خوایە ڕحمی پیٚبکە، دەی بە دایك‌و باوکمەوە بە قوربانت بم بە ڕووی ئەو خەڵکەدا بچن، چونکە کەسیٚکتان بەرەو پیٚش دەچیٚ یەکەم دلۆپی خویٚنی تاوانەکانی دەسڕیتەوە وەك چۆن گەڵای درەخت دەوەریٚت، دوو حۆری دادەبەزن بۆ لای‌و تۆزی‌سەرو ڕووخساری دەسڕن ئەویش پیٚیان دەڵیٚ من هی ئیٚوەم، ئەوان دەڵیٚن نا ئیٚمە هی تۆین، سەد جلی دەکریٚنە بەر کە ئەگەر بخریٚنە نیٚوان ئەم دوو پەنجەوە(شایەتومان‌و پەنجەی ناوەڕاست) هیٚشتا ماوە دەمیٚنیٚ، لە چنینی مرۆڤ نین، بەڵکو هی بەهەشتن، ئیٚوە لای خوا بە ناوو و ڕووخسارو بەرگ‌و ڕەنگ‌و سکاڵاو کۆڕتان ناونوس کراون، ئەگەر ڕۆژی دوایی هات دەوتریٚ ئەی فلاّن ئەوە ڕووناکی تۆیە، فلاّنە کەس تۆ هیچ ڕووناکیت بۆ نیە،دۆزەخیش کەناریٚکی هەیە وەك کەناری دەریایەك کە مارو ئەژدیهای وەك دارخورماو دووپشکی وە ولاّخ تیٚدابیٚت، کە خەڵکی دۆزەخ وا هاوار دەکەن دۆزەخ باریان سووك بکات دەوتریٚت

[1] – صحيح.

دەربچن بۆ کەنارەکە،ئەوانیش دەچن، ئەژدیهاو مارەکان لێوو دەموچاویان دەگرن چەندە خوا بیەوێت، ئەوانیش لە تاو ڕاکردن لە دەستیان بەرەو دۆزەخ پەنا دەبەن، گەڕی بە سەریاندا زاڵ دەبیّ‌و پێستی هەر کامیان وا ڕەق دەبێت دەلێی ئێسکە، یەکێکیان دەڵێت: فلانە کەس ئەوە ئازارت دەدات؟ دەڵێت بەڵێ دەڵێت ئەوە لەبەر ئەوە ئازاری باوەڕدارانت دەدا.[1]

وتاری عومەیری کوڕی سەعد(رضي الله عنه)

ئیبن سەعد(ج٤. ص٣٧٥) لە سەعیدی کوڕی سوەید لە عومەیری کوڕی سەعدەوە هێناویەتی، ئەو ئەمیر بوو لەسەر مینبەر لە حیمص وتاری دەدا، لە هاوەڵانی پێغەمبەر بوو(ﷺ) دەیوت: ئیسلام دیوارێکی پتەو و دەرگایەکی توندو تۆڵە، دیواری ئیسلام دادپەروەری‌و دەرگاکەشی حەقە، ئەگەر دیوارەکە کەوت‌و دەرگاکە شکا ئیسلام دادەکرێتەوە، ئیسلام بەردەوام پتەوە تا کاتیّ دەسەڵات بە هێز بیّ، بەهێزی دەسەڵات کوشتنی بە شمشێرو لێدان بە قامچی نیە بەڵکو بەجێگەیاندنی حەق‌و دادپەروەری نواندنە.

وتاری سەعدی کوڕی عوبەیدی قاری باوکی عومەیرە(رضي الله عنه)

ئیبن سەعد(ج٣، ص٤٥٨) لە سەعدی کوڕی عوبەیدەوە هێناویەتی وتاری بۆ دان وتی:ئێمە سبەینیّ دەگەین بە دوژمن‌و شەهیدیش دەبین، دەی خوێنمان مەشۆن‌و ئەو جلە کفنمان بێت کە لەبەرمانە.

---

[1]- ئیبن موبارەك‌و وئیبن مندەو بەیهەقی لە ڕێگەی موجاهیدەوە بە مەوقووفی‌و بە دوورو درێژی هێناویانە، وەك لە(الأصابة ج٣، ص٦٥٨)دا هاتووە.

وتاری موعازی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه)

ئیبن جەریرو ئیبن ئەبی حاتەم لە سەلەمەی کوڕی سەبرەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاذ(رضي الله عنه) لە شام وتاری بۆ داین‌و وتی: ئێوە باوەڕدارن‌و ئێوە داروودەستەی بەهەشتن، من هیوام وایە خوای گەورە ئەوانە بخاتە بەهەهەشت کە بە کۆیلەیان دەگرن لە فارس‌و ڕۆم، ئەوەش بەوەی ئەگەر کەسێکتان یەکێك لەوان کارێکی بۆ کرد بڵێت: باشت کرد بەر ڕەحمەتی خوا بکەویت، خوا بەرەکەتت بە سەردا بڕژێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە ﴿وَيَسْتَجِيبُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَيَزِيدُهُم مِّن فَضْلِهِ﴾.[1]

وتاری ئەبو دەرداو(رضي الله عنه)

ئیبن عەساکیر لە حەوشەبی فەزاریەوە هێناویەتی بیستی ئەبو دەردا لەسەر مینبەر وتاری دەداو دەیوت من دەترسم ئەو ڕۆژەی پەروەردگارم بانگم دەکات بفەرموێت عوەیمر، منیش بڵێم بەڵێ، بفەرموێت چۆن کارت کرد بەوەی دەتزانی، هەموو ئایەتێکی سەرکۆنە کەرو فرمانکەرم بە سەردا بخوێنێتەوو پرسیارم لێبکات لەسەر فەرزەکەی بەوە ئایەتی فەرمانبەر شایەتیم لەسەر بدات کە نەمکردووە، ئایەتی سەرکۆنەکەریش شایەتیم لەسەر بدات دەستبەردار نەبووم(لە خراپە) ئایا خوا وازم لێدێنێ؟.[2]

---

[1] – لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٤، ص١١٥)دا وا هاتووە.

[2] – لە(کنزا العمال ج٧، ص٧٨)دا وا هاتووە.

بەشی شانزەهەم

(چۆن پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵانی رضي الله عنهم ئامۆژگاریان دەکردو وەریان دەگرت لە ماڵو سەفەردا، چۆن چاویان هەڵدەگرت لە ڕووخسارو چێژەکانی دنیا تا چاو بکەن لە خۆشیو بەختەوەریەکانی ڕۆژی دواییو لە بەردەم خوادا بە جۆرێ هۆشیار بن کە چاوەکان فرمێسکاویو دڵەکان ڕاچڵەکاو بن وەک ئەوەی ڕۆژی دوایی لە بەردەمیاندا دیارو باری مەحشەر لەبەر چاویان بێت، چۆن بە ئامۆژگاریەکانیان دەستی ئوممەتی موحەممەدیان دەگرتو بەرەو لای خولقێنەری ئاسمانەکانو زەوی یان دەبردو دەمارە دیارو شاراوەکانی هاوەڵدانان بۆ خوایان لێدەبڕی).

ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)

ئیبن حبان لە صەحیحەکەیدا دەقەکە هی ئەوەو حاکم بە صەحیحی داناوە، لە ئەبو زەڕەوە هێناویانە دەڵێت وتم ئەی پێغەمبەری خوا(صحف)ی ئیبراهیم چی بوو؟ فەرمووی(كانت امثالا كلها أيها الملك المسلط المبتلى المغرور انى لم ابعثك لتجمع الدنيا بعضها على بعض ولكنى بعثتكلترد عنى دعوة المظلوم فأنى لا أردها و ان كانت من كافر، وعلى عاقل مالم يكن مغلوبا على عقليه ان يكون له ساعات فساعة يناجى فيها ربه، رساعة يحاسب فيها نفسه، وساعة يتفكر فيها في صنع الله عز وجل، وساعة يخلو فيها لحاجته من المطعم والمشرب، وعلى العاقل أن لا يكون ظاعنا الالثلاث: ترود لمعاد أو مرمة لمعاش أو لذة غى غير محرم، وعلى العاقل أن يكون بصيرا بزمانه مقبلا على شأنه حافظا للسانه، ومن حسب كلامه من عمله قل كلامه الا فيما يعنيةە)(هەمووی پەندو نموونە بوو، ئەی پادشای دەسەڵات پێدراوی تووش بووی یاخی بوو، من تۆم نەناردووە تا دنیا بەسەر یەکدا کۆ بکەیتەوە، بەڵکو ناردوومیت تا نزای ستەملێکراوم لێ بگێڕیتەوە چونکە من نایگێڕمەوە ئەگەر بێباوەڕیش بێت، لەسەر ژیرێ کە زاڵبوون بەسەر عەقڵیدا نەبێت، پێویستە چەند کاتێکی هەبێت، تا تیایدا موناجاتی پەروەردگاری بکات، ساتێ تیایدا موحاسەبەی خۆی بکات، ساتێ تیایدا بیر لە دروستکراوەکانی خوا بکاتەوە، ساتێ تیایدا دابنێ بۆ پێویستی خۆی لە خواردن و خواردنەوە، لەسەر ژیر پێویستە سەرقاڵ نەبێ جگە بۆ سیان: توێشوویەك بۆ ڕۆژی دوایی یان کاری بۆ ژیان یان چێژی لە جگە بۆ حەرامبوودا، ژیر دەبێ بەرچاوڕوونی سەردەمی خۆی بێ و بەسەر کارو باریدا ڕووبە پێش بێ، زمانی بپارێزێ، هەرکەس وریای قسەی بێ لەکاریدا قسەی کەم دەبێ جگە لەوەی کە گرنگیەتی) وتم ئەی پێغەمبەر خوا ئەی(صحف)ی مووسا(د.خ) چی بوو؟ فەرمووی:(كانت عبرا كلها عجبت لمن أيقن بالموت ثم هو يفرح، عجبت لمن أيقن النار ثم هو يضحك، عجبت لمن أيقن بالقدر ثم هو ينصب،

عجبت لمن رأى الدنيا وتقلبها بأهلها ثم اطمأن اليها، عجبت لمن أيقن بالحساب غدا ثم لا يعمل)(هەمووی پەند بوو،سەرم سوڕدەمێنێ لەوەی دڵنیایە لە مەرگ کەچی دواتر دڵخۆش دەبێت،سەرم سوڕ دەمێنێ لەوەی دڵنیایە لە دۆزەخ پاشان پێدەکەنێ، سەرم سوڕ دەمێنێ لەوەی دڵنیایە لە قەدەر دواتر خۆ ماندوو دەکات، سەرم سوڕ دەمێنێ لەوەی دنیاو جیابوونەوە لە کەسوکاری(بردنی کەسوکاری) دەبینێ، دواتر لێی دڵنیایە، سەرم سوڕ دەمێنێ لەوە دڵنیایە لە موحاسەبەی سبەینێ دواتر کار ناکات، وتم ئەی پێغەمبەری خوا وەسیەتم بۆ بکە، فەرمووی:(وەسیەتت بۆ دەکەم بە لەخوا ترسان چونکە سەری هەموو شتە) وتم ئەی پێغەمبەری خوا زیاترم پێ بفەرموو، فەرمووی(قورئان بخوێنەو یادی خوای گەورە بکە چونکە لە زەویدا ڕووناکیە بۆت و لە ئاسمانیشدا خەزێنەیە بۆت) وتم ئەی پێغەمبەری خوا زیاترم پێ بڵێ، فەرمووی(وریای زۆر پێکەنین بە چونکە دڵ دەمرێنێ و نووری دەم و چاو دەبات) وتم ئەی پێغەمبەری خوا زیاترم پێ بفەرموو، فەرمووی(جیهاد بکە چونکە ڕەهبانیەت و کەنارگیری ئوممەتی منە) وتم ئەی پێغەمبەری خوا زیاترم پێ بڵێ، فەرمووی(هەژاران و دانیشتوویانت خۆش بوێت) وتم ئەی پێغەمبەری خوا بۆم زیاتر بکە، فەرمووی(سەیری ئەوەی خوار خۆت بکەو سەیری سەرووی خۆت مەکە، چونکە ئەوە شیاوترین ڕێیە تا بەخششی خوات لەلا کەم و سووك نەبێت) وتم ئەی پێغەمبەری خوا بۆم زیاتر بکە، فەرمووی(حەق بڵێ با تاڵیش بێت) وتم ئەی پێغەمبەری خوا بۆم زیاتر بکە، فەرمووی(با ئەوەی لە خۆت دەیزانیت لە خەڵکت بگێڕێتەوە، ئەوەی دەیکەیت بەسەر ئەوانی مەبینە، هێندە بەسە بۆی عەیبە بێت ئەوەی خەڵك بزانیت کە لە خۆتدا نایزانیت و ئەوەیان لەسەر ببینیت کە خۆت بۆی دەچیت) پاشان بە دەستی دای بەسەر سنگمداو فەرمووی

(ئەی ئەبوزەڕ هیچ عەقڵێ وەك ورد بوونەوەو بیر كردنەوە نیە، هیچ وەرعێك وەك دەست گرتنەوە نیە، هیچ گەورەیی و ناوبانگێ وەك ئاكار جوانی نیە)[1 2].

رامهورمزی لە الأمثال لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێ بە هاوەڵانی فەرموو(ئایا دەزانن نموونەی یەكێكتان و كەسو كارو ماڵو سامان و كاری چیە؟) وتیان خواو پێغەمبەرەكەی زاناترن، فەرمووی:(نموونەی یەكێكتان و ژن و منداڵو سامان و كوڕی و كاری وەك كەسێ وایە كە سێ برای هەبێ، كاتێ سەرە مەرگی هات یەكێك لە براكانی بانگ بكات و بڵێ من ئەو بارەم دابەزیوەتە سەر كە دەیبینیت دەی من چیم لای تۆ هەیەو چیم لە لاتە؟ ئەویش بڵێ: تۆ لای من ئەوەت هەیە كە خزمەتت بكەمو بێ هیوات نەكەمو هەستم بە كارو بارت، ئەگەر مردی بتشۆمو كفنت بكەم لەگەڵ هەڵگران هەڵتبگرم، ماوەیەك هەڵتبگرمو ماوەیەكیش پێشڕەوی و ڕێنموونی بكەم، كە گەڕامەوە لای ئەوە پرسیارم لێدەكات لەسەر تۆ بە چاكە ستایش و باست بكەم، ئەوە ئەو برایەتی كە كەسو منداڵیەتی دەبینن؟) وتی هیچ سودێكی لێ نابیستین ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی(پاشان بە براكەی دیكەی بڵێ دەبینیت چیم تووش بووە دەی چیم لای تۆ هەیەو چیم لاتە؟ دەڵێت: لای من هیچت نیە جگە لەوەی مەگەر ئەوەی لە ناو زیندوواندا بیت، ئەگەر مردیت بەرەو شوێنێ دەبرێیت و منیش بەرەو شوێنێك دەبرێم، ئەو برایەتی كە سامانیەتی چۆنی دەبینن؟ وتیان هیچ سودێكی لێ نابیستین ئەی پێغەمبەری خوا،

---

[1] - ضعیف جدا.

[2] - مونزیری لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص٤٧٣) دا دەڵێت: ئیبراهیمی كوڕی هیشامی كوڕی یەحیای غسانی لە باوكیەوە بە تەنها هێناویەتی، فەرموودەكە دوورو درێژەو لە سەرەتایەوە باسی پێغەمبەرانەو منیش ئەم بەشەیم هێنا لەبەر ئەوەی پەندی گەورەو ئامۆژگاری گرنگی تێدابوو، ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٦٦) لە ڕێگەی ئیبراهیمی كوڕی هیشامەوە فەرموودەكەی بە تەواوی هێناوە، هەروەها حەسەنی كوڕی سوفیان و ئیبن عەساكیریش هەموویان هێناوە وەك لە(كنز العمال ج٨، ص٢٠١) دا هاتووە.

فەرمووی:(دواتر بە براکەی دیکەی دەڵێت دەبینیت چیم تووش بووەو کەسوکارم چۆن وەڵامی دامەوە، چیم لای تۆیەو چیم لاتە؟ دەڵێت من هاودەمتم لە ناو گۆڕتداو لە ترساویتدا هاوڕێتمو ڕۆژی پێوان لە تای ترازوومدا دادەنیشمو پێوانەی قورس دەکەم ئەوە ئەو برایەتی کە کرداریەتی، چۆن دەبینن؟) وتیان باشترین براو باشترین هاوەڵە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: دەی بارەکە بەو شێوەیە، عائیشە وتی: عەبدوڵڵای کوڕی کرز هەستاو وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا مۆڵەتم دەدەیت لەسەر ئەوە چەند دێڕە شیعرێك بڵێم؟ فەرمووی بەڵێ، ئەویش چوو شەوێکی نەبرد تا گەڕایەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا(ﷺ)و لەبەر دەمیدا وەستاو خەڵکی کۆ بوونەوەو ئەویش وتی:

فأنى وأهلى والذين قد من يدى — كداع اليه صحبه ثم قائل
لاخوته اذ هم ثلاثة اخوة — أعينوا على أمر بى اليوم نازل
فراق طويل غير متثق به — فماذا لديكم فى الذى هو غائل
فقال امرؤ منهم أنا صاحب الذى — أطيعك فيما شئت قبل التزايل
فأما اذا جد الفراق فأننى — سيسلك بي في مهيك من مهائل
فخذ ما أردت الان منى فأنني — وعجل صلاحا قبل حتف معاجل
وقال أمرؤ قد كنت جدا أحبه — وأورثره من بينهم في التفاضل
غنائى أنى جاهد لك ناصح — اذا جد الكرب غير مقاتل
ولكنني باك عليك معول — ومثن بخير عند من هو سائل
ومتبع الماشين أمشي مشيحا — أعين برفق عقبة كل حامل
الى بيت مثوان الذي أنت مدخل — وأرجع مقرونا بها هو شاغلي
كأن لم يكن بينى وبينك خلة — ولا حسن ود مرة في التباذل
فذلك أهل المرء ذاك غناؤهم — وليس وان كانوا حراصا بطائل
وقال أمرؤ منهم أنا الآخ لا ترى — أخالك مثلي عند كرب الزلازل
لدى القبر تلقانى هنالك قاعدا — أجادل عنك القول رجع التجادل

وأقعد يوم الوزن في الكفة التي تكون عليها جاهدا في التثاقل
فلا تنسني وأعلم مكاني فأنني عليك شفيق ناصح غير خاذل
فذلك ما قدمت كل صالح تلاقيد ان أحسنت يوم التواصل

پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و موسڵمانان بەو شیعرەی گریان، عەبدوڵڵای کوڕی کرز دەیدا بە لای هەر دەستەیەکی موسڵماناندا بانگیان دەکردو داوای ئەو شیعرەیان لێدەکرد، کە بۆی دەوتن دەگریان.[1]

ئامۆژگارییەکانی ئەمیری باوەڕداران عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه)

دەینەوەری لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی ئامۆژگاری کەسێکی کرد وتی: خەڵکی بە خۆت بە هیلاکدا مەبە چونکە بارەکە لەوانەوە دێت بۆ خۆت، بە گەڕان ڕۆژ مەبرە چونکە هەرچی دەکەیت لە سەرت تۆمارو پارێزراوە، ئەگەر خراپەت کرد چاکە بکە چونکە وا نازانم هیچ خێراترو تێر تر بێت لە چاکەیەکی تازە تا بگاتە وە بە تاوانێکی کۆن.[2]

بەیهەقی لە عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: دوور بگرە لەوەی ئازارت دەدات، هاودەمی چاك بگرە کە کەمیش دەستت دەکەوێت، لە بارو حاڵتدا ڕاوێژ بکە بەوانەی لە خوا دەترسن.[3]

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص١٢٤)دا وا هاتووە، جەعفەری فریابی لە(الکنی) و ئیبن ئەبی عاصم لە(الوحدان) و ئیبن شاهین و ئیبن منذه لە(الصحابە) و ئیبن ئەبی دنیا لە(الکفالە) هەموویان لە ڕیگەی مەحەمەدی کوڕی عەبدولعەزیری زوهری لە ئیبن شەهاب لە عروە لە عائیشەوە بە هەمان شێوە هێناویانە وەك لە(الأصابة ج٢، ص٣٦٢) دا هاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨) دا واهاتووە.

[3] –(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨).

خەتیب و ئیبن عەساکیرو ئیبن جەنار لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویانە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) هەژدە قسەی کرد بۆ خەڵك کە هەمووی پەندو ئامۆژگاری بوو، وتی: لە کارێکدا کە لە خوا یاخی بیت هیچ وەك ئەوە چاك نیە بە دوایدا گوێڕایەڵی خوای تێدا بکەیت، باری براکەت لە باشترین شێوەیدا دابنێ تا ئەوەی بەسەرتدا زاڵە لێیەوە بێت بۆت، ئەگەر براکەت قسەیەکی کردوتۆ واتای خێرت بۆ بەدی کرد گومانی خراپی پێ مەبە، هەرکەس خۆی تووشی تۆمەت کرد با سەرکۆنەی ئەوە نەکات کە گومانی خراپی پێ دەبات، هەرکەس نهێنی خۆی داپۆشی سەر پشکی لەدەست خۆیدایە، برایەتی ڕاستگۆیان بکە لە کۆشیاندا دەژیت، چونکە ئەوان جوانین لە خۆشیداو ئامادەسازین لە سەختیدا، ڕاستگۆبە با ڕاستگۆش بتکوژێت، مەڕۆ بۆ ئەوەی کە گرنگ نیە، پرسیار لەوە مەکە کە نەبوو ئەگەر ئەوەی هەیە سەرقاڵیە تا ئەوەی نەبووە وازی لێبێنی، پێویستیت لای کەسێ داوا مەکە کە حەز ناکات بۆت سەربگرێ، سوێندی درۆ بە سووك مەگرەو مەڵێ خوا بە هیلاکت دەبات، هاودەمی خراپەکار مەبە تا فێری خراپەیان نەبیت، کەنار بگرە لە دوژمنت و وریای هاوڕێکەت بە مەگەر ئەوەی دڵنیا بێت، دڵنیاش تەنها ئەوەیە کە لە خوا دەترسێ، لای گۆڕەکاندا نوازشی و سەردانەوێن بە، لە کاتی گوێڕایەڵی خوادا زەلیلی بنوێنە، لە کاتی تاواندا دوورە پەرێزی لە تاوان بنوێنەو هیوای لێ دوور بوونی بخوازە،لە کارتدا ڕاوێژ بکە بەوانەی لە خوا دەترسن چونکە خوا دەفەرموێت ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٥٥) لە موحەممەدی کوڕی شەهابەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) وتی: بەرەو ڕووی ئەوە مەچۆ کە گرنگ نیە بۆت، دوور بگرە لە دوژمنت، خۆ بگرە لە هاودەمت جگە لە کەسی دڵنیا چونکە کەسی دڵنیا لە ناو خەڵکدا هیچی پێناگات، هاودەمی خراپەکار مەبە کە فێری

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

خراپەی خۆیت دەکات، نهێنی خۆتی بۆ ئاشکرا مەکە، لە کارتدا ڕاوێژ بکە بەو کەسانەی لە خوا دەترسن.

ئیبن ئەبی شەیبەو ئیبن ئەبی دنیاو خەرائیتیو بەیهەقیو ئیبن عەساکیر لە سەمرەی کوڕی جوندیەوە هێناویانە دەڵێت: عومەر(رضي الله عنه) وتی: پیاوان سێ جۆرو ژنان سێ جۆرن، ئافرەتان ئەمانەن: ئافرەتێکی پاکی موسڵمانی نەرمو نیانی سۆز بەخشی منداڵ بوو کە بەردەوام یارمەتی کەسو مێردی دەداتو دژ بە کەسو مێردی هاریکاری کاتو بار نیەو ئەم جۆرەش زۆر کەم دەیبینیت، ئافرەتی نزاکە تەنها منداڵ بوون دەزانێ، سێیەم ناچاکی لاری بێ منالێ کە خوا دەیخاتە گەردنی ئەوەی کە بیەوێت، ئەگەریش ویستی لای دەبات، پیاوانیش سێ جۆرن، کەسێکی پاکی لەسەرخۆی نەرمو نیانی خاوەن ڕاو ڕاوێژ ئەگەر بارێکی هاتە ڕێ ڕای وەرگیراوو سەرچاوەی کارەکان دیاری دەکات، کەسێ هیچ ڕای نیە ئەگەر تووشی شتێ بوو دەچێ بۆ لای خاوەن ڕاو ڕاوێژێکو ڕای ئەو وەردەگرێ، کەسێ دەستەوسانو لارو هیچ پێگەیشتوو نیەو گوێڕایەڵی کەسی پێگەیشتوویش ناکات.[1]

تەبەرانی لە ئەحنەفی کوڕی قەیسەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب پێی وتم: ئەی ئەحنەف هەرکەس پێکەنینی زۆر بێ شکۆی کەم دەکات، هەرکەس گاڵتە جاڕبێ کەم سەیر دەکرێ، هەرکەس قسەی زۆر بێ تێکەوتنی زۆرە، هەرکەس تێکەوتنی زۆر بێت ئابڕووی کەم دەکات، هەرکەس ئابڕووی کەم بکات وەرعی کەم دەکات،بەوەش دڵی دەمرێ[2][3].

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

[2] – ضعیف.

[3] – هەیسەمی(ج١٠، ص٣٠٢) دەڵێت لە سەنەدەکەدا دوەیدی کوڕی مەجاشع هەیە کە نایناسم، کەسەکانی دیکە جێ متمانەن

ئیبن ئەبی دنیاو عەسکەری‌و بەیهەقی‌و جگە لەوانیش لە عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: هەرکەس پێکەنینی زۆر بوو شان‌و شکۆی کەم دەکات، هەرکەس گاڵتە جاڕی زۆر بوو سووك سەیر دەکرێ، هەرکەس شتێ زۆر بکات بەوە دەناسرێ، هەرکەس قسەی زۆر بێ زۆر تێدەکەوێت.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٥١) لە عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێگەی کتێب‌و کانی زانست بن داوای ڕۆزی ڕۆژ بەڕۆژ لە خوا بکەن، هەروەها لێیەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ تەوبەکاران دابنیشن چونکە دڵیان نەرمترینە.

ئیبن ئەبی دنیاو دەینەوەری لە الجالستەو حاکم لە الکنی لە عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: هەرکەس لە خوا ترسا تووڕەیی شیفای نابێت، هەرکەس لە خوا بترسێ ئەوە ناکات کە دەیەوێت، ئەگەر ڕۆژی نەبوایە بە جۆرێ جیاتر دەبوو لەوەی کە دەیبینین.[2]

خەرائیتی‌و جگە لەویش لە عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: هەرکەس لای خۆیەوە ویژدانی بۆ خەڵك هەبێ لە کاریدا سەرکەوتنی پێ دەدرێ زەلیلی نواندنی گوێڕایەڵی لە شانازی کردنی ناو تاوان لە چاکە نزیکترە.[3]

ئیبن ئەبی شەیبەو عەسکەری‌و ئیبن جەریرو دارقوتنی‌و ئیبن عەساکیر لە مالیکەوە هێناویانە بیستی عومەری کوڕی خەتتاب وتی: ڕێزی کەسێ لە خوا ترسیەتی، ئایینی پشت‌و پیاوەتی، دلێری‌و ترس سروشتی ناو خەڵکانن کەسی دلێر شەڕی ناسراوو نەناسراو دەکات، ترسنۆکیش لە باوك‌و دایکیشی ڕادەکات،

---

[1] – بە هەمان شێوە هێناویەتی لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

پشتو ناوبانگ سامانە، ڕێز لە خوا ترسیە، چاکتر نین لە فارسیو عەجەمیو نبتیەك جگە بە لە خوا ترسان.[1]

ئیبن ئەبی دنیاو دەینەوەری لە سوفیانی سەوریەوە هێناویانە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب نامەی نوسی بۆ ئەبو مووسای ئەشعەری: حیکمەت لە تەمەن درێژی نیە، بەڵکو بە خششێکی خوایە بە کێی بوێت دەیدات، دەی وریای سووکی کارەکانو فەوتێنەری ئاکار بە.[2]

ئیبن ئەبی دنیاو ئەبو بەکری سوّلیو ئیبن عەساکیر لە عومەرەوە هێناویانە نامەی نوسی بۆ عەبدوڵلای کوڕی عومەری کوڕی: پاشان وەسیەتت بۆ دەکەم بە لەخوا ترسان چونکە هەرکەس لە خوا بترسێ خوا دەیپارێزێ، هەرکەس پشت ببەستێ بە خوا بەسیەتی، هەرکەس قەرز لە ڕێی خوا بدات خوا پاداشتی دەداتەوە، هەرکەس سوپاسی خوا بکات بۆی زیاد دەکات، با لە خواترسان لە بەر چاوت بێو پایەی کارو بێداری دڵت بێ، چونکە هیچ کارێ نیە بۆ ئەوەی نیازی بۆ نەبێ، هیچ پاداشتێ نیە بۆ ئەوەی چاوەڕێی پاداشت نەبێ، هیچ سامانێ نیە بۆ ئەوەی هیچ نەرمو نیانی نەبێ، هیچ نوێگەریەك نیە بۆ ئەوەی شاکاری نیە.[3]

بەیهەقی لە الزهدو ئیبن عەساکیر لە جەعفەری کوڕی زبرقانەوە هێناویانە دەڵێت: بیستوومە عومەری کوڕی خەتتاب(رضي الله عنه) نامەی بۆ کار بەدەستێکی نووسیو لە کۆتایی نامەکەیدا نووسیبووی: لە خۆشیدا موحاسەبەی خۆت بکە پێش ئەوەی سەخت گەڕانەوەی بۆ ڕەزامەندیو هیوا خوازی دەبێت، هەرکەس ژیانی سەرمەستو خراپەکانی سەرقاڵی بکەن بەرەو پەشیمانی دەگەڕێتەوە، دەی بیری

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٥) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٧)دا واهاتووە.

ئەوە بکەرەوە کە ئامۆژگاری پێ وەردەگریت تا واز بێنێت لەوەی کە ڕێگریت لێکراوە.[1]

ئەبو حەسەنی کوڕی زرقەویە لە عومەرەوە هێناویەتی نامەی نووسی بۆ موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان: پاشان پەیوەستی حەق بە حەق جێی ئەهلی حەقت بۆ ڕوون دەکاتەوە، تەنها بە حەق دادوەری بکە، والسلام[2].

ئامۆژگاریەکانی ئەمیری باوەڕداران عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب(رضي الله عنه)

ئیبن عەساکیر لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر بە عەلی وت: ئەی ئەبولحەسەن ئامۆژگاریم بکە وتی: دڵنیایی گوماندار مەکەو زانست بێ ئاگایی مەکەو گومانت مەکە بە حەق، بزانە لە دنیادا هەرچیت هەیە ئەوەی بەخشیوتە چووەو دابەشت کردووە یەکلات کردۆتەوەو لەبەرت کردووە خرابت کردووە، وتی ڕاست دەکەیت ئەی ئەبولحەسەن.[3]

بەیهەقی لە عەلی کوڕی ئەبو تالیبەوە هێناویەتی بە عومەری(رضي الله عنه) وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران نهێنی تۆ دەگات بە دوو هاوەڵەکەت دەی هیوا کورت بەو تێر مەخۆو جلت کورت بێ و کراست پینەو نەعلت سادە بێ هێندەی پێیان بگەیت.[4]

ئەبو نەعیم لە(الحلیە ج١، ص٧٥) لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: خێر ئەوە نیە سامان و مناڵت زۆر بێ بەڵکو خێر زانستەو نەرمو نیانیت بەرز دەگریو بە لای خەڵك بە پەرستشی پەروەردگارت بنازیت، ئەگەر چاکەت کرد سوپاسی خوا

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص١٠٨) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٠٨) دا واهاتووە

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢١) دا واهاتووە.

[4] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢١٩) دا واهاتووە.

بکە، ئەگەر خراپەت کرد لای خوا داوای لێخۆشبوون بکە، کارێ لە لەخواترسیەوە بێ کەم نیە چۆن کەم بێ کە قبوولْ دەکرێ.[1]

ئیبن عەساکیر لە عوقبەی کوڕی ئەبو صەهبائەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ئیبن مولجەم دای لە عەلی(رضي الله عنه) حەسەن چوو بۆ لایو دەگریا، پێی وت: ئەی کوڕی شیرینم بۆ چی دەگریت؟ وتی: چۆن نەگریم کە تۆ لە یەکەم ڕۆژی قیامەتو کۆتا ڕۆژی دنیادایت، وتی: کوڕی شیرینم چوارو چوار بپارێزە.

ئەوەی لەگەڵیان دەکەیت زیانت پێ ناگەیەنێ، وتی: بابە گیان ئەوانە چین؟ وتی: دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندی عاقڵە، گەورەترین هەژاری گەمژەییە، ترسناکترین ترسناکی بە خۆ سەرسام بوونە، بە ڕێزترین ڕێزداری ئاکار جوانیە، وتم: بابە گیان ئەو چوارەم زانی، ئەو چوارەکەی دیکەشم فێر بکە، وتی: وریای هاوڕێیەتی گەمژە بە چونکە ئەو دەیەوێت سوودت پێ بگەیەنێت کەچی زیانت پێ دەگەیەنێت، وریای هاوڕێیەتی درۆزن بە چونکە دوورت لێ نزیك دەکاتەوەو نزیکت لێ دوور دەخاتەوە، وریای هاوڕێیەتی پیسکە بە چونکە پێویستترین شتت لێ دووردەخاتەوە،وریای هاوڕێیەتی خراپەکاربە چونکە بە شتی سووك دەتفرۆشێت.[2]

بەیهەقیو ئیبن عەساکیر لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: تەوفیقو ڕێنموونی چاکترین سەرکردەو ئاکارجوانی چاکترین هاودەمە،عەقڵ چاکترین هاوەڵ و ڕەوشتو ئەدەب چاکترین میراتە، هیچ ترسێ گەورەترین لە بەخۆدا نازین نیە[3].

ئیبن سەمعانی لە(الدلائل) لە عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: مەڕوانە کێ دەڵێت بزانە چی دەڵێت، هەروەها فەرمووی: هەموو برایەتیەك دەپچڕێ جگە لە برایەتی دوور لە چاوچنۆکی.[1]

---

[1] – ئیبن عەساکیر لە عەلیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢١)دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٦) دا واهاتووە.

[3] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٦) دا واهاتووە.

ئامۆژگاریەکانی ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٠٢) لە نەمرانی کوڕی مخەمەر ئەبولحەسەن لە ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی کە لە سەربازگەکەدا دەچوو دەیوت: وریا بن لەوانەیە کەسێ جلی سپیو ئایینی پیسو چەپەڵ بێ، لەوانەیە کەسێ ڕێزی خۆی لا بێو بەڵام سووك سەیری بکات، بە چاکەی نوێ خراپە کۆنەکان وەلا نێن، ئەگەر یەکێکتان کاری خراپی لە نێوان خۆیو ئاسماندا کرد دواتر چاکەیەك بکات چاکەکان دەچنەوە سەر خراپەکانی تا نامێنن.

ئیبن عەساکیر لە سەعیدی کوڕی ئەبو سەعیدی مەقبریەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح لە ئوردن، گۆڕەکەی لەوێیە، تووشی تاعوون بوو ئەو موسڵمانانەی دەوری بانگ کردو وتی: من وەسیەتێکتان بۆ دەکەم ئەگەر قبوڵی بکەن بەردەوام لە خێردان، نوێژبکەنو زەکات بدەنو ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان بگرنو صەدەقە بکەنو حەجو عەمرە بکەنو ئامۆژگاری سەرکردەکانتان بکەنو نا پاکیان لەگەڵ مەنوێننو دنیا هەڵتان نەخەڵەتێنێ، چونکە کەسێ ئەگەر هەزار دەورە بژی هەردەبێت بکەوێتە ئەم باری مەرگەی من کە دەیبینن، خوا مەرگی لەسەر مرۆڤ نووسیوەوهەمووددەمرن،ژیرترینتان گوێڕایەڵترینتانە بۆ پەروەردگاریو ئەوەیانە زیاترین کار دەکات بۆ ڕۆژی گەڕانەوەی، سەلامو ڕحمەتی خواتان لێبێت، ئەی موعاذی کوڕی جەبەل نوێژ بکە بۆ خەڵك، ئینجا مرد، موعاذ لەناو خەڵکدا هەستاو وتی: خەڵکینە تەوبە بکەن لە تاوانەکانتان تەوبەیەکی یەکجارەکی بکەن چونکە بەندەیەك کە لای خوا تەوبە لە تاوانی بکات مافە لەسەر خوا لێی خۆش بێت مەگەر کەسێك قەرزی لەسەر بێ چونکە بەندە بەهۆی قەرزیەوە بەند دەکرێت،

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٦)دا واهاتووە.

هەرکەس لە ئێوە براکەی نەدواند با پێی بگات‌و تەوقەی لەگەڵ بکات، نابێ موسڵمان لە سەرو سێ ڕۆژ براکەی نەدوێنێ چونکە ئەوە تاوانێکی گەورەیە.[1]

ئەبو نەعیم(ج١، ص١٠٢) لە ئەبو عوبەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: نموونەی باوەڕدار وەك چۆلەکە وایە هەمووی ڕۆژێ ئەوەندە جار ئەمدیو ئەودیو دەکات.

ئامۆژگاریەکانی موعازی کوڕی جەبەل(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٤) لە موحەممەدی کوڕی سیرینەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ هات بۆ لای موعاذی کوڕی جەبەل‌و هاوەڵانی لەگەڵدا بوو سەلامیان لێدەکردو ماڵئاواییان لێدەکرد، وتی: من وەسیەتی دوو شتتان بۆ دەکەم ئەگەر بیان پارێزیت پارێزراویت، هیچ باکێ بە تۆ نیە لە پشکت لە دنیا، تۆش بۆ پشکی دوا ڕۆژت زۆر هەژاریت، دەی پشکی ڕۆژی دواییت پێش پشکی دنیا بخە تا ڕێکخستنێکی باشت بۆ بکات‌و لە کوێ چوویت‌و ئاوا بویت لەگەڵت بێ‌و ئاوا بێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٦) لە عەمری کوڕی مەیموونی ئەودیەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاذی کوڕی جەبەل لە نێوماندا هەستاو وتی: ئەی بەنی ئەود من نێردراوی پێغەمبەری خوام، دەزانن گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە دواتر بۆ بەهەشت‌و دۆزەخ، دانیشتنێکی بێ کارو هەمیشە مانەوەیە بە بێ مردن.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٤) لە موعاویەی کوڕی قرەوە هێناویەتی دەڵێت: موعاذی کوڕی جەبەل بە کوڕەکەی وت: کوڕی شیرینم ئەگەر نوێژت کرد وەك نوێژی ماڵئاوایی بیکە(وا بزانە کۆتا نوێژتە) وامەزانە هەگیز دەیکەیتەوە، بزانە کوڕی شیرینم باوەڕدار لە نێوان دوو چاکەدا دەمرێت، چاکەیەك کە پێشی خستووە چاکەیەك کە دوای خستووە.

---

[1] – لە(منتخب کنز العمال ج٥، ص٧٤) دا واهاتووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٣) لە عەبدوڵڵای کوڕی سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ بە موعاذی کوڕی جەبەلی وت: فێرم بکە، وتی گوێڕایەڵم دەبیت؟ وتی من سوورم لەسەر گوێڕایەڵیت، وتی: ڕۆژوو بگرەو ڕۆژوو بکەرەوەو نوێژ بکەو بخەوەو بەدەست بهێنەو تاوان مەکەو بە موسڵمانی بمرە، وریای نزای ستەملێکراو بە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٧) لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت:سێ شت هەن هەرکەس بیانکات دووچاری بەرکەوتن و پەککەوتن دەبێ، پێکەنینی بێ مانا، خەوی بێ بێدار بوونەوە، خواردن بە بێ برسیەتی.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٣٦) لە موعاذی موڕی جەبەلەوە هێناویەتی دەڵێت: بە فیتنەی سەختی تووش بوون خۆ ڕاگر بوون، لەمەو دوا بە فیتنەی خۆشگوزەرانیش تاقی دەبنەوە زیاترین شتێ لێی دەترسم فیتنەی ئافرەتانە کە زێڕو زیویان کرد بە خۆداو جلی نەرمی شامیان لەگەڵ عەبای یەمەنی پۆشی بە دوایدا دەوڵەمەند ماندوو و هەژار ناچار دەکەن ئەوەی بۆیان شك نەبات.

ئامۆژگاریەکانی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیه ج١، ص١٣٠) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: من کەسێ بە گیرۆدە دەزانم بیبینم دەست بەتاڵە نە کاری دنیاو نە کاری ڕۆژی دوایی بە دەستەوە بێت، عەبدوڕەزاق بە هەمان شێوە لێوەی هێناوە وەك لە کنز العمال(ج٨، ص٢٣٢) دا هاتووە، ئەبو نەعیم لێیەوە هێناوە دەڵێت: کەستان ڕانەیەت تاریکی شەو بکاتە گەرمەی ڕۆژ،(ساتێ لێرەو ساتێ لەوێ دابنیشێ).

ئەبو نەعیم لە الحلیه(ج١، ص١٣١) لە عەبدوڵڵاوە هێناویەتی دەڵێت: خۆشی دنیا چوو و سەختیەکەی ماوەتەوە، جا ئەمڕۆ مەرگ دیاریە بۆ هەر موسڵمانێ،

هەروەها لە(ج١، ص١٣٢) دەڵێت: دنیا وەك چاڵاوگەی شاخ وایە، خۆشیەکەی چووو لیتاوی خوارو ناخۆشیەکەی ماوەتەوە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣٢) لە عەبدوڵلاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: دوو شت ناخۆشن مەرگ و هەژاری، بەخوا یان هەژاری یان دەوڵەمەندی دێ، باکم نیە کامیان دێنە رێم،ئەگەر دەوڵەمەندی بێ بۆ سۆزو خۆشی دەبێ، ئەگەر هەژاری بێ خۆ ڕاگری تێدایە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣٢) لە عەبدوڵلاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هیچ بەندەیەك ناگات بە ڕاستی ئیمان تا ڕیشەی دابنێ، ئەوەش نابێ تا خۆشەویستی لە هەژاری پێ خۆشترو خاکیبوونی لە بەناوبانگی پێ خۆشتر بێ و وەسفکەرو سەرکۆنەکاری لە لایەك، دەڵێت هاوەڵانی عەبدوڵلا ڕاڤەیان کردوو وتیان تا هەژاری حەلاڵی لە دەوڵەمەندی حەرام پێ خۆشتر بێ و خاکیبوونی لە گوێڕایەڵی خوادا لە ناوبانگی ناو سەرکەش بوون لە خوای لا خۆشەویستتر بێ، تا ئەوەی وەسفی دەکات و سەرکۆنەی دەکات لەسەر حەق لای وەك یەك بێ.[١]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣٢) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: سوێند بەوەی هیچ پەرستراوێ نیە جگە لەو هەر بەندەیەك لەسەر ئیسلام بەیانی و ئێوارە بکاتەوە ئەو شتە دنیاییەی تووشی دەبێ زیانی پێ ناگەیەنێت.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣٤) لە عەبدوڕەحمانی کوڕی حوجەیرەوە لە باوکیەوە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی کاتێ دادەنیشت دەیوت: ئێوە لە ڕێکردەی شەوو ڕۆژدا لە ئەجەلی بڕاوەو کارانێکی پارێزراو دان و مەرگیش کتوپڕ دێت، هەرکەس چاکە بچێنێ کاتی چنینەوەی خۆشی نزیکە، هەرکەسیش خراپە بچێنێ کاتی چنینەوەی پەشیمانی نزیکە، هەرکەس بە پێی چاندنی دێتەوە ڕێی، هێواش بە حەزی ناگات و کەسی سوور بوویش ئەگەر بۆی نەبڕابێتەوە

[١]- ئەحمەد بەو شێوە لێوەی هێناوە، وەك لە(صفة الصفوة ج١، ص١٦٤) دا واهاتووە.

ناگات، هەرکەس خێری پێدرا خوا پێی داوە، هەرکەسیش لە خراپەیەك پارێزرا خوا پاراستوویەتی، لە خوا ترسان پێشەنگو فیقهناسان ڕابەرو کۆڕیان زیادە بەخشە.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٣٤) لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ هات بۆ لایو وتی: ئەبو عەبدوڕەحمان چەند وشەیەکم پێ بڵێ کە کۆکەرەوەی کۆمەڵێ سوود بەخشی بن، وتی: خوا بپەرستەو هیچ هاوەڵێکی بۆ دامەنێو لەگەڵ سەردەمدا برۆ بەرەو هەر کوێ چوو، هەر کەس هەقی بۆ هێنایت لێی وەربگرە با تەنانەت دوورو بێزراویش بێت، هەرکەس هەڵەو لاری بۆ هێنایت بە پەرچی بدەرەوە با تەنانەت ئازیزی نزیکیشت بێت.

ئەبونەعیم(ج١، ص١٣٤) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: حەق قورسو تاڵو ناحەق سووكو بەتامە، لەوانەیە ئارەزوویەك خەفەتێکی دوورو درێژی لێبکەوێتەوە.

ئەبو نەعیم(ج١، ص١٣٤) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: دڵەکان ئارەزووو وەرگرتنیان هەیە، دڵەکان هیلاکیو ڕوو وەرگێڕانیان هەیە، لە کاتی خۆشیو وەرگرتنیدا بیقۆزنەوەو لە کاتی هیلاکیو ڕوو وەرگێڕانیدا وازی لێ بهێنن.

ئەبو نەعیم(ج١، ص١٣٥) لە مونزیرەوە هێناویەتی دەڵێت: خەڵکانێ لە دیهقانەکان هاتن بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود(رضي الله عنه) خەڵکی سەریان سوڕما لە گەورەییو سەلامەتی گەردنیان، عەبدوڵڵا وتی، ئێوە بێ باوەڕ دەبینن ساغترین

[1]- ئیمامی ئەحمەد لە عەبدوڕەحمانی کوڕی حوجەیرەوە لە باوکیەوە لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی کە دادەنیشت دەیوت: بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە(الصفة الصفوة ج١، ص١٦١) دا هاتووە.

جەستەو نەخۆشترین دڵیان هەیە، دەگەن بە باوەڕدار دەبینن تەندروست ترین دڵ‌و نەخۆشترین جەستەی هەیە، بە خوا ئەگەر دڵتان نەخۆش‌و جەستەتان تەندروست بێ لای خوا لە قۆلانچە سووك ترن.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٣٦) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: باوەڕدار جگە لە گەیشتن بەخوا حەسانەوەی بۆ نیە، هەرکەس بەختەوەری حەسانەوەی لای خوای باوەڕدارە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٣٦) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێکتان ئایینی لە کەسێکەوە وەرنەگرێ ئەگەر کەسەکە موسڵمان بوو ئەمیش موسڵمان بێ، ئەگەر بێ باوەڕ بوو ئەویش بێباوەڕبێت، ئەگەر هەر پێشەنگی دەکەن پێشەنگی بە مردوو بکەن چونکە زیندوو لە دەست فیتنە پارێزراو نیە.

هەروەها لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: کەستان خۆ چوێنەر بەوی دی نەبێت، وتیان ئەبو عەبدوڕەحمان خۆ چوێنەر چیە؟ وتی: بڵێت من لەگەڵ خەڵکم ئەگەر ئەوان ڕێنموونییان وەرگرت وادەکەم، ئەگەریش گومڕابوون منیش وادەکەم، با هەرکامتان وا خۆی ڕابهێنێ ئەگەر خەڵکی بێباوەڕبوون ئەو بێباوەڕ نەبێت.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٣٧) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: سێ شت هەن سوێندیان لەسەر دەخۆم، چوارەمیش ئەگەر سوێندی لەسەر بخۆم بیانووم بۆ هەیە، ئەو کەسەی لە ئیسلامدا پشکی هەیە وەك ئەوە نەکات کە نیەتی، خوا هەر شتێ بە کەسێ بدات لە دنیادا لە ڕۆژی دواییدا بە جگە لەوی بدات، هەرکەس خەڵکێکی خۆش بوێت لەگەڵ ئەوان بێت، چوارەمیش ئەگەر سوێندی لەسەر بخۆم بیانووم بۆ هەیە خوا لە دنیادا هەرکەس پەردە پۆش بکات لە ڕۆژی دواییشدا پەردە پۆشی بکات.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص١٣٨) لە عەبدوڵلاوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەرکەس دنیای ویست زیان بە ڕۆژی دوایی دەگەیەنێت، هەرکەس ڕۆژی دوایی

ویست زیان بە دنیا دەگەیەنێت، ئەی خەڵکینە لەبەر نەفەوتاو زیان بە فەوتاو بگەیەنن.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٣٨) لە ئیبن مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: چاکترین وتەی کتێبی خوایە، پتەوترین پاڵپشت وشەی خوایە، چاکترین دەستەو خەڵك میللەتی ئیبراهیمە، چاکترین سوننەت سوننەتی موحەممەدو چاکترین ڕێموونی ڕێنموونی پێغەمبەرانە، بەڕێزترین قسە یادی خوایە، چاکترین گێڕانەوە قورئانە، چاکترینی کارەکان سەرەنجامەکانن، خراپترینی کارەکان بیدعەسازیەکانن.

کەمی بەس باشترە لە زۆری تێر نەکەر، دەروونێ ڕزگاری بێ چاکترە لە دەسەلاتێکی بێ شومار، خراپترین سەرکۆنە کاتی سەرەمەرگە، خراپترین پەشیمانی پەشیمانی ڕۆژی دواییە، خراپترین گومڕایی گومڕایی پاش ڕێنموونیە، گومان لە کوفرەوەیە، خراپترین کوێری کوێری دڵە، چاکترین دەوڵەمەندی دەوڵەمەندی دەروونە، چاکترین توێشوو لە خوا ترسانە، چاکترین شتێ لە دڵدا بێ دڵنیاییە، مەی کۆکەرەوەی هەموو تاوانێکە، ئافرەتان پەتی شەیتانو گەنجان لقێکی شێتین، شیوەن لە کاری نەفامیە، خەڵکی هەیە نایەت بۆ هەینی مەگەر لە دواوەو بە دووریش یادی خوا دەکات،گەورەترینی هەڵەکان درۆیە، قسە وتن بە باوەڕدار فاسق بوونو کوشتنی کوفرو حەڵاڵکرنی ماڵی وەك حەڵاڵکردنی خوێنیەتی، هەرکەس پاك بێ خوا پاکی ڕادەگرێ، هەرکەس قین بخواتەوە پاداشتی دەداتەوە، هەرکەس لێبوردنی هەبێت خوا لێی خۆش دەبێت، هەرکەس لەسەر بەڵا خۆ ڕابگرێ خوا بۆ دەکاتەوە، خراپترین دەستکەوت دەستکەوتی سووە، خراپترین خواردن خواردنی ماڵی هەتیوە، بەختەوەر ئەوەیە ئامۆژگاری جگە لەخۆی بێ، بەدبەخت ئەوەیە لە سکی دایکیەوە لاسار بێ، هێندە بۆ هەرکەستان بەسە کە قەناعەتی پێ بکات، دەگوێزێت بۆ چوار پەلو دواتر بەرەو کۆتاییەکەیەتی، موڵکداری کار کۆتایەکانیەتی، خراپترینی گێڕانەوەکان گێڕانەوەی درۆیە، بەڕێزترین مەرگ کوژرانی شەهیدانە، هەرکەس بەڵا بناسێ خۆی لەسەر ڕادەگرێ،

هەركەس نەيناسىٚ ڕقى لێيەتى، هەركەس خۆى بە زل بزانىٚ دايدەنىٚ، هەركەس ڕوو بكاتە دنيا چارى ناكات، هەركەس گوێڕايەڵى شەيتان بىٚ لە خوا ياخى دەبىٚ، هەركەسيش لە خوا ياخى بوو خوا سزاى دەدات.

ئەبو نەعيم لە(الحلية ج١، ص١٣٨) لە ئيبن مەسعوودەوە هێناويەتى دەڵێت: هەركەس لەدنيادا ڕوانينى هەبىٚ خوا لە ڕۆژى دواييدا ڕوانينى پىٚ دەبىٚ، هەركەس لە دنيادا گوىٚ بگرىٚ خوا لە ڕۆژى دواييدا گوێى لێدەگرىٚ، هەركەس خۆ بە گەورە بگرىٚ خوا دەيخات، هەركەس لەبەر لەخوا ترسى خاكى بىٚ خوا بەرزى دەكاتەوە.

ئامۆژگاريەكانى سەلمانى فارسى(رضي الله عنه)

ئەبو نەعيم لە(الحلية ج١، ص٢٠٧) لە جەعفەرى كوڕى بەرقانەوە هێناويەتى دەڵێت: بيستمان سەلمانى فارسى(رضي الله عنه) دەيوت: سىٚ شت دەمخەنە پێكەنينو سىٚ شت دەمگريەنن، پێكەنينم دىٚ بە هيوا خوازى ژيان لە كاتێكدا مەرگ بەدوايدا دەگەڕىٚ، بێئاگايەك كە لێى بێئاگا نين، كەسىٚ پڕ بە دەمى پێدەكەنىٚ نازانىٚ ئايا پەروەردگارى ڕازى دەكا يان تووڕەى دەكات، سێشت دەمگريەنێت: جيابوونەوەى ئازيزان موحەممەدو دارو دەستەكەى، بارى سەختى كاتى مەرگ، وەستان لە بەردەم پەروەردگارى جيهانياندا كاتىٚ نازانم بۆ دۆزەخ دەبرێم يان بۆ بەهەشت.

ئەبو نەعيم لە(الحلية ج١، ص٢٠٤) لە سەلمانەوە(رضي الله عنه) هێناويەتى دەڵێت: خواى گەورە ئەگەر خراپەى بۆ بەندەيەكى بوێت يان لەناو چوونى بۆ بوێت ئابڕووى لىٚ دادەماڵىٚ، ئيدى كە دەيبينين بێزراوو بێزارە، كە وايش بوو ڕەحمەتى لىٚ دادەماڵرىٚو كە دەيبينين ناپاكو جىٚ ترسە، ئەگەريش وا بوو ملوانكەى ئيسلام لە گەردنى دادەماڵرێتو نەفريناوىو نەفرينلێكراو دەبێت.

ئەبو نەعيم لە(الحلية ج١، ص٢٠٧) لە سەلمانەوە هێناويەتى دەڵێت: نموونەى باوەڕدار لە دنيادا وەك نەخۆشى وايە پزيشكەكەى لەگەڵدايەو دەردو دەرمانەكەشى

دەزانیٚ، ئەگەر حەزی بە شتیٚ کرد کە زیانی پیٚدەگەیەنیٚ ڕیٚی لیٚدەگریٚت و دەڵیٚت نزیکی مەبەرەوە، چونکە ئەگەر بیکەیت لەناو دەچیت، بەردەوام ڕیٚی لیٚدەگریٚ تا لە دەردەکەی دەرباز دەبیٚت، باوەڕداریش وایە کە حەز بە شتانیٚکی زۆر دەکات کە خەڵکانیٚکی دی لە ژیاندا هەیانە خوا ڕیٚی لیٚدەگریٚ و لیٚی دوور دەگریٚ تا دەیمریٚنیٚ و ئەو کات دەیباتە بەهەشت.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٠٥) لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە هیٚناویەتی ئەبو دەردا نامەی نووسی بۆ سەلمانی فارسی(رضي الله عنه) کە بەرەو خاکی پیرۆز بڕۆ، سەلمانیش نامەی بۆ نووسی زەوی کەس پیرۆز ناکات، بەڵکو کردار مرۆڤەکان پیرۆز دەکات، بیستوومە تۆ بویت بە پزیشك، ئەگەر دەرمان بەخش بی باشە بۆت، ئەگەریش سووکە زانیاری وەرگرو زانیاری بەخش بیت وریابە کەسیٚك نەکوژیت و بەوە بچیتە دۆزەخ،ئەبو دەردا ئەگەر دادوەری نیٚوان دوو کەسی بکردایە کە دەچوون سەیری دەکردن و دەیوت: بەخوا نیمچە پزیشك بووم، بگەڕیٚنەوە و سەر لە نویٚ مەسەلەکەتانم بۆ باس بکەنەوە.[1]

ئامۆژگاریەکانی ئەبو دەردا(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٠) لە حەسەنی کوڕی عەتیەوە هیٚناویەتی ئەبو دەرداء(رضي الله عنه) دەیوت: بەردەوام لە چاکەدان تا کاتیٚ چاکەکانتان خۆش بویٚن و ئەوەی بە حەق لە نیٚوانتاندا بوتریٚ و بیناسن چونکە ناسەری حەق وەك ئیش پیٚکەری وایە.[2]

---

[1] – موضوع.

[2]– بەیهەقی لە شعب الایمان وئیبن عەساکیر لە ئەبو دەردائەوە بە هەمان شیٚوە هیٚناویانە، وەك لە کنز العمال(ج٨، ص٢٢٤)دا هاتووە

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١١) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەرکێ بەسەر خەڵکدا مەدەن کە نایتوانن‌و لە بری پەروەردگاریان موحاسەبەیان مەکەن، ئادەمیزاد وریای خۆت بە چونکە هەرکەس شوێن باری خەڵك بکەوێ خەفەتی دوورو درێژو توورەیی‌و قینی بێ وەستان دەبێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٢) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: وا خوا بپەرستن کە دەیبینن خۆتان لە مردووەکان ئەژمار بکەن‌و بزانن کەمێك کە تێرتان بکات باشترە لە زۆرێ کە لاتان بدات، بزانن چاکە لەناو ناچێ‌و خراپەش لە بیر ناچێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٢) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: چاکە بە زۆری منداڵ‌و سامان نیە، بەڵکو هیوا بەرزی‌و کاری زۆری چاکەو خێرە، وا بێت لە پەرستشی خوادا پێش خەڵك بکەویت،ئەگەر باشت کرد سوپاسی خوا بکەو ئەگەر خراپت کرد لای خوا داوای لێخۆشبوون بکە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٥) لە سالمی کوڕی ئەبولجەعد لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: وریای کەسێ بە دڵی باوەڕداران ڕقیان لێ بێت‌و ئەویش هەست نەکات، پاشان وتی: ئایا دەزانیت ئەوە چیە؟ وتی نا، وتی: کەسێ بە تەنها لە خوا یاخی دەبێ‌و خواش ڕقی دەخاتە دڵی باوەڕدارانەوە بە جۆرێك خۆی نازانێت.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١،ص ٢١٦) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەیوت: کرۆکی ئیمان خۆ ڕاگریە بۆ حوکم‌و ڕازی بوونە بە قەدەرو نیاز پاکی لە پشت بەستن بە خوا و خۆ بە دەستەوە دان بۆ خوای گەورە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٧) لە ئەبو دەردائەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هاوار بۆ هەموو کۆکەرەوەیەکی بکەرەوە کە دەمی دەکاتەوە وەك شێت دەبینێ چی لای خەڵکەو نابینێ چی لای خۆی هەیە، ئەگەر بتوانێ شەوو ڕۆژ بەیەك دەگەیەنێت، هاوار بۆی لە حسابێکی توندو سزایەکی سەخت.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٧) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەیوت: ئەی کۆمەڵی خەڵکی دیمەشق، ئایا شەرم ناکەن؟ کۆ دەکەنەوەو ناخۆن، بنیاد دەنێن و تیایدا نیشتەجێ نابن، هیوا دەخوازن و پێناگەن، سەردەمانی پیش ئێوە کۆیان دەکردەوەو هۆشیاریان بۆ هەبوو، هیوایان هەبووو درێژەیان پێدەداو بنیادیان دەناو پتەویان ڕادەگرت، هەمووی لەناو چووو هیوایان بوو بە سەرکەشی و ماڵیان بوو بە گۆڕ، ئەوە عاد بوو نێوان عەدەن تا عەممانی پڕ کرد لە پارەو سامان و منداڵ، کێ بە جێماوی بنەماڵەی عادم لێدەکڕێت بە دوو درهەم، ئیبن ئەبی حاتەم لە عەونی موڕی عەبدوڵلاوە هێناویەتی ئەبو دەردا کاتێ بینی موسڵمانان چۆن لە بنیادو درەخت چاندندان چوویە مزگەوتیان و وەستاو هاواری کرد: ئەی خەڵکی دیمەشق، ئەوانیش کۆبوونەو، ئەویش سوپاس و ستایشی خوای کرد، پاشان وتی:(بە هەمان شێوەی پێشوو هێناویەتی).[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٨) لە صەفوانی کوڕی عەمرەوە هێناویەتی ئەبو دەردا(رضي الله عنه) دەیوت:ئەی کۆمەڵی پارەو سامان خوازان، لە سامانتان بدەن بەسەر پێستتاندا پێش ئەوەی ئێمەو ئێوەش تیایدا یەکسان بین تەنها سەیری بکەن و ئێمەش لەگەڵتاندا سەیری بکەین، ئەبو دەردا وتی: من ترسم لە ئارەزووی شاراوەی ناو بەخششی لادەرە تووشتان بێ، ئەوەش کاتێ تێر نا بوون و دەستتان لە زانست بەردا، ئەبو دەردا وتی: چاکترینتان ئەوەیە کە بە هاوەڵەکەی دەڵێت: هەستە با بخۆین و بخۆینەوەو گاڵتەو گەپ بکەین پێش ئەوەی بمرین، ئەبو دەردا دای بە لای خەڵکێکدا کە ماڵیان بنیاد دەنا وتی:دنیا نوێ دەکەنەوەو خواش دەیەوێت وێرانی بکات، خواش زاڵە بەسەر ویستیدا، هەروەها لە مەکحوولەوە دەڵێت: ئەبو دەردا دەچوو بە لای وێرانەکاندا دەیوت ئەی وێرانەی وێرانەکان، کوان خاوەنە یەکەمینەکانت؟

[1] – وەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٢، ص٣٤١)دا هاتووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٧) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: سێ شتم لا ئازیزن کە خەڵك ڕقیەتی لێیان: نەخۆشیو هەژاریو مەرگ، مەرگم لەبەر تاسەی دیداری پەروەردگارم خۆش دەوێت، هەژاریم لەبەر ملکەچی نواندن لەبەر پەروەردگاردا خۆش دەوێت، نەخۆشیم بۆ سڕینەوەی تاوانەکانم خۆش دەوێت.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٧) لە شەرحەبیلەوە هێناویەتی ئەبو دەردا کە تەرمێکی دەبینی دەیوت: بڕۆن ئێمەیش بەڕێوەین، یان بڕۆن ئێمەیش چووین، ئامۆژگاریەکی بەهێزو بێئاگاییەکی خێرا، بەسە بۆ مەرگ ئامۆژگار کەر بێت، یەك بە یەك دەچنو هەیشە دەمێنێتەوەو هیچ هیوایەکی نیە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٨) لە عەونی کوڕی عەبدوڵلاوە هێناویەتی ئەبو دەردا وتی:هەرکەس بە دوادا بگەڕێ ون دەبێ، هەرکەس بۆ بارە کتوپڕەکان خۆی ئامادە نەکردبێت دەستەو سان دەکەوێت، ئەگەر قەرزت بە خەڵك دا قەرزت دەدەنێ، ئەگەر وازت لێ هێنان وازت لێ ناهێنن، وتی دەی فەرمانی چیم پێ دەکەیت؟ وتی: لەوەی هەتە بۆ ڕۆژی هەژاریت قەرز بدە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٢٠) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت چیە دەتانبینم سوورن لەسەر ئەوەی ئەکە بۆتانو ئەوەی پێی ڕاسپێردراون پشتگوێی دەخەن، من چاك خراپترینتان دەناسم زیاتر لەو کەسەی چارەسەری ئەسپ دەکات، خراپەکانتان ئەوانەن کە درەنگ دێن بۆ نوێژو گوێ لە قورئان ناگرن بە دووریو نامۆیی نەبێ، ئازادی خوازەکانیان ئازاد ناکەن.

ئەبو نەعیم(ج١، ص٢٢١) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت:بە هەموو ساڵو کاتتان بۆ چاکە بگەڕێنو بڕۆن بەرەو شنەی ڕەحمەتی خوا، چونکە خوا چەند شنەیەکی ڕەحمەتی هەیە بۆ هەر بەندەیەکی خۆی بوێت دەیبەخشێ.داوا لە خوا بکەن شەرمگەتان دابپۆشێو ترستان نەهێڵێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٢٢) لە عەبدوڕەحمانی کوڕی جوبەیری کوڕی نەفیرەوە هێناویەتی کەسێ بە ئەبو دەردائی وت: وشەیەکم فێر بکە لای خوا پێی

سوودمەندیم، وتی: دوان و سیان و چوارو پێنجیش، هەرکەس کاریان پێ بکات لای خوا پاداشتی پلە بەرزەکانی هەیە، وتی: تەنها پاك بخۆو تەنها پاك بە دەست بهێنەو تەنها پاك ببەرەوە ناو ماڵت، داوا لە خوا بکە ڕۆزی ڕۆژ بە ڕۆژت بدات، ئەگەر بەیانی هەستایت خۆت لە مردووان بزانە وەك ئەوەی گەیشتبیت بەوان، خۆت بۆ خوا دابنێ، هەرکەس قسە یان جنێوی پێ وتیت یان شەڕی لەگەڵ کردیت لەبەر خوا وازی لێ بهێنە، ئەگەر خراپەت کرد لای خوا داوای لێخۆشبوون بکە.

ئەبو نەعین لە(الحلیة ج١، ص٢٢٣) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: بەردەوام دەروونی هەرکەستان لە خۆشەویستی شتدا گەنجە با لەتاو پیریش چەمیبێتەوە، مەگەر ئەوانەی خوا دڵی بۆ لە خوا ترسان تاقی کردوونەتەوە، ئەوانیش کەمن، ئیبن عەساکیر لە ئەبو دەردائەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٤) دا هاتووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٢٤) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: سێ شت لە موڵکداری باری ئادەمیزادن، سکاڵا لەسەر ناڕەحەتیت مەکە، باسی ئازارت مەکە، بە زمانی خۆت دەروونت پاك دامەنێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٢١) لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: وریای نزای ستەملێکراوو نزای هەتیو بن چونکە هەردووکیان شەوانە بێدارن و نزایان دەچێت و خەڵکیش خەوتوون، هەروەها دەڵێت: بێزاوترین کەس لای من ئەوەیە کە ستەم لەوە بکەم کە تەنها پشت بە خوا دەبەستێ لە دژم.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢١٤) لە موعممەر لە هاوەڵێکەوە هێناویەتی ئەبو دەردا نامەی نووسی بۆ سەلمان: برای ئازیز تەندروستی و بێکاریت بقۆزەرەوە پێش ئەوەی تووشی بەڵایەك بیت کە بەندەکان نەتوانن بەر پەرچی بدەنەوە، نزای تووش بوو بقۆزەرەوە، برا گیان: با مزگەوت ماڵت بێ چونکە من بیستوومە پێغەمبەر(صلی الله علیه وسلم) دەیفەرموو:(ان المساجد ببیت کل تقی وقد ضمن الله عز وجل لمن

كانت المساجد بيوتهم بالروح والراحة والجواز على الصراط الى رضوان الرب عز وجل)(مزگەوتەكان ماڵی هەموو لە خوا ترسێكن، خوای گەورە زامنی داوە بۆ هەموو ئەوانەی مزگەوت ماڵیانە بە چوونو حەسانەوەو پەڕینەوە بەسەر پردی(صیراط)دا بۆ لای ڕەزامەندی پەروەردگاری گەورە) برا گیان ڕەحم بە هەتیو بکەو لە خۆتی نزیك بکەرەوەو لە خواردنی خۆتی پێبدە چونکە من بیستوومە لە پێغەمبەر(ﷺ) کاتێ کەسێ هات بۆ لایو سکاڵای دڵڕەقی خۆی لاکرد پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو:(ئایا حەز دەکەیت دڵت نەرم بێ) وتی بەڵێ، فەرمووی(هەتیو لە خۆت نزیك بکەرەوەو دەست بێنە بەسەر سەریداو لە خواردنی خۆتی پێبدە، چونکە ئەوە دڵ نەرم دەکاتو بەسەر پێویستیدا بە تواناو زاڵە) برا گیان ئەوەندە کۆمەکەرەوە کە نەتوانی سوپاسی لەسەر بکەیت، چونکە من بیستوومە پێغەمبەر(ﷺ) دەیفەرموو:(لە ڕۆژی دواییدا ئەو خاوەن دنیایە دەهێنرێت کە تیایدا گوێڕایەڵی خوا بووە، وە ئەو لەبەردەم سامانیدایەو سامانەکەی لە پشتیەوەیە، هەرکات پردی صیراط لاری دەکاتەوە سامانەکەی پێی دەڵێت بڕۆ ئەو حەقەی لەسەرت بوو بەجێتگەیاند، ئەوەش دەهێنرێ کە گوێڕایەڵی خوا نەبووەو سامانەکەی لە نێوان دوو شانیدایە، ماڵو سامانەکەی سەرسمی پێدەداتو پێی دەڵێت:ماڵوێران با بە گوێڕایەڵی خوای گەورە لە مندا کارت بکردایە، بەردەوام بەو جۆرەیە تا بانگ دەکرێت بۆ وەیل) برا گیان من بیستوومە تۆ خزمەتکارت کڕیوە، من لە پێغەمبەرم(ﷺ) بیست دەیفەرموو(لا يزال العبد من الله وهو منه مالم يخدم فأذا خوم وجب عليه الحساب)(بەردەوام بەندە لە خواوەیەو خواش لەوەوەیە (ئاگاداریەتی) تا کاتێ خزمەتکار نەکرێ، کە خزمەتکاری کڕی حسابی لەسەر واجبە) ئوم دەردا داوای خزمەتکاری لێکردمو منیش ئەمڕۆ سامانم هەیە، کاتێ باسی موحاسەبەم بیست حەزم نەکرد بیکڕم، برا گیان چیمانە منو تۆ ئەگەر ڕۆژی دواییمان بپارێزینو لەوێ لە حساب نەترسین؟ برا گیان بە هاودەمی پێغەمبەر(ﷺ) سەرگەش نەبی، چونکە ئێمە ماوەیەکی دوورو درێژ دوای ئەو ژیاوینو خواش

زاناترە دوای ئەو چیمان کردووە،[1] ئیبن عەساکیر لە مەحەمەدی کوڕی واسعەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو دەردا نامەی نووسی بۆ سەلمان، بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام ئەوەی نەهێناوە(ثوم دەردا داوای...) کۆتایی.[2]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢١٦) لە عەبدوڕەحمانی کوڕی موحەممەدی موحاربییەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم ئەبو دەردا نامەی نووسی بۆ برایەکی: پاشان تۆ لەهەر بارێکی دنیادا بیت پێش تۆ کەس‌و خاوەنی دیکەی هەبووەو دوای تۆیش کەس‌و خاوەنی دیکەی دەبێت‌و هیچی بۆ تۆ نابێ جگە لەوەی بۆ خۆت پێشی دەخەیت، دەی پێش ویست‌و بەرژەوەندی کوڕی بخە، چونکە تۆ بۆ لای کەسێ دەچیت کە پۆزشت لێوەر ناگرێت‌و پارەکەش کۆ دەبێتەوە بۆ کەسێ کە سوپاست ناکات، بەڵکو بۆ یەکێ لەو دووانە کۆ دەبێتەوە: یان بە پێی گوێڕایەڵی فەرمانی خوا بەکاری دێنی‌و بەوەی کە تۆ لاسار بویت ئەو پێی بەختەوەر دەبێت، یان لە تاوانی خوادا بەکاری دێنی‌و بەوەی بۆت کۆکردوەتەوە بەدبەخت دەبێ، بەخوا هیچ کامیان بۆ ئەوە شیاو نین لەسەر پشت خۆتی بۆ هیلاك بکەیت‌و پێش خۆتی بخەیت، هیوای ڕەحمەتی خوا بخوازە بۆ ئەوانەیان چوون‌و دڵنیابە لە ڕۆوی خوا بۆ ئەوانەشیان کە ماون، والسلام.

ئیبن عەساکیر لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی نامەی نووسی بۆ مەسەلەمەی کوڕی موخەالله‌و وتی: پاشان بەندە ئەگەر بە گوێڕایەڵی خوا کاری کرد خۆشی دەوێت، ئەگەر خوا خۆشی ویست لای دروستکراوەکانی خۆشەویستی دەکات، ئەگەریش بە لادان لە فەرمانی خوا کاری کرد خوا ڕقی لێی دەبێت، ئەگەر خوا ڕقی لێی بوو لای بەندەکانی ڕقلێبووی دەکات.[3]

---

[1] – ضعيف.

[2] – وەك لە(كنز العمال ج٨، ص٢٢٤) دا هاتووە.

[3] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢٢٥) دا واهاتووە.

ئیبن عەساکیر لە ئەبو دەردائەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیسلام بە بێ گوێڕایەڵی نیەو خێر تەنها لە کۆمەڵبووندایە، ئامۆژگاری بۆ خواو بۆ خەلیفەو بۆ هەموو باوەڕدارانیشە.[1]

ئامۆژگاریەکانی ئەبو زەر(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٦٥) لە سوفیانی سەوریەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو زەری غیفاری لای کەعبە وەستاو وتی: ئەی خەڵکینە من جوند بن غیفاریم، دەی وەرن بۆ لای برای دڵسۆزی ئامۆژگاریکەرتان: خەڵکی لە دەوری کۆبوونەوە، وتی: ئەگەر یەکێکتان ویستی سەفەرێ بکات ئایا بەشی پێویست تا گەیشتنە جێ تێشوو هەڵناگرێ؟ وتیان با، وتی دەی سەفەری ڕێی ڕۆژی دوایی دوورترە لەوەی دەتانەوێ دەی بەشی پێویست تێشوو وەربگرن، وتیان چەندە پێویستمانە؟ وتی: حەج بکەن حەج بۆ گەورەکان، ڕۆژوو بگرن لە ڕۆژی سەختدا بۆ دوورو درێژی زیندوو بوونەوە، دوو ڕکات نوێژ لە تاریکی شەودا بکەن بۆ ترس و بیمی ناو گۆڕەکان، وشەیەکی خێر یان قسەیەکی خراپ کە لێی بێدەنگ بیت بۆ وەستا ڕۆژێکی گەورە، بە پارەو سامانت خێر بکە بەڵکو لە سەختیەکەی ڕزگارت بێت، دنیا لە دوو کۆڕدا دابنێ: کۆڕێ بۆ ویستی ڕۆژی دوایی، کۆڕێ بۆ ویستی حەڵاڵ، سێیەم زیانت پێ دەگەیەنێت و سوودی نیە بۆت و نەتەوێت، پارەت دوو درهەم بێت درهەمێکی بۆ ماڵ و منداڵت و درهەمێ دانێ بۆ ڕۆژی دواییت، سێیەم زیانت پێ دەگەیەنێت و سوودی نیە بۆت و نەتەوێ، پاشان بەو پەڕی دەنگی هاواری کرد: ئەی خەڵکینە ویست و سوور بونێك ئێوەی کوشتووە کە هەرگیز پێی ناگەن.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص١٦٥) لە عەبدوڵلای کوڕی موحەممەدەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم مامۆستایەك دەیوت: بیستمان ئەبو زەر دەیوت: ئەی

[1] – لە کنز العمال(ج٨، ص٢٢٧)دا واهاتووە.

خەڵکینە من ئامۆژگاریتان دەکەم، من دڵم بۆتان دەسووتیٚ، لە تاریکی شەودا بۆ ترسناکی ناو گۆڕ نوێژ بکەن، لە دنیادا ڕۆژوو بگرن بۆ گەرمای ڕۆژی زیندوو بوونەوە، لە ترسی ڕۆژی سەخت خێر بکەن، ئەی خەڵکینە من ئامۆژگاریتان دەکەم، من دڵم دەسووتێت بۆتان.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ١٦٣) لە ئەبو زەرەوە هێناویەتی دەڵێت: بۆ مەرگ لە دایك دەبن و بۆ وێرانکردن ماڵ و بینا دروست دەکەن و سوورن لەسەر ئەوەی لەناو دەچێت و ئەوە لەبیر دەکەن کە دەمێنێتەوە، ئای بۆ دوو بێزراوەکە: مەرگ و هەژاری.

ئیبن عەساکیر هێناویەتی وەك لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٤) دا هاتووە لە حبانی کوڕی ئەبو خەبلەوە دەڵێت ئەبو زەرو ئەبو دەردا دەیانوت: بۆ مردن لە دایك دەبن و بۆ وێرانکردن بنیاد دەنێن و سوورن لەسەر ئەوەی لەناو دەچیٚ و دەست بەر دەدەن لەوەی دەمێنێتەوە، وریا بن چەندە سیٚ بێزراوەکە چاکن: مەرگ و نەخۆشی و هەژاری.

ئامۆژگاریەکانی حوزەیفەی کوڕی یەمان(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٧٤) لە ئەبو نەعیمەوە هێناویەتی بیستی حەزەیفە دەیوت: ئەی خەڵکینە ئایا پرسیارم لێناکەن چونکە لەسەر خێر پرسیاریان دەکرد لە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)، من لەسەر خراپە پرسیارم لێدەکرد، ئایا پرسیار ناکەن لەسەر مردنی زیندووەکان؟ وتی: خوا موحەممەدی(صلى الله عليه وسلم) نارد ئەویش خەڵکی لە گومڕاییەوە بۆ ڕێنموونی و لە کوفرەوە بۆ ئیمان بانگ کرد، هەرکەس هات بە دەمیەوە هات و ئەوەی مردبوو بە حەق زیندوو بوویەوە، ئەوەی کە زیندوو بوو بە باتڵ و پووچی مرد، پاشان پێغەمبەرایەتی نەماو خیلافەت لەسەر ڕێبازی پێغەمبەرایەتی هات، پاشان پاشایەتیەکی ئێوە ستەمکاری هات،

خەڵکی هەیە بە دڵی و زمانی و دەستی دژایەتی ستەم دەکات ئەوە حەقی تەواو کردووە، هەیە بەدڵ و زمانی و دەستی گرتووەتەوە، ئەوە دوو بەشی حەقی وەلا ناوە، هەیانە بە دڵیش دژایەتی ناکات ئەوە مردووی زیندووەکانە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٧٦) لە حوزەیفەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: دڵەکان چوار جۆرن: دڵی پێچ و داخراوە، ئەوە دڵی بێباوەڕە، دڵی دوو ڕووی هەیە ئەوە دڵی دووڕووە، دڵی چرایەکی تێدایە دەگەشێتەوە ئەوە دڵی باوەڕدارە، دڵی دووڕوویی و ئیمانی تێدایە، نموونەی ئیمان وەك درەختێ وایە ئاوی پاکی بۆ بێت، نموونەی دوو ڕوویش وەك برین وایە کە خوێن و چڵك دێنێ، هەرکامیان ئەوەی بەسەردا زاڵە کە زاڵە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٧٢) لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: فیتنە بەرەو ڕووی دڵەکان بوەتەوە هەر دڵێ بیخواتەوە خاڵێکی ڕەشی لەسەر دادەنرێ، ئەگەر دژایەتی کرد خاڵێکی سپی لەسەر دادەنرێ، هەرکامتان ویستی بزانێ ئایا فیتنەی تووش بووە یا نا با سەیر بکات ئەگەر ئەوەی حەرامە بە حەڵاڵی زانی یان حەڵاڵ بوو بە حەرامی زانی ئەوە تووشی فیتنە بووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٧٣) لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: وریای فیتنەکان بن کەس تووشیان نەبێ، بەخوا هەرکەس بکەوێتە ناویان وەك لافاوی ڕۆیشتوو دەیبەن، ئەوانە شێوە کراوو بەرەو ڕوو هاتوون تا کەسی نەزان دەڵێت: ئەوە لەوە دەچێ و بە پشت تێکردن ڕوونی دەبەخشێ، ئەگەر بینیتان لەماڵی خۆتان دابنیشن و شمشێرەکانتان بشکێنن و ڕەشۆی وڵاخەکانتان بپچڕێنن.

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٧٤) لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: فیتنە لە سێ دانەدا خۆی دەبینێتەوە: ئەو کەسە توندەی هەرچی بۆ بەرز بکرێتەوە بە شمشێر دەیشکێنێ، وتار بێژێ کە بانگەوازی بۆ دەکات، کەسی گەورەش، ئەو دووانە ڕووبەڕوو پێیان دەگات، بەڵام گەورەکە بۆی دەگەڕێت تا ئەوەی لایەتی تووش دەبێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٧٤) لە حوزەیفەوە هێناویەتی مەی هێندەی فیتنە عەقڵی کەسەکان نابات.

ئەبو نەعیم لە حوزەیفەوە هێناویەتی دەڵێت: سەردەمێ تووشی خەڵك دەبێ کەس دەربازی نابێ مەگەر وەك نزای کەسی خنکاو نزا بکات.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٧٨) لە ئەعمەشەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم حوزەیفە(رضي الله عنه) دەیوت: ئەوانەی دنیا بۆ ڕۆژی دوایی واز لێدێنن و ئەوانەش ڕۆژی دوایی بۆ دنیاواز لێدێنن باشترینتان نین،بەڵکو ئەوانەی پشکیان لە هەردوولا وەردەگرن .

ئامۆژگاریەکانی ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٥٣) لە ئەبو لعالیەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ بە ئوبەی کوڕی کەعبی وت: وەسیەتم بۆ بکە، ئەویش وتی کتێبی خوا بکە بە پێشەنگ و بە دادوەرو حوکمدەر پێی ڕازی بە، چونکە ئەوە ئەوەیە کە پێغەمبەرەکەتانی تێدا جێگیر کردووەو شەفاعەتکارو گوێڕایەڵکراوە، شاهیدێکی تۆمەتبار نەکەرە، تیایدا باسی ئێوەو پێش ئێوەی کردووەو حوکمی نێوانتانی کردووە، هەواڵی ئێوەو دوای ئێوەیشی تێدایە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٥٣) لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە هێناویەتی دەڵێت: هەر بەندەیەك لەبەر خوا شتێ واز لێبێنێ خوا بۆی دەگۆڕێت بۆ باشتر بە جۆرێ کە چاوەڕێی نەبووە،هەر بەندەیەکیش بە سووکی بزانێ و بە جۆرێ بیگرێ کە چاك نەبێ خوا لەوە سەختتری دێنێتە ڕێ بە جۆرێك چاوەڕێی نەبووە.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٢٥٥) لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: باوەڕدار لە نێوان چوار باردایە: ئەگەر تووش بوو خۆ ڕاگر دەبێ، ئەگەر پێی درا سوپاس گوزار دەبێ، ئەگەر قسەی کرد ڕاستگۆ دەبێ، ئەگەر حوکمی دا

دادپەروەر دەبیٚ، ئەو لە نێوان پێنج ڕووناکیدایە، ئەوەیە خوا دەفەرموێت(نور علی نور) قسەی ڕووناکیو زانستی ڕووناکیەو چوونی بۆ ناو ڕووناکیو دەرچوونی لە ڕووناکیەوەو ڕێڕەوشی بەرەو ڕووناکیە لە ڕۆژی دواییدا، بێباوەڕیش لە نێو پێنج تاریکیدایە: قسەی تاریکیو زانستی تاریکیو چوونە ژووری بۆ ناو تاریکیو دەرچوونی لە تاریکیەوەو چوونیشی بەرەو تاریکیە لە ڕۆژی دواییدا.

بوخاری لە(الأدب المفرد) لە ئەبو بەسرەوە هێناویەتی دەڵێت کەسێکمان پێی دەوترا(جبر) یان جوەیبر، وتی: لای عومەر لە کاتی خیلافەتیدا داوای کەنیزەکێکم کرد، شەو چوومە مەدینەو چووم بۆ لای، من وریاییو زمانزانی یان وتی ڕەوانبێژیەکم هەبوو، ***ئەومە*** باسی دنیاو بچوکم ڕاگرتو وامدانا کە هیچ نایەنێت، لە لایەوە کابرایەك هەبوو، کە لێبوومەوە وتی: هەموو وتەکانت نزیك بوون جگە لە باسی دنیا ئایا دەزانیت دنیا چیە؟ توێشوومان بۆ ڕۆژی دوایی لە دنیایە، ئەو کارانەی لە ڕۆژی دواییدا پاداشتی لەسەر وەردەگریت لە دنیادان، وتی: کەسیٚ باسی دنیای کرد کە لە من زاناتربوو، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەو کەسە کێیە کە لە لاتە؟ وتی گەورەی موسڵمانان ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه).[1]

ئیبن عەساکیر لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە هێناویەتی کەسێك پێی وت: ئەی ئەبو مونزیر وەسیەتم بۆ بکە، وتی: ئەوەی گرنگ نیە بۆت خۆتی تووش مەکەو لە دوژمنت دوور بگرەو نزیکی هاوڕێت بەوئەو هیوا بە زیندوو بخوازە کە مردوو هیوای پیٚ دەخوازیٚ، پێویستیت لای کەسیٚ باس مەکە کە باکی نیە بۆت.[2]

[1] – لە(المنتخب ج٥، ص١٣٢) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٤) دا واهاتووە.

ئامۆژگاریەکانی زەیدی کوڕی ثابت(رضي الله عنه)

ئیبن عەساکیر لە ئوبەی کوڕی دینارەوە هێناویەتی دەڵێت: زەیدی کوڕی ثابت نامەی نووسی بۆ ئوبەی کوڕی کەعب:پاشان خوای گەورە زمانی کردووە بە وەرگێڕی دڵ‌و دڵی کردووە بە وەرگێڕو سەرپەرشتیاریێ کە زمان ملکەچیەتی بۆ ئەوەی دڵ ڕێنموونی بۆ دەکات، ئەگەر دڵ لەسەر تەوقدانی زمان بوو قسە دێت‌و وتەو گوفتار پەیوەست‌و ڕێك دەبێ، هەر زمانێ قورسی‌و زەلیلی‌و نەرمی‌و لاریەکی نیە ئەگەر دڵی لەبەر دەست زمانیدا بێ، ئەگەر کەسێ قسەی بە زمانی واز لێ هێناو دڵی لەسەری جیاو پێچەوانە بێ بەوە دەروونی.، ئەگەر کەسێ قسەی بە گوفتاری پێوانە بکرێ ئەوە ڕاستگۆ نوێنی شوێنی قسەی دەبێت ئایا

ئامۆژگاریەکانی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٣٢٤) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەی تاوانبار لە سەرەنجامی خراپ دڵنیا مەبەو کاتێ تاوان گەورەتر لە تاوانی بە دوادا دێت ئەگەر کردت ئەوا کەمی ئابڕوت لەسەر ئەوەی لە ڕاسیتتەو لە سەرووتەوەیەو تۆش لەسەر تاوانێ گەورەتر لەو تاوانەت بێت کە کردووتە، پێکەنینیش لە کاتێکدا نازانیت خوا چیت لێدەکات ئەوە لە تاوان گەورە ترە، خۆشحاڵیت بە تاوان ئەگەر بتوانی بیکەیت ئەوە لە تاوان گەورەترە، خەفەت خواردنت بە تاوان ئەگەر شتێ گەورەتر لە تاوانت لە دەست دا ئەگەر توانایت هەبوو ترست لە ڕەشەبا ئەگەر پەردەی دەرگات جوڵاو لەسەر تاوان بویت‌و دڵت نەشڵەژا بەوەی خوا سەیرت دەکات ئەوە گەورەترە لە تاوان ئەگەر بیکەیت، هاوار بۆت ئایا دەزانیت تاوانی ئەییووب(عليه السلام) چی بوو؟ خوای گەورەش لە جەستەیداو چوونی سامانیدا تووشی کرد، تاوانی ئەییووب ئەوە بوو هەژارێ پشتی پێبەست لەسەر ستەمێ کە

دوو ڕووەکان نێرو مێیان بە باوەڕداران دەڵێن ﴿انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءكُمْ فَالْتَمِسُوا نُوراً﴾(الحديد ١٣) ئەوەش ئەو پیلانەی خوایە کە دووڕووەکانی پێ هەڵدەخەڵەتێنێ کاتێ دەفەرموێت ﴿يُخَادِعُونَ اللّهَ وَهُوَ خَادِعُهُمْ﴾ ئیدی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی تیایدا ڕووناکی دابەشکراوە کەچی هیچ نابینن بۆیە دەچنەوە بۆ لایان، ئەوکات شورەیەکی دەرگادار لە نێوانیاندا لێ دەدرێ(باطنة فيه الرحمة وظاهرة من قبله العذاب)، سەلیمی کوڕی عامر دەڵێت بەردەوام دووڕوو سەرکەشە تا ڕووناکی دابەشدەکرێت‌و خوا دووڕووو باوەڕدار جیا دەکاتەوە.[1]

ئیبن عەساکیر لە سولەیمانی کوڕی حەبیبەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ دەستەیەکدا چووم بۆ لای ئەبو ئومامە، پیرێکی بە تەمەن بوو، بەڵام عەقڵ‌و ڕەوانبێژی زۆر چاکتر بوو لەوەی لە ڕووخساریەوە دەبینرا، لە سەرەتای قسەیەوە وتی: ئەم کۆڕەتان بە بەلاغ‌و ڕاگەیاندنی خوایە بۆتان‌و بەڵگەیە لەسەرتان، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی گەیاند کە پێی نێردرا بووو هاوەڵانیشی ئەوەیان گەیاند کە بیستیان، بۆیە ئەوەی دەبیستن بیگەیەنن، سێ دەستە هەن لای خوا زامنن تا کەسەکە دەبەنە بەهەشت یان بەو دەستکەوت‌و پاداشتەی بەدەستی خستووە دەیگێڕێتەوە، کەسێ کە لە پێناو خوادا دەچێتەدەر لای خوا زامنە تا دەیخاتە بەهەشت یان بەو دەستکەوت‌و پاداشتەی بەدەستی هێناوە دەیگێڕێتەوە، کەسێ دەست نوێژ بگرێ پاشان بچێ بۆ مزگەوت لای خوا زامنە تا بیباتە بەهەشت یان بیگێڕێتەوە بەو دەستکەوت‌و پاداشتەی بە دەستی هێناوە، کەسێ بە ئاشتی بچێتە ماڵی، پاشان وتی: دۆزەخ پردێکی تێدایە حەوت پایەو لە نێوانیاندا قەزا هەیە، بەندەیەك دەهێنرێت تا دەگاتە پایەی نێوەند، پێی دەوترێ چەندە قەرزت لەسەرە؟ ئەویش دەیژمێرێ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێند ﴿وَلاَ يَكْتُمُونَ اللّهَ حَدِيثاً﴾ دەڵێت پەروەردگارا من ئەوەندەو ئەوەندەم لەسەرە، ئەویش دەفەرموێ قەرزەکەت بدەرەوە، دەڵێت: من هێندە بزانم هیچم نیە قەرزەکەمی پێبدەمەوە، دەوترێ: لە خراپەی داواکارەکەی هەڵبگرن‌و بیدەن بەسەر ئەمدا، وتی:بیستم کەسانێ بە نموونەی شاخەکان

[1] - لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٤، ص٣٠٨)دا واهاتووە، بەیهەقی لە الاسماء والصفات(ص٣٤٠) لە سەلیمی کوڕی عامرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

چاك دێنن، بەردەوام سكاڵاكار لە سەریان لە چاكەیان دەبات تا چاكەیان بۆ نامێنیٚ، پاشان خراپەی سكاڵاكاریان بە سەردا دەدریٚ تا هێندەی شاخەكان دەبن، پاشان وتی: وریای درۆ بن چونكە درۆ بەرەو خراپەو خراپەش بەرەو دۆزەخ ڕێنموونیتان دەكات، ڕاستگۆ بن چونكە ڕاستگۆیی بەرەو چاكەو چاكەش بەرەو بەهەشت ڕینموونیتان دەكات، پاشان وتی ئەی خەڵكینە ئێوە گومڕاترینی ناو نەفامی بوون، خوای گەورە دیناریٚ بەخشینی ڕێی خواتانی بە حەوت سەد دینارو درهەمیٚ بە حەوت سەد درهەم داناوە، پاشان هێشتا دەست دەگرنەوە، بەخوا بە شمشێری فتوحات كرا كە كاڵاو جوانیەكانی زێڕو زیو نیە، بەڵكو عولابی و ئانك و ئاسنە.[1]

ئامۆژگاریەكانی عەبدوڵلای كوڕی بسر(رضي الله عنه)

بەیهەقی و ئیبن عەساكیر لە عەبدوڵلای كوڕی بسرەوە هێناویانە دەڵێت: لە خواترسان پێشەنگ و زانایان ڕابەرن، دانیشتن لەگەڵیان پەرستش و بەڵكو زیادەشە، ئێوە بە شەوو ڕۆژ لە ئەجلی بڕاوەو كرداری پارێزراودان، توێشوو ئامادە بكەن كە بەرەو ڕۆژی دوایی دەچن.[2]

---

[1] – لە(كنز العمال ج٨، ص٢٢٣)دا واهاتووە.

[2] – لە(كنز العمال ج٨، ٢٢٤)دا واهاتووە.

ئیبن عەساکیر لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: بزانن نەرمونیانی جوانیەو وەفاداری مەردایەتیەو خێراکردن گەمژەییەو سەفەر لاوازیەو دانیشتنی کوڕی سووکەکان ئابڕووچوونەو تێکەڵی داروودەستەی فاسقان گومانە.[1]

ئیبن عەساکیر لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت خەڵکی چوار جۆرن: هەیانە جوانی هەیەو ئاکاری نیە، هەیە ئاکاری هەیەو جوانی نیە، هەیە هەر دووکیانی نیەوخراپترینی خەڵکە،هەیە هەردووکیانی هەیە ئەوە باشترینی خەڵکە.[2]

ئامۆژگاریەکانی شەدادی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە الحلیە(ج١، ص٢٦٤) لە زیادەی کوڕی ماهکەوە هێناویەتی دەڵێت: شەدادی کوڕی ئەوس(رضي الله عنه) دەیوت: ئێوە تەنها هۆکارەکانی خێر دەبینن و لە خراپەشدا تەنها هۆکارەکانی دەبینن،خێر هەمووی بە بەشەکانیەوە لە بەهەشت و دۆزەخیش بە هەموو بەشەکانیەوە لە دۆزەخ، دنیا خستنە ڕوویەکی ئامادەیە باش و خراپ لێی دەخۆن، دوا ڕۆژ بەڵێنێکی ڕاستەو تیایدا دەسەڵاتدارێکی زاڵ و بە توانا حوکمڕانە، هەرکام و منداڵ و کەسیان هەیە، دەی لە کوڕانی ڕۆژی دوایی بن و لە کوڕانی دنیا مەبن، ئەبو دەردا وتی: لە نێو خەڵکدا هەیە زانستی هەیەو نەرمو نیانی نیە، ئەبو ئەعلا زانست و نەرمونیانیشی پێدراوە.

ئامۆژگاریەکانی جوندبی بەجلی(رضي الله عنه)

بەیهەقی لە الشعب الایمان لە جوندبەوە هێناویەتی دەڵێت: لە خوا بترسن و قورئان بخوێنن، چونکە ڕووناکی شەوو کەیف و بەهای ڕۆژە بەوەی سەختی و هیلاکی تێدایە، ئەگەر بەڵا هات با سامانتان لە خوار خۆتان بێت، ئەگەر بەڵا دابەزی با خۆتان لە خوار ئایینتان بن، بزانن فەوتاو ئەوەیە ئایینی بفەوتێنێ و بە هیلاکدا چوو ئەوەیە ئایینی بە

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٣٧) دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج١، ص٢٣٧)دا واهاتووە.

هیلاکدا بچیٚ، بزانن دوای بەهەشت هیچ هەژاریەك نیەو دوای دۆزەخ هیچ دەوڵەمەندیەك نیە، چونکە دۆزەخ دیلی خۆی بەرنادات و سووتاوی ناکوژێنێتەوە، ئەو نێوانی بەهەشت و کەسی موسڵمان بە مشتێکی پڕ خوێن جیا دەکاتەوە کە ئەو کەسە لە برا موسڵمانەکەی ڕشتبیٚ، هەرچی دەیەوێت لە دەرگایەکەوە بچێتە ژوور دەیگەڕێنێتەوە، بزانن مرۆڤ کە مردوو خرایە ژێر خاك هیچ لەناو سکی نابیٚ، دەی پیسی لیٚ دامەنێن، لە سامانتاندا لە خوا بترسن و لە خوێندا دوور بگرن.[1]

ئامۆژگاریەکانی ئەبو ئومامە(رضي الله عنه)

ئیبن ئەبی حاتەم لە سەلیمی کوڕی عامرەوە هێناویەتی دەڵێت: لە دەرگای دیمەشقەوە لەگەڵ تەرمێك دەرچووین و ئەبو ئومامەی باهلیمان لەگەڵدابوو، کە لەسەر تەرمەکە نوێژی کردو کەوتنە خستنە ژێر خاکی ئەبو ئومامە وتی: ئەی خەڵکینە ئێوە بەیانی و ئیوارە لە باروشوێنێکدان کە تیایدا باشەو خراپەکان دابەش دەکەن و خەریکە لە دنیاوە بەرەو شوێنێکی دی بچن کە ئەویش ئەمەیە، ئاماژەی دەکرد بۆ گۆڕەکە، ماڵی تەنهایی و ماڵی تاریکی و ماڵی کرم و ماڵی تەنگەبەریە، مەگەر ئەوەی خوا فراوانی دەکات، پاشان لەوێوە دەگوازنەوە بۆ شوێنەکانی ڕۆژی دوایی، لە چەند لایەکی ئەو شوێنانەدان تا فەرمانێکی خوا خەڵکی دەگرێتەوەو دەموچاوانیٚ سپی و دەموچاوانیٚ ڕەش هەڵدەگەڕێن، پاشان دەگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە تاریکیەکی سەخت خەڵکی دەگرێتەوە، پاشان ڕووناکی دابەش دەکرێت و باوەڕدار ڕووناکی پێدەدریٚ و بێباوەڕ دوورو بێبەش دەبن و هیچیان پێنادریٚ، ئەوە ئەو نموونەیە کە خوای گەورە لە قورئانەکەیدا هێناویەتی ﴿أَوْ كَظُلُمَاتٍ فِي بَحْرٍ لُّجِّيٍّ يَغْشَاهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِ سَحَابٌ ظُلُمَاتٌ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَا أَخْرَجَ يَدَهُ لَمْ يَكَدْ يَرَاهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ اللَّهُ لَهُ نُوراً فَمَا لَهُ مِن نُّورٍ﴾(النور ٤٠) دەی بێباوەڕو دووڕوو ڕووناکی باوەڕداری بۆ نابیٚ چۆن کوێر بینایی بینەری بۆ نابیٚ.

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٢)دا واهاتووە.

لەسەری لابات کەچی ئەو نەیکردو فەرمانی نەکرد بە چاکەو ڕێگری نەکرد لە ستەمکردن لەو هەژارە بۆیە خوا تووشی کرد.[1]

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج۱، ص۳۲٦) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: فەرزەکان بکەو ئەو مافەی خوا لەسەری داناویت بە جێی بگەیەنەو لەسەر ئەوەش پشت بە خوا ببەستە، چونکە هەر بەندەیەك لە نیاز پاکی و سوور بوونی لەسەر ئەو پاداشتەی لایەتی بزانێ دووری دەگرێت لەوەی پێی ناخۆشە، خواش دەسەڵات دارەو چی بوێت دەیکات.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج۱، ص۳۲٦) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: هەر باوەڕدارو لادەرێ خوای گەورە ڕۆزی حەڵاڵی بۆ نووسیوە، ئەگەر خۆ ڕاگر بێ تا بۆی بێت خوا بۆی دێنێ، ئەگەر خۆی نەگرت و شتێ لە حەرامی برد خوا لە ڕۆزی حەڵاڵی کەم دەکات.

ئامۆژگاریەکانی عەبدوڵڵای کوڕی عومەر(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج۱، ص۳۰٦) لە ئیبن عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەر بەندەیەك شتێ لە دنیای دەست بکەوێ لای خوا لە پلەی کەم دەکات با بەخشندەیی و ڕێزیشی لەسەر بێ.

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج۱، ص۳۰٦) لە ئیبن عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەر بەندەیەك ناگات بە ڕاستی ئیمان تا خەڵکی لە بواری ئایینیاندا بە گەمژە ئەژمار بکات.

ئەبو نەعیم لە الحلیه(ج۱، ص۳۱۲) لە موجاهیدەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەگەڵ ئیبن عومەر(رضي الله عنه) دەچووم دای بە لای وێرانەیەکداو وتی: ئەی وێرانە بڵێ

---

[1] – ئیبن عەساکیر لە ئیبن عەبباسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی تا وتەی(هاوار بۆت) لە(کنز العمال ج۲، ص۲٤۸) دا واهاتووە.

خاوەنەکانت چییان کرد؟ وتم ئەی وێرانە خاوەنەکانت چییان کرد؟ ئیبن عومەر وتی چوون و کارەکانیان مانەوە.

ئامۆژگاریەکانی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر(رضي الله عنه)

ئەبو نەعیم لە(الحلیة ج١، ص٣٣٦) لە وەهبی کوڕی کیسانەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر ئامۆژگاریەکی بۆ نووسیم: پاشان ئەهلی تەقوا چەند نیشانەیەکیان هەن پێیان دەناسرێنەوەو ئەوان لە دەروونیاندا دەیانناسنەوە، هەرکەس لە سەر سەختی ئارام بگریٚو بە قەدەر ڕازی بیٚو سوپاسی بەخششەکان بکات و بۆ بڕیاری قورئان ملکەچ بێت، پێشەوا وەك بازاڕ وایە چی تێدا خەرج کرا بۆی هەڵدەگیریٚ، ئەگەر لەلای حەق هەبوو ئەوەی بۆ هەڵدەگیریٚو دەستەی حەق دێن بۆ لای، ئەگەر لەلای نا حەق بوو دەستەی ناهەق دێن بۆ لای و لە لای خەرجی دەکەن.

ئامۆژگاریەکانی حەسەنی کوڕی عەلی(رضي الله عنه)

ئیبن نەجار لە حەسەنی کوڕی عەلیەوە هێناویەتی هەرکەس دنیای بوێت دایدەنیشێنیٚ، هەرکەس نەیەوێت باکی نیە کیٚ دەیخوات، ئەوەی چاوی لە دنیایە بەندەی ئەوەیە کە خاوەنیەتی، کەمیٚ کە تیایدایە بەستەو هەمووشی سوودی نیە، هەرکەس ڕۆژی تیایدا بگرێتەبەر هەڵخەڵەتاوە، هەرکەس ئەمڕۆی لە سبەینێی باشتر بیٚ دۆڕاوە، هەرکەس بە دوای کەم و کورتی خۆیدا نەگەڕیٚ ئەوا لە کەم و کورتیدایە، هەرکەس لە کەم و کورتیدا بیٚ بمریٚ بۆی باشە.[1]

---

[1] – لە(کنز العمال ج٨، ص٢٢٢) دا واهاتووە.

بەشی حەڤەهەم

(چۆن پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و هاوەڵان بە پاڵپشتیە غەیبیەکان پاڵپشتی دەکران کاتێ هۆکارە مادیەکانیان واز لێهێناو تاویان دایە هۆکارە ڕۆحانیەکان، خەمی هاوەڵان (رضي الله عنه)وەک پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بوو بۆ ڕێنموونیو بانگەوازی گەلان، لە بانگەوازو جیهاددا ئاکارو ڕەفتاری پێغەمبەریان(صلى الله عليه وسلم) گرتبوویە بەر).

یارمەتی فریشتەکان

بەیهەقی لە سەهلی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو ئوسەید(رضي الله عنه) دوای ئەوەی چاوی لە دەستدا وتی: برازا گیان بەخوا گەر منو تۆ لە بەدر بوینایەو دواتر خوا چاوەکانی بۆ بگێڕامایەتەوە ئەو دۆڵەم پێ نیشان دەدایت کە بە بێ گومانو مشتومڕ لەوێوە فریشتەکان هاتن بەرەو ڕوومان[١،٢].

تەبەرانی لە عروەوە هێناویەتی دەڵێت: جبریل(علیه السلام) ڕۆژی بەدر لەسەر شێوەی زوبەیر بە مێزەر بەستراوی مێزەری زەردەوە دابەزی[٣،٤].

حاکم(ج٣، ص٣٦١) لە عبادی کوڕی عەبدوڵڵای زوبەریەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی بەدر زوبەیری کوڕی عەوام مێزەرێکی زەردی بەستبوو، فریشتەکانیش بەو شێوە مێزەر بەستنە دابەزین بەسەر بێباوەڕاندا.[٥]

ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٧٠) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: سیمای فریشتەکان لە ڕۆژی بەدردا مێزەری سپی بوو کە دابوویان بەسەر پشتیاندا، ڕۆژی حونەینیش سەوز بوون، فریشتەکان تەنها ڕۆژی بەدر شەڕیانکرد، جارانی دی تەنها ژمارەو یارمەتیان زیاد دەکردو شەڕیان نەدەکرد.

---

[١] – ضعیف

[٢] – ئیبن ئیسحاق بەو شێوە هێناویەتی، لە(البدایة والنهایة ج٣، ص٢٨٠) دا هاتووە، تەبەرانی لە سەهلی کوڕی سەعدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، هەیسەمی(ج٦، ص٨٤) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا سەلامەی کوڕی ڕوح هەیە کە ئیبن حبان بە جێ متمانەی دەزانێو جگە لەویش لەبەر بیناگاییەك تیایدا بە لاوازی دەزانن.

[٣] – ضعیف.

[٤] – هەیسەمی(ج٦، ص٨٤) دەڵێت: ئەم فەرموودە مورسەلەو سەنەدی صەحیحە.

[٥] – تەبەرانی لە ئوسامەی کوڕی عومەیرو ئیبن عەساکیر لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویانە وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٦٨)دا واهاتووە.

هاتووه، تیایدا هاتووه: یەکێ لە پشتیوانان عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیبی دیلگرت، عەبباس وتی ئەی پێغەمبەری خوا بەخوا ئەمە منی بە دیلنەگرت بەڵکو پیاوێکی قژداهێنراو(قژ درێژ) جوانترین ڕووی هەبوو لەسەر ئەسپێ بوو لەم خەڵکە نەبوو منی گرت، پشتیوانیەکە وتی ئەی پێغەمبەری خوا من بەدیلمگرت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بێدەنگ بە، بەڕاستی خوا بە فریشتەیەکی بەڕێز پاڵپشتی کردیت)[1][2].

ئیبن سەعد(ج٤، ص١٢) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەوەی عەبباسی گرت ئەبو لیوسرکەعبی کوڕی عەمر لە بەنی سەلەمە بوو، ئەبو لیوسر کەسێکی کۆکراوە بووو عەبباسیش کە سێکی زەبەلاح بوو، پێغەمبەر(ﷺ) بە ئەبو لیوسری فەرموو(چۆن عەبباست بە دیلگرت ئەی ئەبو لیوسر؟) وتی ئەی پێغەمبەری خوا کەسێك یارمەتی دام کە پێشترو دواتریش شێوەی وام نەدیبوو، شێوەی ئاوابوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(فریشتەیەکی بەڕێز لەسەری یارمەتی دایت)[3] ئەحمەد لە ئیبن عەبباسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و دوای ئەوەش باسی فیدیەی عەبباس و جگە لەویشی کردووە.[4]

موسلم لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی کەسێ لە موسڵمانان بە دوای یەکێ لە بێباوەڕانی بەردەمیەوەبوو، کە بیستی دەنگی قامچیەك لەسەرروویەوەو دەنگی

---

[1] - صحیح.

[2] - هەیسەمی(ج٦، ص٧٥) دەیداتەوە پاڵ ئەحمەد بەزارو دەڵێت: کەسەکانی ئەحمەد صەحیحن جگە لە حارثەی کوڕی موزرب کە جێ متمانەشە.

[3] - ضعیف.

[4] - هەیسەمی(ج٦، ص٨٧) دەڵێت لە سەنەدەکەدا گێڕەرەوەیەك هەیە کە ناوی نەهاتووەو کەسەکانیشی جێ متمانەن، ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٦٩) لە ئیبن عەبباسەوە بە دەقی ئیبن سەعد هێناویەتی.

سوارچاکێ دێ دەیوت: پێش کەوە حەیزوم(ئەسپەکەی جبریل) سەیری بێباوەڕەکەی خۆی کرد کە ڕاکشاوەو دابەستراوەو بە لێدانی قامچی دراوە لە دەموچاوی، پشتیوانیەك هاتو ئەوەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی(ڕاست دەکەیت، ئەوە لە یارمەتی ئاسمانی سێیەمە) ئەو ڕۆژ حەفتایان کوشتو حەفتایان بەدیلگرت، لە(البداية والنهاية ج٣، ص٢٧٩) دا واهاتووە، ئەبو نەعیم لە(الدلائل ج٢، ص١٧٠) لە ئیبن عەبباسەوە فەرموودەیەکی دوورو درێژ لەسەر غەزای بەدر بە هەمان شێوە هێناویەتی، هەروەها لە کەسێکی بەنی غیفارەوە هێناویەتی دەڵێت: منو ئامۆزایەکم چووین تا سەرکەوتینە سەر شاخێ کە بەسەر بەدردا زاڵ بووین، ئێمەو دوو بێباوەڕ چاوەڕێی شەڕ بووین تا بزانین شکست بۆ کێیە تا شت دەبات تا لەگەڵی شت بەرین، لەسەر شاخەکە بووین کە هەورێ لێمان نزیك بوویەوە، دەنگی حیلەی ئەسپمان بیست، من بیستم دەیوت: حەیزوم پێش کەوە، ئامۆزاکەشم قیناعی دڵی لاچووو هەر لەوێ مرد، منیش خەریك بوو لەناو بچم بەڵام خۆم گرت.

ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٦٤) لە ئەبو تەلحەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لە چەند شەڕێکدا لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین، گەیشتن بە دوژمن، بیستم دەیفەرموو(ئەی مالیکی ڕۆژی دوایی، تەنها تۆ دەپەرستینو تەنها پشت بە تۆ دەبەستین) خەڵکم بینی لەناو دەچوون، فریشتەکان لە پێشو دواوە لێیان دەدان.[1]

بەیهەقی لە ئەبو ئومامەی کوڕی سەهل لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: کوڕی شیرینم بینیم ڕۆژی بەدر هەمان بوو ئاماژەی دەکرد بۆ سەری بێباوەڕ، سەری لە جەستەی دەکرایەوە پێش ئەوەی شمشێری بەر بکەوێت.[2][3]

---

[1] - ضعيف

[2] - صحيح.

[3] - لە(البداية والنهاية ج٣، ص٢٨١)دا واهاتووە، حاکم(ج٣، ص٤٠٩) لە ئەبو ئومامەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام لە موسلم نەیهێناوە، زەهەبی بە صەحیحی داناوە، تەبەرانی لە ئەبو ئومامەوە بە هەمان شێوەی گێڕانەوەی حاکم هێناویەتی، هەیسەمی(ج٦، ص٨٤) دەڵێت لە سەنەدەکەدا موحەممەدی کوڕی یەحیای ئیسکەندەرانی هەیە، ئیبن یونس دەڵێت: هەندێ مەنکەری گێڕاوەتەوە.

ئیبن جەریر لە عەوفی ئەعرابی لەعەبدوڕحمانی مولای ئیبن برثنەوە هێناویەتی دەڵێت: یەکێ لە بێباوەڕان لە ڕۆژی حونەین بۆی گێڕامەوە وتی: کە ئێمەو هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی حونەین بە یەکگەیشتین هێندەی شیر دۆشینێ نەوەستان بۆمان، کە بەسەریاندا زاڵ بووین بە دوایاندا دەچووین تا لە لای خاوەنی وڵاخە سپی وەستاین، سەیرمانکرد پێغەمبەری خوایە، لە لای کەسانێ سپی و دەموچاو جوان پێمان گەیشتن و پێیان وتین: دەموچاوەکان گول بن، بگەڕێنەوە، ئێمەش شکاین و ئەوانیش بەسەرماندا زاڵ کەوتن.[1]

ئیبن ئیسحاق لە جوبەیری کوڕی مەتعەمەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بوین لە ڕۆژی حونەین، خەڵکیش شەڕیاندەکرد کە سەیرم کرد شتێ وەك جلی ڕەش لە ئاسمانەوە دەهاتە خوار تا کەوتە نێوان ئێمەو خەڵکەکە،سەیرم کرد مێروویەکی بڵاوبووەیە دۆڵەکەی پڕ کردبوو، خەڵکەکەی تووشی شکست کرد، گومانمان نەبوو ئەوە فریشتەیە.[2]

ئیبن سەعد(ج٣، ص١٢١) لە عەبدوڵلای کوڕی فەزلەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) لە ڕۆژی ئوحود ئاڵاکەی دایە دەست موصعەبی کوڕی عومەیر، موصعەب کوژرا، فریشەیەك لە شێوەی موصعەبدا ئاڵاکەی گرت، پێغەمبەر(ﷺ) لە کۆتایی ڕۆژدا پێی فەرموو(موصعەب پێش کەوە) فریشتەکەش لای کردەوەو وتی: من موصعەب نیم، پێغەمبەر(ﷺ) زانی فریشتەیەو خوا بۆ پاڵپشتی ناردوویەتی.

ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٨٢) لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: سەیری تەپو تۆزێکی نێو ڕێگەی بەنی غەنەمم دەکرد کاروانی جبریل(علیه السلام) بوو کاتێ پێغەمبەر(ﷺ) چوو بۆ لای بەنی قورەیزە، ئیبن سەعد(ج٢، ص٧٦) لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، هەروەها لە(ج٢، ص٧٧) لە حەمیدی کوڕی هیلالەوە بەو

[1] – لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٢، ص٣٤٥)دا واهاتووە.

[2]– بەیهەقی لەو ڕێگەیەوە هێناویەتی، لە(البداية والنهاية ج٤، ص٢٣٤) دا واهاتووە.

شێوە باسی بەنی قورەیزەی هێناوە، تیایدا هاتووە دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ)و هاوەڵانی چەکیان هەڵگرت، جبریل هات بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) و ئەویش چوویە دەر بۆ لای، پێغەمبەر(ﷺ) دابەزیو پاڵی دابوویەوە بە لا سنگی ئەسپەکەدا، جبریل دەیوت: ئێمە هێشتا چەکمان دانەناوە، تۆز لەسەر تەوێڵی مابوو، هەستە بۆ بەنی قورەیزە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ان في أصحاب جهدا فلو انظرتهم أياما)(هاوەڵانم ماندوو بوون دەکریْ چەند ڕۆژیْ مۆڵەتیان بدەم) جبریل وتی: هەستە بۆ بەنی قورەیزە، بەخوا بەم ئەسپەم دەچمە قەڵایانو تێکی دەشکێنم، جبریل(علیه السلام) لەگەڵ فریشتە هاودەمەکانی چوو تا تەپوتۆز گەڕەکی بەنی غەنەمی پشتیوانانی گرتەوە.[1]

دیلگیری فریشتەکانو شەڕیان لەگەڵ بێباوەڕان

ئیبن عەساکیرو واقدی لە سوهەیلی کوڕی عەمرەوە(ﷺ)هێناویانە دەڵێت: ڕۆژی بەدر کەسانێکی سپیم لەسەر وڵاخی نێوان ئاسمانو زەوی بینی خێراکار بوونو شەڕیان دەکردو کەسیان دیل دەگرت.[2]

ئەحمەد لە بەراعو جگە لەویشەوە هێناویەتی دەڵێت: یەکیْ لە پشتیوانان عەبباسی گرتبوو هێنای عەبباس وتی: ئەی پێغەمبەری خوا یەکێك لەو خەڵکە نیە کە گرتوومی ئەوەو ئەوەی لە شێوەی داماڵی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی:(خوا بەفریشتەیەکی بەڕێز سەری خستیت)[3].[4] وەك لە(کنز العمال ج٥، ص٢٦٦) دا

---

[1] - صحيح.

[2] - لە(کنز العمال ج٥، ص٢٦٨)دا واهاتووە.

[3] - صحيح.

[4] - هەیسەمی(ج٦، ص٨٥) دەڵێت: کەسەکانی صەحیحن، تەواو.ئیبن ئەبی شەیبەو ئەحمەدو ئیبن جەریر بە صەحیحی داناوە، و بەیهەقی لە عەلیەوە(ﷺ) هێناویانە، بە دوورو درێژی فەرموودەکەی لەسەر بەدر دێنیْ.

ئیبن ئیسحاق لە عیکرمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبوورافیعی مەولای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)وتی:من غولامی عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب بووم،ئیسلام هاتبووە ناو ئێمەی ئالوبەیت، عەبباس موسڵمان بووو ئوم فەزلیش موسڵمان بوو،منیش موسڵمان بووم، عەبباس ترسی لە هۆزەکەی هەبووو حەزی نەدەکرد پێچەوانەیان بوەستیٚ، موسڵمان بوونی خۆی دەشاردەوە، ئەو لەناو هۆزەکەیدا پارەیەکی زۆری هەبوو کە بڵاو ببوویەوە، ئەبو لەهەب لە بەدر دواکەوتو لەبری خۆی عاصی کوڕی هیشامی کوڕی موغیرەی نارد، هەروەها هەرکەس دوا بکەوتایە لەبری خۆی کەسێکی دەنارد، کە هەواڵی بەرکەوتنی بەدریەکانی قوڕەیشی بیست خوا سەر شۆڕو ڕیسوای کردو ئێمەش لە دەروونماندا هێزو عیززەتمان بەدیکرد، من کەسێکی لاواز بووموو کاری قاپو قاچاغم دەکرد لە ژووری زەمزەمدا نەخشم دەکرد، بەخوا لەویٚ سەرقاڵ بوومو ئوم فەزل دانیشتبوو بەو هەواڵە خۆشحاڵ بووین کە ئەبو لەهەب هات کە بە خراپە قاچەکانی ڕادەکێشا تا لە جیٚ دەرگای ژوورەکە دانیشتو پشتی لە پشتم بوو، دانیشتبوو کە بە خەڵکی وت ئەوە ئەبو سوفیانە کە ناوی موغیرەی کوڕی حارثی کوڕی عەبدولموتەلیبە هاتووە، ئەبو لەهەب وتی: وەرە بۆ لام بەخوا هەواڵت پێیە، ئەویش لە لای دانیشتو خەڵکی لە دەوری بوون، وتی: برازا پێم بڵیٚ باری خەڵك چۆن بوو،وتی بەخوا کە پێیان گەیشتین شانو گەردنی خۆمان پێدان تا چۆن بیانەوێت بمانکوژنو دیلمان بگرن؟ ئەی هاوار بەخوا لەگەڵ ئەوەشدا سەرکۆنەی خەڵك ناکەم، بە کەسانێکی سپی ڕەنگ لەسەر ئەسپی ڕەشو سپی کەوتین کە لە نێوان ئاسمانو زەویدا بوون، بە خوا هەرچی بویستایە دەیکرد، ئەبو رافع وتی: ئوم فەزل بە دەستەکانی پایەیەکی ژوورەکەی هەڵگرتو دواتر وتم: بەخوا ئەوانە فریشتەن، ئەبو لەهەب دەستی بەرز کردەوەو بە توندی دای بە دەموچاومداو وتی: هاوار بۆت بێدەنگ بە، هەڵیگرتمو دامی بە زەویدا، پاشان لە سەرم دانیشتو لێی دەدام، منیش کەسێکی لاواز بووم، ئوم فەزل دارێکی ژوورەکەی هەڵگرتو دای لە سەری، ئازارێکی توند تووشی

سەری بوو، ئوم فەزل وتی: بەوەی گەورەکەی لێرە نیە وای لێدەکەیت؟ئەویش بە زەلیلی هەستاو ڕووی وەرگێڕا، بەخوا حەوت شەو نەژیا تا خوا عەدەسەی بۆ ناردو کوشتی، یونس لە ئیبن ئیسحاقەوە ئەوەی بۆ زیاد کردووە: دوو کوڕەکەی بە جێیانهێشت پاش مردنی بە سێ ڕۆژ نەیانخستە ژێر گڵ تا بۆنی کرد، قوڕەیش خۆیان لەو عەدەسەیە دوور دەگرت وەك چۆن خۆیان لە تاعوون دوور دەگرت، تا کەسێکی قوڕەیش وتی: هاوار بۆتان دوو کوڕەکەی، ئایا شەرم ناکەن باوکتان لەماڵەکەیدا بۆگەنی کردووەو ئێوەش نایخەنە ژێر خاك؟ وتیان: دەترسین لەو دوژمنەیە، وتی بڕۆن من چاوم لێتانە لە سەری، بەخوا نەیانشۆرد بەڵکو لە دوورەوە ئاویان بە سەردا کردو لێی نزیك نەبوونەوە، پاشان بردیان بۆ سەرووی مەککەو دایانە پاڵ دیوارێكو دواتر بەردیان بەسەردا کرد.[1]

بەیهەقی لە عەوفی کوڕی عەبدوڕحمانی مەولای ئوم برسن لە کەسێکەوە حونەینی بە بێباوەڕی دیبوو وتی: کاتێ ئێمەو پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە یەکگەیشتین هێندەی دۆشینی مەڕێ بۆمان نەوەستان، شمشێرەکانمان لەبەردەم پێغەمبەدا(صلى الله عليه وسلم) گەڕو لاسار کەوتن تا لێی جیا کەوتین، لە نێوان ئێمەو ئەودا کەسانێ دەمو چاوجوان هەبوون، وتی دەمو چاوەکان ناشیرین کەون بگەڕێنەوە، بەو قسە شکاین.[2]

---

[1] – لە(البداية والنهاية ج٣، ص٣٠٨) دا هاتووە، ئیبن سەعد لە الطبقات(ج٣، ص٧٣) وحاکم لە(المستدرك ج٣، ص٣٢١)دا لە ڕێگەی ئیبن ئیسحاقەوە بە دوورو درێژی هێناویانە، تەبەرانی و بەزاریش لە ئەبو رافعەوە بە دوورو درێژی هێناویانە، هەیسەمی(ج٦، ص٨٩) دەڵێت: لە سەنەدەکەیدا حوسەینی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عوبەیدوڵلا هەیە کە ئەبو حاتەمو جگە لەویش بە جێ متمانەو کۆمەڵێکیش بە لاوازی دەزانن، کەسەکانی دیکەش جێ متمانەن تەواو. حاکم(ج٣، ص٣٢٢) لە ڕێگەی یونس لە ئیبن ئیسحاقەوە لە حوسەینی کوڕی عەبدوڵلا لە عیکرمە لە ئیبن عەبباسەوە لە ئەبو رافعەوە بە هەما شێوە هێناویەتی، ئەبو نەعیم لە الدلائل(ص١٧٠) لە عیکرمە لە ئەبو رافعەوە بە کورتی هێناویەتی.

[2] – لە(البداية والنهاية ج٤، ص٣٣٢) دا واهاتووە.

ئیبن ئیسحاق لە ئەبو واقدی لەیثیەوە هێناویەتی دەڵێت: من شوێن یەکێ لە بێباوەڕان کەوتم تا بدەم لە ملی، پێش ئەوەی شمشێرەکەم بگات پێی سەری لە لەشی جیا بوویەوە، بۆیە زانیم جگە لەمن کوشتوویەتی.[1]

تەبەرانی لە ئیبن سەهلی کوڕی ئەبو حەثمەوە هێناویەتی ئەبو بەرزەی حارثی ڕۆژی بەدر سێ سەری هێنا بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە پێغەمبەری خوا ئەوانی بینی فەرمووی(ظفرت يمينك)(دەستت نەناڵێ) وتی ئەی پێغەمبەری خوا دوانیان من کوشتنم، بەڵام سێیەمیان کەسێکی سپی جوانم بینی دای لە سەری، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەوە فلان فریشتە لە فریشتەکان بوو)[2][3].

تەبەرانی و بەزار لە مەحمودی کوڕی لوبەیدەوە هێناویانە دەڵێت: حارثی کوڕی صمە(رضي الله عنه) وتی: پێغەمبەر(ﷺ) لە دۆڵدا بوو پرسیاری لێکرد(ئایا عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفت بینی؟) وتم بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا لە سەرووی شاخەکە بوو سەربازگەیەکی بێباوەڕانیش لەوێ بوو، دانەویم و سەیرمکرد دیت و هاتم بۆ لای تۆ، فەرمووی(أما ان الملائكة تقاتل معه)(فریشتەکان لەگەڵی شەڕدەکەن) حارث وتی: منیش گەڕامەوە بۆ لای عەبدوڕەحمان، لە نێوان حەوت کوژراودا بوو، پێموت: دەستت نەناڵێ هەموو ئەمانەت کوشت؟ ئەوە هی ئەرتە ئەی کوڕی شەرحەبیل و ئەو دوانەش من کوشتنم، ئەوانی دیکەش کەسێ کە نەمدەدی کوشتنی، وتم خواو پێغەمبەری خوا ڕاستیان فەرمووە[4][5].

---

[1] -(البداية والنهاية ج٣، ص٢٨١) دا واهاتووە، ئەحمەدیش لە ئەبو داودی مازنیەوە کە بەدری دیوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، هەیسەمی(ج٦، ص٨٣) دەڵێت لە سەنەدەکەدا کەسێ هەیە کە ناینا‌سم، ئەبو نەعیم هێناویەتی و دەڵێ لە بەدردا بووە.

[2] – ضعیف.

[3] – هەیسەمی(ج٦، ص٨٣) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدولعەزیزی کوڕی عمران هەیە کە لاوازە، تەواو.

[4] –ضعیف.

[5] – هەیسەمی(ج٦، ص١١٤) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدولعەزیزی کوڕی عمران هەیە کە لاوازە، ئیبن مەندەو ئەبو نەعیمیش لە حارثی کوڕی صمەوە بە هەمانشێوە هێناویانە وەك لە(المنتخب

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) دای بە لای خەڵکێکدا لە مەککە، ئەوانیش خۆیان دایە بەر ڕێ‌و دەیانوت: ئەوەیە دەڵێت پێغەمبەرەو جبریلی لەگەڵە، جبریل بە پەنجەکانی تێیانکەوت‌و جەستەیان بەر کەوت، وایان لێهات بۆن دایگرتن‌و کەسیان نەیدەتوانی لێیان نزیك بێتەوە، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ﴾[1].[2]

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت ئایەتی ﴿إِنَّا كَفَيْنَاكَ الْمُسْتَهْزِئِينَ﴾ گاڵتە جاڕەکان وەلیدی کوڕی موغیرەو ئەسوەدی کوڕی عەبد یەغوث‌و ئەسوەدی کوڕی موتەلیب ئەبو زەمعە لە بەنی ئەسەدی کوڕی عەبدولعوززاو حارثی کوڕی عەیتەلی سەهمی‌و عاصی کوڕی وائیلی سەهمی بوون، جبریل هات‌و پێغەمبەر(ﷺ) لەلای سکاڵای لێکرد، وەلیدی کوڕی موغیرەی نیشانداو ئاماژەی کرد بە چاڵی باڵی کرد وتی چیت کرد؟ وتی: من بەسم بۆت تا لێی دەم، پاشان حارثی کوڕی عەیتەلی سەهی نیشانداو ئاماژەی بە سکی کرد، وتی: چیتکرد؟ وتی من بەسم بۆت لە دژی، پاشان عاصی کوڕی وائیلی نیشانداو ئاماژەی بۆ پاژنەپێی کرد، فەرمووی چیتکرد؟ هەمان شتی وت، ئاماژەی کرد بۆ وەلیدی کوڕی موغیرەش، یەکێ لە خوزاعە تیری پەڕپەڕدەکرد تیرێ تێدەپەڕی، بەر شادەماری دەستی کەوت‌و بڕی، ئەسوەدی کوڕی موتەلیبیش کوێر بوو، هەیانبوو دەیوت وا کوێر بوو، هەیانبوو دەیوت دابەزی لە ژێر درختێکدا، ئەویش دەیوت: کوڕەکانم ئایا لێم دوور ناگرن، لە ناو چووم دڕك بە چاومدا دەکرێ، ئەوانیش دەیانوت هیچ نابینین، بەو جۆرە بوو تا

ج٥، ص٧٦)دا هاتووە، ئەوەشی بۆ زیاد کردووە: منیش چووم بۆ لای تا ڕێگری لێبکەم(ڕێ نەدات لێی بدەم) لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە:لە نێو دەستەیەك کوژراودا بەدیمکرد.

[1] – ضعیف.

[2] – هەیسەمی(ج٧، ص٤٦) دەڵێت: تەبەرانی لە المعجم الاوسط وبەزار بە هەمان شێوە هێناویانە، لە سەنەدەکەشدا یەزیدی کوڕی درهەم هەیە ئیبن موعین بە لاوازو فلایش بە جێ متمانەی دەزانێ.

هەردوو چاوی کوێر بوون، ئەسوەدی کوڕی عەبد یەغوشیش پیسی لەسەری دەرهات تا بەوە مرد،حارثی کوڕی عەیتەلیش ئاوی زەرد ناو سکی گرت تا پیسی لە دەمیەوە دەرهات تا مرد، عاصی کوڕی وائیلیش بەو جۆرە بوو تا شەبرقە (گیایەکی حیجازیە دڕکی هەیە) چوویە ناو پێی و پڕی کرد تا مرد.[1]

ئیبن ئەبی دنیا لە کتێبی(مجانی الدعوة) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) کە کونیەکەی ئەبو معلەق بووو بازرگان بووو بە سامانی خۆیو جگە لە خۆشی بازرگانی دەکردو وەرعی هەبوو، جارێ دەرچووو لە ڕێدا دزێکی ڕوو داپۆشراو بە چەکەوە هاتە ڕێی و وتی شتەکانت دابنێ چونکە دەتکوژم، وتی دەی سامانەکە ببە، وتی نا من بەس خوێنی تۆم دەوێت، وتی دەی ڕێم بدە نوێژ بکە وتی چەندە دەتەوێ نوێژ بکە، ئەویش دەستنوێژی گرتو پاشان نوێژی کردو لە نزاکەیدا وتی: ئەی میهرەبان، ئەی خاوەن عەرشی شکۆدار، ئەی ئەوەی چیت بوێ دەیکەیت، بە عیزەتی نەبڕاوەتو دەسەڵاتی بێ کۆتاو ئەو ڕووناکیەت کە پایەکانی عەرشەکەتی پڕکردووەتەوە داوات لێدەکەم لە دەست ئەم دزە ڕزگارم بکەیت، ئەی فریاد ڕەس فریام بکەوە، سێ جار وتی: سەیری کرد سوار چاکێ خەنجەرێکی پێیە لە نێوان دوو گوێی ئەسپەکەیدا بەرزی کردووەتەوە،دای لەدزەکەو کوشتی،پاشان سەیری بازرگانەکەی کرد،ئەویش وتی تۆ کێیت کە خوا بەهۆی تۆوە فریام کەوت؟ وتی من فریشتەیەکی ئاسمانی چوارەمم کاتێ نزات کرد جیڕەو دەنگێکی دەرگامانی ئاسمانم بیست، پاشان جاری سێیەم نزات کرد وترا: نزایەکی تەنگانەیی، منیش داوام لە خوا کرد کوشتنی ئەو دزە بە من بسپێرێت، پاشان وتی موژدەت لێبێتو بزانە هەرکەس

---

[1] – هەیسەمی(ج٧، ص٤٧) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا مەحەمەدی کوڕی عەبدولحەکیمی نەیسابووری هەیە کە نایناسمو کەسەکانی دیکەش جێ متمانەن، تەواو.

دەستنوێژ بگرێو چوار ڕکات نوێژ بکاتو ئەو نزایە بکات نزاکەی وەردەگیرێت تەنگاوی یان ناتەنگاوی بێت.[1]

ئیبن عەبدولبر لە الاستیعاب(ج١، ص٥٤٨) لە لەیثی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم زەیدی کوڕی حارثە(رضي الله عنه) وڵاخێکی لە تائیف لە کەسێ بەکرێ وەرگرت، کابراش مەرجی لەسەر دانا لە کوێ ویستی دایبەزێنێ، وتی بەرەو وێرانەیەکی بردو پێی وت وازم لێ بهێنە با دووڕکات نوێژ بکەم، وتی نوێژ بکە، ئەوانەش پێش تۆ نوێژیانکردو نوێژەکەیان دادی نەدان دەڵێت: کە نوێژم کرد هات تا بمکوژێت، وتم ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان، ئەویش دەنگێکی بیستو وتی مەیکوژە، ئەوە ترساندی چوو بە دوای دەنگەکەدا گەڕا هیچی نەدی، هەمدی گەڕایەوە بۆم، منیش هەمان شتم وت، سێجار ئەمە دووبارە بوویەوە، ئەوکات سورچاکێ بە خەنجەرێکی ئاسنو ئاگرێ بەسەر سەریەوە هاتو لێیداو لە پشتیەوە دەرچووو کابرا مرد، پاشان پێی وتم کە جاری یەکەم نزات کرد(یا أرحم الراحمین) من لە ئاسمانی حەوتەم بووم، کە دووەم جار وتت من لە ئاسمانی دنیا بووم، کە لە جاری سێیەمدا وتت(یا أرحم الراحمین) من هاتم بۆ لات.

((هاوەڵان فریشتەکان دەبینن))

ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٨٢) لە عائیشەوە(رضي الله عنها) هێناویەتی پێغەمبەر(رضي الله عنه) دەنگی کەسێکی بیست، ڕاچڵەکاو چوو بۆ دەر بۆ لای، عائیشە دەڵێت: منیش شوێنی کەوتمو سەیرمکرد، دەبینم لەسەر لا ملی ئەسپی برذونە پاڵی داوەتەوەو دحیەی کەلبیە(رضي الله عنه) ئەوەش بەو شێوەی من وامدەبینی، مێزەری بەستبووو مێزەرەکەی لە نێوان دوو شانیدا بەرەو خوار هاتبوو،پێغەمبەر(رضي الله عنه) کە هاتە ژوور بۆ لامو وتم توند هەستایتو دواتر دەرچوویت، منیش سەیرم کرد

---

[1] – ئەبو مووسا لە کتاب الوظائف بە تەواوی هێناویەتی لە(الأصابة ج٤، ص١٨٢) دا واهاتووە.

دحیەی کەلبی بوو، فەرمووی(ئایا بینیت؟) وتم بەڵێ، فەرمووی(ئەوە جبریل(علیه السلام) بوو فەرمانی پێکردم دەر بچم بۆ بەنی قورەیزە).[1]

ئەبو نەعیم(ص١٨٢) لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی و باسی چیرۆکی بەنی قورەیزەی کردووەو تیایدا هاتووە: پێغەمبەر(رضي الله عنه) دەرچوو بۆ چەند کۆڕێ کە لە نێوان ئەوو بەنی قورەیزەدا بوون، فەرمووی(ئایا کەس دای بە لاتاندا؟) وتیان بەڵێ دحیەی کەلبی لەسەر ولاخێ کە لە ژێریەوە کۆپانی دیباج هەبوو دای بە لاماندا، فەرمووی(ئەوە دحیە نەبوو بەڵکو جبریل بوو نێردرا بوو بۆ بەنی قورەیزە تا قەڵاکانیان بهەژێنێ‌و ترس بخاتە دڵیانەوە).

بەزارو تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانی دەڵێت: پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) سەردانی یەکێ لە پشتیوانانی کرد، کە لە ماڵی نزیك بوویەوە بیستی لە ناوەوە قسە دەکات، کاتێ مۆڵەتی وەرگرت‌و چوویە ژوور کەسی نەبینی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(بیستم لەگەڵ جگە لە خۆت قسەت دەکرد) وتی ئەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) بریا لەگەڵ ئەو سەربەستووە لە قسەی خەڵك کە هاتە ژووور دەهاتی مەرگم لە تاوتا نزیك بوو، کەسێ هات بۆ لام کە دوای تۆ لەو بەڕێزترو قسە چاترم نەدیوە، فەرمووی(ئەوە جبریلە، لە لە نێوتاندا بە ڕاستی کەسانێ هەن ئەگەر یەکێکتان سوێندی خوا بدات خوا سوێندی ناخات).[2][3]

ئەحمەدو تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویانە دەڵێت: من لەگەڵ باوکم لای پێغەمبەری خوا بووم‌و کە سێکی لابوو کە قسەو ڕازو نیازی لەگەڵ دەکرد وەك ئەوەی ڕوو لە باوکم وەرگێڕێ، ئێمەش لە لای چووین، باوکم وتی: کوڕی شیرینم

---

[1] – ئیبن سەعد(ج٤، ص٢٥٠) لە عائیشەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] – حسن.

[3] – هەیسەمی(ج١٠، ص٤١) دەڵێت: بەزارو تەبەرانی هێناویانەو سەنەدەکانیان حەسەنن، تەواو.

سەیری ئامۆزاکەت نەکرد چۆن بوو؟ وتم بابە گیان کەسێکی لابوو دەیدوان، چووین بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) باوکم وتی ئەی پێغەمبەری خوا من ئاوام وت بە عەبدوڵلا، ئەویش وتی کەسێکی لابوو دەیدواند، ئایا کەست لابوو؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی (فأن ذلك جبريل(عليه السلام) هو الذي شخلني عنك) [1](ئەی عەبدوڵلا ئایا بینیت؟) وتم بەڵێ، فەرمووی(دەی ئەوە جبریل علیه السلام بوو، ئەوەی کە لە تۆ سەرقاڵی کردم). [2]

تەبەرانیش لێیەوە هێناویەتی: عەبباس عەبدوڵلای نارد بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) بۆ کارێ، ئەویش بینی کەسێکی لەگەڵە، بۆیە گەڕایەوەو هیچی نەوت، فەرمووی بینیت؟ وتی بەڵێ، فەرمووی جبریل بوو، ئەویش نامرێ تا بینایی لە دەست دەداو زانستی بۆ دێ. [3]

تەبەرانی لە عروەی کوڕی ڕووەیم لە عربازی کوڕی سامریەوە، کە پیرێکی نێو هاوەڵان بوور حەزی دەکرد بمرێ، هێناویەتی نزای دەکرد: خوایە تەمەنم زۆرو ئێسکم نەرم بووە دەی بمبەرەوە بۆ لای خۆت، دەڵێت: من ڕۆژێ لە مزگەوتی دیمەشق بووم کە گەنجێکی زۆر جوان کە دواجێکی سەوزی پۆشیبوو هات‌و وتی: ئەوە چیە نزای بۆ دەکەیت؟ وتم چۆن نزا بکەم ئامۆزا گیان؟ وتی: بڵێ خوایە کاری چاك‌و مرگی هاتوو،وتم ڕەحمەتی خوات لێ بێت تۆ کێیت؟ وتی من(ریبائیل)م کە خەفەت لە دڵی باوەڕداران دەر دێنێ. [4] [1]

---

[1] - صحيح.

[2] - هەیسەمی(ج٩، ص٢٧٦) دەڵێت ئەحمەدو تەبەرانی بە چەند سەنەدێك هێناویانەو کەسەکانی صەحیحن،تەواو.

[3] - هەیسەمی(ج٩، ص٢٧٧) دەڵێت تەبەرانی بە چەند سەنەدێ هێناویەتی‌و کەسەکانی جێ متمانەن.

[4] - ضعيف.

سەلام‌و تەوقەی فریشتەکان لەگەڵ هاوەڵان

حاکم(ج٣، ص٤٧٢) لە میترەفی کوڕی عەبدوڵڵا لە عمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەی میترەف بزانە فریشتەکان لای سەرمەوەو لە ماڵ‌و لە بەردەرگای ژوورەکان سەلامم لێدەکەن، کە داخ دەمگرێ ئەوە نامێنێ، کە چاك بوویەوە دواندی، وتی: ئەی میترەف بزانە ئەوەی لە دەستمدا بۆم گەڕایەوە، ئەی میترەف بشارەوە تا دەمرم.

ئیبن سەعد(ج٤، ص٢٨٩) لە میترەفەوە هێناویەتی دەڵێت: عیمرانی کوڕی حوصەین پێی وتم: ئایا هەستت کرد سەلامی لێدەکردم کە لە هۆش چووم سەلام نەما، وتم: ئایا لەلای سەرتەوە سەلامت لێدەکرا یان لە خوارتەوە؟ وتی نا لەلای سەرمەوە، وتم وا نابینم بمریت تا ئەوەت دێتەوە ڕێ، دوای ئەوە پێی وتم ئایا بینیت کە سەلامکردنەکەم بۆ گەڕایەوە؟ دەڵێت: هێندەی نەبرد تا مرد، ئیبن سەعد(ج٤، ص٢٨٨) لە قەتادەوە هێناویەتی فریشتەکان تەوقەیان دەکرد لەگەڵ عیمرانی کوڕی حوصەین تا لە هۆش چوو ئینجا کەناریان دەگرت.

لێدوان لەگەڵ فریشتەکان

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٢٠٤) لە سەلەمەی کوڕی عەتیەی ئەسەدیەوە هێناویەتی دەڵێت: سەلمان چوو بۆ لای کەسێ کە لە سەرە مەرگدا بوو سەردانی کرد، وتی ئەی فریشتە لەگەڵی نەرم بە، دەڵێت کابرا دەیوت ئەوە دەڵێت: من لەگەڵ هەموو باوەڕدارێ نەرمونیانم.

فریشتەکان دەنگیان دەبیستن

ئیبن ئەبی دنیا لە کتاب الذکر لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: ئوبەی کوڕی کەعب(رضي الله عنه) وتی دەچمە مزگەوت‌و نوێژ دەکەم‌و سوپاسی خوا بە

[1] – هەیسەمی(ج١٠، ص١٨٤) دەڵێت: عروە لە لایەن چەندێکەوە جێ متمانەیەو سەعیدی کوڕی مقلامیش ناناسم‌و کەسەکانی دیکەش جێ متمانەن، تەواو.

جۆرێ دەکەم کە کەس وا سوپاسی نەکردبێ، کە نوێژی کردو دانیشت تا سوپاس‌و ستایشی خوا بکات دەنگێکی بەرزی لە پشتیەوە بیست دەیوت: خوایە هەموو سوپاس بۆ تۆیەو هەموو موڵك‌و دەسەلات بۆ تۆیەو هەموو خێر بەدەست تۆیەو هەموو بارێ ئاشکراو نهێنی بۆ لای تۆ دەگەڕێتەوە، سوپاس بۆ تۆ، بە ڕاستی تۆ بەسەر هەموو شتێکدا بە توانایت، لە تاوانی ڕابردووم خۆش بەو لەو بەشەی تەمەنم ماوە بێتاوان ڕامگرەو کردار گەلێکی پاکم پێ ببەخشە کە پێیان لە من ڕازی بیت‌و لێم خۆش بە، ئەویش چوو بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و بۆی گێڕایەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی ئەوە جبریل(علیه السلام) بوو.[1]

فریشتەکان لەسەر زمانی هاوەڵان(رضي الله عنهم) دەدوێت

تەبەرانی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(هەرکەس ڕقی لە عومەر بێت ڕقی لە منەو هەرکەس عومەری خۆش بوێت منی خۆش دەوێت، خوا شانازی دەکات بە خەڵك بە گشتی لە ئێوارەی عەرەفەو بە عومەرەوە بەتایبەت شانازی دەکات، خوا هەر پێغەمبەرێکی ناردبێ لە ناو ئوممەتەکەیدا ئیلهام بەخشێکی هەبووە، لە ئوممەتی مندا ئەگەر یەکێکتان هەبێت ئەوا عومەرە) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا چۆن ئیلهام بەخشە؟ فەرمووی(فریشتە لەسەر زمانی قسەدەکات).[2]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا(ج٣، ص١١٨) لە ئەنەسی کوڕی حلیسهوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لە هریر گەمارۆ دەر بووین پاش کشان‌و شکانیان نێردراوێ هات بۆ لامان‌و وتی: پاشان پێتان دەڵێت ئایا ڕێککەوتن دەکەن لەسەر

[1] – لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٠١)دا واهاتووە.

[2] – هەیسەمی(ج٩، ص٦٩) دەڵێت لە سەنەدەکەدا ئەبو سەعدی خزمەتکاری حەسەنی بەصری هەیە کە نایناسم، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن، تەواو.

ئەوەی ئەملای دیجلەو شاخمان بۆ ئێمەو ئەوپەڕی دیجلەو شاختان بۆ ئێوە بێت؟ ئایا تێر نابن؟ خوا سکتان تێر ناکات؟ ئەبو مفزەر ئەسوەدی کوڕی قوتبە کە خوا زمانێکی پێدابوو بۆ ئەوەی ئێمەو ئەویش نەماندەزانی دەیوت خەڵکی پێشیانخست، کابرا گەڕایەوەو بینیمان بەرەو مەدائین لە ڕێبڕین بوو، وتمان ئەبو مفزەر چیت پێ وت؟ وتی نە سوێند بەوەی موحەممەد(ﷺ) بە حەق ناردووە نازانم چی بوو بەڵام سوکنایییەکم هەیەو هیوام وایە قسەی خێرم کردبێ، خەڵکی پرسیاریان لێدەکرد تا سەعد(ﷺ) ئەوەی بسیتو هات بۆ لامانو وتی ئەبو مفزەر چیت وت؟ هەمان شتی ئێمەی وت، لە ناو خەڵکدا هاواری کردو دواتر هەڵیساندو مەنجەنیقەکانیشمان بەسەریانە بوو، هەرکەس بەسەر شارەکەدا دەر بکەوتایەو بهاتایە بۆ لامان کەسێ هاواری پەنای دەکردو ئێمەش پەنامان دەدا، وتی: ئەگەر کەسێکی تیادا مابوو چی ڕێتان لێدەگرێ، پیاون پیایدا هەڵزنینو تێکمان شکاند بینیمان کەسی تێدا نیە جگە لە هەندێ دیل کە گرتبوونمانو دەرمانکردنو پرسیارمان لەوانو لەو کابراش کرد بۆچی ڕایانکرد؟ وتیان: پاشا داوای ڕێککەوتنی لێکردن ئێوەش وەڵامتان دایەوە کە هیچ ڕێککەوتنێ لە نێوان ئێمەو ئێوەدا نیە تا هەنگوینی(ئفریذین) بە لیمۆی کوسیەوە بخۆین، پاشا وتی ئەی هاوار بۆی فریشتە لەسەر زمانیان قسە دەکەن وەڵاممان لە دژ دەڵێنو بەرامبەر عەرەب وەڵاممان دەدەنەوە، بەخوا ئەگەر وانەبوایە ئەمە تەنها شتێ بووە ئەو کابرا بە ڕوومدا خستبێتیە ڕوو کۆتاییمان پێدێ دەی بەرەو شاری دوور بگەڕێنەوە.

فریشتەکان لەبەر قورئان خوێندنی هاوەڵ دادەبەزن

بوخاریو موسلم دەقەکە هی ئەوە، لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویانە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر(رضي الله عنه) لە شەوێکدا لە حەوشەکەمدا قورئانی دەخوێند کە ئەسپەکەی هەڵبەزیو کەوتە حیلە، هەمدی وایکرد، دووبارە وایکرد، ئوسەید وتی: ترسام یەحیا بشێلێ، بۆیە هەستام بۆ لای ئەسپەکە سەیرمکرد شتێ وەك سێبەر وەك سێبەر لەسەر سەرمە، لە ئاسماندا بەرز بوویەوە تا نەمدی، بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من دوێنێ لە تاریکی شەودا لە حەوشەکەم قورئانم دەخوێند کە ئەسپەکەم هەڵبەزی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئیبن حوزەیر بخوێنە) منیش خوێندم هەمدی وایکرد، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئیبن حوزەیر بخوێنە) وتی خوێندم هەمدی هەڵبەزی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) هەمان شتی وتو منیش لاچووم چونکە یەحیا لێوەی نزك بوو ترسام بیشێلێت، شتێ وەك سێبەرم دی بەسەرمەوە بەرەو ئاسمان بەرز بوویەوە تا نەمدی، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (ئەوە فرشتە بوو گوێی لێدەگرتیت، ئەگەر یتخوێندایە بەیانیت دەکردەوە خەڵکی فریشتەکایان دەبینیو لێیان داپۆشراو(شاراوە نەبوو) حاکم بەو شێوە بە کورتی هێناویەتیو دەڵێ لەسەر مەرجی موسلم صەحیحە، تیایدا دەڵێ: لایکردەوە شێوەی چراگەلی بینی، وتی: لە نێوان ئاسمانو زەویدا بوو، وتی ئەی پێغەمبەری خوا نەمتوانی بچم فەرمووی(ئەوە فریشتەبوو دابەزی بۆ قورئان خوێندن، ئەگەر تۆ بچوویتایە شتگەلی سەرسوڕهێنەرت دەبینی).[1]

[1]- لە(الترغیب والترهیب ج٣، ص١٣) دا هاتووە، ئیبن حبانو تەبەرانیو بەیهەقی لە ئوسەیدی کوڕی حوزەیرەوە بە هەمان شێوە گێڕانەوەکەی حاکمیان هێناوە وە لە(کنز العمال ج٧، ص٧) دا هاتووە، ئەبو عوبەید لە الفضائلو ئەحمەدو بوخاری بە موعەللەقیو نەسائیو جگە لەوانیش بە کورتی لێیانەوە هێناوە، تیایدا دەفەرموێت(تلك الملائكة دنت لصوتك، ولو قرأت لاصبح الناس حتى ينظروا اليها لا تتوارى منهم).

فریشتەکان شۆردنی تەرمیان لە ئەستۆ دەگرن

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٣٥٧) لە مەحمودی کوڕی لەبید لە حەنزەلەی کوڕی ئەبو عامری برای عەمری کوڕی عەوفەوە هێناویەتی ئەبو سوفیانی کوڕی حەرب ڕۆژی ئوحود بەیەك گەیشتن، کاتێ حەنزەلە ویستی بەسەریدا سەرکەوێ شەدادی کوڕی ئەسوەد کە پێی دەوترا ئیبن شعوب، بینی بەسەر ئەبو سوفیاندا زاڵ بووە دای لە حەنزەلەو کوشتی، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(هاوەڵەکەتان واتە حەنزەلە فریشتەکان دەیانشۆرد دەی پرسیار لە خێزانی بکەن بزانن باری چۆنە) پرسیاری لێکراو وتی کە دەرچوو لەشگران بوو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(لەبەرئەوە فریشتەکان شۆردیان).[١]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٤٢٧) لە مەحمودەوە هێناویەتی کاتێ باڵی سەعد لە ڕۆژی خەندەق پێکرا باری قورس بوو، لای ئافەتێ بیردیان کە پێی دەواترا(رفیدە) فەرموودەکە بەو شێوە دێنێ تیایدا هاتووە پێغەمبەر(ﷺ) دەرچووو ئێمەش لەگەڵی دەرچووین، خێرا دەچوو تا قایشی نەعلەکانمان پچڕاندو عەبای سەر شانمان کەوت، هاوەڵانی سکاڵای ئەوەیان کرد ئەی پێغەمبەری خوا لە ڕۆیشتندا ماندوو بووین، فەرمووی(اني أخاف أن تسبقنا الملائكة اليه فتغسله كما غسلت حنظلة)(من دەترسم فریشتەکان پێشمان بکەون بۆی و بیشۆن وەك حەنزەلەیان شۆرد).

---

[١]- ئیبن ئیسحاق لە المعاذی لە عاصی کوڕی عومەرەوە هێناویەتی، سراج لە ڕێگەی ئیبن ئیسحاقەوە لە یەحیای کوڕی عبادی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیرەوە وە لە باوکی لە باپیریەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە(الأصابة ج١، ص٣٦١) دا هاتووە. حاکم(ج٣، ص٢٠٤) لە ڕێگەی ئیبن ئیسحاقەوە لە یەحیای کوڕی عبادی کوڕی عەبدوڵڵا لە باوکی لە باپیریەوە بەو واتایە هێناویەتی و دەڵێت ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی مەسلم صەحیحەو بوخاریو موسلم نەیانهێناوە

هەروەها لە(ج٣، ٤٢٣) لە عاصی کوڕی عومەری کوڕی قەتادەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) مردو فریشتەیەك هات بۆ لای یان وتی جبریل هات بۆ لای، کاتێ لە خەو هەستا، وتی: کام کەس لە ئوممەتت ئەمشەو مرد خەڵکی ئاسمان بە مردنی موژدە بەخش بووین؟ فەرمووی(نازانم بەڵام سەعد ئێوارە نەخۆش بوو سەعد چی کرد؟) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا مردو هۆزەکەی هاتن‌و بردیان بۆ شوێنی خۆیان، پێغەمبەر(ﷺ) نوێژی بەیانی کرد پاشان لەگەڵ خەڵك چووو خەڵکیش بە پێ دەچوون تا قایشی نەعلەکانیان دڕاو عەبایان لە شانیان دەکەوت، کەسێ پێی وت: ئەی پێغەمبەری خوا خەڵکی ماندوو بوون، فەرمووی(اني أخشى أن تسبقنا اليه الملائكة كما سبقتنا الى حنظلة)(دەترسم فریشتەکان پێشمان بکەون بۆ لای وەك بۆ حەنزەلە پێشمان کەوتن).

فریشتەکان لەگەڵ تەرمیاندا دەبن

بوخاری‌و موسلیم لە جابرەوە(رضي الله عنه) هێناویانە کاتێ باوکی کوژرا جلەکەی دەگرتە دەست‌و دەگریاو خەڵکیش ڕێگرییان لێدەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(تبكيه أو لا لم تزل الملائكة تظله حتى رفعتموه)(بۆی دەگریت یان نا بەردەوام فریشتەکان سێبەری بۆ دەکەن تا بەرزی دەکەنەوە).[1]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٥٦١) لێوەی هێناوە(ما زالت الملائكة تظله بأجنحتها حتى رفعتموه).

ئیبن سەعد(ج٣، ٤٢٨) لە سەلەمەی کوڕی ئەسلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: من پێغەمبەرم (ﷺ) بینی‌و لە بەردەرگادا بووین دەمانویست بە دوایدا بچین، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ژوورو کەس لە ماڵدا نەبوو جگە لە سەعد بە کەوتوویی، بینیم

[1] – لە(البداية والنهاية ج٤، ص٤٤) دا واهاتووە.

هەنگاوی دەنا، کە بینیم وەستام‌و ئاماژەی بۆ کردم بوەستە، منیش وەستام‌و بە دوای خۆمدا گەڕامەوە، ماوەیەك دانیشت پاشان دەرچوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا کەسم نەبینی لە ماڵ کەچی هەنگاوت دەناو ئەملاو ئەولات دەکرد، فەرمووی(ما قدرت على مجلس حتى قبض لي ملك من الملائكة احد جناحية فجلست)(شوێنێکم بە دی نەکرد تا یەکێ لە فریشتەکان دوو باڵەکەی داخست بۆم‌و منیش دانیشتم) ئینجا فەرمووی(هنيئا لك أبا عمر) سێ جار فەرمووی(پیرۆزت بێ ئەبو عەمر).

بەزار لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(حەفتا هەزار فریشتە دابەزین بۆ سەعدی کوڕی موعاذ کە پێشتر کەسیان پێیان نەکەوتبووە سەر زەوی) کاتێ سەعد خرایە ژێر خاك فەرمووی(سوبحانەڵلا، ئەگەر کەسێ لە گۆڕەفشار ڕزگاری بوایە بەدڵنیاییەوە سەعد لێی دەربازی دەبوو).[1]

ئیبن سەعد(ج٣، ص٤٣٠) لە ئیبن عومەرەوە بەو واتایە هێناویەتی، ئیبن سەعد (ج٣، ص٤٢٩) لە سەعدی کوڕی ئیبراهیمەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ڕاخەرەکەی سەعد هێنرایە دەر خەڵکی لە دووڕووەکان وتیان تەرم یان ڕاخەرەکەی سەعد چەندە سووکە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(بەڕاستی حەفتا هەزار فریشتە دابەزین بەشداری تەرمی سەعد بوون، کەسیان پێش ئەمڕۆ نەهاتبوونە سەر زەوی).

ئیبن سەعد(ج٣، ص٤٣٠) لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ سەعدی کوڕی موعاذ(رضي الله عنه) مرد کەسێکی زەبەلاح بوو، دووڕووەکان کە لەپشت تەرمەکەیەوە دەچوون دەیانوت: وەك ئەمڕۆ کەسمان هێندە سووك‌وسادە نەدیوە،وتیان دەزانن بۆ چی؟ لەبەر بڕیاردانی بەرامبەر بەنی قورەیزە، ئەوە باسکرا بۆ پێغەمبەر(ﷺ) ئەویش فەرمووی(والذي نفسي بيده لقد كانت الملائكة تحمل سرية)(سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە فریشتەکان تەرمەکەیان هەڵدەگرت).

---

[1] – هەیسەمی(ج٩، ص٣٠٨) دەڵێت: بەزار بە دوو سەنەد هێناویەتی‌و کەسەکانی سەنەدەکەش صەحیحن، تەواو.

ترس خستنە دڵی دوژمنان

تەبەرانی لە موعاویەی کوڕی حیدەی قوشەیریەوە هێناویەتی دەڵێت: من چووم بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) کە چوومە لای فەرمووی(أما اني سألت الله أن يغنيني بالسنة تحفيكم وبالرعب يجعله في قلوبكم)(من داوام لە خوا کرد بە وشکەساڵی بۆ ریشەکێشکردنتان و ترس خستنە دڵتانیارمەتیم بدات) بە دەستەکانی ئاماژەی کردو وتی: من ئاواو ئاوا سوێندم خواردووە باوەڕت پێ نەهێنمو شوێنت نەکەوم، بەردەوام وشکەساڵی ریشەکێشی کردم وترسم لە دڵمدا بوو تا هاتمە بەردەمت.[1]

بەیهەقی لە سائیبی کوڕی یەسار لە یەزیدی کوڕی عامری سوائیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لەسەر ئەو ترسەی خوا لە ڕۆژی حونەین خستیە دڵی بێباوەڕان پرسیارمان لێکرد چۆن بوو؟ وتی: چەوێکی بۆ هەڵدەگرتینو فڕێی دەدایە ناو تەشتێ، دەنگی دەدایەوە، ئێمە ئەوەمان لە دەروونماندا بەدیدەکرد.[2]

توندی بەرامبەر دوژمن

ئیبن سەعد(ج١، ص١٨٨) لە زەیدی کوڕی ئەسلەمو جگە لەوەوە هێناویەتی سوراقەی کوڕی مالیك سواربووو بە دوای پێغەمبەر(ﷺ) چوو پاش ئەوەی یەکلایی کردەوە بچێ یان نەچێ، سێ جار دەچووو دەگەڕایەوە، ئەمجار سواربووو کەوتە شوێنیان، پێغەمبەر(ﷺ) نزای کرد قاچەکانی ئەسپەکە بە زەویدا بچن، نزاکەی گیرا بوو، سوراقە وتی ئەی موحەممەد نزا بکە خوا ئەسپەکەم ئازاد بکات دەگەڕێمەوەو لێت دوور دەخەمەوە، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(خوایە ئەگەر ڕاست دەکات ئەسپەکەی بۆ بەر بدە) بەوە قاچەکانی ئەسپەکەی هاتنە دەر.

---

[1] – هەیسەمی(ج٦، ص٦٦)دەڵێت: سەنەدەکەی حەسەنە، نەسائیو جگە لەویش جگە لە باسی ترس هێناویانە،تەواو.

[2] –(البداية والنهاية ج٤، ص٣٣)..

ئیبن سەعد(ج١، ص٢٣٢) لە عومەیری کوڕی ئیسحاقەوە هێناویەتی، تیایدا هاتووە وتی: ئەی دوانەکە لای خوا نزام بۆ بکەن بەڵێن بیٚ نەگەڕێمەوە، ئەوانیش داوایانکرد لە خوا ئەویش هەمدی گەڕایەوە، دووبارە تووش بوو، وتی نزام بۆ بکەن بەڵێن بیٚ نەگەڕێمەوە، پێشنیاری توێشووو بارەکەی خۆیشی بۆ کردن، فەرموویان(اکفانفسك)(خۆتمان لیٚ دوور بگرە بەسمانە) وتی وازم هێناو دوورم گرت لێیان، لە فەرموودەیەکی دوورو درێژیشی لەسەر کۆچ لە ئەبو مەعبەدی خوزاعیەوە هێناویەتی دەڵێت وتی: ئەی موحەممەد داوا لە خوا بکە ئەسپەکەم دەرباز بکات منیش دەگەڕێمەوەو ئەوانەی دوای خۆشم دەگەڕێنمەوە، ئەویش وای کردو ئەسپەکە بەر بووو ئەویش گەڕایەوە، بینی خەڵکی بە دوای پێغەمبەردا دەگەڕێن، وتی بگەڕێنەوە من لێرەوە لە بری ئێوەش گەڕام نەبوو، من سەیری ئێرەم کرد، ئەوانیش گەڕانەوە.

ئیبن سەعد(ج١، ص٢٣٥) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی باسی فەرموودەی کۆچی کردووەو تیایدا هاتووە، ئەبوبەکر لایکردەوەو سەیری کرد سوار چاکیٚ بە دوایاندا دێت، وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە سوار چاکیٚ بەدوامانەوە دیٚ، پێغەمبەر(ﷺ) لایکردەوەو فەرمووی(اللهم اسرعه)(خوایە بیخە) ئەسپەکەی خستی، پاشان هەستاو حیلاندی، وتی ئەی پێغەمبەری خوا چیت دەویٚ پێم بڵیٚ، فەرمووی(لە شوێنت بوەستەو ڕێمەدە کەس بەدواماندا بێت) سەرەتای ڕۆژ دژی پێغەمبەر(ﷺ) بووو کۆتاییەکەشی پارێزەری بوو، پێشتریش چیرۆکی سوراقەمان لە فەرموودەکەی بەرائەوە هێنا کە ئەحمەد لە باسی کۆچکردنی پێغەمبەردا(ﷺ) هێناویەتی.

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی ئەربەدی کوڕی قەیس و عامری کوڕی توفەیل هاتن بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) گەیشتنە لای و ئەویش دانیشتبوو، ئەوانیش لەبەردەمیدا دانیشتن، عامری کوڕی توفەیل وتی: ئەی موحەممەد ئەگەر

موسڵمان ببم چیم بۆ دەکەیت؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی(ئەوەی بۆ موسڵمانان هەیە بۆ تۆش هەیە لەسەر تۆیش هەیە) عامری کوڕی توفەیل وتی ئەگەر موسڵمان ببم دوای خۆت هیچم بۆ هەیە؟ فەرمووی(لیس ذلك لك ولا لقومك ولكن لك أعنة الخيل) (ئەوە بۆ خۆت و هۆزیشت نیە بەڵام دەتکەمە فەرماندەی سوارەکان) وتی دەی من ئێستا ئەوەم هەیە، بەڵکو لادێکان بۆ من و شاریش بۆ تۆ،پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نا)،کاتێ لەلای چوون عامر وتی:بەخوا بۆت پڕدەکەم لە ئەسپ و سەرباز، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی(خوا ڕێت لێدەگرێت) کاتێ ئەربەدو عامر چوون، عامر وتی: ئەی ئەربەد من موحەممەد بە قسە سەرقاڵ دەکەم و تۆیش بە شمشێر لێی بدە، چونکە ئەگەر موحەممەد بکوژیت خەڵکی بە ڕازی بوون بە سەرانە دان زیاتر ناچن و ڕقیان لە شەڕە بەوە سەرانەیان دەدەینێ، ئەربەد وتی باشە، هەردووکیانْ گەڕانەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) عامر وتی: ئەی موحەممەد لەگەڵم هەستە تا قسەت لەگەڵ بکەم، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵی هەستا، لای دیوارەکە دانیشتن و پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵی وەستاو قسەی لەگەڵ دەکرد، ئەربەد شمشێری هەڵگرت بەڵام دەستی توانای شمشێرەکەی نەما، بۆیە لێدانەکەی دوا خست، پێغەمبەر(ﷺ) لایکردەوەو بینی ئەربەد چی دەکات لە لایان چوو، کە ئەربەدو عامر لای پێغەمبەر(ﷺ) چوون گەیشتنە(الحرة) دابەزین، سەعدی کوڕی موعاذو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر چون بۆیان و وتیان: دەرکەون ئەی دوو دوژمنی خوا نەفرینی خواتان لێبێت، عامر وتی ئەوە کێیە ئەی سەعد؟ وتی: ئەوە سوەیدی کوڕی حوزەیری عاتبە، دەرچوون تا گەیشتنە(الرقم) خوا هەورە بروسکەیەکی نارد بۆ ئەربەدو کوشتی، عامر دەرچوو تا لە(الجريم) خوا دەردێکی بۆ ناردو گرتی و شەو لە ماڵی ئافرتێ لە بەنی سەلوول بوو قورم کە گەیشتبوویە قورگی و دەیوت دەردێ وەك دەردی وشتر لە ماڵی ئافرتێکی سەلوولی حەزدەکات لە ماڵی ئەو بمرێت، پاشان سوار ئەسپەکەی بووو لە

گەڕانەوەیدا لەسەری مرد، خوای گەورەش لەسەریان ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿اللَّهُ يَعْلَمُ مَا تَحْمِلُ كُلُّ أُنثَى﴾ تا ﴿وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِ مِن وَالٍ﴾ دەڵێت: بە دوادا هاتنی فەرمانی خوا کە موحەممەد دەپارێزن، پاشان باسی ئەربەدو کوژرانی دەکات، دەفەرموێت(ویرسل الصواعق).[1]

شکستی دوژمنان بە وەشاندنی زیخو خۆڵ

تەبەرانیو ئەبو نەعیمو ئیبن عەساکیر لە حارثی کوڕی بەدەلەوە هێناویانە دەڵێت: ڕۆژی حونەین پێغەمبەر(ﷺ) بینی هەموو هاوەڵانی داشکان جگە لە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیبو ئەبو سوفیانی کوڕی حارث پێغەمبەر(ﷺ) مشتێ خۆڵی بەسەرماندا فڕێ دا ئێمەش شکاین، وامدەبینی چی درەختو بەرد هەیە بەدوامانەوەیە.[2]

یەعقووبی کوڕی سوفیان لە عەمری کوڕی سوفیانی ثەقەفیوە جگە لەویشەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی حونەین موسڵمانان شکانو تەنها عەبباسو ئەبو سوفیانی کوڕی حارث لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) مانەوە، پێغەمبەر(ﷺ) مشتێ زیخی هەڵگرتو وەشاندی بە ڕووی دەموچاویاندا، دەڵێت: ئێمەش شکاینو واماندەزانی چی دارو بەرد هەیە سوارچاکەو بەدواماندا دێت، ثەقەفی دەڵێت چوومە سەر ئەسپەکەم تا چوومە تائیف.[3]

---

[1] – لە تەفسیری ئیبن کەثیر(ج٢، ص٥٠٦)دا واهاتووە.

[2] – لە(کنز العمال ج٥، ص٣٠٤) دا واهاتووە، ئیبن مندەو ئیبن عەساکیر بە کورتی لێوەی هێناوە لە(کنز العمال)دا هاتووە.

[3] – لە(البدایە والنهایە ج٤، ص٣٣٢)دا واهاتووە.

تەبەرانی لە(المعجم الكبير والأوسط) لە حەکیمی کوڕی حزامەوە هێناویەتی دەڵێت: دەنگێکمان لە ئاسمانەوە بیست کە هاتە سەر زەوی وەك دەنگی چەوو زیخ لە تەشتێکدا وابوو، پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەی وەشاندو ئێمەش شکاین.[1]

هەروەها دەڵێت: ڕۆژی بەدر پێغەمبەر(ﷺ) مشتێ زیخی هەڵگرت و بە ڕووماندا وەشاندی و فەرمووی(شاهت الوجوه) ئێمەش شکاین، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى﴾.[2]

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی پێغەمبەر(ﷺ) بە عەلی(رضي الله عنه) فەرموو(ناولني كفا من حصى)(مشتێ زیخم بدەرێ) ئەویش پێیدا، پێغەمبەر(ﷺ) بە ڕووی دوژمندا وەشاندی و هەموویان پڕبوو، ئەو ئایەتە دابەزی ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَكِنَّ اللَّهَ رَمَى﴾.[3]

بەیهەقی لە فەرموودەکەی یەزیدی کوڕی عامری سوائیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر(ﷺ) مشتێ خۆڵی هەڵگرت پاشان ڕوویکردە بێباوەڕان و وەشاندی بە ڕوویانداو فەرمووی(ارجعوا شاهت الوجوه) هەرکەس دەگەیشت بە براکەی هاواری چاوی دەکرد.[4]

---

[1] -(هەیسەمی(ج٦، ص٨٤) دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە.

[2] -(هەیسەمی ج٦، ص٨٤) دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە.

[3] -(هەیسەمی ج٦، ص٨٤) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[4] - لە(البدایه والنهایه ج٤، ٣٣٣)دا واهاتووە.

به كەمدانانی دوژمن له دیدی هاوەڵانەوە

تەبەرانی له عەبدوڵلای كوڕی مەسعوودەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت ڕۆژی بەدر دوژمنان لەبەر چاومان ژمارەیان كەمبوو تا من به هاوەڵەكەی پاڵ خۆم وت وا دەبینی حەفتا كەس بن؟ وتی وا دەزانم سەد كەس بن، تا كەسێك لەوانمان گرتو پرسیارمان لێكرد وتی هەزار كەس بووین.[1]

سەرخستن به باوبۆران

(ئیبن سەعد ج٢، ص٧١) له سەعیدی كوڕی جوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی خەندەق له مەدینه بوو، ئەبو سوفیانی كوڕی حەربو هاودەمانی قوڕەیشو كینانەو عویەینەی كوڕی حصنو غەتفانو تولەیعەو بەنی ئەسەدو ئەبولئەعوەرو بەنی سەلیم هاتن، قورەیزەش لەگەڵ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەڵێنێكیان هەبوو، ئەو بەلێنەیان شكاندو دایانه پاڵ بێباوەڕان، خواش ئەو ئایەتەی لەسەر دابەزاند ﴿وَأَنزَلَ الَّذِينَ ظَاهَرُوهُم مِّنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن صَيَاصِيهِمْ﴾ جبریل(علیه السلام) هاتو ڕەشەبای لەگەڵدا بوو،پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) كه جبریلی بینی سێجار فەرمووی(الا ابشروا)(موژدەتان لێبێت) خوا ڕەشەبای بۆ بێباوەڕن ناردو چادرین ڕماو پەتیان بڕاو بارگەو بنەیان ژێر خاك كەوت، ئەوانیش ڕایانكردو كەس لاینەكردەوە به لای كەسدا، خواش ئەو ئایەتەی لەسەر دابەزاندن ﴿إِذْ جَاءتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحاً وَجُنُوداً لَّمْ تَرَوْهَا﴾ ئەوكات پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) گەڕایەوە.

(ئیبن سەعد ج٢، ص٧٧) له حەمیدی كوڕی هیلالەوە هێناویەتی دەڵێت: قسەو بەلێنێ لەنێوان پێغەمبەرو(صلى الله عليه وسلم) قورەیزەدا هاتبوو، كاتێ ئەحزاب هاتنو سەربازیان

[1] – له(المجمع ج٦، ص٨٤) دا هاتووە، ئیبن ئەبی حاتەمو ئیبن جەریر له ئیبن مەسعوودەوە به هەمان شێوە هێناویانی وەك له تەفسیری(ئیبن كەثیر ج٢، ص٣١٥)دا هاتووە.

...نا قورەیزە بەڵێنیان شکاندو دایانە پاڵ بێباوەڕان دژ بە پێغەمبەر(ﷺ) خوا ...ەربازو ڕەشەبای ناردو ئەوانیش ڕایانکردو ئەوانی دیکەش لە قەڵاکەیاندا مانەوە، ...رمووده‌کەی شەڕی بەنی قورەیزە دەهێنێت.

...بەزار لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: شەوی ئەحزاب ڕەشەبا هات بۆ ...ی تین و وتی بڕۆن تا پێغەمبەر سەردەخەین، بەشەو گەرما ناچێت، ئەو ڕەشەبای ...ە پێغەمبەری(ﷺ) پێ سەرخرا کزە بوو.[1]

ڕۆ بردن و لەناو بردنی دوژمنان

...بەزار لە بورەیدەوە هێناویەتی کەسێ ڕۆژی ئوحود وتی: خوایە ئەگەر ...حەممەد لەسەر حەقە ڕۆم ببە بە زەویدا، خواش ڕۆی برد بە زەویدا.[2]

...ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٧٦) لە نافعی کوڕی عاصمەوە هێناویەتی دەڵێت: ...وەی دەموچاوی پێغەمبەری(ﷺ) خوێناوی کرد عەبدوڵڵای کوڕی قینەئە بوو لە ...ۆزی هوزەیل بوو، خوا بزنەکێوی بەسەردا زاڵ کرد هێندە شاخی لێدا تا کوشتی.

چاو لە دەستدان بە نزاکانیان

...ئەحمەد لە عەبدوڵڵای کوڕی مغفلی موزەینەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لە ...ودەیبیە لەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) بووین، فەرموودەی ڕێککەوتنی حودەیبیە دێنێ و ...ایدا هاتووە، لەو بارەدا بووین سی(٣٠) گەنجی چەکدار بە ڕووماندا هاتن ...غەمبەر(ﷺ) نزای لێدەکردن، خواش کوێری کردن، ئێمەش چووین بۆیان و بە

...(ج٦، ص٦٦) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، ئیبن ئەبی حاتەم لە ئیبن عەبباس و ...ن جەریر لە عیکرمەوە بەو واتایە هێناویانە وەك لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٣، ص٤٧٠) دا ...تووە.

[2] — (هەیسەمی ج٦، ١١٢) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

دیلمانگرتن، پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) فەرمووی(ئایا لە بەڵێنی کەسدا هاتوون یان ئایا کەس پەنایەکی پێداون) وتیان نا، ئەویش بەریدان، خواش ئەم ئایەتەی دابەزاند ﴿وَهُوَ الَّذِي كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِن بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ وَكَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيراً﴾(الفتح: ٤٩).[١]

تەبەرانی لە زاذانەوە هێناویەتی عەلی(رضي الله عنه) قسەیەکی کردو کەسێ بە ڕۆی دەزانی، عەلی(رضي الله عنه) پێی وت: ئەگەر درۆم کردبێ نزات لێدەکەم، وتی نزا بکە، عەلی نزای لێکرد، لا نەچوو تا کابرا کوێر بوو.[٢]

ئەبو نەعیمیش لە(الدلائل ص٢١١) لە عەممارەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت:عەلی(رضي الله عنه) قسەیەکی بۆکەسێك کرد، کەسەکەش پێی وت درۆ دەکەیت، کابرا هەڵنەسا تا کوێر بوو.

ئیبن ئەبی دنیا لە زاذانەوە هێناویەتی کەسێ قسەیەکی کرد بۆ عەلی(رضي الله عنه)، ئەویش وتی دەبینم درۆ دەکەیت، وتی نا وتی ئەگەر درۆ بکەیت نزات لێدەکەم، وتی نزا بکە، عەلی(رضي الله عنه) نزای لێکرد، کابرا هەڵنەسا تا کوێر بوو.[٣]

ئەبو نەعیم لە(الحلية ج١، ص٩٦) لە ئیبن عومەرەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی مەروان خەڵکانێکی نار بۆ لای سەعیدی کوڕی زید تا لەسەر ئەڕوای کچی ئوەیس بدوێنن کە لەسەر شتێ دەمە قاڵەی لەگەڵ ببوو، ئەویش وتی وام نیشاندەدەن ستەمی لێدەکەم من لە پێغەمبەرم(صلى الله عليه وسلم) بیستووە دەیفەرموو(من ظلم شبرا من الارض طوقة يوم القيامة من سبع أرضين) (هەرکەس بستێ خاك ستەم بکات لە ڕۆژی دوایدا لە

---

[١]-(هەیسەمی ج٦، ص١٤٥) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، نەسائی بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٤، ص١٩٢) دا هاتووە.

[٢]-(هەیسەمی ج٩، ص١١٦) دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەمماری حەزرەمی هەیە کە نایناسم و کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن، تەواو.

[٣] – لە(البداية والنهاية ج٨، ص٥)دا واهاتووە.

حەوت زەویدا پەنگ دەدریّ) خوایە ئەو ژنە درۆ دەکات نەیمرێنی تا کوێری دەکەیت‌و گۆڕەکەی بیرەکەی بێت، دەڵێت: سوێند بەخوا نەمرد تا کوێر بووو دەرچوو لە ماڵەکەیدا دەگەڕاو وریا بوو، کەوتە ناو بیرەکەی‌و بوو بە گۆڕی.[1]

ئەبو نەعیم لە(ج١، ص٩٧) لە ئەبوبەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەمزەوە هێناویەتی ئەروا داوای سەرکەوتنی لەسەر سەعیدی کوڕی زەید کرد، داواکەی لای مەروانی کوڕی حەکەم کرد، خوایە ئەو ژنە دەڵێت ستەمم لێکردووە، ئەگەر درۆ دەکات خوایە کوێری بکەو بیخەرە ناو بیرەکەی‌و لە مافم ڕووناکیەك نیشان بدە کە بۆ موسڵمانان ئەوە ڕوون بکاتەوە ستەمم لێنەکردووە،دەڵێت: لەم بارەدا بوو کە عەقیق لافاوێکی بێ وێنەی هێنا، بەوە ئەو سنووره ناکۆکیەی نێوانیانی ئاشکرا کرد، دەرکەوت سەعید لەوەدا ڕاستگۆ بوو، مانگێکی نەخایاند تا کوێر بوو، ئەو ژنە بەناو زەویەکەیدا دەگەڕا کەوتە بیرەکەی، دەڵێت: ئێمە مێر منداڵ بووین‌و گوێمان لە کەس بۆ کەس دەگرت دەیوت: خوا وەك ئەروا کوێرت بکات، ئێمە واماندەزانی ئەروای دڕندە دەڵێت: کەچی سەیرمانکرد ئەو ئەروایە دەڵێت کە سەعید نزای لێکرد، خەڵکی باسیان دەکردن چۆن خوا نزای گیراکردووە.

تەبەرانی لە ئەبو ڕەجادی عەتاریەوە هێناویەتی دەڵێت:قسە مەڵێن بە عەلی‌و کەس لە ئالو بەیت چونکە دراوسێیەکمان لە بلهەجیم بوو وتی: سەیری ئەو فاسقە ناکەن حوسەینی کوڕی عەلی خوا بیکوژێت؟ خوا دوو ئامازەی لە چاوانیدا نووشکردو کوێری کرد.[2]

---

[1] – لە عروەشەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] – هەیسەمی ج٩، ص١٩٦دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، تەواو.

حەوت زەویدا پەنگ دەدریٚ) خوایە ئەو ژنە درۆ دەکات نەیمرێنی تا کوێری دەکەیت‌و گۆڕەکەی بیرەکەی بێت، دەڵێت: سوێند بەخوا نەمرد تا کوێر بووو دەرچوو لە ماڵەکەیدا دەگەڕاو وریا بوو، کەوتە ناو بیرەکەی‌و بوو بە گۆڕی.[1]

ئەبو نەعیم لە(ج١، ص٩٧) لە ئەبوبەکری کوڕی موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی حەمزەوە هێناویەتی ئەروا داوای سەرکەوتنی لەسەر سەعیدی کوڕی زەید کرد، داواکەی لای مەروانی کوڕی حەکەم کرد، خوایە ئەو ژنە دەڵێت ستەمم لێکردووە، ئەگەر درۆ دەکات خوایە کوێری بکەو بیخەرە ناو بیرەکەی‌و لە مافم ڕووناکیەك نیشان بدە کە بۆ موسڵمانان ئەوە ڕوون بکاتەوە ستەمم لێنەکردووە،دەڵێت: لەم بارەدا بوو کە عەقیق لافاوێکی بیٚ وێنەی هێنا، بەوە ئەو سنوورە ناکۆکیەی نێوانیانی ئاشکرا کرد، دەرکەوت سەعید لەوەدا ڕاستگۆ بوو، مانگێکی نەخایاند تا کوێر بوو، ئەو ژنە بەناو زەویەکەیدا دەگەڕا کەوتە بیرەکەی، دەڵێت: ئێمە مێر منداڵ بووین‌و گوێمان لە کەس بۆ کەس دەگرت دەیوت: خوا وەك ئەروا کوێرت بکات، ئێمە واماندەزانی ئەروای دڕندە دەڵێت: کەچی سەیرمانکرد ئەو ئەروایە دەڵێت کە سەعید نزای لێکرد، خەڵکی باسیان دەکردن چۆن خوا نزای گیراکردووە.

تەبەرانی لە ئەبو ڕەجادی عەتاریەوە هێناویەتی دەڵێت:قسە مەڵێن بە عەلی‌و کەس لە ئالو بەیت چونکە دراوسێیەکمان لە بلهەجیم بوو وتی: سەیری ئەو فاسقە ناکەن حوسەینی کوڕی عەلی خوا بیکوژێت؟ خوا دوو ئاماژەی لە چاوانیدا تووشکردو کوێری کرد.[2]

---

[1] – لە عروەشەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] – هەیسەمی ج٩، ص١٩٦دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، تەواو.

پێدانه‌وه‌ی بینایی به‌ نزاکانیان

ئه‌بو ه‌عیم له‌(الدلائل النبوة ص٦٣) له‌ ئیبن عه‌بباسه‌وه‌(رضي الله عنه) هێناویه‌تی ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له‌ مزگه‌وتدا قورئانی ده‌خوێندو به‌ ئاشکرا ده‌یخوێند تا خه‌ڵکی له‌ قوره‌یش پێی بێزار بوون تا هه‌ستان تا لایبه‌ن، ده‌ستیان برد بۆ گه‌ردنیان و هه‌موو کوێرو نابینا بوون، هاتن بۆ لای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ)و وتیان: بۆ خاتری خواو له‌به‌ر خزمایه‌تی ئه‌ی موحه‌مه‌د، ده‌ڵێت: چی به‌شی قوره‌یش بوو له‌گه‌ڵ پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) نزیکایه‌تیان هه‌بوو، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) نزای کرد تا ئه‌وه‌یان له‌سه‌ر لاچوو، ئه‌و کات خوا ئه‌و ئایه‌ته‌ی دابه‌زاند ﴿وَالْقُرْآنِ الْحَكِيمِ إِنَّكَ لَمِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ تا ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَاءٌ عَلَيْهِمْ أَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لاَ يُؤْمِنُونَ﴾ ده‌ڵێت: که‌س له‌وانه‌ باوه‌ڕیانه‌ نه‌هێنا.

ته‌به‌رانی له‌ قه‌تاده‌ی کوڕی نوعامه‌وه‌ هێناویه‌تی ده‌ڵێت: که‌وانێ پێشکه‌شی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) کرا، ئه‌ویش ڕۆژی ئوحود دای به‌ من، منیش له‌به‌رده‌م پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) تیرم پێ هاویشت تا له‌کار که‌وت، له‌ به‌رده‌م پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) وه‌ستام و تیره‌کانم به‌ر خۆم ده‌دا تا هه‌رکات تیرێ به‌ره‌و لای پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌هات خۆم ده‌دایه‌ به‌ری و سه‌رم به‌ر پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌که‌وت بێ ئه‌وه‌ی تیرێ بوه‌شێنم، کۆتا تیریان به‌ سه‌رووی کۆڵم که‌وت و کۆو جه‌معه‌که‌ جیا که‌وت، به‌ ده‌ستم پێلووم گرت و له‌ ده‌ستمدا بردم به‌ره‌و لای پێغه‌مبه‌(ﷺ) که‌ پێغمه‌به‌ر(ﷺ) بینی چاوه‌کانی فرمێسکیان ڕشت و فه‌رمووی(اللهم ان قتادة قد اوجه نبيك بوجه فاجعلنا احسن عينيه واحدهما نظرا) (خوایه‌ قه‌تاده‌ ڕووی خۆی خسه‌ به‌ پێغه‌مبه‌ره‌که‌ت ده‌ی چاوه‌کانی بکه‌ به‌ باشترین و به‌هێزترین بینین) خواش نزاکه‌ی گیرا کرد.[1]

[1]-(هه‌یسه‌می ج٨، ص٢٩٧) ده‌ڵێت له‌ سه‌نه‌ده‌که‌یدا که‌س هه‌ن که‌ نایانناسم،ئه‌بو نه‌عیم له‌(الدلائل ص١٧٤) له‌ قه‌تاده‌وه‌ به‌ هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی،(ئیبن سه‌عد ج٣، ص٤٥٣) له‌ عاصمی کوڕی عومه‌ری کوڕی قه‌تاده‌وه‌ به‌ کورتی هێناویه‌تی.

دارقوتنی‌و ئیبن شاهین لە مەحموودی کوڕی لبیدەوە لە قەتادەوە هێناویەتی کە ڕۆژی ئوحود چاوی پێکراو کەوتە سەر کوڵمی، پێغەمبەر(ﷺ) خستیەوە شوێنی خۆی، ئەو چاوەی بوو بە سەلامەتترین چاوی.[1]

بەغەوی‌و ئەبو یەعلا لە عاصمی کوڕی عومەری کوڕی قەتادە لە قەتادەی کوڕی نوعامەوە هێناویەتی ڕۆژی بەدر چاوی بەر کەوت‌و پێڵووی لەسەر کوڵمی کەوت، ویستیان ببڕن، وتیان نا با فەرمان لە پێغەمبەر(ﷺ) وەربگرین، کە چوون بۆ لای فەرمووی نا، پاشان بانگی کردو لە شوێنی خۆی داینایەوەو دواتر ئیدی نەیدەزانی کام چاوی وای لێهاتووە.[2]

ئەبو یەعلا لە عەبدوڕەحمانی کوڕی حارثی کوڕی عوبەیدە لە باپیریەوە هێناویەتی دەڵێت: لە ڕۆژی ئوحود چاوی ئەبو زەر پێکرا، پێغەمبەر(ﷺ) تفی لێدا ئەوە چاکترین چاوی دەرچوو.[3]

ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص٢٢٣) لە رفاعەی کوڕی رافعەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی بەدر تیرێ وەشێنراو چاوی کوێر کردم، پێغەمبەر(ﷺ) تفی لێداو نزای بۆ کردم، ئیدی هیچ ئازاری نەدام، ئیبن ئەبی شەیبە لە کەسێك لە بەنی سلامان لە دایکیەوە هێناویەتی حەبیبی کوڕی فوەیکی خاڵۆی بۆی گێڕایەوە باری بردی بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)و چاوەکانی سپی هەڵگەڕابوون‌و هیچی پێ نەدەبینین، پرسیاری لێکرد وتی: من لەسەر وشترێ خۆم فێر دەکرد کە پێم کەوتە سەر هێلکە مارێ‌و چاوەکانم تووش بوون،

[1] – دارقوتنی‌و بەیهەقی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە بە هەمان شێوە هێناویانە، لە(الأصابة ج٣، ص٢٢٥) دا واهاتووە، ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص١٧٤) لە قەتادەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێڕانەوکەیدا هاتووە: چاکترین‌و بەهێزترین چاوی بوو.

[2] – لە(الأصابة ج٣، ص٢٢٥)دا واهاتووە،(هەیسەمی ج٨، ٢٩٨) دەڵێت یەحیای کوڕی ئەبولحەمیدی حەمانی لە سەنەدەکەی ئەبو یەعلادا هەیە کە لاوازە.

[3] –(هەیسەمی ج٨، ص٢٩٨) دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەبدولعەزیزی کوڕی عیمران هەیە کە لاوازە.

پێغەمبەر(ﷺ) فووی کرد بە چاوەکانیدا بەوە بینایی پێ بەخشرایەوە، دەڵێت: بینیم دەزووی دەکرد بە دەرزیدا کاتێ تەمەنی هەشتا ساڵ بوو چاوەکانیشی سپی بوون.[1]

فاکهی و ئیبن مندە لە سەعدی کوڕی ئیبراهیمەوە هێناویانە دەڵێت: زەنیرەی ڕۆمی موسڵمان بوو، بینایی لەدەست دا، بێباوەڕان وتیان: لات و عوززا کوێریانکرد، ئەویش وتی من بڕوام نیە بە لات و عوززا، خواش بینایی بۆ گێڕایەوە، موحەممەدی کوڕی عوسمانی کوڕی شەیبە لەمێژووەکەیدا لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئوم هانیئی کچی ئەبو تالیب پێی وتم: ئەبو بەکر زەنیرەی ئازاد کرد کەچی بە ئازادکردنی چاوی لەدەستدا، قوڕەیش وتیان لات و عوززا کوێریان کردووە، زەنیرە وتی: بەماڵی خوا درۆ دەکەن، لات و عوززا سوود و زیانیان بەدەست نیە، خوای گەورەش بینایی بۆ گێڕایەوە.[2]

هەژاندنی ڕیزو ڕێی دوژمن بە(الله أكبر و لا اله الا الله) وتن

حاکم لە هیشامی کوڕی عاصی ئومەویەوە(رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: من و کەسێکی دی نێردراین بۆ لای هیرەقلی بەرپرسی ڕۆم تا بانگی بکەین بۆ ئیسلام، چووین تا گەیشتینە(الغوطة)ی دیمەشق، لای جوبللەی کوڕی ئەیهمی غەسانی دابەزین و چووینە ژوور بۆ لای، سەیرمانکرد لەسەر جێگەکەی بوو، نێردراوی خۆی نارد تا قسەی لەگەڵ بکەین، وتمان بەخوا لەگەڵ نێردراودا قسە ناکەین، نێردراوەکەش گەڕایەوە بۆ لای و هەواڵی ئەوەی پێدا، ئەویش مۆڵەتی پێداین و وتی قسە بکەن، هیشامی کوڕی عاص دواندی و بانگی کرد بۆ لای ئیسلام، جلێکی ڕەشی

---

[1] - ئیبن سکن دەڵێت تەنها موحەممەدی کوڕی بیشر هێناویەتی و بۆ حەبیبیش تەنها ئەم فەرموودە دەبینم، لە(الأصابة ج١، ص٣٠٨)دا واهاتووە، تەبەرانیش لە کەسێ لە سلامانی کوڕی سەعید لە دایکیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەی ئەمدا هاتووە: من وشترەکانم بە ڕێدەکردن،(هەیثەمی ج٨، ص٢٩٨) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا کەسی وا هەن کە نایانناسم، ئەبو نەعیم لە(الدلائل ص٢٢٣) بەو سەنەدە بە هەمان شێوە هێناویەتی

[2] - لە(الأصابة ج٤، ص٣١٢)دا واهاتووە.

لەبەردا بوو، هیشام پێی وت: ئەوە چیە لەسەرت؟ وتی پۆشیومەو سوێندم خواردووە لای نەبەم تا ئێوە لە شام دەردەکەم، ئەویش وتی بەخوا ئەو شوێنەت لێدەسێنین پشت بەخواو دەسەڵاتی پاشای گەورە شتان لێدادەڕنین، پێغەمبەرمان موحەممەد(ﷺ) هەواڵی ئەوەی پێداوین، وتی: ئێوە نایگرن، خەڵکی دەیگرن ڕۆژ بەڕۆژووو شەو بێدارن، ئەی ئێوە ڕۆژووتان چۆنە؟ ئیمەش پێمان وت چۆنە، دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕاو وتی: هەستن، لەگەڵماندا نێردراوی نارد بۆ لای پاشا، ئێمەش چووین تا لە شار نزیك بووینەوە، ئەوەی لەگەڵمان بوو وتی: ئەو ئاژەڵانەتان ناچنە ناو شاری پاشا، ئەگەر ویستتان لەسەر ئەسپی برذن و وڵاخی چاك سوارتان دەکەین، وتمان بەخوا بەمانە دەچینە ژوورەوە، هەاڵیان نارد بۆ پاشا کە سوورن لەسەر ئەوەی بەو وڵاخانە بێنە ژوور، ئەویش فەرمانی کرد بە وڵاخی خۆمانەوە بچینە ژوور، چووینە ژوورو شمشێرمان هەڵکردبوو تا چووینە ژوورەکەی، لەوێ وڵاخەکانمان دانیشاند و ئەویش سەیری دەکردن، وتمان(لااله الاالله والله أکبر) خوا دەزانێ ژوورەکە دەنگی دایەوەو دەهەژا وەك لقێك کە ڕەشەبای بەریکەوێ، ئەویش هەواڵی بۆ ناردین بۆتان نیە لای ئێمە بە ئاشکرا ئایینتان بخوێنن، هەواڵی بۆ ناردین بێنە ژوورەوە، ئێمەش چووینە ژوور بۆ لای و ئەویش لەسەر جێگەیەکی بووو بە تریقی ڕۆمی لابووو هەرچی شتی دەوری هەیە سووربوو جلی سووریشی لەبەر بوو، لێی نزیك بووینەوەو ئەویش پێکەنی، وتی: چۆنە ئەگەر سەلامی نێوان خۆتانم لێبکەن؟ کەسێ لای بوو زۆر ڕەوانبێژیانە قسەی دەکردو قسەی زۆری دەکرد، وتمان سەلامی نێوان خۆمان بۆ تۆ دروست نیەو سەلامی باوی ئێوەش بۆ ئێمە دروست نیە، سەلامی پێبکەین بۆ تۆ، وتی: ئەی سەلامی نێوان خۆتان چۆنە؟ وتمان السلام علیك، وتی ئەی سەلامتان بۆ پاشاتان چۆنە؟ وتمان هەمان شتە، وتی: ئەو چۆن وەڵامتان دەداتەوە؟ وتمان هەر بەو شێوە، وتی ئەی گەورەترین وتەتان چیە؟ وتمان(لااله الا الله والله أکبر) کاتێ وتمان خوا دەزانێ ژوورەکە لەریەوە تا سەری بۆ بەرز کردەوە، وتی ئەو وشەی وتتان

کـاتێ ژوورەکـەی هەژانـد هەرچـی دەیڵـێن لـە مـاڵی خۆتانـدا ژوورەکانتـان وا دەلەرنەوە؟ وتمان نا، تەنها بۆ تۆ ئەمەمان دیوە، وتی خۆزگە هەرچی دەیڵێن هەموو شتێ لە لاتان بلەرێتەوە با نیوەی دەسەڵاتی منیش بچێ، وتمان بۆ چی؟ وتی چونکە شان و شکۆی کەمتر دەکردو شیاوتر بوو تا لە باری پێغەمبەرایەتی نەبێ و فێڵی خەڵکی بێ، پاشان پرسیاری لێکردین لەسەر هەر شتێ کە دەیویست، ئێمەش هەواڵمان پێدەدا، پاشان وتی نوێژو ڕۆژووتان چۆنە؟ ئێمەش هەواڵمان پێدا، وتی هەستن، فەرمانی کرد شوێنێکی باشیان بۆ دانایین، لە گوندی میوانداری داینایین و سـێ ڕۆژ لـەوێ بـووین، شـەوێ هـەواڵی نـاردو چـووین بـۆ لای، داوای دووبارەکردنەوەی قسەکەی کردین، ئێمەش وتمانەوە، پاشان داوای شتێکی کرد وەك قاپی چوار گۆشەی گەورەی زێڕ پۆش وابوو کە تیایدا چەند ماڵێکی بچووك بوون و دەرگایەکیان هەبوو، ماڵ و قوفڵێکی کردەوەو ئاوریشمێکی ڕەشی دەرهێنا، بڵاومـانکردەوە سـەیرمانکرد وێنەیـەکی سـووری تێدایـە، تیایـدا کەسێکی چـاو گـەورەو زەبەلاح و مل بـەرزی تێـدابوو کـە نموونـەی وام نـەدیبوو، پیاوەکـە ڕیـشی نـەبووو دوو پرچـی هەبووکـە چاکترین بـوون لـەوەی خـوا دروسـتی کـردووە، وتـی دەزانن ئەوە کێیە؟ وتمان نان وتـی ئـەوە ئادەمـە(علیـه السـلام) ئـەو لـە هـەموو کـەس مـووی زیـاتر بـووە، پاشـان دەرگایـەکی دیکـەی کـردەوەو ئاوریـشمێکی ڕەشـی دەرهێناو تیایدا وێنەیـەکی سپی هـەبووو قژێکی هـەبوو وەك مووی و چاوسوورو باڵابەرزو ڕیش جوان، وتی دەزانن ئەوە کێیە؟ وتمان نـا، وتـی وتـی ئـەوە نوح(علیـه السـلام) بـوو، پاشـان دەرگایـەکی دیکـەی کـردەوەو ئاوریـشمێکی ڕەشـی کـردەوەو تیایدا کەسێ زۆر سپی و چاوجوان و تەوێڵ پان و کولم ئاڵ و ڕیشی سپی تێدا بوو وەك ئـەوەی زەردەخەنـە بکـات، وتـی ئەمـە دەناسـن؟ وتمـان نـا، وتـی ئـەوە ئیبراهیمـە(علیـه الـسلام) پاشـان دەرگایـەکی دیکـەی کـردەوە وێنەیـەکی سـپی تێدا بووو سوێند بەخوا پێغەمبـەری خـوا بـوو، وتـی ئـەوە دەناسـن؟ وتمان بـەڵێ ئـەوە موحەممەدی پێغەمبـەری خوایـە، ئینجا گریـاین، دەڵێت خـوا دەزانـێ وەسـتا بـوو

دواتر دانیشت و وتی بەخوا ئەوە خۆیەتی، وتمان بەڵێ ئەوە خۆیەتی دەڵێیت سەیری دەکەیت، ئەویش ماوەیەك سەیری دەکرد، پاشان وتی ئەوە کۆتا ژوور بوو بەڵام من پێشمخست بۆتان تابزانم چیتان لایە، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی لێ دەرهێناو تیایدا وێنەیەکی زۆر ئەسمەری ڕەشی تێدابوو و کە سێ گرژو موولوول و چاوقووڵ و توند بێن و مۆن و دان تێکەڵبووی تێدا بوون لێوی بەرەو سەر چووبوو وەك کەسی زۆر تووڕە بوو، وتی ئەمە دەناسن؟ وتیان نا، وتی ئەوە مووسایە(علیه السلام) لە پاڵیدا وێنەیەك هەبوو هاو شێوەی بەڵام قژ چەورو تەوێڵ پان و چاوڕەش بوو، وتی ئەمە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە هاروونی کوڕی عیمرانە(علیه السلام)، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی لێ دەرهێنا وێنەی کەسێ بوو بالا نێوەندو گرژ بوو وەك تووڕە وابوون وتی ئەمە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە لووطە(علیه السلام) پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی دەرهێناو وێنەی کەسێکی سپی ڕەنگی تێکەڵ بە سووربوو، ئێسکی لووتی پان و سەری لووتی بەرزو تەنك بوو، کوڵم سووکی دەموچاوجوانی تێدا بوو، وتی ئایا ئەوە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە ئیسحاقە(علیه السلام) پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی تێدابوو وێنەیەکی تێدابوو لە ئیسحاق دەچوو بەڵام لەسەر لێوی بوو، ئوتی ئەمە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە یەعقووبە(علیه السلام)، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی لێ دەرهێناو تیایدا وێنەی کەسێکی سپی دەموچاو جوانی لووت نیمچە بەرزو بالا بەرز بوو کە کە ڕووناکیەکە بەسەر دەموچاویدا زاڵ بوو کە لە ڕووخساریەوە خشوع دیار بوو بەرەو ڕەنگ سووری دەچوو، وتی ئەمە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئیسماعیلە(علیه السلام) باپیری پێغەمبەرەکەتان پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی تێدابوو کە وێنەیەکی ئادەمی تێدابوو ڕووخساری دەتوت خۆرە، وتی ئایا ئەوە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە یوسفە(علیه السلام)، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی لێ

دەرهێنا کە وێنەی کەسێکی سووری قاچ باریکی چاوکزی سك گەورەی تێدابوو کە شمشێری لەدەست بوو، وتی ئەوە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە داودە(علیه السلام)، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی سپی تێدابوو وێنەی کەسێکی بالأبەرزی قاچ درێژی تێدابوو کە سواری ئەسپێ ببوو وتی: ئەوە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە سولەیمانی کوڕی داودە(علیه السلام)، پاشان دەرگایەکی دیکەی کردەوەو ئاوریشمێکی ڕەشی لێ دەرهێنا کە وێنەیەکی سپی تێدابووو گەنجێکی تێدابوو کە ڕیشی زۆر ڕەش و قژی زۆرو چاوجوان و دەموچاو شیرینی تێدابوو، وتی ئەمە دەناسن؟ وتمان نا، وتی ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە(علیه السلام) وتمان ئەو وێنانەت لە کوێ بوو؟ چونکە ئێمە نازانین ئەوانە وێنەی پێغەمبەرانن بەڵام لەوە دەچێ بەوەی وێنەی پێغەمبەری خۆمان وەك خۆی بینی، وتی ئادەم(علیه السلام) داوای لە پەروەردگاری کرد پێغەمبەران لە نەوەکانی نیشان بدات خواش وێنەی ئەوانی دابەزاند بۆی، ئەوە لە خەزێنەی ئادەم لە ڕۆژئاوای خۆرەوە بوو، ذولقەرنەین لە ڕۆژئاوای خۆرەوە دەری هێناو دای بە دانیال، پاشان وتی: بەخوا حەزدەکەم لەم دەسەڵاتەم نەبوایەو بەندەیەك بوومایە تا بێمە لای تا مردن، پاشان خەڵاتی چاکی کردین و دەرفەتی پێدایین،کاتێ هاتن بۆ لای ئەبوبەکر بۆمان گێڕایەوە چیمان دیوەو چی پێوتین و چ خەڵاتێکی کردین ئەبوبەکر گریاو وتی هەژار بووە ئەگەر خوا خێری بۆ بویستایە وای دەکرد، پاشان وتی: پێغەمبەر(ﷺ) هەواڵی پێداوین ئەوان و جوولەکەش وەسف و شێوەی موحەممەدیان لایەو دەیزانن،[1] لە(البدایة والنهایة ج٦، ص٦٣)دا هاتووە تیایدا

---

[1]- ئەبو بەکری بەیهەقی لە(دلائل النبوة) لە حاکمەوە هێناویەتی و سەنەدەکەشی گرفتی نیە، لە تەفسیری(ئیبن کەثیر ج٢، ص٢٥١)دا هاتووە، لە(کنز العمال ج٥، ص٣٢٢) لە بەیهەقیەوە هەمووی هێناوە پاشان دەڵێت ئیبن کەثیر دەڵێت ئەم فەرموودە سەنەدەکەی جەییدەو کەسەکانی جێ متمانەن، تەواو. ئەبو نەعیم لە(الدلائل النبوة ص٩) لە موسای کوڕی عوقبەوە بەو شێوە چیرۆکەکەی هێناوە، لە فەرموودەکەی هیشامی کوڕی عاصدا باسی ئەبوبەکر نەهاتووە، باسی لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە بەیهەقی لە جوبەیری کوڕی مەتعەوە هێناویەتی.

دەڵێ: پێیان وتم: سەیرکە ئایا وێنەی دەبینیت، سەیرمکرد سیفەت و وێنەی پێغەمبەرم(ﷺ) بینی، وێنەو سیفەتی ئەبوبەکرم بینی کە لە دوای پێغەمبەرەوە(ﷺ) بوو، پێیان وتم: سیفەتی دەبینیت؟ وتم بەڵێ، وتیان ئەوە خۆیەتی و ئاماژەیان کرد بۆ سیفەتی پێغەمبەر(ﷺ) وتم ئەرێ بەخوا شایەتی دەدەم خۆیەتی، وتیان ئەوە دەستی بە دوایەوە گرتووە دەیناسی؟ وتم بەڵێ، وتیان شایەتی دەدەین ئەوە هاوەڵتانەو هەروەها خەلیفەی دوای پێغەمبەرتانە،[1]

تەبەرانی هێناویەتی و تیایدا هاتووە: وتم ئەو کەسەی لە دواوەی وەستاوە کێیە؟ وتی هەر پێغەمبەرێ دوای خۆی پێغەمبەرێ هەبووە، بەڵام ئەم پێغەمبەرەیان لە دوای ئەو هیچ پێغەمبەرێ نیەو ئەوەی دواوەی خەلیفەی دواوەی خۆیەتی، سەیرمکرد سیفەتی ئەبوبەکری لەخۆ دەگرت[2].[3]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص٩٧) لە چەند کەسێکی (غەسان و بلقین)ەوە هێناویەتی دەڵێت: خوا پاداشتی موسوڵمانان بداتەوە لەسەر خۆڕاگریان لە ڕۆژانی حیمص بەوەی خەڵکی میسر شڵەژان و هەژان دایگرتن، چونکە موسوڵمانان بۆیان هەستاو الله أكبریان کردو لەگەڵیاندا ڕۆمیەکان لە شاردا هەژان و هەموان خۆیان نەدەگرت و دەهەژان، بۆیە ڕایانکرد بۆ لای سەرکردەو دەمڕاستەکانیان تا داوای ئاشتەوایی بکەن، بەڵام وەڵامیان نەدانەوەو بەوە زەلیلیان کردن، پاشان (الله أكبر) ێکی دیکەیان کردو بەوە ماڵ و حەوشە گەلێکی زۆری داگرتەوەو هەموو ڕایانکرد بۆ لای سەرکردەو دەمڕاستەکانیان و وتیان ئایا هیچ بۆ سزای خوا نابینن؟ ئەوانیش وەڵامیان دانەوە، بو جۆرە تا کۆتایی چیرۆکەکە دێنێ.

---

[1] – بوخاری لە مێژووەکەیدا بە کورتی هێناویەتی.

[2] – ضعيف.

[3] – هەیسەمی ج٨، ٢٣٤) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا کەسی وا هەن کە نایانناسم، ئەبو نەعیم لە(دلائل النبوة ص٩) بە هەمان شێوەی گێڕانەوەکەی بەیهەقی هێناویەتی.

(گەیشتنی دەنگ بە ئاسۆکان)

بەیهەقی و لالەکانی لە (شرح السنة)و زەین عاقولی لە (الفوائد)و ئیبن ئەعرابی لە (کرامات الأولياء) لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە دەڵێت: عومەر (رضي الله عنه) سوپایەکی بەڕێکردو کەسێ کرد بە سەرکردەیان کە بە ساریە (رضي الله عنه) بانگدەکرا، عومەر (رضي الله عنه) وتاری دەدا هاواری دەکرد ئەی ساریە شاخەکە، ئەی ساریە شاخەکە، پاشان نێردراوی سوپا هاتەوەو عومەر پرسیاری لێکرد، ئەویش وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران کە شکاین، ئەو کات دەنگێکمان بیست دەیوت ئەی ساریە شاخەکە، ئێمەش پشتمان دا بە شاخەکەوە بەوە خوا شکاندنی، دەڵێت: بە عومەر وترا تۆ بویت ئەو هاوارەت کرد، حەرمەلە بە سەنەدی حەسەن هێناویەتی، ئیبن مەردەویە لە ئیبن عومەر لە باوکیەوە هێناویەتی ڕۆژی هەینی وتاری دەدا، لە وتارەکەیدا دەچوو تا وتی: ئەی ساریە شاخەکە هەرکەس گورگ بلەوەڕێنێ ستەم دەکات، خەڵکی سەیری یەکدیدددیان کرد، عەلی (رضي الله عنه) پێی وتن: لەوەی دی دەردەچن، کە لێبوویەوە پرسیاریان لێکرد، ئەویش وتی: دەرروونم دەیوت بێباوەڕان براکانی ئێمەیان شکاندووەو ئەوانیش بە شاخێکدا تێدەپەڕن، ئەگەر لا بدەنەوە بە لایدا هەرکەس بێت دەیکوژن، ئەگەریش بڕۆن لەناو دەچن، بۆیە ئەوەم وت کە ئێوە دەڵێن بیستووتانە، دەڵێت: موژدە دەر پاش مانگێ هات و وتی دەنگی عومەرمان لەو ڕۆژەدا بیستووە، دەڵێت لاماندا بۆ شاخەکەو خوا فەتحی پێ بەخشین، خەڵکی بە عەلییان وت بیستت عومەر چی وت (ئەی ساریە) لە کاتێکدا لەسەر مینبەر وتاری دەدا؟ وتی هاوار بۆتان واز بێنن لە عومەر چونکە بچێتە ناو هەرشتێ لێی دەرباز دەبێ[١][٢].

---

[١]- صحيح.

[٢]- ئیبن کەثیر لە (البداية والنهاية ج٧، ص١٣١) دا دەڵێت: لەسەر دروستی فەرموودەکەی مالیك قسەیەك هەیە، تەواو.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٠) لە ڕێگەی نەسری کوڕی تەریفەوە هێناویەتی و لە گێڕانەوەکەیدا وتی: عومەر وتی داکەوتە دڵمەوە دوژمن بەرەو شاخ ڕاویان ناوە، بەڵکو بەندەیەکی خوا دەنگم بگەیەنێت پێی، ئەبوو نەعیم (ص٢١١) لە ڕێگەی عومەری کوڕی دارئەوە هێناویەتی و لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: عەبدوڕحمانی کوڕی عەوف هاتە ژوور بۆ لای و وتی: زیاترین شتێ کە لەسەر تۆ سەرکۆنەیان دەکەم ئەوەیە تۆ لە خۆتەوە قسەیەکیان بۆ دەکەیت لە کاتێکدا وتارت دەدا هاوارت کرد: ئەی ساریە شاخەکە، ئەوە چی بوو؟ وتی بەخوا بەدەست خۆم نەبوو، بینیم لە نزیك شاخێ کە لەملاو لەولاوە دەهاتن بۆیان، منیش خۆم نەگرت و وتم: ئەی ساریە شاخەکە، بەڵکو بچنە شاخەکە بەو شێوە مانەوە تا نێردراوی ساریە نامەی ساریەی هێناو هات و تیایدا نووسیبووی ڕۆژی هەینی دوژمنان پێمان گەیشتن و شەڕمان لەگەڵ کردن لە نوێژی بەیانیەوە تا نوێژی هەینی بەردەوام لە شەڕدا بووین، سێبەری خۆر لار بوویەوە کە بیستمان کەسێ هاواری دەکرد ئەی ساریە شاخەکە، ئێمەش چووین بۆ شاخەکە و بەردەوام بەسەر دوژمنماندا سەرکەوتین تا خوا شکاندنی و کوشتنی، ئەوانەی سەرکۆنەیان کرد وتیان: واز لەو کابرا بێنن چونکە نیشانی دراوە. واقدی لەزیدی کوڕی ئەسلەم و یەعقوبی کوڕی زەیدەوە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٧، ص١٣١)دا هاتووە. لە گێڕانەوەکەیاندا هاتووە: بە عومەری کوڕی خەتتاب وترا ئەو قسە چی بوو؟ وتی بەخوا هەروا کەوتە سەر زمانم و وتم، ئیبن کەثیر دەڵێت: ئەو ڕێگەی سەنەدانە پشگیری یەکدی دەکەن، تەواو.[1]

تەبەرانی لە عەززەی کچی عاصی کوڕی ئەبوو قرصافەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆم کوڕێکی ئەبوو قورصاف یان بە دیلگرت، ئەبووو قورصافە لە هەموو کاتی نوێژێکدا دەچوویە سەر شۆرەی عەسقەلان و هاواری دەکرد: ئەی فلان کاتی نوێژە، هەرچی لە ڕۆمدا بوون دەنگیان دەبیست.[2]

---

[1] – ئیبن کەثیرو پاشان ئیبن حەجەر سەنەدەکەی ئیبن وەهب بە حەسەن دادەنێن.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص٣٩٦) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن.

(بیستنی هوتافەکان)

ئیبن سەعد (ج٢، ص٢٧٧٦) لە ئیبن عەبباسەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کۆچی دوایی کرد ئەوانەی دەیانشۆرد ناکۆك بوون، دەنگێکیان بیستو نەیاندەزانی کێیە دەیوت: پێغەمبەرتان بە جلەکانیەوە بشۆن، بەوە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بە جلەکەیەوە شۆردرا.[١]

حاکم (ج٣، ص٤٦٧) لە ئیبن عەبباسەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەبوو موسای بە سەرکردایەتی سریەیەکی دەریا نارد، ئەو لە دەریادا بە شەو دەیبردن بەڕێوە کە لە سەرەوە هاواری لێکردن: ئایا قەزایەکتان پێ بڵێم کە خوا لەسەر خۆی داناوە؟ هەرکەس لەبەر خوا لە ڕۆژێکی هاویندا تینووی بێت مافە لەسەر خوا لە ڕۆژی تینوێتی گەورەدا تینوێتی بشکێنێ.[٢،٣]

ئەبوو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٢٦٠) لە ئەبوو بوردە لە ئەبوو مووساوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: دەرچووین بۆ جیهاد لە دەریاوە هەوایەکی چاك هەبوو و چارۆکەکانیشمان بەرزکراوە بوون، بیستمان هاوارێ هات دەیوت ئەی خەڵکی کەشتیەکە، بوەستن، هەواڵتان پێدەدەم تا حەوت دەنگ هات، ئەبوو مووسا دەڵێت چوومە بەرزی کەشتیەکەو وتم تۆ کێیت؟ لە کوێوەیت؟ ئایا نابینیت ئێمە لە کوێین؟ ئایا دەتوانین بوەستین؟ دەنگەکە وەڵامی دامەوە: ئایا بڕیاری خواتان پێ بڵێم؟ وتم بەڵێ پێمان بڵێ، وتی: خوا لەسەر خۆی داناوە هەرکەس لەبەر خوا لە ڕۆژێکی گەرمدا خۆی تینوو بکات مافە لەسەر خوا لە ڕۆژی دواییدا تینوێتی بشکێنێ، دەڵێت: ئەبووموسا لەو ڕۆژە گەرمەدا کە خەریکە مرۆڤ تیایدا لەناو بچێ ڕۆژووی دەگرت.

---

[١] – ئیبن سەعد (ج٢، ص٢٧٦) لە عائیشەوە بەو واتایە هێناویەتی.

[٢] – ضعیف.

[٣] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە سەنەدەکەی صەحیحەو بوخاریو موسلیم نەیانهێناوە، زەهەبی دەڵێت: ئیبن ئەممل لاوازە.

حاکم (ج٣، ص٥٤٣) لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عەبباس (ﷺ) لە تائیف مردو منیش ئامادەی مەراسیمەکەی بووم، باڵندەیەك کە هاوشێوەی نەبینرابوو هاتە ژوورو چوویە سەر تەرمەکەی، سەیرمانکرد بزانین ئایا دەردەچێت؟ نەبینرا بێتەدەر، کاتیٚ خرایە ژێر خاك ئەو ئایەتە لەسەر گۆڕەکە خوێنراو نەزانرا کیٚ خوێندی، ﴿يَاأَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً ادْخُلِي فِي عِبَادِي وَادْخُلِي جَنَّتِي﴾ حاکم دەڵێت: ئیسماعیلی کوڕی عەلیو عیسای کوڕی عەلی دەڵێن باڵندەیەکی سپی بووە.[1]

ئەبوو نەعیم لە (الحلية ج١، ص٣٢٩) لە مەیموونی کوڕی مهرانەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: کاتیٚ لەسەری وەستا دەنگیمان بیستو ڕەنگیمان نەدی، ئیبن عەساکیر لە مەیموونەوە لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدا هێناوەیەتی، وەك لە (المنتخب ج٥، ص٢٣٠) دا هاتووە، لە گێڕانەوەکەی ئەودا هاتووە: ئیبن مەسعوود مردو خرایە ناو کفنەکانیو باڵندەیەکی سپی چووە ناو کفنەکانی، بۆی گەڕان بەڵام دیار نەمابوو، عکرمەی مەولای ئیبن عەبباس وتی: مەگەر ئێوە گەمژەن؟ ئەوە ئەو بینایيەتی کە پێغەمبەر (ﷺ) بەڵێنی دابوو مردنی بۆی بگەڕێتەوە، کە بردیان بۆ سەر گۆڕو خرایە ناو گۆڕەکەی هەرکەس لەلای گۆڕەکە بوو دەنگێکی بیست، ئایەتەکە دێنێت....

---

[1] – تەبەرانی لە سەعیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، (هەیثەمی ج٩، ص٢٨٥) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، لە عەبدوڵای کوڕی یامین لە باوکیەوە بە هەمان شێوە هێنراوە بەڵام ئەو دەڵێت: باڵندەیەکی سپی کە پێی دەوترا (غرنوق) هات، تەواو.

(یارمەتی جنۆکەو هوتافەکان)

ڕەویانی وئیبن عەساکیر لە ئەبوو هورەیرەوە (ﷺ) هێناویانە دەڵێت: خورەیمی کوڕی فاتك بە عومەری کوڕی خەتتابی وت ئەی ئەمیری باوەڕداران ئایا پێت بڵێم چۆن موسوڵمان بووی؟ وتی بەڵێ، وتی: من بە دوای ئاژەڵێکمدا دەگەڕام کە شەو داهات و عراف بریسکەی دایەوەو منیش بەو پەڕی دەنگم هاوارم کرد: پەنا دەگرم بە گەورەی ئەم دۆڵە لە گەمژەکانی هۆزەکەی، هاوارێ هات ئەم شیعرەی وت:

ویحك عذاب الله ذي الجلال — والمجد والنعماء والأفضال

واقرأ لآيات من الأنفال — ووحد الله ولا تبال

(باس لەوە دەکات تەنها پەنا بە خوا ببەو لە قورئان بخوێنەو باکت نەبێ)

منیش زۆر ترسام، کە هۆشم بەخۆ گرتەوە وتم:

يا أيها الهاتف ما تقول — أرشد عندك أم تضليل

بين لنا هديت ما الحويل

(ئەی هاوارکەر ڕاستی دەڵێیت یان گومڕاکەریت ڕاستم پێ بڵێ)

ئەویش وتی:

ان رسول الله ذو الخيرات — بيثرب يدعو الى النجاة

يأم ر بالصوم والصلاة — ويزجر الناس عن الهنات

(پێغەمبەری خوا لە یەثریب بانگەواز بۆ ڕزگاریو فەرمان بە نوێژو ڕۆژوو دەکات و خەڵك لە خراپە دوور دەگرێ).

منیش سواری وڵاخەکەم بوومو وتم:

أرشدني رشدا هديت — لا جعت ولا حريت

ولا برحت سيدا مقيت — ولا توقرني على الخيرا الذي أتيت

ئەویش شوێنم کەوت و دەیوت:

صاحبك الله وسلم نفسكا — وبلغ الأهل وادي رملكا

لآمن به أفلح ربي حقكا — وانصره أعزربي نصركا

وتم تۆ کێیت ڕەحمەتی خوات لێبێت؟ وتی من عەمری کوڕی ئەثالم‌و من کاربەدەستی ئەوم لەسەر جنۆکە موسڵمانەکانی نجدو ئاگام لە وشترەکەتە تا دەچێتەوە لای ماڵ‌و مناڵت، منیش چوومە مەدینەو ڕۆژی هەینی چوومە ئەویَ، ئەبوو بەکری صدیق هات‌و وتی: ڕەحمەتی خوات لێبێت وەرە ژوور چونکە بیستوومانە موسڵمان بوویت، منیش وتم: جوان پاك‌و خاوێنی (دەستنوێژو خۆشۆردن) نازانم دەی فێرم بکە، چوومە مزگەوت‌و پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) لەسەر مینبەر بینی وتاری دەدا وابزانم لەسەر بەدر بووو دەیوت: هەر موسڵمانیَ! بە جوانی دەستنوێژ بگریَ دواتر نوێژی بە چاکی‌و تێگەیشتنەوە بکات دەچێتە بەهەشت، عومەری کوڕی خەتتاب (رضي الله عنه) پێی وتم: بەخوا یان لەسەر ئەوە بەڵگەیەك دێنیت یان لێتدەدەم، گەورەی قوڕەیش عوسمانی کوڕی عەففان شایەتی بۆ دام‌و ئەویش شایەتیەکەی قبووڵ کرد،[1] ئەبوو نەعیمیش لە (الدلائل النبوة ص٣٠) لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە:

أرشدني رشدا بها هديتا لا جعت يا هذا ولا عريتا
ولا صعبت صاحبا مقيتا لا يثوين الخير ان ثويتا

تەبەرانی لە موحەمەدی کوڕی حمالەوە لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژیَ عومەر بە ئیبن عەبباسی وت: فەرموودەیەکم پیَ بڵیَ کە پێی سەرسامم بکەیت، وتی: خورەیمی کوڕی فاتکی ئەسەدی بۆی گێڕامەوە، بە هەمان شێوە هێناویەتی.[2]

بوخاری لە ئیبن عومەرەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: هەرگیز نەمبیستووە عومەر بۆ شتیَ بڵیَ وادەزانم مەگەر ئەوەی وەك گومانەکەی ئەو وابوو بێت، عومەری

[1] - لە (کنزالعمال ج٧، ص٣٤)دا واهاتووە.

[2] - موحەمەدی کوڕی عوسمانی کوڕی ئەبوو شەیبە لە مێژووەکەیداو ئەبولقاسمی کوڕی شراب هێناویانە وەك لە (الأصابة ج٣، ص٣٥٣)دا هاتووە،هەیثەمی ج٣، ص٦٢١لە ڕێگەی حەسەنی کوڕی موحەمەدی کوڕی عەلی لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر وتی، بە هەمان واتا هێناویەتی، زەهەبی دەڵێت: صەحیح نیە، ئومەویش وا هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٥٣)دا هاتووە.

کوڕی خەتتاب دانیشتبوو کە کەسێکی جوان دای بە لایدا، وتی: یان گومانەکەم هەڵەیە یان ئەو کابرا لەسەر ئایینی نەفامیەتی یان ئەمە زووتر کاهینیان بووە، کابرام بۆ بهێنن، بانگکراو ئەویش ئەوەی پێ بینی، کابرا وتی من لە سەردەمی نەفامیدا کاهینیان بووم، وتی ئەوە جنۆکەکەت بۆی دەهێنایت چی سەرسامی دەکردیت؟ وتی من ڕۆژێ لە بازاڕدا بووم کە جنۆکەکە هاتو ترسم لێ بەدی کردو وتی:

ألم تر الی الجن وابلاسها ویأسها من بعد انکاسها

ولعوقها بالقلاص وأحلاسها

ئەرێ نابینی جنۆکەکە چۆن ترساوەو بێ هیوا کەوتووەو بە وشترو کۆپان کەیشتووە).

عومەر وتی: ڕاست دەکات من لای خواوەندەکانیان خەوتبووم کە کەسێك گوێرەکەیەکی هێناو سەری بڕی، کەسێ هاواری پێکرد کە هەرگیز دەنگی لەوە بەرزترم لێ نەبیستووە، دەیوت ئەی (جولەیع) کارێکی سەرکەوتوو، کەسێکی ڕەزاون بێژ دەڵێ لا الە الا اللّە، هەموو هەستان، وتم تا نەزانم لە پشت ئەمەوە چیە ناجووڵێم، پاشان هاواری کردو هەمان شتی وت، هەستام هێندەو بیست کە وترا ئەوە پێغەمبەرە، بوخاری هێناویەتی و ئەو کابراش سوادی کوڕی قارب بوو.

لە چەند لایەکی دیکەوە بە دوورو درێژی بە کراوەتر لە گێڕانەوەکەی بوخاری فەرموودەکەی هێنراوە، ئەبوو یەعلای موصلی لە موحەمەدی کوڕی کەعبی قورەزیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب ڕۆژێ دانیشتبوو کە کەسێ دای بە لایدا، وترا ئەی ئەمیری باوەڕداران ئەو کابرا دەناسیت؟ وتی کێیە؟ وتیان ئەوە سوادی کوڕی قاربە کە جنۆکە هەواڵدەرەکەی هەواڵی دەرکەوتنی پێغەمبەری (ﷺ) پێدا، عومەر ناردی بە دوایداو پێی وت: تۆ سوادی کوڕی قاربیت؟ وتی بەڵێ، وتی تۆ لەسەر باری کاهینیت بوویت؟ ئەویش تووڕە بووو وتی لەو کاتەوەی موسڵمان بووم ئەی ئەمیری باوەڕداران کەس ئەوەی پێنەوتووم، عومەر وتی:

سوبحانەڵڵا، ئەو بێباوەڕیەی ئێمەی لەسەر بووین مەگەر لەو کاهینیەی تۆ چی کەمترە، دەی پێم بڵێ جنۆکە هەواڵدەرەکەت چۆن هەواڵی دەرکەوتنی پێغەبەری خوای پێدایت؟ وتی بەڵی ئەی ئەمیری باوەڕداران، من شەوێ نیمچە خەواڵوو بووم کە هەواڵدەرەکەم هات‌و بە پێی لێیدام‌و وتی: ئەی سوادی کوڕی قارب هەستە قسەم ببیستەو ئەگەر عەقڵت هەیە لێی تێبگە، پێغەمبەرێ لەناو لوئەی کوڕی غالب نێردراوە بانگەواز دەکات بۆ لای خواو پەرستشی خوا، پاشان وتی:

عجبت للجن وتطلا بها — وشدها العيس بأقتابها
تهويي الى مكة تبغي الهدى — ما صادق الجن ككذا بها
فارحل الى الصفوة من هاشم — ليس قوامها كأذنابها

منیش وتم بهێڵە با بخەوم لە ئێوارەوە خەو دایگرتووم، بۆ شەوی دووەم هات‌و بە هەمان شێوەی وت‌و ئەم شعرەی وت:

عجبت للجن وتحيارها — وشدها العيس بأكوارها
تهوي الى مكة تبغي الهدى — ما مؤمنوا الجن ككفارها
فارحل الى الصفوة من هاشم — بين روارببيها وأحجارها

منیش وتم وازم لێبێنە لە ئێوارەوە خەو زۆری بۆ هێناوم، بۆ شەوی سێیەم هەمان شتی کردو وتی لە نێو لوئەی کوڕی غالبدا پێغەمبەری خوا هاتووەو بانگەواز دەکا بۆ خواو پەستشی خوا، پاشان ئەم شیعرەی وت:

عجبت للجن وتجساسها — وشدها العيس بأحلاسها
تهوي الى مكة تبغي الهدى — ما خير الجن كأنجاسها
فارحل الى الصفوة من هاشم — واسم بعينيك الى رأسها

منیش هەستام‌و وتم: خوا دڵی تاقیکردوومەتەوە، سواری وشترەکەم بووم‌و دواتر هاتم بۆ شار، واتە مەکە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە نێو هاوەڵانیدابوو، نزیک بوومەوەو وتم: ئەی پێغەمبەری خوا گوێ بگرە لەم قسەم، فەرمووی (ئادەی) وتم:

أتاني نجي بعد هدء ورقدة ولم يك فيما قد تلوت بكاذب
ثلاث ليال قوله كل ليلة أتاك رسول من لؤى بن غالب
فشمرت عن ذيل الأزارو وسطت بي الذعلب الوجناء غير سباسب
فأشهد ان الله لا شيء غيره وأنك مأمون على كل غالب
وانك أدنى المرسلين وسيلة الى الله يا ابن الأكرمين الأطايب
فمرنا بما يأتيك يا خير من مشى وان كان فيما جاء شيب الذوائب
وكن لي شفيعا يوم لا ذو شقاعة سواك بمغن عن سواء بن قارب

(باس لە بەسەرهاتەکەی دەکات‌و لەبەردەم پێغەمبەری خوادا شایەتومان دێنیٚ‌و داوای فەرمان‌و ڕێنموونی‌و دواتر شەفاعەتی ڕۆژی دوایی لێدەکات).

پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵانی زۆر بە وتەکەم دڵخۆشبوون تا ئەوەی خۆشی لە ڕوخساریاندا دەبینرا، دەڵیٚ عومەری کوڕی خەتتاب هەستاو گرتی‌و وتی من حەزم دەکرد ئەو قسە لە خۆتەوە ببیستم، ئەی ئێستا ئەو جنۆکە دێت بۆلات؟ وتی لەو کاتەوەی قورئان دەخوێنم نا، چاکترین لە بریبە، قورئان لە بری جنۆکە، پاشان عومەر وتی: ڕۆژیٚ لە ناوچەیەکی قوڕەیشدا بووین کە بەو کەسانە دەوترا (آل ذريح) گوێرەکەیەکیان سەربڕیبووو پاککەر سەرقاڵی بوو کە دەنگێکمان لەناو سکی گوێرەکەوە بیست‌و هیچمان نەدەبینی، وتی ئەی (آل ذريح) باری سەرکەوتوو هاوارکەریٚ بەزمان پاراوی هاوار دەکات‌و شایەتی دەدات هیچ پەرستراویٚ نیە جگە لە خوا، ئەم فەرموودە لەم ڕووەوە مونقەتیعە‌و گێڕانەوەی بوخاری شاهیدە بۆی.[1]

لە گێڕانەوەکەی بەزاردا هاتووە سوادی کوڕی قارب وتی: من لە هیند دا بەزی بووم کە شەویٚ هەواڵدەرە جنۆکەکەم هات، چیرۆکەکە باس دەکات‌و دوای شیعرەکە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتن، ئینجا

[1]- خەرائیتی لە (هواتف الجان) لە ئەبوو جەعفەر موحەمەدی کوڕی عەلی‌و ئیبن عەساکیر لە سوادی کوڕی قارب‌و بەرائیش (رضي الله عنه) هێناویانە.

فەرمووی (سەرکەوتوو بوویت ئەی سواد) (أفلحت يا سواد)[1] بە کورتی لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٣٢)دا هاتووە، حاکم (ج٣، ص٦٠٨) لە موحەمەدی کوڕی کەعبی قورەیزیەوە (ﷺ) بە هەمان شێوەی گێڕانەوەکەی ئەبوو یەعلا بە دوورو درێژی هێناویەتی بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە وتی: خۆشەویستیو حەزی ئیسلام کەوتە دڵمەوە، بۆ بەیانی کۆڵم پێچایەوەو بە وڵاخەکەم بەرەو مەککە هاتم، لە نیوەی ڕێدا بیستم پێغەمبەر (ﷺ) کۆچی کردووە بۆ مەدینە، هاتمە مەدینەو پرسیارم کرد لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) پێموترا: لە مزگەوتدایە، چوومە مزگەوتو وشترەکەم بەستەوەو چوومە مزگەوتو سەیرمکرد پێغەمبەر (ﷺ) لەوێیەو خەڵکی لە دەوریدان، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەم وتەم ببیستە، ئەبوو بەکر (ﷺ) وتی: لێی نزیك ببەرەوە، بەو جۆرە بوو تا چوومە بەردەمی، فەرمووی (ئادەی هەواڵم پێبدە لە هاتنی هەواڵ پێدەرەکەت) (هات أخبرني بأتيانك رئيل).[2]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٣٤) لە عەبباسی کوڕی مرداسی سولەمیەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: سەرەتای موسڵمان بوونم ئەوە بوو مرداسی باوکم کە سەرەمەرگی هات وەسیەتی بۆ کردم بە بتێ کە پێی دەوترا ضماد، لە ماڵێکدا دامناو هەموو ڕۆژێ جارێ دەچووم بۆ لای، کە پێغەمبەر (ﷺ) هات لە تاریکی

---

[1] - ضعيف.

[2] - تەبەرانی لە موحەمەدی کوڕی کەعبەوە بە دەقی حاکم هێناویەتی وەك لە (المجمع ج٨، ص٢٤٨)دا هاتووە، حەسەنی کوڕی سوفیانو بەیهەقیش لە موحەمەدی کوڕی کەعبەوەو بوخاریو بەغەویو تەبەرانی لە سوادی کوڕی قاربو بەیهەقی لە بەراءو ئیبن ئەبی خەیثەمەو ڕەویانی لە ئەبوو جەعفەری باقرو ئیبن شاهین لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویانە وەك ڕێگەی ئەوانە بە فراوانی لە (الأصابة ج٢، ص٩٦)دا هاتووە.

شەودا دەنگێکم بیست ترساندمی، چووم بۆ لای ضماد تا پەنای بۆ ببەم، سەیرمکرد لەناویەوە دەنگێ دێت و دەڵێت:

قل للقبيلة من سليم كلها — هلك الأنيس وعاش أهل المسجد

أودى ضماد وكان يعبد مرة — قبل الكتاب الى النبي محمد

ان الذي ورث النبوة والهدى — بعد ابن مريم من قريش مهتدي

منیش ئەوەم لە خەڵك شاردەوە، کە خەڵك لە ئەحزاب گەڕانەوە من بە وشترەکەم لەلای (عقیق) بووم لە بن دارێ ڕاکشابووم کە دەنگی کەسێکم بیست بەسەر باڵی نەعامەیەکەوە دەیوت: ئەو ڕووناکیەی شەوی سێ شەممە دەرکەوت، لەگەڵ خاوەنی وشتر (العضباء)، لە ماڵی برایانی (بني العنقاء)، یەکێك لە سەروویەوە وەڵامی دایەوەو وتی:

بشر الجن وابلاسها — ان وضعت المطي أحلاسها

وكلأت السماء أحراسها

منیش بە ترساوی مامەوەو زانیم موحەمەد (ﷺ) نێردراوە، سواری ئەسپەکەم بوومو ڕێم گرتە بەر تا گەیشتمە لایو بەیعەتم پێدا، دوای چووم بۆ لای بتی ضمادو بە ئاگر سووتاندم، دواتر گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و شیعرێکم لە خزمەتدا وت.

خەرائیتی لە عەبباسی کوڕی مرداسەوە بە کورتی هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٤١)دا هاتووە،لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە پاش شیعری یەکەم وتی: بە ترساوی دەرچوومە ناو هۆزەکەمو بۆم گێڕانەوەو وتم چی بووە، بە سێ سەد کەس لە بەنی حارثەوە هاتم بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەدینەو چوینە مزگەوت کە پێغەمبەر (ﷺ) منی بینی فەرمووی (ئەی عەبباس چۆن موسڵمان

بوویت؟) منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بەوە دڵخۆش بووو منو هۆزەکەشم موسڵمان بووین.[1]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٩) لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: یەکەم هەواڵێ لە مەدینە سەبارەت بە هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەبوو کە ژنێکی مەدینە شوێنکەوتەی جنۆکەی هەبوو لە شێوەی باڵندەیەکی سپیدا هاتو لەسەر دیوارێکی وەستا، ژنەکە پێی وت: ئایا دانابەزیتە لامانو هەواڵمان پێ بدەیتو هەواڵت پێبدەینو بتدوێنینو بماندوێنیت؟ جنۆکەکە پێی وت: لە مەککە پێغەمبەرێ هاتووە زینای حەرامکردووەو بڕیاری لێ قەدەغە کردوین.[2]

واقدی لە عەلی کوڕی حوسەینەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: یەکەم هەواڵی هاتنی پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینەدا ئەوەبوو ژنێ کە بە فاتیمە ناو دەبرا شوێنکەوتەی جنۆکەی هەبوو، ڕۆژێ هات بۆ لایو لە سەر دیوار وەستا، ژنەکە وتی ئایا دانابەزیت؟ وتی نا، ئەو پێغەمبەرە نێردرا کە زینای حەرامکرد.[3][4]

واقدی لە عاصمی کوڕی عومەرەوە هێناویەتی کە عوسمانی کوڕی عەففان (رضي الله عنه) وتی: لەگەڵ کاروانێ چووین بۆ شام پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ببێت بە پێغەمبەر، لە نزیك شام بووین لەوێ ژنە کاهێنێ هەبوو هاتە ڕێمان وتی هاوەڵەکەم

---

[1] – ئەبو نەعیم لە (الدلائل)هێناویەتی وەك لە (البدایە والنهایە ج٢، ص٣٤٢)دا هاتووە، تەبەرانیش بەو سەنەدە هێناویەتی، (هەیثەمی ٨، ص٢٤٧) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدوڵای کوڕی عەبدولعەزیزی لەیسی هەیە کە زۆرینە بە لاوازو سەعیدی کوڕی مەنسوور بە جێ متمانەی دەزانێ، سەعید دەڵێت: مالیك لێی ڕازی بووە، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن، تەواو.

[2] – ئەحمەدو تەبەرانی هێناویانەو کەسەکانی جێ متمانەن، وەك (هەیثەمی ج٨، ص٢٣٤)دا هاتووە، ئیبن سەعد (د١، ص١٩٠) بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – ضعیف.

[4] – لە (البدایة والنهایة ج٢، ص٣٣٨) دا واهاتووە.

هات بۆ لامو لەبەر دەرگامدا وەستا، وتم نایەیتە ژوورەوە؟ زتی ڕێی ئەوە نادرێ، ئەحمەد هاتووەو بارێ هاتووە کە لە تواناتدا نیە، پاشان گەڕامەوە بۆ مەککە سەیرمکرد پێغەمبەری خوا لە مەککە بانگەواز دەکات بۆ خوا.[1]

ئەحمەد لە موجاهیدەوە هێناویەتی دەڵێت بەتەمەنێ کە سەردەمی نەفامی دیبوو لە غەزای ڕۆدس دا قسەی بۆ کردم، ناوی ئیبن عیسا بوو، وتی: من مانگایەکیماڵەوەمانم دەلەوەڕاند کە لەناو سکیەوە دەنگێکم بیست دەیوت: (یا آل ذریع) وشەیەکی ڕەوانبێژانە، کەسێکی ئامۆژگاری کەر دەڵێ هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خوا، دەڵێت: چووینە مەککە سەیرمانکرد پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە مەککە بانگەواز دەکات.[2]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٣٠) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: جنۆکەیەك هاواری کرد بەسەر ئەبوو قوبەیس لە مەککەداو وتی:

قبح الله رأي كعب بن فهر ... ما أرق العقول والأحلام

دينها أنها يعنف فيها ... دين آبائها الحماة الكرام

خالف الجن جن بصرى عليكم ... ورجال النخيل والآطام

هل كريم لكم له نفس حر ... ماجد الوالدين والأعمام

يوشك الخيل أن تروها تهادي ... يقتل القوم في بلاد التهام

ضارب ضربة تكون نكالا ... و رواحا من كربة واغتنام

ئیبن عەبباس وتی: ئەو قسە لە مەککەدا بڵاو بوویەوەو بێباوەڕان لە نێو خۆیاندا دەیانوتەوەو چاویان بڕیبووە باوەڕداران، پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی (شەیتانێ خەڵکی لەسەر بتەکان دەدوێنێ پێی دەوترێ میسعەر، خوایش

---

[1] – لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٣٨)دا واهاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٩) لە ڕێگەی واقدیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] – (هەیثەمی ج٨، ص٢٤٣) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.

سەرشۆڕی دەکات) (شيطان يكلم الناس في الأوثان يقال له مسعر والله يخزيه) سێ ڕۆژ دوای ئەو لەسەر شاخەوە دەنگ هات وتی:

نحن قتلنا مسعرا   لما طغى واستكبرا
وسفه الحق وسن المنكرا   قتعته سيفا جروفا مبترا
بشتمه نبينا المطهر

(ئێمە میسعەرمان کوشت کاتێ سەرکەش بووو حەقی بە کەم گرتو تاوی دایە خراپەو شمشێرێ تەمێی کرد کاتێ قسەی وت بە پێغەمبەری پاکمان) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە دێوێ لە جنۆکەکان بوو پێی دەوترا (سەمحەج) ناوم نا عەبدوڵا باوەڕی پێ هێنام، هەواڵی پێدام چەند ڕۆژێکە بە دوایدا دەگەڕێ).

عەلی کوڕی ئەبوو تالیب وتی ئەی پێغەمبەری خوا خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە.[1]

خەرائیتی لە عەبدوڵای کوڕی مەحموودەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم کەسانێ لە خەثعەم دەیانوت ئەوەی بانگی کردین بۆ ئیسلام ئەو بوو ئێمە خەڵکێکی بت پەرست بووین، ڕۆژێك لای بتێکمان بووین کە دەستەیەك لە لای سکاڵاو گرفتیان بووو داوای دەرباز بوونیان دەکرد لە گرفتێ کە کەوتبووە نێوانیان، ئەویش هاواری کردو وتی:

يا أيها الناس ذوو الأجسام   من بين أشياخ الى غلام
ما انتم وطائش الأحلام   ومسند الحكم الى الأصنام
اكلكم في حيرة نسيام   أم لا ترون ما الذي أمامي
من ساطع يجلو دجى الظلام   قد لاح للنظر من تهام
ذاك بني سيد الأنام   قد جاء بعد الكفر بالأسلام

[1] – ئومەوی لە ئیبن عەبباسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٤٨)دا هاتووە، فاکهی لە ئیبن عەبباس لە عەمری کوڕی ڕەبیعەو لە ڕێگەی حەمیدی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفیش لە باوکیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (الأصابة ج٢، ص٧٨)دا هاتووە.

أكرمه الرحمن من أمام ومن رسول صادق اللكرام
أعدل ذي حكم من الأحكام يأمر بالصلاة والصيام
والبر والصلات للأرحام ويزجر الناس عن الآثام
والرجس والأوثان والحرام من هاشم في ذروة السنام
مستعلنا للبلد الحرام

ئێمەش کە ئەومان بیست لە دەوری دوور کەوتینەوەو هاتین بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمان بووین.[1]

ئەبوو نەعیم لە تەمیمی داریەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: من لە شام بووم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو بە پێغەمبەر، منیش بۆ پێویستیەکم دەرچووم،شەوم بەسەردا هات، وتم: من لە پەنای گەورەی ئەم دۆڵەدا ئەمشەو دەبەمەسەر، کو چوومە سەر جێگەکەم کەسێ هاواری کردو نەمدی، وتی پەنا بگرە بە خوا چونکە جنۆکە بەسەر خوادا دەسەڵاتی بەرامبەر کەس نیە، وتم: ئەی بەخوا وادەڵێیت؟ وتی: پێغەمبەری ئەمین نێردراوی خوا هاتو لە دوایەوە نوێژمانکردو موسڵمان بووینو شوێنی کەوتنو فێڵی جنۆکە نەماو بەر تیر کەوتین، دەی بڕۆ بۆ لای موحەمەدی نێردراوی پەروەردگاری جیهانیانو موسڵمان ببە، تەمیم وتی: بۆ بەیانی چووم بۆ دێری ئەییوبو پرسیارمکرد لە راهیبیێو هەواڵەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش وتی ڕاستیان وتووە لەگەڵت، لە حەرەم دەردەچیێو کۆچیشی لەوێ دەبیێو ئەو چاکترینی پێغەمبەرانە دەی لێی مەوەستە، تەمیم وتی: منیش خەڵکم ڕاسپارد تا گەیشتمە لای پێغەمبەر (ﷺ)و موسڵمان بووم.[2]

ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن عەساکیر لە وائلەی کوڕی ئوسقعەوە هێناویەتی دەڵێت: موسڵمانبوونی حەجاجی کوڕی عەلاتی بهزیو دواتر سوللەمی ئەوە بوو بە

[1] – لە (البداية والنهاية ج٣، ص٣٤٣)دا واهاتووە، ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٣٢) لە کەسێ لە خەثعەمەوە بە کورتی هێناویەتی.
[2] – لە (البداية والنهاية ج٢، ص٣٥٠)دا واهاتووە.

کاروانێکی هۆزەکەیەوە بەرەو مەککە دەچوو، کە شەوی بەسەردا هات لە دۆڵێکی ترسناکدا بوونو ترسان، هاوەڵانی پێیان وت ئەی ئەبوو کیلاب هەستەو پەنایەك بۆ خۆتو هاوەڵانت وەربگرە، ئەویش هەستاو وتی:

أعيذ نفسي واعيذ صحبي　　　من كل جني بهذا النقب

حتى أؤوب سالما وركبي

ئەوکات بیستی کەسێ دەیوت ﴿يَا مَعْشَرَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ إِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا مِنْ أَقْطَارِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ فَانفُذُوا لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَانٍ﴾ (الرحمن ٣) کاتێ هاتنە مەککە لە نێو قورەیشدا هەواڵی ئەوەیان دا، ئەوانیش وتیان بەخوا ڕاست دەکەیت ئەی ئەبوو کیلاب، ئەوە ئەوەیە کە موحەمەد بانگەشە دەکات دابەزیوە بۆی، وتی: بەخوا خۆمو ئەمانە کە لەگەڵم بوون بیستمان لەو بارەدا بوون کە عاصی کوڕی وائیل هات، پێیان وت ئەی ئەبوو هاشم گوێت لێیە ئەبوو کیلاب چی دەڵێت؟ وتی چی دەڵێت؟ ئەوانیش هەواڵیان پێدا، ئەویش وتی: بۆ سەرتان سوڕئەمێنێ، ئەوەی ئەمەی پێ وتووە هەر ئەو بە موحەمەدیشی وتووە، بەوە ئەو خەڵکەی لێ بە دیار خستمو زیاتر بەرچاو ڕوونیم بۆ زیاد بوو، پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) و بیستم لە مەککەوە دەرچووە بۆ مەدینە، سواری وڵاخەکەم بووم تا گەیشتمە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینەو هەواڵم پێدا چیم بیستووە، فەرمووی (سوێند بەخوا حەقت بیستووە، بەخوا ئەوە لە فەرمایشتی پەروەردگارمە کە دایبەزاندووە بۆ سەرمو ئەی ئەبوو کیلاب بە ڕاستی حەقت بیستووە) منیش وتم ئەی پێغەمبەر(ﷺ) فێری ئسلامم بکە، ئەویش وتەی نیاز پاکی کردمو فەرمووی (بڕۆ بۆ لای هۆزەکەتو بانگیان بکە بۆ ئەوەی من بانگت دەکەم بۆی چونکە ئەوە حەقە).[1]

---

[1]- لە سەنەدەکەدا ئەییوبی کوڕی سوەیدو موحەمەدی کوڕی عەبدوڵای لەیثی هەن کە لاوازن، لە (منتخب کنزالعمال ج٥، ص١٦٣)دا واهاتووە.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٢٨) لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: خەڵکی بەرەو مەککە دەڕۆیشتن کە ڕێیان ونکرد، کە ڕووەو مەرگ چوونو خەریك بوو بمرن کفنیان پۆشیو ڕاکشان بۆ مەرگ، جنۆکەیەك بە شێوە درەختێکەوە هات بۆ لایانو وتی من دواماوەی ئەو دەستە جنۆکانەم کە گوێیان لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو، بیستم دەیفەرموو باوەڕدار براو چاوو ڕێنموونی برا باوەڕدارەکەیەتی، ئەو ئاوەو ئەو ڕێگەیە پشتی ناشکێنێ، دواتر ڕێنموونی کردن بۆ لای ئاوو ڕێگەکەشی پێ نیشاندان، بەغەوی لە سەعیدی کوڕی شوەیم لە بەنی سەهمی کوڕی مورەوە هێناویەتی باوکی بۆی گێڕایەوە کە لە سوپای عویەینەی کوڕی حصندا بوو کاتێ هات بۆ هاودەستی لەگەڵ جولەکەی خەیبەر، دەڵێت: لە سەربازگەکەی عویەینەدا دەنگێکمان بیست دەیوت: ئەی خەڵکینە کەسوکارتان بە جێتان هێشتوون، دەڵێت: گەڕانەوەو بێ ڕوانیین هیچ هەواڵێکمان بۆ ئەوە نەدیو واماندەبینی ئەو دەنگە لە ئاسمانەوە بوو.[1]

(بەکار خستنی جنۆکەو شەیتانەکان)

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٣٠)لەئەبووهورەیرەوە هێناویەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (من خەوتبووم کە شەیتانێ هات بۆم، منیش قوڕشکیم گرتو لێم توند کردەوە تا ئەوەی لیکی دەمی لەسەر پەنجەم دەبینم، ڕەحمەتی خوا لە سولەیمان (علیه السلام) ئەگەر نزاو داواکەی نەبوایە ئەو شەیتانە دەبەسترایەوەو سەیرتان دەکرد)، هەروەها دەفەرموێت (دێوێ لە جنۆکەکان دوێنێ دای بەسەرمدا تا نوێژم لێ ببڕێت، خوا زاڵی کردم بەسەریداو گرتمو ویستم بیبەستمەوە بە پایەیەکی

---

[1] - لە (الأصابة ج٢، ص١٦٢)د واهاتووە.

مزگەوتەکەوە تا هەمووتان سەیری بکەن بیری داواکەی سولەیمانی برام کەوتەوە (رب اغفرلي وهب لي ملكا لا ينبغي لأحد من بعدي) بۆیە بە شکاوی گێڕامەوە).[1]

(ئەگەر داواکەی سولەیمانی برامان نەبوایە دەبەسترایەوەو منداڵانی خەڵکی مەدینە یارییان پێ دەکرد).

تەبەرانی لە بورەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم موعاذی کوڕی جەبەل لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) شەیتانی گرتووە، منیش چووم بۆ لای‌و وتم: بیستوومە تۆ لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) شەیتانت گرتووە، وتی بەڵێ، پێغەمبەر (ﷺ) بەرهەمی صەدەقەی دایە لای من‌و منیش لە ژوورێکمدا دامناو هەموو ڕۆژێ دەمدی شتێکی لێ کەمبووەتەوە، سکاڵای ئەوەم کرد لای پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش پێی فەرمووم (ئەوە کاری شەیتانە دەی قەرەوڵی بۆ بگرە) منیش شەو قەرەوڵم بۆ گرت، کە کەمێ لە شەو چوو لەسەر شێوەی فیل هات، کاتێ هاتە بەردەرگاکە لە کون‌و درزی دەرگاکەوە بە شێوەی دیکە هاتە ژوورو لە خورماکە نزیک بوویەوەو قوتی دەدا، منیش جلەکەی خۆمم گرت‌و کۆمکردەوەو دام بە ناویداو وتم شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نیە جگە لە خواو موحەمەدیش بەندەو نێردراوی خوایە ئەی دوژمنی خوا، لای خورمای صەدەقەکە وەستاو منیش گرتم‌و ئەوانیش لە تۆ پێی شیاوتر بوون، بەخوا دەتبەم بۆ لای پێغەمبەری خوا تا ئابڕوت ببات، ئەویش بەڵێنی پێدام نەگەڕێتەوە.

بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دیلەکەت چی کرد؟) وتم بەڵێنی دا نەگەڕێتەوە، فەرمووی (ئەوە دەگەڕێتەوە قەرەوڵی بۆ بگرە) منیش شەوی دووەم قەرەوڵم بۆ گرت‌و هەمان شتم کردو ئەویش هەمان بەڵێنی پێدام‌و منیش بەرمدا، بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەواڵی پێبدەم، هاوارکەرەکەی هاواری کرد موعاذ کوا؟ پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (ئەی موعاذ دیلەکەت چی لێکرد؟) وتم چی بووە، فەرمووی (ئەوە

[1]– ئەبوو دەردائیشەوە بە دوورو درێژی هێناویەتی‌و لە گێڕانەوەکەی ئەودا وا هاتووە.

دەگەڕێتەوە دەی قەرەوڵی بۆ بگرە) شەوی سێیەم هەمان شت ڕوویدا، وتم ئەی دوژمنی خوا دووجار بەڵێنت پێدامو ئەمە جاری سێیەمە بە دڵنیاییەوە دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا ڕسوات بکات، ئەویش وتی: من شەیتانێکم ماڵو منداڵم هەیەو لە (نصیبین)ەوە هاتووم بۆ لات، ئەگەر شتێکی دیکەم دەستبکەوتایە نەدەهاتم بۆ لای تۆ،ئێمە لەم شارەتاندا بووین تا ئەم هاوەڵەتان هات، کاتێ دوو ئایەتی لەسەر دابەزی لە دەستی ڕامانکردو چووینە نصیبین، ئەو دوو ئایەتە لەهەر ماڵێکدا بخوێنرێت شەیتان هەرگیز سێ جار ناچێتە ناوی، ئەگەر بەرم بدەیت ئەو دوو ئایەتەت پێدەڵێم، وتم باشە، وتی ئایەتەلکورسیو کۆتایی سورەتی بەقەرە ﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ...﴾ پاشان بەیانی چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) تا هەواڵی پێبدەم هاوارکەرەکەی وتی موعاذی کوڕی جەبەل کوا؟ کە چووم بۆ لای فەرمووی (دیلەکەت چی لێکرد؟) وتم چی ڕوویداوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەو پیسە ڕاستی کردو خۆیشی زۆر درۆزنە) (صدق الخبيث وهو كذوب) دەڵێت: منیش دوای ئەوە دەمخوێند نەمدەدی هیچ کەم بکەن.[1]

بوخاری لە ئەبووهەرەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) ڕایسپاردم بە پاراستنی زەکاتی ڕەمەزان، یەکێ هات بۆ لامو لە خواردنی دەخوارد، منیش گررتمو وتم دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش وتی من نەبوومو ژنو منداڵم هەیەو پێویستی زۆرم هەیە، منیش بەرمدا، بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەبوو هورەیرە دوێنێ دیلەکەت چی لێکرد؟) منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا سکاڵای پێویستی زۆرو بوونی ماڵو منداڵی کرد بۆیە بەرمدا، فەرمووی (ئەو درۆی لەگەڵ کردیتو دەشگەڕێتەوە) منیش لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەر (ﷺ) زانیم دەگەڕێتەوە، قەرەوڵم بۆ گرت،ئەویش هات لە خواردنەکەی دەبرد، منیش گرتمو

---

[1]- (هەیثەمی ج٦، ص٣٢٢) دەڵێت: تەبەرانی لە یەحیای کوڕی عوسمانی صالحی مامۆستایەوە، کە پشت بەخوا وەك زەهەبی دەڵێت ڕاستگۆیە، هێناویەتی، ئیبن حاتەم دەڵێت: قسەیان لەسەر کردووەو کەسەکانی دیکەی سەنەدەکەش جێ متمانەن ،ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٧) لە ئەبوو ئەسوەدی دئلیەوە لە موعاذەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

وتم دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)، وتی بەرمدە من نەبووم‌و ماڵ‌و منالم هەیە ئیدی ناگەڕێمەوە، منیش دڵم بۆی سوتاو بەرمدا، بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەبوو هورەیرە دیلەکەت چی لێکرد؟) وتم ئەی پێغەمبەری خوا سکاڵای نەبوونی‌و بوونی ماڵ‌و منالی کردو منیش دڵم بۆی سووتاو بەرمدا، فەرمووی (ئەو درۆی لەگەڵ کردیت‌و دەشگەڕێتەوە)، شەو قەرەوڵم بۆ گرت، کە هات خواردنی دەبرد گرتم‌و وتم دەتبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەمە سێجار دەڵێیت ناگەڕێمەوە دەشگەڕێیتەوە، وتی وازم لێ بهێنە چەند وشەیەکت فێر دەکەم خوا سوودمەندت بکا پێی، کە چوویتە سەر جێگەکەت ئایەتەلکورسی بخوێنە بەردەوام لە پەنای خوادایت‌و هیچ شەیتانێ تا بەیانی نزیکت نابێتەوە، منیش بەرمدا، بەیانی پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دیلەکەت چی لێکرد) منیش وتم چی بووە، فەرمووی (ئەو ڕاستی لەگەڵ وتیت‌و خۆیشی زۆر درۆزنە، دەزانی سێ شەوە کێ دەدوێنی؟) وتم نا، فەرمووی (ئەوە شەیتانێ بوو).[١]

ترمزی لە ئەبووئەییوبی ئەنساریەوە هێناویەتی کە سەبەتەیەکی هەبوو خورمای تێدا بوو، دێوێ هات‌و لێی دەبرد، سکاڵای لای پێغەمبەر (ﷺ) کرد، فەرمووی (بڕۆ ئەگەر بینیت بڵێ بەناوی خوا وەڵامی پێغەمبەری خوا بدەرەوە) (اذهب فأذا رأيتها فقل بسم الله اجيبي رسول الله) ئەویش گرتی، ئەویش سوێندی خوارد نەگەڕێتەوە، بە هەمان شێوە دەیهێنێت[٢][٣].

تەبەرانی لە ئەبوو وائیلەوە (رضی الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵا (رضی الله عنه) وتی: شەیتان گەیشت بە یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ)و لەگەڵی جەنگا، موسڵمانەکە

---

[١] – لە (المشكاة ص١٨٥)دا واهاتووە.

[٢] – صحيح.

[٣] – وەك لە (الترغيب والترهيب ج٣، ص٣٣)دا هاتووە، ترمزی دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی غەریبە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٧) لە ئەبوو ئەییوبەوە ئەو واتایە هێناویەتی، تەبەرانی لە ئەبوو ئوسەیدی ساعدیەوە بە واتای فەرموودەکەی ئەبوو ئەییوب هێناویەتی، (هەیثەمی ج٦، ص٣٢٣) دەڵێت: هەموو کەسەکانی جێ متمانەن‌و هەندێکیان لاوازیەکیان هەیە.

لێیداو پەنجەی گەست، ئەویش وتی: بەرمبدە ئایەتێکت فێردەکەم کە هەرکاممان بیبیستێ ڕادەکات، ئەویش بەریدا کەچی ئامادە نەبوو فێری بکات، ئەویش گرتیەوەو وایلێکردووەو وتی فێرم بکە، ئامادە نەبوو، بۆ جاری سێیەم وتی وتی ئەو ئایەتەی لە سورەتی البقرة دایە ﴿اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ﴾ بە عەبدوڵا وترا: ئەی ئەبوو عەبدوڕەمان ئەو کەسە کێ بوو؟ وتی جگە لە عومەر (رضي الله عنه) دەبێت کێ بێت، هەروەها لە گێڕانەوەیەکیدا لە ئیبن مەسعوودەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: یەکێ لە هاوەڵانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گەیشت بە یەکێ لە جنۆکەکان، مرۆڤەکە کەوتە شوێنی، جنۆکەکە پێی وت ئەم جار مۆڵەتم بدە، ئەویش وایکرد،هەمدی مرۆڤەکە کەوتە شوێنی و گرتی و پێی وت: دەتبینم کزو ڕەنگ گۆڕاویت دەڵێیت باڵەکانت لە هی سەگ دەچێت، ئەی کۆمەڵی جنۆکەکان ئێوە وان یان تۆ لەوان بەو جۆرەیت، وتی نا بەخوا من وا زەبەلاحم بەڵام ئەم جار مۆڵەتم بدە ئەگەر جارێکی دی منت گرت شتێکت فێر دەکەم کە سوودمەندت بکات، بۆ جاری سێیەم کە گرتی وتی ئادەی فێرم بکە، وتی ئایا ئایەتەلکورسی دەخوێنیت؟ وتی بەڵێ، وتی لەهەر ماڵێکدا بیخوێنیت شەیتان تیایدا ڕادەکات و وەك کەڕ ئەتڕێ و ناچێتە ئەو ماڵە تا بەیانی، یەکێ لە خەڵکەکە وتی ئەی ئەبوو عەبدوڕەحمان ئەو هاوەڵە کێ بوو، عەبدوڵا ڕووی وەرگێڕاو سەیری کردو وتی: جگە لە عومەر کێ بێت[1][2].

---

[1] - ضعيف.

[2] - (هەیثەمی ج٩، ص٧١) دەڵێت تەبەرانی بە دوو سەنەد هێناویەتی، کەسەکانی گێڕانەوەی دووەم صەحیحن بەڵام شەعبی لە ئیبن مەسعوودی نەبیستووە بەڵام بینیویەتی، گێڕەوەکانی ڕێگەی یەکەم مەسعوودی تێدایە کە جێ متمانەشە، بەڵام تێکەڵ دەکات، گێڕانەوەکەی مەسعوودی بە گێڕانەوەی شەعبی پشت ڕاست دەکاتەوە بۆمان، خواش زاناترە، تەواو.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٣١) لە ڕێگەی عاصم لە زر لە عەبدوڵاوە بەو واتایە هێناویەتی، ئیبن عەساکیر لە موجاهیدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە قسەمان دەکرد یان فەرموودەمان دەگێڕایەوە لەبەرئەوەی شەیتانەکان لە سەردەمی خیلافەتی عومەردا کۆت و بەستراوە بوون، کاتێ بەرکەوت بڵاو بوونەوە.[1]

ئیبن موبارەك لە عامری کوڕی عەبدوڵای کوڕی زوبەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵای کوڕی زوبەیر (رضي الله عنه) لە عەمرەوە لەگەڵ کاروانێکی قوڕەیشدا هاتەوە، کە گەیشتنە (یانصب) کەسێکیان لای درەختێ بینی،ئیبن زوبەیر پێشیان کەوت، کە گەیشتە لای سەلامی لێکرد، ئەویش گوێی پێنەداو وەڵامێکی هێواشی دایەوە، ئیبن زوبەیر دابەزیو ئەویش ئەویش هیچ نەجوڵا، ئیبن زوبەیر پێی وت لە سێبەرەکە کەنار بگرە، ئەویش بە نا بەدڵی کەناری گرت، ئیبن زوبەیر وتی: منیش دانیشتم و دەستیم گرت و وتم تۆ کێیت؟ وتی یەکێ لە جنۆکەکان، هەرکە ئەوەی وت هەرچی مووم هەیە ڕاست بوویەوە، تۆ یەکێ لە جنۆکەکان نییت و وا بۆم دەردەکەویت، گەمژەییەکی هەبوو شکاو منیش پیایدا هەڵشاخام و وتم: تۆ خەڵکی سەر زەویت و سەرەتا بۆ من دێیت؟ ئەویش ڕایکردو چووو هاوەلانم هاتن و وتیان: ئەو کابرای لات بوو لە کوێیە؟ وتم ئەو لە جنۆکەکان بوو ڕایکرد، هەرکامیان کە ئەوەیان بیست لەسەر وڵاخەکەیان کەوتنە سەر زەوی، منیش یەك یەك دەمخستنەوە سەر ئاژەڵەکانیان تا حەجم پێکردن و ئاگایان لە خۆیان نەبوو، ئەحمەدی کوڕی ئەبولحواری دەڵێت بیستم ئەبووو سولەیمانی دارانی دەیوت: ئیبن زوبەیر (رضي الله عنه) لە شەوێکی مانگە شەودا لەسەر وڵاخەکەی بوو دەرچووو لە تەبوکدا بەزیو لایکردەوە سەیری کرد پیرێکی سەرو ڕیش سپی لەسەر وڵاخە لە دواوە دێت، ئیبن زوبەیر گرتی و لەسەری دایبەزاند، ئیبن زوبەیر سواری وڵاخەکەی بووو چوو، ئەویش بانگی کرد: بەخوا ئەی ئیبن زوبەیر ئەگەر ئەمشەو شتێ لە من بچێتە

[1] - لە (المنتخب ج٤، ص٣٨٥) دا واهاتووە.

دڵتەوە شپرزەت دەکەم، وتی: ئەی نەفرەت لێکراو تۆ بتوانی شتێ بخەیتە دڵمەوە؟ چەند شایەتێ لە چەند لایەکی دیکەی باشەوە ئەم چیرۆکەیان لێ گێڕدراوەتەوە.[1]

(هاوەڵان دەنگی دارو بەرد دەبیستن)

بەزار لە سوەیدی کوڕی زەیدەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ئەبوو زەرم بینی بە تەنیا لە مزگەوتدا دانیشتبووو منیش ئەوەم قۆستەوەو باسی عوسمانم لا کرد، ئەویش وتی تەنها بە چاکە ناوی عوسمان دەبەم لەبەر شتێ کە لە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بینیومە، من شوێن پێی پێغەمبەرم (صلى الله عليه وسلم) دەگرتە بەرو لێوەی فێر دەبووم، ڕۆژێ چووم و سەیرمکرد دەرچووە، شوێنی کەوتم، لە شوێنێ دانیشت و منیش لە لای دانیشتم، فەرمووی (ئەی ئەبوو زەر بۆچی هاتیت؟) وتم خواو پێغەمبەرەکەی، ئەبووبەکریش هات و سەلامی کردو لە لای ڕاستی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) دانیشت، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەمان پرسیاری لەویش کردو ئەویش هەمان وەڵامی دایەوە، ئینجا عومەر هات و لە لای ڕاستی ئەبوو بەکرەوە دانیشت و پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەمان پرسیاری لێکردو عومەریش هەمان وەڵامی دایەوە، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) حەوت یان نۆ بەردی وردی هەڵگرت و لە دەستیدا سوبحانەڵڵایان کرد تا ئەوەی نرکەیان وەك نرکەو زیکەی هەنگ دەبیسترا، دواتر داینان و ئەوانیش مۆنیان گرت، پاشان خستیە دەستی ئەبوو برکرو لە لای ئەویش هەمان شت ڕوویدا، ئینجا خستیە دەستی عوسمان و هەمان شت ڕوویدا.[2] منیش دەڵێم: لە باسی لای هەیثەمیدا کە لە بەزارەوە هێناویەتی باسی عومەر نەکراوە کە بەردەکان بخاتە دەستی، بەیهەقی هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٣٢) لەسوەید لە ئەبوو زەرەوە هاتووە، تیایدا هاتووە: پاشان هەڵیگرتن و خستنیە دەستی عومەر، لە دەستیدا

---

[1] – لە (البداية والنهاية ج٨، ص٣٣٥)دا واهاتووە

[2]– (هەیثەمی ج٨،ص٢٩٩) دەڵێت بەزار بە دوو سەنەد هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدێکیان جێ متمانەن و لاوازیەك لە هەندێکیاندا هەیە، تەواو.

هێندە سوبحانەڵایان کرد تا نرکەو دەنگیان وەك هی هەنگ بیسترا پاشان داینان‌و مۆنیان گرت، لە کۆتاییەکەیدا ئەوەی هێناوە (هذه خلافة النبوة) (ئەوە جێگیرایەتی پێغەمبەرایەتی یە)،[1]هەیثەمی ج٨، ص٢٩٩دەڵێت: تەبەرانی لە ئەبوو زەرەوە هێناویەتی‌و لە سەنەدێکیانەوە ئەوەی بۆزیاد کردووە: لەهەرکامیاندا چی لە بازنەکەدا بوو تەسبیحاتی بەردەکانی دەبیست، هەروەها دەڵێت: پاشان دانی بە ئێمە بەڵام لەگەڵ کەس لە ئێمە تەسبیحاتیان نەکرد، تەواو.[2]

بووخاری لە عەبدوڵای کوڕی مەسعوودەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە ئایەتەکانمان بە بەرەکەت‌و ئێوە بە ترساندن لەبەر چاوە،ئێمە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە سەفەرێ بووین کە ئاو کەم بوو، فەرمووی (اطلبوا فضلة من ماء) ئەوانیش قاپێکیان هێنا کە ئاوێکی کەمی تێدا بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بردە ناو قاپەکەو دواتر فەرمووی (حي على الطهور المبارك والمباركة من الله) (ئادەی بۆ قاپی بەرکە ئاوی‌و بەرەکەتیش لە خواوەیە) بینیم ئاو لە نێو پەنجەکانی پێغەمبەری خواوە (ﷺ) هەڵدەقوڵا، ئێمە گوێمان لە تەسبیحاتی خواردن بوو کاتێ دەخورا.[3]

بوخاری لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی هەینی لای درەختێ یان دارخورمایەکدا دەبوو، ژنێکی پشتیوانان یان پیاوێ وتی ئەی

---

[1]- ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٥) لە سوەید لە ئەبوو زەرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام زیادەکەی بەیهەقی نەهێناوە، تەبەرانی لە ئەبوو زەرەوە بە کورتی هێناویەتی‌و دەڵێت دواتر خستیە دەستی عەلی‌وهەمان شت ڕوویدا، (هەیثەمی ج٥، ص١٧٩) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موحەمەدی کوڕی ئەبوو حەمید هەیە کە لاوازە

[2]- ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٥٤) لە ڕێگەی سوەیدەوە بە کورتی هێناویەتی، لە ڕێگەی جوبەیری کوڕی نوفەیری حەزرەمیشەوە بە دوورو درێژی هێناویەتی‌وئەوەشی بۆ زیاد کردووە: چی لە بازنەکەدا بوو تەسبیحاتی بەردەکانی دەبیست.

[3]- ترمذی دەڵێت فەرموودەکە حەسەنی صەحیحە، لە (البداية والنهاية ج٦، ص٩٧) وا هاتووە، پێشتریش نزای پێغەمبەرمان (ﷺ) بۆ عەبباس باسکرد کە لاکانی دەرگاکەو دیوارەکانی ماڵ ئامینیان بۆ کرد، تەبەرانی لە ئەبوو ئوسەیدەوە هێناویەتی‌و هەیثەمی سەنەدەکەی بە حەسن داناوە، بەیهەقی‌و ئەبوو نەعیم لە (الدلائل)و ئیبن ماجەش هێناویانە

پێغەمبەری خوا مینبەرێکت بۆ دروست نەکەین، فەرمووی (ئەگەر حەز دەکەن با) ئەوانیش مینبەرێکیان بۆ دروست کرد، ڕۆژی هەینی پێغەمبەر (ﷺ) چوویە سەر مینبەرەکە دار خورماکە گریانی وەك گریانی منداڵ دەستپێکرد، پاشان پێغەمبەر (ﷺ) دابەزیو باوەشی پێدا کردو ژێری کردەوە، دەڵێت: دەگریا لەسەر ئەوەی لە لایدا زیکری دەبیست.

لە ڕێگەکی دیکەوە هێناویەتی دەڵێت کاتێ مینبەرەکەی بۆدروستکرا لەسەری بوو دەنگێکی دڵگریاومان لەو دار خورما بیست تا پێغەمبەر (ﷺ) هاتو دەستی لەسەر داناو دار خورماکە ژێر بوویەوە، ئەحمەدو بەزار لە ڕێگەی جیاجیاوە لە جابرەوە هێناویانە، لە ڕێگەیەکی ئەحمەدەوە واهاتووە: کە مینبەرەکەی بۆ دروستکراو پێغەمبەر (ﷺ) چوویە سەری ئەو درەختە وەك نرکەی وشتر کەوتە نرکە تا خەڵکی مزگەوت دەنگیان بیست، پێغەمبەر (ﷺ) دابەزی بۆ لایو باوەشی پێدا کرد، دار خورماکەش هێور بوویەوە، لە گێڕانەوەیەکدا: دار خورماکە بێدەنگ بوو،[1] ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٤٢) دا هێناویەتی ولە گێڕانەوەیەکیدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر لە کۆشم نەگرتایە تا ڕۆژی دوایی دەگریا) (لو لم أحتضنه لحن الى يوم القيامة).

ئەحمەدیش لە فەرموودەی ئەنەسەوە هێناویەتی کە مینبەرەکە دروستکراو لە دارەوە بوو بە مینبەر، ئەنەسی کوڕی مالیك هەواڵی دا کە بیستی دارەکە دەگریا، بەردەوام وا بوو تا پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر مینبەرەکە دابەزیو چوو بۆ لایو باوەشی پیاکرد، ئەوکات دارەکە ئارامی گرت.

---

[1] - ئەم سەنەدە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحەو بوخاریو موسلیم نەیانهێناوە، وەك ئیبن کەثیر لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٢٩)دا دەڵێت، ئیبن عەبدولبر لە (جامع بيان العلم ج٢، ص١٩٧) لەو جابرەوە بەو سەنەدە بەو شێوە هێناویەتی.

بەغەوی لە ئەنەسەوە هێناویەتی و ئەوەی بۆ زیاد کردووە حەسەن ئەگەر ئەو فەرموودەی باسبکردایە دەگریا دوایی دەیوت ئەی بەندەکانی خوا دار لە تاو تاسەی پێغەمبەردا لەبەر پلەو پایەی لای خوا بۆی دەگریا، دەی ئێوە لە پێشترن تا تامەزرۆی دیداری بن،[1] ئەبوو یەعلا لە گێڕانەوەکەیدا هێناویەتی (سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بە دەستە ئەگەر نەمگرتایە بەردەوام تا ڕۆژی دوایی لەتاو خەفەت خواردن بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بەو جۆرە دەبوو) پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانیکردو خرایە ناو خاك.[2]

ئەبوو نەعیم لە (الحلیة ج١، ٢٢٤) لە قەیسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبو دەردا کە نامەی دەنووسی بۆ سەلمان یان سەلمان نامەی بۆ ئەبوو دەردا بنووسیایە باسی نیشانەی قاپەکەی بۆ دەکرد،دەیوت: ئێمە دەمانگێڕایەوە کە لە قاپێکدا نانیان دەخوارد کە قاپەکەو ئەوەی تیایدا بوو تەسبیحاتیان دەکرد.

ئەبوو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٢٨٩) لە جەعفەری کوڕی ئەبوو عمرانەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستمان عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) دەنگی ئاگری بیستووەو دەیوت منیش، وترا ئەی ئیبن عەمر ئەوە چیە؟ وتی سوێند بەوەی گیانمی بە دەستە ئەو پەنا دەگرێت بەخوا لەوەی ببرێتەوە بۆ ناو ئاگری گەورە (دۆزەخ).

---

[1]- ئەبوو نەعیم لە ئەنەسەوە هێناویەتی وەك لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٢٧)دا هەیە، ئیبن عەبدولبر لە (جامع بیان العلم ج٢، ص١٩٧)دا بە دەقی بەغەوی هێناویەتی.

[2]- ترمزی هێناویەتی و دەڵێت: فەرموودەکە لەم ڕووە غەریبە، وەك لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٢٦)دا واهاتووە، ئیبن کەثیر لە (البدایة والنهایة)دا لەو بارەوە فەرموودەی زۆری هێناوە

(بیستنی قسەی مردوانی ناو گۆڕ)

حاکم لە یەحیای کوڕی ئەییووبی خوزاعیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم لە کەسێ کە دەیوت لە سەردەمی عومەردا گەنجێکی پەرستشکار هەبوو هەردەم لە مزگەوتدا بووو عومەر پێی سەرسام بوو، ئەو گەنجە باوکێکی پیری هەبوو، کاتێ نوێژی عەتەمەی دەکرد دەچوویەوە بۆ لای باوکی، لە ڕێگەکەیدا بەردەرگای ئافرەتێ هەبوو کە کەوتبووە بەر فیتنەی ئەو ئافرەتە، ئەو ئافرەتە دەچوویە سەر ڕێگەی کوڕەکەو خۆی بۆ دەنواند، شەوێ کوڕەکە بەوێدا تێپەڕیو ژنەکەش هەڵی دەخەڵەتاند تا کوڕەکە چوو بە دوایدا، کە چوویە بەردەرگاکەو ویستی بچێتە ژوورەوە بیری خوای کەوتەوەو ئەوئایەتە هاتە سەر زمانی ﴿إِنَّ الَّذِينَ اتَّقَواْ إِذَا مَسَّهُمْ طَائِفٌ مِّنَ الشَّيْطَانِ تَذَكَّرُواْ فَإِذَا هُم مُّبْصِرُونَ﴾ کوڕەکە لە هۆش خۆی چوو، ژنەکە کەنیزەکێکی خۆی بانگ کردو بردیانە بەردەرگای خۆیو دایاننیشاندو تەقەیاندا لە دەرگاکەی ماڵی باوکی، باوکی هات سەیری کرد کوڕەکەی بوراوەتەوە، هەندێ لە منداڵەکانی بانگکردو بردیانە ژوورەوە، کە بە هۆش هاتەوە بڕێ لە شەو چووبوو، باوکی پێی وت کوڕی شیرینم چیتە؟ وتی خێرە، وتی بۆ خاتری خوا پێم بڵێ، ئەویش پێی وت چی بووە، وتی کوڕی شیرینم کام ئایەتەت خوێند؟ ئەویش ئایەتەکەی خوێندو لە هۆش خۆی چوو، کە جوڵاندیان سەیریان کرد مردووە، شۆردیانو بردیانە دەرو بە شەو خستیانە ژێر خاك، بۆ بەیانی ئەو هەواڵە برا بۆ عومەر، ئەویش هات بۆ لای باوکیو سەرە خۆشی لێکردو وتی بریا بە منت بوتایە، وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران شەو بوو، عومەر وتی دەی بمبەن بۆ لای گۆڕەکەی، عومەرو هاودەمەکانی چووون بۆ لای گۆڕەکەی، عومەر وتی ئەی فلان کەس ﴿وَلِمَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ جَنَّتَانِ﴾ گەنجەکەش لەناو گۆڕەکەوە وەڵامی دایەوەو ئەی عومەر خوا لە بەهەشتتدا دووجار هەردووکیانی پێدام.[1]

[1]- لە (کنزالعمال ج١، ص٢٦٧)دا واهاتووە، ئیبن عەساکیر لە ژیاننامەی عومەری کوڕی جامعدا بەو شێوە هێناوەیەتی، وەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر (ج٢، ص٢٧٩)دا هاتووە، بەیهەقی لە ئەنەسەوە بە کورتی هێناویەتی، وەك لە (کنزالعمال ج١،ص٢٦٧)دا هاتووە، لە گێڕانەوەیەکیشدا وتی ئەی مامە بڕۆ بۆ لای عومەرو سەلامی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ پاداشتی کەسێ چیە کە

ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن سەمعانی لە موحەمەدی کوڕی حومەیرەوە هێناویانە عومەری کوڕی خەتتاب (ﷺ) دای بەلای گۆڕستانی بە قیعداو وتی سەلامتان لێبێت ئەی خەڵکی ناو گۆڕەکان، هەواڵی لای ئێمە ئەوەیە ژنەکانتان شوویانکردو ماڵەکانتان خەڵکیان تێدایەو سامانتان دابەشکرا، دەنگیّ وەڵامی دایەوە: هەواڵی لای ئێمە ئەوەیە ئەوەی پێشمان خست هاتەوە دەستمان‌وئەوەی بەخشیمان قازانجمانکردو ئەوەی بە جێمان هێشت لە دەستماندا.[1]

(بینینی سزای سزا دراوان)

تەبەرانی لە ئیبن عومەرەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: من بە لای بەدردا دەڕۆیشتم کە کەسیّ لە چاڵیّ هاتە دەرو زنجیریّ لە ملیدا بوو، هاواری لێکردم ئەی عەبدوڵا ئاوم پێبدە، ئەی عەبدوڵا ئاوم پێبدە، ئەی عەبدوڵا ئاوم پێبدە، نازانم ناوی زانیم یان وەك نەریتی عەرەب بانگی کردم، یەکێك لەوانی ناوگۆڕ هاتە دەرو قامچیەك بە دەستیەوە بوو هاواری لێکرد ئەی عەبدوڵا ئاوی پێمەدە ئەو بێباوەڕە، دواتر بە شمشێر لێیداو بردیەوە ناو گۆڕەکەی، خێرا هاتمەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و بۆم گێڕاوەیەوە، ئەویش پێی فەرمووم (ئایا بینیت؟) وتم بەڵیّ، فەرمووی (ئەوە دوژمنی خوا ئەبوو جەهل بووو ئەوەش سزایەتی تا ڕۆژی دوایی).[2]

لە پەروەردگاری بترسی؟ لە کۆتایەکەیدا هاتووە: عومەر لەسەر گۆڕەکەی وەستاو وتی دوو باخت لە دوو بەهەشتتدا بۆ هەیە.

[1] – لە (کنزالعمال ج٨،ص١٢٣)دا واهاتووە.

[2]– (هەیثەمی ج٦، ص٨١) دەڵێت: تەبەرانی لە (المعجم الأوسط) هێناویەتی‌و لە سەنەدەکەدا کەس هەیە کە نایناسم، تەواو.

(قسەکردنیان دوای مردن)

بەیهەقی لە سەعیدی کوڕی موسەیبەوە هێناویەتی زەیدی کوڕی خارجەی ئەنساری لە بەنی حارثی کوڕی خەزرەج لە سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا (رضي الله عنه) مرد، بە جلەکەی دا پۆشرا، دواتر لەرەلەرێکیان لە سنگیدا بە دیکرد، پاشان قسەی کردو وتی: ئەحمەد ئەحمەد لە کتێبی یەکەمدا، ڕاستی وت ڕاستی وت ئەبوو بەکری صدیق، لاواز لە دەروونیدا بەهێزە لە فەرمانی خوادا لەو کتێبی یەکەمدا، ڕاستی وت ڕاستی وت عومەری کوڕی خەتتاب، بە هێزی سپاردەکار لە کتێبی یەکەمدا، ڕاستی وت ڕاستی وت عوسمانی کوڕی عەففان لەسەر ڕێبازیان، چوار چووو دوو مایەوەو فیتنە بەهێز لاواز بخوات هات، ڕۆژی دوایی هات‌و دواتریش لە سوپاکەتان هەواڵی بیری ئەریس دێت. یەحیا دەڵێت سەعید وتی: پاشان یەکێ لە بەنی خەتمە مردن جلەکەی بەسەردا درا، نرکەو جوڵەیەك لە سنگیەوە بەدیکرا، پاشان وتی: برای (خەڵکی) بەنی حارثی خەزرەج ڕاستی کرد ڕاستی کرد.[1]

تەبەرانی لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە هێناویەتی دەڵێت: زەیدی کوڕی خارجە بە ڕێگەیەکی مەدینەدا دەچوو کە لە نێوان نیوەڕۆو عەسردا مرد، برایەوە بۆ ماڵەوەو جل‌وبەرگی بەسەردا درا، لە نێوان ئێوارەو عیشادا هەندێ ئافرەتی پشتیوانان لە دەوری کۆبوونەوەو شینیان کرد، بسیتیان لە ژێر جلەکەوە دەنگێك هات دەیوت: ئەی خەڵکینە بێدەنگ بن، ئەی خەڵکینە بێدەنگ بن، بەرگی سەر دەم‌و چاوی‌و سنگی لابرا، ئەویش وتی موحەمەد پێغەمبەری خوایە، نێردراوی

---

[1] - بەیهەقی لە حاکمەوە هێناویەتی‌و دەڵێت ئەم سەنەدە صەحیحەو چەند شایەتێکی هەن، لە (البداية والنهاية ج٦،ص١٥٦)دا هاتووە، ئیبن ئەبی بەیهەقیش لە لایەکی دیکەوە بە دوورو درێژترو فراوانتر لەوە هێناویەتی‌و بەیهەقی بە صەحیحی داناوە، لە (البداية والنهاية ج٦، ص٢٩٣)دا واهاتووە.

نەخوێندەوار کۆتای پێغەمبەران، ئەمە لە کتێبی (خوادا) واهاتووە، پاشان لەسەر زمانی وترا:ڕاستی وت ڕاستی وت ئەبوو بەرکی صدیق خەلیفەی پێغەمبەری خوا بەهێزو سپاردەکار، لە جەستەیدا لاوازو لە فەرمانی خوادا بەهێز بوو، ئەمە لە کتێبی ئەکەمدا هەبوو، پاشان لەسەر زمانی وترا: ڕاستی کرد (سێ جار) لە (المعجم الأوسط)دا ئەمیری باوەڕداران هاتووە، ئەوەی لە لۆمەی لۆمەکار ناترسێ و ڕێ لەوە دەگرێ بەهێز یان لاوازیان بخۆن، ئەوە لە کتێبی یەکەمدا هاتبوو،پاشان لەسەر زمانی وترا ڕاستی کرد ڕاستی کرد، پاشان وتی:عوسمانی ئەمیری باوەڕداران میهرەبان بۆ باوەڕداران، دوو چووو چوار ماوەو خەڵکی ناکۆکن و هەر ڕێکخستنێکیان بۆ نیەو حەرامەکان شکێنران و ڕۆژی دوایی نزیك بوەتەوەو خەڵکی یەکدی دەخۆن، لە گێڕانەوەیەکیش لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە دەڵێت: کاتێ زەیدی کوڕی خارجە مرد من چاوەڕێ بووم عوسمان بێتە دەرێ، وتم: دوو ڕکات نوێژ دەکات، جلەکەی سەر دەمو چاوی لابرد، ئەویش وتی السلام علیکم، کەسوکاریشی قسەیان دەکرد، دەڵێت منیش لەنوێژدا بووم دەموت: سوبحانەڵلا، سوبحانەڵلا، وتی: بێدەنگ بن، بێدەنگ بن، ئەوی دیکەشی بە هەمان شێوە هێناوە،[1]

لە (المعجم الأوسط) دەڵێت: بەهێزترینی ئەو سیانە ئەوەیە کە لەبەر خوا لە لۆمەی لۆمەکار ناترسێ و فەرمان ناکات بە خەڵك کە بەهێزیان لاوازیان بخوات، عەبدوڵای ئەمیری باوەڕداران ڕاستی کرد ڕاستی کرد، ئەوە لە کتێبی یەکەمدا هەبوو، پاشان وتی: عوسمانی ئەمیری باوەڕداران ئەو خەڵك لە تاوانگەلێکی زۆر دوور دەگرێت، دوو چووو چوار مایەوە، پاشان خەڵکی ناکۆك کەوتن و کەوتنە

---

[1]- (هەیثەمی ج٥،ص١٨٠) دەڵێت تەبەرانی هەمووی بە کورتیەکی زۆر بە دوو سەنەد هێناوەو کەسەکانی سەنەدێکیان جێ متمانەن، تەواو. بەیهەقیش لە ئیبن ئەبی دنیاوە بە سەنەدی خۆی لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە بە دوورو درێژی هێناویەتی.

یەکدی خواردن و هیچ نیزامیٚ نەماو سنورە حەرامەکان شکان، وتی: کتێبی خواو قەدەری خوا ئەی خەڵکینە، ڕوو بکەنە ئەمیرەکەتان و گوێگرو گوێڕایەڵ بن، هەرکەس لایدا با بەڵێنی خوێن نەدات، فرمانی خوا بڕاوەو دیاریکراوەیەو خواش گەورەترینە، ئەوە بەهەشت و ئەوەش دۆزەخەو پێغەمبەران و ڕاستگۆیان دەڵێن:ئەی عەبدوڵای کوڕی ڕەوام سەلامتان لێ بێت، ئایا خاریجە بۆ باوکی و سەعد هەستی کرد، ئەو دوو کەسەی لە ڕۆژی ئوحود کوژران ﴿كَلَّا إِنَّهَا لَظَى نَزَّاعَةً لِّلشَّوَى تَدْعُو مَنْ أَدْبَرَ وَتَوَلَّى وَجَمَعَ فَأَوْعَى﴾ پاشان دەنگی نزم بوویەوە، هەروەها لە فەرموودەکەدا هاتووە: ئەوە ئەحمەدی پێغەمبەری خوایە، سەلام و ڕەحمەت و بەرکەتی خوات لێبێت ئەی پێغەمبەری خوا.[1]

تەبەرانیش لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە هێناویەتی دەڵێت: کابرایەك کە پێی دەوترا خارجەی کوڕی زەید مرد، جلێکمان دا بەسەریدا، منیش نوێژم دەکرد کە دەنگە دەنگێکم بیست، چووم سەیرمکرد دەدووڵێت، وتی: بەهێزترینی خەڵکە کە ئەوەی ناوەڕاستیانە، بەندەی خوا عومەری ئەمیری باوەڕداران لە باری خۆی و فەرمانی خوادا بەهێزە، عوسمانی کوڕی عەففان ئەمیر باوەڕداران چاك و پاك ڕاگریٚ کە لە تاوانگەلێکی زۆر دەبووریٚ، دوو شەو چووو چواری ماوەو خەڵکی ناکۆك کەوتن و هیچ نیزامێکیان بۆ نیە،ئەی خەڵکینە ڕووبکەنە پێشەواکەتان و گوێگرو گوێڕایەڵ بن،ئەوە پێغەمبەری خواو ئیبن ڕەواحەش، پاشان وتی: زەیدی کوڕی خارجە چی کرد؟ پاشان وتی: بیرەی ئەریس بە ستەم هەڵگیرا، دواتر دەنگەکە هێواش بوویەوە.[2]

---

[1] – بەیهەقی لە ڕێگەی جگە لە ئیبن ئەبی دنیاوە هێناویەتی و دەڵێت: ئەم سەنەدە صەحیحە وەك لە (البداية والنهاية ج٦،ص١٥٧)دا هاتووە، ئیبن مندەو ئەبوو نەعیم و جگە لەوانیش هێناویانە وەك لە (الأصابة ج٢، ص٢٤)دا هاتووە.

[2] – (هەیثەمی ج٧، ص٢٣٠) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، تەواو. هیثامی کوڕی عەممار هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية ج٦،ص١٥٧)دا هاتووە.

(زیندووکردنەوەی مردوان)

ئیبن ئەبی دنیا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: سەردانی گەنجێکی پشتیوانانمان کرد، خێرا مردو دامانپۆشیو جلێکمان بەسەردا دا، یەکێکمان بە دایکی وت: چاوەڕێی پاداشتی لای خوا بە، وتی مرد؟ وتمان بەڵێ، ئەویش دوو دەستی بۆ ئاسمان بەرز کردەوەو وتی: خوایە من باوەڕم هێنا بە تۆو کۆچم کرد بۆ لای پێغەمبەرەکەت، ئەگەر سەختیەکم بهاتایەت ڕێ.لەسەرت لا دەبردم دەی خوایە داوات لێدەکەم ئەم موسیبەتەم لەسەر لابە، دەڵێت: جلەکەی لەسەر دەمو چاوی لابرد، هێندەی نەبرد نانمان خوارد ئەویش نانی لەگەڵدا خواردین، بەیهەقی لە ڕێگەی صالحی کوڕی بەشیری یەکێ لە زاهیدانی بەسرەوە هێناویەتی لەگەڵ نەرمیەك لە فەرموودەی لە ئەنەسەوە، چیرۆکەکە دێنێو تیایدا هاتووە ئوم سائیب پیرەژنێکی کوێر بوو.

بەیهەقی لە عەبدوڵای کوڕی عەون لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: لەم ئوممەتەدا بە سیان گەیشتم ئەگەر لەناو بەنی ئیسرائیلدا بوونایە گەلان بۆی دابەش نەدەبوون، وتمان ئەبوو حەمزە ئەوانە کێن؟ وتی: ئێمە لای پێغەمبەر (ﷺ) لە صوففەدا بووین، ژنێکی کۆچەر کوڕێکی خۆی لەگەڵدا بوو کە باڵغ ببوو هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش ژنەکەی خستە پاڵ ژنەکانو کوڕەکەی هێنا بۆ لای ئێمە، هێندەی نەبرد دەردی مەدینەی گرتو نەخۆشکەوتو پاش چەند ڕۆژێ مرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی کرد کفنی بکەن، کە ویستمان بیشۆین فەرمووی (ئەی ئەنەس بڕۆ بۆ لای دایکیو پێی بڵێ) منیش پێم وت، ژنەکە هاتو لای پێکانی کوڕەکەی دانیشتو قاچەکانی گرتو وتی خوایە بە حەزی خۆم موسڵمان بووم و بێباکانە دژایەتی بتەکانم کردو بە حەز کۆچم کرد لەبەر تۆ، خوایە مەمدەرە بەر

گورزی بتپەرستان و لەم موسیبەتەدا شتێکم تووش مەکە کە نەتوانم لە ئەستۆی بکرم، وتی: بەخوا قسەکەی تەواو نەبوو تا قاچەکانی جووڵاندو جلەکەی سەر دەم‌وو چاوی لابردو ژیا تا پێغەمبەر (ﷺ) مردو دایکیشی مرد، ئینجا فەرموودەکە دێنیٚ وەك دواتر دەیهێنێت.[1]

(شوێنەواری ژیان بە شەهیدەکانەوە)

(حاکم ج٣، ص٢٠٣) لە ئەبوو نەزرە لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە هێناویەتی دەڵێت: کاتیٚ شەڕی ئوحود هات شەو باوکم بانگی کردم‌و وتی:وا دەبینم یەکەم هاوەڵی پێغەمبەر (ﷺ) دەبم کە بکوژرێم‌و بەخوا واز ناهێنم لە کەسیٚ، واتە لە تۆ بە عیزەتتر بیٚ لەسەر من دوای خودی پێغەمبەر (ﷺ) من قەرزێکم لەسەرەو قەرزەکەم بدەرەوەو لەگەڵ خوشکەکانتدا چاك بە، دەڵێت: بەیانی یەکەم کوژراو باوکم بوو، لەگەڵ یەکێکی دیکەدا لە گۆڕێکدا خستمنە ژێر خاك، پاشان دەروونم ئارامی نەگرت لە یەك گۆڕدا لەگەڵ کەسێکی دی دایبنێم، دوای شەش مانگ چووم تا دەری بهێنم، سەیرمکرد وەك ئەو ڕۆژە وابوو خستبوومە ناو گۆڕەکەی جگە لە گوێی کە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو،[2] لە گێڕانەوەکەی ئەبوو نەزرەدا هاتووە: شەش مانگ ماینەوە، پاشان دەروونم ئارامی نەگرت تا ئەوەی ویستم بە تەنها لە گۆڕێك دایبنێم، چووم تا لە گۆڕەکەدا دەریبهێنم، سەیرمکرد زەویەکە هیچی لە لەشی باوکم نەخواردووە جگە لە نەرمایی گوێی، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا بەو سەنەدە

---

[1]- لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٢٩٢) دا دەڵیٚ کەسەکانی سەنەدەکە جیٚ متمانەن، بەڵام پچڕانیٚ هەیە لە نێوان عەبدوڵای کوڕی عەون و ئەنەسدا، خواش زاناترە، تەواو. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٢٤) لە ڕێگەی صالح لە ثابت لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوەی پێشوو هێناویەتی.

[2] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحە، ئیبن سەعد (ج٣، ص٥٦٣) لە ئەبوو نەزرەوە بە کورتی بە هەمان شێوە لێوەی هێناوە.

دەڵێت: هیچ شێوانێکم لێ نەدی جگە لەوەی چەند تاڵێکی ڕیشی چووبوونە ناو خاك(خورابوون).[1]

ئیبن سەعد (ج٣، ص٥٦٣) لە ئەبوو زوبەیر لە جابرەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی ئوحود هاوارمان بۆ کرا بۆ مردووەکانمان کاتێ موعاویە جۆگەی ئاوی ڕاکێشاو دوای چل ساڵ دەرمانهێنا نەرمی لەشیان چوار دەوری داگرتبوون.[2]

ئیبن ئسحاق چیرۆکەکە دێنێو دەڵێ: باوکم لە چەند بە تەمەنێکی پشتیوانانەوە بۆی گێڕامەوە وتیان: کاتێ موعاویە ئەو جۆگاوەی لێدا کە بەسەر گۆڕی شەهیداندا تێدەپەڕی کانیاوەکە بەسەریاندا تەقیەوە، ئێمەش هاتین تا شەهیدەکان دەربهێنین، عومەرو عەبدوڵامان دەرهێنانو دوو عەبایان بەسەرەوە بوو کە دەمو چاویان داپۆشیبوونو شتێ لە گەڵاو گژو گیا لەسەر قاچیان بوو، وەك خۆیان وا بوون دەتوت دوێنێ خراونەتە ناو گۆڕ.[3]

ئەحمەد لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدا لە جابرەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە خیلافەتی موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیاندا بووم کە کەسێ هات بۆ لامو وتی ئەی جابر کارکەرانی موعاویە ڕێیان کەوتووەتە سەر لەشی باوکتو بەشێ لە لەشی دەرکەوتووە، منیش چووم سەیرمکرد لەسەر ئەوشێوەی خستبوومە نا گۆڕ هیچی نەگۆڕابوو جگە لە شوێنەواری کوشتو کوشتار.[4]

---

[1] – بوخاری لە عەتائی کوڕی جابرەوە بە شێوەی دەقەکەی حاکم هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية ج٤، ص١٤٣)دا هاتووە.

[2] – ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٠٧) لە ئەبوو زوبەیر لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا لە ئەبوو زوبەیر لە جابرەوە هێناویەتی، ئیبن ئەبی شەیبەش لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە (کنزالعمال ج٥، ص٢٧٤)دا هاتووە.

[3] – لای ئیبن سەعد لە ڕێگەی ئەبوو زوبەیر لە جابرەوە شایەتێکی بە سەنەدی صەحیح هەیە، لە (فتح الباري ج٣، ص١٤٢)دا واهاتووە.

[4] – سەمهودی لە (وفاء الوفاء ج٢،ص١١٦)دا دەڵێت: ئەحمەد بە کەسەکانی سەنەدی صەحیح هێنایەتی جگە لە نەبیعی غەنەوی کە جێ متمانەشە، تەواو. دارمی لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (الأوجز ج٤، ص١٠٨)دا هاتووە.

مالیك له عەبدوڵای كوڕی عەبدوڕەحمانی كوڕی ئەبوو صەعصەعەوە هێناویەتی بیستی عەمری كوڕی جەمووح عەبدوڵای كوڕی عەمر كه پشتیوانیو سوللەمی بوون لافاو گۆڕەكانی دەرخستبوون، ئەوان له یەك گۆڕدا بوونو له ڕۆژی ئوحود شەهید بوون، گۆڕیان بۆ هەڵكەندرا تا لەو شوێنەیان بگوازرێنەوە، سەیركرا لەشیان نەگۆڕاوەو دەتوت دوێنێ مردوون، یەكێكیان بریندار ببوو دەستی خستبووە سەر برینەكەی، كه خرایە ژێر خاك هەروا بوو، دەستی لەسەر برینەكەی لابرا دوایی چوویە سەر هەمان بار، له نێوان شەڕی ئوحودو ئەو ڕۆژەدا چلو شەشساڵ ماوە بوو.[1]

ئیبن سەعد (ج٣،ص٥٦٢) دەڵێت: عەبدوڵای كوڕی عەمر كەسێكی سوور بوو كه سەری ڕووتاوە بوو و باڵای بەرز نەبوو، عەمری كوڕی جەمووحیش كەسێكی باڵا بەرز بوو، ناسرانو له یەك گۆڕدا خرانە ناو گۆڕ، گۆڕەكەیان لەبەر لافاوەوە بوو، بەوە گۆڕەكەیان دەركەوت، كه لەشیان دەركەوت دوو نیشانەیان لەسەربوو عەبدوڵا برینێ بە دەمو چاویەوە بووو دەستی لەسەر برینەكەی دانابوو، دەستی لەسەر برینەكە لابرا خوێن هات، دەستی خررایەوە سەر برینەكە یەكسەر خوێنەكە وەستا، جابر دەڵێت: باوكم له گۆڕەكەدا بینی دەتوت خەوتووە، هیچ له لەشی نەگۆڕابوو نه كەمو نه زۆر پێی وترا: كفنەكانیت بینی؟ وتی له كفن كرا بوو كه درابوو بەسەر دەمو چاویداو لەسەر قاچەكانی گیای (حرمل) دانرابوو، سەیرمانكرد ئەوانیش هەروەك خۆیان بوون، ماوەی نێوان كوژرانو دەركەوتنی لەشیان چلو شەش ساڵ بوو.

---

[1] – ئەبوو عومەر دەڵێت: گێڕەرەوان ڕاجیاواز نین لەسەر مونقەتیعیەكەی، واتاكەی له چەند ڕوویەكی صەحیحەوە موتتەسیلە، زەرفانی ئەمە دەڵێ، وەك لە (الأوجز ج٤، ص١٠٧)دا واهاتووە.

بەیهەقی لە جابرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ موعاویە جۆگاوەکەی لای کوژراوانی ئوحود لێدا، ئەمەش دوای چل ساڵ، هاوار کرا بچین بۆ ئەوێ، چووین و تەرمەکانمان دەرهێنان، نووکە ئاسنێ بەر پێی حەمزە کەوت و خوێنێ هات.[1]

(بۆنی میسک لە گۆڕەکانیان دەردەکەوێ)

ئەبوو نەعیم لە (المعرفة)لە موحەمەدی کوڕی شەرحەبیلەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ شتێ لە خۆڵی گۆڕی سەعدی کوڕی موعاذی هەڵگرت و کردیەوە سەیریکرد میسکە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (سبحان الله سبحان الله)تا دەم و چاوی ناسرا.[2]

ئیبن سەعد (ج٣،ص٤٣١) لە ڕەبیحی کوڕی عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوو سەعیدی خودری لە باوکیەوە لە باپیریەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەوانە بووم کە ۆڕمان هەڵکەند بۆ سەعد لە بەقیع، هەرچەندە چینە خۆڵێکمان هەڵدەکەن بۆنی میسکمان بەسەردا دەهات تا گۆڕەکەمان تەواو کرد.

---

[1] – لە (البداية والنهاية ج٤، ص٤٣)دا واهاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٠٧) لە عەمری کوڕی دینارو ئەبوو زوبەیرەوە هێناویەتی هەمان قسە دەکەن، سومهودی لە (وفاء الوفاء ج٢، ص١١٦)دا دەڵێت: مامۆستامان لە (الأوجز ج٤، ص١١)دا بە حەسەنی زانیوە کە چیرۆکەکە سێ جار دوای شەش مانگ و دوای چل ساڵ لە کاتی لێدانی جۆگاوەکەو دوای چل ساڵ بە هاتنی لافاو ڕوویداوە، ئەمەش لەبەر زۆری گێڕانەوە لە هەرسێ جارەکەدا، (سەمهودی ج٢، ص١١٧) دەڵێت لە هەموو ئەمانەدا موعجیزە دەردەکەوێ و نهێنی لە دووبارەبوونەوەشیدا ئەوەیە.

[2] – لە (کنزالعمال ج٧، ص٤١)دا هاتووەو دەڵێت: سەنەدەکەی صەحیحە، ئیبن سەعد (ج٣، ص٤٣١) لە موحەمەدی کوڕی شەرحەبیلی کوڕی حەسنەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی بەڵام فەرموودەکەی نەهێناوە، لە گێڕانەوەیەکی دیکەیدا لێوەی هێناوە دەڵێت: کەسێ مشتێ خۆڵی لە گۆڕی سەعد هەڵگرت و بردی و سەیری کرد دەبینێت میسکە.

(بەرزکردنەوەی کوژراوانیان بۆ ئاسمان)

بوخاری لە عرەوەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ لە بیئرمەعوونە هەندێ لە هاوەڵان کوژران و عەمری کوڕی ئومەییەی چمری بەدیلگیرا. عامری کوڕی توفەیل پێی وت: ئەوە کێیە؟ ئاماژەی کرد بە کوژراوێ، ئەویش پێی وت: ئەویش وتی ئەوە عامری کوڕی فوهەیرەیە، عامر پێێ وت: بینیم کاتێ کوژرا بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان تا ئەوەی سەیرمکرد لەنێوان ئاسمان و زە ویدا بوو دواتر هێنرایە خوارەوە. هەواڵی کوژراوان هاتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش هەوڵی کوژرانی ئەوە هاوەڵانەی فەرموو بە موسڵمانان و فەرمووی (ان أصحابكم قد اصيبوا وأنهم قد سألوا ربهم فقالوا: ربنا أخبر عنا إخواننا بما رضينا عنك ورضيت عنا فأخبرهم عنهم واصيب يومئذ فيهم عروة بن اسما بن صلت فسمى عروة به ومنذرين عمرو وسمي به منذر) لەگێڕانەوەی بوخاریدا لە عوروەوە واهاتووە.

بەیهەقی لە هیشام لە باوکی لە عائیشەوە هێناویەتی فەرموودەی کۆچکردن دێنێ و لە کۆتاییەکەیدا ئەوەی بوخاری دێنێ، واقدی لە ئەبو ئەسوەدو عوروەوە چیرۆکەکەو باری عامری کوڕی فوهەیرەو هەواڵی عامری کوڕی توفەیل دێنێ و دەڵێت ئەوەی کوشتی جەبباری کوڕی سەلمای کیلابی بوو کاتێ بە ڕم لێیدا عامری کوڕی فوهەیرە وتی: سوێند بە پەروەردگاری کەعبە بردمەوە، پاشان جەببار پرسیاری کرد واتای بردمەوە یانی چی؟ وتیان واتە بەهەشت، وتی: بەخوا ڕاست ئەکات، دواتر جەببار دوای ئەوە لەبەرئەوە موسڵمان بوو.

موسای کوڕی عوقبە لە عوروەوە هێناویەتی وتی: تەرمی عامری کوڕی فوهەیرە دیار نەمابوو پێیان وابوو فریشتەکان بردوویانە.[1]

---

[1] - لە (البداية والنهاية ج٤، ص٧٢) دا واهاتووە.

ئەبو نەعیم لە (الدلائل، ص١٨٦) دا ئەو چیرۆکە لە واقدی لە عورووەوە بە دوورو درێژی دێنیۆ تیایدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ان الملائکة وارث جثته وانزل عليين) (فریشتەکان تەرمەکەیان بردو لە علیین دا دانرا).[1]

ئەبوو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص١١٠) لە عورووەوە هێناویەتی عامری کوڕی توفەیل لە بارەی یەکێکیانەوە دەیوت: کاتیٚ کوژرا بەرزکرایەوە بۆ نێوان ئاسمان و زەوی تائاسمان لەخوارووییەوە دی، وتیان ئەوە عامری کوڕی فوهەیرە بوو، لە عائیشەیشەوە بە هەمان شێوەی گێڕانەوەی بوخاری هێناویەتی، بەڵام ئەوەی نەهێناوە-پاشان دانرا- تاکۆتاییەکەی. لە زوهەیریشەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم بە دوای تەرمی عامری کوڕی فوهەیرەدا گەڕان و نەیاندۆزیەوە، دەڵێت پێیان وابوو فریشتەکان خستویانەتە ژێر خاك.[2]

(پاراستنی مردووەکانیان)

ئەحمەدو تەبەرانی لە عەمری کوڕی ئومەییەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ)وەك هەواڵگر بە تەنها ناردی بۆ لای قورەیش، وتی: منیش چووم بۆ لای داری خوبەیب و ترسم لە هەواڵگران بوو، چووم و خوبەیبم کردەوەو خوبەیب کەوتە سەر زەوی، لە نزیکەوە مامەوە دواتری لامکردەوە خوبەیبم نەدی، دەتوت دەوی قوتی داوە، ئیدی تا ئێستا هیچ شوێنەواریٚ لە خوبەیب دیارنییە.[3]

---

[1] – ئیبن سەعد لە واقدیەوە بەو شێوە بەدوورو درێژی هێناویەتی.

[2] – ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٨٦) لە عورووەوە بە هەمان شێوەو ئیبن سەعد (ج٣، ص٢٣١) لە عورووەوە بەهەمان شێوە هێناویانە.

[3] – (هەیثەمی ج٥ ص٣٢١) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی مەجمەع هەیە کە لاوازە.

بەیهەقی لە ڕێگەی ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیل لە جەعفەری کوڕی عەمری کوڕی ئومەییە لە باوکی لە عەمری کوڕی ئومەییەی باپیرەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) بە تەنها وەك هەواڵگر ناردی، دەڵێت منیش چووم بۆ لای دارەکەی خوبەیب، بە هەمان شێوە دەیهێنێ.[1]

ئەبوو سەیف لە زوحاکەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) میقدادو زوبەیری (رضي الله عنه) نارد تا خوبەیب لەسەر دارەکە داگرن، ئەوانیش گەیشتنە تەنعیم سەیریانکرد چل کەس بە سەرخۆشی دەوریاندان، ئەو دوانەش دایانبەزاند، زوبەیر لە ئەسپەکەی دایناو تەرمی خوبەیب هیچ نەگۆڕابوو، بێباوەڕان کەوتنە شوێنیان، زوبەیر تەرمەکەی خست، زەوی تەرمەکەی قوت دا، بەوە بە قوت دراوی زەوی ناوبرا.[2]

بەیهەقی لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: لەم ئوممەتەدا بە سێ شت گەیشتم، فەرموودەکە دێنێ وەك پێشتر هێنامان تیایدا دەڵێت: هێندەی نەبرد تا تەرمەکەی کەوت، چاڵمان بۆ هەڵکەندو شۆردمان و خستمانە ژێر خاك، دواتر کە لێبووینەوە کەسێ هات وتی ئەوە کێیە؟ وتمان چاکترین کەس ئەوە ئیبن حەزرەمیە، وتی ئەو زەویە مردوو لە خۆ ناگرێ بۆ نایگوازنەوە بۆ میلێ یان دوو میل ئەولاتر زەوی ئەوێ مردوو لە خۆ دەگرێت، وتمان: پاداشتی هاوەڵەکەمان چۆنە بە جێی بهێڵین گورگ و دڕندە بیخوات، بۆیە کۆ بووینەوە لەسەر ئەوەی گۆڕەکەی هەڵبکەنینەوە، کە گەیشتینە ناو گۆڕەکە سەیرمانکرد هاوڕێکەمانی تێدا نیەو گۆڕەکە هێندەی چاو بڕی بکات ڕووناکیە، ئێمەش خۆڵمان کردەوە بە سەریداو چووین.[3]

---

[1] – وەك لە (البداية والنهاية ج٤، ص٦٧)دا هاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٢٧) لە ڕێگەی ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیلەوە بە سەنەدی خۆی بە هەمان شێوەی گێڕانەوەی بەیهەقی هێناویەتی، ئیبن ئەبی شەیبە لە عەمری کوڕی ئومەییەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (الأصابة ج١، ص٤١٩)دا هاتووە.

[2] – لە (الأصابة ج١، ص٤١٩)دا واهاتووە.

[3]– لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٥)دا واهاتووەو کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن بەڵام پچڕانێکی تێدایە، وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص٢٩٢)دا هاتووە، تەبەرانیش لە ئەبوو

ئیبن سەعد (ج٤، ص٣٦٣) لە ئەبوو هورەیرەوە هێناویەتی: بە شمشێرەکانمان چاڵمان بۆ هەڵکەندو گۆڕمان بۆ هەڵکەندو خستمانە چاڵەکەو چووین، یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) وتی: خستمانە ژێر خاك‌و گۆڕمان بۆ هەڵکەند، گەڕاینەوە تا وا بکەین کەچی شوێنی گۆڕەکەیمان نەدیتەوە.[1]

بوخاری‌و موسلیم لە ئەبوو هورەیرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) سریەیەکی ناردو عاصمی کوڕی ئەبوو ئەفلەحی کرد بە سەرکردەیان، فەرموودەکە بە دوورو درێژی لە چیرۆکی خوبەیبی کوڕی عەددیەوە دێنیٚ، تیایدا هاتووە: عاصم وتی: ناچمە ژێر پەنای بێباوەڕ، ئەو بەڵێنی بەخوا دابوو دەستی بەر بێباوەڕ نەکەویٚ، قوڕەیش ناردیان تا شتیٚ لە لەشی بهێنن، چونکە ئەو ڕۆژی بەدر یەکیٚ لە گەورەکانی قوڕەیشی کوشتبوو، خوای گەروە شتیٚ وەك پووره هەنگی لەسەر وەستاندو تەرمەکەی لە دەستیان پاراست، بۆیە دەوترا: پووره هەنگ پارێزراو.[2]

ئەبووو نەعیم لە (الدلائل ص١٨٣)دا لە عروەوە ئەو چیرۆکە دێنیٚ‌و تیایدا دەڵێت: بێباوەڕان ویستیان سەری ببڕن‌و سەرەکەی بنێرن بۆ بێباوەڕانی مەککە، خواش پووره هەنگێکی نارد لەسەریەوە بوون‌و بە ڕووی بێباوەڕاندا دەچوون‌و دەیانگەستن، بەوە نەیانتوانی سەری ببڕن.

هورەیرەوە هێناویەتی‌و فەرموودەکە دێنیٚ‌و تیایدا هاتووە: مردوو لەناو لمدا خستمانە ناو گۆڕ، زۆر دوور نەکەوتبووینەوە وتمان: دڕندە دیٚ‌و دەیخوات، گەڕاینەوە بۆ لای کەچی نەمانبینی، (هەیثەمی ج٩،ص٣٧٦) دەڵێت لەسەنەدەکەدا ئیبراهیمی کوڕی موعەممەری هورەوی هەیە کە نایناسم‌و کەسەکانی دیکەش جیٚ متمانەن، تەواو.

[1] – ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٠٨) لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوەی گێڕانەوەکەی تەبەرانی هێناویەتی.

[2] – لە (الأصابة ج٢،ص٢٤٥)دا واهاتووە.

(دڕندەكان ملكەچی هاوەڵان دەبن و قسەیان لەگەڵ دەكەن)

بەیهەقی لە حەمزەی كوڕی ئوسەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵ تەرمی پشتیوانیەكدا چوو بۆ بەقیع، گورگێ لەسەر ڕێگە كە قاچەكانی ڕاخستبوو ، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هاتووە داوای ماف بڕینەوە دەكات، دەی بەشی بۆببڕنەوە).(هذا جاء یستفرض فارفضوا له) وتیان برات لەسەر چەندێكە بۆی بڕینەوە ئەی پێغەمبەری خوا فەرمووی (من كل سائمة شاة في كل عام) (لەهەر ڕانە گەلێك سەرێك بۆ هەر ساڵێك) وتیان پێغەمبەری خوا (ﷺ) زۆرە، پێغەمبەریش (ﷺ) ئاماژەی كرد بۆ گورگەكە وازیان لێ بێنە، گورگەكەش چوو. واقدی لە كەسێكەوە كە ناوی هێناوە لە موتەلیبی كوڕی عەبدوڵای كوڕی حەنتەبەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە مەدینە بوو كە گورگێ هات و لە بەردەستیدا وەستاو پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەمە وەفدی دڕەندەكانە بۆتان، ئەگەر حەز دەكەن شتێكی بۆ ببڕنەوە بۆ جگە ئەوی تێمەپەڕێنن، ئەگەریش حەز دەكەن وازی لێ بێنن و كەناری لێ بگرن چی برد ئەوە ڕۆزیەتی) (هڎا واخد السباع الیكم فأن احببتم ان تفرچوا له شیئاً لایعدوه الى غیره، وغن احببتم تركتموه واحترزتم منه فما أخڎ فهو رزقه) وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دڵمان هیچ ناگرێ هیچی پێ بدەین، پێغەمبەریش بە سێ پەنجەی ئاماژەی كرد بۆ گورگەكە وازیان لێ بێنە (ڕێی خۆت بڕە) ئەویش بە لوورە لور چوو.

ئەبو نەعیم لە جوهەینەوە هێناویەتی دەڵێت: وەفدی گورگەكان كە نزیكەی سەد گورگ بوون هاتن بۆلای پێغەمبەر (ﷺ)، پێغەمبەریش (ﷺ) نوێژی دەكرد بۆیە دانیشتن، پێغەمەبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەوە وەفدی گورگەكان هاتن بۆلاتان، داواتان لێدەكەن بەشە خۆراكتان بەشیان بۆ ببڕنەوە لە جگە لەوە دڵنیاو بێ خەم

بن) ئەوانیش سکاڵایان لا کرد، پێویستیان پێیەتی، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (فأدبرهم) (دەی پشتیان لێ بکەن و بڕۆن) ئەوانیش چوون و لوورەیان دەهات.[1]

حاکم (ج٣، ص٦٠٦) لە موحەممەدی کوڕی موکەندیرەوە هێناویەتی، سەفینەی مەولای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: چوومە دەریاو ئەو کەشتیەی تیایدا بووم شکا، بۆیە چوومە سەر پارچەیەکی، پارچەکە فڕێی دامە شوێنێ کە شێرێکی تێدابوو، بەرەو ڕووم هات، منیش وتم ئەی ئەبو حارپ من مەولای پێغەمبەری خوام، ئەویش سەری دانەواندو بەشانی خۆی دایە لامو پاڵی پێوە نام تاڵەوێ دەریکردمو بردمیە سەر ڕێگەکەو سووکە نرکەیەکی کرد، وامزانی ماڵئاواییم لێ دەکات، ئەوە کۆتا بینینشم بوو بۆی.[2]

بەزار لە سەرفینەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە دەریادا بووم کە کەشتیەکەمان شکا، ڕێگەمان نەزانی تائەوەی شێرێ هاتە ڕێمان، هاوەڵانم دواکەوتن و من لێی نزیك بوومەوە، وتم من سەفینەی هاوەڵی پێغەمبەرم (ﷺ) و ڕێمان ونکردووە. ئەویش لە بەردەممەوە چوو تاچووینە سەر ڕێگەکە دواتر نزیك بوویەوەو پاڵێ پێوە نام وەك ئەوەی ڕێگەکەم نیشان بدات، واتێدەگەیشتم ماڵئاواییمان لێدەکات.[3]

بەیهەقی لە ئیبن مونکەدیرەوە هێناویەتی سەفینەی مەولای پێغەمبەر (ﷺ) لە خاکی ڕۆم لە ڕێی سوپا هەڵەی کرد (ونبوو) یان لە خاکی ڕۆمدا بە دیل گیرا،

---

[1] – بەیهەقی و بەزار لە ئەبو هورەیرەوە بە کورتی هێناویانە. لە (لبداية والنهاية ج٦، ص١٤٦)دا واهاتووە.

[2] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی موسلیم صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیانهێناوەو زەهەبیش لەسەر کۆکە، بوخاری لە (التأريخ الكبير ق١، ج٢، ص١٧٩) لە ئیبن مونکەدیرەوە لەسەفینەوە هێناویەتی، ئەبو نەعیم لە (الحلية ج١، ص٣٦٩) و (الدلائل ص٢١٢) ئە ئیبن مونکەدیرەوە لە سەفینەوە هێناویەتی، ئیبن مندە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٥، ص٣١٦) دا هاتووە، تەبەرانیش هێناویەتی وەك لە (المجمع ج٩، ص٣٦٦) لە سەفینەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص٣٦٧) دەڵێت کەسەکانی بەزارو تەبەرانی جێ متمانەن.

ڕایکرد تابگاتەوە بە سوپا، کە شێریٚ هاتە ڕێی، وتی ئەی ئەبو حارث من مەولای پێغەمبەری خوام و بارم ئاواو ئاوایە، شێرەکەش جوولاٚ تا هاتە لای. هەرچی دەنگی دەبیست لای بۆ دەکردەوەو دەچوویە لای، دواتر بە لایدا دەچوو بەو بارە بوو تا بردیە لای سوپاکە. پاشان شێرەکە گەڕایەوە.[1]

ئیبن عەساکیر لە وەهبی کوڕی ئبانی قوڕەیشیەوە هێناویەتی کە بۆ سەفەریٚ چوو، لە ڕێگەدا بینی خەڵکیٚ وەستاون، وتی ئەوانە چیانە؟ وتیان شێریٚ لەسەر ڕێیانە ترساندونی، ئەویش لەسەر ئاژەڵەکەی دابەزیو دواتر چوو بۆ لای تا گوێی گرت و ڕایکێشاو دواتر بەرچاوی گرت و لەڕێگەدا لایبرد، دواتر وتی پێغەمبەری خوا (ﷺ) درۆت لەسەر ناکات، بیستم فەرمووی (ئەوە بەسەر ئادەمیزاددا زاڵ دەبێت کە ئادەمیزاد لێی دەترسێت، ئەگەر ئادەمیزا تەنها لە خوا بترسێت، جگە لە خوا هیچ بەسەریدا زاڵ نابێت، ئەوەی هیوای بە ئادەمیزاد بیٚ پشت بە ئادەمیزاد دەبەستیٚ، هەرکەس تەنها هیوای بە خوا بیٚ تەنها پشت بە خوا دەبەستیٚ) (إنها يسلط على ابن آدم ماخافه ابن آدم ولو أن ابن لم يخف الا الله لم يكله الى غيره).[2]

تەبەرانی لە عەونی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە کڵێسای ئەریحادا (وەلاٚمدەرەوە) بێژەر بووم، ئەو ڕۆژ ئەویٚ مزگەوت بوو نوێژی تێدا دەکرا، عەوفی کوڕی مالیك لە خەوی ڕاچڵەکی و سەیری کرد لەماڵەکەیدا شێریٚ بەرەو ڕووی دیٚ، ئەویش بە ترسەوە هەستا بۆ چەکەکەی، شێرەکە پێی وت مەکە من نێردراوم بۆ لات تا پەیامێکت پیٚ بگەیەنم، وتم کیٚ تۆی ناردووە؟ وتی خوا ناردوومی بۆ لای تابە موعاویەی ڕحال بڵێیت بەهەشتیە؟ وتی: کام موعاویە؟ وتی: کوڕی ئەبوسوفیان.[3]

---

[1] – لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٤٧) دا واهاتووە.

[2] – ئیبن عەساکیر لە نافعەوە بە کورتی بەهەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (كنز العمال، ج٧، ص٥٩) دا هاتووە.

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص٣٥٧) دەڵێت لە سەنەدەکەدا ئەبوو بەکری کوڕی مەریەم هەیە کە شت تێکەڵ دەکات. تەواو.

ئەحمەد لە ئەبو سەعیدی خودریەوە هێناویەتی دەڵێت: گورگ هەڵمەتی بردە سەر ڕانە مەڕێ، مەڕێکی برد، شوانەکە کەوتە شوێنی و لێی سەند، گورگەکە لە ڕوویدا وەستاو وتی: ئەرێ لە خوا ناترسی؟ ڕۆزییەك خوا بۆ منی داناوە لێم دەسێنی، ئەویش وتی: ئەی چ سەرسوڕمانی؟!! گورگێ بە قسەی مرۆڤ من دەدوێنی، گورگەکە وتی: ئایا لەوە سەرسوڕهێنەر ترت پێ بڵێم؟ موحەممەد لەیەثرب هەواڵی پێشوو بە خەڵك دەڵێ، دەڵێت: شوانەکە مەڕەکانی برد تاچوویە مەدینەو لە لایەك داینان و دواتر هات بۆلای پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هەواڵی پێدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد بە نوێژو هاوار کرا: کاتی نوێژە (الصلاة جامعة) پاشان دەرچوو، پێغەمبەر (ﷺ) بە شوانەکەی فەرموو: (پێیان بڵێ) ئەویش بۆی گێڕانەوە. پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ڕاست دەکات، سوێند بەوەی گیانی موحەممەدی بە دەستە ڕۆژی دوایی نایەت تادڕندە لەگەڵ مرۆڤدا قسەدەکات و کەس لەگەڵ دەستگری قامچیەکەی و قایشی نەعلەکەیدا قسە دەکات و ڕانی هەواڵی پێدەدات کە دوای خۆی ماڵەوەی چی کردووە) (صدق والذي نفسي محمد بيده لاتقوم الساعة حتى يكلم السباع الأنس ويكلم الرجل عذبة سوطه وشراك نعله ويخبره فخذه بما أحدث أهله بعده)[1][2].

---

[1] – صحيح.

[2] – ئەم سەنەدە صەحیحە، بەیهەقی بە صەحیحی داناوەو ترمذی هێناویەتی لە (والذي نفسي بيده) تاکۆتایی، پاشان دەڵێت ئەم فەرموودە حەسەنی غەریبی صەحیحە. لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٤٣) دا هاتووە، فەرموودەکە لای بەیهەقی و ئەحمەدو حاکم و ئەبوو نەعیم چەند ڕێگەیەکی دیکەی هەیە، ئەحمەدیش لە ئەبوو هورەیرەوەو ئەبوو نەعیم لە ئەنەس و بەیهەقی لە ئیبن عومەرەوە هێناویانە وەك ئیبن کەسیر لە (البداية والنهاية ج٤، ص١٤٤–١٤٥) بە فراوانی هێناویەتی.

قازی عیاز لەسەر فەرموودەی گورگەکە قسە دەکاتو لە ئەبوو هورەیرەو ئەبو سەعیدو لە ئەهبانی کوڕی ئەوسەوە هێناویەتی کە پێی دەوترا: گورگ دوێن، دەڵێت: ئیبن وەهب دەگێڕێتەوە هەمان شت بۆ ئەبوو سوفیانی کوڕی حەربو صەفوانی کوڕی ئومەییەش لەگەڵ گورکێکدا ڕوویداوە- ئەو دووانە بینیان منداڵێکی گرتبوو، منداڵەکە چوویە حەرەمو منداڵەکەش چوو، ئەو دوانەش سەریان سوڕما لەوە، گورگەکە وتی: لەوە سەرسوڕهێنەرتر موحەممەدی کوڕی عەبدولاّیە لە مەدینە، بانگتان دەکات بۆ بەهەشتو ئێوە بانگی دەکەن بۆ دۆزەخ. ئەبوسوفیان وتی: سوێند بە لاتو عوززا ئەگەر ئەوە لە مەککە باس بکەیت خەڵکەکەی وازی لێدێنێت.[1]

(دەریا ڕێیان بۆ دەکاتەوە)

ئیبن عەبدولحەکەم لە فتوح مصرو ئەبوو شەیخ لە (العظمة)و ئیبن عەساکیر لە قەیسی کوڕی دەجاج لە کەسێکەوە کە بۆی گێڕاوەتەوە هێناویانە دەڵێت: کاتێ عەمری کوڕی عاص (رضي الله عنه) میسری فەتح کرد، خەڵکەکەی هاتن بۆ لای کاتێ چوویە بوونە (لە مانگەکانی عەجەمە) پێیان وت: ئەی ئەمیری نیلی ئێمە باوێکی هەیە بەبێ ئەوە ناچێ، پێی وتن چییە؟ وتیان: لە دوانزە شەوەدا لەم مانگە دەبێ کچێکی دەست لێ نەدراو لەبەردەستی باوكو دایکی ببەینو ڕازییان بکەینو کچەکە بە جلو خشڵ بڕازێنینەوە بە جوانترین شێوە دواتر بیخەینە ناو نیل، عەمر پێی وتن: ئەم شتە لە ئیسلامدا نابێت، چونکە ئیسلام پێش خۆی تێکدەشکێنێت، مانگی بوونەو ئەبیبو مەسرایان بەسەر بردوو بە کەمو زیاد نەدەچوو تا بڕیاریان دا ئەوێ چۆڵ بکەن، کە عەمر ئەوەی بینی نامەی نووسی بۆ عومەری کوڕی خەتتاب، عومەر بۆی نووسی ڕاست دەکەیت ئیسلام پێش خۆی تێکدەشکێنێتو منیش کاغەزێکم بۆ

[1] – لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٤٦) دا واهاتووە.

ناردیت کە نامەکەم هات بۆت فرێی بدەرە ناو نیل کە نامەکە هات بۆ عەمر وەرەقەکەی تیایدا نووسرابوو:

(لە بەندەی خوا عومەری ئەمیری باوەڕدارانەوە بۆ نیلی خەڵکی میسر، پاشان ئەگەر لە لایەن خۆتەوە دەچیت مەڕۆ، ئەگەریش خوای تاك و تەنهای بەتوانا دەتبات بەڕێوە داوا لەخوای تەنهای بە توانا دەکەیت بتبات بەڕێوە) عەمر لەپێش ڕۆژی خاچدا خستیە ناو نیل و خەڵکی میسر ئامادەبوون بۆ دەرچوون لەوێ، چونکە بەبێ نیل هیچیان پێ نەدەکرا. ڕۆژی خاچ خوای گەورە شانزە میل ئاوەکەی بەڕێکرد، بەوە ئەو باوە خراپەی خەڵکی میسر نەما.[1]

ئیبراهیمی کوڕی جونەید لە عوروەی ئەعمای مەولای بەنی سەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبوو ڕەیحانە چوویە ناو دەریاو دەریاش شەپۆلی هەبوو دەهاتوو دەچوو، شتی دەدوورییەوە کە دەزووەکەی کەوتە ناو دەریا، ئەویش وتی: خوایە دەمەوێ ئەو دەزووەم بۆ بگێڕیتەوە، کەوتەوە سەر ئاو تاهەڵیگرتەوە.[2]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٠٨) لە ئەبوو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) عەلائی کوڕی حەزرەمی نارد بۆ بەحرەین، منیش شوێنی کەوتم و سێ سیفەتم لێ بینی کە نەمدەزانی کامیان سەرسوڕهێنەرترە، گەیشتینە کەناری دەریا وتی: ناوی خوا بێنن و بچنە ناوی، ئێمەش وامانکردو تێمانپەڕاندو ئاوەکەش پێی وشترەکانمانی تەڕ نەکردبوو کە کەوتینەڕێ لەگەڵیدا بە زەوییەکی وشکدا چووین و ئاومان پێ نەبوو، سکاڵامان لاکرد، ئەویش دوو ڕکات نوێژی کردوو دواتر نزای کرد، هەورێ وەك کەوان هات و ئاوی خۆی داچۆڕاند، ئێمەش

---

[1] – لە (المنتخب كنز العمال ج٤، ص٣٨٠) دا واهاتووە. ئەبوو قاسمی لالەکانی و تەبەری لە قەیسی کوڕی حەجاج وە بەهەمان شێوە هێناویانە، وەك لە تەفسیری ئیبن کەثیر ج٣، ص٤٦٤ دا هاتووە.

[2] – لە (الأصابة ج٢، ص١٥٧) دا واهاتووە.

ئاومان خواردەوەو هەڵگرت. عەلائی کوڕی حەزرەمی مردو لەناو لمدا شاردمانەوە کە کەمێك دوور کەوتینەوە وتمان دڕندە دێ و دەیخوات، گەڕاینەوە بۆلای کەچی نەماندی -واتە لەناو گۆڕەکەدا-[1].[2]

بەیهەقی لە ئەنەسەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لەم ئوممەتەدا سێ شتم دیوە- فەرموودەکە دێنێ- تیایدا هاتووەو دەڵێت: پاشان عومەری کوڕی خەتتاب سوپایەکی ئامادەکردو عەلائی کوڕی حەزرەمی لەسەر دانان، ئەنەس وتی: من لە غەزاکانیدا بووم، چووینە غەزاکانمان بینیمان خەڵکی پێش ئوممەت کەتوون، شوێنەواری ئاویان نەهێشتبوو گەرماش توند بوو، زۆر تینوومان بوو، ئاژەڵەکانیشمان تینوو بوون، ڕۆژی هەینی بوو کە خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو دوو ڕکاتی نوێژی پێ کردین، پاشان دەستی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوەو هیچمان لە ئاسماندا نەدی، بەخوا دەستی دانەنەواند تا ڕەشەبایەکی ناردو هەوری هێناو ئاوی باراندا تاڕووبارو دۆڵ پڕبوون، ئاومان خواردەوەو وڵاخەکانمان ئاودان و ئاویشمان هەڵگرت، پاشان چووین بۆ دوژمن لە دەریاوە چوون بۆ دوورگە، ئەویش لەسەر کەنداو وەستاو وتی: ئەی باڵادەست، ئەی گەورە، ئەی نەرم و نیان، ئەی بەخشندە، پاشان وتی بە ناوی خواوە تێپەڕێنن.

---

[1] - ضعیف.

[2] - ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٨٠) لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوە بە تەنها چیرۆکی دەریاکەی هێناوەو ئەوەشی بۆ زیادکردووە کە ئیبن موکەعبەری بەرپرسی کیسرا ئێمەی دی وتی: نەبەخوا بەر لەمە بەر ئەمانە ناوەستین. پاشان چوویە ناو کەشتییەك و خۆی گەیاند بەفارس. تەبەرانی لە ئەبو هورەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. (هەیثەمی ج٩، ص٣٧٦) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا ئیبراهیمی کوڕی موعەممەری هورەوی هەیە کە نایناسم، کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێ متمانەن.

ئێمەش کە کەنداومان تێپەڕاندو ئاو سەرپێی ئاژەڵەکانمانی تەڕ نەکرد، هێندەی نەبرد تا گەشتین بە دوژمن و لێمان کوشتن و بەدیل گرتن، پاشان هاتینەوە لای کەنداو هەمان شتی وت و هەمدی بەو جۆرە پەڕینەوە، ئینجا فەرموودەکە تاکۆتایی دێنێت.

بوخاری لە مێژووەکەیدا سەنەدێکی دی بۆ ئەو چیرۆکە دێنێ و ئیبن ئەبی نیاش لە سەهمی کوڕی منجابەوە هێناویەتی و دەڵێت: لەگەڵ عەلائی کوڕی حەزرەمی چووین بۆ غەزا- دەیهێنێ و لە نزاکەدا ئەوەی هێناوە- (یاعلیم، یحلیم، یاعلی، یاعظیم) ئێمە بەندەی تۆین و لەپێناو تۆدا لەگەڵ دوژمندا دەجەنگین، بارانێکی بە ڕەحمەتمان بۆ ببارێنە تالێی بخۆینەوەو دەستنوێژ بگرین، کە بەجێمان هێشت هیچ پشکێکی لێ مەدە بە جگە لە ئێمە، لەناو دەریاشدا وتی: بیکە بە ڕێگەیەك بۆمان تا بگەین بە دوژمنت.[1]

ئەبوو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٧) لە سەهمی کوڕی منجابەوە بە هەمان شێوەی گێڕانەوەی ئیبن ئەبی دنیا تەنها باسی دەریاکەی هێناوەو تیایدا هاتووە: دەریای پێ بڕین و تێمان پەڕاندو کورتانی ولاخەکانمان تەڕ نەبوون چووین بۆ دوژمن.[2] ئەبوو بەکر عەلائی کوڕی حەزرەمی نارد بۆ شەڕی هەڵگەڕاوەکانی بەحرەین- چیرۆکی دەرچوونی وشتر بە بارو توێشوو چادرو خواردنەوەی سوپاکەو گەڕانەوەشی بەو شێوەیە دەکات، هەروەها چیرۆکی ئەوەی خوا لە کەناریانەوە چاڵێکی گەورەی ئاوی زوڵاڵی دروستکرد، هەروەها باسی شەڕیان لەگەڵ هەڵگەڕاوەکان لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٣٢٩) دا دەڵێت: عەلاء بە موسڵمانەکانی وت: بچین بۆ دارین، تاچی دوژمنی تیایە شەڕی لەگەڵدا بکەین،

---

[1] - لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٥٥) دا واهاتووە.

[2] - ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٢، ص٦٢٢) و ئیبن کەثیر لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٣٢٨) دا باسی ئەوەیان کردووە.

ئەوانیش خێرا چوون بە دەمیەوە، عەلاء بردنی تاگەیشتنە کەناراوی دەریا تاسواری کەشتی بن، سەیری کرد ماوەکە زۆرەو بە کەشتی پێی ناگەن و دوژمنانی خوا ڕادەکەن. بۆیە بە ئەسپەکەی دەریای بڕی و دەیووت: ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان، ئەی حەکیم، ئەی کەریم، ئەی صەمەد، ئەی زیندوو (حی) ئەی محی (زیندووکەرەوە) ئەی قەییوم، ئەی خاوەن ڕێزو شکۆ، هیچ پەرستراوێ نییە جگە لە تۆ ئەی پەروەردەگارمان، ئینجا فەرمانی کرد سوپاکە ئەوە بڵێن و تاو بدەنە ناو دەریا، ئەوانیش وایان کردو بەوەش بە ویستی خوا کەنداوی پێ بڕین و وەك..کە ئاوی لەسەرە دەچوون و کورتانی وشترەکانیان تەڕ نەدەبوو، بەڵکو نەدەگەیشتە سەر ئەژنۆی وشترەکان، ڕێگەشی بۆلای کەشتیەکان شەوو ڕۆژێ بوو، تائێوارە تا کەناراوی بڕی، لەگەڵ دوژمن جەنگاو شکاندنی و دەستکەوتەکانی کۆکردەوەو دواتر گەڕایەوەو بە لاکەی تر پەڕییەوەو گەڕایەوە بۆ شوێنی یەکەمی خۆی، هەموو ئەمەش بە ڕۆژێك بوو، تەواو.[1]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٨) لە ئیبن ڕوفەیلیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ سەعد (ﷺ) لای ڕووباری شیر دابەزی کە شاری نزیکی دەکرد داوای کەشتی کرد تا خەڵکی پێ بپەڕێنێتەوە بۆ شاری دوور، بەڵام هیچیان دەست نەکەوت، کەشتیەکان برابوون، بۆیە چەند ڕۆژێکی مانگی صەفەر لای ڕووباری شیر مانەوەو دەیانویست لێی بپەڕنەوەو سۆزداریان بۆ موسڵمانان ڕێی نەدا تائەوەی بێباوەڕان هاتن بۆلای. ڕێی تاودانە ناو دەریایان پێوت تا تاو بداتە بەشی دۆڵەکە، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو لەوە دڵنیا یەکڕا نەبوو، هەڵکشان و دایگرتن، خەوێکی بینی کە ئەسپەکەی موسڵمانان ڕووبارەکەیان تێپەڕاند، بە بارێکی گەورە ڕووی لە هەڵکشانەکە بوو، بڕیاریدا بە تێپەڕبوون لێکدانەوەی خەوەکەی دەکات.

---

[1]- ئیبن جەریر (ج٢، ص٢٥٦) لە سرییەوە لە شوعەیب لە سەیفەوە بە سەنەدی خۆی لە منجابی کوڕی ڕاشیدەوە هێناویەتی و بە دوورو درێژی چیرۆکەکە دێنێ.

سەعد خەڵکی کۆکردەوەو سوپاس‌و ستایشی خوای کردو وتی: دوژمنتان لە دەست دەرچووە لەم دەریاوە ئێوە ئامادەنین بۆتان‌و ئەوان ئامادەن بۆتان، ئەگەر بیانەوێت لە کەشتیەکانیانەوە شەڕتان لەگەڵ دەکەن، لە پشتانەوە شتێ نییە تابچن بۆلای. من بڕیارمداوە ئەم دەریا ببڕم‌و بچم بۆیان، هەموو وتیان: خوا بۆ ئێمەو تۆش بڕیاری ڕاست‌و چاك ببەخشێ، دەی لێبنەوە. سەعد خەڵکی ڕاسپارد تا لەدەریا بپەڕنەوە، وتی کێ دەست پێدەکات‌و شوێنی پەڕینەوەمان بۆ دەپارێزێت تاخەڵکی پێی دەگەن تاڕێی دەرچوونیان لێ نەگرن، عاصمی کوڕی عومەری بۆ ڕاسپاردو بە دوایدا شەش سەد کەس لە خەڵکی دلێرو نەبەرد، عاصمی کرد بە بەرپرسیان، عاصم بەوانەوە چوو تالەسەر کەناراوی دیجلە وەستاو دواتر وتی: کامتان لەگەڵم دێ تا ڕێ بە دوژمنان بگرین، شەست کەسیانی ڕاسپاردو کردنی بە دوو بەشەوە لەسەر چەند ئەسپێ (نێرو مێ) دواتر دیجلەیان بڕی، کاتێ سەعد عاصی بینی کە دەرفەتی کردۆتەوە مۆڵەتی دا بە خەڵك تابچنە ناو ڕووبارەکەو وتی: بڵێن پشت بە خوا دەبەستین‌و خوامان بەسەو ئەو چاکترین پشت‌و پەنایە، هیچ هێزو توانایەك نییە جگە لەوەی لای خوای گەورەیە، بە دوایدا سەربازان هاتن‌و چوونە ناوی‌و دیجلەش کەفی فڕێ دەداو ڕەش ببوو، خەڵکی قسەیان دەکرد وەك چۆن دەڕۆیشتن بەسەر زەویدا قسەیان دەکرد. خەڵکی فارس بەوە سەرسام ببوون‌و بیریان لای شتی وانەبوو، بۆیە خێرا کەوتنە ماڵ‌و سامانیان‌و باریان دەکرد. موسڵمانان لە صەفەر ڕۆژی شانزەدا چوونە ناوی‌و دەستیان گرت بەسەر هەرچی شتی ناو ماڵی کیسرادا هەیە کە هەزار هەزاری بوو، ئەوەش شیرەوەیە ئەوی دواتری کۆیان کردبوویەوە.[1]

[1] – تەبەری لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١١٩) لە سەیفەوە لەگەڵ چەند زیادەیەکدا هێناویەتی، لە (البداية والنهاية ج٧، ص٦٤) دا بە دوورو درێژی هێناویەتی.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٩) لە ئەبوو بەکری کوڕی حەفصی کوڕی عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەوەی سەعدی بەسەر ئاودا دەبرد سەلمانی فارسی بوو، ئەسپەکان دەیانبردن و سەعدیش دەیووت پشت و پەنامان خوایەو خواش چاکترین وەکیلە، خوا بەندەو وەلی خۆی سەردەخات، ئایینی خۆی سەردەخات و دوژمنی دەشکێنێ ئەگەر لە سوپادا خراپەو کاری دەرچوو یان دەیوپ نەبێ کە بەسەر چاکەکاندا زاڵ بێ پێی وت: ئیسلام نوێیەو بەخوا دەریاکان وەك وشکانی بۆ موسڵمانان ملکەچ دەبن، سوێند بەوەی گیانی سەلمانی بە دەستە دەستەگەلێکی لێ دەردەچن وەك چۆن بە دستە هاتنە ناوی. دایان بەسەر ئاودا تاهیچ شتێ لە ئاوەکە نەدەبینراو زیاتر لە وشکانی ملکەچ بوو بۆیان، ئەگەر تیایدا بوونایە لێی دەردەچوون وەك سەلمان دەڵێت: هیچیان ون نەکردو کەسیان نەدەخنکا.[1]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٩) لە ئەبوو عوسمانی نەهدیەوە هێناویەتی تاکۆتاییان پارێزراو بوون، جگە لە کەسێ لە بارق پێی دەوترا غەرقەدە لەسەر پشتی ئەسپەکەی کەوت، منیش سەیرم دەکرد مووی لا شانی دەتەکاندو ناو ئاو کەوتووەکەش دەسوڕایەوە. قەعقاعی کوڕی عەمر جڵەوی ئەسپەکەی گرت و ڕایکێشا تاپەڕییەوە. دەڵێت: هیچیان نەکەوتە ناو ئاوەکە جگە لە جامێ کە پەتێکی پێوەبوو پچڕاو ئاوەکە بردی.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢٢) لە عومەری صائدیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ سەعد خەڵکی دا بەناو دیجلەدا نزیکیان گرت، سەلمان لە پاڵ سەعددا بوو، بەردەوام لە پاڵیدا لە ناو ئاوەکەدا لەگەڵی دەچوو. سەعد وتی: (ذلك تقدير العزيز العليم) ئاوەکەش شەپۆلی پێ دەدان، و بەردەوام ئەسپێ بە پێوە بوو کە پەکی دەکەوت ڕێی بۆ دەکردو لەسەری دەحەسایەوە وەك ئەوەی لەسەر زەویدا

---

[1]- ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢١) لە ئەبوو بەکری کوڕی عەفصەوە بە هەمان شێوە لەگەڵ زیادەیەك لە سەرەتایەوە هێناویەتی.

بێت، لە مەدائین لەوە سەرسوڕهێنەرتر نەبوو، ئەوەش ڕۆژی ئاو بوو بە (یوم الجرائیم) ناودەرا.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٩) لە عومەیری صابانیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: لە مەدائین لەوە سەرسوڕهێنەر تر نەبوو بۆیە بە (یوم الجرائیم) ناودەبرا، هەرکەس ماندوو بووایە جرثومەیەکی بۆ دەبوو لەسەری دەحەسایەوە.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢٣) لە قەیسی کوڕی حازمەوە هێناویەتی دەڵێت: تاومان دایە ناو دیجلەو کە چووینە زۆری ئاوەکەی کەسی سوار دەوەستا ئاو نەدەگەیشت بە شوێنەکەی.[1]

ئیبن ئەبی حاتەم لە حەبیبی کوڕی زبیانەوە هێناویەتی دەڵێت: یەکێ لە موسڵمانان کە حەجەری کوڕی عەددی بوو وتی: بۆچی ناپەڕنەوە بۆلای ئەو دوژمنانە لەڕێی ئەم دڵۆپە ئاوەوە -واتە دیجلە- ﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ اَنْ تَمُوتَ إِلاَّ بِإِذْنِ اللهِ كِتَاباً مُؤَجَّلاً﴾ پاشان ئەسپەکەی تاودایە ناو دیجلە کە وایکرد خەڵکیش بەدوایدا چوون کە دوژمن موسڵمانانیان بینی وتیان (دیوان) (دێوەکان) بۆیە ڕایانکرد، لە تەفسیری ئیبن کەثیر (ج١، ص٤١٠) دا خاتووەن ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢١٠) لە حەبیبی کوڕی ئەسبەهان ئەبوو مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: لە ڕۆژی مەدائین کە موسڵمانان لە دیجلە پەڕینەوە دوژمن سەیریان کرد وا دەپەڕینەوە هاواریان دەکردو بە فارسی دەیانوت (ئەوانە دێوەکانن) بە یەکتریان دەوت بەخوا ئێوە لەگەڵ مرۆڤدا ناجەنگن، بەڵکو لەگەڵ دێوەکاندا دەجەنگن، بەوەشکان.[2]

---

[1] - ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢١٠) لە قەیسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] - ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج١، ص١٢٣) لە حەبیبەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

بەیهەقی لە ئەعمەش لە هاوەڵێکیەوە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٥) دا هاتووە دەڵێت: کاتێ گەیشتینە دیجلە کە پڕو کشاو بوو، عەجەمەکان لە پشتییەوە بوون، یەکێ لە موسڵمانان وتی: بەناوی خوا، ئینجا بە ئەسپەکەیەوە پەڕییەوەو بەسەر ئاوەکەدا چوو، خەڵکیش هەمان شتیان کرد، عەجەمەکان کە ئەوانیان بینین وتیان دێوەکان، دێوەکان، دواتر بەڕوویاندا چوون.

(ملکەچی ئاگر بۆ هاوەڵان (رضي الله عنهم))

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢١٣) لە موعاویەی کوڕی حەرمەلەوە هێناویەتی دەڵێت: چوومە مەدینەو تەمیمی داری بردمی بۆ خواردن، نانێکی زۆرم خواردو لە تاو برسێتی زۆر تێرم نەخوارد، من سێ ڕۆژ لە مزگەوت بووم‌و هیچم نەخواردبوو، ڕۆژێ پێکەوە بووین کە لە (الحرة) ئاگرێ دەرکەوت، عومەر هات بۆ لای تەمیم‌و وتی بڕۆ بۆ لای ئەو ئاگرە، وتی: ئەی ئەمیری باوەڕداران مەگەر من کێم‌و چیم؟ بەردەوام پێی وت تا لەگەڵی هەستا، موعاویە دەڵێت: منیش کەوتمە داویان‌و ئەوانیش چوون بۆ ئاگرەکە، دەڵێت: بە دەستەکانی ئاگرەکەی کۆکردەوە تا بردیە ناو دۆڵەکەو تەمیمیش لە پشتیەوە وایدەکرد، عومەر دەیوت: ئەوەی دیویەتی وەك ئەوە نییە کە نەیدیوە.[1]

بەغەوی لە موعاویەی کوڕی حەرمەلەوە هێناویەتی دەڵێت: چوومە لای عومەر (رضي الله عنه) وتم: ئەی ئەمیری باوەڕداران پێش ئەوەی قەدەرم بێتە ڕێ تەوبە دەکەم، عومەر وتی: تۆ کێیت؟ وتم: موعاویەی کوڕی حەرمەل، زاوای موسەیلەمە، وتی: دەی بڕۆ بۆلای چاکترین خەڵکی مەدینە، ئیبن حەرمەل دەڵێت چووم لای تەمیمی داری دابەزیم، ئێمە قسەمان دەکرد کە لە (الحرة) ئاگرێك کەوتەوە. عومەر هات

[1]- بەیهەقی لە ئیبن حەرمەلەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٣) دا هاتووە.

بۆلای تەمیمو وتی: ئەی تەمیم دەرچۆ، تەمیم وتی: مەگەر من چیم، ناترسیت تووشی شتێك بم، خۆی بچووك نیشاندا، پاشان هەستا ئاگرەکەی بردە ئەو دەرگای کە لێوەی دەرچوو، پاشان چوو بە ناویداو دواتر دەرچوو هیچ زیانی پێ نەگەیشت.[1]

((ڕۆشنایی بۆ هاوەڵان (ﷺ)))

ئەحمەد لە ئەبوو هورەیرەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لەگەڵ پێغەمبەری خودا نوێژی عیشامان دەکرد کە سوجدەی دەبرد حەسەن و حوسەین دەچوونە سەر پشتی، کە سەری بەرزدەکردەوە دەیخستنە پشتیەوەو زۆر بە نەرمی لەسەر پشتی لای دەبردن، کە دەگەڕایەوە بۆ سوجدە بردن دەچوونە سەر پشتی تانوێژەکەی تەواو دەکرد لەسەر ڕانی خۆی دایدەنان، ئەبوو هورەیرە دەڵێت: منیش هەستام چووم بۆلای وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بیانبەمەوە؟، بریسکەیەك هات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (بچنەوە لای دایکتان) (الحقا بأمكان). پرشنگەکە مایەوە تاچوونە لای دایکیان.[2]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٥) لە ئەبوو هورەیرەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: حەسەن (ﷺ) لای پێغەمبەر (ﷺ) بوو لە شەوێکی تاریکدا پێغەمبەر (ﷺ) حەسەنی زۆر خۆشدەویست، حەسەن وتی: دەچمەو بۆلای دایکم، منیش وتم: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) منیش لەگەڵی بچم؟ فەرمووی: نا، بریسکەیەك لەئاسمانەوە هات، حەسەن لەبەر ڕۆشناییەکەیەوە چوو تاگەیشتەوە لای دایکی.

---

[1] – لە (الأصابة، ج٣، ص٤٩٧) دا واهاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ٢١٢) لە مەرزوقەوە بە کورتی هێناویەتی، لە گەڕانەوەکەیدا: عومەر پێی وت: ئەی ئەبوو روقیە تۆمان بۆ شتێك واحەشار داوە.

[2] – هەیثەمی (ج٩، ص١٨١) دەڵێت: ئەحمەدو بەزار بە کورتی هێناویانەو واهاتووە: لە شەوێکی تاریکدا، کەسەکانی ئەحمەد جێ متمانەن، تەواو. بەیهەقی لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية، ج٦، ص١٥٢) دا هاتووە.

ئەحمەد لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدا لە چیرۆکی ڕۆژی هەیینی لە ئەبوو سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێت: پاشان ئاسمان بەو شەوە شەپۆلی دا، کاتێك پێغەمبەر (ﷺ) چوو بۆ نوێژی عیشا، ئاسمان بریسکەیەکی دا، قەتادەی کوڕی نوعمان وتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: (مالسیر ابا قتادة؟) (هاتنت بۆچی بوو ئەی ئەبوو قەتادە؟) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا زانیم ئامادەی نوێژەکەمە بۆیە حەزم کرد ئامادەی بم، فەرمووی: ئەگەر نوێژت کرد بمێنەوە تا دەتبەمەوە) کە لەنوێژ بوویەوە تێلایەکی پێداو فەرمووی: (ئەوە بگرە ڕۆشنایی بۆ بەردەمت دەکات تا دەو لەدواشتەوە تا دە، کە چوویتەوە ماڵەوە ڕەشایت لە لایەکی ماڵەکەوە بینی پێش ئەوەی قسە بکەیت لێی بدە، چونکە ئەوە شەیتانە). (خذ هذا فسيضي، لك أمامك عشرا وخلفك عشراً، فأذا دخلت البيت وأريت سواداً في زاوية البيت فاضربه قبل ان تتكلم فأنه الشيطان)[1,2].

تەبەرانی لە (المعجم الكبير) لە قەتادەوە هێناویەتی وەك لە (المجمع، ج٢، ص٤٠) دا هاتووە. لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: تێلای دایە دەستمو فەرمووی: (إن الشيطان قد خلفك في أهلك فاذهب بهذا العرجون فأمسك به حتى تأتي بيتك فخذه من زاوية البيت فاضربه بالعرجون) (شەیتان لای ماڵ و مناڵت دوای خستویت، ئەم تێلایە بگرەو تادەچیتەوە ماڵەوەت بیبەرە سوچی ماڵەکەتو بەم تێلایە لێی بدە) منیش لەمزگەوت دەرچووم و تێلاکە پرشنگی دایەوە وەك مۆم ڕوناکی دەبەخشی تاچومەماڵەوەو سەیرمکرد دەبینم ڕاکشاون، سەیری سوچەکەمکرد دەبینم ئاژەڵێکی(قنفذ) تێدایە بە تێلاکە لێمدا تادەرچوو.[3]

---

[1] – صحيح.

[2] – هەیثەمی (ج٢، ص١٦٧) دەڵێت: ئەحمەدو بەزار بە هەمان شێوە هێناویانەو کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن، تەواو.

[3] – هەیثەمی دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن.

بوخاری لە ئەنەسەوە هێناویەتی دوو لە هاوەڵان لەلای پێغەمبەر (ﷺ) دەرچوون و دوو شت وەك چرا لە نێو دەستیاندا بوو، کە جیابوونەوە هەریەکییان و چرایەکی لەگەڵ بوو تاگەیشتەوەماڵەوە.

ئیبن ئیسحاق لە ئەنەسەوە هێناویەتی ئوسەیدی کوڕی حوزەیری ئەنساری و یەکێکی دی لە هاوەڵان لای پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر پێویستیەکیان قسەیان کرد تا بڕێ لە شەو چوو، شەوەکەش زۆر تاریك بوو تالای پێغەمبەر (ﷺ) چوون و هەرکامیان گاڵۆکێکی بە دەستەوە بوو، گاڵۆکی یەکێکیان پرشنگی دایەوە تا بەوە ڕێیان دەبڕی، کە جیابوونەوە گاڵۆکەکەی دیکەش پرشنگی دایەوە تا هەرکام بەو ڕۆشنایە گەیشتنەوە ماڵەوە.[1]

بوخاری لە حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمیەوە (ڕەزای خوای لێبێت) هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین لە شەوێکی تاریکدا بوو، جیابووینەوەو پەنجەکانم ڕۆشناییان دەبەخشی تا هەمووان لەسەر ئەو ڕووناکیە دەچوون و هیچیان پێ نەهات و پەنجەکانیشم ڕووناکیان دەبەخشی.[2]

---

[1] – بوخاری لە عومەر لە ثابتی کوڕی ئەنەس و لە حەمادی کوڕی سەلەمەوە لە ثابتی کوڕی ئەنەسیشەوە هێناویەتی عبادی کوڕی بەشیرو ئوسەیدی کوڕی حوزەیر لای پێغەمبەر (ﷺ) چوون، بە هەمان شێوە هێناویەتی. نەسائی و بەیهەقی لە ڕێگەی حەمادی کوڕی سەلەمەوە هێناویەتی. لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٢) دا واهاتووە. ئیبن سەعد (ج٣، ص٦٠٦) لە ڕێگەی حامادی کوڕی ثابت لە ئەنەسەوە هێناویەتی دەڵێت: ئوسەیدی کوڕی حوزەیرو عبادی کوڕی بەشیر لای پێغەمبەر (ﷺ) بوون، شەوەکەش زۆر تاریك بوو، بە هەمان شێوە هێناویەتی، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٥) بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2]– بەیهەقی و تەبەرانی هێناویانەو لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٥٢)دا واهاتووە، هەیثەمی لە تەبەرانیەوە هێناویەتی هیچ شتومەکیان نەکەوت. هەیثەمی (ج٩، ص٤١١) دەڵێت: کەسەکانی تەبەرانی جێ متمانەن، ناکۆکی هەیە لەسەر کەثیری کوڕی زەید، تەواو. ئیبن کثیر لە (البداية والنهاية ج٨، ص٢١٣) دەڵێت: بوخاری لە مێژووەکەیدا بە سەنەدی جەیید بە کورتی هێناویەتی، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٦) لە حەمزەوە بە هەمان شێوەی بوخاری هێناویەتی.

ئیبن سەعد (ج٤، ص٣١٥) لە واقدیەوە هێناویەتی حەمزەی کوڕی عەمر وتی: لە تەبووك بووین و دووڕووەکان وشترەکەی پێغەمبەریان (ﷺ) ڕاوەدوونا تاهەندێ شمەکی لەسەر کەوت و حەمزە وتی: پێنج پەنجەکەم پرشنگیان دەدایەوە تاچی شمەك کەوتبووە (وەك قامچی و شتی لەو جۆرە) کۆمکردنەوە.

بەیهەقی لە عەبدولحەمیدی کوڕی ئەبوو عەبەسی ئەنساریەوە هێناویەتی مەیمونی کوڕی زەیدی کوڕی ئەبوو عەبەس هەواڵی پێدام ئەبوو عەبەس لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) نوێژی دەکرد، دواتر گەڕایەوە بۆ ناو بەنی حارثە، لە شەوێکی تاریك و باراناویدا دەچوو، گاڵۆکەکەی دەستی پرشنگی دەدایەوە تا چوویە ماڵ، بەیهەقی دەڵێت: ئەبوو عەبەس لەوانە بوو کە بەشداری بەدر بوو.[1]

زوبەیری کوڕی بەکار لە (الموفقیات) دەڵێت: موحەممەدی کوڕی زوحان لە باوکیەوە بۆی گێڕامەوە وتی: ئەبوو عوبەیسی کوڕی جەبر پاش لەدەستدانی بینایی، پێغەمبەر (ﷺ) گاڵۆکێکی پێدا، دەڵێت بەوە بەرپێی دەبینی، پرشنگی نێوان ئەوەو ئەوەی دەگرتەوە. تەواو. پێغەمبەر (ﷺ) نزای بۆ قامچیەکەی کرد، بەوە قامچیەکەی پرشنگی دەداو ئەویش بۆ ڕووناکی بەکاری دەهێنا.[2]

پێشتر لە باسی بانگەواز بۆ لای خواو پێغەمبەر (ﷺ) لە بانگەوازی توفەیلی کوڕی عەمری دەوسی دا هاتووە کە داوای لە پێغەمبەر (ﷺ) کرد تابۆ پاڵپشتی موسڵمان بوونی هۆزەکەی پاڵپشتی هەبێ، ئەویش فەرمووی (خوایە بەڵگەیەکی بدەرێ) (اللهم اجعل له آیة) دەڵێت: گەڕامەوە بۆ ناو هۆزەکەم و کە گەیشتمە دوو ڕیان لە نێو چاوانمەوە ڕووناکیەك وەك چرا دەرکەوت، وتم خوایە با لە دەم و

---

[1] - لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٥٢)دا واهاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٥) بەو سەنەدە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: ئەبوو عیسا بوو، حاکم (ج٣، ص١٣٠) لە عەبدولحەمیدی کوڕی ئەبوو عەبەسەوە بەو شێوە بە مورسەلی هێناویەتی، لە (الأصابة ج٤، ص١٣٠) دا هاتووە.

[2] - لە (کنز العمال ج٧، ص٧٨) دا واهاتووە.

چاومدا نەبێت، چونکە دەترسم وابزانن لەبەر وازهێنانم لە ئاینی ئەوان پەڵە کەوتووتە ناوچاوم، خوای گەورە ڕووناکیەکەی خستە سەری قامچیەکەم، خەڵکی ئامادەبوو ئەو ڕووناکیەیان وەك قندیلی هەڵواسراو دیو منیش بەرەو خوار دادەبەزیم تاگەیشتمە لایان.

ئیبن عەساکیر لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیب زۆرجار دەیووت: هەرکەسم دیبێ چاکەم لە ڕوویدا دیبێ، نێوانی من و ئەو ڕووناکی دەرکەوتووە، هەرکەسیش خراپەم لە ڕوویدا دیبێ نێوانی من و ئەو تاریکی گەڕاوە، دەی چاکە بکەو چاکەسازی بنوێنە، چونکە ئەو لە فەوتاندنت لە دەست خراپە دەتپارێزێ.[1]

(سێبەرکردنی هەور بۆ هاوەڵان)

ئەبوونەعیم لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عمرانی کوڕی حارس لە مەولایەکی کەعبەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ میقدادی کوڕی ئەسوەدو عەمری کوڕی عەبسەو شافعی کوڕی حەبیبی هوزەلی (رضي الله عنهم) دەرچووین، ڕۆژێ عەمری کوڕی عەبسە دەرچوو، منیش چووم —نیوەی ڕۆژ بوو— تابزانم چی دەکات، سەیرمکرد هەورێ سێبەری بۆ کردووەو نێوانی تێدا نییە، بێدارم کردەوە، ئەویش وتی: ئەم شتە ئەگەر بزانم بۆ کەست گێڕاوەتەوە نێوانی من و تۆ باش نمێنێ، مەولاکەی کەعب دەڵێت: بەخوا تامردن بۆ کەسم نەگێڕایەوە.[2]

---

[1] – لە (کنز العمال ج٣، ص٣١٢) دا واهاتووە.

[2] – لە (الأصابة ج٣، ص٦)دا واهاتووە.

(بارینی باران بە نزای هاوەڵان (رضي الله عنهم))

بوخاری لە ئەنەسەوە هێناویەتی کەسیَ ڕۆژی هەیینی لەو دەرگای ڕووبەڕووی مینبەری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بوو هاتە مزگەوت‌و پێغەمبەری (صلى الله عليه وسلم) وتاری دەداو کابراش بەرەو ڕووی هات، وتی ئەی پێغەمبەری خوا سامان نەماو ڕێگە بڕا دەی نزامان بۆ بکە خوا بارانمان بۆ دابارێنیَ، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی (خوایە بارانمان بۆ ببارێنە) سیَ جار فەرمووی (اللهم اسقنا) ئەنەس وتی: بەخوا هیچ هەورو پەڵەو شتێکمان لە ئاسماندا نەدی‌و هیچ لەنێوان ئێمەدا ماڵ‌و خانوویەك نەبوو، لە پشتیەوە هەورێك وەك تیر دەرکەوەت، کاتیَ هاتە نێوان ئاسمان‌و بڵاوبوویەوەو دواتر داباری. بەخوا شەش ڕۆژ خۆرمان نەدی پاشان بۆ هەیینی دواتر کەسیَ لەو دەرگاوە هاتە ژوورو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتاری دەدا، کابرا بەرەو ڕووی هات‌و وتی ئەی پێغەمبەری خوا ماڵ‌و سامان لەناوچوو ڕێگە پچڕا داوا لە خوا بکە باران بگرێتەوە. پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) دەستەکانی بەرز کردەوەو فەرمووی (خوایە چواردەورمان نەوەك بەسەرماندا، خوایە بەسەر گردۆڵکەو شاخ‌و تەپۆڵکەو جیَ بەری درەختەکان) (اللهم حوالينا ولا علينا، اللهم على الآكام والجبال والظراب ومنابت الشجر) پاش وتارەکەی چووینە دەر خۆر بوو. لەڕێگەیەکی دیکەوە هێناویەتی: هەورم بینی بە ڕاست‌و چەپدا دەچوون‌و دەبارین‌و بەسەر خەڵکی مەدینەدا نەدەبارین، لە ڕێگەیەکی دیکەیدا: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەستەکانی بەرزکردەوەو هیچمان (پەڵە هەور) لە ئاسماندا نەدی، سوێند بەوەی گیانمی بە دەستە دەستەکانی دانەنا تاهەور وەك شاخەکان هاتن، دواتر لە مینبەرەکەی دانەبەزی تا بینیم باران بەسەر ڕیشیدا دادچۆڕا.[1]

[1]- موسلیم‌و ئەحمەدو ئەبوو داود بەو واتایە هێناویانە، وەك (البداية والنهاية ج٦، ص٨٨) دا هاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٦٠)و ئیبن سەعد لە (الطبقات، ج١، ص١٧٦) هێناویانە.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٦٠) لە ئەبوو لوبابەی کوڕی عەبدولمونژەرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕۆژی هەینی لەسەر مینبەر وتاری دەفەرموو بۆ خەڵك و دەیفەرموو (اللهم أسقنا) ئەبوو لوبابە وتی: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) خورما لە گەوڕەکاندایە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ((اللهم أسقنا حتى يقوم ابو لبابه عرياناً يشد يعلب مربده بأزاره) (خوایە بارانمان بۆ داباریێنە تا ئەبوو لوبابە بە ڕووتی هەستێ و بە جلەکەی کونی گەوڕەکەی توند بکات) لە ئاسماندا هەورێکمان نەدەبینی، بارانێ توند بارای و خەڵکی پشتیوانان چواردەوری ئەبوو لوبابەیان داو وتیان ئەبوو لوبابە باران دەست هەڵناگرێ تا تۆ ئەو شتە نەکەیت کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەبوو لوبابەش هەستاو ئەوەی کرد، بەوە باران وەستا[1].[2]

پێشتر لە باسی خۆڕاگری لەسەر سەختیەکان فەرموودەکەی عومەرمان لای ئیبن جەریرو بەزارو تەبەرانی هێنا تیایدا هاتووە، دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو داینەنان تا باران دایکردو چییان پێ بوو پڕیان کرد، پاشان چووین سەیرمانکرد نەماندی لەولای سەربازگەکە باران ببارێت[3].[4]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٩٠) لە عەبدولای کوڕی ئەبوو بەکری کوڕی عەبباسی کوڕی سەهلەوە هێناویەتی دەڵێت: خەڵکی هیچ ئاویان پێ نەبوو، لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵایان کرد، ئەویش نزای کرد، خواش هەورێکی ناردو باران باری تاخەڵکی تێر ئاو بوون و چەند ئاویان پێویست بوو هەڵیانگرت.

---

[1] – ضعيف.

[2] – بەیهەقی لە ئەبوو لووبابەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص٩٢) دا هاتووەو دەڵێت: ئەو سەنەدە حەسەنەو ئەحمەدو زانایانی فەرموودەش نەیانهێناوە، تەواو.

[3] – صحيح.

[4] – ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٩٠) لە عومەرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

ئیبن ئەبی دنیاو ئیبن عەساکیر لە خواتی کوڕی جەبریەوە هێناویەتی دەڵێت: خەڵکی لە سەردەمی عومەردا تووشی قاتو قڕییەکی سەخت بوون، عومەر دەرچوو دوو ڕکات نوێژی کرد بە خەڵكو ئەملاو لای عەباکەی هەڵگێڕایەوەو ڕاستی خستە چەپو چەپی خستە سەر ڕاست، دواتر دەستەکانی بەرزکردەوەو وتی: خوایە ئێمە داوای لێخۆشبوونو باران بارینت لێ دەکەین، لە شوێنەکەی نەجوولا تاباران باری. لەو بارەدا دەشتەکیەکان هاتن بۆلای عومەرو وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران ئێمە لە دەشتو دەرماندا بووین لە ڕۆژی ئەوەندەو کاتی ئەوەندەدا کە هەورێ دایگرتینو تیایدا دەنگێکمان بیست دەیوت: ئەبو حەفسی فریادڕەس بۆی ناردی، دووجار وتی: (أتاك الغوث أبا حفص).[1]

بەیهەقی لە مالیکودارەوە هێناویەتی دەڵێت: لە سەردەمی عومەری کوڕی خەتتابدا خەڵکی تووشی قاتو قڕییەك بوونو کەسێ هات بۆلای پێغەمبەرو (صلى الله عليه وسلم) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا داوای باران بۆ ئوممەتت بکە وا لەناوچوون، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هاتە خەویو پێی فەرموو: بڕۆ بۆلای عومەرو سەلامی لێ بکەو پێی بڵێ هەورەکان باران دەبارێنن، پێی بڵێ لەگەڵ ژیردا ژیردابە، کابرا هاتو پێی وت چ خەوێکی دیوە، عومەر گریاو دواتر وتی: پەروەردگارا کەمتەرخەمی ناکەم مەگەر لەوەی نەیتوانم.[2]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٩٢) بە سەنەدێ کە سەیفی تێدایە لە عەبدولڕەحمانی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: ساڵی بێ بارانی خەڵکی مەدینەی تووشی برسێتی کردو دەروبەریشی تووش بوون تائەوەی دڕەندە دەهات بۆ مرۆڤو مرۆڤیش مەڕی سەردەبڕی لەتاو قەڵبیو لەڕییەکەی نەیدەخوارد.

[1] – لە (کنز العمال، ج٤، ص٢٩٠) دا واهاتووە.

[2] – لە (کنز العمال ج٤، ص٢٨٩) دا واهاتووە. ئیبن کەثیر لە (البداية والنهاية ج٧، ص٩٢) دا دەڵێت: سەنەدەکەی صەحیحە. تەواو.

خەڵکی لەو باوەڕەدابوون‌و عومەریش گەمارۆدراو بوو بەرامبەر خەڵکی ناوچەکان تا بیلالی کوڕی حارثی موزەنی هات‌و داوای مۆڵەتی لێکردو وتی: من نێردراوی پێغەمبەری خوام بۆلات، پێغەمبەر (ﷺ) پێت دەفەرمووێت: من ژیریم پێ سپاردوویت‌و تۆش هێشتا لەسەر پێیت ئەی بارت چۆنە؟ عومەر وتی کەی ئەمەت بینی؟ وتی: دوێنێ، عومەر چوویە دەرو لەناو خەڵکدا هاواری کرد (الصلاة الجامعة) وەرن بۆ نوێژ، دوو ڕکات نوێژی پێ کردن، دواتر وتی: ئەی خەڵکینە سوێندتان دەدەم بە خوا ئەگەر شتێکم لەسەر دەزانن کە کارێکم کردبێ لەو باشتر هەبووبێ، وتیان: نە بەخوا، وتی: دەی بیلالی کوڕی حارث دەڵێ ئەوەو ئەوە، ئەوانیش وتیان بیلال ڕاست ئەکات داوای فریاکەوتن لە خواو موسڵمانانیش بکە. عومەر لەوە دەستی گرتبوویەوە، بەڵام ناردی بۆلای خەڵك، عومەر وتی: الله اکبر، بەڵا ماوەکەی هاتووەو بەرەو ڕوو هەڵماڵرانەو مۆڵەتی داواکاری بە هەر خەڵکێ درابێ بەڵاکەیان لەسەر هەڵدەگیرێ. ناوچەی نووسی بۆ سەرکردەی ناوچەکان، فریای خەڵکی مەدینەو چواردەوری بکەون، چونکە زۆریان بۆ هاتووە، خەڵکی بردە دەرەوە بۆ نوێژە بارانەو خۆشی لەگەڵ عەبباسدا بە پیادە چوو، وتارێکی کورتی پێشکەش کردو دواتر نوێژی کرد لەسەر ئەژنۆکانی کەوت‌و وتی: خوایە تەنها تۆ دەپەرستین‌و تەنها پشت بە تۆ دەبەستین، خوایە لێمان خۆشبەو ڕەحممان پێ بکەو لێمان ڕازی بە، دوایی گەڕایەوە، نەگەیشتە ماڵ تا تاویان دایە ڕاکرن، بە سەنەدێکیش هێناویەتی کە سەیفی تێدایە لە عاصمی کوڕی کوڕی خەتتابەوە بەو شێوە هێناویەتی‌و هاتووە وتی: ماڵێ لە موزەینە لە خەڵکی دەشت‌و دەر بۆ خاوەنەکانیان وت: زۆرمان بۆ هاتووە دەی مەڕێکمان بۆ سەربڕە. ئەویش وتی باشیان تێدا نییە، ئەوانیش زۆریان وتەوە تا مەڕێکی بۆ سەربڕین‌و پێستی لابردو ئێسکی سوور بوو، هاواری کرد وەی بۆ محەممەدم، لە خەویدا نیشانی درا کە پێغەمبەر (ﷺ) هات بۆلای‌و فەرمووی: (موژدەی ژیانت لێ بێ، بڕۆ بۆلای عومەرو سەلامی منی پێ بگەیەنەو پێی بڵێ بەڵێنی منت لایەو تۆش بۆ بەڵێن زۆر بە وەفاو

پارێزەری، ژێری ژێری ئەی عومەر، ئەویش هات بۆ بەردەگای عومەرو بە غولامەکەی وت: مۆڵەت وەربگرە بۆ نێردراوی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئینجا بە هەمان واتا ئەیهێنێت.[1]

ئیبن سەعد (ج٧، ص٤٤) لە سەلیمی کوڕی عامری خەبائیریەوە هێناویەتی ئاسمان بارانی نەدەباراند، موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و خەڵکی دیمەشق چوونە دەر بۆ نوێژە بارانە، موعاویە کە لە مینبەر دانیشت وتی: کوا یەزیدی کوڕی ئەسوەدی جەرشی؟ خەڵکی بانگیان دەکرد تاهات، موعاویە فەرمانی پێکردو یەزید چوویە سەر مینبەر موعاویە لای قاچەکانی یەزید دانیشت و وتی: خوایە ئێمە ئەمڕۆ بە چاکترینمان سکاڵات لا دەکەین، خوایە ئێمە ئەمڕۆ بە یەزیدی کوڕی ئەسوەدی جەرشی سکاڵات لا دەکەین، ئەی یەزید دەستەکانت بەرز بکەرەوە بۆ لای خوا، یەزید دەستەکانی بەرزکردەوەو خەڵکیش وایانکرد، هێندەی نەبرد تا هەورێ لە ڕۆژئاواوە هات و بایەك هەڵیکردو باران باری تائەوەی خەڵکی خەمیان بوو نەگەنەوە ماڵ.

ئیبن سەعد (ج٧، ص٢١) لە ئومامەی کوڕی عەبدوڵاوە هێناویەتی دەڵێت: ئەکار لە هاوین هات بۆلای باخەکەی ئەنەس و سکالای تینوێتی کرد، داوای ئاوی کردو دستنوێژی گرت و نوێژی کرد، پاشان وتی: هیچ دەبینی؟ وتی: نا، هیچ نابینم، وتی: چوو نوێژی کرد، دواتر بۆ جاری سێیەم یان چوارەم وتی سەیربکە هیچ دەبینی؟ وتی: هەور وەك باڵی باڵندە دەبینم، ئەویش نوێژی دەکردو نزای دەکرد تا کارەکەرەکەی هات و وتی ئاسمان هەورە باران دەبارێ، ئەویش وتی سواری ئەو سەسپەبە کە بیشری کوڕی شخاف ناردی بزانە باران تاکوێ باریوە؟ ئەویش سوار بوو چوو سەیری کرد باران لە بیناکانی (المسرین) و (الغضبان) زیاتر نەچووبوو، لە پابتی بەنانیەوە بە کوڕی بە هەمان شێوە هێناویەتی و تیایدا

[1] – ضعیف جدا.

هاتووە: قەیم لای ئەنەس سکاڵای بێ ئاوی بۆ زەویەکەی کرد، لە کۆتاییەکەشیدا دەڵێت: سەیری کرد لە زەوییەکەی ئەو زیاتر باران نەباریوە.

ئیبراهیمی کوڕی جونەید لە (كتاب الأولياء) بە سەنەدی مونقەتیع هێناویەتی حجری کوڕی عەدی (رضي الله عنه) تووشی لەشگرانی بوو، بە کار ڕاسپێرەکەی وت: خواردنەوەکەم بدەرێ تا خۆکی پێ بشۆمو سبەینێ هیچ ئاوم مەدەرێ، ئەویش وتی دەترسم لە تینوێتیدا بمریتو موعاویە بمکوژێ، ئەویش لە خوا پاڕایەوە، هەورێ بارانی بۆ باراندو ئەویش چەندی پێویست بوو لێی وەرگرت، هاوەڵانی پێیان وت لە خوا داوا بکە دەربازمان بکات، وتی: خوایە چاکمان بۆ هەڵبژێرە، بەوە خۆیو دەستەیەکیان کوژران.[1]

ئیبن عەساکیر لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: ناوچەیەکی پشتیوانان نزای پێشتری پێغەمبەریان (صلى الله عليه وسلم) هەبوو کە ئەگەر یەکێیان بمردایە هەورێ دەهاتو بارانی دەباراندە سەر گۆڕەکەی، مەولایەکیان مرد موسڵمانان وتیان: با ئەمڕۆ بڕوانینە فەرمایشتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (مولى القوم من أنفسهم) (مەولای- کۆیلەو خزمەتکار- خەڵکی لە خۆیانە) کە خرایە ناو گۆڕ هەورێ هاتو بارانی دەباراندە سەر گۆڕەکەی.[2][3]

(ئاو پێ بەخشران بە سەتڵێ لە ئاسمانەوە)

ئیبن سەعد (ج٨، ص٢٢٤) لە عوسمانی کوڕی قاسمەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ئوم ئەیمەن کۆچی کرد، شەو بێ ئاو بوو، تینووی بوو لە چۆڵەوانی بوو ئاویشی پێ نەبوو ڕۆژیش بەڕۆژوو ببوو، تینوێتی زۆری بۆ هێنا، لە ئاسمانەوە

[1] – لە (الأصابة ج١، ص٣١٥) دا واهاتووە.

[2] – صحيح.

[3] – لە (كنز العمال، ج٧، ص١٣٦) دا واهاتووە.

سەتڵێ ئاوی بە پەتێکی سپی بۆ هێنرایە خوارەوە، ئوم ئەیمەن سەتڵەکەی گرتو ئاوی لێ خواردەوە تاتێر بوو، دەیفەرمووی دوای ئەوە تینوویێتیم نەدیوە لە ڕۆژوومدا لە نیوەی ڕۆژدا بەرەو ڕووی تینوێتی بوومەتەوە، بەڵام دوای ئەو ئاو خواردنەوەیە تینوویێتیم نەدیوە، ئەگەر لە ڕۆژی گەرمادا –دوای ئەوە– ڕۆژووم گرتبێ تینووم نەبووە.[1]

(بەرەکەت لە ئاودا)

بوخاری لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەرم (ﷺ) لە کاتی نوێژی عەسردا بینی، خەڵکی بۆ ئاوی دەستنوێژ دەگەڕانو دەستیان نەدەکەوت، جامێ ئاو هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش دەستی خستە ناوو فەرمانی کرد خەڵکی دەستنوێژی لێ بگرن. ئاو لە ژێر پەنجەکانیەوە سەرچاوەی دەگرت، خەڵکی دەستنوێژیان گرتو هەموویان لێبوونەوە.[2]

هەروەها لە مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: بانگی نوێژ دراو هەرچی ماڵی لە مزگەوت نزیك بوو هەستاو ئەوانەی ماڵیان دوور بوو مانەوە، جامە بەردینێ هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) کە بە باشی دەستی تیایدا نەدەکرایەوە، پەنجەکانی کۆکردەوەو خەڵکەکەی تر لەو جامەدا دەستنوێژیان گرت، حەمید دەڵێت: پرسیارکرا لە ئەنەس چەند کەس بوون؟ وتی: هەشتا یان زیاتر. بوخاری بە هەمان شێوە لێوەی هێناوە. لە گێڕانەوەیەکی دیکەی بوخاری لێوەی هێناویەتی دەڵێت: قاپێ هێنرا بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوکاتەی لە (زەوراء) بوو، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو قاپەکەو ئاو لە نێو پەنجەکانیەوە سەرچاوەی دەگرت، خەڵکەکە دەستنوێژمان

[1]- ئیبن سەکەن لە قاسمەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (الأصابة ج٤، ص٤٣٢) دا هاتووە.

[2]- موسلیمو ترمزیو نەسائی لە چەند ڕێگەیەکەوە لە مالیکەوە هێناویانە، ترمزی دەڵێت: فەرموودەکە حەسەنی صەحیحە، ئەحمەدیش بە دوورو درێژتر لەوە لە مالیکەوە هێناویەتی.

دەگرت، قەتادە وتی: بە ئەنەسم وت: چەند بوون؟ وتی سێ سەد یان سەروو سێ سەد.[1]

بوخاری لە بەرائی کوڕی عازبەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی حودەیبیە چوارسەد بووین، حودەیبیەش بیرێك بوو، هیچمان لێ نەهێشت، پێغەمبەر (ﷺ) لە لای بیرەکەوە وەستاو داوای بڕێ ئاوی کرد لە دەمیدا شڵەقاندیو دواتر کردیە ناو بیرەکە. هێندەی نەبرد تاتێر ئاومان لێ وەرگرتو خۆمانو ئاژەڵەکانمان تینوێتیمان نەما.[2]

بوخاری لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: خەڵکی ڕۆژی هەینی تینوو بوونو پێغەمبەر (ﷺ) قاپە پێستەییەکی لەبەر دەستدا بوو دەستنوێژی دەگرت، خەڵکی بەرەو ڕووی هەڵپەیان بوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چیتانە؟) وتیان ئاومان نییە بۆ دەستنوێژو خواردنەوە جگە لەوەی لەبەردەستتدایە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی خستە ناو ئاوەکەو ئاویش لە نێو پەنجەکانیەوە وە لە کانیاو دەتەقی، ئێمەش ئاومان خواردەوەو دەستنوێژمان گرت، وتم: چەند کەس دەبوون؟ وتی: ئەگەر سەد هەزاریش بووینایە بەشی دەکردین، ئێمە پانزە سەدی بووین.[3]

---

[1] – ئەحمەدو موسلیم بە هەمان شێوە هێناویانە. لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٩٣) دا واهاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٥) لە ئەنەسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. ئیبن سەعد (ج١، ص١٧٨) لە چەند ڕێگەیەك لە ئەنەسەوە بە چەند دەقێکی جیاجیا هێناویەتی.

[2] – بوخاری بە سەنەدو مەتنەوە بە تەنها هێناویەتی. (البدایة والنهایة ج٦، ص٩٤) دا واهاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٥) لە بەزارەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی،بوخاری لە میسوەرو مەروانەوە بە دووررو درێژی ئەو فەرموودەی حودەیبیەی هێناوە، موسلیم لە سەلەمەی کوڕی ئەکوەعەوە هێناویەتی وەك لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٩٧) دا هاتووە. ئیبن سەعد (ج١، ص١٧٩) لە سەلەمەوە هێناویەتی.

[3] – موسلیم هێناویەتی. لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٩٦) دا واهاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٤) و ئیبن سەعد (ج٢، ص٩٨) بەو واتایە لێوەی هێناوە.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ١٤٤) لە ئیبن مەسعودەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە سەفەرێکدا بووین کە کاتی نوێژ هات و تەنها شتێکی کەممان پێ بوو (ئاو) پێغەمبەر (ﷺ) داوای بڕێ ئاوی کردو کردیە ناو تەشتێك و دەستی خستە ناوی، ئاو لە نێوان پەنجەکانیەوە هەڵدەقولا، پاشان هاواری کردو فەرمووی (ئادەی وەرن بۆ دەستنوێژ گرتن و بەرەکەت لە خواوە) (الا هلمّ الى الوضوء والبركة من الله) خەڵکی هاتن و دەستنوێژیان گرت و منیش دەست پێشخەریم دەکرد بۆ ئاوەکەو دەمکردە ناو سکم لەبەر فەرمایشتی (والبركة من الله).[1]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٤) لە ئەبوو قەتادەوە هێناویەتی دەڵێت: لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بووین، فەرمووی (ئایا هیچ ئاوتان پێیە؟) وتم: بەڵێ من مەسینەیەکم پێیە هەندێ ئاوی تێدایە، فەرمووی بیهێنە، منیش هێنام فەرمووی لێی وەربگرن، دەستنوێژی گرت و کەمە چۆڕەیە ئاوی تێدا ما، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بیپارێزە ئەبوو قەتادە، چونکە دواتر هەواڵی دەبێت) (أزدهر بها أبا قتادة فأنه سيكون لها نبأ) کاتێ بارمان سەخت بوو پێغەمبەر (ﷺ) چوویە لایان، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە تاو تینوێتیدا لەناوچووین، قوڕگمان وشك بوو وا خنکاین، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (لەناو ناچن) (لا هلك عليكم) پاشان فەرمووی (ئەی ئەبوو قەتادە مەسینەکە بێنە) (ياأبا قتادة ائت بالميضأة) منیش هێنام، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (احلل لی غمری) (سەرەکەیم بۆ بکەرەوە) منیش کردمەوەو هێنام، ئاوی دەکردە ناو قاپەکەو خەڵکی ئاویان لێ وەردەگرت، خەڵکی قەرەباڵغیان لێ کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ياأيها الناس احسنوا الملأ فكلكم سيصدر عن ريّ) خەڵکەکە هەموویان خواردەوە تەنها من و پێغەمبەر (ﷺ) ماینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) بۆی تێکردم و فەرمووی (ئەبوو قەتادە بنۆشە) وتم ئەی پێغەمبەری خوا تۆ بنۆشە، فەرمووی (ئاودەر بە خەڵکی خۆی کۆتایی هەموویان

[1]- بوخاری بە هەمان شێوە لێوەی هێناوە، وەك (البداية والنهاية ج٦، ص٩٧) دا هاتووە.

دەخواتەوە) (ان الساقي القوم آخرهم شرباً) منیش خواردمەوە ئینجا خۆی خواردیەوەو هەمان بڕ ئاویشی تێدا مابوویەوە، ئەوڕۆژ خەڵکەکە سێ سەد کەس بوون. ئیبراهیمی کوڕی حەجاج لە فەرموودەیەکدا دەڵێت: خەڵکەکە ئەو ڕۆژ حەوت سەد کەس بوون[1][2].

موسلیم لە موعاذی کوڕی جەبەلەوە فەرموودەی کۆکردنەوەی نوێژ لە غەزای تەبووکدا دێنێ تائەوەی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (پشت بە خوا سبەینێ دەگەنە کانی تەبووك‌و هەرگیزیش ناچنە ئەوێ تا چێشتنگای ڕۆژ دێ، هەرکەس هاتە لای با هیچ دەست نەدات لە ئاوەکەی تا خۆم دێم) موعاذ دەڵێت: چووینە ئەوێ‌و دوو کەس پێشتر چووبوونە ئەوێ‌و کانیەکەش چۆڕەی دەهات، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئایا هیچ لە ئاوەکەیتان هەڵگرت) (هل مستما من مائها شيئاً) وتیان بەڵێ، ئەویش قسەی پێ وتن‌و ئەوەی خوا بیەوێ پێی وتن، پاشان کەم کەم لە کانیەکەیان کۆکردەوەو لە بەردەمیان گرت) تا شتێ لە ئاوەکە کۆبویەوە، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) دەم‌و چاوو دەستی شۆردو هەمدی گێڕایەوە ناوی، کانیەکە ئاوێکی زۆری لێهات‌و خەڵکی ئاویان لێ وەرگرت، دواتر پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی موعاذ خەریکە ئەگەر تەمەنت درێژ بێت ئێرە ببینی پڕ بووبێ لە باخ) (يا معاذ يوشك إن طالت بك حياة أن ترى ما هاهنا قد ملئ جناناً)[3].

بوخاری لە عیمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویەتی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە ڕێیەکدا بوون، فەرموودەکە دێنێ تادەڵێت: زۆر تینوومان بوو، لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) دەچووین تا ئافرەتێ قاچەکانی لە نێوان دوو کوخەکەدا شۆڕ بووبوویەوە، پێمان وت: ئاو لەکوێیە؟ وتی: هیچ ئاوێ نییە، وتمان: نێوانی ماڵ‌و منداڵت ئاو چەندە؟ وتی: شەوو ڕۆژێ، وتمان دەی وەرە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: پێغەمبەر

---

[1] – صحيح.

[2] – ئەحمەدو موسلیم لە ئەبوو قەتادەوە بە دوورو درێژتر لەوە هێناویانە، وەك (البداية والنهاية ج٦، ص٩٨) دا هاتووە.

[3] – لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٠٠) دا واهاتووە.

کێیە؟ هیچمان لێ وەرنەگرت تا هێنامانە لای پێغەمبەر (ﷺ)، ژنەکە هەمان قسەکانی کرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، بەڵام وا قسەی کرد کە خاوەنی منداڵی هەتیوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکرد دوو کونەکە بێنن و دەستی هێنا بەسەریاندا، چل کەس تێر ئاومان خواردەوە تا تێربووین و چی قاپ و قاچاخمان پێ بوو پڕمان کرد، بەڵام ئاوی وشترمان نەدا لەکاتێکدا پڕی دەنواند، پاشان فەرمووی چیتان لایە بیهێنن، شتێ لە خورماو شمەکی بۆ کۆکردەوە، ژنەکە بردیەوە بۆ لای ماڵ و منداڵ و وتی چووم بۆ لای جادووگەرترین کەس یان وەك دەڵێن ئەو پێغەمبەر بوو، بەو ژنە ئەو خەڵکەی ڕێنموونی کردو ژنەکەو خەڵکەکەش موسڵمان بوون، موسلیم هێناویەتی لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە، پێغەمبەر (ﷺ) بە ژنەکەی فەرموو (لەگەڵ خۆت ئەمە ببە بۆ ماڵ و منداڵت و بزانە ئێمە چیمان لە ئاوەکەی کەم نەکردۆتەوە جگە لەوەی خوا ئاوی پێ بەخشین).[1]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٧)د لە زیادی کوڕی حارپی صەدائیەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووم کە فەرمووی (ئایا هیچ ئاوت پێیە؟) وتم: بەڵێ کەمەو بەش ناکات، فەرمووی (بیکەرە ناو قاپێ ئینجا بیهێنە بۆم) منیش بۆم بردو ئەویش دەستی خستە ناوی، بینیم لە نێوان هەردوو پەنجەیەکیدا کانیاوێ دەتەقێ، فەرمووی ئەگەر شەرمم لە پەروردگارم نەبووایە، ئەوا ئاوی پێ دەداین و ئێمەش ئاومان وەردەگرت، لە نێو هاوەڵانمدا هاوار بکە هەرکەس ئاوی دەوێ با چەندە حەز دەکات ببات) (لولا أني استعيني من ربّي لسقنا واستقينا، ناد في أصحابي من كان يريد الماء فليغترف ماأحب) زیاد دەڵێت: وەفدی هۆزەکەم بە موسڵمانبوون و ملکەچبوونیان دەهاتن، یەکێ وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئێمە بیرێکمان هەیە لە زستاندا ئاوەکەی بەشمان دەکات،

[1]- لە (البداية والنهاية ج٦، ص٩٨) دا واهاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٦) دا بە دوورو درێژتر هێناویەتی.

بەڵام لە هاویندا ئاوەکەی کەم دەکات و بۆ ئاوی چواردەورمان بڵاوەدەکەین و ئەمڕۆش ئیتر ناتوانین بڵاوە بکەین، چواردەورمان هەموو دوژمنن، داوا لە خوا بکە ئاوەکەمان زیاد بکات. پێغەمبەر (ﷺ) داوای حەوت وردە بەردی کردو لە دەستیدا بڵاوی کردو دواتر فەرمووی (ئەگەر چوونە لای یەك یەك بیخەنە ناوی و لەسەر ناوی خوا بهێنن) دوای ئەوە نەیانتوانی بنەکەی ببینن[١][٢].

ئیبن سەعد (ج٥، ص١٤٤) لە ئەبوو عەونەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ حوسەینی کوڕی عەلی (رضي الله عنه) لە مەدینەوە بەرەو مەککە چوو دای بەلای ئیبن موتعیدا کە بیرەکەی هەڵدەکەنی -فەرموودەکە دێنێ و تیایدا هاتووە- ئیبن موتیع پێی وت ئەم بیرەم پاڵاوتوومە، ئەمڕۆش شتێ لە ئاو لە سەتڵدا ناهێنێ، بەڵکو لای خودا داوای بەرەکەت بکەیت بۆ ئەم ئاوە، وتی شتێ لە ئاوەکەی بهێنە، بڕێ لە ئاوەکەی لە سەتڵەکەدا هێنرا، حوسەین (رضي الله عنه) لێی خواردەوەو دواتر لە دەمیدا شڵەقاندی و دواتر کردیەوە ناو بیرەکە، ئاوەکەی سازگارو زۆر بوو.

(بەرەکەتی خواردن لە غەزادا)

ئەحمەد لە ئەبوو عەمرەی ئەنساریەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە غەزایەکدا بووین خەڵکی تەواو تووشی برسێتی بوون، لای پێغەمبەر (ﷺ) داوای مۆڵەتیان کرد تا وڵاخەکانیان سەرببڕن و وتیان خوا بەوە دەمانگەیەنێت، کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب بینی پێغەمبەر (ﷺ) دەیەوێت مۆڵەتیان بدات بە سەربڕینی هەندێ لە وڵاخەکانیان، وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەی

---

[١] - ضعیف.

[٢] - بەیهەقی لە زیادەوە بە دوورو درێژی هێناویەتی، بنەڕەتی ئەم فەرموودە لە موسنەدو سوننەنی ئەبوو داودو ترمزی و ئیبن ماجەدا هەیە، وەك لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٠١)دا هاتووە.

ئەگەر سبەینێ بە کەسی برسی بە دوژمن گەیشتین چۆن دەبین، بەڵکو ئەگەر پێت باشە ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزامان بۆ بکەیت ئەو خۆراکەی ماویانە کۆی بکەیتەوەو لای خوا نزای بەرەکەتی بۆ بکەیت، ئەوا خوا بە نزاکەت دەمانگەیەنێ یان بەرەکەت دەخاتە نزاکەت بۆمان، پێغەمبەر (ﷺ) داوای کرد چی ماوە لایان بیهێنن، خەڵکی تیکەو دوو تیکە زیاتر خواردنیان دەهێنا، زۆرترینیان ئەوەبوو مشتێ خورمای هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) کۆیکردەوەو ئینجا هەستا هێندەی خوا بیەوێت نزای کرد دواتر داوای کرد سوپاکە قاچاخەکانیان بێننو لێی ببەن، هەموویان قاپەکانیان پڕ کردنو ئەوەندەش مایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێکەنی تا دانەکانی پێشەوەی دەرکەوتنو فەرمووی (شایەتی دەدەم هیچ پەرستراوێ نییە جگە لە خواو منیش پێغەمبەری خوام، هەر بەندەیەکی باوەڕدار بەو دووانە بگاتەوە بە خوا ئەوا لە ڕۆژی دواییدا دۆزەخی لەسەر قەدەغە دەکرێ).[1]

بەزار لە ئەبوو خونەیسی غیفاریەوە هێناویەتی لە غەزای توهامە لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بوو تاگەیشتنە عوسفان، هاوەڵانی هاتن بۆلای –بە هەمان واتا دەیهێنێت بەڵام ئەوەی نەهێناوە پێکەنی- تاکۆتاییەکەی- تیایدا دوای ئەوە دەڵێت: پاشان مۆڵەتی ڕۆشتنی دا، کە لایاندا باران باریو ئەویش لەگەڵ هاوەڵانی دابەزینو لە ئاوی ئاسمانیان خواردەوە – فەرموودەکە دێنێ-.[2][3]

---

[1]- نەسائی بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٤)دا واهاتووە، ئیبن سەعد (ج١، ص١٨٠) لە ئەبوو عەمرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٨) لە ئەبوو هورەیرەو جابرەوەو موسلیمیش لەو دوانەوە هێناویانە. ئەحمەدو موسلیمو نەسائی لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویانە، وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٣)دا هاتووە.

[2]- صحيح.

[3]- بەیهەقی لە ئەبوو خونەیسەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية، ج٦، ص١١٤)دا هاتووە، تەبەرانی لە (المعجم الأوسط) هێناویەتی، وەك لە (المعجم ج٨، ص٣٠٢) دا هاتووە، حاکم هێناویەتی وەك لە (الأصابة ج٤، ص٥٣)دا هاتووەو دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٤٩)دا لە ئەبوو هورەیرەو ئەبوو سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێت: لە غەزای تەبووکدا خەڵکی تووشی برسێتی بوون وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) مۆڵەت بدە با وشترەکانمان سەرببڕین‌و گۆشتەکەی بخۆین‌و چەورییەکەی بەکاربهێنین، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموون (وا بکەن) عومەر هات — ئینجا بە هەمان شێوەی پێشوو فەرموودەکە بە واتای فەرموودەکەی ئەبوو عەمرە دێنێ‌—.[1]

ئەبوو یەعلا لە ئیاسی کوڕی سەلەمە لەباوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لە غەزای خەیبەر لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین، فەرمانی پێ کردین چیمان پێیە کۆی بکەینەوە —واتە خورما— ئێمەش شتێکمان ڕاخست‌و لەسەر بڵاومان کردەوە، کۆمکردەوەو وەستام سەیرمکردو دەورمدا وەك پەچەی مەڕو ئێمەش چواردە سەدی بووین، لێمان خواردو دواتر سەریم کردەوە وەك خۆی مابوو —ئینجا فەرموودەی بەرەکەی ئاو دێنێ‌—.[2]

تەبەرانی لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) خەندەقی لێدەداو هاوەڵان لە تاو برسێتی بەردیان لەسەر سکیان بەستبوو، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ئەوەی بینی (هل دللتم علی رجل یطعمنا أکلة) (ئەرێ کەس دەناسی شتێ خوارنمان پێ بدات؟) کەسێ وتی بەڵێ، فەرمووی (ئا بڕۆو بمانبە بۆلای) چوو بۆ ماڵی کابراو ئەو لە خەنەدەقەکەدا پشکی خۆی وەردەگرت، ژنەکەی هەواڵی نارد با بێتەوە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) هاتووە بۆ لامان‌و کابرا خێرا هات‌و وتی بە دایك‌و باوکمەوە بەقوربانت بم، بزنێکی هەبوو کارێکیشی هەبوو گرتی، پێغەمبەر (ﷺ)

---

[1]- موسلیم‌و جگە لەویش لەو دوانەوە بە هەمان شێوە هێناویانە، وەك (البدایة والنهایة ج٦، ص١١٤)دا هاتووە.

[2]- موسلیم لە ئیاس لە باوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: نانمان خوارد تاتێر بووین، ئینجا جریکانەو شتەکانمان پڕکردن، لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١١٥) دا واهاتووە.

فەرمووی (الجدي من ورائها) (کارەکەی لە دواوەیە) ئەویش کارەکەی سەربڕی، ژنەکە هەویرێکی بۆ شێلاو نانی کردو کردی بە تریت و لە بەردەم پێغەمبەر (ﷺ)و هاوەڵاندا خواردنەکەی دانا، پێغەمبەر (ﷺ) پەنجەی خستە ناوی و فەرمووی (بەناوی خوا، خوایە بەرەکەتی بخەیتە ناو، بخۆن) هەموو خواردیان و تەنها سێ یەکیان لێ خواردو دوو بەشی مایەوە، ئەو دە کەسەی لەگەڵی بوون پایسپاردن بچن و دوای ئەوان هێندەی دی بێنن، دە کەس دە کەس تاهەموو تێر بوون، پاشان هەستاو نزای کرد بۆ ژنی ماڵەوەو ناوی خوای هێنا لەسەر ژنەکەو خێزانەکەی، پاشان چوو بۆ خەندەقەکەو فەرمووی (بمانبەن بۆ لای سەلمان)، بەردێ لەبەردەستیدا بوو بۆی نەدەشکا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (وازم لێ بێنن با من یەکەم کەس بم لێی بدەم) فەرمووی: بەناوی خوا، لێیداو سێ یەکی شکا، فەرمووی (الله اکبر سوێند بە پەروردگاری کەعبە کۆشکەکانی شام) پاشان هەمدی لێیداو بەشێکی دیکەی شکاو فەرمووی (سوێند بە پەروەردگاری کەعبەو کۆشکەکانی فارس) ئەوکات دووڕووەکان وتیان ئێمەش خەندەق لێ دەدین و ئەویش بەڵێنی کۆشکەکانی فارس و ڕۆممان پێ دەدات.[1]

پێشتر لە باسی بەخشیندا فەرموودەکەی جابرمان هێنا کە مشتێ زیاتر لەجۆو پارچە نانێکی هێنابوو بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش بڕیاریدا بۆ هەموو خەڵکی خەندەق بێ کە هەزاریان نزیکی هەزار کەس دەبوون، هەموو لەو نانەو مشتە جۆیان خوارد تا تێر بوون و وەك خۆی بەبێ کەمکردن بەجێمانهێشت.

(بەرەکەت لە خواردنی هاوەڵان لە شارو ماڵدا)

ئەحمەد لە سەمرەی کوڕی جوندبەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لای پێغەمبەر (ﷺ) بووین کە قاپێ هێنرا تریتی تێدابوو، پێغەمبەر (ﷺ) لێی خواردو

[1]- لە (البداية والنهاية ج٤، ص١٠٠) دا واهاتووە. هەیثەمی (ج٦، ص١٣٢) دەڵێت: تەبەرانی هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی جێ متمانەن، جگە لە عەبدولای کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و نەعیمی عەنبەری کە جێ متمانەش، تەواو.

بەردەوام دەستاو دەستیان پێدەکرد تانزیکی نیوەڕۆ خەڵکێ دەیانخواردوو هەڵدەستان و خەڵکێکی دیکە بە دوایاندا دەهاتن، کەسێ پێی وت: ئایا خواردن دەکێشی؟ وتی: لە زەوییەوە نا، بەڵام لە ئاسمانەوە دێ، ئاماژەی کرد بۆ ئاسمان.[1]

ئەحمەد لە واثلەی کوڕی ئسقعەوە هێناویەتی دەڵێت: من لەنێو خەڵکی صوففەدا بووم، پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێ پارچە نانێکی پێ بانگ کردم و لە ناو قاپێکدا وردی کردو ئاوێکی گەرمی تێکرد، پاشان چەوری تێکردو دواتر تێکیدا پاشان ئامادەی کردو فەرمووی (بڕۆ دە کەسم بۆ بێنە کە تۆ دەیەمیان بیت) منیش هێنام فەرمووی (لە خوارەوەی بخۆن و لە سەرەوەی مەخۆن، چونکە بەرەکەت لە سەرەوەی دادەبەزێ) لێیان خوارد تاتێر بوون.[2]

تەبەرانی لە واثلەوە هێناویەتی دەڵێت: من لە دارو دەستەی صوفیە بووم، هاوەڵان سکاڵای برسێتیان هەبوو وتیان ئەی واسلە بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و داوای خواردنی لێ بکە بۆمان، منیش چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و وتم ئەی پێغەمبەری خوا هاوەڵانم سکاڵای برسێتیانە، پێغەمبەر (ﷺ) عائیشەی فەرموو (ئایا هیچت لا هەیە؟) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها چەند پارچە نانێکم لایە، فەرمووی دەی بیهێنە بۆم، پێغەمبەر (ﷺ) داوای قاپێکی کردو نانەکەی کردە ناوی و دواتر بە دەستی خۆی تریتی ئامادە کردو تریتەکەش زیادی دەکرد تا قاپەکە پڕ بوو، فەرمووی (ئەی واثلە بڕۆ دە لە هاوەڵان بهێنەو تۆ دەهەمیان بە) منیش چووم هێنامن و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (دابنیشن و بە ناوی خواوە لێ بنەون، لە چواردەوری ببەن و لە سەریەوە مەبەن، چونکە بەرەکەت لە سەریەوە

---

[1]- ترمزی و نەسائیش هێناویانە، لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٢)دا واهاتووە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٥٣) لە سەمرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2]- هەیثەمی (ج٨، ص٣٠٥) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە جێ متمانەن، ئیبن ماجەش لە کۆتاییەکەیەوە بەشێکی هێناوە.

دادەباریٚ). نانیان خوارد تاتێر بوون و هەستان و قاپەکەش هەمان بڕی تێدا مابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بڕۆ دە لە هاوەڵانت بهێنە، منیش هێنامن و نانیان خوارد ئینجا هەستان، فەرمووی (ئایا کەس ماوە؟) وتم: بەڵێ دە کەس ماون، فەرمووی (بڕۆ بیانهێنە)، چووم هێنامن و فەرمووی دابنیش، دانیشتن و نانیان خوارد تا تێر بوون و قاپەکەش بە پڕی مابوویەوە، پاشان فەرمووی (ئەی واسلە ئەوە ببە بۆ عائیشە) لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: من لە صوففەدا بووم و کەسەکانی ئەویٚ بیست کەس بوون –بە هەمان شێوە دەیهێنیٚ– بەڵام لێرەدا دەڵێت: پارچە نانیٚ و بڕیٚ شیر.[1]

ئەبوو یەعلا لە جابرەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) چەند ڕۆژیٚ بەبیٚ خواردن مایەوە تا زۆری بۆ هات، سەردانی ماڵی ژنەکانی کردو لای هیچکامیان هیچی دەست نەکەوت، هات بۆلای فاتیمەو فەرمووی (کچی شیرینم ئایا هیچت لایە بیخۆم، چونکە برسیمە؟) وتی: نە بەخوا بەقوربانت بم، کاتیٚ لە لای فاتیمە چوو ژنە دراوسێیەکی فاتیمە پارچە گۆشتێك و دوو نانی نارد، فاتیمەش خستیە قاپێك و وتی: بە خوا ئەمە دەبەم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ)و ئەو پێش خۆم و ماڵ و منداڵم دەخەم، ئەویش هات بۆلای فاتیمەو وتی: بەقوربانت بم خوا شتێکی ناردووەو منیش شاردوومەتەوە بۆت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بیهێنە کچەکەم) فاتیمەش هێنای و سەری لابردو سەیری کرد پڕە لە نان و گۆشت. فاتیمە دەڵێت: سەیرمکردو سەرم سوڕما زانیم ئەوە بەرەکەتی خوایە، سوپاسی خوام کردو صەلەواتم دا لەسەر پێغەمبەر (ﷺ)و هێنام بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، ئەویش کە بینی سوپاسی خوای کردو فەرمووی (کچەکەم ئەمەت لەکویٚ بوو؟) وتی: بابە گیان ئەوە لە خواوەیە، خوا کە ویستی ڕۆزی کەسیٚ دەدات لە لایەکەوە کە

---

[1] – هەیثەمی (ج٨، ص٣٠٥) دەڵێت: تەبەرانی بە دوو سەنەد هەمووی هێناوەو سەنەدەکەی حەسەنە. تەواو. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٥٠) لە واثلەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

چاوەڕێی نییە، ئەویش سوپاسی خوای کردو فەرمووی (سوپاس بۆ خوا کە تۆ کچی شیرینمی وەك شێوەی گەورەی ئافرەتانی بەنی ئیسرائیل گێڕاوە، چونکە ئەو کە خوا ڕۆزی شتێکی پێ دەبەخشی و پرسیاری لێ بکرایە دەیوت: ئەوە لە خواوەیە، خوا کە بیەوێت ڕۆزی کەسێ دەدات لە لایەکەوە کە ئەو کەسە چاوەڕێی نییە). پێغەمبەر (ﷺ) ناردی بۆ لای عەلی و دواتر پێغەمبەرو عەلی و فاتیمەو حەسەن و حوسەین و هەموو ژنەکانی پێغەمبەریش (ﷺ) و ئالو بەیتەکەی نانیان خوارد تا هەموو تێربوون، خواردنەکەش وەك خۆی مایەوە، فاتیمە دەڵێت: ئەوەی مایەوە دابەشم کرد بەسەر هەموو دراوسێکانداو خوا بەرەکەت و خێرێکی زۆری خستە ناوی.[1]

پێشتریش لە باسی بانگەواز بۆ لای خواو پێغەمبەرەکەی فەرموودەکەی عەلیمان (رضي الله عنه) هێنا کە بانگی بەنی هاشمی کرد کە نزیکی چل کەس بوون و مشتێ خواردنی بۆ هێنان، هەموو تێریان خواردوو گەڕانەوەو خواردنەکەش وەك خۆی وابوو، خواردنەکەش هەروا بوو. سێ ڕۆژ بەو جۆرە بوون، دواتر بانگی کردن بۆلای خوا. هەروەها لە باسی خۆڕاگری لەسەر سەختیەکان هەندێ چیرۆکی هاوەڵان صەففەمان هێنا لە فەرموودەکەی ئەبوو هورەیرەو جگە لەویشەوە. لە باسی میوانداری و دەرکەوتنی بەرەکەت و ڕەحمەت لە میوانداری ئەبوو تەلحەو ئەبوو بەکردا نموونەمان هێنا، باسی بەرەکەتی خواردنی هاوسەرگیری زەینەبیشمان هێنا.

(بەرەکەت لە دانەوێڵەو بەرهەمدا)

بەیهەقی لە ئەبوو هوریرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئافرەتێ لە دەوس کە پێی دەوترا ئوم شورەیك لە ڕەمەزاندا موسڵمان بوو -فەرموودەی کۆچکردنی و هاودەمی ئەو جوولەکە باس دەکات- ژنەکە تینوو بوو، جوولەکەکەش ئامادەنەبوو

[1] - لە تەفسیری ئیبن کەثیر (ج١، ص٣٦٠)دا واهاتووە.

ئاوی پێ بدات تاببێتە جولەکە، ژنەکە خەوت و لە خەویدا بینی کە ئاوی پێدرا، لە خەو هەستاو تینوویێتی شکابوو، کاتێ هات بۆلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) داوای کرد بۆ خۆی، ژنەکە خۆی بە کەمتر لەوە زانی و وتی: بەڵکو بمدە بە هەرکەس خۆت ویستت، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) مارەی کرد لە زەیدو فەرمانی کرد سی مشتی پێ بدرێ و فەرمووی (بخۆن و مەکێشن) ژنەکە قاپێ چەوری بە دیاری پێ بوو بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد کەنیزەکەکەی بیبات بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، خاڵی بوویەوەو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد ئەگەر گێڕایەوە هەڵیواسێ و سەری بە پەت نەبەستێ، ئوم شورەیك چوو سەیری کرد پڕە، بە کەنیزەکەکەی وت: مەگەر نەموت بیبەیت بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش وتی وامکردووە، ئەوەیان باسکرد بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمانی کرد سەری نەبەستن، بەردەوام بوو تا ئوم شورەیك سەری بەست، پاشان جۆکەیان کێشا سەیریانکرد سی مشتەو هیچی لێ کەم نەبووەتەوە.[1]

ئیبن سەعد (ج٨، ص١٥٧) لە یەحیای کوڕی سەعیدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئوم شورەیکی دەوسی کۆچی کردو لەگەڵ جولەکەیەك ڕێی بڕی، بە ڕۆژوو بوو، جولەکەکە بە ژنەکەی وت: ئەگەر ئاوی پێ بدەیت وات لێدەکەم، ئوم شورەیم بەو شێوە بوو تاکۆتایی شەو سەیری کرد سەتڵێ ئاو لەسەر سنگی دانراوە لەگەڵ تۆشەبەرێ، ئەویش ئاوی خواردەوەو دواتر ناردی بۆ (دجلە) جولەکەکە وتی: دەبیستم ئافرەتێ ئاوی خواردۆتەوە، وتی: نەبەخوا بەڵکو ئاوم پێ بدەیت - چیرۆکەکە لە قاپە ڕۆنەکەوە دێنێت-.

ئەحمەد لە جابرەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کەسێ هات بۆ لایو داوای خواردنی لێ کرد، ئەویش نیو کوڵ جۆی پێدا، کابرا بەردەوام خۆی و ژنو

[1] - لە (البدایە والنهایە ج٦، ص١٠٤) دا واهاتووە.

منداڵی لێیان دەخوارد تاکێشای، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر نەتکێشایە لێتان دەخواردو بۆتان دما) (لو لم تكيلوه لأكلتم فيه ولقام لكم).[1]

حاکم (ج٣، ص٢٤٦) لە نەوفەلی کوڕی حارسی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە هێناویەتی، بۆ هاوسەرگیری داوای یارمەتی لە پێغەمبەر (ﷺ) کردووە، ئەویش ئافرەتێکی لێ مارە کردووە، ئەویش بۆ شتێ گەڕاو هیچی دەست نەکەوت، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوو رافعو ئەبوو ئەییووبی بە قەڵغانەکەی نارد لای جولەکەیەك بە سی مشت جۆ بە ڕەهنیان دا، پێغەمبەر (ﷺ) خواردنەکەی دا بە منو نیو ساڵ لێمان خوارد -دواتر کێشامان- سەیرمانکرد وەك سەرەتای وایە، نەوفەل وتی: ئەوەم باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی ئەگەر نەتکێشایە تادەمایت لێت دەخوارد).[2]

بوخاری لە (الدلائل النبوة) لە جابرەوە هێناویەتی باوکی مردو قەرزێکی لەسەر بوو، دەڵێت: هاتم بۆلای پێغەمبەر (ﷺ) وتم باوکم قەرزێکی لەسەرەو منیش هیچم نییە جگە لە بەرهەمی دارو خورماکەیو هی دوو ساڵیش بەشی قەرزەکەی ناکات، پێغەمبەر (ﷺ) لەگەڵم هات تا خاوەن قەرزەکان بە ڕوومدا نەیەن بە دەوری شوێنێکی خوما وشککردنەوەدا چوو و فزای کردو دواتر دانیشتو فەرمووی (انزعوە) (بیبەن) ئەوەی بۆیان هەبوو پێی دانەوەو وەك خۆشی مایەوە.[3]

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٥٦)دا بە دوورو درێژتر لێوەی هێناوە، لە گێڕانەوەکەیدا هاتووە: لەسەری دانیشت دواتر فەرمووی (هاوەڵەکانت بانگ بکە)

---

[1] - موسلیم لە جابرەوە هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٠٤) دا هاتووە.

[2] - بەیهەقی لە نەوفەلی کوڕی حارثەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٩)دا هاتووە.

[3] - لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٦)دا واهاتووە. ئیبن سەعد (ج٣، ص٥٦٣) لە جابرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

بەردەوام دەیکێشا تا خوا سپاردەکەی باوکمی دایەوە، بەخوا من ڕازی بووم خوا قەرزەکەی باوکم بداتەوە منیش دەنکە خورمایەك نەبەمەوە بۆ خوشکەکانم، خوا هەموو وشکە خورماکانی بۆ پاراستم تا سەیرم کرد ئەو شوێنە خورمای پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بوو دەتوت یەك خورما کەمی نەکردووە.

ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٨٠) لە سەعیدی کوڕی میناوە هێناویەتی کچی بەشیری کوڕی سەعد خوشکی نوعمانی کوڕی بەشیر وتی: عەمرەی کچی ڕەواحە بانگی کردمو پڕی دوو مشت خورمای کردە ناو چاکمو وتی: کچی شیرینم ئەوە ببە بۆ باوکتو خاڵت عەبدولڵای کوڕی ڕەواحە تا نانەکەیان بخۆن، منیش گرتمو کەوتمە ڕێو دام بە لای پێغەمبەردا (ﷺ) کاتێ بۆ باوکمو خاڵۆم دەگەڕام، پێغەمبەر فەرمووی (بیهێنە) منیش کردمە دەستی پێغەمبەرو پڕی نەکرد، فەرمانی کرد جلێ ڕاخراو خورماکانی لەسەر داناو لەسەر جلەکە بوو، پاشان بە کەسێکی لای خۆی فەرموو (لەناو خەڵکی خەندەقدا هاوار بکە وەرن بۆ نان خواردن) خەڵکی خەندەق لەسەری کۆبوونەوەو لێیان دەخوارد خورماکەش زیادی دەکرد تاهەموو لێبوونەوەو خورماکەش بە چواردەوری جلەکەدا دەکەوت (لەتاو زۆری).[1]

ئیبن عەساکیر لە عرباضەوە (رضي الله عنه) هێناویەتی دەڵێت: من لە سەفەرو ماڵەوە لەبەر دەرگای پێغەمبەردا (ﷺ) بووم، شەوێ لە تەبووك بووین یان بۆ پێویستییەك چووین گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) سەیرمان کرد خۆیو ئەوانەی دەوری نانیان خواردووە، فەرمووی (لە ئێوارەوە لەکوێ بوون؟) (این کنتم منذ اللیلة) منیش هەواڵم پێدا.

جوعالی کوڕی سوراقەو عەبدولڵای کوڕی مەعقەلی لە موزەنی دەرکەوتن، ئێمە سێ کەس بووین هەموومان برسی بووین، پێغەمبەر (ﷺ) چوویە ماڵی ئوم

---

[1]- لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١١٦) لە ئیبن ئیسحاق لە سەعیدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، بەڵام واهاتووە: فەرمانی کرد جلێ ڕاخرا، پاشان خورماکەی داواکردو لەسەر جلەکە ڕشتی.

سەلەمەو داوای شتێکی کرد تابیخۆن، بەڵام هیچی لا دەست نەکەوت، بیلالی بانگ کردو فەرمووی (هل من شئ) (هیچ شتیّ نییە؟) ئەویش قاپە پێستینەییەکەی هەڵگرت‌و حەوت خورمای کۆکردەوەو خستیە قاپێك، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لەسەر دانان‌و ناوی خوای هێناو فەرمووی بەناوی خواوە بخۆن، ئێمەش خواردمان، من پەنجاو چوار خورمام ژمارد هەموویان دەژماردو ناوکەکەشیانم لە دەستەکەی دیکەمدا بوون، دوو هاوڕێکەشم هەمان شتیان دەکرد، هەرکامیان پەنجا خورمان خوارد، دەستمان بەرز کردەوە سەیرمان کرد حەوت خورماکە وەك خۆیان ماون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (یابلال ارفعهُنّ في جرابك) (بیانخەرە قاپە پێستینەییەکەت) بۆ بەیانی خستیە قاپێك‌و پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بە ناوی خواوە بخۆن‌و ئێمەش خواردمان تا تێر بووین، ئێمە دە کەس بووین، دەستمان هەڵگرت خورماکان وەك خۆیان بوون، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەگەر شەرم کردنم لە پەروەردگارم نەبووایە لەم خورمایانەم دەخوارد تاکاتیّ دەگەڕێینەوە مەدینە) (لولا اني أستعينى من ربي عزوجل لأكلت من هذه التمرات حتى نرد الى المدينة من آخرنا) کاتیّ گەڕایەوە مەدینە گەیشت بە غولامیّ لە خەڵکی مەدینەو خورماکانی دا بەو غولامە، ئەویش خورماکانی دەمژی‌و دەچوو.[1]

بەیهەقی لە ئەبوو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: لە ئیسلامدا تووشی سیّ موسیبەت بووم کە شتی وا سەختم تووش نەبووە، مردنی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە من هاودەمی بووم، کوژرانی عوسمانی‌و توێشووەکە، وتیان ئەبوو هورەیرە توێشووەکە چییە؟ وتی ئێمە لە سەفەرێکدا لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین کە فەرمووی (ئەی ئەبوو هورەیرە ئایا هیچت پێیە؟) وتم بەڵیّ خورما لە توێشووکەمدایە، وتی (بیهێنە) منیش خورمایەکم دەرهێناو هێنام بۆی، پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لێداو نزای لەسەر کردو دواتر فەرمووی (دە کەس بانگ بکە) دە

[1] – لە (البداية والنهاية ج٦، ص١١٨)دا واهاتووە.

کەسم بانگ کرد لە خورماکەیان خوارد تاتێر بوون، پاشان بەو جۆرە بوون تا هەموو سوپاکە نانیان خواردو خورمایەکم بۆ مایەوە لە توێشووەکەمدا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (ئەی ئەبوو هورەیرە ئەگەر ویستت شتێکی لێ وەربگریت دەستت ببەرە ناوی‌و هەڵیمەدەرەوە) منیش لە سەردەمی پێغەمبەرو (ﷺ) ئەبوو بەکرو عومەرو عوسمانیشدا لێم خوارد کە عوسمان کوژرا ئەوەی لە دەستمدا بوو ئەوەی لە توێشووەکەمدا بوو بە تالاّن چوو، پێتان بڵێم چەندم لێ خوارد؟ زیاتر لە دووسەد کۆڵم لێ خواردووە.[1]

ئیبن سەعد (ج٧، ص١٩) لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی دەڵێت: دایکم بردمی بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) وتی: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) خزمەتکارت بێ نزای بۆ بکە، ئەویش فەرمووی (خوایە سامان‌و منداڵی زیادو تەمەنی درێژ بکەو لە تاوانی خۆش بە) منیش لە نەوەی خۆم نەوەدو هەشت یان سەدو دوو کەسم بە خاك سپاردووە، بەرهەمم لە ساڵێکدا دووجار وەردەگیرێ، هێندە مامەوە تا لە ژیان بێزار بووم، ئێستا هیواو ئومێدی چوارەمیانم هەیە (خوایە لە تاوانی خۆش بە).

ئەبوو نەعیم لێوەی هێناوە وەك لە (کنز العمال ج٧، ص٩)دا هاتووە ئوم سەلیم وتی ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) نزا بکە بۆ ئەنەس، فەرمووی (خوایە سامان‌و منداڵی زۆر بکەو بەرەکەتی تێبخە بۆی) منیش لە نەوەی خۆم جگە لە کوڕەزاکانم سەدو بیست‌و پێنج کەسم بە خاکسپاردووە، زەوییەکیشم ساڵی دوو بەر دەدات، لەم وڵاتەشدا هیچ زەوییەك دووجار بەر نادات جگ لەو زەوییەی من.

---

[1] – لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١١٦) دا واهاتووە. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص١٥٥) لە ئەبوو هورەیرەوە بە هەمان شێوەو ترمزی‌و ئەحمەدیش بە کورتی بەو واتایە لێوەی هێناویانە.

(بەرەکەت لە شیرو ڕۆندا)

ئەحمەد لە جابرەوە هێناویەتی ئوم مالیکی بەهزی (رضي الله عنه) لە هیزەیەکدا چەوری بە دیاری دەنارد بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) منداڵەکانی داوای چەوریان لێدکردو ئەویش هیچی لانەدەبوو، دەچوون بۆئەوەی کە تیایدا لە چەوری بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دادەنا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (أعصرتيه؟) ئایا داتان چۆڕاندا؟ وتی: بەڵێ. فەرمووی: ئەگەر وازت لێ بهێنایە بەردەوام دەما) (لو تركتيته مازال ذلك مقيماً)[1,2].

تەبەرانی لە ئوم مالیکی ئەنساریەوە هێناویەتی هیزە ڕۆنێکی بۆ هێنا بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمانی کرد بە بیلال دایکردو هیزەکەی پێدایەوە. ئوم مالیك گەڕایەوە سەیری کرد پڕە، هاتەوە بۆلای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) وتی ئەی پێغەمبەر ئایا هیچم لەسەر دانەبەزیوە؟ فەرمووی (وما ڑلك یاأم مالك؟) (بۆچی ئەی دایکی مالیك؟) وتی: بۆچی دیاریەکەمت گێڕایەوە؟ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بیلالی بانگ کردو پرسیاری لێکرد، بیلال وتی: سوێند بەوەی تۆی بە حەق ناردووە دامکرد تائەوەی شەرم دایگرتم، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (پیرۆزت بێت ئوم مالیك خوا پاداشتەکەی پێش خست) (هنيئاً لك ياأم مالك عجّل الله ثوابها) پاشان فێری کرد دوای هەموو نوێژێ بڵێ (سبحان الله) دە جار، (الحمد لله) دە جار، (الله أكبر) دە جار[3,4].

---

[1] - صحیح.

[2] - لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٠٤) دا واهاتووە.

[3] - ضعیف.

[4] - هەیثەمی (ج٨، ص٣٠٩) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا کەس هەیە ناوی نەهاتووەو عەتای کوڕی سائیبیش شت تێکەڵ دەکات، کەسەکانی دیکەی صەحیحن. تەواو،ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٤) لە ئوم مالیکی ئەنساریەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، ئیبن ئەبی عاصم لە الوحدان لە ئوم مالیکی ئەنساریەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك لە (الأصابة ج٤، ص٤٩٤) دا هاتووە،

تەبەرانی و ئیبن مندەو ئیبن سەکەن لە ئوم ئەوسی بەهزیەوە هێناویانەو چەورییەکی بوو کردیە هیزەیەکەوە دواتر بە دیاری بردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، ئەویش قبووڵی کردو چی تێدابوو هەڵیگرتو نزای بەرەکەتی بۆ کردو بۆی گێڕایەوە، ئوم ئەوس سەیری کرد پڕە لە چەوری وایزانی پێغەمبەر (ﷺ) دیارییەکەی قبووڵ نەکردووە، بۆیە بە دەنگو نرکەوە هاتەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەواڵی چیرۆکەکەی پێ بدەن) (أخبرها بالقصه) ئوم ئەوس لە ماوەی ژیانی پێغەمبەر (ﷺ)و ئەبوو بەکرو عومەرو عوسماندا لێی خوارد تا گرفتی نێوان عەلیو موعاویە (رضي الله عنه) روویدا.[1][2]

ئەبوو یەعلا لە ئەنەس لە دایکیەوە هێناویەتی دەڵێت: مەڕێکی هەبوو، چەوریەکەی کۆکردەوە لە هیزەیەکدا تاپڕ بوو، ئینجا بە ڕەبیبەدا ناردی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) وتی ئەی ڕەبیبە ئەمە ببە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بۆ خواردنی، ڕەبیبە بردی وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئەم چەوریە ئوم سەلیم بۆی ناردویت، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (أفرغوا لها عكّتها) (هیزەکەی بۆ خاڵی بکەن) خاڵی کراو ڕەبیبە بردیەوە، ئوم سەلیم لە ماڵەوە نەبوو، بۆیە بە لایەکدا هەلیواسی، ئوم سەلیم هاتەوە سەیری کرد هیزەکە (عكّة) پڕەو لێی دەچۆڕێ، ئوم سەلیم وتی ئەی ڕەبیبە مەگەر نەموت ئەمە ببە بۆ پێغەمبەر (ﷺ)، وتی بردم، ئەگەر بڕوا ناکەیت بڕۆ بۆلای پێغەمبەرو (ﷺ) پرسیاری لێبکە، ئەویش لەگەڵ ڕەبیبە چوو وتی ئەی پێغەمبەری

موسلیم لە جابرەوە هێناویەتی ئوم مالیکی ئەنساری بە هەمان شێوە واتای ئەوەی ئەحمەد هێناویەتی، وەك لە (الأصابة ج٤، ص٤٩٤) دا هاتووە.

[1] – ضعيف.

[2] – لە (الأصابة)دا واهاتووە. هەیثەمی (ج٨، ص٣١٠) دەڵێت: تەبەرانی هێناویەتیو لە سەنەدەکەدا عصمەی کوڕی سولەیمان هەیە کە نایناسم، کەسەکانی دیکەی جێ متمانەن، تەواو. بەیهەقی بە سەنەدێکی دی بەو واتایە بە دوورو درێژتر لێوەی هێناوە، وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٠٤) دا هاتووە.

خوا (ﷺ) من بە رەبیبەدا هیزەیەك ڕۆنم بۆ ناردیت، فەرمووی (وایکردو هات) وتی: دەی سوێند بەوەی تۆی بە حەق‌و ئایینی حەق ناردووەو هێشتا پڕەو لێی دەچۆڕێ، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو ئەی ئوم سەلیم ئایا سەرت سوڕدەمێنێ ئەگەر خوایە ڕۆزی دایت وەك چۆن تۆ ئەوەت دا بە پێغەمبەرەکەی، بخۆو ببەخشە) (یاام سلیم اتعجبین ان کان الله اطعمك کما اطعمت نبیه کلي واطعهمي) ئوم سەلیم دەڵێت هاتمەوە ماڵ‌و لە هیزەکەدا ئەوەندەو ئەوەندە دابەشمکردو تیایدا هێندەم هێشتەوە کە بۆ مانگ یان دوو مانگێ بەکارمان دەهێنا.[1]

ئیبن سەعد (ج٨، ص١٥٧) لە ئەم شەریکەوە هێناویەتی کە هیزە ڕۆنێکی هەبوو تیایدا ڕۆنی دەبرد بە دیاری بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژێ منداڵەکانی داوای چەوریان لێکرد، ئەویش ناچار هەستا بۆلای هیزەکەو سەیری کرد لێی دەچۆڕێ، لێی داکرد بۆیان‌و ماوەیەك لێیان خوارد، دواتر چوو سەیری کرد چی تێدابوو دایکردو تەواو بوو، دواتر هات بۆلای پێغەمبەرو ئەویش پێی فەرموو (ئایا داتکرد؟ ئەگەر دات نەکردایە ماوەیەك بۆت دەما) هەروەها لە فەرموودەکەی یەحیای کوڕی سەعیدەوە دەڵێت: هیزە ڕۆنێکی هەبوو دەیدا بە هەرکەس کە بهاتایە بۆلای، کەسێ داوای ڕۆنی لێکرد ئەویش وتی: بەخوا تیایدا نییە، فووی تێ کردو لەبەر خۆر هەڵیواسی، سەیری کرد پڕە لە چەوری، ئیتر دەوترا: لە نیشانەو بەڵگەکانی خوا هیزەکەی ئوم شەریك بوو.

---

[1] - لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٠٣) دا هاتووەو هەیثەمی (ج٨، ص٣٠٩) دەڵێت: ئەبوو یەعلاو تەبەرانی هێناویانە، بەڵام لای تەبەرانی دەڵێت: زەینەب لە بری ڕەبیبە هاتووە، لە سەنەدی هەردووکیادا موحەممەدی کوڕی زیادی بەرجەمی هەیە کە درۆزنە، تەواو. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل، ص٢٠٤) لە ئەنەسی کوڕی مالیك لە ئوم سەلیمی دایکەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، لە گێڕانەوەکەی ئەمیشدا لە بری رەبیبە زەینەب هاتووە.

(بەرەکەت لە گۆشتدا)

تەبەرانی لە مەسعودی کوڕی خالیدەوە هێناویەتی دەڵێت: مەڕێکم نارد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) پاشان بۆ پێویستییەك چووم، پێغەمبەر (ﷺ) بەشێکی بۆ گێڕانەوە، گەڕامەوە بۆلای ئوم خەناس (ژنەکەی) سەیرمکرد گۆشتی لایە، وتم: ئەم گۆشتە چییە؟ وتم: خۆشەویستەکەت لەو مەڕەی بۆت ناردبوو بۆی ناردینەوە، تی: ئەی بۆچی نەتدات بە ماڵو منداڵت بیخۆن؟ وتی: ئەمە بەرماوەیانەو هەموویان نانیان خواردووە، ئەوان پێشتر دوو یان سێ مەڕیان سەردەبڕی و لێیان دەمایەوە.[1]

یەعقووبی کوڕی سوفیان لە خالیدی کوڕی عەبدولعزاوە هێناویەتی مەڕێکی سەربڕی بۆ پێغەمبەر (ﷺ) خالید منداڵی زۆری هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) هەندێ لە هاوەڵانی لێیان خوارد، پێغەمبەر (ﷺ) زیادەکەی دا بە خالید، ئەوانیش لێیان خواردو لێیان مایەوە.[2,3]

(ڕۆزی لە لایەکی چاوەڕوان نەکراوەوە)

ئیبن سەعد (ج٧، ص٤٢٨) لە فەرموودەی ئەشعەپی کوڕی شوعبە لە ئەرتەئەی کوڕی مونزیر لە ضەمرەی کوڕی حوبیب لە خالیدی کوڕی ئەسەدی کوڕی حەبیب لە سەلەمەی کوڕی نوفەیلەوە هێناویەتی دەڵێت: پرسیارم کرد لە پێغەمبەر (ﷺ) وتم: لە ئاسمانەوە خواردنت بۆ هاتووە؟ فەرمووی بەڵێ، وتم: ئایا هیچت لێ زیاد مایەوە؟ فەرمووی: بەڵێ، وتم: چی پێ هات؟ فەرمووی: (بەرزکرایەوە بۆ ئاسمان) دەڵێم: حاکم (ج٤، ص٤٤٧) لە سەلەمەی کوڕی نوفەیلی سکونیەوە کە هاوەڵانی

---

[1] - هەیثەمی (ج٨، ص٣١٠) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا کەسانێ هەن کە نایانناسم.

[2] - ضعیف.

[3] - حەسەنی کوڕی سوفیان لە سەنەدەکەیداو نەسائی لە (الکنی) لە یەعقووبەوە بە دوورو درێژی هێناویانە، لە (الأصابة ج١، ص٤٠٩) دا واهاتووە.

پێغەمبەر بوو (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت: ئێمە لای پێغەمبەر بووین (ﷺ) کە کەسێك هاتو وتی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا لە ئاسمانەوە خواردنت بۆ هاتووە؟ فەرمووی (اتيت بطعام مسخّنة) (خواردنێکی گەرمم بۆ هێنرا) وتی: ئایا هیچت لێ زیاد بوو؟ فەرمووی (بەڵێ) وتی: چی پێ هات؟ فەرمووی (بەرزکرایەوە بۆ ئاسمانو سروشی بۆ دەهێنام کە من کەم کەم لە نێوانتاندا دەمێنمەوە تادەڵێن تاکەی؟ پاشان بەرەو ڕووی بە هەڵەزانین دەبنەوەو یەکدی لەناودەبەن، لە بەردەم ڕۆژی دوایدا مەرگانێکی سەختە دوای ئەوە ساڵانی بوومەلەزە دێن).[1]

لای نەسائی فەرموودەیەك هەیە هی جگە لەوەو لە گێڕانەوەی ضەمرەی کوڕی حەبیبدا هاتووە: لای لە سەلەمەی کوڕی نوفەیلی سکونیم بیست دەیوت: ئێمە لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووین.

موسلیم (ج٢، ص٤١٨) لە جابری کوڕی عەبدولڵاوە لە فەرموودەیەکی دوورو درێژدا هێناویەتی: خەڵکی لای پێغەمبەر (ﷺ) سکاڵای برسێتیان کرد، ئەویش فەرمووی (بەڵکو خوا نانتان پێ ببەخشێ) (عسى الله أن يطعمكم) ئێمەش هاتین بۆلای کەناری دەریا، دەریا شەپۆلێکی داو ئاژەڵێکی فڕیدا، لە لایەکەوە ئاگرمان کردەوەو برژاندمانو خواردمانو تێرمان خوارد، جابر دەڵێت: منو فلانو فلان چووینە ژوور تا پێنج لە حاجیانی ژمارد، کەس نەیدەدین تا چووینەدەرو ئێسکێکی ئاژەڵەکەمانو گرتو چەماندمانەوەو دواتر گەورەترین کەسی کاروانەکەو گەورەترین وشتری کاروانەکەو گەورەترین باڵینەی کاروانەکەمان هێنا، چووینە ژێری کەچی سەری نەدەجوولا.

---

[1]- حاکم دەڵێت ئەم فەرموودە لەسەر مەرجی بوخاریو موسلیم صەحیحەو نەیانهێناوە. زەهەبی دەڵێت: هەواڵەکە (فەرموودەکە) لە غەریبە صەحیحەکانە، لە (الأصابة ج٢، ص٦٨) دا لە باسی ژیانی سەلەمەی کوڕی نوفەیلدا هاتووە.

مالیك (ص٣٧١) لە جابرەوە (ﷺ) هێناویەتی دەڵێت پێغەمبەر (ﷺ) دەستەیەکی بەرەو کەناراوی دەریا ناردو ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراحی کرد بە بەرپرسیان کە سێ سەد کەس بوون، منیش لە نێوانیاندا بووم، دەرچووین تا لە ڕێدا توێشوومان نەما، ئەبوو عوبەیدە فەرمانی کرد هەموو توێشووی سوپاکە کۆکرایەوەو دوو کۆڵە خورما دەبوو، ڕۆژانە زۆر بە کەمی پێیدەداین تا تەواو بوو، گەیشتینە کەناراو، نەهەنگێ وەك تەپۆڵکە کەوت، سوپاکە هەژدە شەو لێیان خوارد، پاشان ئەبو عوبەیدە فەرمانی کرد دوو ئێسکی بێنن، ڕێککرانەوە، پاشان فەرمانی کرد کاروان کەوتە ڕێ، بە ولاخ لە ژێرەوە دوو ئێسکەکە بەرز کرانەوە کەچی نەتوانران.[1]

بوخاری‌و موسلیم لە ڕێی ئیبن عویەینە لە عەمری کوڕی دینار لە جابرەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) بە سێ سەد سوارەوە ناردی‌و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح ئەمیرمان بوو، قەرەوڵمان گرتبوو بۆ کاروانێکی قورەیش، تووشی برسێتیەکی زۆر بووبووین، تا ئەوەی گەڵای وەریوومان دەخوارد، ئەو سوپایە بەسوپای گەڵاوەریو ناسرا، یەکێ سێ ئاژەڵی سەبڕی، دواتر سێ‌و دواتر سێ دانەی دیکەی سەربڕی. ئەبو عوبەیدە ڕێگری لێگرت دەریا ئاژەڵێکی فڕێدایە دەر کە پێی دەوترا عەنبەر، نیومانگ لێمان خواردو چەوریمان بەکارهێنا تا جەستەمان ڕێك بوویەوە، دواتر چیرۆکی ئێسکەکە دێنێت.[2]

بەیهەقی لە ڕێگەی ئەبو زوبەیر لە جابرەوە هێناویەتی وەك (البدایة والنهایة ج٤، ص٢٧٦) دا هاتووە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) بەسەرکردایەتی ئەبو عوبەیدە

---

[1] – بوخاری‌و موسلیم لە فەرموودەکەی مالیکەوە بە هەمان شێوە هێناویانە، هەروەك لە (البدایة والنهایة ج٤، ص٢٧٦)دا هاتووە.

[2] – لە (البدایة والنهایة ج٤، ٢٧٦) دا واهاتووە. ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٤) لەڕێگەی عەمرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

ناردینی بۆ گەیشتن بە کاروانێکی قورەیش و بارێ خورمای پێدایین کە جگە لەوەمان بۆ نەبوو، ئەبو عوبەیدە بەدانە دانە خورمای پێدایین، ئەبو زوبەیر وتی منیش وتم ئێوە چیتان پێدەکرد؟ جابر وتی: وەك منداڵ دەمانمژی دواتر ئاومان بەسەردا دەخواردەوە، بەیانی تا ئێوارە ئاومان بۆ هەبوو، لە کەناری دەریادا شتێ وەك بەرزیەکی گەورە هەبوو چووین سەیرمانکرد ئاژەڵێکە پێی دەوترێ عەنبەر، ئەبو عوبەیدە وتی: مردووە (مردارەوەبووە) پاشان وتی نا، بەڵکو ئێمە نێردراوی پێغەمبەری خواین لەڕێی خوادا، ئێوەش ناچارن دەی بخۆن، مانگێ بەسێسەد کەس لێمان دەخوارد وەك گا یان پارچە گابوو، ئەبو عوبەیدە سیانزە کەسمانی لای چاویەوە داناو پارچە ئێسکێکی گرت و ڕێکی کردەوە، دواتر گەورەترین وشتری هێنایە ژێری، چەند پارچە گۆشتێکمان بەزەردکراوی هەڵگرت، کە هاتینە مەدینە چووینە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و بۆمان باسکرد، ئەویش فەرمووی (ئەوە ڕۆزیەك بوو خوا بۆی دەرکردن، ئایا هیچ لەگۆشتەکەیتان پێیە دەرخواردمان بدەن؟) هێنامان بۆ پێغەمبەر (ﷺ) لێی خوارد.[1]

ئەحمەد لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ چوو بۆ لای ماڵ و منالی و بینی پێویستییان هەیە چوویە دەر بۆ شت پەیداکردن، کاتێ ژنەکەی بینی هەستا بۆ لای دەستهاڕەکەو داینا و تەنورەکەی گەرمکردو دواتر وتی: خوایە ڕۆزیمان بدە، سەیری کرد تەشتەکە پڕبووە، چوو بۆلای تەنورەکەش ئەویش پڕبوو، پیاوەکە گەڕایەوەو وتی دوای من هیچتان دەسکەوت: ژنەکەی وتی: بەڵێ لەپەروەردگارمانەوە هەستان بۆ لای دەستهاڕەکە، ئەوەی باسکرد بۆ پێغەمبەر

[1] - موسلیم و ئەبو داود لەئەبو زوبەیرەوە هێناویانە. وەك لە (البدایة وانهایة ج٤، ص٢٧٦) دا هاتووە. ئیبن سەعد (ج٣، ص٤١١) لە ئەبو زوبەیر لە جابرەوە بەو واتاو بەکورتتر هێناویەتی، تەبەرانی لە ئەحمەد لە ئەبو هەرەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: وەك لە (کنزالعمال ج٨، ص٥٢) دا هاتووە.

(ﷺ) ئەویش فەرمووی (ئەگەر بەرزی نەکردایەتەوە بەردەوام تا ڕۆژی دوایی دەسوڕایەوە (اما إنه لو لم يرفعها لم تزل تدور إلى يوم القيمة) (هەیثەمی ج١٠، ص٢٥٦) دەڵێت: ئەحمەدو بەزاز هێناویانەو دەڵێت: ژنەکەی وتی خوایە ئەوەندەمان پێببەخشە تا بیکەین بەئاردو هەویرو نان، سەیریکرد تەشتەکە پڕە لەنان و دەستاڕەکەش دەسوڕێ و تەنورەکە پڕە لە نانی برژاو، مێردەکەی وتی هیچتان لایە؟ ژنەکەی وتی: ڕۆزی خوایە، کابرا دەستاڕەکەی هەڵگرت و ئەوەی چوار دەوری کۆکردەوە، پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (ئەگەر وازت لێبهێنایە تا ڕۆژی دوایی دەیهاڕی).[1]

بەسەنەدێکی دیکە لێوەی هێناوە یەکێ لەپشتیوانان پێویستی هەبوو، دەرچوو لای ژن و منداڵی هیچ نەبوو، ژنەکەی وتی: ئەگەر دەستاڕەکەم بجوڵێنم و چیلکەی دارخورما بخەمە ناو تەنورەکەم باشترە دراوسێکەم دەنگی دەستاڕەکە یان بیست و دوکەڵیان بینی، وایانزانی خواردنمان لایەو هەژاریمان نیە، ژنەکە هەستا بۆ لای تەنورەکەی و دایگیرساندو دانیشت دەستاڕەکە دەجولا، پیاوەکەی هات و گوێی لەدەنگی دەستاڕەکەبوو ژنەکە هات و تا دەرگاکەی بۆ بکاتەوە پیاوەکە وتی چیت دەهاڕی؟ ئەویش بۆی گێڕامەوە، چوومە لای تەنورەکەی، سەیرمکرد پڕە لەنان، پیاوەکەی ئەوەی باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی (چیتکرد بەدەستاڕەکە؟) وتی: هەڵمگرت و دام تەکاند فەرمووی (ئەگەر وازتان لێبهێنایە بەهەموو ژیانتان یان فەرمووی ژیانم بۆتان وابوو) (لو تركتموها ما زالت لكم حياتكم- اوفال حياتي).[2]

---

[1] – تەبەرانی لە (المعجم الأوسط) بە هەمان شێوە هێناویەتی، کەسەکانی سەنەدەکی صەحیحن جگە لەماموستاکەی بەزارو ماموستاکەی تەبەرانی کە هەردووکیشیان جێی متمانەن، بەیهەقی لەئەبو هورەیرەوە بەدەقی بەزاز هێناویەتی.

[2] – ئەم فەرموودە سەنەدو دەقی غەریبە، لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٩) دا واهاتووە.

بەیهەقی لە الدلائل ئیبن عەساکیر لە ئەبوبەکرەوە هێناویانە دەڵێن: لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) لە مەککە دەرچووین و گەیشتینە نشینگەیەکی عەرەب، پێغەمبەر (ﷺ) سەیریکرد لەکەنارەوە ماڵێ هەیە، بەرەو ئەوێ چوو کە دابەزین کەسی تێدانەبوو جگە لەئافرەتێ، ئافرەتەکە وتی بەندەی خوا من ئافرەتم و کەسم لەگەڵ نیە، بچن بۆ لای گەورەی ئێرە ئەگەر دەتانەوێ میوانداری بکرێن، پێغەمبەر (ﷺ) وەڵامی نەدایەوە، ئەمەش کاتی ئێوارەبوو، کوڕێکی بزنێکی بۆ هێنایەوە: ژنەکە وتی کوڕی شیرینم ئەم بزنە و ئەم شفرە ببە بۆ ئەو دوو کەسە و پێیان بڵێ دایکم پێتان دەڵێن ئەمە سەربڕن و بیخۆن و بەشی ئێمەش بدەن، کاتێ هات پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو شفرەکە ببەرەوە و قاپێکم بۆبێنە، پێغەمبەر (ﷺ) دەستیهێنا بەگوانیداو دواتر بزنەکە شیری دا تا قاپەکە پڕبوو، پاشان وتی: بیبە بۆ لای دایکت لێی خواردەوە تا تێربوو، پاشان هێنای و فەرمووی: ئەوەببە و دانەیەکی دیکەم بۆ بهێنە، بەو جۆرەی کرد دواتر بەشی ئەبوبەکری دا، ئەمجاریش وایکرد و پاشان پێغەمبەر (ﷺ) شیری خواردەوە، شەو ماینەوە و دواتر چووین، ژنەکە بەپیرۆز ناوی دەبرد، مەڕومالاتی زۆربوون تا بەرەو مەدینە هات ئەبوبەکری صدیق تێپەڕبوو کوڕەکەی لای وتی بەندەی خوا ئەو کەسەی لەگەڵت بوو کوا؟ ئەبوبەکر وتی دەزانیت ئەوە کێیە؟ وتی نا، وتی ئەوە پێغەمبەری خوایە (ﷺ) ژنەکەی وتی دەی بمبە بۆ لای، پێغەمبەر (ﷺ) نانی پێداو خەڵاتیکرد و شتێ کەلوپەل و پێویستی دەشتەکیەکانی پێداو خەڵاتی کرد و ژنەکەش موسڵمان بوو.[1]

ئەحمەد لەئیبن مەسعودەوە: هێناویەتی دەڵێت: من مەڕم دەلەوەڕاند بۆ عوقبەی کوڕی ئەبو موعیت، پێغەمبەر (ﷺ) دای بەلامدا و ئەبوبەکری لەگەڵدابوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (غولام هیچ شیر هەیە؟) (یا غلام هل من لبن؟) وتم بەڵێ، بەڵام هی خۆم نیە، فەرمووی ئەی مەڕێ هەیە بەرانی نەچوبێتە سەر (هل من شاه لم

---

[1] – ئیبن کەثیر دەڵێت: سەنەدەکەی حەسەنە، لە (کنزالعمال ج٨، ص٣٣٠) دا واهاتووە.

ينز عايها الفعل) منیش مەڕێکم هێنا پێغەمبەر (ﷺ) دەستیهێنا بەگوانیداو شیر هات کردیە قاپێك و لێی خواردو بەشی ئەبوبەکری دا پاشان بەگوانەکەی فەرموو (کۆ بەرەوە) (اقلص) ئەویش کۆبوویەوە، پاشان دوای ئەوە هاتم بۆ لای وتم ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ ئەو قسەیە چیبوو؟ ئەویش دەستی هێنا بەسەرمداو فەرمووی: (ئەی غولام ڕەحمەتی خوات بەرکەوێت، چونکە تۆ زاناو فێرخوازیت) (یاغلام یرحمك الله فأنك عليم معلم) بەیهەقی بەو واتایە لێوەی هێناوەو تیایدا دەڵێت: سەرە مەڕێکم هێناو ئەویش ڕایگرت و دەستیهێنا بەگوانیدا نزایکرد ئەبوبەکریش تەشتێکی بۆ هێنا، پێغەمبەر (ﷺ) شیرەکەی کردە ناوی بەشی ئەبوبەکریداو دواتر خۆی شیرەکەی خواردەوە[1][2].

تەبەرانی لەخەبابەوە هێناویەتی دەڵێت: پیچغەمبەر (ﷺ) لەسریەیەکدا ئێمەی نارد تووشی تینویەتی بووین و ئاومان پێنەبوو، وشتری یەکێکمان دانیشت و نێوانی پێکانی ئەو وەك کانیاو بوو، لە شیرەکەیمان خواردەوە، هەیثەمی (ج٦، ص٢١٠) دەڵێت: لەسەنەدەکەدا ئیبراهیمی کوڕی ئەبو ئیهابەوە- کە موسڵمان بووبوو- هێناویەتی دەڵێت: خوبەیب لەماڵی مندا بەندکرابوو، لەدرزی دەرگاکەوە سەیرم دەکردو هێشووە ترێیەك بەدەستیەوەبووهێندەی کەسێ دەبوو، لێی دەخوارد ترێی وام لەسەر زەویدا نەبینیبوو[3][4].

ئیبن سەعید (ج١، ص١٧٢) لەسالمی کوڕی ئەبولجەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) بۆ کارێکی دوو کەسی نارد، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هیچمان پێنیە، فەرمووی (ابتغيا لى سقاء) جێی خواردنەوەیەکم بۆ بهێنن، (وە

[1] - حسن.

[2] - لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٠٢) دا وا هاتووە.

[3] - ضعيف.

[4] - بوخاری لەڕووی ترەوە چیرۆکی ترێکەی هێناوە، لە (الأصابة ج١، ص٤١٩) دا واهاتووە.

کونـەو هیـزە ...هتـد) هێنامـان فـەرمانیکرد پرمـان کـرد پاشـان سـەری بەسـتو فـەرمووی (بـچن تـا دەگەنـە ئـەو شـوێنە، چـونکە خـوا ڕۆزیتـان دەدات) چـوون تـا گەشـتنە ئـەو شـوێنەی پێغەمبـەر (ﷺ) فـەمانی پێکردبـوون، کونەکـەیان کرایـەوە، شیرو کەرەی مەڕی تێدابوون، خواردیانو شیرەکەیان خواردەوە تا تێربوون.

(تینوێتی شکانیان بە خواردنەوە لە خەویاندا)

ئیبن ئەبی دنیا لەعەبدولای کوڕی سەلامەوە هێناویەتی دەڵێت: چووم بۆ لای عوسمـان کاتێ گەمارۆ درابـوو تـا سـەلامی لێبکـەم، چووم وتـی: براکـەم ئـەم شـەو لەکـەلانی نێوان دوو ماڵـدا پێغەمبـەرم (ﷺ) بینـی فـەرمووی عوسمـان گـەمارۆیان دابوویت؟ وتم بەڵێ فەرمووی تینویان کردوویت؟ وتم بەڵێ سەتڵێکی هێنا کە ئاوی تێدابوو لێم خـوارد تـا تینـوێتیم شکا، تا ئەوەی لەنێوان دوو مـەمكو شـانەکانمدا هەسـتم بـەفێنکی دەکـردو پێـی فـەرمووم: ئەگـەر دەتـەوێت بەسـەریاندا سەردەخرێیتو ئەگەریش حەزدەکەیت ڕۆژو دەکەیتەوە، منیش ڕۆژوکردنەوەم لای ئەو هەڵبژارد، ئەو ڕۆژە عوسمان کوژرا.[1]

پێشتریش چیرۆکی ئوم شورەیکمان هێنا کە خەوتو لەخەویدا بینی کەسێك ئاوی پێدا، کە لەخەو هەستا سەیریکرد تینویەتی نەماوە.

(سامان لەلایەکی چاوەڕوان نەکراوەوە)

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٦٥) لەزوباعەی کچی زوبەیرەوە هێناویەتی کە لای میقداد بوو دەڵێت: خەڵکی بەدووری دووسێ ڕۆژ دەچوون بۆ پێویستیانو شتیان بـۆ هەڵـدەگرت، وەك وشـتر ڕۆژێ میقـداد بـۆ پێویـستی چوویە دەر تـا گەیـشتە

---

[1] – لە (البدایة والنهایة ج٧، ص١٨٢) دا واهاتووە.

(الحجبة)کە لای بەیهقی غەرقەدە، بۆ پێویستی چوویە وێرانەیەك ئەو دانیشتبوو کە جرجێ لەکونەکەی دینارێکی دەرهێنا بەردەوام پارەی لێدەرهێنا تابو بەحەڤدە دینار میقداد پارەکەی بردو باسیکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی (ئایا دەستت برد بۆ کونەکە؟) وتی: نا، سوێند بەوەی بەحەق تۆی ناردووە، فەرمووی: (هیچ هەدەفێکت نیە تیایدا، خوا بەرکەت بخاتە ناویەوە بۆت) زوباعە دەڵێت تەواو نەبوو تا کیسەی گەڵام لەماڵی میقداد دا بینی.

خەتیب لەسائیبی ئەقرەعەوە هێناویەتی عومەر لەسەر مەدائین داینا، لەهەیوانی کیسردا دانیشتبووم سەیری پەیکەرێکی دەکرد، کە بەپەنجەکان ئاماژەی دەکرد بۆ شوێنێ منیش وتم لەوانەیە ئاماژە بۆ کانێ بکات، ئەو شوێنەم هەڵکەندو کانێکی گەورەم دەرهێنا بۆ عومەرو نوسیم ئەوە شتێکە خوا بەجیا لەموسڵمانان بەمنی بەخشیووە عومەریش بۆی نوسیم، تۆ سەرکردەیەکی موسڵمانانیت بۆیە لەنێوان مەسڵمانان‌دا بەشی بکە.[1]

لە (الأصابة ج٢، ص٦٨) دا هەیثەمی کوڕی عەددی لە شەعبیەوە دەگێڕێتەوە سائیبە بەشداری فەتحی میهرەجان کردو چوویە (دار الهرمزان) سەیریکردو جرجی لە سووچێکدا دەستی درێژکردو، وتی سوێند دەخۆم ئاماژە بۆ شتێ دەکات، سەیریکرد حەشارگەیەکی هورمزانە تیایدا قاپی گەورە هەیە.[2]

ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١٠ ص١٢٩) لەعەبدوڕەحمانی کوڕی یەزیدی کوڕی جابرەوە هێناویەتی دەڵێت: مەولایەکی ئەبو ئومامە پێی وتم: ئەبو ئومامە حەزی لەصەدەقەو چاکەکردن بووو شتی بۆ کۆکردەوەو هیچ داواکارێکی نەدەگێڕایەوە باسەلکە پیازێ یان خورمایەك خواردنێکیش بووبێ، ڕۆژێ کەسێ هات داوایلێکرد،

---

[1] – لە (کنزالعمال ج٣، ص٣٠٥) دا وا هاتووە.

[2] – ئیبن ئەبی شەیبە لەڕێگەی شەیبانی لەسائیبی کوڕی ئەقرەعەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی تەواو.

بەڵام ئەوەی پێنەدەکراو تەنها سێ سەد دیناری هەبوو، داوایلێکردو ئەویش دینارێکی پێدا، یەکێکی دیکەش هاتو دینارێکی پێدا، پاشان یەکێکی دی هاتو ئەویش دینارێکی پێدا، مەولاکەی ئەبوو ئومامە دەڵێت: کاتێ بانگی نیوەڕ دراو بێدارم کردەوە دەستنوێژی گرتو چوو بۆ مزگەوتەکەی، منیش دڵم بۆی سوتا- ئەو بەڕۆژوبوو- سەیرمکرد زێڕی هەیە، ژماردم سێ سەد دیناربوو، وتم ئەمە بۆ وایکرد چی کردووە، بەڵکو بەجێی هێشتووە، دوای ئێوارە هات، کاتێ سفرەو جێگەکەی بۆ راخرا پێکەنی و وتی ئەوە باشترە لەوەی لایەتی، منیش لەلای سەری وەستام تا نانی خوارد، وتم: ڕەحمەتی خوات لێبێت، ئەم بەخششەت لە ڕێیەکی فەوتاندا بەجێهێشتو هەواڵت پێنەدام تا هەڵیبگرم، ئەویش وتی کامەیە؟ منیش جێکەگەم بەرزکردەوە، کە بینی دڵخۆش بووو زۆر سەرسام بوو، منیش هەستامو پەتەکەم پچڕاندو موسڵمان بووم، ئیبن جابر دەڵێت: لە مزگەوتی حیمص ئەو مەولایەم بینی و قورئانو سونەتو فەرزەکانی فێری ئافرەتان دەکردو لەسەر ئاینی ئیسلام شارەزای دەکردن.

(بەرەکەت لە ماڵو ساماندا)

ئەحمەد لە فەرموودەیەکی دووروودرێژ لە سەلمانەوە هێناویەتی لە باسی موسڵمان بوونیدا دەڵێت: لە سامان شتی لەسەرم مایەوەو هێندەی هێلکەی مریشکی زێڕ لەچەند کاتێکدوە هێنرایەوە بۆ پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەویش فەرمووی (مافعل الفارسي الكتاب) (فارسییەکە چی بە نوسراوەکەی کرد؟) منیش بانگکرام بۆ لای، فەرمووی (ئەمە بەو ئەوەی لەسەرتە بیدەرەوە ئەی سەلمان) منیش وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە چۆن ئەوەی پێدەدرێتەوە کە لەسەرمە؟ فەرمووی (بیبە چونکە خوا ئەوەی لەسەرتە دەیداتەوە) منیش بردمو لەو زێڕە پێوانەم بۆ کردن،

سوێندج بەوەی گیانی سەلمانی بەدەستە چل ئۆقیەبوو هەمووم پێدایەوەو ئازادبووم.

لە گێڕانەوەیەکدا لەسەلمانەوە هاتووە وتی: کاتێ وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەوە چۆن ئەو قەرزەی پێدەدەیت؟ پێغەمبەر (ﷺ) گرتی و لەسەر زمانی هەڵگێرایەوەو دواتر فەرمووی (بیگرەولێی هەموو مافەکەیان چل ئۆقیە بدەرەوە)[1] [2].

ئیبن سەعد (ج٤، ص٧٥) لەسەلمانەوە بەهەمان شێوەی گێڕانەوەی یەکەم هێناویەتی دواتر دەڵێت: ئیبن ئیسحاق وتی یەزیدی کوڕی حەبیب بۆی گێڕامەوە لەو فەرموودەدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) ئەو ڕۆژ خستیە سەر زمانی و دواتر هەڵیگێڕایەوە، پاشان پێی فەرمووم (بڕۆ قەرزەکانی سەرت بدەرەوە) (إذهب فأدها عنك).

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٥) لە عرەوەی بارقیەوە هێناویەتی (ﷺ) گەیشت بەجەلب و دینارێکی پێداو فەرمووی (بەمە مەڕێکمان بۆ بکڕە) ئەویش چوو بەدینارێك دوو مەڕی کڕی، کەسێ پێی گەیشت. ئەویش مەڕێکی بەدیناری فرۆشت، پاشان دینارێك و مەڕێکی هێنایەوە بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش پێی فەرموو (بارك الله فی صفقة یمینك) ئیدی ئەگەر لە کۆکردنەوە هەستامایە نەدەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە تا چل هەزار قازانجم دەکرد، ئەبو نەعیم دەڵێت: عەففان لە

---

[1] - صحیح.

[2] - (هەیثەمی ج٩، ص٣٣٦) دەڵێت: ئەحمەد هەمووی و تەبەرانیش بەهەمان شێوە بەچەند سەنەدێ هێناویانە، سەنەدی گێڕانەوەی یەکەم لای ئەحمەدو تەبەرانی کەسەکانی صەحیحن جگە لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاق کە ڕاشکاوانە سەماعی لێدیارە، کەسەکانی گێڕانەوەی دووەم تەنها ئەحمەد هێناویەتی و کەسەکانی صەحیحن جگە لەعەمری کوڕی ئەبو قرەی کیندی کە جێی متمانەشە، بەزاریش هێناویەتی، تەواو.

سەعیدی کوڕی زەیدەوە هێناویەتی دەڵێت: دەمبینی لە کەناری کوفە دەوەستام و چل دینار قازانجم دەکرد پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ماڵەوە.[1]

بوخاری لە ئەبو عەقیلەوە هێناویەتی عەبدوڵای کوڕی هیشامی باپیری دەیبرد بۆ بازاڕو خواردنی دەکڕی ئیبن زوبەیرو ئیبن عومەر پێی دەگەیشتن و دەیانوت: لەفرۆشتندا بەشدارمان بکە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نزای بەرەکەتی کردووە، ئەویش بەشداری دەکردن، جار هەبوو بارێکی وەك خۆی دەست کەوت و دەیینارده وە بۆ ماڵ.[2]

(نەمانی ئازارو لاچوونی نەخۆشی و دەردەکان)

تەبەرانی لە عەبدوڵای کوڕی ئەنیسەوە هێناویەتی دەڵێت: موستەنیری کوڕی رزامی جولەکە بە گۆچانێ لەداری (شوحط) دای لەسەر ئێسکم یان سەرم منیش هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و ئەویش دەریخست و فووی بەسەرداکرد، ئیدی هیچ ئازارم نەدی.[3]

تەبەرانی لەموحەممەدی کوڕی عوقبەی کوڕی شەرحەبیل لەعەبدڕەحمانی باپیری لەباوکیەوە هێناویەتی دەڵێت: هاتمە لای پێغەمبەر (ﷺ) و بەدەستمەوەبوو، وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئەمە بەهۆی نێوانی من و شمشێر هەڵگرێ بوو کە گرتبووی و جڵەوی ئاژەڵەکەشی گرتبوو، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی

---

[1] - لە (الأصابة ج٢، ص٤٧٦)، هاتووە. فەرموودەکە لەبوخاری و جگە لەویشدا ناسراوە تەواو. عەبدوڕەزاق و ئیبن ئەبی شەیبە لەعروەوە بەهەمان شێوە هێناویانە، وەك لە (کنزالعمال ج٧، ص٦٣) دا هاتووە. لەگێڕانەوەکەیاندا هاتووە: پێغەمبەر (ﷺ) نزای بەرەکەتی بۆ کردو لە فرۆشتنیدا، ئیدی ئەگەر کڕین و فرۆشتنی خۆڵیشی بکردایە قازانجی دەکرد.

[2] - لە (البدایة والنهایة ج٦، ص١٦٦) دا واهاتووە.

[3] - (هەیثەمی ج٨، ص٢٩٨) دەڵێت: لەسەنەدەکەدا عەبدولعەزیزی کوڕی عمران هەیە کە لاوازە.

(ادن منی) (لێم نزیك بەرەوە) منیش نزیك بوومەوە، كردیەوەو فووی كرد بەدەستمدا پاشان دەستی لەسەر برینەكە داناو دەستی پێدا دەهێنا تا هیچ شوێنەواریّ نەما.[1]

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢٢٣) لە ئەبیەزی كوڕی حمالی مەئاربیەوە هێناویەتی برینیّ واتە دەردی (قوباء)بەدەموچاویەوە بوو كە لوتی داشاردبوو، پێغەمبەر (ﷺ) بانگیكردو دەستی هێنا بەسەر دەموچاویدا، لەو ڕۆژەوە هیچ شوێنەوارێكی نەما.[2]

ئەبونەعیم لە (الدلائل ص٢٢٣) لە رافعی كوڕی خودەیجەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژیّ چووم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و مەنجەڵێكی پڕ گۆشتیان لابوو، چەوریەكەی سەرسامی كردم‌و قووتمدا، ساڵیّ لەسەری ئازارم هەبوو، دواتر دواتر باسمكرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی (ئەوە نەفسی حەوت كەسی لەسەربوو) (إنه كان فیها نفس سبعة اناسی) پاشان دەستی هێنا بەسكمدا منیش بە سەوزی دامنا، سوێند بەوەی بەحەق ناردوویەتی لەوە بەدوا تائێستا ئازاری سكم نەدیووە.

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢٢٣) لەعەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: من ئازارم هەبوو، پێغەمبەر (ﷺ) دای بەلامداو منیش دەموت: خوایە ئەگەر سەرەمەرگم هاتووە دەی ڕزگارم بكە، ئەگەریش هێشتا مەرگم ماویەتی دەی ئەم ئازارەم لەسەر لایە، ئەگەریش بەڵایە دەی خۆڕاگریم پیّ ببەخشە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (چۆنت وت؟) منیش بۆم وتەوە بەقاچی لێیدام‌و فەرمووی (خوایە شیفای بدە) دوای ئەم ئازارەم ئیدی ئازارم نەبووە.[3]

پێغەمبەر (ﷺ) ڕۆژی خەیبەر تفی دا لەچاوی عەلی كاتیّ ئازاری چاوی هەبوو، یەكسەر ئازارەكەی نەماو دوای ئەوە هەرگیز چاو ئێشەی نەبوو، هەروەها پێشتر

---

[1] – (هەیثەمی ج٨، ٢٩٨) دەڵێت: موخەللەدو ئەوانی سەروی ئەویش ناناسم‌و كەسەكانی دیكە جێی متمانەن.

[2] – ئیبن سەعد (ج٥، ص٥٢٤) بەهەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – لەصەحیحدا هاتووە وەك لە (البدایة والنهایة ج٦، ص٢٩٥) دا هاتووە.

فەرموودەکەی سەهلمان هێنا، لەباسی کوشتنی ئەبو رافعدا شکانی پێی عەبدوڵای کوڕی عەتیکمان هێنا کە تیایدا هاتبوو: چوومە لای پێغەمبەر (ﷺ) و بۆم باسکرد، ئەویش فەرمووی (پێت بڵاوبکەرەوە) منیش بڵاوم کردەوە، پێغەمبەرش (ﷺ) دەستی هێنا بەسەر پێمدا. بەوە دەتووت هیچ کات ئازاری نەبوو.

تەبەرانی لەحەنزەلەی کوڕی حوزەیمەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ حوزەیمی باپیرم هاتم بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) باپیرم وتی ئەی پێغەمبەری خوا منداڵی بەتەمەن و خاوەن ریشم هەیەو جگە لەوانیشم هەیە، ئەمەش بچوکترینیانە، پێغەمبەر (ﷺ) نزیکی کردمەوەو دەستی هێنا بەسەرمداو فەرمووی (بارك الله فيك) زەیال دەڵێت: حەنزەلەم بینی پیاوی ڕوو وەڕەمکردوو یان مەڕی گوان وەرەمکردوو هێنرا بۆ لای، ئەویش دەیوت بەناوی خودا لەسەر جێدەستی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی هێنا بەسەریدا بەوە وەرەمەکە نەدەما.[1,2]

ئیبن حەجەر لە (الأصابة ج١، ص٣٥٩) فەرموودەکەی حەنزە لەئەحمەدەوە بەدووروودرێژی دێنێ و تیایدا هاتووە، زەبیال وتی: حەنزەلەم بینی کەس ڕووەو وەرەمکرد دەهێنرا بۆ لای لەسەر دەستی تفی کردو دەیووت: بەناوی خوا دەستی لەسەری دادەناو (ئەو شوێنەی پێغەمبەر (ﷺ) دەستی لەسەر دادەنا) دەستی دەهێنا بەوێدا دواتر دەستی دەهێنا بەوەرەمەکەدا بەوە وەرەمەکە نەدەما.[3]

---

[1] – صحيح.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص٤٠٨) دەڵێت تەبەرانی لە (المعجم الوسيط والكبير) دا بەهەمان شێوە هێناویەتی، ئەحمەدیش لەفەرموودەیەکی دووروودرێژدا هێناویەتی و کەسەکانی سەنەدەکەی ئەحمەد جێ متمانەن.

[3] – ئیبن حەجەر دەڵێت: حەنزەلەی کوڕی سوفیان لەلایەکی دیکەوە لەزەیالەوە هێناویەتی، بەڵام هەمووی نا، یەعقوبی کوڕی سوفیان و مەنجەنیقیش هێناویانە، ئیبن سەعد (ج٧، ص٧٢) بەدەقی ئەحمەد بەدووروودرێژی هێناویەتی.

تەبەرانی لەعەبدوڵای کوڕی قرتەوە هێناویەتی دەڵێت: وشترێکم هەڵنەدەسابۆمو کفت ببوو، منیش لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید بووم، ویستم بەرەڵای بکەم، لەخوا پاڕامەوە، خوا هەڵیساند بۆمو سواربووم.[1]

(نەمانی شوێنەوارو کاریگەری ژەهر)

ئەبو یەعلا لە ئەبو سەفەرەوە هێناویەتی دەڵێت: خالیدی کوڕی وەلید لە حیرە لای میری بەنی مراز بەدابەزی، پێیان وت: وریای ژەهربە عەجەمەکان ژەهر خواردت نەکەن، ئەویش وتی بۆم بێنن، بۆی هێنرا، ئەویش بەدەستی گرتو دواتر قوتیداو وتی: بەناوی خوا بەوە هیچ زیانی پێنەگەیاند[2][3].

ئەبو جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٢، ص٥٦٧) لە موحەممەدی کوڕی ئەبو سەفەر لە ذیلجەو شەنی ضبابییەوە جگە لەویشەوە هێناویەتی کە لەگەڵ ئەبو بەقیلەبوو خزمەتکاریبو، کیسێکی بەلاجلیدا هەڵواسیبو، خالید کیسەکەی گرتو چی تێدابوو پرژاندی وتی ئەبو عەمر ئەوە چیە؟ وتی: بەخوا ئەمانەتی لای خوابێ- ژەهرێکە یەکسەر پیاو دەکوژێت، وتی دەی ژەهرت بۆ هەڵگرتووە؟ وتی ترسام بەو جۆرە نەبم کە من بینیومەو مەرگم لاخۆشتربێ لەشتێ حەزم پێنیە (شتێ ناحەز بەرامبەر خرمانمو خەڵکی گوندەکەم بکەم)، خالید وتی هیچ گیانێ نامرێ تا سەرە

[1] – (هەیثەمی ج١٠، ص١٨) دەڵێت سەنەدەکەی جەییدە.

[2] – ضعیف.

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص٣٥) دەڵێت ئەبویەعلاو تەبەرانی هەمان شێوە هێناویانەو سەنەدێکی تەبەرانی کەسەکانی صەحیحن فەرموودەکەش مورسەلەوە کەسەکانی جی متمانەن، بەڵام ئەبو سەفەر ئەبو بوردەی کوڕی ئەبو موسا لەخالیدیان نەبیستووە، تەواو. ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٥٩) لە ئەبو سەفەرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. لە (الأصابة ج١، ص ٤١٤) لەئەبو یەعلاوە هێناویەتی تیایدا هاتووە ژەهرێ هێنرا، ئەویش کردیە قاپەکەیو دواتر بسم الله ی کردو خواردیەوە هیچ زیانی پێنەگەیاند، پاشان دەڵێت: ئیبن سەعد لەدوو ڕووی دیکەوە هێناویەتی، تەواو.

مەرگی نەیەت وتی (بسم الله) چاکترین ناوەکانی پەروەردگاری زەوی و ئاسمان کە بەناوی ئەوەوە هیچ دەردی زیانی نابێ، (الرحمن الرحیم) ئەوانیش هەڵمەتیان دا تا لێی بسێنن، بەڵام خێرا قوتیدا، عەمر وتی: ئەی کۆمەڵی عەرەب سوێند بەخوا تاکەسی وا لەنێواتاندابێ چیتان دەوی دەیگرنە دەست، ئینجا ڕوویکردە خەڵکی حیرەو وتی: هیچ بارێکی ڕوونتر لەئەمڕۆ بۆ بەرەو ڕووهاتن نەدیوە.

(نەمانی شوێنەواری گەرماو سەرما)

ئیبن ئەبی شەیبەو ئەحمەدو ئیبن ماجەو بەزازو ئیبن جەریر بە صەحیحی دانـاوەو تەبـەرانی لـە (المعجـم الأوسـط) حـاکم لـە بەیهـەقی لـە (الـدلائل) لەعەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبویەعلاوە هێناویانە دەڵێت: عەلی بەزستاندا بەجلێك و عەبایەك و دوو پارچەی تەنکەوە دەچوویەدەرو لەهاوینیشدا بەکڵاوی پێچراوەو جلی قورسەوە دەچوویە دەر، خەڵکی وتیان: بەڵکو بە باوکت بڵێیت چونکە وانابێت منیش پرسیارم کرد لەباوکم و وتم خەڵکی شتێکی نەشیاو لەئەمیری باوەڕداران دەبینن، وتی چیە؟ وتی: لە گەرما جلی قورس و کڵاوی پۆشتە دەپۆشێ و لەسەرمانی زۆریشدا بەدوو پارچەی تەنك و بەرگی سوکەوە بێباکانە دەچێتە دەروخۆی لەسەرما ناپارێزێ، مەگەر لەسەر ئەوە هیچت بیستووە؟ داوایان لێکردم پرسیاری لێبکەم ئەگەر لەلای قسەت هەیە، ئەویش چوو بۆ لای و وتی: ئەی ئەبو لەیلا لە خەیبەر لەگەڵمان نەبوویت؟ وتی چیە؟ ئەویش هەمان شتی وت، پێغەمبەر (ﷺ) ئەبوبەکری ناردو خەڵکی لەهەڵمەتی ئەودا شکان تا گەڕایەوە، عومەریشی نارد، ئەویش شکاو گەڕایەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بە دڵنیاییەوە ئاڵاکە دەدەمە دەست کەسێك کە خواو پێغەمبەرەکەی خۆشدەوێت، خوا فەتحی پێدەبەخشێ و ڕاکردوو نیە) (لأعطين الراية رجلا يحب الله ورسوله يفتح الله له ليس بفرار) ناردی بەشوێنیداو منیش چووم بۆ لای و چاو ئێشەم هەبووهیچم

نەدەبینی، تفی لەچاوم و فەرمووی (خوایە گەرما و سەرمای لێبگرەوە) دوای ئەوەسەرما و گەرما ئازارمان نەداوم.[1]

لەگێڕانەوەیەکدا هاتووە: سوێند بەوەی بەحەق ناردوویەتی تا ئەمڕۆ ئازاری سەرما و گەرمام نەدیووە، (هەیثەمی ج٩، ص١٢٢) دەڵێت: تەبەرانی هێناویەتی و سەنەدەکەی حەسەنە، لەگێڕانەویەکی دیکەی لەسوەیدی کوڕی غەفلەوە هێناویەتی دەڵێت: گەیشتین بەعەلی و لەزستاندا دوو جلی لەبەربوو وتمان لەم زەویەماندا وامەبە، چونکە وەك خاکی خۆتان نیەو ساردە، وتی: دەی منیش سەرسام دەبوو، کاتێ پێغەمبەر (ﷺ) ناردمی بۆ خەیبەرو وتم چاو ئێشەم هەیە، تفی دا لە چاوم، ئیدی گەرما و سەرما و چاو ئێشەم نەدیوە، تەواو.[2]

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٦) لە جابری کوڕی بیلالەوە هێناویەتی دەڵێت: لە شەوێکی ساردا چووم بۆ نوێژ، کەس نەهاتبوو، بانگمدا، کەسێ سەلامی کرد، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (بیلال چییانە؟) وتم سەرما ڕێی لێگرتوون بەدایك و باوکمەوە بەقوربانت بم، فەرمووی (خوایە سەرمایان لەڕوودا بشکێنە) بیلال دەڵێت: بینیم حەزیان لەمەلەبوو لەنوێژی بەیانی یان چێشتنگادا.[3]

---

[1] - لە (المنتخب ج٥، ص٤٤) دا واهاتووە.ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٦) لە عەبدوڕەحمانەوە بەکورتی هێناویەتی.

[2]- لەلایەکی دیکەدا (ج٩، ص١٢٤) پاش هێنانی فەرموودەکە لە ئەبو لەیلاوە دەڵێت: لەبەرکردنی خراپەو کەسەکانی دیکەی صەحیحن.

[3]- بەیهەقی لەجابر لەئەبوبەکر لەبیلالەوە بەو واتایە بەکورتی هێناویەتی وەك لە (البداية والنهاية ج٦، ص١٦٦) دا هاتووە، تیایدا دەفەرمووێت (اللهم إذهب عنهم البر) پاشان بەیهەقی دەڵێت: ئەیوبی کوڕی یەسار بەتەنها هێناویەتی، ئیبن کەثیر دەڵێت هاوشێوەی لەفەرموودەی ناسراوی حوزەیفە لەباسی خەندەقدا هەیە، تەواو.

(نەمانی شوێنەواری برسێتی)

تەبەرانی لە (المعجم الأوسط) لەعمرانی کوڕی حوصەینەوە هێناویەتی دەڵێت: من لای پێغەمبەر (ﷺ) دانیشتبووم کە فاتیمە هات و لە خوارەوە بەرامبەری پێغەمبەر (ﷺ) وەستا، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (نزیک بەرەوە ئەی فاتیمە) ئەویش کەمێ نزیک بوویەوە، هەمووی فەرمووی (نزیک بەرەوە ئەی فاتیمە) ئەویش کەمێ نزیک بوویەوە هەمووی فەرمووی (نزیک بەرەوە ئەی فاتیمە) ئەویش نزیکتربوویەوە تاچوویە بەردەمی عمران وتی: بینیم زەردیەک دەموچاوی داگرتووەو خوێن نەماوە، پێغەمبەر (ﷺ) نێوان پەنجەکانی کردەوەو دواتر دەستی لە سەر سنگی دانا، سەری بەرزکردەوەو فەرمووی (خوایە تێرکەری برسی و بەدیهێنەری پێویستی و لابەری دانراو فاتیمەی کچی موحەمەدی برسی مەکە) بینیم زەردی و ڕوخساری نەما و خوێن دەرکەوت (ڕەنگ و ڕووی کرایەوە) پاشان دوای ئەوە پرسیارم کرد لە فاتیمە وتی: ئەی عمران دوای ئەوە برسیم نەبووە[1، 2].

(نەمانی شوێنەواری پیری و داکەوتن)

ئەحمەد لە ئەبوو زەیدی ئەنساریەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووم (نزیک بەرەوە لێم دەستی هێنا بە سەرمداو دواتر فەرمووی (خوایە جوانی بکەو درێژی بە جوانیەکەی بدە) ئیدی تەمەنی گەیشتە سەدو ئەوەندە ساڵ و تاڵی مووی سپی لەڕیشیدا نەبوو کەمێك نەبێت، ڕوویکراوەو ڕووخسار فراوان بوو تامرد هەر وابوو[3، 1].

---

[1] – ضعيف.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص٢٠٤) دەڵێت لە سەنەدەکەدا عوتبەی کوڕی حەمید هەیە کە ئیبن حبان و جگە لەویش بە جێ متمانەو دەستەیەکیش بە لاوازی دەزانن، کەسەکانی دیکە جێمتمانەن، تەواو، ئەبو نەعیم (الدلائل ص٦٦) لە عمرانەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – صحيح.

لە (الأصابة ج٤، ص٧٨) دا دەڵێت: لە گێڕانەوەیەکی ئەحمەد لە لایەکی دیکەوە لە ئەبوو نوهەیکەوە دەڵێت ئەبو زەید پێی وتم: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) داوای ئاوی کردو منیش قاپێ ئاوم بۆ برد، موویەکی تێدابوو لامبرد پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (خوایە جوانی بکە) ئەبو نوهەیل دەڵێت: بینینم تەمەنی نەوەدو چوار ساڵبوو تاڵی ڕیشی سپی نەبوو.[2]

ئەحمەد لە ئەبوو عەلائەوە هێناویەتی دەڵێت: لای قەتادەی کوڕی مەلعاب بووم لەو شوێنەی تیایدا مرد، کەس لە دوای ماڵەکەوە تێپەڕبوو، لە دەم و چاوی قەتادەوە بینیم پێشتر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەستی هێنابوو بە دەم و چاویدا، من هەرچی دەمدی وامدەزانی ڕۆن دراوە لە ڕوخساری.[3]

ئیبن شاهین لە حەیبانی کوڕی عوسەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەستی هێنا بە دەم و چاوی قەتادەی کوڕی مەلحاندا، دواتر قەتادە پیر بووو هەموو لەشی پیربوو جگە لە دەم و چاوی (لە سەرەمەرگیدا ئامادەبووم ئافرەتێ تێپەڕبوو لە دەم و چاوی قەتادەوە بینینم وە چۆن ئاوێنەدا بینینم.[4]

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٤) لەنابغەی کوڕی جەعدەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەم شیعرەم وت بۆ پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) و ئەویش پێی سەرسام بوو:

بلغت السماء مجدنا وثرانا   وإنا لنرجو فوق ذلك مظهرا

پێغەمەبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی (این مظهر یا ابا لیلی؟) وتم بۆ بەهەشت، فەرمووی بەڵێ بەویستی خوا ئەمەشم وت:

ولاخير فى حلم إذا لم يكن له   بوادر تحمى صفوة ان يكدرا

ولاخير فى جهل إذا لم يكن له   حليم إذا ما اورد الأمر اصدرا

---

[1]- سوهەیل دەڵێت: سەنەدەکەی صەحیحی مەوصولە لە (البداية وانهاية ج٦ ص ١٦٦) دا واهاتووە.

[2] – ئیبن حبان و حاکم بە صەحیحیان داناوە، ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص ١٦٤) لە ڕێگەی ئەبو نوهەیکەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی. لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: بینیم تەمەنی نەوەدو سێ ساڵ بوو تاڵی موی سپی لە سەرو ڕیشیدا نەبوو.

[3] – لە (البداية وانهاية ج٦، ص١٦٦) دا واهاتووە

[4] – لە (الأصابة ج٣، ص٢٢٥) دا واهاتووە.

پێغەمبەر فەرمووی: چاکت وت خوا دەمت ماندو لاواز نەکات (لایفضض الله فاك) یەعلا دەڵێت: بینینم تەمەنی سەدو ئەوەندە ساڵ بوو هێشتا پیر نەببوو.[1]

حەسنی کوڕی سوفیان لە موسنەدەکەیداو ئەبو نەعیم لە (تأریخ اصبهان)و شیرازی لە (الألقاب) گێڕانەوەی یەعلای کوڕی ئەشدەقەوە- کە فەرمووی ناتەواوە هێناویانە کە چیرۆکێکمان لە فەرموودەی غەریبی خەتابیەوە دیوەو لە (کتاب العلم) ی مەرحەبیداو جگە لەو دووانەش لە ڕێگەی موهاجیری کوڕی سەلیم لە عەبدولڵای کوڕی جەرادەوە هێناویانە دەڵێت، لە نابغەی بەنی جەعدەم بیست دەیووت: ئەو شیعرەم وت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) (علونا السماء ......) ئەویش توڕەبوو فەرمووی (این المظهر یا ابا لیلی؟) وتم بەهەشت فەرمووی بەڵێ (بەویستی خوا) پاشان فەرمووی (انشدنی من قولك) (شیعرەکەتم بۆ بڵێ) منیش ئەوەم بۆ وت (ولا خیر فی حلم ......) پێی فەرمووم (ابدت لایفضض الله فاك) بینیم تەمەنی زۆربوو دانەکانی وەك تەرزەی داباریو وابوون نەشکابوون و خراپ نەببوون. ئەم فەرموودەمان لە (المؤتلف والمغتلف) ی دار قوتیندا هێناوە، لە (الصحابة) ی ئیبن سکن و جگە لەوەشی لە ڕێگەی ڕەحالی کوڕی مونزیرەوە دەڵێت باوکم لە کرزی کوڕی ئوسامەی باوکیەوە هێناویەتی. سەلەفی (الأربعین) لە ڕێگەی نەسری کوڕی عاصمی لەیثی باوکی لە نابغەوە هێناویەتی و تیایدا هاتووە، تەمەنی کردو لەهەمووان دەمودان باشتربوو، هەرکات دانێکی دەکەوت دانێکی باشتری دەهاتە جێ لە کاتێکدا تەمەنی کردبوو.[2]

(نەمانی شوێنەواری کتوپڕی)

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٦٨) لە ئوم ئیسحاقەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ براکەم کۆچم کرد بۆ مەدینە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) لە نیوەی ڕێدا پێی وتم: ئوم

---

[1] – بەیهەقی لە نابغەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: لە بری (ثرنا) (تراثنا)ی هێناوە، بەزار بە هەمان شێوە لێوەی هێناوە، بەڵام لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە (عفة وتکرما) لە بری (مجدنا وثرانا) قسەکەی ئەبوو یەعلاشی نەهێناوە وەك (البدایة والنهایة ج٦، ص١٦٨) دا واهاتووە.

[2] – لە (الأصابة ج٣، ص٥٣٩) دا بە کورتی واهاتووە.

ئیسحاق دابنیشه، چونکه خەرجی و شتم له مەککه لەبیرچووه، ئوم ئیسحاق وتی: من له فاسق دەترسم بەرامبەرت- واته مێردەکەی وتی ناپشت بەخوا ئوم ئیسحاق وتی: چەند ڕۆژێ مامەوه، کەسێ که دەمناسی و ناویم نەدەزانی دای بەلامدا، وتی ئوم ئیسحاق بۆچی لێره دانیشتوویت؟ وتی چاوەڕێی براکەم دەکەم، دوای ئەمڕۆ برات نەماوه، مێردەکەی کوشتی، منیش خۆم ڕاگرت و چوومه مەدینەو چوومه خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ دەستنوێژی دەگرت. له بەردەمیدا وەستام و وتم ئەی پێغەمبەری خوا ئیسحاق براکەمی کوشت، هەرچی سەیرمدەکرد دەستنوێژی هەڵدەگرت و مشتێ ئاوی بە دەموچاومدا دەپرژاند، ئوم ئیسحاق دەڵێت، دایە گەورەم وتی: کە موسیبەت دەهاتە ڕێی فرمێسکی له چاوانی دەبینی، بەڵام نەدەڕژایه سەر کولمەکانی.[1]

له گێڕانەوەیەکدا وەك له (الأصابة ج٤، ص٤٣٠) هاتووه دەڵێت: وتم ئەی پێغەمبەری خوا من بۆ کوژرانی براکەم بە دەستی ئیسحاق دەگریم، ئەویش مشتێ ئاوی هەڵگرت و پرژاندی بە دەم و چاومدا، ئوم حەکیم دەڵێت: ئیدی موسیبەتی گەوره دەهاته ڕێ فرمێسکی لەچاوی دەدی، بەڵام نەداهاته سەر کولمی.[2]

(پارێزران له باران به نزا)

ئیبن ئەبی دنیا له کتێبی (مجابي الدعوة) و ئیبن عەساکیر له (ئیبن عەبباسەوه) هێناویانه دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب وتی: بمانبەن بۆ خاکی هۆزو گەلمان، ئێمەش چووین، من و ئوبەی کوڕی کەعب له دوای خەڵکەوه بووین، هەورێ هات، ئوبەی وتی: خوایه زیانمان لێدووربکره، پێیان گەیشتین و کوڵ و باریان لەچەقیندابوو، عومەر وتی: ئێوه وەك ئێمه تووش نەبوون، وتم: مونزر نزایکرد خوا

[1]- بوخاری له مێژووەکەیداو کچی دیناری موزەنی دایه گەورەی له ئوم ئیسحاقی غەنەوی مەولایەوه بەو واتایه هێناویەتی وه له (الأصابة ج١، ص٣٢) دا هاتووه..

[2] – ئیبن موعیب بەشاری بەلاواز داناوه وەك له (الأصابة ج١، ص٣٢) دا هاتووه.

ئازارو زیانمان لێدووربگرێ، عومەر وتی دەی با لەگەڵ خۆتان نزاتان بۆ ئێمەش بکردایە.[1]

(دار دەبێتە شمشێر)

(ئیبن سەعد ج١، ص١٨٨) لە زەیدی کوڕی ئەسلەمو جگە لەویشەوە هێناویەتی عەکاشەی کوڕی موحصن لەڕۆژی بەدر شمشێرەکەی شکا، پێغەمبەر (ﷺ) لقەدارێکی پێدا، بووبەشمشێرێکی پتەوی ئاسن ئاساو توندوتۆڵ.

(بەنزا مەی دەبێتە سرکە)

ئیبن ئەبی دنیا بە سەنەدی صەحیح لە خەیثەمەوە هێناویەتی دەڵێت: خالیدی کوڕی وەلید کەسێك هات بۆ لای کە کوندە مەیەکی پێبوو وتی: خوایە بیکە بە هەنگوین، خێرا بووبە هەنگوین، لە گێڕانەوەیەکی لەو ڕووەوە هاتووە: کەسێ دای بەلای خالیددا کونە مەیەکی پێبوو، خالید ئەوە چیە. وتی سرکە، خالید وتی خوابیکات بە سرکە، سەیریانکرد وایلێهاتبوو، کە پێشتر خۆی مەیبوو.[2]

ئیبن کەثیر لە (البداية والنهاية ج٧، ص١١٤) دا دەڵێت چەند ڕێگەیەکی هەیە، لەهەندێکیاندا هاتووە: کەسێ کونەیەکی پێبوو دای بەلای خالیددا خالید پێی وت: ئەوە چیە. وتی هەنگوین، وتی خوایە بیکە بە سرکە، کابرا کاتێ گەڕایەوە بۆ لای هاوەڵانی و وتی مەیەکم بۆ هێناون عەرەب شتی وای نەنۆشیوە، پاشان کردیەوە سەیریکرد بووە بە سرکە، وتی بەخوا نزاکەی خالید وایلێکردووە. تەواو.

[1] – لە (المنتخب ج٥، ص١٣٢) دا واهاتووە.

[2] – لە (الأصابة ج١، ص٤١٤) دا واهاتووە.

(دەربازبوونی دیل لە بەندیخانە)

ئادەمی کوڕی ئەبو ئیاس لە تەفسیرەکەیدا لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە هێناویەتی دەڵێت: مالیکی ئەشجەعی هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) وتی: عەوفی کوڕم بە دیلگیراوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هەواڵی بۆ بنێرە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانت پێدەکات زۆر بڵێیت (لاحول ولا قوة إلا بالله) (ﷺ) نێردراوەکە هات و پێی وت: ئەویش بەردەوام دەیوت (لاحول ولا قوة إلا بالله) دوژمنان بەپێستە بەستبوویانەوە، پێستەکە لێی کەوت و ئەویش دەرچوو سەیریکرد ئاژەڵێکیان وەستاوە، سواریبوو، هات پیادەی خەڵکی بینی و هاواری لێکردن کۆتایان گەیشت بەیەکەمیان، دایکوباوکی نەدی تاکاتێ لەبەردەرگا هاواری دەکرد، باوکی وتی بەپەروەردگاری کەعبە ئەوە عەوفە، دایکی وتی وەی هاوار عەوفیش ئازاری هەبوو بەهۆی پێستەکەیەوە باوکی و خزمەتکارەکەی بەرەو ڕووی چوون سەیریانکرد عەوف تەواو هیلاکەو وە باری خۆی و وشترەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە، باوکی هات بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و هەواڵەکەی بۆ باسکرد پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرموو (چیت پێخۆشبوو پێی بکە (بەوشترەکە) چیت دەکرد بەو وشترەی خۆت دوا بکە) (اصنع بها ماحببت وماكنت صانعا بأبلك) ئەو ئایەتەش دابەزی ﴿وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ﴾[1][2].

لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: باوکی دەچوو بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و سکاڵای لا دەکرد- لە بری کوڕەکەی و ئەوبارو پێویستیەی تیادایە- پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێدەکرد بە خۆڕاگری و پێی دەفەرموو (إن الله سيجعل له مخرجا) (خوا دەروی لێدەکاتەوە).[3]

---

[1] - ضعیف.

[2] - لە (الترغيب والترهيب ج٣، ص١٠٥) دا هاتووە، موحەممەدی کوڕی ئیسحاق مالیکی نەدیوە ئیبن ئەبی حاتەم لە موحەممەدی کوڕی ئیسحاقەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، وەك (تەفسیری ئیبن کەثیر ج٤، ص٣٨٠) دا واهاتووە. ئیبن جەریر لە تەفسیرەکەیدا(ج٢، ص٨٩) لە سدریەوە بەو واتا بە کورتی هێناویەتی و (لاحول ولا قوة إلا بالله) نەهێناوە.

[3] - ئیبن جەریر لە سالمی کوڕی ئەبولجەعدەوە بە کورتی هێناویەتی.

(سەرکەشان بەهۆی ئازاردانی هاوەڵانەوە تووشی چی دەبوون)

ئیبن ئیسحاق لە عەبدوڵای کوڕی ئەبوبەکری کوڕی حەزم لە عەبباسی کوڕی سەهلی کوڕی سەعدی ساعدی یان لە عەبباسی کوڕی سەعدەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ دای بەلای (الحجر) داو لای دابەزی خەڵکی داوای ئاوی بیرەکەی کرد، کاتێ لای حەسانەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (هیچ لە ئاوەکەی مەخۆنەوەو دەستنوێژی بۆ نوێژ لێمەگرن، چی هەویرتان کردووە داینێن بۆ وشترو هیچی لێمەخۆن کەستان ئەمشەو نەچێتە دەر مەگەر هاوەڵێکی لەگەڵدابێ) خەڵکی وایانکرد جگە لە دووکەس لە بەنی ساعیدە کە یەکێکیان چوو بۆ پێویستی خۆی (سەرئاو) ئەوی دیکەش چوو بە دوای وشترێکدا، یەکەمیان لە ڕێیدا بەرکەوت، ئەوی دیکەش ڕەشەبا بردی تا خستیە سەرشانی (طیء) پێغەمبەر (ﷺ) هەواڵی ئەوەی پێدرا فەرموو: مەگەر من دوورەپەرێزیم لێنەکرد هەرکەس چوویە دەر هاوەڵێکی لەگەڵ بێت؟ پێغەمبەر (ﷺ) یەکەمی بانگکردو شیفای بۆ هات، دووەمیش لە تەبووك گەیشتەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) لە گێڕانەوەی زیاد لە ئیبن ئیسحاقەوە هاتووە (طیء) بە دیاری دایەوە بە پێغەمبەر (ﷺ) کاتێ گەڕایەوە بۆ مەدینە.[1]

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢١١) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی جەهجاهی غیفاری هات بۆ لای عوسمان کاتێ لەسەر مینبەر وتاری دەدا، جەهجاه داردەستەکەی لە دەست سەندو پێی دای لە ئەژنۆی‌و ئەژنۆی عوسمان شکاو داردەسەکەش شکا، باری جەهجاه وابوو تا خوا خۆرەی نارد بۆ دەستی‌و بەوە مرد.[2]

---

[1] - (البداية والنهاية ج٨، ص١١)، ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص١٩٠) لە ڕێگەی ئیبراهیمی کوڕی سەعد لە ئیبن ئیسحاق لە زوهریەوەو یەزیدی کوڕی ڕومان‌و عەبدوڵای کوڕی ئەبوبوکرو عاصمی کوڕی عەمری کوڕی قەتادەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

[2] - باوەردی‌و ئیبن سەکن بەو واتایە لێیەوە هێناویانە، وەك (الأصابة ج١، ص٢٥٣) دا هاتووەو دەڵێت لەڕێگەی سولەیمانی کوڕی یەسارەوە بە هەمان شێوە لە (المعمليات) هێناومانە.

ئیبن سکن لەڕێگەی فولەیعی کوڕی سولەیمان لەپوری و باوکی پوری مامی پوریەوە هێناویەتی کە باوکی مامی پوری لای عوسمان بوون، جەهجاهی کوڕی سەعیدی غیفاری هات و داردەستەکەی لێسەند و لەسەر ئەژنۆی داینا و شکاندی، خەڵکی هاواریان لێکرد و عوسمان دابەزی و چوویە ژورەکەی، خوا دەردی نارد بۆ ئەژنۆی غیفاری و باری وابوو تامرد، بەکورتی تەواو.

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢٧) لەعەبدولمەلیکی کوڕی عومەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: یەکێ لە موسڵمانان هات بۆ لای سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص وتی:

نقاتل حتى ينزل الله نصره وسعد بباب القادسية معصم

فأبنا وقد امن نساء كثيرة ونسوة سعد ليس فيهس ايم

سەعد ئەوەی بیست و دەستەکانی بەرزکردەوە و وتی خوایە دەمودەستی لە من دووربگرە بەو جۆرەی خۆت دەتەوێت، ڕۆژی قادسیە دەست و زمانی بڕدرا و کوژرا.

تەبەرانی لە قوبەیعەی کوڕی جابرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئامۆزایەکمان ڕۆژی قادسیە پێی وتن دوو دێڕەکە دێنێ، بەڵام لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: مەگەر نابینی خوا سەرکەوتنی بۆ دابەزاند، سەعد ئەو قسەی بیستەوە و وتی: زمان و دەستی لە ئیش کەوێ، تیرێ هات و دای لە دەمی و وسبوو، پاشان لە شەڕدا دەستی بڕا، وتی بمبەنە بەر دەرگا، هەڵگیردرا برایە بەر دەرگا، پشتی دەرخست کە دەرد گرتبووی هەواڵی پۆزشی بە خەڵکی داو خەڵکی گەردنیان ئازادکرد، بەڵام سەعد ئامادەنەبوو لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: شەڕدەکات تاخوا سەرکەوتنی دادەبەزێنێ هەروەها هاتووە: دەستی بڕا و کوژرا.[1]

پێشتر نزای سەعدمان هێنا دژ بەوەی کە قسەی وت بە عەلی و تەلحە و زوبێر، ئەویش لە فەرموودەکەی عامری کوڕی سەعدی تەبەرانی کە تیایدا هاتووە: ئاژەڵێ

[1]- (هەیثەمی ج٩، ص١٥٤) دەڵێت تەبەرانی بە دوو سەنەد هێناویەتی و سەنەدێکیان کەسەکانی جێی متمانەن.

هات و خەڵکی ڕێیان کردەوەو ئەویش دای بە سەریدا. هەروەها نزای دژ بەوەی قسەی بە عەلی وت دەل لە فەرموودەکەی قەیسی کوڕی ئەبو حازمدا هاتووە تیایدا دەڵێت: بەخوا بڵاوەمان کرد تا ئاژەڵەکەی بە ڕوویدا لایداو فڕێیدا بەسەر ئەو بەردانەداو مێشکی پرژاو مرد. ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص٢٦) لەفەرموودەی سەعیدی کوڕی موسەیبەوە بەردەوام لە نێوان زەوی و سنگیدا تلی دەدا تا پچڕاندی. سەعیدی کوڕی موسەیب دەڵێت: بینیم خەڵکی بەرەو لای سەعد دەچوون و دەیانوت: وڵامدانەوەکەی پیرۆزە وەرگیرا.

ئیبن عەساکیر لە ئیبن شەوزە بەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیبن عومەر بیستی زیاد بەرەو حیجاز دەهات، ئیبن عومەر حەزی نەکرد لەنێو دەسەڵاتیدابێت، وتی خوایە تۆ بۆ کوشتن کەفارەتت داناوە بۆ هەربەندەیەکت بتەوێ دەی مەرگێ بۆ ئیبن سومەییە نەوەك کوشتن، بەوە تاعونێ تووشی پەنجەی زیاد بوو ڕۆژی هەینی نەهات تامرد.[1]

تەبەرانی لە ئیبن وائیلی کوڕی عەلقەمەوە هێناویەتی بینی لەوێ چی هەیە کەسێ هەستاو وتی ئایا حوسەینتان لەنێودایە؟ وتیان بەڵێ، وتی موژدەی دۆزەخی بدەنێ، ئەویش وتی دڵم خۆشە بەپەروەردگارێکی میهرەبان و شەفاعەتکارێکی گوێڕایەڵکراو، وتیان تۆ کێیت؟ وتی من ئیبن جوەیرە یان ئیبن جوەیزەم، حوسەین وتی خوایە بەرەو دۆزەخی بەرە- ئەوکات ئاژەڵەکەی فڕێداو پێی بەولاخەکەوە مایەوە بەخوا تەنها پێی مایەوە، هیچی نەما.[2]

[1] - لە (المنتخب ج٥، ص٢٣١) دا واهاتووە.

[2] - هەیثەمی ج٩، ص١٩٣) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەتای کوڕی سائیب هەیە کە جێی متمانەیە، بەڵام شت تێکەڵ دەکات.

تەبەرانی لە کەلبییەوە هێناویەتی دەڵێت: کەسێ تیری وەشاند بۆ حوسەین کاتێك ئاوی دەخواردەوە، بەدوای ئەوەدا هەردوو لای دەمی لەئیش کەوت، حوسەین وتی تینوێتیت نەشکێنێ، کابراش ئاوی خواردەوە تا سکی تەقی.[1]

تەبەرانی لە پەردەداری عوبەیدوڵای کوڕی زیادەوە هێناویەتی دەڵێت: لە پشت عوبەیدوڵای کوڕی زیادەوە چوومە کۆشك دوای ئەوەی حوسەین کوژرا ئاگرێ بەڕوویدا هات و ئاوا دەهات بەدەموچاویداو وتی بینیت؟ منیش وتم بەڵێ فەرمانی پێکردم ئەوە بشارمەوە.[2,3]

تەبەرانی لە سوفیانەوە هێناویەتی دەڵێت: دایکی باوکم (دایەگەورەم) وتی: دوو کەس لە جەعفیەکان لە کوژرانی حوسەینی کوڕی عەلیدا ئامادەبوون، یەکێکیان زۆر باسیدەکرد تا ئامێری تەناسولی درێژ بووبوو و لوولی دەکرد، ئەوی دیکەش هەموو دەخواردەوە. سوفیان دەڵێت: کوڕی یەکێکیانم بینی عەقڵی تێکچووبوو لە شێت دەچوو.[4]

---

[1] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٣) دەڵێت کەسەکان جێی متمانەن.

[2] – ضعیف.

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٦) دەڵێت: پەردەداری عوبەیدوڵا ناناسم و کەسەکانی دیکەی سەنەدەکە جێی متمانەن.

[4] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٧) دەڵێت: کەسەکان تا دایەگەورەی سوفیان جێی متمانەن. لە ئەعمەشیشەوە هێناویەتی کەسێ لەسەر گۆڕی حوسەین پیسی کرد، بەوە گێژی و شێتی و پەردەپێست (گەڕوگولی) هەژاری تووشی ئەو بنەماڵبوو. کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن وەك (هەیثەمی ج٩، ص١٩٧) دەڵێت.

(بە کوژرانی هاوەڵان چی گۆڕان لە سیستەمی جیهاندا ڕوویدا)

ئیبن عەساکیر لە ڕەبیعی کوڕی عوسەیتەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگەڵ (عەمری کوڕی عاصدا) بوو لەماڵی یەککرتندا، ئەوکات دەگەڕانەوە خوێنی تەڕیان لادەباری، ڕەبیعە دەڵێت: بینیم قاپم دەگرت پڕدەبوو لە خوێنی تەڕ، خەڵکی وایانزانی ئەو خوێنە خوێنی یەکترە، عەمری کوڕی عاص هەستاو سوپاس و ستایشی خوایکرد بەو جۆرەی شیاویەتی دواتر وتی ئەی خەڵکینە: نێوانی خۆتان و خوا چاك بکەن هیچ زیانتان پێناگەیەنێت با تەنانەت ئەو دوو شاخەش بە یەکدا بدەن.[1]

تەبەرانی لە زوهریەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدولمەلیك پێی وتم: تۆ کێیت ئەگەر هەر نیشانەیەکی ڕۆژی کوژرانی حوسەینت لایە پێم بڵێ؟ منیش وتم: لە بەیتولمەقدیس هەر بەردێ بەرزبکرایەتەوە ژێرەکەی خوێنی تەڕبوو، عەبدولمەلیك پێی وتم: من و تۆ لەم قسەدا نزیکی یەکین.[2]

تەبەرانی لەزهریەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی کوژرانی حوسەینی کوڕی عەلی لە شاخ هەر بەردێ بەرزبکرایەتەوە ژێری خوێن بوو.[3]

تەبەرانی لە ئوم حەکیمەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەو ڕۆژەی حوسەین کوژرا من کەنیزەك بووم، ئاسمان چەند ڕۆژێ وەك پارچەخوێن مایەوە. (هەیثەمی ج٩، ص١٩٧) دەڵێت: کەسەکانی تا ئوم حەکیم صەحیحن.

تەبەرانی لە ئوم قبیلەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ حوسەینی کوڕی عەلی کوژرا ئاسمان داگیرانێکی نواند تا لە نیوەی ڕۆژدا هەسارە دەرکەوتن تا واماندەزانی لەبەرئەوەیە[1].

---

[1] – لە (کنزالعمال ج٤، ص٢٩١) دا هاتووە دەڵێت سەنەدەکەی صەحیحە.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص٧٩) دەڵێت: کەسەکان جێی متمانەن.

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٦) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

(شیوەنی جنۆکە لەسەر کوژرانیان)

(حاکم ج٣، ص٩٤) لە مالیکی کوڕی دینارەوە هێناویەتی دەڵێت: لە شاخی (تبالة) لە کاتی کوژرانی عومەری کوڕی خەتتاب دەنگێ بیسترا دەیوت:

لبيك على الأسلام من كان باكيا — فقد اوشكو هلكى وما قدم العهد

وادبرت الدنيا وادبر خيرها — وقد ملها من كان يوقن بالوعد

سەیریانکرد هیچیان نەدی.

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٠) لە مەعروفی موصڵیەوە هێناویەتی دەڵێت: ڕۆژی پێکرانی عومەر دەنگێ بیسترا- بە هەمان شێوە هێناویەتی-.[٢]

(ئیبن سەعد ج٣، ص٣٧٤) لە عائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: شەو دەنگێکم بیست بۆ عومەر دەگریا، ئەو دەنگەم بە دەنگی مرۆڤ نەدەزانی دەیوت:

جزى الله خيرا من امير وباركت — يدالله فى ذاك الأديم الممزق

فمن يمش او يركب جناحى نعامة — ليدرك ماقدمت بالأمس يسبق

قضيت الأمور ثم غادرت بعدها — بوائق فى اكمامها لم تفتق

هەروەها لە سولەیمانی کوڕی یەسارەوە هێناویەتی جنۆکە ئەم شینەیان دەکرد لەسەر عومەر:

عليك سلام من امير وباركت — يدالله فى ذاك الأديم المغرق

قضيت الأمور ثم غادرت بعدها — بوائق فى اكمامها لم تفتق

فمن يسع او يركب جناحة النعامة — ليدرك ماقدمت بالأمس يسبق

ابعد قتيل بالمدينة اظلمت — له الأرض تهتز العضاة بأشوق

---

[١]- (هەیثەمی ج٩، ص١٩٧) دەڵێت سەنەدەکەی حەسەنە. ئیبن کەثیر لە (البداية والنهاية ج٨، ص٢٠١) دا هەموو ئەو فەرموودانەی بە لاواز داناوە جگە لە فەرموودەی یەکەم و هەوو ئەوانەی بە دانراوی داناوە خواش زاناترە.

[٢] – تەبەرانی لەمەعروفەوە هێناویەتی وەك لە (المجمع ج٩، ص٢١٠). دا هاتووە.

ئەبو نەعیم لە (الدلائل ص٢١٠) لەعائیشەوە هێناویەتی دەڵێت: دوای سێ ڕۆژ جنۆکە لەسەر عومەری کوڕی خەتاب دەگریان ئینجا بەبێ ڕیزبەندی پێشتر ئەو چوار دێڕە شیعرە دێنێ و ئەوەشی بۆ زیادکردووە

فلقاك ربی فی الجنات تحیة   ومن كسوة الفردوس مالم یمزق

تەبەرانی لە ئوم سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم جنۆکە شیوەنیان دەکرد لەسەر حوسەینی کوڕی عەلی.[1]

تەبەرانی لە ئوم سەلەمەوە هێناویەتی دەڵێت: لە مردنی پێغەمبەرەوە (ﷺ) شیوەنی جنۆکەم نەبیست جگە لە شەوێ کە وابزانم شەوی کوژرانی کوڕەکەم بوو– واتە حوسەین– ئوم سەلەمە بە کەنیزەکەکەی وت: بڕۆ پرسیار بکە ئەویش هەواڵی وەرگرت کە حوسەین کوژراوە، چونکە شیوەنیان دەکردو دەیان وت:

الا یاعیب فاحتفلی بجهدی   ومن یبكی علی الشهداء بعدی
علی رهط تقودهم المنیا   إلی متجبر فی ملك عبد[2]

(لەمەیمونەشەوە) هێناویەتی دەڵێت: بیستم جنۆکە لەسەر حوسەینی کوڕی عەلی شیوەنیان دەکرد.[3]

(بینینی پێغەمبەر (ﷺ) لە خەودا)

(ئیبن سەعد ج٣، ص٣٣٢) لە ئەبو موسای ئەشعریەوە هێناویەتی دەڵێت: لە خەومدا ڕێگە گەلێکی زۆرم گرتەبەرو لێم ئاڵۆزبوو تا یەکیان مایەوە، گرتمە بەر تا

---

[1] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٩) کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٩) دەڵێت لە سەنەدەکەدا عەمری کوڕی ثابتی کوڕی هورمز هەیە کە لاوازە، تەواو

[3] – (هەیثەمی ج٩، ص١٩٩) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن. تەواو.

گەشتمە لای شاخێك، پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر شاخەکەو ئەبوو بەکریش لە لایەوە بوو، ئاماژەی دەکرد بۆ عومەر وەرە، منیش وتم ﴿إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ﴾ بەخوا ئەمیری باوەڕداران دەمرێ، وتم: بۆچی ئەم هەواڵە نانووسی بۆ عومەر؟ ئەویش وتی: هەواڵی مەرگی بە خۆی نادەم.

(حاکم ج٣، ص٩٩) لە کەثیری کوڕی صەلتەوە هێناویەتی دەڵێت: عوسمانی کوڕی عەففان لە ڕۆژی کوژرانیدا خەوت و بێداربوویەوەو وتی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبێت خەڵکی بڵێت عوسمان حەزی لە فیتنەیە بۆم دەگێڕانەوە، وتمان خوا بارت چاك دانێ بۆمان بگێڕەوە ئێمە وەك خەڵك ناڵێین، وتی: من لەم خەومدا پێغەمبەر (ﷺ)م بینی فەرمووی: تۆ هەینی لەگەڵمان دەبیت[1][2].

حاکم (ج٣، ص١٠٣) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی عوسمان بەیانی هەستاو وتی: لە خەوی ئەمشەومدا پێغەمبەرم (ﷺ) بینی فەرمووی عوسمان لای ئێمە ڕۆژ بکەرەوە، عوسمان بە ڕۆژوو بووە، ئەو ڕۆژە کوژرا.[3]

ئیبن سەعد (ج٣، ص٧٤) لە نافعەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی، عەبدوڵڵاو ئەبو یەعلاش کە موسلیم ئەبو سەعیدی مەولای عوسمانی کوڕی عەففانەوە هێناویانە عوسمانی کوڕی عەففان بیست بەندەی مەملوکی ئازادکردو داوای

---

[1] – صحيح.

[2] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیانهێناوە. زەهەبی دەڵێت صەحیحە. (ئیبن سەعد ج٣، ص٧٥) لە کەثیرەی کوڕی صەلتەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی و ئەوەشی زیادکردووە (ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەینی بوو) ئەبو یەعلا بە هەمان شێوە هێناویەتی و (هەیثەمی ج٧، ص٢٣٢) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا لە ئەبو عەلقەمەی مەولای عەبورەحمانی کوڕی عەوف هەیە کە نایناسم و کەسەکانی دیکەی سەنەدەکەی جێی متمانەن.

[3] – حاکم دەڵێت: ئەم فەرموودە سەنەدی صەحیحەو بوخاری و موسلیم نەیانهێناوەو زەهەبی دەڵێت صەحیحە. ئەبو یەعلاو بەزار بەهەمان شێوە هێناویانە، وەك لە (المجمع ج٧، ص٢٣٢) دا هاتووە.

شەڕواڵی کردو کردیە بەری کە پێشتر لەسەردەمی جاهیلی و ناو ئیسلامیشدا نەیکردبوویە بەری، وتی دوێنێ شەو لەخەومدا پێغەمبەر (ﷺ) ئەبو بەکرو عەمەرم بینین، پێیان وت خۆڕابگرە، چونکە شەوی داهاتوو لای ئێمە ڕۆژوو دەکەیتەوە، پاشان داوای قورئانێکی کردو لەبەر دەستیدا کردیەوەو کاتێ کوژرا قورئانەکە لەبەر دەستیدابوو.[1]

عەدەنی لە حەسەن و حوسەینەوە هێناویەتی عەلی وتی: لە خەومدا خۆشەویستم واتە پێغەمبەر (ﷺ) بینی لەلای سکاڵام کرد کە بەدەست خەڵکی عێراقەوە دوای ئەو چیم توشبووە، ئەویش بەڵێنیدا بەزوویی لەدەستیان دەربازبم، تەنها سێ ڕۆژ مایەوە.

ئەبو یەعلا لە ئەبو صالح لە عەلیەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەرم لە خەودا بینی سکاڵام لاکرد کە بەدەست ئوممەتەکەیەوە تووشی درۆ ئازاربووم و گریام، پێی فەرمووم: ئەی عەلی مەگری و لابکەرەوە. لامکردەوە دوو کەس دەبەسترانەوەو بەردی گەورە دەدرا بەسەر سەریانداو دووبارە دەبوویەوە.

بەیانی چووم بۆ لای عەلی وەك چۆن ڕۆژانی دیکە دەچووم، تاگەیشتمە (الجزارين) خەڵکیم بینی وتیان ئەمیری باوەڕداران کوژرا، لە (المنتخب ج٥، ص٦١) دا هاتووە.

تەبەرانی لە فەلفەلەی جەعفیەوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم حەسەنی کوڕی عەلی دەیووت: لە خەومدا بینیم پێغەمبەر (ﷺ) پەیوەست بە عەرش بوو ئەبوبەکریش لاچاکی پێغەمبەری (ﷺ) گرتبوو عومەریش لاچاکی ئەبوبوکری گرتبوو، عوسمانیش لاچاکی عومەری گرتبوو لە ئاسمانیشەوە خوێن دەباریە

---

[1]- (هەیثەمی ج٧، ص٢٣٢) دەڵێت کەسەکانی جێ متمانەن. فەرموودەکە چەند ڕێگەیەکی دیکەی هەن کە لە (المجمع والبداية النهاية) هی دیکەدا هاتووە.

سەرزەوی، حەسەن ئەمەی گێڕایەوەو خەڵکی لە شیعەی لەلا بوو، وتیان عەلیت نەبینی حەسەن وتی: کەس نەبوو هەێندەی عەلی حەزبکەم لاچاکی پێغەمبەری (ﷺ) گرتبێ، بەڵام ئمە خەوێ بوو بینیم- فەرموودەکە بە کورتی دێنێ.[1]

ئەبو یەعلا لە حەسەنەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەی خەڵکینە دوێنێ شەو خەوێکی سەرسوڕهێنەرم بینی، لە خەومدا خوای گەورەم بینی لەسەر عەرشەکەی بوو، پێغەمبەر (ﷺ) هات تا لای پایەیەکی عەرش وەستا، ئەبوبەکر هاتو دەستی لەسەر شانی پێغەمبەر (ﷺ) دانا، دواتر عومەر هاتو دەستی لەسەر شانی ئەبوبەکردانا، دواتر عوسمان هاتو دەستی لەسەر شانی عومەر داناو ئەو بە دەستی ئاماژەی کردو وتی خوایە پرسیار لە بەندەکانت بکە لەسەر چی کوشتیان لە ئاسمانەوە دوو بەرگ (جل) (میزاب) خوێناوی کەوتە سەر زەوی بە عەلی وترا: نابێت حەسەن دەگێڕێتەوە؟ وتی ئەوەی دیوویەتی دەیگێڕێتەوە لە گێڕانەوەیەکیشدا حەسەن وتی: دوای خەوی کە بینیومە شەڕناکەم، بە هەمان شێوە دەیهێنێت، بەڵام دەڵێت: عوسمانم بینی دەستی لەسەر عومەر دانابوو خوێن لە خواریانەوە بووە وتم ئەوە چییە وتم خوێنی عوسمانە لای خوا داوادەکرێ.[2]

(خەتیب لە مێژووەکەیدا ج١، ص١٤٢) لە ئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: پێغەمبەرم (ﷺ) بینی لە خەومدا (خەوی نیوەڕۆ) بێزراو دڵتەنگی بوو قاپێکی بەدەستەوە بوو، وتم: ئەوە چیە؟ فەرمووی خوێنی حوسەینە هاوەڵانیەتی ئەمڕۆ بەردەوام خوێنیان کۆدەکەمەوە، سەیرمانکرد لەو ڕۆژەدا حوسەین کوژرابوو.[1][3]

---

[1] – (هەیثەمی ج٩، ص٩٦) دەڵێت: تەبەرانی لە (المعجم الوسیط والکبیر) بە کورتی و بە سەنەدی حەسەن هێناویەتی.

[2] – (هەیثەمی ج٩، ص٩٦) دەڵێت: ئەبو یەعلا بەدوو سەنەد هەمووی هێناوە، لەسەنەدێکدا کەس هەیە کە نایناسم، لە سەنەدەکەی دیکەشدا سوفیانی کوڕی وەکیع هەیە کە لاوازە تەواو.

[3] – ضعیف.

(هاوەڵان خەو بە یەکدیەوە دەبینن)

ئەبو نەعیم لە (االحلیة ج١، ج٥٤) لە عەبباسی کوڕی عەبدولموتەلیبەوە هێناویەتی دەڵێت: من دراوسێی عومەری کوڕی خەتتاب بووم کەسم نەدی لە عومەر چاکتر بێت، شەوی نوێژو ڕۆژی ڕۆژوبوو بەڕێوەبردنی پێویستی خەڵکبوو، کاتێ عومەر مرد داوام لەخوا کرد لەخەومدا عومەرم نیشان بدات لە خەومدا بینیم ڕووی تێکردبووم و لە بازاڕی مەدینەبوو، سەلامم لێکردو سەلامی لێکردم، دواتر وتم چۆنیت؟ وتی باشم، پێموت چیت بەدی کرد. وتی ئێستا لە موحاسەبە بوومەتەوە خەریکبوو دەسەڵاتەکەم بمخات ئەگەر ئەوە نەبووایە کە پەروەردگارێکی میهرەبانم بەدیدەکرد.

(ئیبن سەعد ج٢، ص٣٧٥) لە عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەر خۆشەویستی نزیکم بوو کە مرد ماوەیەك لە خودا پاڕامەوە لە خەودا عومەر ببینم، لەو ماوەدا بینیم عارەقی بەنێو چاوانیەوە دەسڕی، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران پەروەردگارت چی پێکردیت؟ وتی ئێستا لە موحاسەبە لێبوومەوە خەریکبوو دەسەڵاتەکەم بمخات ئەگەر ئەوە نەبوایە بە پەروەردگاری بەسۆزو میهرەبانم گەیشتم.

ئیبن سەعد (ج٢، ص٣٧٥) لەئیبن عەبباسەوە هێناویەتی دەڵێت: ساڵێك لەخوا پاڕامەوە عومەری کوڕی خەتتاب لە خەودا ببینم، لەخەودا بینیم وتم بە چی گەیشتیت. وتی گەیشتم بە سۆزێکی میهرەبان و ئەگەر میهری ئەو نەبوایە دەسەڵاتم لەناوی دەبردم.

ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٥٤) لە ئیبن عومەرەوە هێناویەتی دەڵێت: خۆشەیسترین شتێ حەزمدەکرد بیزانم باری عومەربوو، لە خەودا کۆشکێکە بینی،

---

[1] – ئین عەبدولبر لە (الأستیحاب ج١، ص٣٨) لە ئیبن عەبباسەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی و ئەوەشی زیادکردووە: قاپێکی بە دەستەوەبوو کە خوێنی تێدابوو.

وتم ئەوە کێیە؟ وتیان بۆ عومەری کوڕی خەتتاب دەبێت، عومەر لە کۆشکەکەدا هاتە دەرو پۆشتەیەکی لەبەر بوو دەتووت تازە خۆی شۆردووە، وتم چیت کرد؟ وتی باش بووم خەریکبوو دەسەڵاتم بمخات ئەگەر بە پەروەردگارێکی لێبووردە نەگەیشتمایە عومەر وتی چەندێکە بەجێهێشتوون وتم: دوانزە ساڵ وتی: ئێستا لە موحاسەبە لێبوومەوە.

ئیبن سەعد (ج٣، ص٣٧٦) لەسالمی کوڕی عەبدوڵاوە هێناویەتی دەڵێت: بیستم لەیەکێ لە پشتیوانان دەیووت: لە خوا پاڕامەوە لە خەودا عومەرم نیشان بدات، دوای دەساڵ بینیم ئارەقی لەتەوێڵی دەسڕی، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران چیت کرد؟ وتی ئێستا لێبوومەوەو ئەگەر پەروەردگارم نەبوایەماڵوێران دەبووم.

ئیبن سەعد (ج٣، ص٣٧٦) لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویەتی دەڵێت: لەگوندی (سقیا) خەوتم و بێئاگابووم لەحەج کە لەخەو هەستا وتی: بەخوا ئێستا عومەرم بینی بە پێدەهات و تا ڕایکردو هات بۆ لای ئوم کلثومی کچی عوقبە کە لام خەوتبوو، بێداری کردەوەو دواتر چوو، خەڵکی چوو بە دواییداو منیش داوای جلەکانم کردو کردمنەبەرم و لەگەڵ خەڵکی چووم بە دوایدا یەکەم کەس بووم پێی گەیشتم، بەخوا ماندووبووم ئینجا گەیشتم پێی، وتم ئەی ئەمیری باوەڕداران بەخوا خەڵکت ماندوکرد، بەخوا هەرکەس پێت بگات دەبێت چاك ماندووبێت بەخوا تەواو ماندو بووم ئینجا پێی گەیشتم، عومەر وتی وانازانم خێرا بووبم، سوێند بەوەی گیانی عەبدوڕەحمانی بە دەستە ئەوە کاروکردەوەکانیەتی.

ئیبن سەعد (ج٤، ص٩٣) لە عەبدوڵای کوڕی سەلامەوە هێناویەتی سەلمان پێی وت: براگیان کاممان پێش هاوەڵەکەی مرد باخەوی پێوە ببینێ، عەبدوڵای کوڕی سەلام وتی: ئایا ئەوە دەبێت؟ وتی بەڵێ، دەروونی باوەڕدار بە زەویدا بە ویستی خۆی دەچێ و دەروونی بێباوەڕیش لەبەندینخانەدایە، سەلمان مرد، عەبدوڵا دەڵێت ڕۆژێ لەنیوەی ڕۆژ لەسەر جێگەیەکم ڕاکشابووم، خەوەنووچکەیەك گرتمی، سەلمانە هاتە خەوم و وتی سەلام و ڕەحمەتی خوات لێبێت، وتم علیکم السلام

ورحمة الله ئەبو عەبدوڵا، شوێنت چۆنە؟ وتی باشەو هەردەم پش بەخوا ببەستە، چونکە بەڕاستی پشت بەستن بەخوا چاکترین شتە (سێ جار ئەوەی وتەوە).

ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٢٠٥) لە موغەیرەی کوڕی عەبدوڕەحمانەوە بە کورتی هێناویەتی. لە گێڕانەوەیەکدا هاتووە: سەلمان مردو عەبدوڵای کوڕی سەلام لە خەویدا بینی، وتی: ئەبو عەبدوڵا چۆنیت؟ وتی باشم، وتی چ کارێکت بەباشتر بینی؟ وتی بینیم پشت بەستن بەخوا شتێکی زۆر سەر سوڕهێنەربوو.[1]

ئیبن سەعد لە (الحلیة جا، ص٢١) لە عەوفی کوڕی مالیکەوە هێناویەتی لە خەودا چادرێکی پێستەو مەرجەیەکی سەفەری بینی و لە دەوری چادرەکە مەڕی مۆڵداو کاوێژی دەکرد، وتم ئەمە هی کێیە؟ وترا هی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفە، وتی چاوەڕێبووین تا دەرچوو، وتی ئەی عەوف ئەمە بەخوا بەهۆی قورئانەوە پێی بەخشین، ئەگەر چوویتە ئەو سەرەوە شتی وات دەبینی کە چاوت نەیدیووەو گوێت نەیبیستووەو بە خەیاڵتدا نەهاتووە، خوای گەورە بۆ ئەبو دەردای ئامادەکردووە، چونکە بە دوو ولاخ و قوربانی خێری کرد.

حاکم (ج٣، ص٢٠٤) لە ڕێگەی واقدی مامۆستاکانیەوە هێناویەتی دەڵێت: عەبدوڵای کوڕی عومەری کوڕی حەرام وتی: لە خەومدا پێش ئوحود بینیم من موبەشری کوڕی عەبدولمەنزر پێی دەوت: تۆ لەم ڕۆژانەدا دێیت بۆ لامان، وتم تۆ لەکوێیت؟ وتی لە بەهەشت تیایدا چۆن بمانەوێت دەگەڕێین پێمووت: مەگەر لە ڕۆژی بەدر نەکوژرایت وتی با، پاشان لە خەو هەستام، ئینجا ئەمەی باسکرد بۆ پێغەمبەر (ﷺ) ئەویش فەرمووی ئەی ئەبو جابر ئەوە شەهیدیە.

[1] - ئیبن سەعد (ج٤، ص٩٣) لە موغەیرەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی.

(بەشی هەژدەهەم)

(هاوەڵان بە چ هۆکارێک سەرکەوتنی غەیبیان بۆ هەبووچۆن پەیوەستی بوون وچاویان لادەدا لە هۆکارە ماددی وخۆشیە لەناوچووەکان)

(خۆڕاگری لەسەر ناخۆشیو سەختیەکان)

بەزار لە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفەوە هێناویەتی دەڵێت: ئیسلام بەبوونی سەختو ناڕەحەتی دابەزی (لەسەری سەختیمان دەچەسپێت) ئێمەش چاکترین خێرو چاکەمان لەناخۆشی بینیو لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) لە مەککە دەرچووینو ئەوەش سەرکەوتنو بڵندی تێدابوو بۆمان . لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ)چووین بۆ بەدر بەو بارەوە کە خوای گەورە باسیکردووە ﴿(وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ {٥} يُجَادِلُونَكَ فِي الْحَقِّ بَعْدَ مَا تَبَيَّنَ كَأَنَّمَا يُسَاقُونَ إِلَى الْمَوْتِ وَهُمْ يَنظُرُونَ {٦} وَإِذْ يَعِدُكُمُ اللّهُ إِحْدَى الطَّائِفَتِيْنِ أَنَّهَا لَكُمْ وَتَوَدُّونَ أَنَّ غَيْرَ ذَاتِ الشَّوْكَةِ تَكُونُ لَكُمْ)﴾ (الأنفال: ٥– ٧) مەبەست لە (الشوكة) قوڕەیشبوو، خوای گەورە بڵندیو سەرکەوتنی پێداین، بەوە لە ناخۆشیەکاندا چاکترین خێرو خۆشیمان دی.[١]

بەیهەقی (لە سونەنەکەیدا ج٩، ص١٧٩) لەموحەمەدی کوڕی ئیسحاقی کوڕی یەسارەوە لە چیرۆکی خالیدی کوڕی وەلیددا کاتێ لە شەڕی یەمامە بوویەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبوبەکری صدیق نامەی نوسی بۆ خالیدی کوڕی وەلید لە یەمامە بوو لە بەندەی خوا ئەبوبەکری خەلیفەی پێغەمبەری (ﷺ) خواوە بۆ خالیدی کوڕی وەلیدو ئەو کۆچەرو پشتیوانانو تابعیانەی بە چاکە لەگەڵیدان، سەلامتان لێبێت، من سوپاسی خوای بێهاوتاتان لەسەر دەکەم، پاشان سوپاس بۆ خوا کە بەڵێنی خۆی بەدیهێناو بەندەی خۆی سەرخستو دۆستی خۆی عیزەتمەندو دوژمنی زەبوون کردو بەتەنها بەسەر ئەحزابدا زاڵیکرد، چونکە خوای بێهاوتا دەفەرمووێت ﴿وَعَدَ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنكُمْ وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُم فِي الْأَرْضِ كَمَا اسْتَخْلَفَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ﴾ (النور: ٥٥).

هەموو ئایەتەکەی نوسیو بەبەڵێنی بێلادانو قسەی بێگومان هێناویەتیو جیهادی لەسەر باوەڕداران فەرزکردووەو دەفەرمووێت ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ

---

[١] – (هەیثەمی ج٧، ص٢٧) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا عەبدولعەزیزی کوڕی عمران هەیە کە لاوازە.

لَكُمْ﴾ تا لە ئایەتەکان بوویەوە، دەی هەوڵبدە بە تەواوی بەڵێنی خواتان بۆ بێت و لە فەرزەکانی سەرشانتاندا گوێڕایەڵی بن با بارگەو پێویستی زۆری بوویێت سەختی زۆربێت و لەوەشدا سامان و گیاندا بێت، چونکە ئەوە لە چاو گەورەیی پاداشتی خوادا کەم و بچووکە، دەی ڕەحمەتی خواتان لێبێت گەورەو بچووك لە ڕێی خودا بە ماڵ و گیانتان جیهاد بکەن، ئایەتەکەی نووسی و وتی فەرمانم کرد بە خالیدی کوڕی وەلید تا بەرەو عێراق بچێ، دەی لا ناکاتەوە تا فەرمانی منی بۆ دێت و ئێوەش لەگەڵی بچن و تەمبەڵی مەنوێنن، چونکە ئەوە ڕێیەکە خوا پاداشتی گەورەی بۆ داناوە بۆ کەسێ نیازی پاك بێ و حەزی بۆ چاکە زۆربێ، ئەگەر چوونە عێراق لەوێ بن تا فەرمانم دێ بۆ تان، خوامان بەسە وریای پێویستیەکانی دنیا و دواڕۆژبن، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته. پێشتریش چیرۆکی هاوەڵانمان هێنا لەسەر خۆڕاگری لەسەر سەختیەکان.

(فەرمان بەجێگەیاندن لەگەڵ جیاوازی ڕوخساردا)

ئەحمەد لە عوتبەی کوڕی عەبد سولەیمەوە هێناویەتی پێغەمبەر (ﷺ) بەهاوەڵانی فەرموو (هەستن شەڕبکەن وتیان بەڵێ ئەی پێغەمبەری خوا، ئێمە وەك بەنی ئسرائیل ناڵێین کە بە موسایان وت ﴿أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُون﴾ بەڵام تۆو پەروەردگارت بچن ئەی موحەمەد ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەجەنگین.[1]

پێشتریش لە باسی جیهاددا وتەی میقداد بەهەمان شێوە لای ئیبن ئەبی حاتەم و ئیبن مەردەویەو جگە لەوانیش هاتووە، هەروەها قسەی سەعدی کوڕی عوبادە کە وتی: سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە ئەگەر فەرمانمان پێبکەیت

[1] - (هەیثەمی ج٦، ص٧٥) دەڵێت کەسەکانی جێی متمانەن.

تاوبدەینە ناو دەریاكان دەچین،ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت ئەسپەكان بەرەو (برك الغماد) ببەین دەیكەین، ئەحمەد لەفەرموودەی ئەنەسەوە قسەكەی سەعدی كوڕی موعاذی هێناوە، ئیبن مەردەویەش لە عەلقەمەی كوڕی وەقاص هێناویەتی: سوێند بەوەی ڕێزداری كردیتو قورئانی دابەزاندە سەرت هەركات بیگریتە بەر من هیچی لەسەر نەزانم (هەردێم) ئەگەر بچیت تا (برك الغماد) لەیەمەن لەگەڵت دێینو وەك ئەوانە نابین كە بەموسایان وت (تۆو پەروەردگارت بچن شەڕبكەن ئێمەش لێرە دانیشتووین) ﴿أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ بەڵام دەڵێین بڕۆ تۆو پەروەردگارت بجەنگن ئێمەش شوێنتان دەكەوین. لەوانەیە بۆ شتێ بچینو خوا شتێكی دیكەی بۆ بێنێتە ڕێ، سەیركە ئەوەی خوا بۆی داناوین بڕۆو چ پەتێكت ویست بیبەستەو چ پەتێكت ویست بیپچڕەو دژی كێ ویستت دوژمنایەتی بكەو لەگەڵ كێ ویستت ئاشتەوایی بكەو لەسامانمان چەندت ویست بیبە، ئەوكات قورئان لەسەر ئەو قسەی سەعد دابەزی ﴿كَمَا أَخْرَجَكَ رَبُّكَ مِن بَيْتِكَ بِالْحَقِّ وَإِنَّ فَرِيقاً مِّنَ الْمُؤْمِنِينَ لَكَارِهُونَ﴾ ئومەوی ئەوەی بۆ زیاد كردووە چیت ویست پێمان ببەخشە، ئەوەی لێمان دەبەیت لامان خۆشترە لەوەی بۆمان بەجێدێڵیت، هەر فەرمانێ بەسەرتدا درا فەرمانمان پێبكە ئێمە شوێن فەرمانت دەكەوین.

(پشت بەستن بە خواو بە درۆخستنەوەی دارودەستەی پووچی)

حارث و خەتیب لە (کتاب النجوم) لە عەبدوڵای کوڕی عەوفی کوڕی ئەحمەدەوە هێناویانە موسافیری کوڕی عەوفی کوڕی ئەحمەد بەعەلی کوڕی ئەبو تالیبی وت: کاتێ لە ئەنبارەوە بەرەو لای خەڵکی نەهرەوان چوو ئەی ئەمیری باوەڕداران لەو کاتەدا مەڕۆ دوای سێ ماوەی تر بڕۆ کە لە ڕۆژ دەچێ، عەلی وتی بۆچی. وتی چونکە گەر ئێستا بچیت خۆت و هاوەڵانت تووشی بەڵا و زیانی سەخت دەبن، ئەگەر لەوکاتەی دیکەدا بچیت کە پێموتیت سەردەکەویت و دەیپێکیت و داوات دەبێ، عەلی وتی: موحەممەد ئەستێرە ناسی نەبوو ئێمەش دوای ئەو بۆمان نیە، ئایا دەزانین چی لە ناو سکی ئەم ئەسپەدا هەیە. وتی گەر بمەوێ دەزانم وتی: هەرکەس بڕوا بەو قسەت بکات بەرامبەر بەقورئان و بێباوەڕە، خوا دەفەرموویێت ﴿إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ﴾ موحوممەد ئەو بانگەشەی تۆی نەدەکرد، تۆ دەڵێیت ڕێنموونی دەکەیت بۆ کاتێ کە هەرکەس سەفەری تیابکات تووشی سەختی دەبێت. وتی بەڵێ، وتی دەی هەرکەس ئەو قسەت بە ڕاست بزانێ خۆی بێباك دەنوێنێ لەوەی خوا لەخراپە لایبدات، دەبێت ئەوەی فەرمانت بەجێدەگەیەنێت کاری دوور لەپەروەردگاری بگرێتەخۆ، چونکە تۆ دەڵێیت ڕێنموونی ئەو بۆ ئەو کاتە ڕزگاری دەکات لەخراپە، دەی هەرکەس بڕوابکات بەو قسەیە هەرگیز دڵنیانەبێت وەك ئەوە نەبێت کە جگە لەخوا هاوەڵ دەگرێ (دڵنیابن هاوەڵی بۆ خوا داناوە) خوایە تەنها ڕێنموونی و خێر لای تۆ هەیە، کابرا ئێمە بە درۆت دەخەینەوە و پێچەوانەت دەبین لەو کاتەدا دەچیت کە تۆ بەخراپی دەزانیت، پاشان ڕوویکردە خەڵك و وتی ئەی خەڵکینە وریای ڕێنماییەکانی ئەو ئەستێرانەبن مەگەر تەنها بۆ ڕێنموونی کاتی تاریکی ناو دەریا و وشکانی، ئەستێرەگەری (فاڵچی و بورجگەرا) وەك بێباوەڕ وایە بەخوا بێباوەڕیش لە دۆزەخدایە، ئەگەر

بیسستم تۆ سەیری ئەستێرەکان (بورجەکان) دەکەیت و ئەوکارە دەکەیت بە هەتایی لە بەندینخانەدا (دەتهێڵمەوەو موچەت دەبڕم تا من دەسەڵاتم هەبێت، پاشان لەو کاتەی خۆیدا چوو بۆ خەڵکی نەهرەوان و کوشتنی (سەرکەوت) پاشان وتی ئەگەر لەوکاتەی ئەودا بچوونایەو سەربکەوتنایە یان زاڵبوونایە خەڵکی دەیوت لەو کاتەدا چوو کە بورجگەرا کە پێی وت موحەممەد ئەستێرە گەرا (بورجگەرا)ی نەبووەو دوای ئەویش ئێمەش نامانەوێت، خوا وڵاتی کیسراو قەیسەرو هەموو شارانی بۆ فەتحکردین، ئەی خەڵکینە پشت ببەستن بە خواو متمانەتان پێی هەبێت بەتەنها خواتان بەسە.[1]

(داوای عیزەتێ کە خوا دەیبەخشێ)

حاکم (ج١، ص٦١) لە تاریقی شەهابەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب چوو بۆ شام و ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاحمان لەگەڵ بوو، هاتن بۆ شوێنی چوونە ناو ئاو عومەر لەسەر وشترێکی بوو، لەسەری دابەزی و گوێرەویەکانی (خوفەکانی) لابردو لەسەر شانی دانان و جڵەوی وشترەکەی گرت و تاوی دایە ناو ئاوەکە، ئەبو عوبەیدە وتی ئەی ئەمیری باوەڕداران تۆ ئەوە دەکەیت گوێەویەکانت لادەبەیت و لەسەر شانت دایدەنێیت و جڵەوی وشترەکەت دەگریت و تاو دەدەیتە ناو دەریا؟ حەزناکەم خەڵکی وڵات بێن وادابنێن (ڕێزت لێبگرن) عومەر وتی: ئۆە، ئەبو عوبەیدە ئەگەر کەسێ جگە لەتۆ ئەوەی بووتایە دەمکردە بەند بۆ ئومەتی موحەممەد (ﷺ)، ئێمە خەڵکێکی زەلیل بووین خوا بە ئیسلام سەر بڵندی کردین، هەرکات لە ڕێگەی ترەوە بۆ عیزەت بگەڕێین خوا زەلیلمان دەکات.[2]

---

[1] - لە (کنزالعمال ج٥، ص٢٣٥) دا هاتووە.

[2]- حاکم دەڵێت ئەو فەرموودە لەسەر مەرجی بوخاری و موسلیم صەحیح و ئەو دوانە نەیانهێناوە، زەهەبی لەسەری کۆکەو دەڵێت لەسەر مەرجی هەردووکیان صەحیحە.

هەروەها لە (ج١، ص٦٢) لە ئیبن شەهابەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ عومەری کوڕی خەتتاب هاتە شام سەربازان هاتن بۆلای و ئەویش جلێك و دووخۆف و مێزەرێکی پێبوو، سەری وشترەکەی گرتبوو بەئاوەکەدا دەیپەڕاندەوە، یەکێ پێی وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران سەربازان بەتریکەکانی شام بەم حاڵەوە بتبینن؟! عومەر وتی: ئێمە خەڵکی بووین خوا بەئیسلام سەر بڵندی کردین بۆیە هەرگیز عیزەت جگە لەو ڕێیە ناخوازین.

(حاکم ج٣، ص٨٢) لە ئیبن شەهابەوە لەئەبو عوبەیدەی جەڕاحەوە هێناویەتی پێی وت: ئەی ئەمیری باوەڕداران شتێکی گەورەت لای خەڵکی ئێرە کرد، گوبێرەویەکانت لابردووەو جلەوی وشترەکەت گرتووەو تاوت داوەتە ناو ئاو، عومەریش بەدەستی دای بەسەر سنگی ئەبو عوبەیدەدا و وتی: ئۆه ئەگەر کەسێ جگە لەتۆ ئەوەی دەوت ئەی ئەبو عوبەیدە ئێوە کەمترین و زەبوونترین خەڵك بوون، خوا بەئیسلام عیزەتمەندی کردن، هەرکات لە جگە لە ڕێی ئسلامەوە بۆ عیزەت بگەڕێن خوا زەلیلتان دەکات.[1]

ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٤٧) لە قەیسەوە هێناویەتی دەڵێت: کە عومەر هاتە شام خەڵکی هاتن بە دەمیەوەو ئەویش لەسەر وشترەکەی بوو، وتیان ئەی ئەمیری باوەڕداران، بەڵکو سورای ئەسپە تورکیەك (برذون) بێت، چونکە خەڵکی دیارو ناسراو بەرەرو ڕووی دێن، ئەویش وتی: لێرەدا (ناتان بینم فەرمان لێرەوەیە- ئاماژەی کرد بۆ ئاسمان دەی واز لە وشترەکەم بهێنن.

ئیبن ئەبی دنیا لە ئەبولعالیەی شامیەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب هات بۆ (جابیە) لەسەر ڕێی ئیلیا، لەسەر وشترێکی ئەسمەر بوو، کە ملی

[1]- ئەبو نەعیم لە (الحلیة ج١، ص٤٧) لە تاریقەوە بە هەمان شێوەو ئیبن موبارەك و هنادو بەیهەقی لە (شعب الإیمان)دا بەهەمان شێوەی لیوەی هێناویانە، وەك لە (المنتخب کنز العمال ج٤، ص٤٠٠) دا هاتووە.

بـۆ خـۆر دەچـەماندەوە کڵاومێـزەری لەسـەر نـەبوو قاچـەکانی لـە نێـوان دووڵای وڵاخەکەیدا بەبێ جێپێ دەهاتن و دەچوون کۆپانی وڵاخەکەی بەرگێکی ئەنبەجانی خوری بـوو، کـە سواردەبوو کۆپـانی بـوو کـە دادەبـەزی ڕاخـەری بـوو، جامتاکـەی بەرگێکی بە گەڵادار پێچراوەبووە کـە سواردەبوو جامتـاو کـە دادەبـەزی و سـەرینی بـوو، بەرگێکـە ڕەق و سـادەی پۆشـیبوو گـەڵاکانی نیـشاندابوو (فـشاری لەسـەر دانـابوو) وتـی: گـەورەتانم بۆ بانگ بکەن ئەوانیش جلومسیان بۆ بانگکرد عومەر وتی جلەکەم بشۆن و بیدورنەوە و جلێکم بە کاتی بۆ بێنن، جلێکی کـەتان هێنـرا، وتـی ئەوەچییە؟ وتیان کـەتان وتـی کـەتان چیە؟ پێیان وت چییە ئەویش جلەکـەی لابردو شۆردراو پینەکراو بۆی هێنرایەوە، عومەر جلەکەی ئەوانی لابـردو جلەکـەی خۆیان کردە بەری، جلومس پێی وت: تۆ پاشـای عـەرەبیت و ئەمـەش وڵاتێکە بۆ وشتر باش نییە، باجلێکی دیکە بپۆشیت و سواری ئەسپە تورکیەکە بێت ئەوە لەبەر چـاوی ڕۆم گـەورەترن نیـشان دەدات عومـەر وتـی: ئێمـە خـەڵکێ بـووین ئیـسلام سەریخستین بۆیە جگە لە خوا لە هیچ لایەکی دیکەوە نامانەوێت، ئەسپەتورکیەکە هێنراو قەتیفەیەکی بەتەنهای لەسەری داناو سورای بوو، وتـی بووەسـتن بووەسـتن نابینم خەڵکە پێش ئەمە سواری شەینان بن، وشترەکەی هێنراوسواری وشترەکەی بوو.[1]

(ڕەچاوو سەرپەرشتی ئەهلی زیممە لە کاتی عیزەتدا)

ئـەبو نـەعیم لـە (الحلیـة ج١، ص٢٠١) دا لـە ئـەبو نوهەیکـەو عەبـدوڵای کـوڕی حەنزەلـەوە هێناویـەتی دەڵێـت: لەگـەڵ سـەلماندا لـە سـوپاکەیدا بـووین سـورەتی مەریەمی خوێند کە سێ قسەی وت بەخۆی و کوڕەکەی دواتر واتـە مەریـەم و عیـسا، ئێمـەش گرتمـان هێنـدەمان لێـدا تـا خوێنـاوی بـوو. ئـەویش هاتـە لای سـەلمان و

[1] – لە (البدایة والنهایة ج٧، ص ٦٠) دا واهاتووە.

سکاڵای کرد، پێشتر لای سکاڵای دەکرد کەسێ کە ستەمی لێکرا لە لای سەلمان سکاڵای کرد سەلمانیش هات‌و وتی: دەی بۆ ئەوەیان بۆ دەخوێنن؟ مەگەر نابیستن خوا دەفەرمووێت ﴿وَلاَ تَسُبُّواْ الَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ اللّهِ فَيَسُبُّواْ اللّهَ عَدْواً بِغَيْرِ عِلْمٍ﴾، پاشان وتی ئەی کۆمەڵی عەرەب مەگەر ئێوە خراپترین ئاین‌و خراپترین شوێن‌و ژیانتان نەبوو تا خوا عیزەتمەندو بەخششی کردن. دەتانەوێ بەعیزەتی خوا بنەونە خەڵك؟ بەخوا وازدێنن یان ئەوەی لەدەستتانە خوا لێتان دەسێنێ‌و دەیدات بەجگە لەئێوە، پاشان فێری کردین‌و وتی لەنێوان دوو نوێژی ئێوارەو عیشا نوێژبکەن، چونکە هەیانە لەحیزبەکەی بارسوکی بۆ دەبێ‌و گەمەی سەرەتای شەوی نامێنێ، چونکە کە گەمەی سەرەتای شەو ویرانکەری (پشکی) ڕۆژی دواییە.

(پەند وەرگرتن لە باری کەسێ کە لە فەرمانی خوا وازیهێناوە)

ئەبو نەعیم لە (الحلية ج١، ص٢١٦) لە جوبەیری کوڕی نەفیرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ قوبرص فەتحکرا لە نێوان خەڵکەکەیدا بلاوەکرا، خەڵکی بۆ یەکدی دەگریان‌و سەیرمکرد ئەبو دەردا دانیشتبوو بەتەنها دەگریا، وتم ئەبو دەردا بۆچی لەڕۆژێکدا خوا ئیسلام‌و موسڵمانانی سەر خستووە دەگرێت؟ وتی هاوار بۆت ئەی جوبەیر، بەندە لای خوا چەند سوکن ئەگەر فەرمانی واز لێبهێنن، ئەم گەلە زاڵ‌و دەسەلاتدارو بەتوانا بوون، وازیان هێنا لە فەرمانی خوا تا ئاوایان لێهات کە دەبینین ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ٣١٨) لە جوبەیرەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی‌و ئەوەشی بۆ زیاد کردووە (خوا سەبیەکانی زاڵکردن، ئەگەریش خوا سەبیەکانی (دیلەکانی) بەسەر خەڵکێکدا زاڵکرد ئەوە خوا هیچ پێویستیەکی پیان نییە.

(نیازپاکی بۆ خواو ویستی ڕۆژی دوایی)

ئیبن جەریر لە ئیبن ئەبی مەریەمەوە هێناویەتی دەڵێت: عومەری کوڕی خەتتاب دای بەلای موعاذی کوڕی جەبەلدا وتی: بڵندی ئەم ئوممەتە چییە؟ موعاذ سێ شتن کە ڕزگارکەرەکانن، نیازپاکی فیترەتێکە کە خوا بۆ خەڵکی داناوە، نوێژ کە میللەتە، گوێڕایەڵی کە پاکییە، عومەر وتی ڕاست دەکەیت، کاتێ چوو موعاذ وتی: ئەو قسەت لە هی ئەوان باشترە دوای تۆش ناکۆکیەك دەبێتو تەنها شتێکی کەم دەمێنێتەوە.[1]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢٨) لە ئەبو عەبدەی عەنبەریەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتی موسڵمانان هاتنە مەدائینو دەسکەوتیان کۆکردەوە کەسێ قاپێ بۆنی خۆشی هێناو دای بە بەرپرسی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان، ئەوانەی لەگەڵی بووین وتیان هەرگیز شتی وامان نەدیوە لای ئێمە دەستکاری نەدەکرد ولێی نزیك نەدەبوویەوە، وتیان هیچت لێبرد؟ وتی بەخوا ئەگەر خوا نەبوایە بۆم نەدەهێنان ئەوکات زانییان ئەم کابرا شانو شکۆیەکی هەیە، وتیان تۆ کێیت؟ وتی بەخوا پێتان ناڵێم تا سوپاسم بکەنو بۆ خەڵکی دیکەشی باس ناکوم تا جگە بە گەورە سەیرم بکەن، بەڵکو سوپاسی خوا دەکەمو بەپاداشتی ئەو ڕازیم، ئەوانیش کەوتنە شوێنی تا گەیشتنە لای هاوەڵانی، پرسیاریان لەسەر کرد، وتیان عامری کوڕی عەبد قەیسە، ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢٨) لە ڕێگەی سەیف لە موحەممەدو تەلحەوە جگە لەوانیشەوە هێناویەتی دەڵێن: سەعد وتی: سوپاس سپاردەیەو ئەگەر بۆ خەڵکی بەدر پێشینە نەبوایە دەمووت.

ئیبن جەریر لە مێژوەکەیدا (ج٣، ص١٢٨) لە جابری کوڕی عەبدوڵاوە هێناویەتی دەڵێت: سوێند بەو خوایەی جگە لەو هیچ پەرستراوێ نیە، هەرکەس لە خەڵکی قادسیەمان نەدیوە لەگەڵ ڕۆژی دواییدا دنیایشیان بوێت، ئێمەش کەسمان

[1] - لە (کنزالعمال ج٨، ص٢٢٦) دا واهاتووە.

تۆمەتبارکرد کەچی کەسمان نەدی وەك ئەوانەی هەڵمەتمان بردە سەر هێندەی سپاردەی ئەوانو کەنارگیری دنیای ئەوان چاك بێت، ئەوانیش بریتیبوون لە تولیعەی کوڕی خوەیلدو عەمری کوڕی مەعدیە کربو قەیسی کوڕی مەکشوع.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص١٢٨) لە قەیسی عەجلیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ شمشێرەکەی کیسراو شتە پازێنەرەکانی هێنران بۆ لای عومەر وتی: خەڵکانێ ئەمانەیان هێناوە تەواو سپاردەکار بوون، عەلی وتی تۆ دەستپاك بوویت خەڵکیش دەست پاك دەبن.

(داوای سەرکەوتن لای خوا بە قورئانو زیکرەکان)

ئیبن عەبدولحەکەم لەزەیدی کوڕی ئەسلمەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێك لەسەر عومەری کوڕی خەتتاب دواکەوت عومەر نامەی نوسی بۆ عەمری کوڕی عاص. پاشان سەرم سوڕما دواکەوتنتان لەفەتحی میسر چەندساڵێکە شەڕیان لەگەڵ دەکەنو ئەمەش نەبوو تا ئەوکاتەی بیدعەتان ئەنجامداو ئەو بەشەی دنیاتان خۆشویست کە دوژمنتان حەزی لێیە، خوای گەورە تەنها نیازی راست سەردەخات، من چوار کەسم بۆ ناردویتو پێموتوویت هەرکامیان لە جێی هەزار کەسە بەوەی من دەیزانم، ئەگەر ئەم نامەی منت بۆ هات وتار بدەو هانیان بدە لەسەر شەڕی دوژمنیانو گەرمیان بکە لەسەر خۆڕاگریو نیازپاکی، ئەو چوار کەسە بخەرە ناو خەڵكو فەرمان بکە خەڵکی وەك دەستی کەس بن بۆیان، با ئەو ڕۆژە لە کاتی خۆرلادانی ڕۆژی هەینی بێت، چونکە ئەوە کاتێکە تیایدا ڕەحمەت دادەبارێو کاتی گیرابوونی نزاو نوێژە، با خەڵکی هاوار بەرنە لای خواو داوای سەرکەوتنی دژ بە دوژمنی لێبکەن) عەمر کە نامەکەی پێگەیشت وتاری دا بۆ خەڵكو نامەکەی بۆ خوێندنەوە، پاشان ئەوکەسانەی هێنا پێش خەڵکی خستنو فەرمانیکرد خەڵکی

ده‌ستنوێژ بگرن و دوو ڕکات نوێژ بکه‌ن و دواتر به‌ره‌و لای خوا بگه‌ڕێنه‌وه‌و داوای سه‌رکه‌وتنی لێبکه‌ن، خواش فه‌تحی پێ به‌خشین.

ئیبن عه‌بدولحه‌که‌م له‌ عه‌بدوڵلای کوڕی عاصه‌وه‌ هێناویه‌تی که‌ فه‌تحی میسری لێ دواکه‌وت نامه‌ی نووسی بۆ عومه‌ری کوڕی خه‌تتاب و داوای یارمه‌تی لێکرد ئه‌ویش چوار هه‌زار که‌سی نارد بۆ هه‌ر هه‌زار که‌سێك یه‌کێ له‌ که‌سی دانا، عومه‌ری کوڕی خه‌تتاب نامه‌ی نووسی من چوار هه‌زار که‌سم ناردووه‌ بۆ هه‌ر هه‌زارکه‌سێکیان که‌سێك هه‌یه‌ که‌ له‌ جێی هه‌زار که‌سه‌، زوبه‌یری کوڕی عه‌وام و میقدادی کوڕی ئه‌سوه‌دی کوڕی عه‌مرو عوباده‌ی کوڕی صامت و مه‌سله‌مه‌ی کوڕی موخه‌لله‌ده‌ بزانه‌ دوانزه‌ هه‌زار که‌سیان له‌گه‌ڵه‌و له‌ که‌میه‌وه‌ نییه‌ که‌ به‌رامبه‌ر دوانزه‌ هه‌زار که‌س سه‌ربکه‌ون.[1]

له‌ (کنزالعمال ج٣، ص١٤٥) له‌ باسی خیلافه‌تی ئه‌بوبه‌کردا هاتووه‌و باسی ده‌رچوونی له‌ عیاضی ئه‌شعه‌ریه‌وه‌ ده‌ڵێت: به‌شداری یه‌رموك بووم و پێنج سه‌رکرده‌ی تێدابوو: ئه‌بو عوبه‌یده‌و یه‌زیدی کوڕی ئه‌بو سوفیان و شه‌رحه‌بیلی کوڕی حه‌سه‌ن و خالیدی کوڕی وه‌لید و عیاض. (عیاض ئه‌مه‌یان فه‌رمووده‌که‌ی نه‌گێڕاوه‌ته‌وه‌).

وتی: ئه‌گه‌ر شه‌ڕبوو له‌گه‌ڵ ئه‌بو عوبه‌یده‌بن، ئێمه‌ش نامه‌مان بۆ نووسی مه‌رگ به‌ ڕووماندا هاتووه‌و داوای یارمه‌تیمان لێکرد، ئه‌ویش نامه‌ی بۆ نوسین: نامه‌که‌تانم بۆ هات که‌ داوای یارمه‌تیم لێده‌که‌ن و منیش له‌وه‌ عیزه‌تمه‌ندتر بۆ سه‌رکه‌وتن و ئاماده‌سازتر بۆ سه‌ربازانی خواتان پێده‌ڵێم و به‌وه‌وه‌ هیوای سه‌رکه‌وتن بخوازن، له‌ ئه‌شعه‌ریه‌وه‌ به‌ هه‌مان شێوه‌ هێناویه‌تی، به‌ڵام ده‌ڵێت: عومه‌ر وتی: ئه‌گه‌ر شه‌ڕتان له‌سه‌ربوو- له‌ کۆتاییه‌که‌شدا شه‌ڕمان له‌گه‌ڵ کردن و تا چوار فه‌رسه‌خ دوورمان خستنه‌وه‌و سامانێکمان ده‌سکه‌وت و ڕاوێژمانکرد. عیاض

[1] – له‌ (کنزالعمال ج٣، ص١٥١) دا واهاتووه‌.

ڕاوێژی پێکردین بۆ هەرکەسێ دەیبەخشین، ئەبو عوبەیدە وتی کێ بە ئەسپەکەی کێبڕکێم لەگەڵ دەکات؟ گەنجێ وتی من ئەگەر تووڕەنەبیت، پێشیکەوت و بینیم دووپرچی ئەبو عوبەیدە دەتەکان و ئەویش لە پشتیەوە هیچی لە ژێر نەبوو.[1]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ٤٧) لە ڕێگەی سەیف لە موحەمەدو تەلحەو زیادەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ سەعد نوێژی نیوەڕۆی کرد فەرمانیکرد بەو غولامەی کە عومەری پەیوەست کردبوو لەگەڵی بێت- کە لە قورئان خوێنانی بوو- تا سورەتی جیهاد بخوێنێ، موسڵمانان هەموویان فێری دەبوون ئەویش خوێندی بەسەر ئەو دەستەیدا کە لەگەڵی دەهاتن دواتر لەهەموو دەستەو کەتیبەکاندا خوێندراو دڵ و چاوی موسڵمانان خۆی نەگرت و لەگەڵ قورئان خوێندنەکەیدا ئارامییان دەدی لەڕێگەی سەیف لەحلام لەمەسعودی کوڕی خراشەوە فەرموودەکە دێنێ و تیایدا دەڵێت: سەعید فەرمانی کرد بەخەڵکی سورەتی جیهاد بەسەر یەکدیدا بخوێنن- خەڵکی خۆیان فێری سورەتی جیهاد کرد.

ئەبو نەعیم لە المعرفة وئیبن مندە لەئیبراهیمی کوڕی حارثی تەمیمەوە هێناویانە دەڵێت: پێغەمبەر (ﷺ) بەسریەکەیەوە ئێمەی ناردو فەرمانی پێکردین کە ئێوارەو بەیانی هات ئەمە بڵێین (افحسبتم انما خلقناکم عبثا) ئێمەش خوێندمان و بەسەلامەتی خۆشمانەوە دەسکەوتەکانمان بۆ بوو.[2]

---

[1]- (هەیثەمی ج٦، ص٢١٣) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکەی صەحیحن، ئیبن کەثیر لەتەفسیرەکەیدا (ج١، ص٤٠٠) دەڵێت سەنەدەکەی صەحیح، ئیبن حبان لەصەحیحەکەیدا هێناویەتی و زیائی مەقدیسی لەکتێبەکەیدا هەڵیبژاردۆتەوە.

[2] - لە (کنزالعمال ج٢، ص٣٢٧) دا هاتووە لە (الأصابة ج١، ص٥) دا بۆ ڕێگەو سەنەدی ئیبن مندە دەڵێت گرفتی لەسەر نیە.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج۳، ص٤٧) لەڕێگەی سەیف لەموحەممەدو تەلحەو زیادەوە بەسەنەدەکانیان هێناویەتی دەڵێت: سەعد وتی: پەیوەستی شوێنو هەڵوێستان بنو هیچ مەجوڵێن تا دەگەنە نیوەڕۆ، کە نوێژی نیوەڕۆتان کرد من الله اکبرێك دەکەمو ئێوەش بیڵێنو ئامادەبن، موسڵمانان، الله اکبر بە کەسی پێش ئێوە نەدراوە، بزانن ئێوە لەسەر دووپاتکردنەوەو پاڵپشتی لێتان پێتان دراوە، پاشان ئەگەر الله اکبری دووەمتان بیست ئێوەش بیڵێنو هەمووشتان با ئامادەبن، پاشان کە الله اکبری سێیەمم کرد ئێوەش بیڵێنو پاشان باسوارەکانتان بەناو خەڵکدا چالاك بن تا بجەنگنو دوژمن ڕاوەدو بنێن. کە الله اکبری چوارەمم کرد هەموو بکشێن تا لەگەڵ دوژمنتان تێکەڵ دەبنو بڵێن (لاحول ولا قوة إلا بالله).[١]

لە ڕێگەی سەیف لە موحەممەدو تەلحەو زوبێرو زیادەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێك قورئان خوێنان لێبوونەوە سەعد الله اکبری کردو ئەوانەی دەوریشیو خەڵکی دیکەش بە دەنگی ئەوان الله اکبریان کرد، خەڵکی هەستانو جوڵانو کە الله اکبریان کرد سێیەم دەستەی فریاکەوتنەکان (پێشڕەوان) دەرکەتنو شەڕیان هەڵگیرساند.

---

[١] – لەڕێگەی سەیف لە عەمری کوڕی ڕیان لە موصعەبی کوڕی سەعدەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

(هەوڵی سەرکەوتن بە تاڵە مووی پێغەمبەر (ﷺ))

تەبەرانی لە جەعفەری کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەکەمەوە هێناویەتی خالیدی کوڕی وەلید لە ڕۆژی یەرموك کلاوێکی (قلنسوة)ی لە دەستدا، وتی بۆی بگەڕێن، بەڵام نەیاندۆزیەوە، وتی بۆی بگەڕێن، ئەمجارە دۆزیانەوە سەیریانکرد قلنسوەیەکی دڕاوو کۆنە، خالید وتی پێغەمبەر(ﷺ) عەمرەی کردو سەری تاشی و خەڵکی هەڵپەیان بوو بۆ تاڵە مووەکانی. من پێشیان کەوتمو لە لایەوە کردمە ناو ئەم کلاوە، دوای ئەوە هەر شەڕێکم کردبێ و ئەم قلنسوەم پێبووبێت سەرکەوتنم پێبەخشراوە.[1]

جەعفەریش فەرموودەی لە کۆمەڵێ هاوەڵی بیستووەو نازانم ئایا لە خالیدی بیستووە یان نا، تەواو.[2]

لە (کنزالعمال ج٧، ص٣١) لە عەبدولحەمیدی کوڕی جەعفەر لە باوکیەوە هاتووە دەڵێت: مووی پێغەمبەر (ﷺ) لە ناو کلاوەکەی (قلنسوة) خالیدی کوڕی وەلیددا هەبوو خالید وتی: هەرکات بەم کلاوەوە کەلە سەرم بووبێ بە هەر دوژمنێ گەیشتبم سەرکەوتنم پێبەخشراوە.[3]

---

[1] – (هەیثەمی ج٩، ص٣٤٩) دەڵێت تەبەرانی و ئەبو یەعلا بە هەمان شێوە بە کەسی صەحیح هێناویانە.

[2] – حاکم (ج٣، ص٢٩٩) لەعەبدولحەمیدی کوڕی جەعفەر لەباوکیەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی، زەهەبی دەڵێت مونقەتیعە، ئەبوو نەعیم لە (الدلائل ص١٥٩) لەعەبدولحەمیدی کوڕی جەعفەر لەباوکیەوە بەهەمان شێوە هێناویەتی.

[3] – ئەبو نەعیم گێڕاویەتیەوە.

(کێبڕکێ لە گەورەییەکاندا)

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص٧٠) لە ڕێگەی سەیف لە عەبدوڵای کوڕی شبرمە لـە شـەقیقەوە هێناویـەتی دەڵێـت: لـە نیـوە ڕۆژدا چـووینە نـاو قادسـیەو گەڕاینـەوە کـاتی نوێـژ بوو بانگـدەر پێکرابوو، هەریەکـەو هەڵپـەی بـانگی بـوو شـا خەریکبوو بە شمشێرە لە یەکدی بدەن، سەعد قورعەی لـە نێوانیانـدا کردو کەسێ دەرچوو بانگیدا.

(بەکەم ڕوانینە خۆشیو ڕازاوەیی دنیا)

حـاکم (ج٣، ص٢٩٣) لـە فەرموودەیـەکی دووروودرێـژ لـە مەعقـەلی کـوڕی یەسارەوە لە (فتح اصبهان) لەسەر میرایەتی نوعمانی کوڕی موقرن هێناویـەتیو تیایدا هاتووە: نوعمان هات بۆ لایانو نێوانی ئەوو ئەوان ڕوبارێك بوو، موغەیـەری کوڕی شوعبە نێردراوێکی بۆ ناردن پاشاکەشیان (ذوالحاجبین) بوو، ڕاوێژی کرد بە هاوەڵانیو وتی ڕاتان چییە؟ لـە شێوەی جەنگدا بۆیـان دابنیشم یان لـە شێوەو ڕوخساری پاشادا؟ ئەوەبوو لەسەر شێوەی پاشا لەسەر جێگەکە دانیشتو تاجی کردە سەرییو لە دەوریەوە دووان وەستابوون کە دیباجو کاڵاو خشڵیان پێوەبوو، موغەیرەی کوڕی شوعبە هاتو ڕمو کەوانی بە دەستەوەبوو خەڵکیش بە دەوریدا لـەدوو لاوە لەسـەر فـەرش وەسـتابوون، بـە ڕمەکـەی لێیـداو کـونی کـرد تـا، (ذوالحـاجبین) پێـی وتـن ئێـوە ئـەی کۆمـەڵی عـەرەب تووشـی برسـێتیەکی زۆر مانـدوێتی بـوونو دەرچـوون، ئەگـەر دەتانـەوێ فـەرمانتان پێدەکـەم شـتان بدەنێو بگەڕێنەوە بۆ وڵاتتـان، موغەیرە قسەیکردو سوپاسو ستایشی خوایکردو وتـی: ئێمەی کۆمەڵی عەرەب پیسیو کەلاكو مردارەوەبوومان دەخواردو خەڵکی دەیانـدا بەسـەرمانداو ئێمـە هیـچمان لە ڕوودا نەدەکردەوە، خـوا لەنێومانـدا پێغەمبـەرێکی ناردو بـەرزترین ڕەچـەڵەكو ڕاستگۆترینمانبوو، ئـەوە بـەڵێنی پێدایـن ئێوەمـان بـۆ

فەتح دەبێت، چی بەڵێنی پێدابووین دییومانەو دەشبینم ئێرە شێوەو شکڵێکە ئەوانەی لە گەڵمدان ناگەڕێنەوە تا دەیگرن.[1]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص٣٣) لە ڕێگەی سەیف لە موحەممەدو تەلعەوەو عەمرو زیادەوە هێناویەتی دەڵێن: سەعد هەواڵی نارد بۆ موغیرەی کوڕی شوعبە کۆمەڵێکی باس دەکات و دەڵێت: من ئێوە دەنێرم ئەو خەڵکە ئەی دەڵێن چی؟ وتیان هەموو شوێن و فەرمانت دەکەوین و دەچین بۆی ئەگەر باریێ هات کە تۆ هیچت لەسەر نەوتبێ سەیردەکەین کامە زۆر شیاوترو باشترە بۆ خەڵك. ئەوە دەگرینەبەر، سەعد وتی ئەو ڕاست و چاکە دەی بڕۆن و ئامادەبن، ربعی کوڕی عامر وتی: عەجەم چەندان ڕاو نەریتێکیان هەیە هەموو بچین بۆیان وادەزانن دەورەمان لێداون بۆیە تەنها یەك کەس بنێرە، هەموو لەسەر ئەوە هاوڕای بوون، ئەویش وتی دەی من دانێن، ئەوانیش دایاننا و ربعی چوو تا بچێتە سەربازگەکەی ڕۆستەم، ئەوانەی لەسەر پردەکە بوون وەستاندیان و هەواڵ نێردرا بۆ ڕۆستەم کە ربعی هاتووە، ئەویش ڕاوێژی کرد بەگەورەکانی فارس و وتی ڕاتان چیە کەشخەیی بنوێنین یان خاکی بین؟ هەمووان دووەمیان هەڵبژاردو جل و خشڵ نیشانداو جێیان بڵاوکردەوەو هیچیان بەجێنەهێشت، ڕاخەری زێڕ ڕاخرا بۆ ڕۆستەم و جلە کەشخەکانی (النمط) کردە بەرو سەرینی بەزێڕچنراوی بۆ دانرا، ربعی لەسەر ئەسپێکی کورتی لاوازی دەهات و شمشێرێکی پێبوو کالانەکەشتای پێبوو، جلێکی دڕاو لەپێستەبوو، کەوانێکی پێستەی پێبوو پەتێکی باریکیشی لە ڕمەکەی بەستبوو، جێ تیرێکیش لە پێستی گا، لەسەر دەموچاوی پێستەیەکی سوور بوو، کەوان و تیرەکەشی پێبوو، کاتێ هاتەلای پاشا و لەخوارووی ڕاخەرەکەوە بوو پێی

[1] – تەبەرانی لە علقەمەوە بەهەمان شێوە بەدووروودرێژی هێناویەتی. (هەیثەمی ج٦، ص٢١٧) دەڵێت: کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لە عەلقەمەی کوڕی عەبدوڵای موزەنی کە جێی متمانەشە.

وتـرا دابەزە، ئەویش لەسەر ڕاخەرەکە وەستاندی و کە لەسەری وەستا دابەزی و بەدەستیەوە بەدوو سەرینەوەو سەرینەکانی دڕاندو گوریسەکەی برد بەنێویاندا- کەس نەیتوانی ڕێی لێبگرێت، ئەوان سووك و لاوازییان دەنواندو ئەویش زانی چییان دەوێت، ویستی داوای جەرگیان ببڕێ و قەڵغانێکی لەبەردابوو وەك حەوز، بە قوبەکەشیەوە عەبای وشترەکەی بوو کە پچڕاندبووی و کردبوویە بەری وشترەکەی و لە ناو قەدی توندی کردبوو بەهۆی ڕەگ و پەتی ناو درەختی (سلب) سەری خۆیشی بە ئەوەی دەستی توندکردبوو، زۆربەی عەرەب وایدەکرد، سەریشی چوار پرچی هەبوو ڕێك وەستابوون دەتووت شاخی کەڵن، وتیان چەکەکەت دابنێ، وتی: من نەهاتووم بۆ لاتان تا بەفەرمانتان چەکەکەم دابنێم، ئێوە بانگتان کردوم، ئەگەر دەتانەوێ وادێم ئەگەر نا دەگەڕێمەوە، ئەوانیش هەواڵیاندا بەڕۆستەم، ئەویش وتی مۆڵەتی بدەن خۆ ئەو تەنها یەك کەسە، ئەویش هات و خۆی دابوو بەسەر ڕمەکەیداو هەنگاوی نزیکی دەناو بەڕمەکە دەیدا لە ڕاخەرەکە، هەمووی خراپ و کوناو کونی کرد، کاتێ لەڕۆستەم نزیك بوویەوە پاسەوانی دەوروبەربوو لەسەر زەویەکە دانیشت و ڕمەکەی چەقاند بە ڕاخەرەکەدا، وتیان بۆچی وادەکەیت؟ وتی ئێمە حەزناکەین لەسەر ئەم ڕازاوەییانەتان دابنیشین، ڕۆستەم وتی بۆچی هاتوون؟ وتی: خوا ناردوینی و خوا ئێمەی هێناوە تا چەند بەندەیەکی خۆی بوێت لە بەندایەتی بەندەکانەوە بەرەو بەندایەتی خواو لەتەنگەبەری دنیاوە بۆ فراوانی دنیاو لەستەمی ئاینەکانەوە بۆ دادپەروەری ئیسلام ببات، فەرمودەکە دێنێ وەك پێشتر باسمانکرد تا ڕۆستەم دێنێ وتی: هاوار بۆتان سەیری جلوبەرگ مەکەن، بەڵکو سەیری ڕاو قسەو ژیان بکەن، عەرەب بەجلوبەرگ و خواردنیان سادەو ڕەچەڵەکیان پتەوە، وەك ئێوە جل ناپۆشن و ڕاشیان وەك ڕای ئێوە نیە، ئەوانیش بەرەو ڕووی هاتن تا چەکەکەی بگرن و لێی دووربخەنەوە، ئەویش وتی دەکرێت نیشانم بدەن تا منیش نیشانتان بدەم؟ شمشێرەکەی دەرهێناو دەتووت پارچەئاگرێکی تەنکە، وتییان بیخەرەوە ناو کەلانەکە، ئەویش خستیەوە ناوی،

پاشان تیرێکی هاویشتو ئەوانیش جێی تیرەکەیان فرێدا، کەچی ئەوەی خۆیان کەوتو ئەوەی ئەو پارێزارو بەوە ئەویش وتی ئەی خەڵکی فارس ئێوە خواردنو جلو خواردنەوەتان گەورەو گرانەو ئێمەش ئەوانەمان سادەن، پاشان گەڕایەوە تا بڕواننە وادە، بۆ بەیانی هەواڵیان نارد: ئەو کابرامان بۆ بنێرن، سەعدیش حوزەیفەی کوڕی موحصینی ناردو ئەویش بەهەمان جلەوە چوو تا گەیشتە خوارووی ڕاخەرەکان، پێی وترا دابەزە، حوزەیفە وتی: ئەگەر بۆ کاری خۆم بهاتایەم دادەبەزیم، بە پاشاکەتان بڵێن: ئەو کاری پێم هەیە یان من کارم بەو هەیە؟ ئەگەر وتی حوزەیفە کاری بەمنە ئەوە درۆ دەکاتو منیش دەگەڕێمەوەو بەجێتان دەهێڵم، ئەگەریش وتی من کارم بە حوزەیفەیە ئەوا من لەسەر ویستی ئەو هاتووم بۆ لاتان، ڕۆستەم وتی وازی لێبهێنن، حوزەیفە هات لەسەر ڕاخەرەکە وەستاو ڕۆستەمیش لەسەر ڕاخەرەکەبوو، وتی دابەزە، حوزەیفە وتی دانابەزم کاتێ دانەبەزی ڕۆستەم پرسیاری لێکرد بۆچی تۆ هاتیتو ئەو هاوڕێیەی دوێنێتان نەهات؟ حوزەیفە وتی شمشێرەکەمان حەزدەکات لەخۆشیو ناخۆشیدا لەنێوانماندا دادپەروەربێت، ئەمەش سەرەی من بوو، ڕۆستەم وتی بۆچی هاتوون؟ وتی خوای گەورە ئاینی خۆی بۆ ناردوینو نیشانەکانی پێنیشانداین تا ناسیمانو ئێمەش پێشتر لێی بێزاربووین پاشان فەرمانی پێکردین خەڵکی بۆ یەکێ لەم سێ شتە بانگبکرێن، کامیان بوێت قبوڵمانە، موسڵمان بن وازتان لێدێنینو دەگەڕێینەوە، یان سەرانە بدەنو ئەگەر پێویستیتان بە پارێزگاری هەبوو بەرگریتان لێدەکەین، یان شەڕ، ڕۆستەم وتی یان ڕێککەوتن تاکەی؟ حوزەیفە وتی بەڵێ لە دوێنێوە تا سێ ڕۆژ کاتێ ڕۆستەم بەس ئەمەی لێدی گێڕایەوە ڕوویکردە هاوەڵانیو وتی: هاوار بۆتان ئەوەتان بینی کە من دیم؟ دوێنێ ئەویان هاتو بەسەر خاکماندا هاتو ئەوەی ئێمە بەگەورەمان دەزانی ئەو بەسوكو کەمی دەزانیو لەسەر زبر جەدمان ئەسپەکەی وەستاندو بەستیەوە پێیەوە، ئەو باڵندە ئاسا بەخاکماندا هاتو لەگەڵ گەورەی عەقڵیدا لەخاکماندا هیچی تێدا نەبوو ئەمڕۆش

ئەمە هات و بەو جۆرە وەستا و وایکر تا ئەوانی توڕەکرد وئەوانیش توڕەیان کرد، بۆ بەیانی هەواڵی نارد کەسێکمان بۆ بنێرن، ئەوانیش موغیرەی کوڕی شوعبەیان نارد.

ئیبن جەریر (ج٣، ص٣٦) لە ڕێگەی سەیف لە ئەبو عوسمانی خەهدیەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتی موغیرە هاتە لای پردەکەو پەڕیەوە بۆلای خەڵکی فارس ڕایان وەستاندو لای ڕۆستەم داوای مۆڵەتیان بۆ کردو لەتاو پاراستنی باری پێشوو جلی جوانیان نەگۆڕیبوو، موغیرەی کوڕی شوعبەهات و خەڵکی بە جلی ڕازاوەو چنراو لەزێڕ وەستابوون و ڕاخەریان هێندەی تیرهاویشتنێ بوونەدەگەیشتە بەرپرسەکەیان تا هێندە بڕوات، موغیرە بەچوار پرچی سەریەوە چوو تا لەسەر ڕاخەرو سەرینەکەی لە لای دانیشێت، بە ڕوویدا هاتن و دەنگیان لەڕوودا هەڵبڕی و دایان بەزاندو بەسوکی لێیاندا، ئەویش وتی: گەورەییمان لە ئێوە بیست، بەلام گەمژەتر لە ئێوەم نەدیوە، ئێمەی کۆمەڵی عەرەب کەس دوورناخەینەوە مەگەر لەشەڕی هاوەڵەکەیدابێت، وامزانی ئێوە وەك ئێمە دڵنەوانی خەڵکتانن، چاکتر لەوکارەتان ئەوەیە هەواڵی گەورەکانی یەکدیم پێبدەن و ئەوەش لە نێوانتاندا نامێنێتەوەو ئێمەش واناکەین، من نەهاتووم بۆ لاتان ئێوە منتان بانگهێشت کردووە، ئەمڕۆ زانیم بارتان شێواوەو ئێوە دەشکێن و سەرکردەیەك لەسەر ئەم ژیان و ئەم جۆرە عەقڵانە نامێنێتەوە. ئەوەی خوارەوەی وتی بەخوا ئەو عەرەبیە ڕاستدەکات، دیهقانەکان وتیان: بەخوا قسەیەکی کرد بەردەوام کۆیلەکانمان بەلایدا دەچن، خوا ئەوانی پێش ئێمە بکوژێت کە چەند گەمژە بوون کاتێ باری ئەم ئوممەتەیان بە کەم گرتووە- ئینجا فەرموودەکە دێنێ سەبارەت بە قسەکانی ڕۆستەم و وەڵامەکانی موغیرە.

(لانەکردنەوە بەلای زۆری دوژمنو ئەوەی پێیانە)

بەیهەقی لە ڕێگەی واقدی لە ئەبو هورەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: لە شەڕی موئتە بەشداربووم، کاتی بێباوەڕان لێمان نزیك بوونەوە بینیمان کەس پێش و دوای لە چەك و ئامادەسازی و ئاوریشم و زێڕ بۆ نەبوو، چاوم بریسکەی دایەوە، ثابتی کوڕی ئەرقەم پێی وتم: دەڵێیت خەڵکێکی زۆر دەبینیت؟ وتم بەڵێ، وتی تۆ لە بەدردا لەگەڵمان بەشدار نەبوویت ئێمە لە بەدردا بە ژمارە زۆری سەرنەکەوتین.[1]

تەیالسی لەڕێگەی واقدی لەعەبدوڵای کوڕی عەمرەوە هێناویەتی دەڵێت: ئەبوبەکر نامەی نوسی بۆ عەمری کوڕی عاص (سەلامت لێبێت، پاشان نامەی تۆم بۆ هات کە باسی لە زۆری سوپای ڕۆم دەکەیت، خوا ئێمەی لە بەدردا لەگەڵ پێغەمبەردا (ﷺ) بەژمارەی زۆری سەرباز سەرنەخست، ئێمەی لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) غەزامان دەکردو تەنها دوو ئەسپمان پێبوو، ئێمە بە دوای یەکەوە سواری وشتر دەبووین، ئێمە ڕۆژی ئوحود لەگەڵ پێغەمبەر (ﷺ) بووین و تەنها یەك ئەسپمان پێبوو کە پێغەمبەر (ﷺ) سواری دەبوو، دژ بە دوژمن و نەیارمان سەریدەخستین و پاڵپشتی دەکردین، ئەی عەمر بزانە گوێڕایەڵترین کەس بۆ خوا لە هەمووان زیاتر ڕقی لە تاوانە، دەی گوێڕایەڵی خوابەو هاوەڵانت بەرەو گوێڕایەڵی خوابە).[2]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٢، ص٥٩٤) لە عوبادەو خالیدەوە هێناویەتی دەڵێن: کەسێك بە خالیدی وت: ڕۆم چەندە زۆرو موسڵمانان چەندە کەمن! خالید

---

[1]– لە (البداية والنهاية ج٤، ص٢٤٤) دا واهاتووە. لە (الأصابة ج١، ص١٩٠) لە واقدیەوە تەنها قسەکەی زەیدی هیناوە.

[2]– لە (کنزالعمال ج٣، ص١٣٥) دا واهاتووە. تەبەرانی لە عەبدوڵای کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی (هەیثەمی ج٦، ص١١٧) دەڵێت لە سەنەدەکەیدا شاذ کونی و واقدی هەن کە هەردووکیان لاوازن. تەواو.

وتـی: ڕۆم چـەندە کـەم‌و موسـڵمانان چـەندە زۆرن. سـەربازان بـە سـەرکەوتن زۆرو بەشکـست کـەم دەکـەن، نـەوەك بـەژمارەی کەسـەکان، بـەخوا حەزدەکـەم ئەسـپەکەم (ئەشقەر) لە دەردەکەی (قاچ داکەوتن) چاك بێتەوە با ئەوانیش ببنە چەند بەرامبـەر ، ئاخۆ ئەسپەکەی لە ناو زێر ڕۆیشتنی پێی پەکی کەوتبوو.

(دوژمنان بە سەرکەوتنی هاوەڵان بەسەریاندا چییان دەوت)

بەیهەقی (ج٨، ص١٧٥) لە زوهریەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ خوا ئەبوبەکری کرد بە خەلیفە لە ناو عەرەبدا خەڵکی لە ئیسلام پاشگەزبوونەوە، ئەبوبەکر چوو بۆ غەزا تا گەیشتە نزیك بەقیع، ترسی هەبوو کە مەدینە شتێکی لێبێت بۆیە گەڕایەوە خالیدی کوڕی وەلیدی کوڕی موغەیرە شمشێری خوای دانا‌و خـەڵکی لەگـەڵ دانا‌و فەرمانی پێکرد بچن بۆ ناوچەکانی موزەر کە (هەڵگەڕابوونەوە) و شەڕبکات لەگەڵ ئەوانـەی لەئیـسلام هەڵگەڕاونەتـەوە، لەگـەڵ تولـەیعی درۆزنـی ئەسـەدی جـەنگا‌و خـواش تولـەیعی شکاند- عویەینـەی کـوڕی حـصنی کـوڕی حوزەیفـەی فـەزاری شوێنی کەوتبوو، کـاتی تولەیعـە زۆری شکستی هـاوەڵانی خـۆی بینـی وتـی: هـاوار بۆتـان چـی دەتـان شـکێنێ؟ یـەکێکیان وتـی مـن پێـت دەڵـێم چـی دەمـان شـکێنێ هەرکـەسمان حـەزدەکات هاوەڵەکـەی لـەپێش ئـەودا بمرێـت، بـەڵام بەرامبـەر بـە خـەڵکانێکن هـەمووان حەزدەکـەن پـێش هاوەڵەکـەیان بمـرن، تولەیعـە لەشـەڕدا توندبوو، ئەو ڕۆژەی تولەیعە عوکاشەی کوڕی محصن‌و ئیبن قرمی کوشت، کاتـێ حەق زاڵبوو تولەیعە دابەزی دواتر موسڵمان بوو چوو بۆ عـەمرە ئینجا فەرمووەکە دێنێ.

تەبەرانی لە عەمری کوڕی عاصەوە هێناویەتی دەڵێت: سوپایەکی موسڵمانان دەرچوو کـە مـن ئـەمیریان بـووم تـا لـە ئەسکەندەریە دابـەزین بەرپرسـەکەی وتـی:

کەسێکتان بنێرن بۆ لام تا پێکەوە قسە بکەین منیش وتم: بەس خۆم دەچم بۆ لای، منیش لەگەڵ وەرگێڕێکمدا چووم بۆ لای و ئەویش وەرگێڕی لەگەڵ بوو دوو مینبەری بۆ دانرا وتی ئێوە کێن؟ وتمان ئێمە عەرەبین و دارو دەستەی دڕك و داڵین، ئێمە خەڵکی لای کەعبە (ماڵی خوا) ین، بە تەسکترین خاڵ و سەخترین ژیانمان هەبوو، مردارەوەبوومان دەخواردو بە خراپترین ژیانێ کە خەڵکی تێدابوو هەڵمەتمان دەبردە سەر یەکدی تا کەسێ کە لە هەموومان خانەدانتری بوو لە هەموومان سامانی زیاتر نەبوو لە نێوماندا دەرکەوت وتی: من پێغەمبەری خوام، فەرمانی بە شتانێ دەکرد کە نەمان دەزانین و ڕێگری لێدەکردین و لە شتانێ دەکەن دەمانکردن و باوو باپیرانمانیشمان دەیانکردن، ئێمەش بە ڕوویدا چووین و بە درۆمان زانی و بە گژیدا چووین، تا خەڵکێکی دی چوون بۆ لای و وتیان ئێمە بڕوات پێ دێنین، شوێنت دەکەوین و دژی دوژمن دەجەنگین ئەویش چوو بۆ لایان و ئێمەش دەرچووین بۆی و شەڕمان لەگەڵ کردو ئەو بەسەرماندا سەرکەوت و عەرەبی دیکەش هاتن بەگژیدا ئەویش لەگەڵیان جەنگا تا بەسەریاندا سەرکەوت، ئەگەر ئەوانەی لە دوای من بزانن ئێوە لە چ ژیانێکدان هەموو دێن تا بەشدارتان دەبن لەو ژیانەی تیایدان، ئەویش پێکەنی و دواتر وتی: پێغەمبەرەکەتان ڕاست دەکات، پێغەمبەرانی ئێمەش هەمان شتیان بۆ ئێمە هێنا کە پێغەمبەرەکەتان بۆی هێناون، ئێمە لەسەر ئەو بارە بووین تا چەند پاشایەك لەنێوماندا دەرکەوتن و بە ئارەزوی خۆیان دەجوڵانەوەو فەرمانی پێغەمبەرانیان واز لێدەهێنا، ئەگەر ئێوە فەرمانی پێغەمبەرتان بگرنەبەر هەرکەس لەگەڵتان بجەنگێ بەسەریدا زاڵدەبن و هەرکەسێ بێ بۆتان بەسەریدا سەردەکەون، ئەگەریش وەك ئێمە وازبێنن لە فەرمانی پێغەمبەران و وە لەو ئەو خەڵکە بە ئارەزووتان بجوڵێنەوە نێوانی ئێمەو ئێوە چۆڵ و جیا دەبێ،

ئەوکات ژمارەو هێزتان لە ئێمە زیاتر نابێ، عەمری کوڕی عاص دەڵێت: کەسێ بیرخوازتر لەوم نەدواندووە.[1]

ئەحمەدی کوڕی مەڕوانی کوڕی مالیکی لە (المجالسة) لە ئەبو ئیسحاقەوە هێنایەتی دەڵێت: هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دوژمن هێندەی هەنگاوی وشتر لە کاتی شەڕدا لەبەردەمیاندا خۆی نەدەگرت، هیرقل کە لە ئەنتاکیە بوو کاتێ دەستی شکاوی ڕۆم هات وتی: هاواربۆتان پێم بڵێن ئەوانە کێن لەگەڵتان دەجەنگن مەگەر وەك ئێوە مرۆڤ نین؟ وتیان با، وتی ئێوە زۆرترن یان ئەون؟ وتیان ئێمە لە هەموو شەڕێکدا لەوان زۆر زۆرترین، وتی دەی بۆچی دەشکێن. یەکێ لەگەورەکانیان وتی: چونکە ئەوان شەو شەونوێژو ڕۆژ بەڕۆژوون و بەڵێن دەبەنە سەرو فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە دەکەن و بەرامبەرە بەیەکدی بەویژدانن، ئێمەش مەی دەخۆینەوەو زینادەکەین و حەرام دەکەین و بەڵێن دەشکێنین و داگیردەکەین و ستەم دەکەین و فەرمان دەکەین و بە توندی و ئەوە ڕێ لێدەگرین کە خوا پێی خۆشەو لەسەر زەویدا خراپ دەنێینەوە، ئەویش وتی: تۆ ڕاستت لەگەڵ وتم.[2]

وەلیدی کوڕی موسلیم دەڵێت کەسێ لە یەحیای کوڕی یەحیای غەسانی بیستبوو لە دوو کەسی هۆزەکەیەوە بۆی گێڕامەوە دەڵێن: کاتێ موسڵمانان لە نزیك ئوردن دابەزین لەنێو خۆماندا وتمان دیمەشق گەمارۆ دەدرێ، بۆیە پێشتر چووین بۆ شت کڕین، لەوێ بووین کە بەتریقەکەی هەواڵی نارد و ئێمەش چووین بۆ لای، وتی ئێوە لە عەرەبن. وتمان بەڵی، وتی مەسیحیشن؟ وتمان بەڵێ، وتی دەی

[1]- (هەیثەمی ج٦، ص٢١٨) دەڵێت: لە سەنەدەکەدا موحەممەدی کوڕی عەمری کوڕی عەلقەمەی کوڕی وەقاصەوە هێناویەتی دەڵێت: عەمری کوڕی عاص دەڵێت بەهەمان شێوە هێناویەتی (هەیثەمی ج٨، ص٢٣٨) دەڵێت کەسەکانی سەنەدەکە صەحیحن جگە لەعەمری کوڕی عەلقەمە کە جێی متمانەشە.

[2]- لە (البداية والنهاية ج٧، ش١٥) دا هاتووە. ئیبن عەساکیر (ج١، ص٤٣) لە ئیبن ئیسحاقەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

یەکێکتان بڕوات لای ئەو خەڵکە جاسوسیمان بۆ بکات و ئەوی دیکەش وریای شمەك و پێوستی هاوەڵەکەی بێت. یەکێکمان چوو بۆ جاسوسی و زۆر مایەوەو دواتر هاتەوە بۆ لای و وتی: لای کەسانێکی ووردەکارەوە هاتووم کە سواری ولاخ دەبن لێزانانە بە شەو ڕوهبان و خواپەرست و بە ڕۆژیش سوارچاکی و تیرو ڕم چاك و ئامادە دەکەن و بنیادسازی بارن، ئەگەر قسەیەك بۆ ئەوەی پاڵ خۆتت بکردایە لێی تێنەدەگەیشت لەتاو بەرزی قورئان خوێندن و زیکرکردنیان، ئەویش لایکردەوە بە ڕووی هاوەڵانیداو وتی: شتێکتان لەوانەوە بۆ هاتووە کە هەرگیز توانای ئەوەتان نییە.[1]

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٢، ص٦١٠) لە عروەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ دوو سەربازگەکە لەیەك نزیکبوونەوە قبقلار کەسێکی عەرەبی نارد وتی: من بیستم ئەو کابرا یەکێکە لە قوزاعە لە نەزیدی کوڕی دیدان کە پێی دەوترا ئیبن هزارف، قبقلار وتی: بڕۆ بۆ لایان و شەوو ڕۆژێ لە نێوایاندا بمێنەرەوەو دواتر هەواڵیانم بۆ بێنە. ئەو کابرا عەرەبییەش چوو شەوو ڕۆژێ مایەوەو دواتر هاتەوە بۆ لای، قبقلار وتی: چی بوو؟ وتی: بەشەو سەرقاڵی پەرستش و بە ڕۆژ سوارچاکە، ئەگەر کوڕی پاشاشیان دزی بکات دەستی دەبڕن، ئەگەر زینابکات ڕەجم دەکرێت (بەردباران) لەبەر بەرپاکردنی حەق لە نێوانیاندا، قبقلار پێی وت: ئەگەر ڕاستم لەگەڵ بڵێیت ئەوا ناخی زەوی باشترە لەوەی بەوان بگەین، حەزدەکەم پشکم لای خوا ئەوەبێت بەریك نەکەوین و نە بەسەریاندا زاڵم بکات و نەزاڵیان بکات بەسەرمدا.

ئیبن جەریر لە مێژووەکەیدا (ج٣، ص٤٥) لەئیبن رفیلەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ ڕۆستەم لە نەجەف دابەزی جاسووسێکی نارد بۆ سەربازگەی موسڵمانان و ئەویش لە قادسیە لە نێوانیاندا بوو، سەیری کرد لە کاتی هەموو نوێژێکدا سیواك

[1]- لە (البداية وانهاية ج٧، ص١٥) دا هاتووە. ئیبن عەساکیر (ج١، ص١٤٣) لە یەحیای کوڕی یەحیای غەسانیەوە بە هەمان شێوە هێناویەتی.

دەکەن و دواتر نوێژ دەکەن و دەچنەوە شوێنەکانیان، ئەویش گەڕایەوە بۆ لای ڕۆستەم و هەواڵی ئەوانە و ژیانیانی پێدا تا ڕۆستەم پرسیاری لێکرد خواردنیان چی بوو؟ وتی شەوێ لایان بووم بەخوا نەمدی کەسیان هیچ بخوات، مەگەر ئەوەی سووکە شتێکیان بمژیایە، لە ئێوارەوە پێش خەوو پێش بەیاندا، کاتێ کەوتە ڕێ لە نێوان قەڵا و عەتیقدا بەرامبەریان وەستا، بانگدەرەکەی سەعد بانگی بەیانی فەرموو، سەیری کرد هەموو دەجوڵێن ڕۆستەم لەناو خەڵکی فارسدا هاواری کرد سواربن، پێی وترا بۆچی؟ وتی نابینن دوژمنتان هاواریان لەنێودا کراو هەستان و کۆبوونەوە بۆتان، هەواڵگرەکە وتی: ئەو جوڵەیان بۆ نوێژە، ئەویش بە فارسی قسەیەکی کرد کە ئەمە واتاکەیەتی: لە بەرەبەیاندا دەنگێکم بۆ هات کە عومەر بوو لەگەڵ سەگەکان دەکرد و عەقڵ و هۆشی فێردەکردن، کاتێ پەڕینەوە وەستان بەرامبەر بەیەکدی، بانگدەرەکەی سەعد بانگیدا بۆ نوێژ و سەعد بەرنوێژی بۆ کردن، ڕۆستەم وتی: عومەر جەرگی خواردوم.

ئیبن جەریر (ج٣، ص٩٩) سەیف لە ئەبو زەهرای قوشەیریەوە لە کەسێکی قوشەیرەوە هێناویەتی دەڵێت: کاتێ هیرقل بەرەو قوستەنتینە دەرچوو کەسێکی ڕۆم پێی گەیشت کە دیلی دەست موسڵمانەکان بوو بوو دەربازی بوو بوو. هیرقل وتی هەواڵی ئەو خەڵکەم پێبدەن چۆنن؟ وا قسەت بۆ دەکەم کە بیانناسیت سوارچاکی ڕۆژو خواپەرستی شەون، لەزیمەیاندا تەنها بەپارە شت دەخۆن (واتە بەپارە شتی ئەهلی زیمەی لای خۆیان دەکڕن) تەنها بەسەلامکردن دەچنە ژوور، بەرامبەر بەدوژمنانیان دەوەستن تا دەچنە سەری. هیرقل وتی ئەگەر ڕاستت پێوتبم ئەو ژێر پێیانەی من دەگرن.

ئیبن جەریر (ج٣، ص٢٤٩) هێناویەتی کە یەزد گوردنامەی نووسی بۆ پاشای چین و داوای یارمەتی لێکرد و ئەویش بەنێردراوەکەی وت: دەزانم مافی سەر پاشاکانە کە پاشاکانی دی دژ بەڕکەبەرەکانیان سەربخەی، دەی وەسفی ئەوانەم بۆ بکە کە لەوڵاتتاندا دەرچوون (یاخی بوون) چونکە وایدەبینم باسی کەمی ئەوان و

زۆری خۆتـان دەكـەیت كـە چـەندین بەرامبـەر بـە ژمارەیـان ناگاتـە كـەمێكی ئێـوە، ئەوەی دەیبیستم لـە زۆری ئێـوە چاكەی لای ئەوان‌و خراپـەی نـاو خۆتانـە، منیش وتم پرسیارم لێبكە هەرچییەك حەزدەكەیت؟ پاشا وتـی بـەڵێن دەبەنـە سـەر؟ وتـی بەڵێ، وتی پێشئەوەی لەگەڵتان بجەنگن چی دەڵێن؟ وتـی بانگمان دەكـەن بـۆ یـەكێ لەم سێ شتە: یان بچینە ناو ئایینیان ئەگەر ئەوەمان كرد دەست بـەردارمان دەبـن‌و بە ڕێی ئەواندا دەچین، یان سەرانە بدەین‌و بپارێزرێین، یان شـەڕكردن، پاشا وتـی گوێڕایـــەڵییان بـــۆ ســـەركردەكانیان چـــۆنە؟ وتم گوێڕایـــەڵترین كەســـانن بـــۆ پێشەنگەكانیان، وتـی: چـی حـەرام‌و چـی حـەڵاڵ دەكـەن؟ منیش پێموت: وتـی ئایـا ئـەوەی بۆیـان حـەڵاڵ‌و حەرامـە دەیگـۆڕن؟ وتم نـا، وتـی دەی ئەوانـە هـەرگیز لـەناو ناچـن‌و مـاڵوێران نـابن تاكاتـێ حـەڵاڵ‌و حـەرام نـەگۆڕن، دواتـر وتـی باسـی جل‌و بەرگیانم بۆ بكە منیش بۆم باسكرد، وتـی ئـەی سواریان، وتم ئەسپی عـەرەبی بـۆم وەســفكرد، ئــەویش وتــی ئەوانــە قــەڵای چــاكیان هەیــە، وەســفی ئــەو وشــترانە‌و هەستان‌و دانیشتنیانم بەبارەوە بۆ كرد، ئەویش وتـی ئـەوە وەسـفی ئاژەڵی ملدرێژە، پاشا نامەی نوسی بۆ یەزد گور كە هیچ ڕێگر نیە سوپایەكت بۆ یارمەتیدانت بنێرم كە سەرەتاكەی لە مەڕو و كۆتاییەكەی لەچین بێت (لەبەرئەوە نا كە حەقی سەرشانم نەزانم) تەنها ڕێگر ئەوەیە ئەوانـەی نێردراوەكـەت سیفەتیانی بـۆم وەسـفكرد ئەگـەر بڕۆی بۆ شاخ دەیڕمێنن‌و ئەگەر كۆمەڵ‌و سوپایان بێـت بـۆ منیش لەسـەر دەسـەڵات لامدەبـەن تـا كاتـێ لەسـەر ئـەو وەسـفە بـن، دەی لەگـەڵیان ڕێككـەوتن بكـە‌و بـە ئارامگری ڕازییان بكە‌و تا هەڵمەتت نەبەنە سەر هەڵمەتیان مەبەرە سەر.

بەرهەمەکانی وەرگێڕ:

نووسینەکان:

١. ئیبن تەیمیە (ڕەچەڵەكو ڕۆڵی لە مێژووی ئیسلامیدا).
٢. ژیانی پێغەمبەر بۆ منداڵان (چاپکراوە).
٣. ژیانی خەلیفەکانی پێغەمبەر بۆ منداڵان(چاپکراوە).
٤. پەیامێك بۆ گەنجان (ئامادەیە بۆ چاپ).
٥. هەنگاوێك بەرەو هاوسەرگیری (چاپکراوە).
٦. ئیمانناسی(چیرۆك) (چاپکراوە).

وەرگێڕانەکان:

٧. دەوڵەتی عوسمانی: د.علی محمد الصلابی وەرگێڕانی بە هاوکاری أحمد عبدالرحمان أحمد (چاپکراوە).
٨. مەغۆل لە مێژوودا: د.فؤاد عبدالمعطی الصیاد(چاپکراوە).
٩. دەوڵەتی سەلجووقیەکان: د.علی محمد الصلابی وەرگێڕان بەهاوکاری شاهۆ عومەر عارف(چاپ کراوە).
١٠.چەند وانەیەك لە مێژووی ئیسلامی: شێخ محمد خضری بك (چاپکراوە).
١١.مێژووی نوێی ئەورووپا: چەند نووسەرێك، وەرگێڕان بە هاوکاری فارووق محمد محمدأمین (ئامادەیە بۆ چاپ).
١٢.بەراوردێك لەنێوان غەزالیو ئیبن تەیمیەدا: د.محمد رشاد سالم (ئامادەیە بۆ چاپ).
١٣.مێژووی دەوڵەتی عەبباسی: د.محمد سهیل طقوش (چاپ کراوە).
١٤.مێژووی ئەییووبیو مەملووکیەکان: د. أحمد مختار العبادی (چاپکراوە).

١٥. پوختەی مێژووی ئیسلامی: د.محمد سهیل طقوش (لەژێر چاپدایە).
١٦. جەنگە گەورەکان و فتوحاتە ئیسلامیەکان: محمد سعید موسى (لەژێر چاپدایە).
١٧. پوختەی مێژووی ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ: پرۆفیسۆر دکتۆر جفری برۆن.
١٨. دەوڵەتی ئومەوی: پرۆفیسۆر دکتۆر عبدالشافي محمد عبداللطیف (لە ژێر چاپدایە).
١٩. ژیانی هاوەڵان(چوار بەرگ): محمد یوسف الکاندهلوی.(ئەم بەرهەمەی بەردەستتانە.

****

پێڕست

ڕۆشنبیر کاروانێك لەخزمەت زانست ومەعرفەدا

خوێنەری بەڕێز:

پاش ڕاپەڕینە جەماوەریەکەی بەهاری ١٩٩٠ی کوردستان و هاتنە ئارای کەش و هەوایەکی لەبار بۆ ئازادی چاپ و بلاو کردنەوە...

ئێمەش لای خۆمانەوە وەك چەند ڕۆشنبیرو کەسانێکی خەمخۆر و پەرۆش بۆخزمەت بە گەلەکەمان و خوێندەوارانی ئەم نیشتمانە ڕومان لەبواری چاپ و بلاوکردنەوە کرد وەك بوارێکی هەستیار و گرنگ و کاریگەرە لەسەر پێشکەوتنی ژیاری و گەشەکردنی زانستی و مەعریفی کۆمەڵگە .

وە بۆهێنانەدی ئەم خەونە پیرۆزە بیرۆکەی دامەزراندنی (ناوەند) ێکی چاپ وبلاوکردنەوەمان لەلا گەلاڵە بوو، وە لەسەرەتای مانگی کانونی دووهەمی ساڵی ١٩٩١ دا دەست بەکاربووین، بەهەوڵێکی شێلگیرانە لەماوەیەکی پێوانەیدا (ناوەندی ڕۆشنبیر بۆچاپ وبلاوکردنەوە) دەرگای بەڕوی خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی تینووی زانست و زانیاریدا والاکرد، و بە هەوڵ و پشودرێژی و ماندوبوونێکی زۆر توانیمان لەو بەروارەوە تائەمڕۆ کاروانی ئەم پرۆژەیە بەردەوام کەین، وسوپاس بۆخوا ژمارەیەکی بەرچاو لەکتێب و بلاوکراوە لە هەموو بوارە مەعریفی وزانستیی و فکری و ڕۆشنبیریەکاندا بلاوبکەینەوە.
لەهەنگاوەکانی دواتری کاری ناوەندەکەماندا و بە مەبەستی زیاتر بەرجەستە بوونی بلاوکراوە ناوازەکانمان پێمان باشبوو کە هەندێ لەو بلاوکراوانە ژمارەبەندی بکەین وهەر بلاوکراوەیەك ژمارەیەکی بدەینێ بۆ ئەم مەبەستەش یەکێك لەپرۆژەکانمان ناونا(پرۆژەی ١٠٠کتێبی) کوردی وەك دیاریەکی لەخۆبووردووی ناوەندەکەمان بۆکتێبخانەی کوردی و خوێنەرانی کورد.

وائێستە و پاش تێپەڕبوونی (٢٠) ساڵ بەسەر تەمەنی کاروانی ناوەندەکەماندا دوا بلاوکراوەی پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردیش گەشتە کۆتاو وەك بەڵێنماندابوو بەم دوا بەرهەمە پرۆژەکە بەتەواوی پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی بکەین، بەهیوای ئەوەی جێگای ڕەزامەندی خوای پەروەردگار و مایەی سوودی گشت لایەك بێت .
لێرەدا بەپێویستی دەزانین لەمیانەی چەند خاڵێکدا ئاماژەیەکی خێرا بەتایبەتمەندیەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و بلاوکراوەکانی بەگشتی و پرۆژەی ١٠٠کتێبی کوردی بەتایبەتی بکەین:-

یەکەم: ناوەندی ڕۆشنبیر یەکەمین ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ دەست بەکار بوو.

دووەم: یەکەمین ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە بوو کەچاپکردنی پرۆژەکانی بگەیەنێتە دەرەوەی کوردستان بەمەبەستی دەستگەشتن بەنوێترین تەکنەلۆژیا وهونەری چاپ و بڵاکردنەوەی لەناوەندەکانی بڵاوکردنەوەی تاران و بەیروت و دیمەشق، بەمەش خزمەتگوزاریەکانی چاپ وبڵاوکردنەوەی و بەرهەمەکانمان گەیاندە ئاستی چاپەمەنی وبڵاوکراوە پێشکەوتووەکانی وولاتانی ناوچەکە .

سێهەم: لەڕیزی یەکەمین سەفیرەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی بووین کە بەرهەمەکانی چاپ وبڵاوکراوەی کوردیمان بەدەرەوەی هەرێمی کوردستان گەیاندوە و بەرهەمەکانمان ئێستە لەتاران و بەیروت و دیمەشق دەفرۆشرێن، هەروەها لەچەندین پێشانگای کتێبی نێودەولەتی وناوخۆیی دا بەشداریمان کردوە و ناوەندەی ڕۆشنبیر خەڵاتی تیا وەرگرتووە .

چوارەم: بەرهەم وبڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر پڕفرۆشترین بەرهەمی کتێبە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان بەمەش توانیویەتی جێگەی ڕەزامەندی بەشێکی فراوانی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان بێت و تیراژ و ژمارەی چاپی کتێبەکانی باشترین ئاماژەی ئەم ڕاستیەن، کە تیراژی هەندێك کتێب لە(١٠٠٠٠٠)هەزاری تێپەڕاندوە .

پێنجەم: ناوەندی ڕۆشنبیر لەڕوی سەرمایە و پارەدارکردنەوە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و لەقازانجی بەرهەم و بڵاوکراوەکانی سەرمایەی بەردەوام بوونی کارەکانی کۆکردوەتەوە .

شەشەم: ناوەندی ڕۆشنبیر تەنها لەبواری فەرهەنگ و زمانەوانیدا خاوەنی (١٠) فەرهەنگە لەوانە فەرهەنگی عەرەبی/ کوردی (دەریا)یە کە لەدوو بەرگدا و لە دووتوێی (١٧٥٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە دا چاپ وبڵاوکراوەتەوە. وەلێرەشدا تەنها ئاماژەبە بەپرۆژە ی ١٠٠ کتێبی کوردی دەکەین وجگە لەوەی کە ناوەندەکەمان خاوەنی سەدان کتێبی ترە لەدەرەوەی ئەم پرۆژەیە .

وە ئەمەش لیستی پرۆژەکەیە :-

ناوەندی رۆشنبیر { پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی }

ژمارە	ناوی کـــتێب	نـــــاوی نوسەر	وەرگــــــێڕ
١	بـــوونی خـــوا	د/یوسف القرضاوی	حـسن پێنجوێنی
٢	زاراوە وزانیاریەکانی فەرمودە	حـسن پێنجوێنی	ـــــــ
٣	قورئانی پیرۆز چۆن بخوێنینەوە	م/صلاح الدین محمد	ـــــــ
٤	لەبەرهەمەکانی باوەڕ	م/سیدنجم الدین طه	ـــــــ
٥	مـرۆڤ تـەنها نـیـە	ا/ کریس مۆریسیۆن	ابراهیم صالّح
٦	هەڵوێستەیەك لەخزمەت قورئاندا	عثمان حەمەرەشید	ـــــــ
٧	وتیان و دەڵێن	بکر حەمە صدیق	ـــــــ
٨	کاریگەری عەقیدە	عبداللة عزام	م/عمر احمد نظامی
٩	یەکتاپەرستی(التوحید)٣بەرگ	عبدالمجید الزندانی	أ/حسین حسن احمد
١٠	لاپەرەیەك لە مێژوی هەڵەبجە	بەکر حەمەصدیق	ـــــــ
١١	راگەیاندن	هەڤاڵ ئەبوبوکر	ـــــــ
١٢	ســـۆزی مینبەر	شێخ محمدی خاڵ	ـــــــ
١٣	سیستمی سیاسی ئیسلامی	هـادی عـەلی	ـــــــ
١٤	بێزمانان دێنە زمان	م/صلاح الدین محمد	ـــــــ
١٥	زانیاریەکانی قورئان	م/ حسن پێنجوێنی	ـــــــ
١٦	ماڤ ئافرەت لەنێوان رەگەز سالاری و مرۆڤ سالاری دا	عـمر علی غفور	ـــــــ
١٧	دەروازەی گەردوون	د/مەریوان احمد	ـــــــ
١٨	جـەنگی دەروونی	ئەبوبەکر عەلی	ـــــــ

١٩	پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان	نـــزار جـــاف	ـــــــ
٢٠	مــرۆڤ و ژیـــان	د/خلوق نور باقي	عـــزیـــز ئالانی
٢١	پۆشاکی رۆژئاوایی	لهۆن قـــادر	ـــــــ
٢٢	پرۆگرامی گۆڕین لەڕوانگەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت	السید محمد نوح	ابـــراهیم صالّح
٢٣	مرۆڤ و دەوڵەت لە ئیسلامدا	د/عبد الکریم زیدان	حەمەکەریم عبداللە
٢٤	لەمەشقی پەروەردەییدا	مصطفی محمدالطحان	محسن جوامیر
٢٥	دەوڵتی دۆستەکی لە کوردستانی ناوەراستدا	عبدالرقیب یوسف	ئەبوبەکر عەلی
٢٦	مێژوی ڕەگ وڕەچەڵەکی کورد	ئیحسان نوری پاشا	حەمە کەریم عارف
٢٧	کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا	حسن محمود حمه کریم	ـــــــ
٢٨	گەشتەکەی فرەیزەر	ئومێد ئاشنا	ـــــــ
٢٩	هەڵوێستەیەك لەبەردەم چیرۆکە قورئانیە کاندا	ئیبراهیم صالّح	ـــــــ
٣٠	کاوەو نەورۆز لەنێوان ئەفسانە و ئاین دا	حسن محمود حمەکریم	ـــــــ
٣١	ترس لە ئیسلام لەنێوان وەهم و ڕاستیدا	عومەرعەلی محەمەد	ـــــــ
٣٢	دیوانی شاسواری	عادل شاسواری	ـــــــ
٣٣	کوردستان چۆن داگیر کرا	سەلام ناوخۆش	ـــــــ
٣٤	لێکۆڵینەوەیەك لەسەر چەمکی بـیـدعـــــە	فاتح محمدسەنگاوی	ـــــــ
٣٥	پێشەوای مرۆڤایەتی محمدﷺ	ابوالحسن الندوی	حەمەکریم عبداللهِ

٣٦	ئیسلام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوادا	عەلی عیزەت بیگۆڤیچ	محمد چـیا
٣٧	گەشتێك بۆلای خوا	نجیب گیلانی	رزگار کـەریم
٣٨	ڕۆژگارێکی تەمەنم	زەینب غەزالی	رزگار کەریم
٣٩	گوڵاوی سەرمۆر	صفي رحمن مبارك فوری	بەکرحەمە صدیق
٤٠	خەمەکانی نیشتیمانم	گۆران عەباس	ــــــ
٤١	فەرهەنگی نویٚ بۆ شیکاری ڕامیاری	سمير عبدالرحيم	محمد چیا
٤٢	فەرهەنگی فەلسەفی ئینگلیزی عەرەبی – کوردی	محمد چیا	ــــــ
٤٣	ژیانی پێغەمبەری مەزن	عبد العزیزپارەزانی	ــــــ
٤٤	سۆمای دیدە	عدل شاسواری	ــــــ
٤٥	سوننەتە خوایەکان	د عبد الكريم ذيدان	حەمەئەمین ئەحمد
٤٦	ئازادیە گشتیەکان	راشد الغنوشي	محمد سعید خورماڵی
٤٧	ژیاننامەی پێغەمبەران	ابن كـــثير	کاروان محمد
٤٨	حەڵاڵ و حەرام لە ئیسلادا	د یوسف قرضاوی	م حمەئەمین حمەکریم
٤٩	فەرهەنگی دەریا عـــەرەبی _ کـــوردی	رزگـــارکەریم	ــــــ
٥٠	فقهی ئاسان	احمد عیسی عاشور	نوریفارس حمەخان
٥١	لەخزمەت قورئاندا	أ عثمان محمد رشید	ــــــ
٥٢	فەرهەنگی ژیر عەرەبی_ کوردی	رزگار کـــەریم	ــــــ
٥٣	سبحانك اللهم	جمیل ابراهیم	رزگار کەریم

٥٤	فەرهەنگی عربی_ کوردی ژێر	ڕزگار کەریم	ـــــــ
٥٥	بەهاری دڵان	أ عثمان محمد رشيد	ـــــــ
٥٦	تەفسیری گوڵشەن	نظام الدين عبدالحميد	ـــــــ
٥٧	فقه السنه به کوردی	سيد سابق	حەمەئەمین ئەحمد
٥٨	کۆباسەکانی میحراب	م/ شەماڵ موفتی	ـــــــ
٥٩	دیوانی مەولەوی	سيدعبدالرحيم معدوم	م حمەئەمین ئەردەڵانی
٦٠	دەریای زانیاری لە ١٠٠٠٠ پرسیارو وەڵامدا	عبدالرحمن نجم الدين	ـــــــ
٦١	سەربوردێکی هەورامن سەردانێکی تەوێڵە	عبدالرزاق عبدالرحمن	ـــــــ
٦٢	فەرهەنگی ئاسان(موفرەداتی قورئان	رزگاركريم_ناصح فاتح	ـــــــ
٦٣	پوختەی صەحیحی موسلم	زكي الدين عبدالعظيم	لیژنە یەك
٦٤	پوختەی صەحیحی بوخاری	ـــــــ	لیژنەیەك
٦٥	جەنگە گەورەکان و فتوحاتە ئیسلامیە کان	محمد سعيد مرسي	نهاد جلال
٦٦	زانستی کۆرپەلەزانی	د/کاوە سەعدون فەرەج	ـــــــ
٦٧	فەرهەنگی شایان کوردی_ عربی	رزگار کەریم	ـــــــ
٦٨	ژیانی خەلیفە ڕاشدەکان	عمرو خالد	میران فەرهاد
٦٩	نیشانەکانی ڕۆژی دوایی	هاوڕێ حەمەئەمین	ـــــــ
٧٠	فەرمودە قودسیەکان	مركزدراسات عربية	هاوڕێ حەمە ئەمین
٧١	ئەبوبەکری سدیق	د علي محمد صلابي	یاسین وەهاب کریم

٧٢	عومەری کوڕی خەتتاب	د علي محمد صلابي	ئومێدکمال جميل قادر
٧٣	عوسمانی کوڕی عەففان	د علي محمد صلابي	جميل قادر عفان ياسين
٧٤	عەلی کوڕی ئەبوتالب	د علي محمد صلابي	جميل قادر
٧٥	صلاحەدینی ئەییوبی	د علي محمد صلابي	جميل قادر
٧٦	دیدێك بۆ دينناسی نوێ	تەحسين حەمە غەریب	ـــــــ
٧٧	عومەری کوڕی عبدالعزيز	د علي محمد صلابي	جميل قادر
٧٨	منداڵی داهێنەر	وين داير	جەمال محمدهەڵەبجەیی
٧٩	دياردەی توندوتيژی لای منداڵ	د باری مەك ئامارا	جەمال محمدهەڵەبجەیی
٨٠	وتەی دانايان و زانايان	سەردار رەزا	ـــــــ
٨١	پوختەی مێژوی ئيسلامی	د محمد سهيل طقوش	نهاد جـــلال
٨٢	خەونامەی کـوردی	سيد ابراهيم	رزگار کەريم
٨٣	رۆژهەڵات ناسان	د عبدالحميدصالح حمدان	عمادجلال حبيب الله
٨٤	دەوڵەتی سەلجوقی	د علي محمد صلابي	نهاد جلال- شاهۆ عمر
٨٥	پوختەی مێژوی ئەوروپا	د جفری برۆن	نهاد جـــلال
٨٦	خۆشبەخت ترين ئافرەت لەجهاندا	د عائض قرني	حميدمصطفي
٨٧	هەواڵی رۆژنامە نوسی	عبدالقادر صاڵح	ـــــــ
٨٨	تێگەيشتن لەسەرگەوتن و تمکين	د علي محمد صلابي	سۆران محمدفرج
٨٩	رەوشتی باوەڕدار	عمرو خالد	خالـــدمحمد
٩٠	٣٠ ڕيگە بۆ بەختەوەری	د عائض قرني	خالد محمد
٩١	مێژوی دەوڵەتی ئەمەوی	محمدقباني	عبدالقادرصاڵح

٩٢	شا فەرهەنگی ئاسان بۆ ئاین و مەزهەب و پارتەکان	د. مانع بن حمادة الجهنی	عەبدولقادر سالح
٩٣	پێغەمبەری ئیسلامﷺ گەورە ترین مرۆڤ	م . جەمال حاجی غولام	ــــــ
٩٤	ئیسلام وەك ئەڵتەرناتیف	د/موراد هۆفمان	عەبدولقادر سالح
٩٥	عەلمانیەکان و قورئانی پیرۆز	د٠أحمد إدريس	محمد محمد حمه میرزا
٩٦	لاوان گرفتەکان و چارەسەرەکان	دکتۆر ئەحمەد خەلیل جومعە	عەبدولقادر سالح
٩٧	وانەکانی خۆشمان دەوێت	حاجی کاروان	ــــــ
٩٨	١٠٠٠ چیرۆکی واقیعی	م.جەمال حاجی غولام	ــــــ
٩٩	١٠٠٠ فەرموودەی حەزرەتی عومەری کوڕی خەتتاب	شيخ ابراهيم بن يونس السامرائي	م/ محی‌الدين شێخ تاها قورەیشی
١٠٠	حياة الصحابة بە کوردی	کاندهلوی	نهاد جلال

لەکۆتایدا پرۆژەی ١٠٠ کتێبی کوردی بەچاپ کردنی (حياة الصحابة)ی کاندەهوی بەکوردی کۆتایی هات. بەوهیوایەی بتوانین لەداهاتودا پرۆژەی جوانترو گەورە تر و بەرهەمی ناوازەتر پێشکەش بەکتێب خانەی کوردی بکەین و هەردەم لە خزمەت وشەی رەسەنی کوردیدا بین.

ناوەندی رۆشنبیر

١٩ – ٢ – ٢٠١١

سلێمانی